حکومەتی هەرێمی کوردستان–عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان/ یەکەی خوێندنی باڵا

# ئاڵێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق

## لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە لە دوای ساڵی 2014

نامەیەکە

**کارزان أحمد عمر**

وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە زانستە ڕامیارییەکان

پێشکەشی ئەنجومەنی کولێجی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سلێمانیی کردووە.

سەرپەرشت:

پ.د.دانا عەلی سالح

2723 کوردی | 1444 کۆچی | 2023 زاینی

حكومة إقليم كوردستان– العراق

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

جامعة السليمانية

كلية العلوم السياسية / وحدة التعليم العالي

# تحديات أمن إقليم كوردستان العراق

## من منظور مدرسة كوبنهاجن بعد عام 2014

رسالة قدمها الطالب

**كارزان أحمد عمر**

إلى مجلس كلية العلوم السياسية/جامعة السليمانية، و هى جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في العلوم السياسية.

بإشراف:

أ.د. دانا على صالح

2723 ك　　　1444 هـ　　　2023 م

## بەڵێننامە

من (كارزان أحمد عمر) بەڵێن دەدەم، كە ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی (ئاڵێنگارییەكانی ئاسایشی هەرێمی كوردستانی عێراق لە ڕوانگەی قوتابخانەی كۆپنهاگنەوە لە دوای ساڵی 2014)، هەمووی كاری ڕەسەنی تاكەكەسی خۆمە بە سەرپەرشتی بەڕێز (پ.د.دانا علی سالح)، جگە لەو جێگایانەی، كە بە ئاشكرا ئاماژەمپێداوە، هەموو نوسینەكان و ئەنجامەكان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە، پێشتر لە هیچ شوێنێك بلاّوم نەكردۆتەوە ( تەنها بەپێی ڕێنماییەكان نەبێت بۆ وەرگرتنی بڕوانامەكەم) و پێشكەشی هیچ شوێنێكم نەكردووە، بۆ ئەوەی بڕوانامەیەكی پێوەربگرم، بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەك شتێكم لێوەرگرتبێت، ئاماژەم بە سەرچاوەكەی كردووە. بەپێچەوانەوە بەرپرسیارم لە هەر ڕێكارێكی یاسایی كە زانكۆ بەرامبەرم بیگرێتەبەر، لەبەر ئەوە لە خوارەوە واژۆم كرد.

واژۆ و ناو: كارزان أحمد عمر

ڕێكەوت: 26 / 2 / 2023

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەشتیار

دەستنووسی ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ئالێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە لە دوای ساڵی 2014)، کە لەلایەن خوێندکار (کارزان أحمد عمر) پێشکەشکراوە، بەسەرپەرشتی من لەلایەن کولێجی زانستەڕامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی، وەک بەشێك لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە زانستە ڕامیارییەکان ئەنجامدراوە.

واژۆ:

ناوی سیانی سەرپەرشتیار: پ.د. دانا علی ساڵح

ڕێکەوت: 26 / 2 / 2023

## پێداچوونەوەی زمانەوانی

بۆ بەڕێز: هۆبەی خوێندنی باڵای کولێژی زانستە ڕامیارییەکان – زانکۆی سلێمانی

ئاماژە بە نوسرواتان ژمارە (169/3/3) لە ڕێکەوتی ( 24/ 1/2023)

من کەناوم ( پ.د.بێستون حسن أحمد)ە، هەڵگری بڕوانامەی ( دکتۆرا)م، لە پسپۆڕی زمانی کوردی پێداچوونەوەی زمانەوانیم بۆ ئەو توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ئالێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە لە دوای ساڵی 2014)ئەنجامدا، کە لەلایەن خوێندکار (کارزان أحمد عمر) پێشکەشکراوە، سەرجەم هەڵە زمانەوانییەکانم بۆ دیاریکردووە و دواتر خۆی چاکیکردوون، لەبەرئەوە لە خوارەوە واژۆم کرد.

واژۆ:

ناوی سیانی : پ.د.بێستون حسن أحمد

ڕێکەوت: 3 / 2 / 2023

## پێشنیاری لێپرسراوی هۆبەی خوێندنی باڵا

به پێی ئەو پێشنیار و ڕاسپاردانەی کە کراون لە لایەن هەڵسەنگێنەرانی زمانەوانی و زانستی و سەرپەرشتیاری ئەم توێژینەوەی خوێندکاری خوێندنی باڵا ( کارزان أحمد عمر) / ماستەرنامەکەی بە ناونیشانی ( ئاڵێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە دوای ساڵی 2014) و تەواوکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی خوێندنەکەی، پێشنیاری دەکەین بۆ پێکهێنانی لیژنەی گفتوگۆ و تاو توێکردنی.

لەگەڵ ڕێزدا

واژۆ:

ناو: د.جلیل عمر علی

ڕێکەوت: / /2023

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم توێژینەوەیەمان خوێندەوە و هەڵسەنگاند بە ناونیشانی (ئالێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە دوای ساڵی 2014) کە لەلایەن خوێندکار ( کارزان أحمد عمر)ەوە پێشکەشکراوە، لەگەڵ خوێندکاردا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و گوێمان لە بەرگرییەکانی گرت، پاشان بڕیارماندا کە شایستەیە بڕوانامەی ماستەری لە ( زانستە ڕامیارییەکان)دا پێبدرێت بە پلەی (                    ).

واژۆ:

ناو: پ.ی.د.زمکان علی سلیم

ڕێکەوت:      /5 / 2023

ئەندام

واژۆ:

ناو: پ.د.صالح عمر عیسی

ڕێکەوت:      / 2023/5

ئەندام

واژۆ:

ناو: پ.د.دانا علی صالح

ڕێکەوت:    2023/5/

ئەندام و سەرپەرشتیار

واژۆ:

ناو: پ.د.أنور محمد فرج

ڕێکەوت:      /5 / 2023

سەرۆکی لیژنە

## ڕاستاندنی ئەنجومەنی کولێج

ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان – زانکۆی سلێمانی لە دانیشتنی ژمارە (          ) بەسترا و لە ڕێکەوتی (      /      / 2023) هەستا بە ڕاستاندنی بڕیاری لیژنەی گفتوگۆی ماستەرنامە بە ناونیشانی ( ئاڵێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە دوای ساڵی 2014) کە لەلایەن خوێندکار ( کارزان احمد عمر ) پێشکەشکرابوو، بۆیە ئەنجومەنی کۆلێج بڕیاریدا بە پێدانی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆری (                    ) زانستە ڕامیارییەکاندا.

واژۆ:

ناو: پ.ی.د.عابد خالد رسول

ڕاگری کولێجی زانستە ڕامیارییەکان

ڕێکەوت:      /      /2023

## پێشکەشە بە:

- ✓ کوردستان نیشتمانێك کە خۆم هەڵمنەبژارد..بەرگری لە کوردستان ناسنامەیەك کە خۆم هەڵمبژارد.
- ✓ پارێزەرانی ئاسایش و ئارامی لە هەرێمی کوردستان.
- ✓ دایکی ئازیز و باوکی خۆشەویستم، کە هەمیشە کانگای دڵسۆزی بوون بۆم.
- ✓ هاوسەری ئازیزم ( شێنێ) ئاوەدانی ماڵم، کە هاوکار و پاڵپشتی بەردەوامم بوو.
- ✓ تاقە جگەر گۆشەکەم (کۆڤان) گیان.
- ✓ خوشك و برا ئازیزەکانم.

## سوپاس و پێزانین


- ✓ سوپاس بۆ یەزدانی گەورە، کە هێز و توانا و تەمەنی پێ بەخشیم بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە.
- ✓ بەڕێز (پ.د.دانا علی سالح بەرزنجی) کە هاوکار و پشتیوانی بێ هاوتام بووم، بێشك پشتیوانی بەردەوامی بەڕێزیان نەبووایە توێژینەوەکە بەم ئاستە نەدەگەیشت.
- ✓ پێزانینی زۆرم بۆ هاوسەری خۆشەویستم و کۆڤان گیان، کە توانیان بەرگەی ئەرك و بارگرانی زۆرم بگرن تا تەواوکردنی ئەم قۆناغەی خوێندنم.
- ✓ سوپاس بۆ هۆبەی خوێندنی بالاّ و تەواوی فەرمانبەرانی کولێج بە تایبەت ستافی خوێندنی بالاّ و کتێبخانە کە بەخەندەی جوانیان هاوکار و پالّشتیمان بوون لە پێدانی سەرچاوەی بەپێز و زانستی.


توێژەر

# پێرست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 8– 1 | پێشەكی |
| **48–9** | **بەشی یەکەم: ئاسایش و ئالێنگارییەکانی لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن** |
| **25–9** | **باسی یەکەم: ئاسایش و قوتابخانەی کۆپنهاگن** |
| 16–9 | تەوەری یەکەم: چەمك و پێناسەی ئاسایش |
| 25–17 | تەوەری دووەم: ناساندنی قوتابخانەی کۆپنهاگن |
| **48–26** | **باسی دووەم: ڕەهەندەکانی ئاسایش بە ئاسایشکردن لە دیدی قوتابخانەی کۆپنهاگن** |
| 40–26 | تەوەری یەکەم: ڕەهەندەکانی ئاسایش و ئالێنگارییەکانی |
| 48–41 | تەوەری دووەم: ئاسایشی کۆمەڵگەیی و هەرێمی و ئاسایشی بکەری نا دەوڵەتی |
| **108–49** | **بەشی دووەم: ئالێنگارییەکانی بەردەم ئاسایشی هەرێمی کوردستان: بە پێی ڕەهەندەکانی ئاسایش** |
| 55–49 | **باسی ڕێخۆشکەر:** |
| 80–56 | **باسی یەکەم: ئالێنگارییە سیاسی و سەربازییەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی ڕەهەندەکانی ئاسایش لە دوای ساڵی 2014** |
| 64–56 | تەوەری یەکەم: ئالێنگارییە سیاسییەکان |
| 80–64 | تەوەری دووەم: ئالێنگارییە سەربازییەکان |
| **108–81** | **باسی دووەم : ئالێنگارییە ئابووری و کۆمەڵگەیی و ژینگەییەکان** |
| 89–81 | تەوەری یەکەم: ئالێنگارییە ئابوورییەکان |
| 100–89 | تەوەری دووەم: ئالێنگارییە کۆمەڵگەییەکان |
| 108–100 | تەوەری سێیەم: ئالێنگارییە ژینگەییەکان |
| **175–109** | **بەشی سێیەم: ئالێنگارییەکانی بەردەم ئاسایشی هەرێم لە سۆنگەی پێکهاتەی ئاسایشی هەرێمی و هەڵسەنگاندنی سیاسەتی هەرێم بەرانبەر ئالێنگارییەکان** |
| **135–110** | **باسی یەکەم: ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە سۆنگەی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمییەوە** |
| 124–110 | تەوەری یەکەم: پێگەی هەرێم و کاریگەری جیۆپۆلەتیکەکەی لەسەر ئاسایشەکەی |
| 135–124 | تەوەری دووەم: دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێز لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتان |
| **175–136** | **باسی دووەم: هەڵسەنگاندنی سیاسەتی هەرێم بەرانبەر بە ئالێنگارییەکان** |

| | |
|---|---|
| تەوەری یەکەم: مامەڵەی هەرێم بەرانبەر ئالێنگارییە سیاسی و سەربازییەکان | 145–136 |
| تەوەری دووەم: مامەڵەی هەرێم بەرانبەر بە ئالێنگارییە ئابوورییەکان | 155–145 |
| تەوەری سێیەم: مامەڵەی هەرێم بەرانبەر بە ئالێنگارییە کۆمەڵگەیی و ژینگەییەکان | 167–155 |
| تەوەری چوارەم: مامەڵەی هەرێم بەرانبەر جەمسەرگیرییەکانی ناوچەکە | 175–167 |
| **کۆتایی و ئەنجامگیری:** | 178–176 |
| **ڕاسپاردە و پێشنیاز:** | 180–179 |
| **لیستی سەرچاوەکان:** | 208–181 |

## لیستی خشتەکان


| ژمارە | ناوی خشتە | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| 1 | داواکارییە ئاسایشییەکان بە پێی خواستی لایەنەکان | 23 |
| 2 | کورتکراوەی ئالێنگارییەکانی ڕەهەندەکانی ئاسایش بەپێی قوتابخانەی کۆپنهاگن | 40 |
| 3 | زانیاری تایبەت بە خولەکانی پەرلەمانی کوردستان | 53 |
| 4 | دەست بەسەراگرتنی ماددەی هۆشبەری سروشتی و ناسروشتی لە کوردستاندا، لە ساڵی 2022 | 95 |
| 5 | کورتکراوەی ئالێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێم بە پێی ڕەهەندەکانی ئاسایش | 107 |
| 6 | ڕوونکردنەوەی خەرجییە جیاوازەکانی تێچووی گواستنەوەی نەوت | 148 |
| 7 | ڕوونکردنەوەی کۆی داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە ساڵی (2021) دا | 149 |
| 8 | جۆرەکانی کونسوڵخانە و ئاژانس و نوێنەرایەتییەکانی دەوڵەتان لە هەرێمی کوردستان | 170–169 |


## لیستی چارتەکان


| ژمارە | ناوی خشتە | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| 1 | دابەشبوونی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان | 88 |
| 2 | بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر لە جیهاندا، لە ساڵی 2022 | 94 |
| 3 | ژمارەی ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردستان | 97 |
| 4 | دابەشبوونی ئاوارە و پەنابەر بەسەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان | 98 |
| 5 | پێکهاتەی پەنابەرانی نیشتەجێی هەرێم | 99 |
| 6 | دابەشبوونی سەرچاوەی ئاوی کوردستان لە (ناوخۆ و دەرەوە) | 105 |
| 7 | دابەشبوونی دانیشتوانی سێ پارێزگاکەی هەرێم لە نێوان خانەخوێ، ئاوارە، پەنابەر | 160 |
| 8 | ژمارەی بیری یاسایی لە هەرێمی کوردستان | 165 |


## لیستی وێنەکان:


| ژمارە | ناوی وێنە | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| 1 | ئاستی دابەزینی ئاوی ژێر زەوی لە نێوان ساڵی 1996– 2022 لە شاری هەولێر | 166 |

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندن و شیکارێکی ورد بۆ ئالێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی (2014)ەوە بەر مەبنای تێزەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن دەخاتەڕوو . گرنگی ئەم توێژینەوە زیاتر لەمەدا دەردەکەوێت کە تەنها باسکردنی ئالێنگارییە سەربازییەکان ناگرێتە خۆی، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوخۆ باس لە ئالێنگارییە سەربازی، سیاسی، ئابووری، ژینگەیی و کۆمەڵگەییەکان دەکات، ئەمە سەرباری تیشکخستنە سەر ئەو پێگە جیۆپۆڵەتیکییەی هەرێمی کوردستان هەیەتی، کە کەوتۆتە بەرداشی نێوان جەمسەرگیرییەکانی وڵاتانی ناوچەکە و دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێزی جیهانی، کە ئەمە ئاسایشی هەرێمی دووچاری چەندین ئالێنگاری جۆراوجۆر کردووە. ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە تیشکخستنە سەر گرنگترین ئالێنگارییەکان و پێدانی بەرچاوڕوونی بە بڕیار بەدەستانی باڵای هەرێم سەبارەت بە سەرچاوەی ئالێنگاریەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان، هەروەها خستنەڕووی چوارچێوەیەکی تیۆری سەبارەت بە چەمکی ئاسایش و ڕەهەند و ئالێنگارییەکانی لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن. کە گرفتی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردنی سەرچاوەی ئالێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێم لە دوای ساڵی (2014)ەوە لە کوێوە و چۆن سەرچاوە دەگرن و هەرێم چۆن دەتوانێت ڕووبەڕوویان بێتەوە. بۆ چوارچێوەی تیۆری سوودی لە بیرۆکە سەرەکییەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن وەرگیراوە بە تایبەت لە شیکردنەوەی چەمکی ئاسایش، ئەمە جگە لە میتۆدی مێژوویی و شیکاری وەسفی و دیراسەی حاڵەت لە باسکردنی هەرێمی کوردستان و شیکاری سیستەمی سیاسی هەرێم. هەموو ئەمانەش یارمەتیدەربوون بۆ گەیشتن بە سەلماندنی گریمانەکە کە بریتیە لە وەی هەرێم بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و دۆخی ناوخۆیی تووشی چەندین ئالێنگاری هاتووە، لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بە چەند دەرئەنجامێك جیاواز گەیشتووە لە گرنگترینیان بریتین لە ململانێی توندی حیزبی نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێم یەکێکە لە گەورەترین ئالێنگارییەکانی بەردەم ئاسایشی قەوارەی هەرێم، کە لە سایەی ئەو دابەشبوونە قوڵە حیزبییەی هەیە بە تایبەت لە نێوان دوو هێزە سەرەکییەکەی هەرێم کە هەمیشە بژاردەی دوو ئیدارەیی و گەڕانەوە بۆ خاڵی دەستپێك لە گریمانە کراوەکانە، ئەمە سەرباری نەبوونی سوپایەکی یەکگرتووی نیشتیمانی دوور لە پشك پشك پێنەی حیزبی و کەسی هەمیشە بژاردەی پێکدادانی سەربازی لە نێوان دوو هێزە سەرەکییەکەی کوردستان بەکراوەیی جێهێشتووە بە تایبەت لە کاتی پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی نێوانیان، نەبوونی ئابوورییەکی هاوسەنگ و فرەچەشن کە بتوانێت هاوکار و یارمەتیدەر بێت بۆ بنیادنانی ئابوورییەکی پتەو بۆ هەرێمی کوردستان، بەجۆرێك ئێستا نەوت بۆتە بڕبڕەی سەرەکی ئابوری هەرێمی کوردستان کە ئابووری کوردستانی زیاتر کردۆتە ئابورییەکی (کرێخۆر)، ئەمە جگە لەوەی گەندەڵی یەکێکە لە هەڕەشە مەترسیدارەکانی سەر ئاسایشی ئابووری هەرێم کە لێکەوتەکانی چۆتە زۆربەی بنج و بناوانی سێکتەرەکان. هەروەها

نەبوونی کیانی سەربەخۆ و پێگەی هەرێم لەناو ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان ئاسایشی هەرێمی لە چەندین لاوە دووچاری ئاڵێنگاری قورس کردووە.

ملخص:

تقدم هذه الرسالة تحليلات وتقييمات دقيقة، بناءً على مدرسة كوبنهاجن، للتحديات التي تواجه أمن إقليم كوردستان منذ عام 2014. وتكمن حيوية هذا الموضوع في أنه لا يتطرق إلى التحديات العسكرية فحسب، بل يغطي التحديات السياسية والاقتصادية والبيئية والمجتمعية أيضا. بالإضافة إلى ذلك، يسلط الضوء على الموقع الجيوبولتيكي لإقليم كوردستان الواقع بين رحى استقطابات دول المنطقة وتدخل القوى العظمى العالمية التي عرّضت إقليم كوردستان إلى تحديات أخرى مختلفة. الهدف من هذا البحث هو إلقاء الضوء على أهم التحديات، وتعريف صناع القرار في إقليم كردستان بمصادر هذه التحديات وكيفية التعامل معها، فضلا عن تقديم إطار نظري لمفهوم الأمن وتحدياته وفقًا لمدرسة كوبنهاجن. السؤال الرئيس لهذا البحث يدور حول مصادر التحديات التي تواجه إقليم كردستان بعد عام 2014 وكيفية مواجهتها. بالنسبة للإطار النظري، تم تبني الأفكار الأساسية لمدرسة كوبنهاجن حول الأمن وتحدياته. علاوة على ذلك، ومن أجل التحقق من صحة فرضية البحث، تم استخدام المناهج التاريخية والوصفية والتحليل النظمي ودراسة الحالة" ومفاد الفرضية هي: بسبب موقعه الجيوسياسي والتحديات الداخلية التي تعرض لها وكذلك بسبب الاستقطابات الإقليمية والتدخلات الدولية، فقد واجه إقليم كوردستان العديد من التحديات، ولم يتمكن الإقليم من مواجهة هذه التحديات بالمستوى المطلوب. وقد توصل البحث إلى عدة استنتاجات، أهمها: الصراع الحاد بين الأحزاب السياسية، بسبب الانقسام العميق بين الحزبين السياسيين الرئيسين (الحزب الديمقراطي الكردستاني والاتحاد الوطني الكردستاني)، فإن احتمال الانقسام الفعلي والعودة إلى المرع الأول وارد، هذا بالإضافة إلى أن عدم وجود قوات نظامية موحدة ووجود المحاصصة الحزبية والشخصية بين هذين الحزبين الرئيسين ترك الباب مفتوحًا لعودة الحرب الأهلية. هذا بالإضافة إلى عدم وجود إقتصاد متوازن وذا مصادر متنوعة والاعتماد المفرط على عائدات النفط مما جعله اقتصادًا ريعيًا. علاوة على ذلك ، أصبح الفساد أحد التهديدات الصارخة للأمن الاقتصادي في إقليم كوردستان وأثر في معظم القطاعات. وأخيراً، فإن عدم وجود كيان ستقل وموقع إقليم كردستان في الصراعات الإقليمية والدولية قد عرّض أمن إقليم كردستان للخطر.

Abstract:

This dissertation offers an accurate analytics and evaluation, based on the Copenhagen School of thought, of the challenges facing the security of the Kurdistan Region since 2014. The vitality of this research is that it does not only cover the military challenges, but studies the military, political, economic, environmental, and societal confronts. Additionally, it sheds light on the geopolitical position of Kurdistan Region that lies between the polarization of the regional states and the intervention of world superpowers which exposed the Kurdistan Region into various other challenges. The aim of this research is to cast light on the most significant challenges, to enlighten the authorities in the Kurdistan region of the sources of these challenges and how to deal with them, and to offer a theoretical framework to the concept of security and its challenges according to the Copenhagen School. The main question of this research is to specify the sources of the challenges encountering the Kurdistan Region after 2014 and how they can be confronted. For the theoretical framework, the fundamental ideas of security in the perspective of the Copenhagen School are adopted. Furthermore, the historical, descriptive, analytical, case study approaches are utilized in researching the Kurdistan Region and its political system. All these have been helpful in proving the hypothesis of this research which is due to its geopolitical position and the internal challenges facing it, the Kurdistan Region has encountered many challenges. Moreover, this research has reached several conclusions for the challenges facing the security of the Kurdistan Region, most important among them is the severe conflict among the political parties. Owing to the deep division between the major two political parties (the KDP and the PUK), there is always the likelihood of dual-administration and the return to point-zero. The lack of unified peshmerga forces and the power-dividing between these two major parties have always left the door open to civil war, especially when their interests clash. Additionally, another challenge facing the Kurdistan Region is the weak existence of diversified sources of income and the over dependence on oil revenues that has rendered it a rentier economy. Further, corruption has become one of the stark threats to the economic security of the Kurdistan Region and its consequences have affected most of the sectors. Finally, the non-existence of independence and the position of the Kurdistan Region within the regional and international conflicts have endangered the security of the Kurdistan Region.

## پێشەکی

مێژووی مرۆڤایەتی گەواهیدەری ئەو ڕاستیەیە کە هەوڵەکان بۆ مانەوە و بەردەوامی و خۆپارێزی لە سەرەتاییترین خواستە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەکانی مرۆڤن. ئەمەش بە بوونی ئاسایش و ئارامی دێتە دی. بەگشتی هۆکارەکانی بوونی ئالێنگاری و مەترسییەکان لەسەر ئاسایش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ئاسایش لە بەرانبەریاندا. هەر ئەمەش وایکردووە ئاسایش لە کایەی زانستی ڕامیاری، بەتایبەت بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، پانتایەکی فراوانی بۆ تەرخان بکرێت، بە تایبەت کە لە جیهانی ئەمڕۆدا هەڕەشەکان فرەڕەهەند و فرەسەرچاوەو هەمەچەشنن. لای بەشێك لە بیرمەندانی بواری زانستی ڕامیاری ئەوە دووپاتکراوەتەوە هەرکات باس لە ئاسایش کرا یەکسەر خەیاڵمان بە ئاڕاستەی ئالێنگارییەکان یان مەترسی یان هەڕەشەکانی سەر ئەو ئاسایشە دەچێت، واتە دەکرێت بگووترێت دووانەیەکی پێکەوە گرێدراون، لە کوێ ئاسایش هەبێت ئەوا باس لە ئالێنگاریش دەکرێت.

ئەمە ئەگەر باسەکە تایبەت بێت بە دەوڵەتان، خۆ ئەگەر توێژینەوە لە بکەرێکی نا دەوڵەتی وەکو هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوا ئالێنگارییەکان قوڵتر و فراوانتر دەبن. هەرێمی کوردستان دووچاری ئالێنگاری زۆر لە ئاستی جیاواز و ڕەهەندەکانی ئاسایشدا بووتەوە، بە تایبەت دوای ساڵی (2014) کە چەندین گۆڕانکاری گەورە تێیدا ڕوویداوە، دیارترینیان تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغداد، هێرشی داعش، قەیرانی ئابووری و دارایی، ڕیفراندۆم و پەتای کۆڕۆنا...هتد، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەم کاتە بۆ توێژینەوەکە دیاری بکەین.

بەو پێیەش دیدگا و تێڕوانینی قوتابخانەی کۆپنهاگن تێڕوانینێکی گشتگیر و فراوانە و توانای شیکاری زیاتری لە قوتابخانەکانی تر بۆ ئالێنگارییەکان هەیە، لە دیدی توێژەردا، هەوڵدراوە لەم توێژینەوەیەدا لە سەر بنەمای دیدگا و تێڕوانینی ئەم قوتابخانەیە، خوێندنەوە و ڕاڤە بۆ گرنگترین ئەو ئالێنگارییانە بکرێت کە ڕووبەڕووی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە.

## گرفتی توێژینەوەکە:

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، بابەتی ئاسایش و مانەوە بۆ تەواوی وڵاتان ئامانجی هەرە باڵایە شیاوی سازشکردن نییە، لێرەوە پرسیارەکانی ئەو توێژینەوە بریتین:

1- تا چ ڕاددەیەك قوتابخانەی کۆپنهاگن بەرچاو ڕوونی زیاتر و وردترمان دەداتێ سەبارەت بە ئالێنگارییەکان کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بۆتەوە لە دوای ساڵی 2014.

2- چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ئەو ئالێنگارییانە بۆتەوە؟ تا چ ڕاددەیەك سەرکەوتوو بووە لە چارەسەرکردنی ئالێنگارییە ئاسایشییەکان؟

## گریمانەی توێژینەوەکە:

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانەی لە گرفت و پرسیاری توێژینەوەکەدا خراوەتە ڕوو، توێژەر گریمانەی ئەوە دەکات کە

1- له ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە لە دوای ساڵی 2014 هەرێمی کوردستان بەهۆی ناکۆکی سیاسی و پێگەی لە عێراق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی ئالێنگاری و وجودی و ئەگەری بۆتەوە.

2- لە ڕوانگەی ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە بەشێوەی کارا ڕووبەڕووی ئەو ئالێنگاریانە بێتەوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

ئاسایش و ڕەهەندەکانی لە تەواوی وڵاتانی جیهان و ناوەندە زانستییەکان جێگای بایەخی زۆرە، ئاسایش چەمکێکی فرەڕەهەندە، لەسەرووی هەموو ئەمانەش بۆ وڵاتانی خاوەن سەروەری کە یەکەی نێودەوڵەتی و بکەری سەرەکین بابەتێکی باڵایە و ستراتیژی باڵایان پێیەوە پەیوەستە، واتە مانەوە و گەشەپێدانیان پەیوەستە بەمەوە، ئەم قسەیە بۆ هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی یەکەی نێودەوڵەتی نییە ڕاستە، هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی(2014)ەوە ڕووبەرووی چەندین هەڕەشە بۆتەوە لە سەر ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی، بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە تەنها لایەنە سەربازییەکە ناگرێتە خۆی، بەڵکو تەواوی ئالێنگارییەکانی تر دەخاتە ڕوو کە مەترسییەکانیان لە لایەنی سەربازی زیاتر نەبن کەمتر نین. کەواتە گرنگییەکی تیۆری و پراکتیکی لەپشت نوسین لەسەر ئەم بابەتە گرنگ و زیندووە هەیە.

**گرنگیی تێوری:** بنچینەیەکی تیۆری بۆ توێژەران و قوتابیان سەبارەت بە قوتابخانەی کۆپنهاگن و تێڕوانینی بۆ ئاسایش و ئالێنگارییەکانی دەخاتەڕوو، هەروەها هەوڵی خوێندنەوەی واقعی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو قوتابخانەیە.

**گرنگیی کرداری:** باس لە ئاسایشی هەرێمی کوردستان و ئالێنگارییەکانی بە شێوەیەکی زانستی و بابەتییانە و بەرچاوڕوونکردنی بەرپرسان و پسپۆڕان سەبارەت ئالێنگارییەکان و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەیان و هەڵسەنگاندنی هەنگاوە کردارییەکان و داریکردن و شرۆڤەی مامەڵەی هەرێم بەرانبەر بە ئالێنگارییەکان، دیوێکی تری گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەردەخەن.

**ئامانجەکانی توێژینەوە:**

بە شێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوە چەند ئامانجێك لە خۆی دەگرێت، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

1- پێشکەشکردنی بابەتێکی تیۆریی گرنگ بۆ فێرخوازان و پسپۆڕان لەبارەی چەمکی ئاسایش و جۆرەکانی و ڕەهەندەکانی و ئالێنگارییەکان، بەتایبەت لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە چونکە لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا چوارچێوەیەکی تیۆری فراوان لە سەر ئەم پرسانە خراوەتەڕوو.

2- بەرچاوڕوونکردنی بڕیار بەدەستانی هەرێم لە ئاشنابوون بە تایبەتمەندییەکانی ئاسایشی نیشتمانیی هەرێم و هەڕەشە جددییەکانی سەری و خوێندنەوەی بابەتییانە بۆ ئەو ئالێنگارییە سەرەکییانەی دێنە بەردەم ئاسایشی هەرێمی کوردستان و هەڵسەنگاندنی ئەو هەنگاوانەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان نراون و خستنەڕووی پێشنیازی گونجاو لەو بارەیەوە.

3- تیشکخستنەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان و ئەو هەڕەشە و ئالێنگارییانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە.

## چوارچێوەی تیۆری و میتۆدی توێژینەوە:

لەڕووی بنەمای تیۆرییەوە ئەم توێژینەوەیە پشت بە قوتابخانەی کۆپنهاگن دەبەستێت بۆ شیکردنەوەی چەمکی ئاسایش و پایەکانی، بەتایبەت ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ڕەهەندو تایبەتمەندییەکانی و بەتایبەتتر لەو ڕووەوەی کە باس لە چەمکی ئاسایش دەکات بۆ ئەکتەرە نا دەوڵەتییەکان. ئەمە وێڕای ئەوەی سوود لە چەندین میتۆدی جیاواز وەرگیراوە لەسەرەتای توێژینەوەکە توێژەر هەوڵدەدات سوود لە میتۆدی وەسفیی وەربگرێت و بەتایبەت کار لەسەر میتۆدی دیراسەتی حاڵەت بکات بۆ توێژینەوە لە هەرێمی کوردستان، واتە توێژینەوەکە میتۆدی استقراء(Inductive) پێڕەو دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆخی هەرێم، لەگەڵ میتۆدی مێژوویی بە تایبەت لە باسکردنی هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی قەوارەی هەرێم و دروستکردنی دامودەزگاکانی هەرێم. ئەمە وێڕای میتۆدی شیکاری سیستەمی بۆ شیکاری هۆکار و دەرەنجامەکانی پەیوەست بە ئاسایش و مامەڵەی دەسەلاَت لە هەرێمی کوردستان لەگەڵیان.

## سنوورەکانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی سنوورەوە بەسەر ئەم ئاستانەدا دابەشکراوە:

**سنووری کات:** لەڕووی کاتەوە ئەم توێژینەوە باس لە قۆناغی دوای 2014 دەکات، کە قۆناغێکی پڕ لە ئالێنگاری بوو بۆ هەرێمی کوردستان تا کاتی تەواوبوونی توێژینەوەکە (واتە تا کۆتایی ساڵی 2022).

**سنووری شوێن:** هەرچەندە، لە ڕووی دەستوورییەوە، مەبەست لە شوێنی توێژینەوەکە هەرێمی کوردستانە، بەڵام بەسروشتی بابەتەکە، لەڕووی سیاسی و جوگراف و ئاسایشەوە، باسەکە وا دەخوازێت هەندێك کات باس لەو ناوچانەش بکەین کە دەکەونە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، کە بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان یان ناوچە دابڕێندراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ناسراون، کە ئەمە بۆ هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو مەترسییانەی کە لە باسکردنی کێشەی خاکدا تیشکی دەخرێتە سەر، ئەمە وێڕای درێژبوونەوەی ڕەهەندەکانی بابەتەکە، هەندێکجار بۆ هەندێك ناوچەی تری عێراق و ناوچەکە بە گشتی (هەرێمی).

**سنووری بابەت:** کاری سەرەکی توێژینەوەکە باسکردنی ئەو ئالێنگارییانەیە کە دووچاری ئاسایشی هەرێمی کوردستان بوون لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە شیکردنەوەی دۆخەکە و هەنگاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوە.

## توێژینەوەکانی پێشوو:

لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی ناوەندە زانستی و سەنتەرەکان سەبارەت بە توێژینەوە ئاسایشییەکان دەوڵەمەند نین، هیچ توێژینەوەیەك بەو ناوەوە ئەنجام نەدراوە، بەڵام هەوڵ هەبووە بە شێوازی تری جیاواز و نزیك لەو ناونیشانە، لە زانکۆکانی تری عێراق و وڵاتانی عەرەبی هەوڵەکان زیاتر و دیارتربوون، توێژەر خۆی بەدوور گرتووە لەوەی هەنگاوەکانی ئەوان دووبارە بکاتەوە، بەڵکو خۆی پەیوەست کردووە بە بابەتی تازە و گرتنەبەری ڕێگای زانستی جیاواز، کە تەواوکەری هەنگاوەکانی ئەوان بووە.

**یەکەم: توێژینەوە کوردییەکان**

1- یەکێك لە توێژینەوە گرنگ و زانستییەکان بریتییە لە توێژینەوەی هاوبەشی "پ.ی.د.صالح عمر عیسی و د.پەروێز رحیم قادر" بەناونیشانی "پرسەکانی ئاسایشی سیاسی و سەربازی هەرێمی کوردستان–عێراق لە ڕوانگەی باری بوزان لە دوای 2017" کە لە گۆڤاری قەڵای زانستی زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی لە بەرگی(6) ژمارە(2) بەهاری (2021) بلاوکراوەتەوە، توێژینەوەکە بەهایەکی زانستی گرنگی هەیە بۆ توێژەرانی بواری ئاسایش. توێژەران میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکیان بەکارهێناوە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکانیش سوودیان لە سەرچاوەکانی قوتابخانەی کۆپنهاکن و ئینتەرنێت وەرگرتووە، کە بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتوون گرنگترینیان بریتییە لەوەی ناکۆکی نێوان هێزە سیاسییەکان جگە لەوەی بۆتە سەرچاوەی نا ئاسایشی بۆ هەرێم لە هەمان کاتدا پێگەی هەرێمی لە ئاستی بەغداد لاواز کردووە، هەروەها هەرێم کاتێك لە ڕەهەندێکی ئاسایشەوە کەوتۆتە مەترسییەوە ڕەهەندەکانی تریشی کەوتونەتە مەترسییەوە، هەروەها ململانێی ولآتان لەناوچەکە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە ناو خاکی کوردستان ئاسایشی کوردستانی خستۆتە مەترسییەوە هەروەها دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ئاسایشی کوردستانیش گرێدراوی ئەو کۆمەڵە ئاسایشییە لە ناوچەکە بوونی هەیە، هەروەها پەیوەندی ڕاستەوخۆی ولآتان بە هێزە سیاسییەکانەوە لەڕووی سیاسییەوە ڕەوایەتی حکومەتی هەرێمی لاواز کردووە.

2- توێژینەوەی "د. بارزان جوهر صادق" بە ناونیشانی "هەڕەشە ناوخۆییەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان – عێراق"، کە لە گۆڤاری "مجلة دراسات السیاسیة والأمنیة، المجلد الثالث، العدد السادس، کانون الأول 2020"ی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بلاوکراوەتەوە، توێژەر لە توێژینەوەکە بە گرتنەبەری میتۆدی چۆنایەتی زانیارییەکانی کۆکردۆتەوە، بە میتۆدی وەسفیی– شیکاری شرۆڤەی زانیارییەکانی کردووە. لە توێژینەوەکەیدا بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتووە کە گرنگترینیان بریتین لە: هەڵکەوتەی جوگرافی هەرێمی کوردستان هەڕەشە ئامێزە بۆ کوردستان، ئەمە سەرباری نەبوونی هێزی نیشتمانی و هێزی سەربازی تۆکمە، نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ کە هاوکار بووە بۆ دەستێوەردانی ولآتان لە کاروباری ناوخۆیی کوردستان، نەبوونی هۆشیاری گشتی سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهاتە نوێیەکانی سەردەم بە تایبەت تەکنەلۆجیا، بەهەند وەرنەگرتنی گرفتە ژینگەییەکان، نەبوونی سیستەمێکی بەهێزی تەندروستی و پەروەردە، نەبوونی ژێرخانێکی ئابووری بەهێز، هەموو ئەمانە لەبەردەم ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەڕەشەی گەورەن.

3- ماستەرنامەیەك کە (نەجات علی صالح) لە زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی زانستە سیاسییەکان بە ناونیشانی "دیموکراسی وەك ڕەگەزێکی نویێ لە ئاسایشی نەتەوەییدا– لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن" لە ساڵی 2014 نوسیویەتی. کە بۆ سەلماندنی گریمانەکان چەند میتۆدێکی جیاوازی بەکارهێناوە، لەوانە میتۆدی مێژوویی، وەسفیی و شیکاری. توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا بەو ئەنجامە گەیشتووە، کە دیموکراسی یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی هەر ولآتێك، چونکە کاتێك ئاسایشێکی نەتەوەیی بەهێزمان دەبێت کە پایەکانی دیموکراسی بەهێز بن، بەو پێیەی دیموکراسی بە بنەمای بەشداری هاوولآتیانەوە بەندە، ئەمەش دەبێتە

مایەی هێز بۆ ئاسایشی ئەو وڵاتە، بێگومان ئەمە بە پێچەوانەوەیە لە وڵاتانی نا دیموکراسی. هەروەها سیستەمی دیموکراسی ئاسانتر دەتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات، هەروەها دیموکراسی دەبێتە هۆی پەرەپێدان و بەرەوپێشچوونی زۆربەی سێکتەرەکانی تری کۆمەڵگا.

4- توێژینەوەی هاوبەشی "پ.د.تاهیرحەسۆ زێباری و م.ی. کارزان حسن عبدالرحمن" بە ناونیشانی "دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر ئاسایشی کومەڵایەتی" کە لە زانکۆی سۆران، گۆڤاری "توێژەر/ ژمارە 1/ زستانی 2020" بلاوکراوەتەوە، توێژەران میتۆدی وەسفیی– شیکاریان بەکارهێناوە. لە کۆتایی توێژینەوەدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتوون، کە گرنگترینیان بریتین لەوەی: قەیرانی ئابووری و گرفتە ئابوورییەکان چەندین لێکەوتە دوای خۆیان جێدەهێڵن، لەڕووی کومەڵایەتییەوە دەبێتە هۆی زیادبوونی تاوانە جۆراوجۆرەکان، لە ڕووی پەروەردەییەوە بۆتە هۆی وازهێنانی بەشێك لە مامۆستایان و قوتابیان بەهۆی خراپی باری دارایی، جیهێشتنی چەندین کاریگەری تری جۆراوجۆر لەسەر کۆمەڵگا.

5- نامەیەکی ماستەری " هێرش فازل نامق" لە زانکۆی سەلاحەدین، کولێجی زانستە سیاسییەکان، لە ساڵی 2017، بە ناونیشانی "کاریگەرییەکانی هێرشی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر بواری سەربازی هەرێمی کوردستان". تەنها میتۆدی وەسفیی و مێژوویی بەکارهاتووە لە توێژینەوەکەیدا. توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە: ڕووخاندنی حکومەتی عێراقی و گرتنەبەری سیاسەتی تائیفی حکومەتی عێراقی و شۆڕشی بەهاری عەرەبی و دەستێوەردانی وڵاتان و لایەنی دارایی بوونە هۆی سەرهەڵدانی داعش، هەروەها هاتنی داعش بووە مایەی پیشاندانی ئەوەی کە توانا سەربازییەکانی هەرێمی کوردستان لاوازن و هەرێم خاوەنی چەکی پێشکەوتو و قورس نییە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو ڕێکخراوە.

بەشێوەیەکی گشتی جیاوازییەکانی ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوەکانی تر لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

أ- ڕاستە هەڕەشەی گەورەی سەربازی لەدوای ساڵی (2014) بۆ سەر هەرێمی کوردستان بریتی بوو لە داعش، بەڵام ئەم توێژینەوەیە ئاماژەی بە چەندین هەڕەشەی تری سەربازی کردووە کە ئاڵێنگاری گەورەی بەردەم ئاسایشی سەربازی بوون لە هەرێمی کوردستان، لەوانە دروستکردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی، نەبوونی سوپایەکی یەکگرتووی نیشتمانی و بوونی هێزی چەکداری حیزبی و کەسی، دیاردەی چەکداری لە کوردستان.

ب- خستنەڕووی ئەوەی هاتنی داعش تەنها مەترسی نەبووە لەسەر ئاسایشی سەربازی، سەرەڕای چەندین شەهید و بریندار و بێ سەروشوێن، بەڵام مەترسی گەورەی داعش بریتی بوو لە هاتنی سەدان هەزار پەنابەر و ئاوارە لە وڵاتی سوریا و ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە، کە ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمیان خستۆتە مەترسییەوە.

ت- بۆئەوەی بابەتەکە بەشێوەیەکی گشتگیر نەخەینەڕوو، قوتابخانەی کۆپنهاگنمان وەرگرتووە، وەك یەکێك لە قوتابخانە دیارەکانی بواری ئاسایش، دواتر لە دیدگای ئەوانەوە باسمان لە ئاڵێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی( 2014)ەوە کردووە.

پ- دیاریکردنی کات بۆ توێژینەوەکە یەکێکی ترە لە جیاوازیەکانمان، لەدوای ساڵی ( 2014)ەوە هەرێمی کوردستان دووچاری چەندین ئاڵێنگاری قورس بووە، بە تایبەت هاتنی داعش و ئەنجامدانی ڕیفراندۆم،

توندبوونی گرژییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد، هاتنی شەپۆلێکی گەورە لە ئاوارە و پەنابەر، بڕینی بودجەی هەرێم و پەتای کۆرۆنا...هتد هەموو ئەمانە لە توێژینەوەکەماندا بە وردی تیشکیان خراوەتە سەر و باس لە لێکەوتەکانیان کراوە.

ج- یەکێکی تر لە جیاوازیەکانی ئێمە، باسکردنە لە ئالنگارییەکان لە سەر ئاستی ناوخۆیی، هەرێمی، نێودەوڵەتی، تەنها لە ئاستی ناوخۆیی دا نەوەستاوە چونکە ڕووداو و پێشهاتە ئەمنییەکان گرێدراوی نزیکیان هەیە و پەیوەستن بەو پێشهاتە ئاسایشیانەی لە ناوچەکە ڕوودەدەن.

ح- ئەمە سەرباری خستنەڕووی ئەزموونی هەرێمی کوردستان و دروستبوونی وەك دیفاکتۆ لە باسێکی ڕێخۆشکەردا بە کورتی، لەگەڵ مێژووی دروستبوونی دامەزراوە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان.

خ- هەر پێنج سێکتەرەکەمان خستوتە ڕوو ( سیاسی، سەربازی، ئابووری، کۆمەڵگەیی، ژینگەیی).

د- دیموکراسی ڕەگەزێکی گرنگە لە چوارچێوەی ڕەهەندی سیاسی، بە تایبەت لە بابەتی پەیوەست بە ڕەوایەتی سیستەمی سیاسی وڵاتان، بەڵام ئێمە لە چوارچێوەی ڕەهەندی سیاسی جگە لە خستنەڕووی دیموکراسی و پاراستنی ماف و ئازادییەکان، هاوکات چەندین بابەتی تری گرنگمان خستوتە ڕوو، کە گرنگی و ڕۆڵیان لە دیموکراسی کەمتر نییە .

ژ- ڕاستە قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەیە و چەندین لێکەوتە جێدەهێڵێت، بەڵام ئێمە لە ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیەدا ئەوەمان خستوتە ڕوو، قەیرانی دارایی و ئالنگارییە ئابوورییەکان تەنها پەیوەست نین بە ئاسایشی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵکو بوونی هەر گرفتێك لە سێکتەری ئابووری ڕاستەوخۆ کاریگەری کردوتە سەر ڕەهەندی ژینگەیی و سەربازی و تەنانەت ڕەهەندە سیاسییەکەش.

ر- ئەمە سەرباری ئەوەی شیکردنەوە و خستەڕووی هەموو ئەو هۆکارانەی بە شێوەیەکی گشتی و بە تایبەت لە دوای ساڵی (2014) بوونە مایەی ئالنگاری ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان، کە وایکردووە هەرێمی کوردستان ئابوورییەکی بەهێزی نەبێت.

**دووەم: توێژینەوە عەرەبییەکان**

لە سەر ئاستی عێراق و وڵاتانی عەرەبی توێژینەوەکان و هەوڵەکان زیاتر بوون لەسەر ئاسایش، ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشك دەخاتە سەر توێژینەوەیەك بە ناونیشانی "أثر خطابات الأمننة على تطور دراسات الأمنية بعد أحداث 9/11: اسهامات مدرسة كوبنهاجن" کە " فوزية قاسي" لە " الجزائر، جامعة وهران 2، مجلة العلوم القانونية والسياسية، المجلد 10، العدد 01، ص ص 1498-1515، ابريل 2019) بڵاویکردوتەوە، کە باس لە ڕۆڵ و کاریگەری قوتابخانەی کۆپنهاگن لە دوای ڕووداوەکانی 11ی سیپتەمبەری ساڵی (2003)ەوە دەکات خستنەڕووی دیدیان سەبارەت بە پرسەکانی ئاسایش.

**سێیەم: توێژینەوە ئینگلیزییەکان**

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی لەسەر پرسی ئاسایش زیاترە، بەڵام پەیوەست بە هەرێمی کوردستانەوە و قوتابخانەی کۆپنهاگن کەمترە، ئەوانەشی کە کراون بە زۆری باسی پرسی کوردن بەگشتی وەك نەتەوەی کورد، نەك تەنها هەرێمی کوردستان/ عێراق.

توێژینەوەی ( ئەیوب علی جاف)ە لە زانکۆی ( وێستمنیستەر- Westminster) لە ژێر ناوی ( What are the prospects and challenges for an independent Kurdistan in northern Iraq, based on

the social, economic and political factors?) لە ساڵی 2017 بڵاوکراوتەوە، شیاوی ئاماژە بۆکردنە توێژینەوەکە باس لە ئاسۆ و ئاڵێنگارییەکانی بەردەم سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دەکات لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، میتۆدی مێژوویی و شیکاری وەسفی بەکارهاتووە لە توێژینەوەکەدا بە تایبەت لە باسکردن لە پرسی کورد، توێژەر لە دەرئەنجامی توێژینەوەکە باس لەوە دەکات ناکۆکی قوڵی نێوان هێزە سیاسییەکان و گەشەنەکردنی تەواوی پایەکانی سیستەمی دیموکراتی و بوونی ئابووری کرێخۆر کە تەنها پشت بە نەوت ببەستێت، ئەجێندای وڵاتانی هەرێمی بە تایبەت تورکیا و ئێران، ئاستەنگی گەورەی بەردەم سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانن.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە لەم ئاستانەی خوارەوە جیاواز خراوەتەڕوو:

أ- پێداگری ئەو تەنها لەسەر سێ سێکتەر (ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی) بووە ئەویش بە گشتی، بەڵام ئێمە هەر پێنج سێکتەرەکەمان باسکردووە (سیاسی، سەربازی، ئابووری، کۆمەڵگەیی، ژینگەیی) کە پێمان وایە هەموویان گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان بە تایبەت سێکتەری سەربازی کە ئاستەنگی گەورەی بەردەم هەرێمی کوردستانە.

ب- ئەمە سەرباری باسکردن لە تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی، هەڵکەوتەی جوگرافی و پێگەی جیۆپۆڵەتیکی هەرێم، پەیوەندی نێوان وڵاتانی ناوچەکە و جەمسەرگیرییەکان و دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێز لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتان، هەموو ئەمانە کاریگەریان لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، بەهۆی ئەوەی ڕووداوە و پێشهاتەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ پەیوەندییان هەیە بە پێشهاتەکان لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهانی.

ت- ئەو لە سێکتەری کومەڵایەتیدا کەمتر باسی لە پرسی ناسنامە و زمان و شوناس کردووە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە زۆر بە گرنگییەوە باسی لەوە کردووە لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوو نەتوانراوە ناسنامەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی دروست بکرێت.

پ- ئەمە جگە لە خستنەڕووی داتا و زانیاری پێویست بە تایبەت لە سێکتەری ئابووری، سەبارەت بە هەناردەکردنی نەوت و ژمارەی فەرمانبەران...هتد.

## پەیکەری توێژینەوە:

بەشێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەك و سێ بەش پێکدێت، ئەمە وێڕای دەرئەنجامەکان:

سەرەتا لە **بەشی یەکەمدا** بە ناونیشانی **ئاسایش و ئاڵێنگارییەکان لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن**، چوارچێوەیەکی تیۆرییە سەبارەت بە ئاسایش و قوتابخانەی کۆپنهاگن خراوەتەڕوو. دابەشی دوو باس کراوە، لە **باسی یەکەم** بریتییە لە ئاسایش و قوتابخانەی کۆپنهاگن، ئەم باسەش دابەشی دوو تەوەر کراوە، تەوەری یەکەم تایبەت بە چەمك و پێناسەی ئاسایش کە چەندین پێناسەی جیاوازمان بۆ ئاسایش خستۆتەڕوو، هەم لە دیدی بیریارانی ئاسایش، هەم لە دیدی قوتابخانە گرنگەکان، لەگەڵ ئاسایش لە ڕووی زمانەوانی. تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ ناساندنی قوتابخانەی کۆپنهاگن و بنەڕەتی دروستبوونی قوتابخانە و دیارترین بیریارانی ئەو قوتابخانەیە و بیرۆکە سەرەکییەکانیان لە هەمبەر پرسی ئاسایش. **باسی دووەم** تەرخانکراوە بۆ ڕەهەندەکانی ئاسایش و بە ئاسایشکردن و ئاسایشی کۆمەڵگەیی لای قوتابخانەی کۆپنهاگن. ئەم باسەش لە دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم تایبەتە بە خستنەڕووی هەر پێنج ڕەهەندەکەی ئاسایش لەڕووی (سیاسی، سەربازی، ئابووری، کۆمەڵگەیی، ژینگەیی)و ئاڵێنگارییەکانی ئەو ڕەهەندانە. تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ بە ئاسایشکردن وەك یەکێك لە پرسە گرنگەکان لای قوتابخانەی کۆپنهاگن لەگەڵ ئاسایشی کۆمەڵگەیی و

ئاسایشی ئەکتەری نا دەوڵەتی، کە ئەم قوتابخانەیە گرنگی دەدات بەوانەی ئەکتەری دەوڵەتیش نین وەك هەرێمی کوردستان.

**بەشی دووەمیش:** لەژێر ناوی **ئاڵێنگارییەکانی بەردەم ئاسایشی هەرێمی کوردستان: بەپێی ڕەهەندەکانی ئاسایش خراوەتەڕوو،** ئەم بەشە سەرەتا بە **باسێکی ڕێخۆشکەر** سەبارەت بە هەرێمی کوردستان بەوەی چۆن بۆتە هەرێمێکی دیفاکتۆ، دەستی پێکردووە، دواتر لە **باسی یەکەمدا** تیشکمان خستۆتە سەر گرنگترین ئاڵێنگارییە سیاسی و سەربازییەکان، بەجۆرێك لە تەوەری یەکەمدا باسمان لە ئاڵێنگارییە سیاسییەکان کردووە، لە تەوەری دووەمدا ئاڵێنگارییە سەربازییەکان. لە **باسی دووەمدا** تیشك خراوەتە سەر ئاڵێنگارییە ئابووری و کۆمەڵگەیی و ژینگەییەکان، هەریەکەیان لە تەوەرێکی سەربەخۆدا.

هەرچی **بەشی سێهەمیشە تەرخانکراوە بۆ ئاڵێنگارییەکانی بەردەم ئاسایشی هەرێم لە سۆنگەی پێکهاتەی ئاسایشی هەرێمی و هەڵسەنگاندنی سیاسەتی هەرێم بەرانبەر بە ئاڵێنگارییەکان.** لە **باسی یەکەمدا** تیشکمان خستۆتە سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە سۆنگەی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی، لەم باسەدا باس لە پێگەی جیۆپۆڵەتیکی هەرێم و کاریگەری لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و پەیوەندییەکان نێوان وڵاتانی ناوچەکە، دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێز لە ناوچەکە کراوە پەیوەست بە هەرێمی کوردستان، لە **باسی دووەمدا** هەڵسەنگاندنمان بۆ مامەڵەی هەرێم بەرانبەر بە ئاڵێنگارییەکان بە پێی ڕەهەندەکانی ئاسایش و بەشێك لە جەمسەرگیرییەکانی ناوچەکە کردووە.

توێژینەوەکە بە خستنەڕووی کۆتایی و ئەنجامگیری، ڕاسپاردە و پێشنیاز، لیستی سەرچاوە کۆتایی پێهاتووە.

# بەشی یەکەم

## ئاسایش و ئاڵێنگارییەکانی لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە

**دەستپێك:**

ئاسایش و ئالێنگاری دوانەیەکی لێکدانەبڕاو و پێکەوەگرێدراون، چەمکی ئاسایش لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیش جێی بایەخی زۆری بیریاران و بڕیاربەدەستانیش بووە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، یەکێك لەو قوتابخانە دیارانەی، کە بە تێزەکانی لەمەڕ ئاسایش و ئاست و جۆرەکانی، ئاسۆ و مەودای ئاسایشی فراوان کرد و مشتومڕی زۆری دروستکرد قوتابخانەی کۆپنهاگن بوو. لێرەوە بەشی یەکەمی ئەو توێژینەوەیە بۆ خستنەڕووی چێوەیەکی تیۆریی سەبارەت بە ئاسایش و ڕەهەند و ئالێنگارییەکان تەرخان دەکەین، لەم بەشەدا هەوڵدەدەین لە لایەنی تیۆرییەوە بچینە ناو باسەکانی توێژینەوەکە، بۆئەوەی لە بەشەکانی دواتردا بتوانین باشتر ڕاڤەی بابەتەکان بکەین و ئالێنگارییەکانی ئاسایشی کوردستان بخەینە ڕوو.

بەشێوەیەکی گشتی هەوڵدەدەین چوارچێوەیەکی تیۆری سەبارەت بە قوتابخانەی کۆپنهاگن و دیدگا و تێڕوانینیان سەبارەت بە ئاسایش، ئاڕاستەکانی ئاسایش لە دیدی قوتابخانەی کۆپنهاگن، پێناسەکردن و ناساندنی چەمکی ئاسایش بەگشتی، ئاسایشی کۆمەڵگەیی و هەرێمی بخەینە ڕوو. بۆئەوەی ئەم بەشە بکەینە بنەمایەك بۆ ڕاڤەکردنێکی زانستییانە لەڕێگەی جێبەجێکردنییەوە بەسەر ئالێنگارییەکانی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان.

## باسی یەکەم: ئاسایش و قوتابخانەی کۆپنهاگن

ئەم باسە دابەشی دوو تەوەری سەرەکی دەکەین، لە تەوەری یەکەمدا باس لە چەمکی ئاسایش بە شێوازێکی گشتی دەکەین، لە تەوەری دووەمدا باس لە قوتابخانەی کۆپنهاگن بە شێوەیەکی گشتی دەکەین.

### تەوەری یەکەم: چەمك و پێناسەی ئاسایش

بەر لەوەی لە تەوەرەکانی دواتردا تیشك بخەینە سەر ڕەهەندەکانی ئاسایش لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە، بە پێویستی دەزانین باس لە چەمکی ئاسایش بە گشتی و پێناسەی ئاسایش لە دیدی بەشێکی زۆر لە بیریارانی بواری ئاسایش بخەینە ڕوو، ڕاڤەیەکی زانستیانەی ئەو چەمکە بکەین، بۆئەوەی ئەم خوێندنەوە و ڕاڤەکردن و پێناسەکردنە ببێتە دەروازەیەکی باش بۆ تێگەیشتن لە تەوەرەکانی دواتر کاتێك دیدی قوتابخانەی کۆپنهاگن بۆ ئاسایش دەخەینەڕوو.

بابەتی ئاسایش پانتاییەکی گەورە و فراوانی داگیرکردووە لە لایەن بەشێکی زۆر لە بیرمەندان و قوتابخانە و ئاڕاستەکان لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردنی ئاسایش و ناساندنی ئەو چەمکە و بەشی زۆریان لەگەڵ ئەوەی لە کۆمەڵێك بابەتدا کۆکن و یەك دیدگایان هەیە بۆی، بەڵام سەرباری ئەوەش چەندین خوێندنەوەی جیاواز و تێڕوانینی جیاواز بۆ ئەم چەمکە دەکرێت و خراوەتە ڕوو لەلایەن ئەو ناوەند و قوتابخانە و بیرمەندانەی کە بایەخ بەو بوارە دەدەن، بە تایبەت دوای جەنگی سارد بابەتی ئاسایش زۆرترین لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە.

**یەکەم: ئاسایش لە ڕووی زانستی زمانەوە ( مانای زمانەوانی وشەی ئاسایش)**

لەڕووی زانستی زمانەوە وشەی ئاسایش لە زمانە جیاوازەکاندا تا ڕادەیەکی زۆر بە مانای لێك نزیك هاتووە. شێخ محمدی خاڵ لە فەرهەنگی خاڵ ئاماژە بەوە دەکات ئاسایش واتە حەسانەوە و ئارامگرتن واتە بێ ئاژاوەیی، وشەی (الأمن) وشەی (ئاسایش)ی کوردی لە زمانی عەرەبی دا لە بەرامبەردا بەکارهاتووە.(1)

سەبارەت بە زمانی ئینگلیزی وشەی ( Security) بە واتای ئاسایش، دڵنیایی، تەناهی دێت، واتە دوور لە هەڕەشە.(2)

لە فەرهەنگی کامبرج (Cambridge Dictionary)ی بەریتانی بە مانای پاراستنی کەس، باڵەخانە، ڕێکخراو، وڵات دێت لە هەموو تاوان و هەڕەشە و هێرشکردنێك لە لایەن وڵاتانی دەرەکی.(3)

بەڵام لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، مام هەژار دانەری فەرهەنگەکە ئاماژە بۆئەوە دەکات لە بەرامبەر وشەی فارسی (اسایش)، بێ خەمی واتە بابەتێك جێگای خەم و دوودڵی نەبێت، ئیسراحەت، ئاسوودەیی بەکارهاتووە. بۆیە ئەگەر لە زمانی کوردیدا خوێندنەوەی بۆ بکەین ئاسایش واتە دۆخێك بێت هێمن بێت و دووربێت لە کێشە، واتە ژیانێکی ئاسایی.(4)

ئاسایش لە رووی زمانەوانییەوە ئاماژەیە بۆ ئاسایش و دڵنیایی، هەروەها دژی دڵەراوکێ و ترسە.(5)

هەروەها ئەگەر سەیری قورئانی پیرۆز بکەین، خودای بێ هاوتا باس لە پاراستنی بەندەکانی دەکات لە ترس، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ الَّذِي أَطْعَمَهُمْ مِنْ جُوعٍ وَآمَنَهُمْ مِنْ خَوْفٍ ﴾. (قريش:4). واتە خودای گەورە چەندین خواردن و نیعمەتی بە بەندەکانی بەخشیوە، لە ترس پاراستوونی و ئاسایشی بو دابینکردوون.(6) هەروەها فەرهەنگی ( مریام – ویبستر) ی ئینگلیزی جەخت لەوە دەکاتەوە کە وشەی( Security) دوو واتا دەبەخشێت :

1- ڕزگاربوون لە مەترسی، واتە سەلامەتی.

2- ڕزگاربوون لە دوو دڵی و دڵەڕاوکێ، واتە هەستکردن بە متمانە و دڵنیایی.

هەرچی پەیوەستە بە وشەی ( Securite) فەرەنسیە، واتای نەبوونی هیچ مەترسیەك.(7)

(1) . فەرهەنگی خاڵ، شێخ محمدی خاڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2005، ل4.

(2) . فەرهەنگی ئۆکسفۆرد ئینگلیزی /کوردی، د.سەلام ناوخۆش، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، 2011،ل 434.

(3) . پێگەی فەرمی فەرهەنگی کامبردیج لە تۆڕی زانیاری نێودەوڵەتی، ڕێکەوتی سەردان 2022/2/16: https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english-arabic/security

* بۆ هەموو ماستەرنامەکە توێژەر لە کۆتایی نوسینەکەیدا لە ڕێکەوتی (2023/2/1) دڵنیابۆتەوە لە ئەکتیڤی هەموو لینکەکان.

(4) . فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە کوردی/فارسی، عبدالرحمن شەرەفکەندی (مام هەژار)، دەزگای چاپ و پەخشی سروش، تاران، 2003، ل6.

(5) . وصفي عقيل و أيمن هياجنة و خالد العدوان، مفهوم الدولي لدى نظريات العلاقات الدولية في ضوء متغيرات الدولية ما بعد أحداث الحادي عشر من أيلول 2001، دراسات العلوم الانسانية والأجتماعية، المجلد 48، العدد 3، جامعة اليرموك، 2021، ص 291.

(6) . محمد ملا صالح، پوختەی تەفسیری قورئان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تیشك، چاپخانەی ڕێ نوێ، چ 10، سلێمانی،2019.

(7) . پێگەی فەرمی فەرهەنگی مریام–وێبستەر، لەتۆڕی زانیاری نێودەوڵەتی، ڕێکەوتی سەردان 2022/2/11: https://www.merriam-webster.com/dictionary/security

چەمکی ئاسایش( Security) دەستەواژەیەکی لاتینییە ( Securita-seciritatis) کە پێك دێت لە ( sine cura) واتە بارودۆخێك کە هیچ مەترسییەکی نییە، یاخود بارودۆخێك کە تیایدا بەرەنگاربوونەوەی مەترسی و هەرەشەیەك هەیە.[1]

**دووەم: پێناسەی چەمکی ئاسایش**

لە ڕووی مێژووییەوە یەکەمین پرسە فەلسەفی و سیاسییەکانی بواری ئاسایش دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفانی یۆنانی کۆن وەکو ئەفلاتون و ئەرستۆ. ئەم بیرمەندانەی یۆنانی کۆن پێیان وابووە کە دروستکردنی ئاسایش و پارێزگاریکردن لە ئاسایش ئەرکی هەموو حکومەتێکە و پێویستە پارێزگاری لەو بابەتە بکەن، هەروەها دادپەروەیان وەکو بنچینەی دەسەلاتدارێتی بۆ گەیشتن بە ئاسایش دەستنیشان کردووە، بۆیە چەمکی ئاسایش یەکێکە لەو چەمکانەی کە ئالۆزی تێدایە و ئاسان نییە بتوانیت پێناسەیەکی یەکگرتو و تەواوەتی بۆ بکرێت، چونکە چەمکێکی فرەڕەهەندە و نزیکە لەگەڵ چەند چەمکێکی دیکەی وەك: هێز، هەڕەشە، مەترسی، هەر بۆیە هەر پێناسەکردنێکی چەمکی ئاسایش ڕێژەییە و لەژێر کاریگەری هەلومەرجدایە. [2]

چەمکی ئاسایش پێچەوانەی چەمکی ترسە، هەرکاتێك هەستکرا بە ترس ئەوا مانای وایە کە ئاسایش کەوتۆتە ژێر مەترسییەوە و هەڕەشەی لەسەرە، لەهەر کامێك لە ئاستەکان بێت، ئاستی تاك، دەوڵەت، نێودەوڵەتی، هەرێم.[3]

مانای گشتی ئاسایش لە هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکی ئاماژەیە بە "ئاشتی و دڵنیایی و بەردەوامی ژیان و بەردەوامی پێکهاتە و مەرجەکانی دوور لە هەر سەرچاوەیەکی مەترسی و هۆکارە هەڕەشەئامێزەکان".[4]

چەمکی ئاسایش وەك زۆربەی چەمکەکانی تری ناو کایەی زانستە مرۆڤایەتییەکان نەتوانراوە پێناسەیەکی تەواوەتی و گشتگیر و هەمەلایەنەی بۆ بکرێت، کارێکی ئاسانیش نابێت کە پێناسەیەك بۆ چەمکی ئاسایش بکرێت کە ببێتە مایەی ئەوەی تەواوی بیرمەندانی یان بەشێکی زۆری بیرمەندانی ئەو بوارە لەسەری کۆك و تەبابن، ئەمەش پەیوەستە بە جیاوازی لە دیدگا و تێڕوانینی ئەو قوتابخانە و ئاراستە و بیرمەندانەوە هەمبەر بە چەمکی ئاسایش.[5]

دەستەبەرکردنی ئاسایش یەکێك لە گرنگترین خواستەکانی مرۆڤە. ئەم خواستە پەیوەندییەکی نەپساوەی لەگەڵ جەوهەری بوونی مرۆڤدا هەیە. پاراستنی جەوهەر و پارێزگاری لە ڕاستی یەکێك لە سەرەکیترین حەزەکانی مرۆڤە. مرۆڤەکان بەدوای دەستەبەرکردنی پێویستییە ژینگەییەکان لەگەڵ یەکتر پەیوەندی جۆراوجۆر دادەمەزرێنن و کۆمەڵ پێك

---

(1) . د.حەکیم خۆشەڤی، تیرۆری خۆراك کوالێتی سەلامەتی ئاسایش، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات، 2019، ل87.

(2) . د.پەروێز رەحیم قادر، ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامە: کۆماری ئیسلامی ئێران بە نمونە، خانەی موکریان بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چاپخانەی ماد (تاران)، هەولێر، 2020، ل20.

(3) . تەحسین زراری، دەروازەیەك بۆ ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی فەرمی (پ.د.ك)، ژمارە 4721، ل10.

(4) . د.علی عباس مراد، الأمن والأمنی القومی: مقاربات نظریة، ابن الندیم للنشر والتوزیع، الجزائر، 2017، ص15.

(5) . لواء محمد بکزادة، الأمن و إدارة أمن المؤتمرات، دار الفجر النشر والتوزیع، القاهرة، 2004،ط3، ص 9.

دێنن. گرنگترین پێویستی هەر کۆمەڵەیەك، ئەگەر هۆزێك یان نەتەوە و وڵاتێك بێت، دابینکردنی ئاسایشی ئەو کۆمەڵگایە و تاکەکانییەتی.[1]

لەگەڵ ئەوەی چەمکی ئاسایش بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکارهاتووە، لە زانستی ڕامیاری دا چەندین پێناسەی جیا جیای بۆ کراوە، لەگەڵ چڕکردنەوەیدا بەرفراوانی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە. تێگەیشتن لەم چەمکە لە هەندێ ڕووەوە سنووردارکراوە و لە هەندێ رووی دیکەشەوە تێگەیشتنەکە پێویستی بە پانتاییەکی فراوانتر هەیە. لێرەدا چەند پێناسەیەکی ئاسایش دەخەینە ڕوو، کە لەلایەن بیریارانی بواری ئاسایشەوە خراوەتە ڕوو، ئامانج لە خستنەڕووی ئەم پێناسانە زانینی دیدگای جیاوازی بیرمەندانی بواری ئاسایشە، چونکە لە چەندین ڕەهەندی جیاوازە پێناسەی ئاسایش کراوە :

**هنری کێسنجەر،** وەزیری پێشووتری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێی وایە جەوهەری ئاسایش"بریتییە لە هەموو ئەو هەڵسوکەوتانەی کۆمەڵ بۆ پاراستنی مافی خۆی لە مانەوە وەریان دەگرێت".[2] لەم پێناسەیەوە دەردەکەوێت کە هنری کیسنجەر پێی وایە کە ئامانجی هەرە باڵای هەموو کۆمەڵەیەك بریتیە لە مانەوە و بەردەوامی، بێگومان ئەمەش بە دابینکردنی ئاسایش دێتە دی، بەڵام ئەم پێناسەیە تەنها باسی لە ئاسایشی کۆمەڵگا کردووە.

لەلایەکی ترەوە **علی بن فایز الجحنی** بەمجۆرە پێناسەی ئاسایش دەخاتە ڕوو بریتییە "لەوەی تاکەکان و کۆمەڵگا لایەنە ئۆرگانی و دەروونییەکانیان بگەنە ئاستی تێربوون، لەسەرووی هەموو ئەوانەش پاڵنەری ئاسایش بەهەردوو ئاڕاستەی لایەنە ماددییەکە وە لایەنی دەرونیش، واتە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا دڵنیا ببنەوە لەوەی ئەو مەترسیانە لەئارادا نەماون کە هەڕەشەن بۆ سەر لایەنە ماددیەکە، کە ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە گونجانی تاکەکان لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگا، ئارامی شوێنی نیشتەجێبوون و بژێویەکی ئارام و باش، لایەنە دەروونییەکەشی بریتییە لە داننانی کۆمەڵگە بە تاك و ڕۆڵ و پێگەی تاکەکەس لە کۆمەڵگەدا، هەر ئەوەشە دەکرێ پێی بگوترێ دڵنیایی و ئاسودەیی گشتی، کە کۆمەڵگا دەخاتە نێو ئارامییەکی ڕێژەییەوە".[3] لەم پێناسەیەوە ئەوە دەردەکەوێت کە الجحنی تەرکیزی زیاتری لەسەر لایەنی دەروونی بووە، واتە پێناسەی ئاسایشی زیاتر گرێداوە بە لایەنی دەروونی.

لەلایەکی ترەوە **محمد الکروی** بەمجۆرە دیدی خۆی سەبارەت بە پێناسەی چەمکی ئاسایش دەخاتە ڕوو: "ئاسایش بریتییە لە دڵنیایی تاك و خێزان و کۆمەڵگا لەوەی لەم جیهانەدا ژیانێکی باش بژین، ترسیان لە خۆیان و سەروەت و ئەقڵ

---

[1] . د.جلیل ڕۆشەندل، ئاسایشی نەتەوەیی و سیستەمی نێونەتەوەیی، وەرگێرانی مێهدی میهرپەروەر، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێران، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر، 2010، ل8.

[2] . وەرگیراوە لە: فارس عیسی خێڵەکی، بنەماییت ئاسایشا نەتەوەیی، هەولێر، 2015، ل23.

[3] . علي بن فايز الجحني، الإعلام الأمني والوقاية من الجريمة، منشورات أكاديمية نايف العربية للعلوم الأمنية، الرياض، 2000، ص68.

و نەژادیان نەبێت لەوەی بکەوێتە بەر هەڕەشە، یان ئەوەی دەیپارێزێ".[1] لە خستنەڕووی ئەم پێناسەیەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئاسایش واتە سەلامەتی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا لە هەموو ئاستێکدا.

بەڵام **ئەرنۆڵد وڵفەرز – Arnold Wolfers** پێی وایە لەڕووی بابەتییەوە ئاسایش "واتە نەبوونی هەڕەشە لەسەر بەها بەدەستهاتووەکان، لە ڕووی خودیشەوە واتا نەبوونی ترس لەوەی کە ئەم بەهایانە دەستیان بۆ ببرێت".[2] کەواتە لە دیدی ئەرنۆڵد ئاسایش بریتییە لەوەی بەهاکان لە ژێر هەڕەشەدا نەبن و ترسیش نەبێت لەوەی کە بکەونە بەر هەڕەشە و مەترسی. ئەم پێناسەیە تەنها گرنگی و بایەخی هەیە بۆ ئەو بەهایانەی کە بەدەستهاتوون، بێئەوەی ئاماژە بەوە بدات چەند بەهایەکی گرنگ هەیە بەدینەهاتوون.

بە بڕوای **باری بوزان–Barry Buzan** * ئاسایش بریتییە لە "پارێزراوی لە مەترسی ماددییە و هەست بە دڵنیایی ئاسایشی زەینی، هەروەها ڕزگاربوون لە دوو دڵی و دڵەڕاوکێ و متمانە بە تێگەیشتنە تاکەکسییەکان". کەواتە باری بوزان پێی وایە ئاسایش بریتییە لەوەی کە پارێزراو بیت لە هەموو مەترسییەکان، دووربوون لە مەترسییەکان واتە بوونی ئاسایش.[3]

لەلایەکی ترەوە **کێن بوس– Ken Booth** پێناسەیەکی جیاواز و فراوان بۆ ئاسایش دەکات و دەڵێت "ئاسایش ماناکەی بریتییە لە نەبوونی هەڕەشە و مەترسییەکان، ڕزگاری بریتییە لە ئازادی خەڵك، تاك و گروپەکان، لە سنوور و بەربەستەکانی هەڵبژاردنی ئازادانە. جەنگ و هەڕەشەی جەنگ، هەژاری، پەروەردەی لاواز و دڵەڕاوکێی سیاسی لەو بەربەست و سنوورانەن، بۆیە ئاسایش و ڕزگاری دوو ڕووی یەك دراون، ڕزگاری نەك هێز و سیستەم، بەڵکو ئاسایشی ڕاستەقینە دێنیێتە ئاراوە، بەم پێیەش ڕزگاری ئاسایشە.[4] کەواتە لە دیدی کێن بوس، ئازادی و ڕزگاری واتە ئاسایش، واتە کاتێ تاکەکان ڕزگاربوون، واتە ئاسایش و ئارامی بوونی هەیە، ئەگەرنا بە پێچەوانەوە ئەستەمە باس لە ئاسایش بکرێت.

---

[1] . وەرگیراوە لە: هێمن ئەمین شوانی، مەترسییەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی: فەیسبوك بە نمونە، نامەی ماستەر لە زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئەدەبیات، هەولێر، ساڵی 2020، ل10.

[2] . Arnold Wolfers, National Security as an Ambiguous Symbol, Political Scince Quarterly, vol 67, n4,1952,visit date 12/2/2022: https://www.jstor.org/stable/2145138

[3] . Barry Buzan ,People State and Fear an Agenda for international Security Studies in the post-cold war,an imprint of pearsons education longman,second edition, 1991, p.329

[4]. Ken Booth, Security and Emancipaition, visit date 15/2/2022: https://www.jstor.org/stable

* باری بوزان Barry Gordon buzan لە دایکبووی ( 1946/4/28) لە ئێستادا تەمەنی 77ساڵە، خەڵکی وڵاتی بەریتانیایە، پرۆفیسۆرە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لە زانکۆی کۆپنهاگن و جیلی وانە دەڵێتەوە، یەکێکە لە دیارترین بیریارانی قوتابخانەی کۆپنهاگن کە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا ساڵی (1985) ئەو قوتابخانەیان دامەزراند، کە خاوەنی دیدگای نوێ بوو سەبارەت بە ئاسایش، خاوەنی بیرۆکەی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی بوو لەگەڵ ئۆلی وەیڤەر. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
2616140https://prabook.com/web/barry.buzan/

لەلایەکی ترەوە، **کیڤن کلمنتس– Kevin Clements** یەکێك لەدیارترین ئەو پرۆفیسۆرانەی نووسین و توێژینەوەی لەسەر چەمکی ئاسایش، ئاشتی، ناکۆکی هەیە. بەمجۆرە پێناسەی ئاسایش دەکات" ئاسایش و ئارامی وابەستە نییە بەوەی کە لە ڕێگای دەوڵەتێکی بەهێزی سەربازییەوە بێتەدی، بەڵکو بەها کولتوورییەکان، پرۆسەکانی بەکۆمەڵایەتیکردن و هاوکارییە کومەلایەتییەکان ڕەهەندی بالاو قولی ئاسایشن".[1] واتە کیڤن پێی وایە مەرج نییە کاتێك دەوڵەتێك بەهێز بوو، بە تایبەت هێزی سەربازی، لە ئاستێکی باش و بالادابوو، ئەوا ئاسایش و ئارامی لەو ولاتەدا بەرقەرارە، بەڵکو ئەوە لە ئاسایشدا بابەتی کۆتایی نییە، بۆیە جەختی زیاتری ئەو لەسەر بەها کولتوورییەکان و لایەنی کۆمەڵایەتییە. واتە ئاسایش لەدیدی ئەودا زیاتر گرێدراوی لایەنە کومەڵایەتی و کولتوورییەکانە، نەك ڕەهەندی سەربازی.

بە بڕوای **د.عمر قدور** "ئاسایش بە مانای دڵنیایی و پێچەوانەی ترس دێت، هەروەها ڕزگاربوونە لە ترس. حاڵەتێکە لە مرۆڤدایە ئاماژە بە پاڵنەری غەریزە دەکات بۆ بەرگریکردن یان ڕاکردن. واتە قدور پێی وایە ئەوکاتە ئاسایش دابین دەبێت بۆ مرۆڤەکان کە ترسیان نەبێت و ئارام بن". خاڵی لاوازی ئەم پێناسەیە زیاتر ئاسایش لە گۆشەنیگای دەروونییەوە دەبینێت، واتە هەرکات مرۆڤ ترسی نەبوو ئەوا هەست بە ئاسایش و سەلامەتی دەکات، لەکاتێکدا مەرج نییە ئاسایش بە بەردەوامی گرێدراوی ئەوەبێت کە ترس نەبوو واتە ئاسایش بەرقەرارە.[2]

هەورەها **کوینسی رایت– Quincy Wright** دەڵێت ئاسایش "ڕزگاربوونە لە ترس و دەبێ لە پێش هەموو کارێکی تر بێت، ئەگەر ئاسایش بەرقەرار نەبێت ئەوا سیاسەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان نابنە هۆی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی خەڵك، بەڵکو دەبنە هۆی زیادبوونی ڕێوشوێنە ئاسایشییەکانی دەوڵەت کە لە ئەنجامدا هەژموون و زاڵبوون و ئیمتیازاتەکانی دەزگا ئاسایشییەکان لەسەر حسابی گەل زیاد دەبێت".[3] واتە لە ڕوانگەی ڕایتەوە هەموو لایەن و بوارەکانی تری ژیان بە تایبەت لایەنی ئابووری و کۆمەلایەتی بەستراونەتەوە بە ئاسایش، ئەگەر ئاسایش هەبوو ئەوا ئەوکات دەبنە مایەی ئاسایشی ئابووری و کۆمەلایەتی و لایەنەکانی تری ژیان.

هەروەها **ڕۆبەرت مەکنمارا– Robert Macnmara** وەزیری پێشووتری بەرگری ئەمریکا لە کتێبی (گەوهەری ئاسایش) دا دەڵێت : ئاسایش بەواتای گەشەکردن و پەرەسەندنە، ئیدی ئابووری بێت یاخود کۆمەلایەتی یان سیاسی، لە سێبەری پارێزگاری و سەقامگیرییەکی تۆکمەدا. هەروەك بەردەوام دەبێ و ڕای وایە کە ئاسایشی ڕاستەقینەی نیشتیمانی لەوێوە دەست پێدەکات، زانیاری لەسەر سەرچاوەکانی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر گەلێك ڕووندەکاتەوە و بەرنامەی بۆ

---

[1] . Kevin Clements, toward a Sociology of Securityvisit date 18/2/2022: https://espace.library.uq.edu.au/view/UQ:10310

[2] . د.عمر أحمد قدور، شكل الدولة وأثره في تنظيم مرفق الأمن، مكتبة مدبولى، مصر، 1994، ص62.

[3] . Quincy Wright, Security and the United Nations, visit date 18/2/2022: https://brill.com/previewpdf/journals/nord/18/1/article-p17_5.xml

دادەڕێژێ تا دەرفەتی زۆر و زەوەند برەخسێنێت بۆ گەشەکردنی ئەو توانایانەی وڵاتەکە لە هەموو بوارەکاندا هەیەتی.[1]
واتە ئەگەر ئاسایش دەلالەت لەسەر ڕەوتێك بکات ئەوا ئەو ڕەوشە لایەنی کەمی ڕێکوپێکی و سەقامگیرییە.

پێناسەی توێژەر بۆ ئاسایش بریتیە لە دڵنیابوونی تاکەکان و کۆمەڵگا لەوەی هەست بە ئارامی تەناهی بکەن و لە هەموو ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەك دووربن، واتە لە ژێر کاریگەریی هیچ هەڕەشە و مەترسییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆدا نەبن.

**سێیەم: ئاسایش لە دیدی قوتابخانە سەرەکییەکانەوە**

هەرچی سەبارەت بە قوتابخانەکانە بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە و زانینی دیدگای قوتابخانە سەرەکییەکان، بە پێویستی دەزانین سەرنجی ئەوان لە هەمبەر پرسی ئاسایش بخەینەڕوو.

سەرەتا بە دیدی **ڕیالیزم** سەبارەت بە ئاسایش دەستپێدەکەین، بە شێوەیەکی گشتی بنەمای هزری قوتابخانەکە لە **کوتیلیا** و **سیوسیدیس** لە کتێبی مێژووی جەنگی پلۆپۆنێز وەرگیراوە، دواتر لەلایەن بیریارانەوە پەرەی پێدراوە، چەندین ئاڕاستەی جیاوازی لێ دروست بووە، بەشێوەیەکی گشتی بە تایبەت لای کلاسیکییەکان پێیان وایە کە بەهۆی نەبوونی حکومەتی جیهانی دەوڵەتان لە دۆخی جەنگ و ململانێدان لە نێوان خۆیاندا، بەهۆی ئەوەی سروشتی مرۆڤ بە گشتی خۆپەرستە و شەڕانگێزە کەواتە حاڵەتی باو لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بریتییە لە نەبوونی ئاسایش و ئارامی، بۆیە پێویستە دەوڵەتان پشت بە هێز و توانای خۆیان ببەستن، وەك تاکە ئەکتەری بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بایەخ بدەن بە هێزی سەربازی خۆیان، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی گەیشتن بە ئامانجی باڵای وڵاتان کە بریتییە لە مانەوە و بەردەوامی. واتە بایەخدان و بەهێزکردنی بواری سەربازی کاری لە پێشینەیە بۆ هەر دەوڵەتێك، واتە ئاسایش زیاتر گرێدراوی لایەنی سەربازییە.[2]

هەرچی پەیوەستە بە دیدگای **لیبڕالیزم** وەك یەکێك لە قوتابخانە دیارەکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ئاسایش، بەشێوەیەکی گشتی بنەما هزرییەکانی ئەو قوتابخانەیە لە بیرمەندان جۆن لۆك، ئیمانوێل کانت، ئادەم سیمس... وەرگیراون. بەگشتی بیریارانی ئەو قوتابخانە پێیان وایە ئاسایش تەنها بواری سەربازی ناگرێتەوە، ڕاستە بواری سەربازی گرنگە بۆ ئاسایشی دەوڵەت هەروەها دەوڵەتان ئەکتەری گرنگن لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەڵام هاوکات لەگەڵ دەوڵەتان ئەکتەری تریش هەن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندان کە ناکرێت ڕۆڵیان نادیدە بگیرێت،

---

[1] . Roberts M.Macnmara, the essence of security reflections in office, library of congress catalog card number:68-29573,1968, p 109 .

[2] . د.ئەنوەر محمد فەرەج، دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی، 2007، ل148.

لەبەرئەوەی مرۆڤ بە سروشتی خۆی چاکەکارە، بۆیە ئاشتی و ئارامی باڵی کێشاوە بەسەر پەیوەندی نێوان دەوڵەتاندا بۆیە پێویستی بۆ پاراستنی ئاشتی و ئارامی جیهانی پێویستی وڵاتان هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوانیاندا هەبێت.(1)

هەرچی پەیوەستە بە قوتابخانەی **(کۆنسترەکتیڤیزم)،** دیدێکی جیاوازیان هەیە لە هەردوو ئەو قوتابخانەیەی پێشتر ئاماژەمان پێدا، تەنانەت بەشێك لە لێکۆڵەرانی بواری ئاسایش و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێیان وایە کە تێڕوانینی ئەوان جۆرێکە لە نێوەندگیری لە نێوان هەردوو قوتابخانەکەی پێشووتر. دیدی ئەوان پێیان وایە کە بابەتی شوناس و ناسنامە ڕۆڵی گرنگ دەگێرن لەو واقعەی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە، پشێوی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەستکردی دەوڵەتان خۆیانە، خاڵی بەهێز ئەوەیە کە بتوانین ڕاڤە و شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ پرسەکان بکەین. بۆیە پرسی شوناس و ناسنامە ڕۆڵی گرنگ دەگێرن لە ئاسایشی دەوڵەتاندا بە تایبەت کە بتوانرێت وەك خۆیان بخوێنرێنەوە، چونکە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی دەستەبژێری سیاسی بە گشتی لە ژێر کاریگەی فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکاندایە. واتە دەبێت ڕۆڵی چەند فاکتەری وەك ناسنامە، کولتوور، ئایدیاکان، نۆرم و بەهاکان بە هەند وەربگرین لە پرسە ئاساییشییەکاندا. (2)

لە کۆتاییدا ئاماژە بە قوتابخانەی کۆپنهاگن دەکەین (کە لە تەوەرەکانی تردا بە درێژی باس لە ڕەهەندەکانی سیاسی، سەربازی، ئابووری، کومەڵگەیی، ژینگەیی)دەکەین، کە ئێمە سوود لە بنەما تێورییەکانی ئەوان وەردەگرین و دەیانکەینە بنەما لە بەشەکانی دواتری توێژینەوەکەماندا لە ڕوانگەی ڕەهەندەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە باس لە ئالێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەکەین لە دوای ساڵی (2014)ەوە. بە گشتی قوتابخانەی کۆپنهاگن چەمکی ئاسایش تەنها لە ڕەهەندی سەربازیدا نابیننەوە بەڵکو پێیان وایە چەمکی ئاسایش فرە ڕەهەندە وابەستەیە بە چەندین ڕەهەندی ترەوە. هەروەها پێیان وایە لە سایەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و شەپۆلەکانی جیهانگیرییەوە دەوڵەتان تەنها ئەکتەرنین کە بتوانن ئاسایش دابین بکەن، بەڵکو چەندین ئەکتەری تری نادەوڵەتی هەن کە کاریگەریان لەسەر ئاسایش هەیە، هەروەها قوتابخانەی کۆپنهاگن پێیان وایە کە بابەتی ناسنامەی گروپ و پێکهاتەکانی ناو دەوڵەت دەکرێت ببنە بنەمای بەهێزبوونی ئاسایشی وڵات، بەپێچەوانەوە هەرکات ئاسایشی پێکهاتەیەك یان چەند پێکهاتەیەك کەوتە مەترسییەوە ئەوا دوورنییە ئەمە سەر بکێشێت بۆ تێکچوونی ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتە.

دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئاسایش لە لای تەواوی بیرمەندانی ئاسایش و قوتابخانە جیاوازەکان بریتییە لە دووربوون لە ترس و دڵەڕاوکێ و هەستکردن بە ئارامی، هەم بۆ تاکەکان و هەم بۆ کۆمەڵگا و دەوڵەتان، ئاسایش گرێدراوە و پەیوەستە بە تەواوی سێکتەرەکانی تری ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری، هەر پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونێکی ئاسایش واتای پەرەپێدان و بەرەوپێشچوونی ئەو سێکتەرانەش، ئەستەمە بتوانرێت لێکیان جیا بکەینەوە.

---

(1). محمد طاهر عديلة، تطور الحقل النظرى للعلاقات الدولية– دراسة فى المنطلقات والأسس، أطروحة دكتورا غير منشورة، جامعة الحاج لخضر باتنة، كلية الحقوق والعلوم السياسة، قسم العلوم السياسة، الجزائر، 2014–2015، ص102.

(2) . سليم قسوم، الأتجاهات الجديدة فى الدراسات الأمنية: دراسة فى تطور مفهوم الأمن فى العلاقات الدولية، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، 2021، ص89.

**تەوەری دووەم: ناساندنی قوتابخانەی کۆپنهاگن.**

قوتابخانەی کۆپنهاگن بۆ ئاشتی و ئاسایش یەکێکە لە دیارترین قوتابخانەکانی بواری لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پرسی ئاسایش وە ڕەخنەگرتن لە قوتابخانەکانی تر سەبارەت بە ئاسایش، ئەم قوتابخانەیە ڕۆڵێکی دیار و کاریگەری هەبوو لە فراوانکردنی ڕەهەندەکانی ئاسایش و لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بەو پرسە، ئەمەش لەسەر دەستی کۆمەڵێك بیریاری ئەو قوتابخانەیە هاتەدی، بە تایبەت ناسراوترین بیریاری ئەو قوتابخانەیە باری بوزان، هەروەها گرنگیدان بە پرسە ناوخۆییەکان کە ڕۆڵی بالآیان لە ئاسایشی دەوڵەتان هەیە.[(1)]

لە سەرەتادا بیرمەندانی ئەو قوتابخانەیە باسەکەیان لەسەر کۆچ و ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ناسنامە بوو لە ئەوروپا، بڕوایان وابوو کە دڵەڕاوکێیەکانی ئاسایشی ئەوروپا لە ڕووی ئایدولۆژیایی و سیستەمی نەریتی ئەوروپا لە داهاتوودا گرنگی کەمتر دەبێتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەوان چەمك یاخود پرسی ئاسایشی کۆمەڵگاییان (Societal Security) خستە ڕوو.[(2)]

لە ڕاستیدا بەشێکی زۆر لە بیریاران پێیان وایە کە دەستپێکی خوێندنەوەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن بۆ بابەتی ئاسایش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە باری بوزان یەکێك لە دیارترین بیریارانی ئەو قوتابخانە، کاتێك کتێبەکە بەناوبانگەکەی لە ساڵی (1983) لەژێر ناونیشانی (خەڵك، دەوڵەتان و ترس: گرفتی ئاسایشی نەتەوەیی لە پەیوەندییەنێودەوڵەتییەکاندا– People States and Fear :the National Security Problem in Internatioanl Relations)ی بڵاوکردەوە. قوتابخانەی کۆپنهاگن گرنگی و بایەخی سەرەکی لەسەر ئەوەیە کە پێویستە ئاسایش و ئارامی دابین بکرێت بێ توندوتیژی، واتە چەکی، تێدا بەکارنەهێنرێت.[(3)]

بەشی زۆری ئەندامانی ئەو قوتابخانەیە لە (پەیمانگای توێژینەوەی ئاشتی کۆپنهاگن – Copenhagn Peace Research Institute) کاریان کردووە، کە لەلایەن پەرلەمانی دانیمارکەوە لە ساڵی (1985) دامەزراوە، کە ئاماژەیە بۆ چەندین کار و بەرنامەی جۆراوجۆر، یەکێك لەو پەرتووکانەی دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، کاتێك بە هاوبەشی لەلایەن هەر سێ بیرمەندی ئەو قوتابخانەوەیە ( باری بوزان و ئۆلی وەیڤەر و جاپ دی وەیلد) بڵاوکرایەوە بە ناوی ( Security a New Framework For Analaysis)، ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە کە ناوی قوتابخانەی کۆپنهاگن بۆ یەکەمین جار لە لایەن **بیل ماك سوینی– Bill Mc Sweeney** بەکارهات.[(4)]

---

[(1)] . توفيق بوستی، مدرسة كوبنهاغن – نحو توسيع وتعميق مفهوم الأمن، موقع معهد المصری للدراسات، تأريخ الزيارة 2022/2/20، على الرابط التالی: https://eipss-eg.org/مدرسة-كوبنهاغن-ـ-نحو-توسيع-وتعميق-مفهوم-الأمن

[(2)]. د. پەروێز ڕەحیم قادر، ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامە کۆماری ئیسلامی ئێران وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل72.

[(3)] . Barry Buzan ,People State and Fear, Op.Cit, p 3.

[(4)]. دكتورة الفوزية القاسی، أثر خطاب الامننة على تطور الدراسات الأمنية بعد احداث 11–9 اسهامات مدرسة كوبنهاجن، جامعة وهران، مجلة العلوم القانونية و السياسة، المجلد 10، العدد 1، الجزائر، ابريل 2019، ص1498.

یەکێك لە ناسراوترین تایبەتمەندییەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن، لە بەشێکی زۆری ئاراستە و قوتابخانەکانی تر جیای دەکاتەوە، بریتییە لەوەی ئەم قوتابخانەیە بەوە ناسراوە کە تایبەتمەندیەکی (پۆلیمۆرفی– Polymorphic)ی هەیە، واتای ئەوەیە کە بیرمەندانی ئەو قوتابخانەیە لەڕووی باکگراوندەوە کەسانی هەمەجۆرن و سەر بەیەك بیرۆکە نین، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ناسراوترین بیرمەندی ئەو قوتابخانەیە، باری بوزان، بکەین نیورپیالیزمە، لە کاتێکدا بیرمەندێکی وەك ئۆلی وەیڤەر (پۆست پێکهاتەگەرایە– Stractularism Post) کەواتە ئاوێتەیەکە لە نێوان ڕیالیزم و کونسترەکتیڤیزم، بەڵام هەردووکیان توانیویانە هەماهەنگی زۆر باش بکەن، هەروەك ستیڤ سمیت لە باسکردنیاندا دەڵێت "کارەکانی وەیڤەر لەسەر بە ئاسایشکردن و بایەخدانی باری بوزان بۆ هەمان چەمك یەکدەگرێتەوە. هەردوو لایەن لەسەر ئەوە کۆکن لە سیستەمی هاوچەرخی نێودەوڵەتی، بەئاسایشکردن بە شێوەیەکی زۆر ڕوودەدات، بەڵام لە فۆڕمی ڕیالیستیدا".[(1)]

قوتابخانەی کۆپنهاگن بە چەندین بیرمەندی گەورەی بواری ئاسایش ناسراوە، بەڵام لەدیارترین بیرمەندانی ئەو قوتابخانەیە پێکهاتوون لە :

- باری بوزان
- جاپ دی وەیلد Jaap de Wilde.*
- ئۆلی وەیڤەر Ole Waever.*

خوێندنەوەی تایبەت بۆ بابەتی ئاسایش و پرسەکانی پەیوەست بە ئاسایشەوە لە لایەن قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە هەیە، ئەم قوتابخانەیە هەوڵدەدات قوتابخانە کلاسیکییەکانی پێش خۆی تێ بپەڕێنێت، هەوڵی ئەوە دەدات ڕەخنە لەو قوتابخانە کلاسکییانە بگرێت کە تەواوی پرسی ئاسایش گرێدەدەن بە لایەنی سەربازی، سێکتەری سەربازی بووە بە سەنتەر لەو بوارەدا، بوارەکانی تر پشتگوێخراون یان بایەخی تەواوەتیان پێ نەدراوە.[(2)]

---

[(1)]. د.نەجات علی ساڵح، ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، لە بڵاوکراوەکانی خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ماد، هەولێر، 2021، ل 57.

* جاپ دی وێلد: یەکێکی ترە لە دیارترین بیریارەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن، لە دایکبووی (1957/5/17)، هەڵگری ڕەگەزنامەی هۆڵەندییە، پرۆفیسۆرە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، پسپۆری بواری ئاسایش، لە چەندین زانکۆی بەناوبانگی ئەوروپا وانە دەڵێتەوە، خاوەنی چەندین نوسین و توێژینەوەیە سەبارەت بە ئاسایش، بەتایبەت کتێبە بەناوبانگەکەیان لەگەڵ باری بوزان و ئۆلی وەیڤەر (ئاسایش، چوارچێوەیەکی نوێ بۆ شیکاری)، بە یەکێك لە نایابترین شاکارە زانستییەکانی ئەو بیرمەندە دادەنرێت سەبارەت بە پرسی ئاسایش. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: https://playback.fm/person/jaap-de-wilde

* ئۆلی وەیڤەر: یەکێکە لە بیریارەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن، لە دایکبووی (1960/9/17)، پرۆفیسۆرە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، وەیڤەر ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لە فراوانکردن و خستنەڕووی پرسی بە ئاسایشکردن کە یەکێکە لە داهێنانە هەرە ناوازەکانی قوتابخانەی کوپنهاگن لەسەر پرسی ئاسایش، کە دواتر پرسەکە بووە جێی بایەخی لێکۆڵەرانی بواری ئاسایش.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: /https://wikibioall.com/ole-waever-wiki-networth-age

[(2)] . فرهاد جلال مصطفى، الأمن ومستقبل السياسة الدولية، اكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر الاتحاد الوطني الكردستاني، مؤسسة حمدى للطباعة النشر، السليمانية، 2010 ، ص220.

یەکێك لە دیارترین ئەو تایبەتمەندیانەی قوتابخانەی کۆپنهاگن وەك قوتابخانەیەکی گرنگ بۆ خوێندنەوەی پرسی ئاسایش لە قوتابخانەکانی تر جیادەکاتەوە، بریتییە لەو پۆلێنبەندییە جیاوازەی بۆ جۆرەکانی ئاسایشی کردووە، ئەویش ئەوەیە کە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ ئاسایش و جۆرەکانی ئاسایش کردووە جیاواز لەو پۆلێنبەندییە کلاسیکییەی هەبووە، واتە ئاسایش لای ئەوان تەنها لە ئاسایشی سەربازیدا کورت نابێتەوە، بەڵکو جۆرەکانی ئاسایش بەمشێوازە دەخەنە ڕوو[1]:

1- سیاسی.
2- سەربازی.
3- ئابووری.
4- کۆمەڵگەیی.
5- ژینگەیی.

لە دیدی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە دەکرێت چەمکی ئاسایش بەرفراوان و فرەڕەهەند بکرێت، جگە لە بواری سەربازی گرنگی بە بوار و ڕەهەندەکانی تریش بدرێت وەکو پرسێکی ئاسایشی و لیکۆڵینەوە ئاسایشییەکان پرسەکانی تریش بگرێتەوە، بۆ نموونە، پرسەکانی سیاسی، ئابووری، ژینگەیی، مافی مرۆڤ، پەرەپێدان و کۆچ و کۆمەڵگا....هتد. بەم واتایە کە هەڕەشە و مەترسییە ئاسایشییەکان و بەم پێیە بەهۆی دەرکەوتنی ئەکتەرە نا دەوڵەتییەکان و گرنگیپێدان بە کێشەو گرفتە ناوخۆییەکانی وڵاتان، پرسەکانی ئاسایش چیتر تەنها سەربازی و دەرەکی نین، بەڵکو پرسەکانی سەرکوتکاری و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، جیاکاری، نەخۆشی و گۆڕانکاری ژینگەیی و ئاوهەوا و ماددەی هۆشبەر و کەمبوونەوەی سەرچاوەکان، تیرۆریزم بوونە پرس و بابەتی گرنگ و هەستیاری بواری ئاسایشی. هەر بۆیە **دەیڤید باڵدوین– David Baldwin** پێی وایە کە جگە لە هەڕەشە سەربازییەکان، پێویستە گرنگی زیاتر بە پرسە ناوخۆییەکانی وڵاتان وەکو مافەکانی مرۆڤ، ئابووری، ژینگە، بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر، بڵاوبونەوەی نەخۆشی و پەتاکان، تاوان و تاوانکاری، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ....هتد، بدرێت. لەم نێوەندەشدا قوتابخانەی کۆپنهاگن بەهۆی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی فرەڕەهەند و گشتگیر بۆ پرسە ئاسایشییەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکان وەکو، کۆچ، ژینگە، هەڕەشە سایبەرییەکان، شیکردنەوەی ڕەفتاری سیاسی دەرەکی دەوڵەتان، تاوانە سەروو نەتەوەییەکان، گرنگیپێدان بە ڕەهەندە جیاوازەکانی جەنگی دژە تیرۆریزم و مافی کەمینەکان بوّتە جێگای سەرنجی لێکۆڵەرانی بواری ئاسایش.[2]

---

[1]. Barry Buzan, People State and Fear, Op.Cit, p19.

[2] . David A.Baldwin, The Concept Of Security, visit date 19/2/2022: https://tinyurl.com/5n7meec2

تویژەرانی قوتابخانەی کۆپنهاگن کاریگەری گەورەیان لەسەر لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان هەبوو. لەم نێوەندەدا باری بوزان وەك یەکێك لە ناسراوترین بیرمەندانی ئەو قوتابخانەیە کە بەشێکی سەرەکی لە تیۆرەکانی قوتابخانەکەی دارشتووە، پێی وایە دەوڵەتان هەندێك کات دەبنە هەڕەشە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا جا ئەو هەڕەشەیە چی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، لە نمونەی ئەوەش بوونی هەندێ یاسای ناوخۆییە کە دوور نیە ببێتە هەڕەشە لەسەر تاکەکان، لە لایەکی ترەوە بەهۆی ئەوەی دەوڵەت خاوەنی چەندین دامودەزگای سەربازی و ئاسایشییە زۆرجار بەرپرسانی دەوڵەت ئەم هێزە بەکاردێنن بۆ دروستکردنی فشار لەسەر هاوولاتیان. بۆیە باری بوزان پێی وایە بەشێکی زۆر لە ولاتانی جیهان تووشی ئەم دۆخە بوون. هەر ئەمەش نییە، بوزان پێی وایە هەڕەشە تیرۆریستیەکان و پرسی تیرۆر وادەکات بەشێکی زۆر لە ولاتان دەرفەتیان بۆ برەخسێت بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای خۆیان و جۆرێك لە دەست کراوەییان هەبێت، کە ئەمەش زیاتر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەوڵەت پشت بە ڕەوایەتی وەرگرتن لە گەلەوە بۆ دوورخستنەوەی هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر دەوڵەت دەبەستێت. ئەمە سەرباری ئەوەی هەڕەشەیەکی تر سیاسەتی دەرەوەیە کە دوور نییە ولاتان ڕەوایەتی بە کردارەکانی خۆیان بدەن بۆ پاراستنی تاکەکان لە هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی چی بوێت بیکات.[1]

لای تویژەرانی قوتابخانەی کۆپنهاگن ئاسایش واتە مانەوە و بەردەوامی بۆ ژیان، هەموو پرسەکان لای ئەوان بە پرسی ئاسایش هەژمار ناکرێن، بەڵکو پرسێك دەبێتە پرسێکی ئاسایشی کە پێویست بەوە بکات و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەوکاتەدا مەترسی هەبێت، وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، بیرمەندانی ئەو قوتابخانەیە دژی ئەوەن کە هەموو پرسە کۆمەلآیەتییەکان بکرێن بە پرسی ئاسایشی.[2]

قوتابخانەی کۆپنهاگن ئاماژە بەوە دەکات پێویستە سیاسەت وەکخۆی مامەڵە لەگەڵ پرس و پێشهاتەکاندا بکات و چارەسەریان بکات و ئیدارەیان بدات، نەك ئەوەی لە چوارچێوەیەکی ئاسایشی سەیر بکرێن بە ئاسایشی بکرێن، واتە هەوڵ نەدرێت ببرێنە خانەی ئاسایشییەوە. دەبێت هەوڵی ئەوە بدرێت پرسەکان وەك خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێن، واتە پرسێك کە پێوست نییە پرسێکی ئاسایشی بێت پێویست بەوە ناکات بکرێتە پرسێکی ئاسایشی.[3]

ڕاستە بوار و ڕەهەندەکانی ئاسایش فراوان بوون، ئەمەش دەرگا والآدەکات، زۆربەی کات پرسەکان بە پرسی ئاسایشی ببینرێن، هەڕەشەکان زیاتر ببوون، جا چی ئەوەی سەربازی بن یان نا سەربازی، بەڵام بیریارانی قوتابخانەکە ئەوە دەخەنەڕوو بۆئەوەی هەڕەشەیەك وەك هەڕەشەی ئاسایشی سەیر بکرێت پێویستە پێوەر هەبێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو هەڕەشەیە بە واتایەکی ئەم هەڕەشەیە ببێتە هەڕەشە لەسەر ئاسایش و مانەوە و وجودی لایەنە هەڕەشە لێکراوەکە

---

(1) . Barry Buzan, People State and Fear, Op.Cit, p.p24-28

(2). د.عامر المصباح، المنظورات الاستراتيجية فى بناء الأمن، لدار الكتاب الحديث، الجزائر، بلا السنة، ص 28.

(3). نەجات علی، دیموکراسی وەك رەگەزێکی نوێ لە ئاسایشی نەتەوەیی دا لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن، لە بلاوکراوەکانی خانەی موکریان، هەولێر، 2014، ل10.

و ناچاری بکات پەنا بۆ هەموو ڕێگایەکی لەناکاو ببات لە پێناوی پاراستن و بەرگریکردن لەخۆی و بەرپەرچدانەوەی ئەو هەڕەشەیە لە لایەن کەس و ئەکتەری بە ئاسایشکردنەکە(Actor Securitizing).[1]

قوتابخانەی کۆپنهاگن لەمەڕ پرسە ئاسایشییەکان چەندین داهێنانیان کردووە، کە پێشتر ئەو پرسانە بەو شێوە فراوانانەی ئەوان نەخراونەتە ڕوو، یەکێك لەو پرسانەی کە دەکرێت بڵێین زیاتر جێی بایەخ و تێڕامانی بیرمەندانی قوتابخانەکە بوو پرسی بە ئاسایشیکردن بوو، کە بە داهێنانی ناوازەی ئەو قوتابخانە دادەنرێت و بووە جێی بایەخی تەواوی ناوەندە ئاسایشییەکان جیهان و زۆرترین مشتومڕی بەدوای خۆیدا هێنا. بۆیە ئەم پرسە لای بیریارانی ئەو قوتابخانە تیۆریزە کرا.

چەندین بیریاری ئەو قوتابخانە خوێندنەوەیان بۆ ئەو بابەتە کردووە لەوانە جاپ دی وێلد و باری بوزان و ئۆلی وەیڤەر، بەڵام ئۆلی وەیڤەر بە ئەندازیاری سەرەکی ئەو تیۆرە دادەنرێت و ئەو بایەخی زیاتر و تایبەتی بەو پرسە داوە. وتەیەکی دیاری ئۆلی وەیڤەر هەیە دەڵێت: "پرسەکان کاتێك دەبنە پرسی ئاسایشی، کە لەلایەن دەستەبێژەوە ڕادەگەیەنرێن"، واتە بابەتێك نابێتە پرسی ئاسایشی، تاوەکو لەلایەن دەستەبژێری فەرمانڕەواوە ئاشکرا نەکرێت.[2]

مەبەستی سەرەکی بیریارانی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە پرسی بە ئاسایشکردن ئەوەیە چۆن پرسێکی ئاسایی دەکرێتە پرسێکی ئاسایشی، بۆیە لە ڕوانگەی بیرمەندانی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە پرسی بە ئاسایشکردن دەکرێت وا پێناسە بکرێت کە "توندترین شێوەی بەسیاسیکردنە"، واتە بابەتەکان بە سیاسی دەکرێن و پرۆسەیەکە دوور نییە ئامرازی توندوتیژ بەکاربهێنرێت، لەوانەشە بگاتە ڕادەی بەکارهێنانی هێز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەیەك کە ئەو کێشەیە بەردەوامێتی هەڕەشەیە بۆ سەر مانەوەی یەکەیەك، قەوارەیەك، نەتەوەیەك، یان گروپێکی نەژادی، یان ئاینی..هتد. واتە گرتنەبەری ڕێوشوێنی توندوتیژ و ڕاگەیاندنی باری لەناکاو بۆ لەناوبردنی ئەو هەڕەشانەی ڕووبەڕووی دەوڵەت دەبنەوە.[3]

واتە قوتابخانەی کۆپنهاگن پێی وایە کە بابەتی سەرەکی و جەوهەری لە ئاسایشدا مانەوەیە. بۆیە لە پرۆسەی بەئاسایشکردندا سیاسەت دەخرێتەوە سەرەوەی تەواوی ڕێسا و یاسا و سێکتەرەکانی تری ناو وڵات، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، ڕێگایەکی توندی بە سیاسیکردنی بابەتەکەیە.[4]

جەوهەری سەرەکی پرۆسەی بەئاسایشکردن ئەوەیە دوور نییە ئاسایش وەك پرۆسەیەکی زارەکی ببینرێت، واتە مەرج نییە ئەو بەها و بایەخە ڕاستەقینەیەی هەبێت وەك ئەوەی زەنگێك بێت بۆ ئاماژەدان بە شتێکی ڕاستەقینە، واتە مەرج

---

[1]. کامەران محمد عزیز، ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان لەسەردەمی نا دڵنیاییدا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوە و ستراتیجی زانکۆی سەلاحەدین، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2015، ل132.

[2]. Ole waever, securitization theory: international relation, oct 3, 2014, visit date 12/4/2022; https://www.youtube.com/watch?v=wQ07tWOzE_c

[3] م. هاوڕێ حسن حمە، بە ئەمنیکردن چییە و چۆن پرۆسە سیاسییەکان دەگۆڕێن بۆ پرسی ئەمنی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ملمڵانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، 2021، ل4.

[4] . د.أحمد عطوان، الأمن و مستقبل النظام الدولي، مركز البحوث والدراسات الامارات، الامارات العربية، 2012، ص 26.

نییە ئەوەی وەك مەترسی پیشان دەدرێت خۆی لە خۆیدا مەترسی بێت، هەڕەشەکان زۆربەی کات دروست دەکرێن وەك ئەوەی ڕاستەقینە بن. پرۆسەی بە ئاسایشکردن کاتێك دێتەدی یان کاتێك ڕوودەدات هەڕەشەکە مەترسییە وجودییەکە شەرعیەت بدات بە شکاندنی ڕێسا و یاساکان، سەربکێشێت بۆ ڕاگەیاندنی باری نائاسایی، یان بەکارهێنانی هێزی سەربازی.[1]

بەشێوەیەکی گشتی بیریارانی ئەو قوتابخانەیە وای دەبینن، هەوڵی نوخبە واتە دەسەڵاتداران بۆ بەئاسایشکردنی پرسە سیاسییەکان لەسەر دوو ئاست ئەنجام دەدرێن، لە ئاستی یەکەمدا پرسی بەئاسایشکردن زیاتر لە چێوەیەکی بچوکدایە یان سنووردارە، بەڵام لە ئاستی دواتردا واتە ئاستی دووهەمدا فراوان دەبێت و پرۆسەکە زۆرکات گشتگیر دەبێت و لە مەودایەکی بچوك و سنووردار‌دا نامێنێتەوە.[2]

سەرکەوتنی پرۆسەی بە ئاسایشکردن لەسەر ئەوە وەستاوە ئەو لایەنەی بانگەشەی پرۆسەی بە ئاسایشکردنەکە دەکات کە بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی کات دەسەڵاتداران و نوخبەی ناو دەسەڵاتن بانگەشەی پرۆسەی بە ئاسایشکردن دەکەن، ئەمەش وەستاوەتەوە سەر توانای ئەوان و دروستکردنی ئەو هەستە لای جەماوەر بەوەی ئەوان ئەو پرسە وەك پرسێکی ئاسایشی ببینن، واتە دەبێت جەماوەر ئەوە قبوڵ بکات کە پرسێك هەیە بوّتە هەڕەشە لەسەر ئەوان، ئەوکات ئەمە دەبێتە پرسێکی ئاسایشی. واتە سەرکەوتن و شکست هێنان لە سەیرکردنی پرسێك وەستاوەتەوە سەر وەڵامی جەماوەر بەوەی ئەوان چەندە ئەو پرسە وەك پرسێکی ئاسایشی سەیردەکەن. هەر ئەمەش وایکردووە دەسەڵاتداران هەوڵبدەن زۆرترین جەماوەر ڕەوایەتی بدەن بە ئاسایشکردنی ئەو پرسە، ئەمەش بۆ بەکارهێنانی هەر ئامرازێك پێویست بێت چ چاوەڕوانکراوبێت یان چاوەڕوان نەکراو. بەڵام ئەو ڕۆڵی جەماوەرە تا ئەو شوێنەیە پرسەکە سەرکەوتوو یان ناسەرکەوتوو بناسرێت، ئەگەر نا خودی پرۆسەی بە ئاسایشکردن و نائاسایشکردن گوزارشتە لە نوخبەی دەسەڵاتی ناو دەوڵەتان.[3]

باری بوزان و بیریارانی قوتابخانەی کۆپنهاگن ئاسایش دابەش دەکەن بەسەر سێ ئاستی سەرەکیدا، ئاستی یەکەم لە دەوڵەتدا خۆی دەبینێتەوە، بابەتی باڵاو گرنگیش بۆ هەر دەوڵەتێك بریتییە لە سەروەری و سەربەخۆیی ئەو دەوڵەتە، هێز و توانای ئەو دەوڵەتە، واتە سەروەری و هێز دوو گرنگترین بابەتی باڵا و گرنگن سەبارەت بە هەر دەوڵەتێك. کۆمەڵگاکان لە ئاستی دووەم دەبینرێن، کە بابەتی جەوهەری و گرنگ لای ئەوان بابەتی شوناس و ناسنامەیە. لە ئاستی

---

[1] . م. هاوڕێ حسن حمە، بە ئەمنیکردن چییە و چۆن پرۆسە سیاسییەکان دەگۆڕێن بۆ پرسی ئەمنی، سەرچاوەی پێشوو، ل5.

[2] . شوقی مریم، التصور الأمنی لمدرسة کوبنهاجن، موقع الحوار، تأريخ الزيارة، 2022/4/8، على الرابط التالي: https://www.alhewar.org/debat/show.art.asp?aid=396778.

[3] . کامەران محمد عزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل136.

سێهەمدا تاکەکانن لەبەرئەوەی تاك بە سروشتی خۆی جۆرێك لە خۆپەرستی هەیە بۆیە ئەوەی بۆ ئەوان لە پێشینەی هەموو شتێکە بابەتی مانەوە و خۆشگوزەرانییە.[1]

**خشتەی ژمارە (1)**

**داواکارییە ئاسایشییەکان بە پێی خواستی لایەنەکان**

| بۆ تاکەکان | بۆ کۆمەڵگاکان | بۆ دەوڵەتان |
|---|---|---|
| خۆشگوزەرانی | پاراستنی شوناس و ناسنامە | سەربەخۆیی و هێز و مانەوە |

ئامادەکردنی توێژەر.

یەکێکی تر لەو تایبەتمەندیانەی ئەو قوتابخانەیەی پێ دەناسرێتەوە، کە چەمکی ئاسایش ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە، بەر لەوەی بیریارانی ئەو قوتابخانە دیدی خۆیان سەبارەت بە ئاسایش بخەنە ڕوو، سەرنجی زۆربەی قوتابخانەکان و ئاڕاستەکان لەسەر لایەنی سەربازی بوو بۆ چارەسەرکردن و پرسەکانی تایبەت بە ئاسایش، بەلأم بیریارانی ئەو قوتابخانەیە ڕەهەندی جیاوازیان بەکارهێنا. بۆ نمونە بۆ وەلأمدانەوەی ئاڕاستە کلاسیکییەکان، کە ئەم قوتابخانەیە بە نارێکخراو و ناتەواو وێنای کردبوون، دووخاڵ دەخەنە ڕوو: یەکەمیان بریتییە لە "پێشکەشکردنی میتۆدێکی بونیادنەر بۆ یەکخستنی پرەنسیپە کلاسیکییەکان، لە لایەکی تر سەرجەم ئەو بەربەستە دەستکردانە لادەبات کە لە نێوان ئابووری و ئاسایشدا هەیە و پێشنیازی ڕێگای نوێ دەکات بۆ ڕێکخستنی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا، دووەمیان بریتییە لەوەی ئاسایش پێناسەکراوە بەو تێڕوانینەی کە چەند لایەنێك هەڕەشەن وەکو ئەکتەرە نا دەوڵەتییەکان و کارەساتە سروشتییەکان و هەندێك جار بەهۆی هەمەجۆری لە ڕووی نەتەوەیی و ئایینی و بە گشتی جیاوازی ئەو گروپانەی تێیدا دەژین، کۆمەڵگا ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبێتەوە".[2]

باری بوزان چەند سەرنجێکی جیاواز و تایبەتی سەبارەت بە (دەوڵەت و نەتەوە) خستەڕوو، ئاماژەی بەوەدا مەرج نییە دەوڵەت خاوەنی یەك نەتەوە بێت، بۆیە پێی وابوو لێکۆڵینەوە کلاسیکییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کەموکورتیان تێدایە، بەتایبەت دوای ئەو دۆخەی لەدوای جەنگی سارد درووست بوو، چەندین دەوڵەت هەن کە لەنەتەوەی جیاواز پێکهاتوون، زۆرجار بەهۆی زۆری ئەو نەتەوانە لە هەندێ ولأتدا ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت ڕووبەڕووی هەڕەشە بۆتەوە.[3] تەنانەت خستنەڕووی ئەو دیدە لای بیریارانی ئەو قوتابخانە بووە هۆی ئەوەی کە باس لە گرنگی ئاسایشی کۆمەڵگەیی بکەن و داهێنانی تازەی ئاسایشی لەو بوارەدا بکەن.

لەلایەکی ترەوە باری بوزان لە پەڕتوکی (خەڵك، دەوڵەتان و ترس)، ئاماژە بەوە دەدات کە لەلای بەشێك لە قوتابخانەکانی تر یان بیریارانی بواری ئاسایش، بابەتی ئاسایش وەك پرسێکی کلاسیکی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، واتە

---

(1) . Barry Buzan , Waever and Wilde, Op.Cit, pp 32-33

(2). د.نەجات علی، ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست، سەرچاوەی پێشوو، ل58.

(3) . Barry Buzan, People  State and Fear, Op.Cit, p142

زیاتر لە ڕەهەندی سەربازییەوە سەیری کراوە زیاتر وابەستەکراوە بە پرسی سەربازییەوە، هەروەها کە بوزان پێی وایە کە ئەم پرسە زیاتر لکێندراوە بە پێگە و هێزی دەوڵەت بۆ خستنەڕووی قورسایی خۆی لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی. بۆیە بڕوای وایە کە پشتگیری و پاڵشتی لەوەی ئاسایش زیاتر لە ڕەهەندی سەربازییەوە سەیری بکرێت، تێنەگەیشتنی تەواوەتییە لەو پێشهات و گۆڕانکاریانەی لەسەر شانۆی نوێی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ڕوودەدەن. واتە پرسی ئاسایش تەنها لەبواری سەربازیدا کورت هەڵنایەت، بۆیە پرسە سەربازییەکان تاکە تایبەتمەندی ئاسایش نین، بەڵکو مادام دەوڵەت چیدی ژێدەری ڕەهای ئاسایش و سەرچاوەی سەرەکی هەڕەشە نییە، ئەوا پێویستە چەمکی ئاسایش بەسەر پرسی تریشدا جێبەجێ بکرێت. لێرەوە باری بوزان جاڕی فراوانکردنی ڕەهەند و بوارە ئاسایشییەکانی دا.(1)

پرسی دابینکردنی ئاسایش بۆ کێ؟ یەکێکە لەو پرسە جەوهەریانەی کە لەلایەن ناوەند و سەنتەرەکانی بواری توێژینەوەی ئاسایش بایەخی زۆری پێ دەدرێت، بێگومان بۆ بیریارانی قوتابخانەی کۆپنهاگنیش وەك یەکێك لە دیارترین و بەناوبانگترین قوتابخانەکانی بواری ئاسایش جێگای بایەخی تایبەتییە و گرنگی زۆری پێ دەدرێت، واتە بەرچاو ڕوونی بۆ ئەوەی پێویستە ئاسایش بۆ کێ دابین بکرێت و دەستەبەر بکرێت، ئایە ئەم ئاسایشە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگایە، یان ئاسایش تەنها بۆ سیستەمە سیاسییەکان، یان پێویستە ئەو ئاسایشە بۆ نەتەوەکان، یان بۆ دەوڵەت بێت، واتە بۆ هەمووان بێت. وەڵامی هەموو ئەمانە باری بۆزان لە کتێبی (خەڵك، دەوڵەتان و ترس) وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە دەداتەوە و پێی وایە دەبێت ئاسایش بۆ دەوڵەت بێت، تەنانەت دەوڵەتیش سەرچاوەی ئاسایشە واتە لە ڕێگای دەوڵەتەوە ئاسایش دابین دەکرێت.(2)

دواتر لە ساڵی (1998) لە کتێبی (ئاسایش، چوارچێوەیەکی نوێ بۆ شیکاری) لە نووسینی دیارترین بیریارانی قوتابخانەی کۆپنهاگن (باری بۆزان، ئۆلی وەیڤەر و جاپ دی ویڵدی) بە تایبەت باری بوزان باس لە گرنگی کۆمەڵگا دەکات لە پرسی ئاسایشدا، تەنانەت بەوە ناوەستێت بەڵکو کۆمەڵگاش دەکاتە چێوەی ئاسایش و ئاسایشی کۆمەڵگا بە خاڵێکی گرنگ دەزانێت، تەنانەت ئاسایشی کۆمەڵگاکان دەخاتە ئاست و هاوتای ئاسایشی نەتەوەیی، واتە پێی وایە ئەستەمە باس پارێزراوی ئاسایشی نەتەوەیی بکەین ئەگەر ئاسایشی کۆمەڵگاکان پارێزراو نەبێت.(3)

هەروەها بوزان لە لێکۆڵینەوەیەکی تردا لە ژێر ناونیشانی (ئاسایش و ئابووری لە جیهانی سێهەم) لە ساڵی (1998) ئاسایشی ڕژێمەکان بە گرنگتر لە ئاسایشی دەوڵەت دەزانێت، بۆزان بە جەختکردن لەسەر دەوڵەتانی باشوری جیهان کە ئامانج لە سیاسەتەکانی حکومەت تەنیا دەستەبەرکردنی ئاسایشی هاووڵاتییان نییە، بەڵکو گرەنتیکردنی دەسەڵاتی دەستەبژێر لەسەر بنەمای هێز، بەڵام وەیڤەر لە بەرامبەر ئاسایشی دەوڵەت و ڕژێمدا، سەرچاوەبوونی گروپە جیاوازەکان

---

(1). Barry Buzan, People State, Op.Cit, p.p19-20

(2) . ibid p153.

(3) . Barry Buzan, Ole Waever and Jaap de Wilde, Security A New Framework For Analaysis, united kingdom,lynne ienner, 1998, p.183.

لە کۆمەڵگادا و پێویستی بەهێزکردنیان بۆ پارێزگاریکردن لە ناسنامەکانیان و هەروەها یەکگرتوویی و زمان و کولتوور دەکاتە بابەت و سەرچاوەی ئاسایش و بەرگری لەم بیرۆکەیە دەکات.[1]

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەکرێت بنەما هزرییەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن لەمانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە.[2]:

1- چەمکی بە ئاسایشکردن وەك چەمکێکی نێوان زەینی (مەبەست لە پرسی ئاسایشی زەینیی ئەوەیە: بریتییە لەو پەیوەندییەی لە نێوان ئەکتەری ئاسایش و بەرانبەرەکەیدا هەیە، واتە کاتێك ئەکتەری ئاسایشی بیەوێت بابەتێك یان پرسێك بکاتە پرسی ئاسایشی لەوکاتەدا لایەنی بەرانبەر ئەو پرسەی وەك پرسێکی ئاسایشی قبوڵکرد، ئەوا ئەو دیاردەیە بە ئاسایشیکراوە، بەمجۆرە لێرەدا ئاسایش وەك پرسێکی نێوان زەینی ناوزەند دەکرێت).

2- کۆمەڵگا وەك سەرچاوەیەکی ئاسایشی گرنگ سەیری بکرێت، شان بە شانی دەوڵەت.

3- پرسی بە ئاسایشکردن و بە نائاسایشکردنی بابەتە جیاوازەکان.

4- ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامەیی وەك کرۆك و ناوەندی ئاسایش.

5- گرنگیپێدان بە ڕەهەندەکانی تری ئاسایش جگە لە ئاسایشی سەربازی، کەپێشتر پێداگری بەشی هەرەزۆری قوتابخانەکان لەسەر ئاسایشی سەربازی بوو.

ئەوەی پێویستە بگوترێت لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا ئەوەیە، ڕاستە بەراورد بە بەشێك لە قوتابخانە و ئاڕاستەکانی تری بواری ئاسایش قوتابخانەی کۆپنهاگن لە ڕووی تەمەنەوە تەمەنێکی زۆر درێژی نییە، بەڵام خوێندنەوە و داهێنانی تازەیان بۆ بابەتی ئاسایش کردووە، کە بوّتە جێگای بایەخی ناوەند و لێکۆڵەرانی ئەو بوارە، هەروەها ئەوان دیدی تازەیان بۆ ئاسایش خستۆتەڕوو. بانگەوازی ئەوەیان دا نابێت ئاسایش تەنها بە لایەنی سەربازییەوە وابەستە بێت، ڕاستە فاکتەری سەربازی گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، بەڵام هەندێ فاکتەری تر هەن ئەگەر لە بوارە سەربازییەکە بایەخدارتر و کاریگەرتر نەبن، ئەوا کاریگەرییان لە بوارە سەربازییەکە کەمتر نین، و سەرنجی بیرمەندانی ئەو قوتابخانە دەگوترێت ئاوێتەیەکە لە نێوان هەردوو ئاڕاستەی ڕیالیزم و کونستراکتیڤیزم.

---

[1] . نەجات علی، دیموکراسی و ئاسایشی نەتەوەیی، خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چ2، هەولێر، 2014، ل23.

[2] . د.پەروێز ڕەحیم قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل73.

## باسی دووەم: ڕەهەندەکانی ئاسایش و ئاڵێنگارییەکان و بە ئاسایشکردن دیدی قوتابخانەی کۆپنهاگندا

پرسی ئاسایش بە پلەی یەکەم گرێدراوە بە ڕەهەندەکانەوە و کرۆکی پرسە ئاسایشییەکان پێکدەهێنن، چونکە ڕەهەندەکان وابەستەن بەیەکەوە و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر پرسە ئاسایشییەکان هەیە، پرسی بە ئاسایشکردن و ئاسایشی کۆمەڵگەش یەکێکی ترە لە پرسە گرنگەکان لای بیرمەندانی قوتابخانەی کۆپنهاگن.

ئەم باسە دابەشی دوو تەوەری سەرەکی دەکەین، لە تەوەری یەکەم دا تیشك دەخەینە سەر هەر پێنج ڕەهەندەکەی ئاسایش لە دیدی بیریارانی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە، لە تەوەری دووهەمدا باس لە پرۆسەی بە ئاسایشکردن و پرسە بە ئەمنیکراوەکان و ئاسایشی کۆمەڵگەیی و هەرێمی لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە دەکەین .

### تەوەری یەکەم: ڕەهەندەکانی ئاسایش و ئاڵێنگارییەکانی

بەشێکی زۆر لە قوتابخانە و ئاڕاستەکانی تری بواری ئاسایش بەر لە شیکارییەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن و خستنەڕووی دیدی ئەوان لە هەمبەر ڕەهەندەکانی ئاسایش، بایەخی سەرەکی ئەوان زیاتر وابەستەبوو بە سێکتەری سەربازی، بەڵام بیریارانی قوتابخانەی کۆپنهاگن، بە تایبەت باری بوزان، دیدێکی جیاوازیان سەبارەت بە ڕەهەندەکانی ئاسایش خستە ڕوو، کە پێکهاتوون لەم ڕەهەندانە (سیاسی، سەربازی، ئابووری، کۆمەڵگەیی، ژینگەیی).[1] کە لەم باسەدا هەوڵدەدەین هەر یەکێك لەم ڕەهەندانە بەوردی بیخەینە ڕوو:

### یەکەم: ڕەهەندی سیاسی و ئاڵێنگارییەکانی

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە مەبەست لە سێکتەری سیاسی زیاتر دوو لایەنی سەرەکی لە خۆی دەگرێت، لایەنێك پەیوەندی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیان، لایەنێکی تری بریتییە لەو پەیوەندییەی دەوڵەت لەگەڵ وڵاتانی تر، یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەیەتی. لە سێکتەری سیاسی دا زیاتر مەبەست لە ئارامی سیستەمی حوکمڕانی و دامەزراوەکانی دەوڵەت و شەرعییەت و شەرعییەتی ئایدولۆجیای حوکمڕانە.[2]

---

ئاڵێنگاری: بنەڕەتی وشەکە لە زمانی کوردیدا زیاتر لە شێوە زاری هەورامی بەکارهاتووە بە واتای ڕووبەڕوو بوونەوە یان دەستە و یەخە، لە زمانی عەرەبیدا وشەی ( التحدی) بەکارهاتووە بە مەیدانبازی یان مبارزة بەکارهاتووە، لە زمانی ئینگلیزیدا Challenge بەکارهاتووە، بە واتای یەکخستنی هەموو توانا فیزیکی و هەوڵەکان بۆ سەرکەوتن بەسەر گرفتەکاندا. بەڵام مەبەستی سەرەکی ئێمە جیاوازە لە هەڕەشە یان مەترسی، چونکە ئاڵێنگاری ئاستێکی ترسناکترە لە هەڕەشە و مەترسی، جیاوازیشییان ئەوەیە کێشە زیاتر ڕەهەندێکی ناوخۆیی هەیە، بەڵام ئاڵێنگاری هەموو توانا و هێز دەخرێتە گەر بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم لینکانەی خوارەوە:

https://tinyurl.com/ftsfbm8s
https://www.collinsdictionary.com/dictionary/english/challenge
https://tinyurl.com/4794tyxh
https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/challenge

[1]. Barry Buzan, People State and Fear, Op.Cit, p.19.

[2] . مدرسة كوبنهاجن فی الدراسات الامنية، موقع الموسوعة السياسية، تأريخ الزيارة 2022/2/22: على الرابط التالي:
https://political-encyclopedia.org/dictionary/مدرسه%20كوبنهاغن%20فی%20تفسیر%20الدراسات%20الآمنیه

باری بوزان پێیوایە بەردەوام هەڕەشە و مەترسییە سیاسییەکان بۆ سەردەوڵەت جێگای نیگەرانی و مەترسی زۆرن، بەڵام بوزان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دەستنیشانکردن و ناسینەوەیان، بە بەراورد لەگەڵ هەڕەشە و مەترسییە سەربازییەکان، کارێکی زۆر ئەستەم و گرانە. بەو پێیەی کە خودی دەوڵەت وەکو کیان و دامەزراوەیەکی سیاسی (Political Entity) وایە، هەڕەشە سیاسییەکان بە ئامانجی لاوازکردنی ئەو کیانە، وەکو هەڕەشەی سەربازی مەترسیدارن. ئەم هەڕەشانەش دەتوانین لە ڕێگە یاخود بەشێوەی ڕکابەرایەتی ئایدولۆژییەکان، یاخود هەڕەشە لە خودی نەتەوە بن. لەم نێوەندەدا پێویستە جیاوازی لە نێوان ئەو هەڕەشە سیاسیانەی کە بەمەبەست و بە ئامانجن لەگەڵ ئەو هەرەشە سیاسییانەی کە بەهۆی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی جێگرەوەکان (Alternatives)ی سیستەمی سیاسی کاریگەری لەسەر ڕەوایەتی سیستەم دەبێت، بکەین.[1]

لەڕاستیدا بیرمەندانی قوتابخانەکە پێیان وایە ئەو مامەڵەیەی کە سیستەمی سیاسی واتە دەستەبژێری حوکمران دەیگرنە بەر بەرانبەر بە کۆمەڵگا کاریگەری لەسەر ئاسایشی ئەو وڵاتە هەیە. چونکە هەوڵدان بۆ سەپاندنی ئایدۆلۆژیایەك بە زەبری هێز لەسەر تاکەکان ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی نائارامی یان ڕوونتر دۆخێکی نائاسایشی دەسازێنێت. باری بوزان پێی وایە بابەتی ڕەوایەتی بۆ سیستەمە سیاسییەکان زۆر گرنگە، چونکە ناڕەوایەتی سیستەمی سیاسی، دەبێتە هۆی تێکدانی دۆخی ئارامی لەوڵاتدا. تەنانەت بەشێوەیەکی فراوانتر باس لەوەدەکات کە گرتنەبەری سیاسەتی توندوتیژی لە ناوخۆی وڵاتدا لەلایەن سیستەمە سیاسییەکان، لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش وڵات تووشی قەیران دەکات، کە وادەکات دەوڵەتانی تر لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی ئاسایشیان بکەوێتە مەترسییەوە. پێی وایە ئەو دەوڵەتانەی کە دەبنە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ناوخۆ، هەرێمی، نێودەوڵەتی بە دەوڵەتی لاواز ناسراون و کە ئەمەش دەرئەنجامی نەبوونی ڕەوایەتییە لە ناوخۆ و دەرەوە.[2]

واتە زۆر گرنگە لەم سێکتەرەدا لەسەر ئاستی ناوخۆ گرەنتی ئاسایشی ناوخۆیی وڵات بکات، هەروەها ڕێز لەو ئاڕاستە سیاسییانە بگرێت کە پێچەوانەی سیستەمی سیاسی وڵاتن و هەوڵبدات بۆ پاراستنی یەکڕیزی نیشتیمانی لە وڵاتدا، لەسەر ئاستی دەرەکیش توانای خۆ گونجاندنی لەگەڵ ژینگەی نێودەڵەتی هەبێت و نەچێتە ژێرباری فشارەکان و پارێزگاری لە هەڵوێستەکانی خۆی بکات و بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی وڵات هەوڵبدات.[3]

یەکێکی تر لەو کێشانەی لەم سێکتەرەدا باسی لێوەدەکرێت کێشەی سنووری وڵاتانە، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئاسایشی سیاسی ئەو وڵاتە هەیە، لەم نێوەندەشدا باس لە کێشەی سنووری وڵاتانی ئەفریقا و بەشێك لە وڵاتانی

---

[1]. Barry Buzan, Concept Security, march 24-2010, visit date 11/3/2022: https://www.youtube.com/watch?v=dqdzRjSlz34

[2] . Barry Buzan, People State and Fear, Op.Cit, pp.19-22

[3] .د.توفيق بوستى، مدرسة كوبنهاغن نحو توسيع وتعميق مفهوم الأمن، المعهد المصرى للدراسات، دراسات ستراتيجية، 22ی مارس2019، ص6.

ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دەکەن کە بەهۆی دیاردەی داگیرکارییەوە ڕوویانداوە لە رابردوو کە زۆرجار کێشەی بۆ ئاسایشی ئەو وڵاتانە دروست کردووە.[1]

بوزان و بیرمەندانی ئەو قوتابخانەپێیان وایە ئەم سێکتەرە گرنگی و بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە تەواوی سێکتەرەکانی تریش گرێدراوی ئەم سێکتەرەن و لەلایەن ئەم سێکتەرەوە پلان و بەرنامەیان بۆ دادەنرێت، چونکە ئەگەر سەیر بکەین کاتێك هەر هەڕەشە و مەترسیەك بۆ سەر سیستەمی سیاسی دروست بێت بێگومان ئەمە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر سێکتەرەکانی تریش دەبێت.

باری بوزان پێیوایە ئاسایشی سیاسی بۆ سەقامگیری رێکخراوەکان، دەوڵەتان و سیستەمی دەسەلاّتداریەتییەتی و ئایدولۆژیا ڕەوایەتیپێدەرەکانی دەوڵەت دەگەڕێتەوە. بۆیە هەڕەشە سیاسییەکان سەقامگیری ڕێکخراوەیی و دامەزراوەیی دەوڵەت دەکەنە ئامانج. ئەم هەڕەشانە لە پرسی جیابوونەوە تاوەکو ڕووخانی دەوڵەت و گوشار خستنە سەر دەوڵەت دەگرێتەوە. لوتکەی هەڕەشە سیاسییەکان هەڕەشە بۆ سەر هزر و ئایدیای دەوڵەت، بە تایبەت ناسنامەی نەتەوەیی و ئایدۆلۆژیای دەوڵەت و حوکمرانی دەگرێتەوە. ئەم هەڕەشانە لەوانەیە ڕوبەڕووی پێکهاتەی حکومەت (ئایدۆلۆژیای ڕەوایەتیپێدەر) یەکپارچەیی خاك (جیابوونەوە)، یاخود مانەوە و بوونی ئەو دەوڵەتە( هەڵوەشانەوە) بگاتە لوتکەی هەڕەشە و مەترسی.[2]

کەواتە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین هەڕەشەکانی سەر  ئاسایشی سیاسی لەمانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:[3]

1- هەڕەشە نێودەوڵەتییەکان بۆ سەر دەوڵەتە لاوازەکان کە لەسەر بنەمای دابەشبوونی نەتەوەیی دروست بوون، چونکە بەگشتی دەوڵەتان لەسەر بنەمای یەك نەتەوە دروست نەبوون، بۆیە زۆرجار خەون و خولیای جیابوونەوە لەناو ئەو دەوڵەتانە دروست دەبێت، چ بە فشاری ناوخۆیی بێت یان دەرەکی.

2- زۆر جار ئایدۆلۆجیای فەرمی دەوڵەت، لەلایەن دەوڵەتانی زلهێزەوە دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە و پەسەند ناکرێت.

3- هەڕەشە بونیادییەکان لەسەر دەوڵەت لەسەر بنەمای سیاسی و ئایدۆلۆجی، واتە سیستەمی سیاسیی دەوڵەت لەلایەن دەوڵەتێکەوە دژایەتی ناکرێت، بەڵکو لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە دژایەتی دەکرێت، وەك ئەوەی دژ بە ئەفریقای باشور لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستی لەو وڵاتە کرا.

---

[1] . صخري محمد، التطور الأمني لمدرسة كوبنهاجن، موقع الموسوعة الجزائرية للدرايات السياسية الأستراتيجية، تأريخ الزيارة 2022/2/26، على الرابط  التالي: https://www.politics-dz.com/ar/التصور-الأمني-لمدرسة-كوبنهاجن/

[2]. وەرگیراوە لە : پەروێز رحیم قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل73.

[3]. هاوڕێ حسن حمە، قوتابخانەی کۆپنهاگن و سێکتەرەکانی ئاسایش: فراوانکردنی چەمکی ئاسایش، لە بلاّوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، 2021، ل5.

**بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ئاڵێنگارییە سیاسییەکان لەمانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:**

1- هەڕەشە و مەترسی لەسەر شەرعیەت (ڕەوایەت)ی سیستەمی سیاسی لە ئاستی ناوخۆیی لە هەمبەر هاونیشتیمانیان و پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە.

2- لەسەرئاستی دەرەکیش مەترسی و هەڕەشە لە سەربەخۆیی سیاسی دەوڵەت لەنێو ئەو ژینگە هەرێمی و نێودەوڵەتییە.

**دووەم: ڕەهەندی سەربازی و ئاڵێنگارییەکانی**

بەدرێژایی مێژوو لایەنی سەربازی گرنگی و بایەخی تایبەتی هەبووە، تەنانەت زۆرکات ڕۆڵی سەرەکی لە یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان بینیوە، هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی لایەنی سەربازی پیشەیەکی مێژوویی قوڵی هەیە. لە کۆندا بۆ ئیمپراتۆریەت و دەوڵەتە شارەکان و تەنانەت هۆز و تیرەکان بایەخی زۆریان هەبووە، لەدوای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییشەوە ئەم بابەتە زیاتر بوّتە جێگای بایەخی دەوڵەتان، ئەمەش زۆر بە ڕوونی لە جەنگە گەورە جیهانیەکاندا هەستی پێکراوە، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد ئەم قۆناغە پێی نایە ئاستێکی باڵاترەوە، بەجۆرێك ئێستا دەوڵەتان بەشێکی زۆری تەکنەلۆجیایان خستۆتە ناو بواری سەربازییەوە و ساڵانە بودجەیەکی زۆری وڵات بۆ لایەنی سەربازی تەرخان دەکرێت. ئەگەر بە نمونەیەك ئەمە باشتر بخەینە ڕوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك یەکێکە لە دەوڵەتە گەورەکانی جیهان لە تەکنەلۆجیای سەربازییەوە، لە ساڵی (2021) بودجەی وەزارەتی بەرگری (703) ملیار دۆلار بووە، لە ساڵی (2022) سەرۆك بۆ کۆی گشتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا 752.9 ملیار دۆلاری تەرخانکردووە، لەمەش بڕی (715) ملیار دۆلار لە بودجەی گشتی تەنها بۆ وەزارەتی بەرگری تەرخانکراوە کە لە بودجەی چەندین وەزارەتی خزمەتگوزاری زیاترە بووە، لە کاتێکدا بە هەر پێنج وەزارەتەکانی وەك (داد، وزە، ئاسایشی ناوخۆ، دەرەوە، کشتوکاڵ) کەمتر لە نیوەی وەزارەتی بەرگرییان بۆ تەرخانکراوە، چونکە بە هەر پێنج وەزارەتەکە بڕی (300) ملیار دۆلاریان بۆ تەرخانکراوە. بۆ ساڵی (2023) بودجەی وەزارەتی بەرگری بەرزبۆتەوە بۆ (797) ملیار دۆلار. واتە ئەم ڕێژەیە ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر دەکات.[1]

بیریارانی ئەم قوتابخانەیە پێیان وایە دوو ئاستی گرنگ لە سێکتەری سەربازیدا هەن، یەکەم لەسەر ئاستی پارێزگاریکردن لە ئاسایش و ئارامی وڵات، لەلایەکی تر توانای سەبازی وڵات لە هێرشبردنە سەر نەیارانی ئەو وڵاتە و ئەوانەی بۆ ئاسایشی ئەو وڵاتە هەڕەشەن .[2]

---

[1] . The Department of Defense Releases the President's Fiscal Year 2022 Defense Budget, visit date, 14/3/2022: https://2u.pw/2jsvA

[2]. اليامين بن سعدون، الحوارات الأمنية فى المتوسط الغربى بعد نهاية الحرب الباردة دراسة حالة مجموعة 5+5، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة حاج لخضر باتنة، كلية الحقوق و العلوم السياسية، 2011–2012، ص28، تأريخ الزيارة 2022/3/15، على الرابط التالى:
---------http://theses.univ-batna.dz/index.php/theses-en-ligne/doc_details/2530

لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە، پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت دوو گۆڕاوی سەرەکی لە سێکتەری سەربازیدا دەتوانن هەڕەشەی گەورە لەسەر ئاسایشی دەوڵەت دروست بکەن: گۆڕاوی یەکەم، گۆڕاوی سیستەمی هەرێمییە، لێرەدا هەڕەشەی سەرەکی بۆ سەر دەوڵەت لە وڵاتانی دراوسێیەوە سەرچاوە دەگرێت. لەمەش زیاتر، دەوڵەت زۆر کاریگەرە بە گۆڕاوە ئاسایشییەکانی هەرێمەکەی خۆی بەراورد بە گۆڕاوە ئاسایشییە جیهانییەکان، کە ئەمەش پەیوەندی بە نزیکی جوگرافییەوە هەیە. گۆڕاوی دووەم دەوڵەت کاریگەرە بە گۆڕاوە ناوخۆییەکان، زۆرجار دەوڵەت لە ناوەوە ڕوبەڕووی ئاڵێنگاری و هەڕەشەی سەربازی دەبێتەوە.[1]

لە ڕوانگەی باری بوزانەوە گرتنەبەری ڕێگاچارەی سەربازی بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان دەبێتە هەڕەشەیەکی مەترسیدار بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی تاك و کۆمەڵگا، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ لاوازکردنی تەواوی سێکتەرەکانی دەوڵەت بە تایبەتتر سێکتەری سەربازی لاواز دەکات. چونکە لە کاتی جەنگ و پێکدادانە سەربازییەکان بەشی زۆری سەرچاوە ماددی و مرۆییەکانی دەوڵەت دەخرێنە خزمەت ئەو بوارەوە، هەر ئەمەش بوّتە هۆی ئەوەی لایەنی سەربازی زۆرکات ئاڵۆز و تەمومژاوی بێت، چونکە ڕوون نییە ئایا دەوڵەت لە بارودۆخی هێرشبردندایە یان بەرگریکردن.[2]

لەم سێکتەرەدا نوێنەرانی دەوڵەت، کە خۆی لە (سەرۆکی دەوڵەت و وەزیرەکان و ئەفسەرانی باڵای سەربازیدا) دەبینێتەوە، کارەکتەری سەرەکین لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پێشهاتە سەربازییانەی ڕوودەدەن، وەك دیاریکردنی هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی وڵات و سەرچاوەی ئەو هەڕەشانە و ڕێکخستن و ئیدارەدانی بواری سەربازی، هەروەها برەودان و بەرەوپێشبردنی ئەو بوارە لە ڕووی پیشەسازی سەربازی و دروستکردنی کۆمپانیا ئەمنییەکان و ئاستەکانی تری بواری سەربازی.[3]

باری بوزان کە زۆرترین سەرنجی خۆی لەسەر ڕەهەندی سەربازی خستوّتە ڕوو، پێی وایە ئەو وڵاتانەی کە لە ئێستادا پێشەنگن لە بواری پیشەسازیدا و لەم ئاستەدا گەیشتوون بە ئاستێکی باڵا، توانیویانە ئەم پێشەنگییە لەبواری پیشەسازی بە ئاڕاستەی دروستکردنی چەکی پێشەکەوتوو و وێرانکەر بەکاربێنن، بەجۆرێك سیستەمی سەربازی خۆیان بە ئاستێکی باڵا پێشبخەن.[4]

لە ڕوانگەی بوزان و بیریارانی ئەم قوتابخانەیە، ڕەهەندی سەربازی پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ زۆربەی ڕەهەندەکانی تردا هەیە بە تایبەت لەگەڵ ڕەهەندی سیاسی پەیوەندیەکی بەهێزیان پێکەوە هەیە، چونکە جۆری ئەو سیستەمە

---

[1]. هاوڕێ حسن حمە، قوتابخانەی کۆپنهاگن و سێکتەرەکانی ئاسایش: فراوانکردنی چەمکی ئاسایش، سەرچاوەی پێشوو، ل2.

[2] . Barry Buzan ,Oli Waever and Jap Dewilde, Op.Cit, pp 50-51

[3]. خديجة خضراوى، التحول الأنطولوجى فى مفهوم الأمن دراسة فى اسهامات مدرسة كوبنهاكن، رسالة ماجستر غير منشورة، جامعة محمد بوقرة–بومرداس، قسم العلوم السياسية والعلاقات الدولية، الجزائر، 2015–2016، ص، ، تأريخ الزيارة 2022/3/13، على الرابط التالى: https://tinyurl.com/3d5kmd6r

[4] . Barry Buzan: The Role of the Military in a Post-Western Global Order, feb 12, 2019, visit date 18/3/2022 : https://www.youtube.com/watch?v=xZBcIwT31NM

سیاسیەی لەو وڵاتەدا هەیە ڕۆڵێکی گەورەی لە دیاریکردنی ڕۆڵی دامەزراوەی سەربازی و هێزی سەربازی لە وڵاتدا هەیە، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵات و ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتە، لە بەرامبەر تەواوی ئەو هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکیانەی ڕووبەڕووی ئەو وڵاتە دەبنەوە، لە ئێستاشدا هەڕەشەکان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵات تەنها هەڕەشەی سەربازی نین، بەڵکو هەڕەشەکان جۆراوجۆرن، بەڵام هێشتا هێز و توانای وڵات لە ڕووی سەربازییەوە ڕۆڵێکی گرنگی لە پاراستنی ئاسایشی وڵاتدا هەیە، بە تایبەت لە ئاستی ژینگەی نێودەوڵەتی.(1)

لە سێکتەری سەربازیدا دەوڵەت تاکە یەکەی ئاسایشی نییە، بەڵام هێشتا یەکەیەکی گرنگە. هەروەها دەستەبژێری سیاسی دەوڵەت گرنگترین ئەکتەری بە ئاسایشکردنە، بڕیاردەری سەرەکییە لە بواری ئاسایشدا لە ڕووی دەستنیشانکردن و بڕیاردان لەسەر هەڕەشەکانی سەر دەوڵەت، بەڵام دیسانەوە دەستەبژێری سیاسیش تاکە بڕیاردەر نین. دەوڵەت دەبێت هێزی هەبێت، تابتوانێت بەرگری لەخۆی بکات لەبەرامبەر هەڕەشە دەرەکییەکان، ئەو هەڕەشانەی کە سەروەری دەوڵەت و خاکی دەوڵەت دەکەنە ئامانج، بەڵام هەمووکات دەوڵەت لە ڕێگای پرۆسەی بە ئەمنیکردنەوە مامەڵە لەگەڵ کێشەی خاکدا ناکات، هەندێك کات ناکۆکییەکان لەسەر خاك لە ڕێگای دانوستانەوە چارەسەر دەکرێن. دەوڵەت دەبێت هێز و توانای هەبێت، تا بتوانێت ئاسایش و سەقامگیری لەسەر ئاستی نیشتیمانی دابین بکات، ڕێگە نەدات کێبرکێکاری لەناوخۆدا بۆ دروست ببێت، لەوانەش دەوڵەت دەبێت هێزی ئەوەی هەبێت ڕێگە لە ناسەقامگیری و شۆڕش و تیرۆر بگرێت.(2)

باری بوزان پێی وایە ئەوەی دەبێتە مایەی نیگەرانی قوڵ و هەڕەشەی جدی و دروستکردنی گوشار لەسەر دەوڵەت، بریتین لە هەموو ئەو هەڕەشە سەربازییانەی ڕووبەڕووی دەوڵەت دەبنەوە و ئاسایشی وڵات دەخەنە مەترسییەوە، ئەم مەترسییە سەربازیانەش تەنها پەیوەست نین بە یەك لایەنی دیاریکراوەوە بەڵکو هەموو سێکتەرەکانی تری دەوڵەت تووشی کێشەی قوڵ دەبنەوە بە تایبەت هەوڵەکانی دەوڵەت بۆ پاراستنی هاووڵاتییەکانی کە یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکانی دەوڵەت، ئەمە سەرباری دروستکردنی کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاستی بەرژەوەندییەکانی تاك و کۆمەڵایەتیش دادەنێت.(3)

**کەواتە گرنگترین ئەو ئاڵینگارییانەی کە ڕووبەڕووی دەوڵەتان دەبنەوە لە پرسی سەربازیدا بریتین لەمانەی خوارەوە:**

أ- سەرهەڵدانی پشێوی ناوخۆیی و جیابونەوە و گروپە تیرۆریستییەکان.

ب- هەڕەشە و هێرشەکان کە دەکرێتە سەری.

---

(1). عزيز نوری، الخطاب الأمنی تجاه الأسلام السياسی فی منطقة المتوسط بعد أحداث 11 سبتمبر 2001، أطروحة دكتوراه، جامعة باتنة، قسم العلوم السياسة و العلاقات الدولية، الجزائر، 2018–2019، ص63.

(2). هاوڕێ حسن حمه، قوتابخانەی کۆپنهاگن و سێکتەرەکانی ئاسایش: فراوانکردنی چەمکی ئاسایش، سەرچاوەی پێشوو، ل3.

(3). د.صالح عمر عيسی و د.پەروێز رحيم قادر، پرسەکانی ئاسایشی سەربازی و سیاسی هەرێمی کوردستان–عێراق لە ڕوانگەی باری بوزان لەدوای 2017، گۆڤاری قەڵای زانست، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، ژمارە 2، بەرگی 6، هاوینی 2021، ل 352.

ت- دۆخی گۆڕاوە هەرێمییەکان، چونکە بەشێکی زۆری هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی ولاّتان لە ولاّتانی دراوسێوە سەرچاوە دەگرن.

**سێهەم: ڕەهەندی ئابووری و ئالّێنگارییەکانی**

سێکتەری ئابووریش یەکێکە لە ڕەهەندەکان کە جێگای بایەخی تایبەتی ئەوانە لە لیکۆڵینەوەکانیان لە بواری ئاسایشدا. بۆیە بیریارانی ئەو قوتابخانە پێیان وایە زۆر گرنگە کە دەوڵەت لە ڕەهەندی ئابووری دا بیر لە خۆشگوزەرانی هاولاّتییانی بکاتەوە، بەجۆرێك سیستەمێکی ئابووری بەهێز بنیاد بنێت لە هەموو ڕوویەکەوە و هەولّبدات هەژاری لەولاّتدا بگەیەنێتە کەمترین ئاست.(1)

باری بوزان پێیوایە کە نیگەرانییەکانی ئاسایشی ئابووری، بریتین لە دەستڕاگەیشتن بەسەرچاوەکان، دارایی و بازاڕەکانی پێویست بۆ بەردەوامبوونی ئاستی قبوڵکراوی خۆشگوزەرانی و دەسەلاّتی دەولّەت.(2)

بە بۆچوونی باری بوزان دیاریکردنی یەکەی ئاسایشی لە سێکتەری ئابووریدا کارێکی ئاسان نییە، بەلاّم سەرباری ئەوەش دەولّەت یەکەی سەرەکییە و توانای هەیە ئەوە ڕابگەیەنێت هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر سێکتەری ئابووری چین و دۆخی ئابووری لە چ ئاستێکدایە، هەرچەندە لە سێکتەرەکانی سەربازی و سیاسیدا زیاتر ڕەگو ڕیشەی دەولّەت دەبینرێت، بەلاّم ئەوە واتای ئەوە نییە سێکتەری ئابووری یەکەی ئاسایشی نییە بەلّکو سێکتەری ئابووریش چەندین یەکەی ئاسایشی تێدایە لە تاکەکانەوە دەست پێدەکات، تا دەگاتە چینە کۆمەلاّیەتییەکان و کۆمپانیاکان. دیاریکردنی هەڕەشە وجودییەکان لەسەر یەکەکانی ئاسایش، پشت بەوە دەبەستێت کە ئێمە باس لە کام یەکەی ئاسایش دەکەین لە سێکتەری ئابووریدا.(3)

ئاسایشی ئابووری بە شێوەیەکی گشتی دابەشکراوە بەسەر دوو ئاستدا، ئاستی یەکەم پەیوەندی بە بەهێزکردنی بنەماکانی ئابووری نەتەوەیی هەیە، ئاستی دووەم پەیوەندی بە سەربەخۆیی ئابووری هەیە، بۆ ئەوەی ئەو ئابوورییە لە ژێر کاریگەری ولاّتانی تردا نەبێت، واتە ئابوورییەکە سەربەخۆ بێت، نەبێتە پاشکۆی هیچ ولاّتێکی تر، هەرچەندە ئەمە لە سەردەمی ئێستادا ڕێژەییە چونکە لە سەردەمی ئێستادا بەهۆی گۆڕانکارییەکان و پێشکەوتنەکان، پەیوەندی دەولّەتان لەڕووی بازرگانی، تەکنەلۆجیا، دیموکراسی، بە تایبەت ئەگەر لە دەولّەتەکە لە ناوخۆیی خۆیدا خاوەن ستراتیژێکی بەهێزی ئابووری نەبێت، ئەوا زیان بە ئاسایشی دەولّەت دەگەیەنێت، بۆیە پەرەپێدان و بەهێزکردنی لایەنی ئابووری دەچێتە خانەی خزمەتکردن بە بواری ئاسایشی نەتەوەیی.(4)

---

(1). صفية نزاری، الأمن الثقافی لمنطقة المغرب العربی فی ظل تنامی العولمة دراسة مقارنة لحالات الجزائر تونس–المغرب، رسالة ماجستر غير منشور، جامعة الحاج لخضر باتنة، الجزائر، 2010–2011، ص46، تأريخ الزيارة 2022/3/17، على الرابط التالی: https://tinyurl.com/4jb5mcdu

(2) . Barry Buzan, people State and Fear,Op.Cit , p.19

(3). هاوڕێ حسن حمە، قوتابخانەی کۆپنهاگن و سێکتەرەکانی ئاسایش: فراوانکردنی چەمکی ئاسایش، سەرچاوەی پێشوو، ل3.

(4). د.نەجات علی حسن، ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست، سەرچاوەی پێشوو، ل64.

بۆیە دەوڵەتان کاتێك پایەکانی ئابووری وڵاتەکە بەهێز دەکەن ئەوا ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەیان بەهێز دەکەن، بۆیە یەکێك لە پایە هەرە گرنگەکانی ئاسایش و ئاسایشی نەتەوەیی هەر دەوڵەتێك بریتییە لەوەی وڵاتەکە ئابووریەکی بەهێز و پتەوی هەبێت، خاوەنی ژێرخانی ئابووری بەهێز بێت.

بۆیە باری بوزان پێی وایە کە پێویستە وڵاتان بۆ پاراستنی ئاسایشی ئابووری خۆیان ئەم ڕێگایانە بگرنە بەر:[1]

1- پاراستنی هاوسەنگی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی تردا، هەروەها برەودان و بوژاندنەوەی تەواوی سێکتەرەکانی بواری ئابووری نەك پشت بەستن بە یەکێکیان.

2- لەسەردەمی ئێستادا کە کرانەوەی جیهانە بەڕووی یەکتردا، باڵادەستی بەشێك لە کۆمپانیا گەورەکانی جیهانە، گرنگە دەوڵەتان پارێزگاری لە توانای بەرهەمهێنانی خۆیان بکەن.

3- هەوڵدان بۆ دووربوون لە قەیرانە ئابوورییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.

4- کێبرکێ لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی ئابووری، و ئامادەیی تەواو لە بازاڕی جیهانی و بەهێزکردنی بۆرسەی ئابووری ئەو وڵاتە لە بۆرسەی جیهانیدا.

کەواتە لە کۆتایی سێکتەری ئابووریدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین، کە کرۆکی ئەو بابەتە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکرێتەوە.[2]:

أ- توانای دەوڵەتان بۆ پاراستنی توانای سەربەخۆیی خۆیان و بەرهەمهێنان لە ئابووری جیهانیدا.

ب- ئەگەری ئەوەی پاشکۆیەتی ئابووری بۆ مەبەستی سیاسی بقۆزێتەوە.

ت- ترسی ئەوەی ئابووری جیهانی هەژاری زیاتر دروست بکات ئەمەش ببێتە هۆی دروستبوونی نا یەکسانی زیاتر.

پ- ترس لە ڕەهەندە تاریکەکانی سەرمایەداری و سیستەمێکی بازرگانی کراوە لە ڕووی بازرگانی نایاساییەوە بە تایبەتی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەرەوە.

ج- ترس لەوەی ئابووری نێودەوڵەتی خۆی تووشی قەیران بێت بەهۆی پارێزگاریکردن لە ئابووری نیشتیمانی لەڕێگەی بەربەست دانان لەبەردەم بازرگانی ئازاددا.

**چوارەم: ڕەهەندی کۆمەڵگەیی (ناسنامەیی) و ئاڵێنگارییەکانی**

ئاسایشی کۆمەڵگەیی لەگەڵ ئاسایشی سیاسی نزیکن لەیەکەوە، ئەمەش وایکردووە جیاکردنەوەی نێوانیان لەوانەیە کارێکی ئاسان نەبێت، بەڵام هەرچی پەیوەستە بە ئاسایشی کۆمەڵگەیی زیاتر گرێدراوی ئەو پرس و هەڕەشانەیە کە تایبەتن بە پرسی ناسنامە(Identity) یاخود هاوسەنگی و ناهاوسەنگی نێوان ناسنامەکان کە لەوانەیە لە هەر کۆمەڵگە

---

[1]. جويدة حمزاوى، التصور الأمنى الاوروبى: نحو بنية أمنية شاملة وهويه أستراتيجية فى المتوسط، رسالة ماجستر غير منشورة، جامعة الحاج لخضر باتنة، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم العلوم السياسية، الجزائر، 2010–2011، ص52، تأريخ الزيارة 2022/3/14، على الرابط التالى: http://theses.univ-batna.dz/index.php/theses-en-ligne/doc_details/2011

[2]. Barry Buzan , Waever and Wilde, Op.Cit, p. 98

و دەوڵەتێکدا بوونی هەبێت. دەوڵەتانی لاواز بەشێوازی جۆراوجۆر و گرتنەبەری چەندین ڕێگای جیاواز ڕووبەڕووی جیاوازیە کولتووری و ناسنامەییەکان دەبنەوە.

"بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەکو ئەفغانستان بەهۆی جیاوازییە کولتووری و ئایدۆلۆژیایی و ئەتنیکییەکانەوە سنوورە ناسنامەییەکان، یان سنورە خێڵەکییەکان، دەستنیشان دەکەن کە لەگەڵ سنوورەکانی دەوڵەت هاوتەریب نین. ئەم پرس و گرفتانەش دەگوازرێتەوە بۆ دەوڵەتی پاکستان کە هاوبەشی و ناسنامەیی و ئەتنیکی لەگەڵ کۆمەڵگای ئەفغانستان هەیە". هەر ئەمەشە وامان لێدەکات دەتوانین بڵێین ئاسایشی کۆمەڵگەیی نزیکی و پەیوەندییەکی بەهێز و ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕەهەندەکانی تری ئاسایش هەیە  بە تایبەت لەگەڵ ئاسایشی سیاسی و تەنانەت ئاسایشی سەربازیش.[(1)]

چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگەیی وابەستەیە بە ناسنامەوە، بەم هەنگاو و سیاسەتانەی کە دەگیرێنە بەر بۆ پاراستنی ناسنامەی کۆمەڵ. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێکجار چەمکی کۆمەڵگا بۆ دانیشتوانی دەوڵەت بەکاردەهێنرێت، بەلأم توێژەرانی سەر بەقوتابخانەی کۆپنهاگن بە واتایەکی جیاوازتر زاراوەی کۆمەڵگا بەکاردەهێنن، زیاتر مەبەستیان لەو پێکهاتانەیە کە خاوەنی ناسنامەی تایبەت بەخۆیانن. بە بۆچونی لایەنگرانی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە سیستەمی ئێستای جیهانیدا گرنگترین یەکەکانی ئاسایش لە سێکتەری ئاسایشی کۆمەڵگەیی بریتین لە خێڵ و تیرەکان، شارستانیەتەکان، ئاین، ڕەگەزەکان.[(2)]

یەکەم داخڵبوونی بابەتی ئاسایشی ناسنامەیی بۆ ناو بابەتەکانی ئاسایش لەلایەن باری بوزان بیرمەندی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە ئەنجامدرا لە کتێبی (خەڵك، دەوڵەتان، ترس) لە ساڵی 1983، بەلأم دواتر هاوکارەکانی باری بوزان، بە تایبەت ئۆلی وەیڤەر، ئەم پرسە زیاتر فراوان کرا و لە ناوەندەکانی تایبەت بە پرسی ئاسایش لێکۆڵینەوەی لەسەرکرا .[(3)]

باری بوزان لە کتێبی (خەڵك، دەوڵەتان، ترس) پێی وایە ئاسایشی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە بەردەوامی، لە چێوەی بارودۆخی قبوڵکراودا لەگەڵ پرسە نەریتییەکانی وەك زمان، کولتوور و ناسنامە و داب و نەریتی ئایینی و نەتەوەیی هەیە.[(4)]

ئەم پرسە لای قوتابخانەی کۆپنهاگن بەمانای دانپێدانان بە پرۆسەی بە ئاسایشکردنی چەند پرسێك دێت لەسەرووی ئاسایشی تاك و ئاسایشی دەوڵەتەوە، ئەویش ئاسایشی ناسنامەییە، ئۆلی وەیڤەر پێی وایە: ئاسایشی کۆمەڵگەیی

---

[(1)]. پ.ی.د.صالح عمر عیسی و  د.پەروێز رحیم قادر، شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کومەڵگەیی و ژینگەیی هەرێمی کوردستان–عیراق لە روانگەی قوتابخانەی کوپنهاگن لەدوای 2017، گۆڤاری قەڵای زانست، گۆڤارێکی وەزریە زانکۆی لوبنانی –فەرەنسی، ژمارە 3، بەرگی 6، هاوینی 2021، ل29.

[(2)]. م.هاوڕێ حسن حمە، قوتابخانەی کۆپنهاگن و سێکتەرەکانی ئاسایش: فراوانکردنی چەمکی ئاسایش، سەرچاوەی پێشوو، ل6.

[(3)]. أوشن سمية، دور المجتمع المدني في البناء الأمن الهوياتي في العالم العربي دراسة حالة الجزائر، رسالة ماجستر غير منشورة، جامعة حاج لخضر، كلية الحقوق والعلوم السياسة، الجزائر، 2009–2010، ص 59، تأريخ الزيارة 2022/3/26، على الرابط التالي: http://theses.univ-batna.dz/index.php/theses-en-ligne/doc_details/2220

[(4)] . Barry Buzan, People State and Fear, Op.Cit, p.19

پەیوەستە بەوەی کۆمەڵگەیەك چەندە توانای هەیە بۆ بەرگریکردن و پاراستنی خەسڵەت و تایبەتەندییە سەرەکییەکانی خۆی لە هەموو ئەو هەڕەشە و مەترسی و هەلومەرجانەی دێنە پێش، واتە چەندە توانای ئەوەی هەیە پارێزگاری لەمانەوەی خۆی بکات بەو تایبەتمەندییانەی کە هەیەتی.(1) بۆیە پێیوایە کاتێ ئاسایشی کۆمەڵگەیەك دەکەوێتە مەترسییەوە کە ئەو کۆمەڵگایە وای ببینێت کە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ناسنامەکەی هەیە .

بۆیە بە بڕوای باری بوزان بایەخی ئاسایشی کۆمەڵگەیی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە سنووری دەوڵەت و سنوورە کۆمەڵگەییەکان وەکو یەك نین و هاوتەریب نین، چونکە دەوڵەت لەسەر کۆمەڵێ بنەمای دیاریکراو دروست بووە وەك سنوور و هەرێم و دانیشتوان...هتد بەلأم کۆمەڵگا جیاوازترە لەمە و ئالۆزی تێدایە فرە ڕەهەندە و لەوانەیە ئەندامبوون و یەکانگیریی کۆمەڵگا لە ئاستی خوار یان سەروو سنورەکانەوە بێت. ئەوەی گرنگە بۆ کۆمەڵگاکان بەردەوامی ناسنامەکانیانە کە جیایان دەکاتەوە لە کۆمەڵگاکانی تر، بۆیە ئاسایشی ناسنامەیی (Idenity Security) دێتە ئاراوە. بەلأم بوزان ئاماژە بەوەدەکات کە ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەمان ئاسایشی کۆمەلأیەتی نییە، چونکە ئاسایشی کۆمەڵایەتی تایبەتە بە ئاسایشی تاکەکان و زیاتر ئابوورییە.(2)

کەواتە باری بوزان و بیریارانی تری قوتابخانەکە پێیان وایە ئەو کاتەی ناسنامەی کۆمەڵگاکان تووشی هەڕەشەبوونەوە و مەترسی هەبوو بۆ لەدەستدانی ناسنامەکانیان ئەوکاتە ڕاستەوخۆ نائاسایشی کۆمەڵگەیی دێتە ئاراوە. کرۆکی ئاسایشی کۆمەڵگەیی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەوڵ بدرێت بۆ گرتنەبەری میکانیزم و ئامڕازی تایبەت بۆ پاراستنی ناسنامەی گروپ و کۆمەڵەکان، بە تایبەت کولتوور کە دەوڵەمەندترین سەرچاوەی ناسنامەیە. "تاك و گروپەکان هەمیشە لە ڕێگەی ڕەگەز و بەشە جۆراوجۆرە کولتوورییەکانەوە ناسنامە وەردەگرن. بەهۆی ئەوەی کە ئەو بەش و ڕەگەزانە توانایان هەیە کە پێداویستیەکانی مرۆڤەکان بۆ جیاوازبوون و لەهەمانکاتدا لێکنزیکبوون لە کۆمەڵگەدا دابین بکەن. هەروەها کولتوور و ناسنامەی کولتووری هەم جیاوازی دروست دەکات و هەمیش هاوشێوەیی و هاوبەشی".(3)

لە لایەکی ترەوە بیریارانی قوتابخانەی کۆپنهاگن پێیان وایە کە دوور نییە ئەمە ئاسایشی دەوڵەت تووشی چەندین کێشەی جیاواز بکات، لەوانە زۆربوونی دیاردەی هەژاری و پرسی کۆچکردن، بە تایبەت لەناو ئەو پێکهاتانەی هەست بە ئاسایش ناکەن، دابەزینی ئاستی پەروەردەیی بە تایبەت کە جیاوازی لە نێوان پێکهاتەکانی ناوچەیەك بکرێت، هەروەها هەڕەشە بۆ سەر کولتوور و ئاین بۆیە لێرەدا ئەوەی دەبێتە سەرچاوەی ئاسایش پێکهاتە جیاوازەکان و گروپە کۆمەلأیەتییەکانن.(4)

---

(1) . Ole Waever, European Security Identities, journal of common market studies, vol.34,No 1, march 1996, p111.

(2) . وەرگیراوە لە : د. صالح عمر عیسی و د.پەروێز رحیم، شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کومەلگەیی و ژینگەیی هەرێمی کوردستان– عیراق لە روانگەی قوتابخانەی کوپنهاگن لەدوای 2017، سەرچاوەی پێشوو، ل30.

(3) . د.پەروێز رحیم قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل74.

(4). Barry Buzan, Ole Waever and Jap, Op.Cit, pp 120- 121

لایەنگرانی ئەو قوتابخانەیە سەرکەوتووبوون لە فراوانکردنی ئەو چەمکە، چونکە بەشێك لە بیریارانی بواری ئاسایش پێیان وایە کە لە ئێستادا جەنگ و ململانێکان بەشی هەرە زۆریان لەسەر بنەمای ناسنامە ئەنجام دەدرێن. تەنانەت لە ئێستادا ناسنامە ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری لەسەر ئاسایشی تەواوی ولآتانی جیهان هەیە، بە تایبەت ولآتانی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست. هەروەها لە دوای جەنگی ساردەوە زۆرینەی هەرە زۆری ململانێکان ململانێی چەکداری نەبوون، بەڵکو زیاتر ململانێی ناسنامەیی بوون، تەنانەت بەشێکی زۆری ئەو جەنگانەی ڕوویانداوە بەشی هەرە زۆریان ململانێکان لە ناوخۆیی ولآتان بوون بە هۆی ناکۆکی نێوان پێکهاتەکانی ولآتەوە نەوەك پێکدادانی نێوان ولآتێك لەگەڵ ولآتێکی تر یان چەند دەوڵەتێکی تر. بۆ نمونە لە نێوان ساڵی (1991) بۆ (2001) لە جیهاندا نزیکەی (57) ململانێی چەکداری ڕوویانداوە، لەو ژمارە تەنها سێ ململانێیان چەکداری بوون لەنێوان دەوڵەتاندا، واتە دەوڵەتێك پەلاماری دەوڵەتێکی تری داوە، بەڵام (54) ململانێ ناوخۆیی بوون.[1] کەواتە ئاسایشی کۆمەڵگەیی واتای ئاسایشی گروپ و ناسنامە جیاوازەکان دەگەیەنێت کە لە کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیە.

کەواتە دەوڵەتان بە تایبەت ئەو دەوڵەتانەی لە پێکهاتە و نەتەوەی جیاواز پێکهاتوون، هێشتا بنەماکانی دیموکراسی بە تەواوی تیایدا گەشەی نەکردووە و نەچەسپیوە، تووشی ئاڵێنگاری گەورە دەبن بەوەی بتوانن ئاسایشی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بپارێزن.

**پێنجەم: ڕەهەندی ژینگەیی و ئاڵێنگارییەکانی**

لەڕاستیدا بەر لەوەی مرۆڤایەتی بگاتە ئاستێکی پێشکەوتنی بەرز بە تایبەت بەر لە شۆڕشی پیشەسازی و دروستکردن و بنیادنانی چەندان کارگەی گەورە لەسەرانسەری ولآتانی جیهان، گرفتە ژینگەییەکان زیاتر ئەو گرفتانە بوون لە ڕێگای کارەساتە سروشتیەکانەوە ڕوویاندەدا، واتە مرۆڤ بەجۆرێك لە جۆرەکان دەستی نەبوو لە دروستکردنی ئەو گرفتە ژینگەییانە واتە لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی مرۆڤەکان بوون، بەڵام لە دوای سەدەی بیستەوە ئاستی بەرزی پیشەسازی و تەکنەلۆژیا، هەنگاو لە دوای هەنگاو، پێی ناوەتەوە ئاستێکی بەرزەوە، لە ئێستادا بەشێکی زۆر لە گرفتە ژینگەییەکان سەرچاوەی خودی کارەکانی مرۆڤ خۆیەتی، بۆیە دوای ئەو سەردەمە ئیتر بیر لەوە کرایەوە ئەمەش بچێتە خانەی ناوەندەکانی تری ئاسایشەوە، بیر لەوە بکرێتەوە ئاسایشی ژینگەش هاوشێوەی سێکتەرەکانی تر بچێتە ناو چوارچێوەی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان، بۆئەوەی لە داهاتوودا مرۆڤایەتی ئاسایشی پارێزراو بێت لەو هەڕەشە ژینگەییانەی لەسەر کۆی ژینگەیی جیهانی هەن، چونکە دواجار بابەتی ژینگە ڕەهەندێکی جیهانی هەیە و تایبەت نییە بە تەنها ولآتێکی دیاریکراوەوە.

---

[1]. م.هاوڕێ حسن حمە، چەمکی ئاسایش لە نێوان تیۆری ڕیالیزم و قوتابخانەی کۆپنهاگن، ناوەندی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، 2021، ل18.

بۆیە بیریارانی قوتابخانەی کۆپنهاگن پێشەنگ بوون لەسەر بابەتی ئاسایشی ژینگە، سەیرکردنی ژینگە وەك یەکەیەکی ئاسایشی، لەگەڵ ئەوەی چەندین هەوڵی تر پێش ئەوان هەبوون، بەڵام لەسەر دەستی ئەوان قاڵبێکی فراوانتری وەرگرت و بووە جێی بایەخپێدانی زیاتر.

ئەوان پێییان وابوو کە ئەو هەڕەشە ژینگەییەکان بەهەند وەربگیرێن کە ئاسایشی مرۆڤایەتی دەخەنە مەترسییەوە، لەوانە کونبوونی بەرگی ئۆزۆن، بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما بەشێوەیەکی نائاسایی چەندین کارەساتی ژینگەیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هەروەها پیسبوونی ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی و سووتاندنی دارستانە گەورەکان ..هتد.[1] ئاسایشی ژینگە پەیوەندی بە پاراستنی زۆربەی سێکتەرەکانی ناوخۆییەوە هەیە، وەك سیستەمی پشتیوانی بنەڕەتی وایە کە زۆربەی سەرچاوە مرۆییەکانی تر پشتی پێدەبەستن.[2]

باری بوزان تا ئەندازەیەکی باڵا گرنگی ئاسایشی ژینگە بۆ دەوڵەتان و کۆمەڵگاکان دەخاتەڕوو، تەنانەت پێی وایە ئاسایشی ژینگە لە لوتکەی ئاسایشی دەوڵەت و کۆمەڵگایە، ئەو دەوڵەتانەشی خاوەنی جیهانبینی و ستراتیجێکی ڕوونن بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی ژینگە و پاراستنی ئاسایشی ژینگە ئەو دەوڵەتانەن کە گرنگی بە پاراستنی سروشت و بونەوەرەکان بە گشتی و بە تایبەت مرۆڤ دەدەن. پیسبوونی ژینگە بەهۆی ڕەفتاری نا بەرپرسانەی دەوڵەتان و بەهەند وەرنەگرتنیەتی وەك پرسێکی ئاسایشی، هەروەها بەهۆی پشتگوێخستنی پرەنسیپ و بەها باڵا جیهانیەکان. پرسی ژینگە بریتییە لە ڕەهەندێکی سەرەکی ئاسایشی کۆمەڵگا کە ئەویش ڕەهەندێکی سەرەکی ئاسایشی نەتەوەییە. بۆیە ئاسایشی ژینگە تاوتوێی ئەو هەڕەشانە دەکات کە دەکرێنە سەر ژینگە، بەشی زۆری ئەو هەڕەشانەش خودی مرۆڤ سەرچاوەکەیەتی.[3]

هەموو ئەمانەش وایکردووە کە پرسی ژینگە و سەیرکردنی وەك بابەتێکی ئاسایشی ببێتە جێگای بایەخی دەوڵەتان و ڕێکخراوەکان و چەندین بزوتنەوە و بزاوتی گەورە لەسەرانسەری جیهاندا، لە سەرووی هەموو ئەمانەش ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وەك گەورەترین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە جیهاندا، تاوەکو ئێستا چەندین کۆنگرە و لوتکەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە پرسی ژینگە ئەنجامداون، بەڵام گرنگیدان بەم پرسە لە ساڵی (1972) چوارچێوەیەکی فەرمی وەرگرت، ئەم کۆنگرەیە یەکەم کۆنگرەی ڕێکخراوەکە بوو لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید لە ساڵی (1972) ئەنجامدرا سەبارەت بە پرسی ژینگە، دانانی پلان و بەرنامەی پێویست بۆ پاراستنی ژینگە.[4]

---

[1]. وفاء العمری، الامن القومی و حقوق الأنسان بعد أحداث 11 سبتمبر 2001 الولايات المتحدة الأمريكية أ نموذجا، جامعة باتنة 1، رسالة ماجستير غير منشور، كلية االحقوق والعلوم السياسية، الجزائر، 2015–2016، ي58، تأريخ الزيارة 2022/3/11، على الرابط التالى: http://theses.univ-batna.dz/index.php/theses-en-ligne/doc_details/5172-------11--2001

[2] . Barry Buzzan, Ole Waever ,Wilde, Op.Cite, p 8.

[3]. د.نەجات علی سالح، ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرچاوەی پێشوو، ل67.

[4] . Report of the United Nations Conference on the Human Environment, stocholm 5-16 june 1972, visit date 19/2/2022: https://documents-dds-ny.un.org/doc/UNDOC/GEN/NL05/300/7/IMG/NL730005.pdf?OpenElement

ئەمە جگە لە ئەنجامدانی چەندین کۆنگرە و لوتکەی تر هەر پەیوەست بە پاراستنی ژینگە و سەیرکردنی ژینگە وەك یەکەیەکی ئاسایشی، بە تایبەت کە لە ئێستادا پیسبوونی ژینگە بۆتە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر تەواوی مرۆڤایەتی. نەتەوەیەکگرتووەکان چەندین کۆنگرە و لوتکەی تری بەستووە کە ئێمە ئاماژە بە گرنگترین ئەو لوتکانە دەکەین کە ئەمانەن: (لوتکەی زەوی) لە ساڵی (1992) لە ڕیۆدۆجانیرۆی بەرازیل ئەنجامدرا، بە ئامادەبوونی نوێنەری (172) دەوڵەت کە تیایدا سێ ڕێککەوتنامەی پەیوەست بە پاراستنی ژینگە واژۆکران. ئەمە جگە لە ئەنجامدانی چەندین کۆنگرەی تر لە ساڵانی ( 1997، 2000، 2012، 2015).[1]

لە مانگی (2022/11) لە شاری (شرم شیخ) لە وڵاتی میسر، کۆنگرەیەکی گەورە سەبارەت بە ڕێکارەکانی پاراستنی ژینگەی جیهانی بەڕێوەچوو، کە بەشی زۆری سەرکردەی وڵاتانی جیهان بەشدارییان تێدا کرد، بڕیاردرا ساڵانە سەدان ملیار دۆلار لە سەرانسەری جیهاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیسبوونی ژینگەی جیهان تەرخان بکرێت، کە بۆتە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر تەواوی مرۆڤایەتی.[2]

لە سێکتەری ژینگەییدا پرسیارێکی سەرەکی دێتە ئاراوە، پرسیارەکەش ئەوەیە ئایە ژینگە خۆی لە خۆیدا بەهایەکی ئاسایشی هەیە و پێویستە بەرگری لێ بکرێت، یان دەکرێت ژینگە ببێتە یەکەی ئاسایش؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دوو ئاڕاستەی سەرەکیمان هەیە، کە بریتین لە( سەوزی کاڵ) و ( سەوزی تۆخ). "لایەنگرانی سەوزی کاڵ پێیان وایە ژینگە خۆی لە خۆیدا بەهایەکی ئاسایشی نییە، بەڵکو پێویستە ژینگە پارێزگاری لێ بکرێت لە پێناو پاراستنی بەهایەکی ئاسایشی باڵاتردا، ئەویش بریتیە لە شارستانییەت و مرۆڤایەتی، بۆئەوەی مرۆڤایەتی بەردەوام بێت پێویستە ژینگە بپارێزین. بەڵام سەوزە تۆخەکان پێیان وایە ژینگە خۆی لە خۆیدا بەهایەکی ئاسایشی هەیە، مانەوەی سروشت بەهایەکی جەوهەری هەیە پێویستە بپارێزرێت". هەروەها قوتابخانەی کۆپنهاگن پێیان وایە زاناکان و کۆمەڵگا زانستییەکان بڕیاردەری سەرەکین لەسەر هەڕەشە ژینگەییەکان، بۆیە پێویستە دەوڵەت و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و میدیا و ڕێکخراوەکان ڕۆڵی گرنگ بگێڕن سەبارەت بە ئاسایشی ژینگە و ڕووبەڕووبونەوەی هەڕەشەکانی سەر ژینگە.[3]

باری بوزان و هاوکارەکانی لە کتێبی (ئاسایش چوارچێوەیەکی نوێ بۆ شیکاری– Security a New Framework For Analysis) ئاماژە بەوەدەکەن کە بوونی دوو ئەجێندای جیاواز وادەکات ئاسایشی ژینگە لە بوارەکانی تری ئاسایش جیابکاتەوە کە بریتین لە[4] :

1- ئەجێندای سیاسی.

---

[1]. مؤتمرات الأمم المتحدة: البيئة والتنمية المستدامة، موقع الأمم المتحدة،تأريه الزيارة 2022/4/2، على الرابط التالي: https://www.un.org/ar/conferences/environment

[2] . مؤتمر المناخ 2022: البلدان النامية "تحتاج تريليوني دولار سنويا" لإيقاف الاحتباس الحراري، موقع بى بى سي العربى، تأريخ الزيارة 2022/4/7، على الرابط التالي: https://www.bbc.com/arabic/world-63541573

[3]. م. هاوڕێ حسن حمە، قوتابخانەی کۆپنهاگن و سێکتەرەکانی ئاسایش: فراوانکردنی چەمکی ئاسایش، سەرچاوەی پێشوو، ل7.

[4] . Barry buzan, Waever and Wild, Op.Cit, p.71

2- ئەجێندای زانستی.

بەشێوەیەکی گشتی ئەجێندای سیاسی لە پلان و بەرنامەی دەوڵەتان و حکومەتدا خۆی دەبینێتەوە، بەوەی کە پلان و بەرنامە و میکانیزمی خۆیان بە پێی پلانێکی تایبەت ڕێکدەخەن بۆ پاراستنی ئاسایشی ژینگەی ئەو وڵاتە، هەوڵیش دەدەن بەپێی ئەجێندایەکی تایبەت جێبەجێی بکەن، واتە ئەمە تایبەت بە سیاسییەکان بڕیاری یەکەم و کۆتایی لای ئەوانە سەبارەت بەم پرسە، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە ئەجێندای زانستییەوە بەشێوەیەکی گشتی لە کار و بەرنامەکانی دەرەوەی سیاسییەکان خۆی دەبینێتەوە واتە ئەمەیان زیاتر ئیشی کەسانی پسپۆڕ و ناوەندە زانستییەکان و بیریارانی ئەو بوارەیە بەوەی هەڕەشەکانی سەر ژینگە لە هەموو ئاستەکاندا دیاری دەکرێن، پلان و بەرنامەی تایبەت دەخەنەڕوو بۆئەوەی حکومەت و دامەزراوەکانی دەوڵەت بیخەنە بەرنامەی کارەوە و کاری لەسەر بکەن، بۆئەوەی بەر لە هەڕەشەکانی سەر ژینگە بگرن بەتایبەت ئەوانەی کە مرۆڤ سەرچاوەیانە. هەندێك کاتیش ئەم دووانە پێکەوە هەوڵدەدەن ئەجێندایەکی هاوبەش پێکەوە دیاری بکەن، زۆرجاریش بۆ ئەمە سوود لە میدیا دەبینرێت.[1]

بەشێوەیەکی گشتی ئەجێندای سیاسی پەیوەستە بە سێ خاڵی سەرەکییەوە:[2]

1- هۆشیاری خەڵك و دەوڵەت بۆ پرسەکانی ئەجێندای زانستی، واتە تا چەند ئەجێندا زانستییەکان لە هەمبەر ژینگە جێگای متمانە و باوەڕی دروستکەرانی بڕیار و ناوەندەکانی ڕاگەیاندنەوە لە لایان پەسەند دەکرێت.
2- تا چەند بەرپرسانی باڵای وڵات دەکەونە ژێر بەرپرسیاریەتی و تا چەند ئەو بەرپرسیاریەتییە پەسەند دەکەن.
3- چۆن بەرپرسان مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە دەکەن بە تایبەت لە کاتی قەیران و کێشەکان، لەوانە کێشەی هاریکارییە نێودەوڵەتییەکان، دابەشکردنی تێچو و قازانجەکان، کێشەی هەڵنەگرتنی بەپرسیاریەتی لای هەندێك وڵات...هتد.

ئاڵێنگارییە ژینگەییەکان، بەگشتی لە دوو لایەندا خۆیان دەبیننەوە، بەشێکیان ئەوانەن کە سەرچاوەکەیان ڕووداو و کارەساتە سروشتییەکانن کە مرۆڤ ئەستەمە یان قورسە بتوانێت وەکو پێویست بتوانێت کونترۆڵیان بکات، بەڵام هەرچی پەیوەستە بە لایەنەکەی تر لە سایەی دەرئەنجامی مرۆڤەکانەوەیە، هەر ئەمەشە وایکردووە پرسی ژینگە ببێتە بابەتێکی جیهانی، مرۆڤایەتی و پسپۆڕانی ئەو بوارە ترسیان لە ئایندەی دۆخی ژینگە هەبێت لە جیهاندا.

ئەوەی پێویستە بگوترێت لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا، ئەوەیە بیریارانی قوتابخانەی کۆپنهاگن توانیان دیدگایەکی نوێ سەبارەت بە ڕەهەندەکانی ئاسایش بخەنەڕوو، لەو قاڵبە کلاسیکییە دەری بهێنن کە ئاسایش تەنها وابەستەی ڕەهەندی سەربازی بێت، چونکە پێیان وایە ئاسایش فرە ڕەهەندە و بانگەوازی ئەم فرە ڕەهەندییەی ئاسایشیش لەسەر دەستی بیریاری دیاری ئەو قوتابخانەیە باری بوزان بوو، دواتر توێژەرانی ئەو قوتابخانە جگە لە فراوانکردنی ڕەهەندەکانی

---

(1) . فایق حسن جاسم الشجیری، البیئة والأمن الدولی، موقع النبأ، تأريخ الزيارة 2022/4/4، على الرابط التالي: https://annabaa.org/nbahome/nba72/beea.htm

(2) م.هاوڕێ حسن حمە، قوتابخانەی کۆپنهاگن و سێکتەرەکانی ئاسایش: فراوانکردنی چەمکی ئاسایش، سەرچاوەی پێشوو، ل8.

ئاسایش، چەندین داهێنانی نوێیان سەبارەت بە پرسی ئاسایش خستە ڕوو، بە تایبەت پرسی بە ئاسایشکردن و ئاسایشی هەرێمی و کۆمەڵگەیی، کە لە تەوەری دواتردا تیشکیان دەخەینە سەر.

**خشتەی ژمارە (2)**

**کورتکراوەی ئاڵێنگارییەکانی ڕەهەندەکانی ئاسایش بەپێی قوتابخانەی کۆپنهاگن**

| | |
|---|---|
| **ڕەهەندی سیاسی** | 1- مەترسی لەسەر شەرعیەت (ڕەوایەتی) لەسەر ئاستی ناوخۆ<br>2- لەسەر ئاستی دەرەکی مەترسی لەسەر سیستەمی سیاسی لە ژینگەی هەرێمی و نێودەوڵەتی |
| **ڕەهەندی سەربازی** | 1- ڕێگەگرتن لەسەرهەڵدانی پشێوی ناوخۆیی، جیابوونەوە و تیرۆر.<br>2- توانای وەڵامدانەوەی هێرشەکان کە دەکرێتە سەر وڵات.<br>3- توانای خۆ گونجاندن لەگەڵ گۆڕاوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان. |
| **ڕەهەندی ئابووری** | 1- پاراستنی سەربەخۆیی ئابووری.<br>2- ترس لە لێکەوتەکانی ئابووری جیهانی بە تایبەت هەژاری.<br>3- ترس لە ڕەهەندە تاریکەکانی سەرمایەداری و زیادبوونی بازرگانی نایاسایی بە تایبەت بازرگانی ماددەی هۆشبەر. |
| **ڕەهەندی کۆمەڵگەیی** | 1- پاراستنی ئاسایشی ناسنامەی تاکەکان و کۆمەڵگە. |
| **ڕەهەندی ژینگەیی** | 1- کۆنترۆڵکردنی ڕووداو و کارەساتە سروشتییەکان.<br>2- دەرئەنجامی ڕەفتاری مرۆڤەکان و مامەڵەکردنیان لەگەڵ ژینگە. |

سەرچاوە: توێژەر، بە پشتبەستن بە سەرچاوە و تێزەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن، خشتەکەی ئامادەکردووە.

**تەوەری دووەم: ئاسایشی کۆمەڵگەیی و هەرێمی و ئاسایشی ئەکتەری نادەوڵەتی**

هاوکات لەگەڵ گرنگیدان بە پرسی ئاسایش بە گشتی، کۆمەڵێك پرسی و بابەتی تر هەن لە چێوەی پرسی ئاسایشدا، قوتابخانەی کۆپنهاگن بە گرنگییەوە باسیان لێوەدەکات و جەختیان لێدەکاتەوە ئەوانیش پرسی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی، کە پێیان وایە ئاسایشی بەشێکی زۆر لە وڵاتانی هەرێمی و جیهانی گرێدراوی یەکترە، ئەمە سەرباری باسکردنی ئاسایشی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان. بۆ باسکردنی ئەم پرسانەش، ئەم تەوەرە دابەشی دوو لقی سەرەکی دەکەین، لە لقی یەکەمدا تیشك دەخەینە سەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی و لە لقی دووەمدا باس لە ئاسایشی هەرێمی ، لە لقی سێیەمدا باس لە ئاسایشی بکەری نادەوڵەتی دەکەین لای بیریارانی قوتابخانەی کۆپنهاگن.

**لقی یەکەم: ئاسایشی کۆمەڵگەیی**

بەشێوەیەکی گشتی سەرەتا و بنەماکانی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ کتێبەکەی باری بوزان (خەڵك و دەوڵەتان و ترس) لە ساڵی (1983) دا کە تیاییدا تیشکی خستە سەر ئەو هەڕەشانەی ڕووبەڕووی بەشێك لە کۆمەڵگاکان دەبنەوە.[1]

ئاسایشی کۆمەڵگەیی پەیوەستە بە توانای کۆمەڵگەکان لە پاراستن و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی شێوازە تەقلیدیەکانی زمان، کولتوور، مێژوو، داب و نەریت، ناسنامە، نەخشە و شوناسی کۆمەڵگا، ئەو پرۆسەیە دەبێت هاوتا بێت لەگەڵ هەلومەرجە ئاساییەکانی گۆڕانکاری و پەرەسەندن لەسەر ناسنامەی هەر گروپێك.[2] ئاسایشی کۆمەڵگەیی لەدیدی بوزان و هاوکارانی زیاتر وابەستەیە بە پرسی ناسنامەوە هەر ئەمەش بوتە هوی ئەوەی کە چەمکێکی ناوەندی هەبێت.[3]

قوتابخانەی کۆپنهاگن وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا گۆڕانکاریان لە ڕەهەندەکانی ئاسایشدا کرد، تەنها لە ڕوانگەی سەربازییەوە نەیان بینی، کۆمەڵگایان لە تەنیشت دەوڵەتەوە کردە سەرچاوەی ئاسایش، واتە ئاسایشی کۆمەڵگەیی بریتیە لە ئاسایشی هەموو کۆمەڵگا، نەك تەنیا ئاسایشی ئەو گروپانەی لەناو کۆمەڵگادا هەن. واتە هەرکاتێك گروپەکان هەست بەوە بکەن کە باوەڕ و ڕەوتە کولتووری و کومەلایەتییەکانیان خەریکە دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی گروپەکانی ترەوە، یان هەست بەوە دەکەن کە خەریکە لە لایەن گروپەکانی ترەوە لێیان دەستکاری دەکرێت، ئەوا لەو کاتەدا هەست بە نائاسایشی دەکەن.[4]

باری بوزان پێی وایە ئەگەر دەوڵەت و نەتەوە دوو ڕووی یەك دراو بن، ئەوا ئامانجی سەرەکی دەوڵەت پاراستنی ئەو قەوارە کولتوورییەیە. کەواتە دەوڵەت پارێزگاری لەخۆی دەکات، لەهەمان کاتدا ئەمە پارێزبەندی بۆ نەتەوە و کۆمەڵگەشە. لەگەڵ ئەمانەشدا ڕیزبەندی بۆ پرسە ئاسایشییەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، ئەمەش بێگومان بە گوێرەی سیستەمی سیاسی وڵات دەگۆڕێت، ئەگەر بە نمونەیەك سەیری ئەمە بکەین، لە وڵاتانی وەکو (ئێران، سعودیە،

---

[1] . Barry Buzan, People State and Fear, Op.Cit, p174

[2] . کامەران محمد عزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل197.

[3] . Barry Buzan ,Waever and Wilde, Op.Cit, p.142

[4] . نەجات علی سالح، دیموکراسی و ئاسایشی نەتەوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل15.

بۆرما) ئاسایشی مەزهەب و ئاین و کولتوور لە پێش زۆربەی ئاسایشیەکانی ترەوەیە، ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ هەندێك وڵاتی تری وەکو (فەرەنسا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) کە لای ئەوان ئەمانە ئەولەویەتی پرسە ئاسایشییەکان نین، تەنانەت ئەمە لەوانەیە بە شیوازێکی جیاوازتریش بوونی هەبێت، بەوەی هەریەك لە دەوڵەتانی وەکو (تورکیا، عێراق، سوریا) ئاسایشی دەسەڵاتداران و چینی حوکمڕان و مەزهەب و نەتەوەیە لە پێشەوەی ئاسایشی کۆمەڵگایە، هەر ئەمەشە زۆربەی کات دۆخێکی نائاسایشی بۆ ئەو وڵاتانە دروستکردووە.[1]

تەنانەت باری بوزان باس لەوە دەکات ئەمە هەندێکجار دەگاتە ئاستی پێکدادانی نێوان شوناسی شارستانییەتەکان، بۆ ئەمەش باس لە نموونەی نێوان شارستانییەتی ئیسلامی و وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەکات، یان بەها عەلمانییەکان و ئیسلامییەکان، ئەمەش پەیوەستە بەو ڕکابەرییە مێژووییەی کە لە نێوان ئیسلام و مەسیحییەتدا هەبووە، پێشی وایە ئەمە زیاتر گرێدراوە بە ئیرەیی دەسەڵاتی ڕۆژئاواوە کە ویستوویەتی هەژموون و دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات و چەندین وڵاتی جیهان بکاتە داگیرکراوی خۆی، بەشێکی پەیوەستە بەو نارەزایەتیەی دژی ڕۆژئاواوە سەبارەت بەو پرسە هەیە .[2]

ئەوەی کە خاڵی گرنگە لە بابەتی ئاسایشی کۆمەڵگەیی، بیریارانی ئەو قوتابخانە پێیان وایە کۆمەڵگاکان ڕووبەڕووی ئەو جۆرە هەڕەشانە دەبنەوە، کە هەڕەشەی گرنگ و مەترسیدارن:

1- هەڕەشەی کۆچکەران/ کۆچ/ کۆچکردن

یەکێك لەو هەڕەشە جددیانەی کە ڕووبەڕووی بەشێك لە کۆمەڵگاکان دەبێتەوە، بابەتی کۆچکردنە، کە لەوانەیە بەهۆی زۆری کۆچکردنی گروپێك یان پێکهاتەیەکەوە بۆ ناوچەیەك، ئەوا دوور نییە لەوکاتەدا کولتوور و داب و نەریت، یان شوناسی ئەو شوێنەی کۆچەکەی بۆ کراوە بکەوێتە ژێر هەڕەشەوە بەوەی کولتووری کۆچبەرەکان ببێتە کولتووری باو و زاڵ، واتە دەبێتە هۆی گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو شوێنە.[3]

2- ململانێی ستونی

بە یەکگرتن و خزانە ناو پێناسەی کولتورێکی پان و بەرینتر یاخود پەرتەوازەبوون بۆ چەند یەکەیەکی کولتووری بچوکتر ڕوودەدات. دەتوانرێت ئەم پرۆسەیە لەسەر شانۆی فراوانبوونی ئێستای یەکێتی ئەوروپا بەدی بکرێت، هەروەك ژمارەیەك لە کۆمەڵگاکان مەترسی خۆیان لەچوونە ناو شوناسێکی ئەوروپی فراوانتر لەخۆیان پیشان داوە. لەبەرئەوە هەندێك لەم کۆمەڵگایانە بە نەخێر وەڵامی پەیڕەوکردنی دراوی ئەوروپی و سپاردنی هێز بە دامەزراوە سیاسییە

---

[1] . د.بارزان جوهر، هەڕەشە ناوخۆییەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان/عێراق، مجلة الدراسات السیاسیة والأمنیة، المجلد الثالث، العدد السادس، السلیمانیة، کانون الاول 2020، ل99.

[2]. Barry Buzan, New Patterns of Global Security in the twenty –first century , Op.Cit , p448

[3] .د.ڕێبین حسن، پرسی ئاسایش و کۆچ لە جیهاندا، ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی فەرمی (پ.د.ك)، هەولێر، 2016، ژمارە 4783، ل9.

ئەورووپییەکان دایەوە.[(1)] لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە هۆکارەکانی چوونەدەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا تەنها ئەو هۆکارە نەبێت کە لەو خاڵەدا ئاماژەمان پێداوە، بەڵام بێگومان بەریتانیا نموونەیەکی باشە بۆ ئەم خاڵە.

3- ململانێی ئاسۆیی

لەم ئاستەدا هاووڵاتیان لە ناوچەکانی خۆیان دەژین، بەڵام زۆرجار ئەمانە کەمینەن لەسەر ئاستی کۆی گشتی وڵاتەکە، بۆیە هەمیشە مەترسییان لەسەرە لەلایەن دانیشتوانی ئەو وڵاتەوە چ لەناو ئەو گروپانە بێت یان لە سەر ئاستی گشتی وڵات، ئەگەر بە نموونەیەك ئەوە بخەینە ڕوو لەوانەیە نموونەی ترسی کیوبیەکان لە ئینگلیزی زمانەکانی کەنەدا نموونەیەکی باش بێت بۆ ئەو ئاستە لە ململانێ، یان زۆرجار کەنەدییەکان ترسیان لە کولتووری ئەمریکییەکان هەیە بەوەی کولتووری ئەوانیان بەسەردا زاڵ بێت.[(2)]

کەواتە لە ئاسایشی کۆمەڵگەییدا گروپ و خاوەن ناسنامە جیاجیاکانی ناو وڵاتان پارێزگاری لە کولتوور و داب و نەریت و زمان و بەها هاوبەشەکانی خۆیان دەکەن، بوونی هەر هەڕەشەیەك لەسەر ئەوانە لە دید و تێگەیشتنی قوتابخانەی کۆپنهاگن دەچێتە چوارچێوەی ئاسایشی کۆمەڵگەیی، بۆیە جیاواز لە قوتابخانەکانی تری بواری ئاسایش ئەوانی گرنگی تایبەتیان بەم بابەتە داوە، پێشیان وایە کە بەشێکی زۆری جەنگ و ململانێکان لە چەند دەیەی ڕابردوو هۆکارەکەی ئەمە بووە نەك بابەتی تر.

**دووەم: تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی (Regional Security Complex Theory)**

باری بوزان و هاوڕێکانی لەو قوتابخانەیە لە ساڵی 2003 تیۆریەکی نوێ و تایبەتیان خستەڕوو کە تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی بوو، بێگومان ئەمە ئەنجامی بەرهەمەکانی پێشووتری ئەو قوتابخانەیە بوو، کە چەندین توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و بەرهەمیان هەبوو لەسەر پرسی ئاسایش، بە تایبەت کتێبی (خەڵك و دەوڵەتان و ترس) بە یەکێك لە بەرهەمە هەرە گرنگەکانی ئەو قوتابخانەیە دادەنرێت، پێیان وابوو کاتێك پرسی نوێ یان ڕەگەزی نوێ دێتە ناو پەیوەندییەکانی وڵاتانەوە ئەوکاتە هاوکێشەی تازە دێنە ناو پرسە ئاسایشییەکانەوە. بۆیە پێیان وایە تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی بریتییە لە (کۆمەڵێك دەوڵەت لە ناوچەیەك یان هەرێمێکی دیاریکراو کە ئاسایشی زۆربەیان وابەستەیە بە یەکترەوە، واتە هەر ناوچەیەك ئاسایشی تایبەت بەخۆی هەیە و ئاسایشی زۆربەیان گرێدراوی یەکترە).[(3)]

هەرچەندە لە پێشووتریش چەند بنەمایەکیان لەم بارەوە خستبوە ڕوو. کە هەرکاتێك دەوڵەتێك بیەوێت خوێندنەوە بۆ ئاسایشی خۆی یان وڵاتێکی تر بکات، ئەستەمە بگاتە خوێندنەوەیەکی باش ئەگەر دۆخی ئاسایشی گشتی جیهانی و هەرێمەکە نەزانێت. بوزان پێی وایە کە تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی چەند سوودێکی هەیە، سەرەتا شیکاری

---

[(1)] . فەرهاد جلال حسن، ئاسایشی کومەڵگەی کوردی، سەرچاوەی پێشوو،ل 51.

[(2)] . د.صالح ملا عمر و د.پەروێز رحیم، شیکردنەوەی پرسی ئاسایشی کومەڵگەیی و ناسنامەیی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل30.

[(3)] . Barry Buzan & Ole Waever, Regions and Power the Structure of International Security, 2003, Cambridge University Press, p.39.

باشمان دەداتێ دەربارەی توێژینەوە ئاسایشییەکان، دەتوانێت هاوکاربێت لە ڕێکخستن و وردی ئەو توێژینەوانە، تواناى داڕشتنی سیناریۆمان پێدەدات لەسەر بنەمای خاڵەکانی پێشووتر.[1]

باری بۆزان و ئۆلی وەیڤەر لە کتێبی (ناوچەکان و هێزەکان: ستراکچەری ئاسایشی نێودەوڵەتی) لە ساڵی (2004) ئەوە دەخاتەڕوو کاتێك یەکێتی سۆڤیەت تووشی هەڵوەشانەوە هات، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەو هێزەی بلۆکی کۆمۆنیزم لەسەرانسەری جیهاندا هەیبوو تووشی دابەشبوون ببێت و یەکگرتووی پێشووتری نەمێنێت، بەمەش بلۆکی کۆمۆنیزم گواسترایەوە شەش هێشووی ئاسایشی کە پێکهاتوون لە "ئاسیا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوروپا، ئەفریقا، ئەمریکای باکور و ئەمریکای باشور" دەرئەنجامی ئەم هەڵوەشانەش بووە هۆی دروستبوونی ئەم شەش هێشووە ئاسایشییە، کە بابەت و پرس و گیروگرفتەکانیان لەگەڵ یەکتری (لەناو هێشووەکە – ناوچەکە) وێکچوونی تێدایە. بۆزان بەرگری لە ئاستی شیکردنەوەی ناوچەیی دەکات و تیۆری (گروپی ناوچەی ئاسایش) بونیاد دەنێت و لەم ساڵانەی دواییدا بەردەوام بەرگری لە توانای شیکردنەوەی ئەم تیۆرە کردووە.[2]

باری بوزان پێی وایە چوار ئاست هەیە بۆ دروستکردنی کۆمەڵەکە: دۆخی ناوخۆیی وڵاتانی هەرێمی بە خاڵی لاواز و بەهێزەوە، پەیوەندی ئەو دەوڵەتە لەگەڵ وڵاتانی تری ناو هەرێمەکە، پەیوەندی نێوان ئەو هەرێمە لەگەڵ هەرێمەکانی تر بەتایبەت وڵاتانی دراوسێ، لە خاڵی کۆتاییدا ئاماژە بە هێزی وڵاتانی زلهێز دەکات لەناو ئەو هەرێمە.[3]

بیریارانی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی پێیان وایە کە گرنگی و بایەخی ئەم بابەتە زیاتر هەستی پێکراوە و جێگای تێڕامانی زیاترە لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت، بەتایبەت دوای ئەوەی کە سیستەمی دوو جەمسەری بەرەو کۆتایی چوو، جیهان پێی نایە قۆناغێکی تازەوە بە تایبەت کە پێش کۆتایهاتنی جەنگی سارد وڵاتانی جیهان بەسەر ئەو دوو جەمسەرەدا دابەشبوون .[4]

بونیادی جەوهەری کومەڵەی ئاسایشی هەرێمی تەرکیزی لەسەر چوار گۆڕاوی سەرەکییە[5] :

یەکەم: سنووری هەرێمەکە لەگەڵ وڵاتانی تر.

دووەم: جەمسەرگیری، واتە دابەشبوونی هێز لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە.

سێهەم: بونیادی کۆمەڵایەتی نێوان وڵاتان، ئایا لەسەر بنەمای متمانە و ڕاستگۆییە یان دوژمنکاری.

---

[1]. Barry buzan & Ole Waever, Regions and Power, Op.Cit, p.45

[2]. نەجات علی، دیموکراسی وەك ڕەگەزێکی نوێ لە ئاسایشی نەتەوەیی دا، سەرچاوەی پێشوو، ل24.

[3] . فخرالدين سلطانى و سيد نجر، ترجمة زين العابدين بولبان، مستويات التحليل فى العلاقات الدولية ونظرية المركب الأمن الاقليمى، مجلة ناقد الدراسات السياسية، المجلد 5، العدد 2، 2020، ص5.

[4] . د.مصطفى علوى، الأمن الاقليمى بين الأمن الوطنى والأمن العالمى، مجلة مفاهيم الأسس علمية والمعرفة، مركز الدراسات المستقبلية والأستراتيجية، العدد 4، السنة الاولى، ابريل 2005، ص 16 .

[5] . مركب الأمن الإقليمي، مصدر سابق، تأريخ الزيارة 2022/4/19، على الرابط التالي:
https://political-encyclopedia.org/dictionary/مركب%20الأمن%20الإقليمي

چوارەم: بونیادی ئەنارشی، واتە پێویستە هەر وڵاتێك بونیادی ئاسایشی تایبەت بەخۆی هەبێت.

کەواتە ئەمانەی خوارەوە ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی:

1- دوژمنایەتی و دۆستایەتی.

2- هاوسنووری.

3- پشت بەستن بە ئاسایشی یەکتری (الأعتماد الأمنی المتبادل).(1)

پێشنیازی تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی ئەوەیە کە پێویستە جیهان بەسەر چەندین هێشووی هەرێمی (Regional Clusters)دا دابەشبکەین، چونکە پێویستە یەکە هەرێمیەکانی تایبەت بە هەر هەرێم و ناوچەیەك بەجیا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و ڕۆڵی فاکتەرە هەرێمییەکان لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی گرنگی پێ بدرێت.(٢)

باری بوزان و ئۆلی وەیڤەر پێیان وایە، کە تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی دیاری دەکات چی بکرێت لە ئاستی شیکاریدا، چۆن هەوڵبدرێت ئەمانە بەیەکترەوە ببەسترێنەوە:

أ- ڕۆڵی وڵاتانی زلهێزی جیهانی لە ناوچەکەدا.

ب- پەیوەندی دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەتانی تری ناوچەکە.

ت- کارلێکی ناوچەیی لەگەڵ ناوچەکانی تری نزیك.

پ- دۆخی ناوخۆیی ئەو وڵاتە، واتە لەناوخۆی خۆیدا دۆخی چۆنە.(3)

لە ئاسایشی کۆمەڵی هەرێمی دا ناسنامە ڕۆڵێکی گرنگ و باڵای هەیە، هەر ئەمەش وای لە باری بوزان و وەیڤەر کردووە لە مۆدێلی شیکردنەوەی ئاسایشی بۆ پەیوەندی دۆستایەتی و دوژمنایەتی نێوان دەوڵەتان سود لە مۆدێلی ( ئەلێکساندەر ونت)* کە بە مۆدیلی (وێنتی) ناسراوە وەربگرن، چونکە بەپێی بنەمای تێوریەکەی (وێنت) شوناش و ناسنامەی سەرکردەکان گرنگە بۆ خوێندنەوەی پەیوەندی نێوان ئەکتەرەکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کە ئەمەش کاریگەرە بە کۆمەڵێك فاکتەری وەك مێژوویی و کولتووری کە ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە درێژەدان بە پەیوەندییەکان چ لە

---

* ئەلیکسەندەر ونت (Alexander Wendt) یەکێکە لەدیارترین زاناکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەیەکەم داڕێژەری تیۆری بونیادگەرایی (Constrictivism) دادەنرێت، لەدایکبووی ساڵی 1958، هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەمریکی و ئەڵمانییە، خاوەنی چەندین کتێب و نووسینە لەبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، مامۆستای چەندین زانکۆی بەناوبانگە لە ئەمریکا. ئەلیکسەندەر وێنت پێی وایە ناکرێت ڕۆڵی فاکتەری مێژوویی و شوناش و کولتوور و گوتار لەبەرچاو نەگرین لەو پەیوەندییەی لەنێوان وڵاتاندا هەیە چ بە ئاشتی، یان ناکۆکی، چونکە پێی وایە ئەوەی هەیە هەر یەکێك لەم ئاستانە بەرهەمی ئەو لایەنە مێژووییە کە لە ڕابردوودا بوونی هەبووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: https://www.britannica.com/biography/Alexander-Wendt

(1) . بوملیك نوال، الهندسة الاقلیمیة للأمن: نظریة مرکب الأمن الاقلیمی کمقاربة تفسیریة، مجلة ناقد الدراسات السیاسیة، المجلد 5، العدد 3، 2021، ص470.

(2) . د.نەجات علی صالح، ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، سەرچاوەی پێشوو، ل74.

(3) . Barry Buzan & Ole Waever, Regions and Power, previous resource, p.51.

ئاستی ناکۆکی بێت یان دوژمنایەتی و ململانێی نێوانیان، بۆ سەلماندنی بیرۆکەکانیان باس لە پەیوەندی نێوان ئێرانییەکان و عەرەبەکان، تورك و یۆنانییەکان...دەکەن. واتە ئەوان پێیان وایە ئەوەی هەیە بە هەر یەك لە ئاستەکانی دوژمنایەتی یان دۆستایەتی گرێدراوی پێشووترە واتە بەرهەمی ڕابردوویە نەوەك ئێستا.(1)

واتە تەواوی بیریارانی ئەو قوتابخانەیە بە تایبەت بۆزان و وەیڤەر ئاماژە بەوە دەکەن، ئەوەی ئێستا لە نێوان وڵاتاندا هەیە چی بە ئاڕاستەی دژایەتی و ناکۆکی و ململانێ، یان بە ئاڕاستەی دۆستایەتی و متمانە و هاوپەیمانی لە نێوان وڵاتاندا بەشی هەرە زۆری هۆکارەکەی ئەو ژێرخانە مێژووییە کە لە ڕابردوو لە نێوان ئەو وڵاتانەدا بوونی هەبووە، واتە ئەگەر لە کۆندا دوو وڵات مێژووەکەیان زیاتر جەنگ و ناکۆکی و دژایەتی یەکتری بووبێت ئەوا ئێستاش ئەم ڕەوتە زیاتر بەسەر پەیوەندییەکان نێوان ئەو دوو وڵاتەدا زاڵە، بێگومان بە پێچەوانەشەوە. هەروەها ئاماژە بەوەدەکەن کە دەوڵەتان لە دارشتنی ئاسایشی وڵاتەکەیان ڕەچاوی ئاسایشی وڵاتانی هەرێمەکە دەکەن بە تایبەت ئەو وڵاتانەی دراوسێی نزیکی ئەو وڵاتەن، نەکردنی ئەوکارە نائاسایشی بۆ ئەو دەوڵەتە دروست دەکات، تەنانەت ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی دەکەوێتە مەترسی گەورەوە.

**لقی سێیەم: ئاسایشی بکەری نا دەوڵەتی**

قوتابخانەی کۆپنهاگن بایەخیان داوە بەو قەوارانەی کە لە ئاستی دەوڵەت دا نین، یان وردتر بڵێین ئەکتەری نا دەوڵەتین. واتە بیریارانی ئەو قوتابخانە جگە لە ئاسایشی دەوڵەت باس لە ئاسایشی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانیش دەکەن. هەر لەبەر ئەمەشە کە توێژەر بە باشی زانیوە کە قوتابخانەکە بکاتە بنەمای تیۆری بۆ توێژینەوەکەی، چونکە هەرێمی کوردستانیش لە ئێستادا بە ئەکتەرێکی نادەوڵەتی هەژمار دەکرێت.

لەنێو کایەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەردەوام گفتوگۆیەکی چڕ لەسەر بکەرەکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەبووە، بەڵام ئەم مژارە زیاتر بۆتە جێگای باس و گفتوگۆ لە دوای ئەوەی جیهان کۆمەڵێك ڕووداوی گرنگی بەخۆیەوە بینی کە کاریگەریان هەبوو لەسەر ڕووداوەکانی شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەرووی هەموویان ڕووداوەکانی 11 ی سێپتەمبەر لە ئەمریکا و (بەهاری عەرەبی)* ئەوەی لە وڵاتانی عەرەبی لەساڵی (2011) ڕوویدا و کە بووە هۆی ئەوەی کۆتایی بە چەند سیستەمێکی سیاسیی بێت لە ناوچەکە. بەردەوام باس لەوە دەکرێت

---

(1) . د.پەروێز رحیم قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل78.

* بەهاری عەرەبی: ئەم زاراوەیە بۆ شۆرش و خۆپیشاندان و نارەزایەتی هاوڵاتیانی بەشێك لە وڵاتانی عەرەبی بەکاردێت کە لە ساڵی (2011) هاوڵاتیانی ئەو وڵاتانە دژی نا عەدالەتی و زوڵم و زۆرداری ئەو سیستەمە سیاسییانە کردیان دژ بە دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتانە کە بە بەهاری عەرەبی ناسرا، دەرئەنجامی ئەو خۆپیشاندان و نارەزایەتیانە بووە هۆی کۆتایی هێنان و لەسەر کار لابردنی چەند سەرۆکێك لەوانە سەرۆکی تونس و لیبیا و میسر. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: فادى علان على جمعه،دور المثقف فى ثورات الربيع العربى و علاقتة بالسلطة السياسية، رسالة الماجستير غير منشورة، جامعة النجاح الوطنية، فلسطين، 2015، ص48، تأريخ الزيارة 2022/4/14، على الرابط التالى: https://tinyurl.com/3b3kjyrp

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تەنها مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتان دەکات؟ واتە تەنها دەوڵەتانن وەك ئەکتەری سەرەکی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان؟ تەنیا دەوڵەتان دەتوانن مامەڵە لەگەڵ دەوڵەت بکەن وەکو یەکەیەکی شیکردنەوەی سیستەم و سیاسەتی نێودەوڵەتی؟ یان دەبێت چوارچێوەی شیکردنەوەکان فراوان بکرێن و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان و قەوارە نیمچە– سەربەخۆکانی (وەك هەرێمی کوردستان) ببنە جێگەی بایەخی تیۆرییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. یەکێك لە دەرەنجامەکانی ئەو گفتوگۆیە ئەوەبوو کە کیانە نادەوڵەتییەکان ئالێنگارییەکی گەورەن لەسەر تێگەیشتنە کلاسیکییەکان لەسەر چەمکەکانی ڕەوایەتی، سەروەری و دانپێدانان، بۆ پێداچوونەوە و دووبارە وێناکردنەوەی زۆرێك لە چەمك و تیۆرییە باوەکان، بوو بە کارێکی پێویست. واتە ئەو کیانانەی دەوڵەت نین ناکرێت ڕۆڵ و کاریگەریان لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان نادیدە بگیرێت وەك بەشێك لە دەرەوەی سیستەمەکە سەیریان بکرێت، چونکە ئەوانە لە زۆر ڕەهەندەوە ڕۆڵی دیار و کاریگەریان هەیە، بە تایبەت لە سەردەمی ئێستادا بەشێکیان وەکو دەوڵەت ڕەفتاردەکەن، ئەمە سەرباری ئەوەی بەشێك لەوانەی بکەری نادەوڵەتین بە تایبەت کۆمپانیاکان هێز و توانایەکی زۆریان هەیە بە تایبەت لەڕووی ئابوورییەوە کە چەندین بەرامبەری هێزی ئابووری بەشێك لە دەوڵەتانە.[1]

بەڵام ئەمە لە گرنگی دانپێدانانی دەوڵەتی و کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری ئەوانە کەمناکاتەوە لەو مامەڵەیەی لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەیکەن، چونکە پاراستن و بەردەوامی ئەوان لەلایەن دانپێدانانی نێودەوڵەتییەوە گرەنتی نەکراوە، بەتایبەت بەشێکی زۆر لەو کیانانەی هێشتا نەبوونەتە دەوڵەت زۆجار لەلایەن چەند دەوڵەتێکی زلهێزەوە یان دەوڵەتیکی دیاریکراوە پشتگیری و پشتیوانی دەکرێن کە لەو ئەدەبیاتەدا بەو دەوڵەتە دەگوترێت (Patron State)، کە زۆربەی کات ئامانج لەو پشتیوانی و پشتگیرییە بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتەیە کە پشتگیری دەکات، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە مەرج نییە ئەو پشتگیری و پشتیوانییە بەردەوام بێت.[2] ئەگەر سەیری هەرێمی کوردستان بکەین وەك قەوارەیەکی نا دەوڵەتی وڵاتێکی فەرمی دیاریکراو نییە پشتگیری بکات، بەڵکو ئەوەی هەیە پشتیوانی بەشێك لە وڵاتانی ڕۆژئاوایە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان بەگشتی  لە سەرووی هەموویان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە ئەم پشتگیری و پشتیوانییە زیاتر وابەستەی بەرژەوەندییەکان و ستراتیجی ئەمریکایە لە ناوچەکە.

لەگەڵ ئەوەی ئامادەیی کورد وەك قەوارە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا مێژوویەکی درێژی نییە. بەڵام ئەگەر سەیری ئەمە بکەین ئامادەییەکە زیاتر وەك (بەرکار)بووە واتە بەکارهێنراوە، نەك ئامادەیی وەك (بکەرێکی) کارا لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەگەر بەواتایەکی تر ئەمە دەربخەین واتە کورد زۆربەی کات بڕیار بۆ دراو بووە، نەوەك بڕیاردەر واتە بەگشتی بڕیارەکانی لە دەرەوەی خواست و ویستی خۆی بوون، ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سەربەخۆیی سیاسی، لەگەڵ ئەوەی بکەرە نادەوڵەتییەکانیش پێگە و هێزی تایبەت بەخۆیان لە شانۆی

---

[1] . د.کامەران پالانی، هەرێمی کوردستان و گریمانەکانی پیالیزم، ڕێکەوتی سەردان 2022/4/6، ماڵپەری پێنووس:
wk9b5bv4https://tinyurl.com/

[2] . هەمان سەرچاوە.

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەیە، بەڵام سیستەمی نێودەوڵەتی سیستەمێکی دەوڵەت بنەمایە، واتە پشکی شێر زیاتر بۆ دەوڵەتانە لە کارلێکە نێودەوڵەتییەکاندا.[1]

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت لە کۆتایی ئەو بەشەدا، قوتابخانەی کۆپنهاگن جیاواز لە بەشێکی تر لە قوتابخانەکانی تری بواری ئاسایش توانی خوێندنەوەیەکی جیاواز بکاتە بۆ پرسە ئاسایشییەکان و جارێ فراوانکردنی ڕەهەندەکانی ئاسایشی دا، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی توێژەر بە پێویستی زانی کە بنەما تیۆرییەکانی ئەو قوتابخانەیە بکاتە بنەمایەك بۆ باسکردنی ئاڵێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی (2014)ەوە کە ئاڵێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی هەمەجۆرن واتە تەنها لە یەك ڕەهەندا خۆی نابینێتەوە. کۆی گشتی بەشەکە خستنەڕووی چوارچێوەیەکی تیۆری بوو سەبارەت بە ئاشنابوون بە بیرۆکە سەرەکییەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن و خستنەڕووی دیدی ئەوان سەبارەت بە پرسە ئاسایشییەکان، کە لە بەشەکانی دواتردا ئەمانە دەبنە بنەمایەك بۆئەوەی لەژێر ڕۆشنایی ئەو بنەمایانەدا بتوانین ڕاڤەیەکی زانستییانەی ئاڵێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆ لەدوای ساڵی (2014)ەوە بکەین، دواتر باس لە ئاڵێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی بکەین، لەگەڵ خستنە ڕووی پێگەی جوگرافی و جیۆپۆڵەتیکی هەرێمی کوردستان و کاریگەری لەسەر ئاسایشەکەی لە ناوچەکەدا، هەروەها خستنەڕووی پەیوەندی نێوان وڵاتان لەناو کۆمەڵەی ئاسایشییەکەدا، هەروەها پیشاندانی دابەشبوونی جەمسەرگیرییەکان و دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێز لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە، کە ئەمە سیمایەکی دیار و جیاکەرەوەی ناوچەکەیە.

---

[1] . ئەنوەر محمد فەرەج و زانا کەریم نەجم، ئامادەیی هەرێمی کوردستان–عێراق وەك بکەرێکی نا–دەوڵەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، مجلە جامعە التنمیە البشریە، المجلد8، العدد 4 (2022)، ل126.

# بەشی دووەم

## ئالێنگارییەکانی بەردەم ئاسایشی هەرێمی کوردستان: بەپێی ڕەهەندەکانی ئاسایش

**دەستپێك:**

دوای دروستبوونی هەرێمی كوردستان وەك كیانێكی سیاسی، هەرێم لە سەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەكی ئاسایشەكەی چەندین ئالێنگاری جۆراوجۆر بەرۆكی گرتووە، بەڵام ساڵی (2014) بووە هۆی دەروازە و كردنەوەی چەندین ئالێنگاری بەڕووی ئاسایشی ناوچەكە و عێراق بە گشتی و هەرێمی كوردستان بە تایبەتی، پرسی هاتنی داعش لەڕووی سەربازییەوە هەرێمی دووچاری چەندین ئالێنگاری سەخت كردەوە، ململانێكانی نێوان هەرێم و بەغداد گەیشتە ئاستی بەكارهێنانی دژ بە یەكتری و بڕینی بودجەی هەرێم، ئەمە سەرباری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ساڵی (2017) كە لێكەوتەی گەورەی لەسەر هەرێمی كوردستان جێهێشت بە تایبەت لە دەستدانی بەشێكی زۆر لە خاكەكەی و سەرچاوە ئابوورییەكانی، ململانێی توندی حیزبی و پێكدادانی بەرژەوەندی نێوان هێزە سیاسییەكان بوونە هەڕەشەی جدی لەسەر پێگەی هەرێمی كوردستان.

لەبەشی یەكەمی توێژینەوەكەماندا بەشێوەیەكی گشتی چێوەیەكی تیۆریمان سەبارەت بە ئاسایش و قوتابخانەی كۆپنهاگن خستەڕوو، وەك بناغەیەك و دەروازەیەك بۆ پیادەكردنی تێزەكانی تیۆرەكە بەسەر هەرێمی كوردستاندا. ئالێنگارییەكان هەمە جۆرن تەنها لە یەك ڕەهەندەوە نین، هەرێم لە بەردەم هەڕەشەیەكی جددیدایە لە سایەی ئەو ئالێنگارییانەوە. لەم بەشەدا هەوڵدەدەین بەشێك لە ئالێنگارییەكانی ئاسایشی هەرێمی كوردستان بخەینەڕوو ئەویش بەپێی ڕەهەندەكانی ئاسایش (بەشێكی تری ئالێنگارییەكانیش لە بەشی سێهەمدا باس دەكەین)، ئەم بەشەش بە خستنەڕووی باسێكی ڕێخۆشكەر (كە تایبەتە بە ناساندنێكی كورتی هەرێمی كوردستان) دەستپێدەكەین و دوو باسی سەرەكیمان دەبێت، لە باسی یەكەمدا باسی ئالێنگارییەكانی ئاسایشی هەرێمی كوردستان لە ڕەهەندی سیاسی و سەربازییەوە دەكەین كە بەشی زۆری ئالێنگارییەكانی تریش زیاتر پەیوەستن بەم دوو ڕەهەندەوە، لە باسی دووەمدا باس لە ئالێنگارییە ئابووری و كۆمەڵگەیی و ژینگەییەكان دەكەین.

## باسی ڕێخۆشكەر: ناساندنێكی هەرێمی كوردستان

دوای ئەوەی حكومەتی عێراق لە جەنگی كەنداو تووشی شكستی گەورە هات، هاونیشتیمانیانی كوردستان ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە و ڕاپەرینی لە پارێزگاكانی (سلێمانی، دهۆك، هەولێر، كەركوك) بە سەركردایەتی بەرەی كوردستانی لە ڕێكەوتی (5–1991/3/21) ئەنجامدا، بەمەش كۆمەڵێ دەرئەنجامی سیاسی هێنایە كایەوە و هەرێم بووە دیفاكتۆ لە ناوچەكە، بەڵام دوای ئەوەی كۆمەڵێ گۆڕانكاری و پێشهاتی نوێ هاتە كایەوە، حكومەتی عێراق توانی دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرێتەوە.(1)

دوای ئەوە دەسەڵاتی بەعس شاڵاوێكی گەورەی بۆ دەست بەسەرداگرتنەوەی ئەو ناوچانە ئەنجامدا و سەرەنجام گەلی كورد بڕیاریان دا ژێردەستەیی ڕەت بكەنەوە بەمجۆرە كۆڕەوی ملیۆنی سەریهەڵدا. كۆڕەوی ساڵی (1992) كۆدەنگی بوو لە ڕەتكردنەوە بەڵام دواجار كۆمەڵگای نێودەوڵەتی هاتە دەنگ و هەستی بە بوونی پێویستی ناوچەی (نەوای ئارام) بۆ

---

(1) . ئەكرەم ئیسماعیل فەقێ، ئەزموونی دیموكراسی و خواستی چاكسازی لە هەرێمی كوردستان– عێراق: توێژینەوەیەك لە دەروازەی گەشەپێدانی سیاسی و پێویستییەكانی دەوڵەتسازی، تێزێكی دكتۆرایە لە زانكۆی سەلاحەدین، كولێجی زانستە ڕامیارییەكان، هەولێر، نیسانی 2021، ل174.

کورد کرد بۆ پاراستنی لە دەست ئەو زۆرداریەی بەعس، بەمجۆرە بڕیاری (688)*[1] ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەرچوو بۆ پاراستنی کوردەکان، بەمجۆرە ئەمە یەکەمین بڕیار بوو کە دۆزی کوردی لەمەسەلەیەکی عێراقیەوە کرد بە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتی، بەڵام لە (23 تشرینی یەکەمی ساڵی 1991) لەناکاو بڕیاری دا ئیدارەکانی لە ناوچەکە بکشێنێتەوە، بەمەش بۆشایی ئیداری و یاسایی و دروستبوو و بەرەی کوردستانی ئەم بۆشاییەی پڕ کردەوە و کاروباری ئەو ناوچانەی گرتە دەست، .[2]

دوای ئەوەی بەغداد دام و دەزگاکانی لە هەرێمی کوردستان کشاندەوە و هەرێمی کوردستان بوو بە دیفاکتۆ، هەنگاونرا بەرەو ئەوەی کە دام و دەزگای شەرعی و یاسایی لە هەرێمی کوردستان دروست بکرێت و کوردستان بەرەو قۆناغێکی تر بچێت، بۆیە لە ڕێکەوتی (1992/5/19) پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ یەکەم پەرلەمانی هەڵبژێردراو لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، دواتر یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێم لە (5ی تەمموزی 1992) دامەزرا، لە (4 تشرینی دووەمی 1992) پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا، کە شێوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی لەسەر شێوەی پەیوەندیی فیدراڵی بێت.[3]

ئەمە زۆر درێژەی نەکێشا جارێکی تر دۆزی کورد هەنگاوی بەرەو دواوە نا، چەندین شەڕی ناوخۆیی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێم ڕوویدا، بەتایبەت دوو هێزی سەرەکی و باڵادەست کە پارتی و یەکێتی بوون لە هەرێمی کوردستان شەڕ لە نێوانیاندا ڕوویدا، بەمجۆرە یەکێك لە ڕۆژگارە هەرە تاریك و ناخۆشەکانی مێژووی گەلی کورد دەستی پێکرد، هەرێمی کوردستان چووە ناو شەڕی براکوژی (شەڕی ناوخۆییەوە) کە پێگەی کوردستانی لاواز کرد، ئەمە جگە لەوەی هەزاران قوربانی گیانی و ماددی لێکەوتەوە و تاوەکو ئێستاش شوێنەوارەکانی ئەو شەڕە هەر ماوە و هەستی پێدەکرێت، بەڵام دواجار ئەم دوو هێزە سەرەکییە بە ناوبژیوانی ئەمریکا ڕێککەوتنامەی (واشنتۆن)یان لە ساڵی (1998) واژۆ کرد، بەم شێوەیە جۆرێك لە ئارامی و ئاسایش گەڕایەوە بۆ کوردستان و دواتر هەنگاوەکانی ئاساییکردنەوەی دۆخەکە باشتربوون و بەرەو ئاسایی بوونەوە هەنگاویان نا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دوای 11 ی سیپتەمبەر بە هاوکاری ئۆپۆزسیۆنی عێراقی عێراقی داگیرکرد و هەرێمیش هاوکاری بوو، بەمەش هەرێم چووە قۆناغێکی نوێوە.[4]

---

[1] . * دوای ڕاپەڕینی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە بەهاری ساڵی 1991، دواتر هەوڵی حکومەتی عێراقی بۆ دەست بەسەرداگرتنەوەی ئەو ناوچانە، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی کۆڕەو لە هەرێمی کوردستان و هەزاران کەس ماڵ و شوێنی خۆیان جێهێشت، سەرەنجام ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە 5ی نیسانی 1991 بڕیاری 688 دەرکرد پێی وابوو ئەمە هەڕەشەیە بۆ ئاسایش و ئاشتی ناوچەکە، یەکەمجار بوو دۆزی کورد بچێتە ناو سەکۆی گەورەترین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، ئەنجومەنەکە داوایکرد عێراق ئەو سەرکوتکارییە ڕابگرێت و ڕێگە بدرێت هاریکاری بگەیەنرێتە ئەو ناوچانە، کە دەرەنجام دروستکردنی ناوچەی ( نەوای ئارام)ی لێکەوتەوە.

القرارات التي اتخذها مجلس الأمن في عام 1991، موقع الأمم المتحدة، على الرابط التالي: https://2pw.6CIBu4u

[2] . شەماڵ عبدول وەفا، سروشتی یاسایی بڕیاری 688چۆنیەتی کاراکردنی ،لەبڵاوکراوەکانی م.بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی، 2003، ل22.

[3]. ئاوات شیخ جەناب و بەکر صدیق، کاریگەری بەجیهانیبوون لەسەر سەرداریەتی دەوڵەتان، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی، ل78.

[4]. د.عمر نورالدینی، سەروەری دەوڵەت و نەتەوە و پەیوەندی بە دۆزی کوردەوە، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری سیاسی بەراوردکارییە، کوردستان، 2006، ل12.

دوای چەندین جار ئاگادارکردنەوە لەلایەن ئەمریکا و بەشێکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە بیانووی ئەوەی عێراق چەکی کۆکوژی هەیە و لەناویان نابات و پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدە هەیە، کە دواتر هەردووکیان لە دانپێدانانی خۆیاندا ڕاست دەرنەچوون، سەرەنجام کۆنگرێسی ئەمریکا پلانی داگیرکردنی عێراقی پەسەند کرد، لە 10 ی ئۆکتۆبەری (2002) کۆنگرێسی ئەمریکا بڕیاری بەکارهێنانی هێزی سەربازی دژی عێراق دا.[1]

کورد ڕۆڵێکی باڵای بینی لە ڕوخاندنی رژێمی عێراقی ، چ لە بەشداریکردن لە کۆبونەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و کۆنگرەی لەندەن و چەندین کۆبونەوەی تری هەماهەنگی کار لەگەڵ ئەمریکی و بەریتانییەکان، هەم پشتیوانی سەربازی و بەشداری پێشمەرگە لە ئازادکردن و پێشڕەویکردن بۆ هەندێ ناوچە بۆ ئازادکردنیان. دوای ئازادی عێراقیش هەنگاوێکی گرنگ هاتە پێشەوە کە پرۆسەی نووسینەوەی دەستورێکی تازەبوو بۆ عێراق.[2]

بۆیە شێوەی دەوڵەتی عێراق بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی عێراق گۆڕدرا لە دەوڵەتێکی سادەوە بۆ دەوڵەتی فیدراڵ، دوای ئەوە لایەنە سیاسییەکانی هەرێم و حکومەتی هەرێم بەشداریان لە پرۆسەی سیاسی عێراق و بنیادنانەوەی عێراق کرد، بەمجۆرە کورد یەکێك لە 3 پۆستە سەرۆکایەتیەی عێراقی وەرگرت کە پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق بوو، هەروەها بەشداری لە کابینە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق کرد و چەندین وەزیر و پۆستی تری وەرگرت.[3]

هەرچی پەیوەست بوو بە دەستورەوە، وا پێویستی دەکرد کە دەسەلاتەکانی حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان دیاری بکرێن (هەرچەندە تاوەکو ئێستا هەرێمی کوردستان تاکە هەرێمە لە عێڕاقدا) بەمجۆرە دەستوری 2005 ی عێراق ئەو دەسەڵاتانەی لە دەروازەی چوارەم (مادەکانی 109 تاوەکو 115) ڕێکخست، بەپێی ئەمەش دەسەلاتەکان سێ جۆر بوون:[4]

1- ئەو دەسەڵاتانەی تەنها دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵن.

2- ئەو دەسەڵاتانەی هاوبەشن لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان.

---

[1]. لوقمان مەحۆ، دۆزی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا، و.عبدالکریم عزێری، بنکەی ژین، سلێمانی، 2009، ل41.

[2]. د.عمر نورالدینی، سەروەری دەولەت و نەتەوە و پەیوەندی بە دۆزی کوردەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل58.

لە 19 ئاداری ساڵی 2003 یەکەم هێرشی سەربازی ئەمریکا بۆ سەر ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق دەستی پێکرد. دوای چەند ڕۆژێك توانی بەغدادی پایتەخت بگرێت و کۆتایی بە رژێمی صدام حسێن بهێنێت لە 2003/4/9. دوای ئەوە ئەمریکا هەوڵی دروستکردنی ئیدارەیەکی کاتی بۆ عێراق دا، بەمجۆرە نوسینگەیەکی بەناوی نوسینگەی (ئاوەدانکردنەوەی عێراق و یارمەتیە مرۆییەکان) کردەوە کە (جای گارنەر)ی کردە سەرپەشتیاری ئەم نووسینگەیە، دواتر کەسێکی تر بە ناوی (پۆل بریمەر) جێگای گارنەری گرتەوە و بوو بە حاکمی مەدەنی عێراق. (لوقمان مەحۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل29).

[3]. ڕەشید مەلا علی کۆلەکی، ڕێککەوتنامەی سایکس بیکۆ و دابەشکردنەوەی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست، چاپخانەی وەزارەتی روشنبیری، هەولێر، 2016، ل17.

[4]. دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی 2005، لە بلاو کراوەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، 2005، ل ل62-66.

3- ئەو دەسەڵاتانەی تەنها دەسەڵاتی هەرێمەکانن.

پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد بە چەندین قۆناغی جیاوازدا ڕۆیشتووە، لەوکاتەوە تاوەکو ئێستا چەندین دۆسیەی گرنگ و کێشەدار هەن بە هەڵواسراوی ماونەتەوە کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

أ.کێشەی خاك (کە خۆی لە ماددەی 140) و چەند ماددەیەکی تردا دەبینێتەوە، بە تایبەت بۆ ئاساییکردنەوەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

ب. بابەتی بودجە و دارایی، کە ئێستا گەیشتۆتە خراپترین ئاست، تا کار گەیشتە ئەوەی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان بردرا لەلایەن بەغدادەوە.

ج.دۆسیەی نەوت و سامانی سروشتی.

د.دۆسیەی فرۆکەخانە و دەورازە سنووریەکانی هەرێم.

ه. بەشداری کورد لە دامودەزگاکانی حکومەتی ناوەند، بە تایبەت لەناو هێزە ئەمنییەکان.[1]

هەموو ئەمانە و چەندین کێشەی تر، بوّتە هۆی ئەوەی کە نەتوانرێت پەیوەندیەکی باش لە نێوان هەرێم و بەغداد هەبێت، تاوەکو سەرەنجام لە مانگی ئەیلولی 2017 گەلی کورد لە پرۆسەی ریفراندۆمدا بریاری سەربەخۆیی دا.

لە هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی بەردەوام بوون بۆ ئەوەی کوردستان ببێتە خاوەن دەستورێکی تایبەت بەخۆی، هەرچەندە هەوڵەکان بەکۆتا نەگەیشتوون، لە ئێستادا هەرێمی کوردستان وەك تاکە هەرێمی فیدراڵی لە عێراقدا، خاوەنی ئەو دامودەزگایانەی خوارەوە کە بەکورتی ئاماژەیان پێدەدەین:

**یەکەم: پەرلەمانی کوردستان**

باڵاترین دامەزراوەی یاسادانانە لە هەرێمی کوردستان، کە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان هەر چوار ساڵێك بە دەنگدانی ڕاستەوخۆ و نهێنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هەڵدەبژێرن، تاوەکو ساتی نوسینی ئەم توێژینەوە پەرلەمانی کوردستان لە خولی پێنجەمی خۆی دایە. ماوەی نێوان خولی یەکەم بۆ دووەم بەهۆی شەڕی ناوخۆ لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دواکەوت، لەو خولەدا بە پێی یاسای هەڵبژاردن هەر هێزیك نەیتوانیبا ڕێژەی 7٪ بەدەست بهێنێت بێ بەش دەبوو لە بەدەستهێنانی کورسی، بۆیە لەو خولەدا بە پێی بڕیاری سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لە ڕێکەوتی (1992/4/8) (5) کورسی بۆ پێکهاتەی مەسیحیەکان تەرخانکرا، (4) کورسی بۆ بزوتنەوەی دیموکراسی ئاشوری، یەك کورسیش بۆ لیستی یەکگرتووی مەسیحییەکان.[2]

---

[1]. د.خلیل اسماعیل محمد، دۆزی کورد لە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانی (ی.ن.ك)، سلێمانی، 2012، ل169.

[2]. مێژووی هەڵبژاردن، پێگەی فەرمی پەرلەمانی کوردستان، ڕێکەوتی سەردان 2022/4/21: cs4https://tinyurl.com/mrref

بۆ ئەنجامدانی خولی شەشەم (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (2022/2/24) داوای لە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد لە ڕێکەوتی (2022/10/1) هەڵبژاردنی خولی شەشەم ئەنجام بدرێت. بەڵام بەهۆی ڕێکنەکەوتنی نێوان لایەنەسیاسییەکان، لە سەرووی هەموویان یاسای هەڵبژاردن، هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان دواخرا.[(1)]

**خشتەی ژمارە (3)**

زانیاری تایبەت بە خولەکانی پەرلەمانی کوردستان

| ژمارەی خول | ژمارەی کورسی | ماوەی خول | ژمارەی پارت و هاوپەیمانیەتە بەشدارەکان | ژمارەی ئەوانەی توانیان کورسی بەدەست بێنن |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| خولی یەکەم | 105 | 2005 – 1992 | 7 | 2 |
| خولی دووەم | 111 | 2009 – 2005 | 13 | 3 |
| خولی سێهەم | 111 | 2013 – 2009 | 24 | 11 |
| خولی چوارەم | 111 | 2018 – 2013 | 31 | 17 |
| خولی پێنجەم | 111 | 2022 – 2018 | 29 | 16 |

تێبینی: کۆکردنەوەی زانیارییەکان و پوختەکردن و خستنەڕوویان لە خشتەی ژمارە (3) لەلایەن توێژەرەوە بووە، بە پشت بەستن بەم لینکە لە پێگەی فەرمی پەرلەمانی کوردستان:[(2)]
cs4https://tinyurl.com/mrref

ئەم خشتەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، هەرخولێکی پەرلەمان چەند کورسی بووە، ماوەی خولەکە چەند بووە چونکە بەشێك لە خولەکان درێژکراونەتەوە، هەروەها پیشاندانی ژمارەی پارت و هاوپەیمانیەتە بەشدارەکانی هەرخولێك لەگەڵ خستنەڕووی ژمارەی ئەو پارت و هاوپەیمانیەتیانەی توانیویانە کورسی بەدەستبهێنن.

**دووەم: سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

ئەگەرچی وا بڕیاربوو لە یەکەمین هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان، لە (1992/5/19) هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ڕێبەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەڵبژێردرێت، بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ڕێبەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، کاندیدی براوە پێویست زۆرینەی ڕەها بەدەست بهێنیت بەڵام هیچ یەك لە کاندیدەکان نەیتوانی ئەو ڕێژەیە بەدەستبهێنێت.[(3)]

دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی (2005) بە پێی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (2005) یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئەم پۆستە کاراکرایەوە وەك یەکێك لە پۆستە باڵاکانی دەسەلاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان، بووە پۆستی باڵای ڕاپەراندن لە هەرێمی کوردستان، بەپێی یاساکە سەرۆکی هەرێم چەندین دەسەلاتی هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، سەرۆك فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکانە. بەمجۆرە لە 31 کانونی یەکەمی ساڵی 2005 (مسعود

---

(1). هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان، پێگەی ئەلیکترۆنی (knn)، ڕێکەوتی سەردان 2022/4/22: 6u.pw/Qduo2https://

(2). خولەکانی پەرلەمان، پێگەی فەرمی پەرلەمانی کوردستان، ڕێکەوتی سەردان 2022/4/22: cs4https://tinyurl.com/mrref

(3). بڕوانە یاسای ژمارەی (2)ی ساڵی (1992) یاسای هەڵبژاردنی ڕێبەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لە خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان.

بارزانی) وەك یەكەمین سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرا.[1] دواتر بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی گەل بوو بە سەرۆكی هەرێمی كوردستان، چەند جارێك ویلایەتی سەرۆكی هەرێم درێژكرایەوە. لە ئێستادا بەپێی ئەنجامی دوایین دەنگەكانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە (2018/9/30)، ( نێچیرڤان بارزانی) وەك سەرۆكی هەرێمی كوردستان بەردەوامە دوو جێگری هەیە، یەكێك لەسەر پشكی بزوتنەوەی گۆڕان ئەوی تریش لەسەر پشكی یەكێتی.

**سێیەم: حكومەت (ئەنجومەنی وەزیران)**

لایەنی دووەمی دامەزراوەی ڕاپەڕاندنە لە هەرێمی كوردستان، دوای ئەوەی گەلی كوردستان ڕاپەڕینی دژ بە هێزەكانی ڕژێم كرد، بەمجۆرە بۆشایی یاسایی و ئیداری لەو ناوچە ئازادكراوانە دروست بوو.[2]

بەمجۆرە یەكەمین كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ڕێكەوتی (1992/7/4) پێكهات، كە پێكهێنەری سەرەكی حكومەت پارتی و یەكێتی بوون، بە گوێرەی یاسای ژمارەی (3) ی ساڵی (1992) یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان، یەكەمین كابینە پێكهات.[3]

بەهۆی دروستبوونی شەڕی ناوخۆ كابینەكان بە جیا بەڕێوەدەبران، سەرەنجام لە ساڵی (2006) كابینەكان یەكیان گرتەوە بۆ پێكهێنانی كابینەی شەشەم، بەگوێرەی ئەنجامی دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە (2018/9/30) كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێم پێكهات، لەلایەن (پارتی و یەكیتی و گۆڕانەوە) بە سەرۆكایەتی (مەسرور بارزانی)، كابینەكە لە ڕێكەوتی (2019/7/10) متمانەی پەرلەمانی كوردستانی بەدەستهێنا، ئێستا درێژە بەكارەكانی خۆی دەدات.[4]

لەگەڵ ئەوەی لە 2022/11/6 كاتی یاسایی ئەم كابینەیە تەواو بووە، پەرلەمانی كوردستان خوێندنەوەی دووەمی بۆ پڕۆژە یاسای درێژكردنەوەی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان كردووە كەئەمەش واتە درێژكردنەوەی تەمەنی كابینەكە، بەپێی پڕۆژە یاساكە تەمەنی ئەم كابینەیە تاوەكو كۆتایی وەرزی یاسادانی پاییزەی ساڵی 2023 درێژ دەكرێتەوە واتە لە ئەركەكانی بەردەوام دەبێت.[5]

**چوارەم: دەسەڵاتی دادوەری**

ئەم دەسەڵاتەش یەكێكی ترە لە دەسەڵاتە گرنگەكان، تەواوكەری دەسەڵاتەكانی ترە لە وڵاتاندا. ئەمیش بە هەمان شێوە دوای كشانەوەی دامودەزگا دادوەریەكانی حكومەتی عێراقی، هەرێمی كوردستان پێویستی بە دامەزراندنی دەسەڵاتی دادوەری هەبوو، بۆ جێبەجێكردنی یاساكان و گرتنەبەری و بڕیاردانی ڕێكاری پێویست. ڕەگ و ڕیشەی دامەزراندنی دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردستان دەگەڕێتەوە بۆ یاسای ژمارە (14)ی ساڵی (1992) یاسای

---

[1] . بڕوانە یاسای ژمارەی (1)ی ساڵی (2005) یاسای سەرۆكایەتی هەریمی كوردستان، لە خولی دووەمی پەرلەمانی كوردستان.

[2] . مەوفەق پیرە، مێژووی دروستبوونی كابینەكانی حكومەتی هەرێم، لە بلاوكراوەكانی دەزگای موكریان، هەولێر، 2007، ل18.

[3] . بڕوانە یاسای ژمارەی (3)ی ساڵی (1992) یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان، لە خولی یەكەمی پەرلەمانی كوردستان.

[4] . كابینەی نۆیەمی حكومەت، ماڵپەری فەرمی حكومەتی هەرێمی كوردستان، ڕێكەوتی سەردان 2022/4/23:
/https://gov.krd/government/the-cabinet

[5] . پڕۆژە یاسای بەردەوامبوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان، پێگەی فەرمی پەرلەمانی كوردستان، ڕێكەوتی سەردان 2022/4/25: https://tinyurl.com/467f5p6x

دادوەری لە هەرێمی کوردستان[1]. بەپێی ئەم یاسایە دەسەڵاتی دادوەری سەرپەرشتیاری کاروباری دادوەری لە کوردستان دەکرد .

ئەم دۆخە دادوەریە درێژەی کێشا تاوەکو دەرچوونی یاسای ژمارە (23)ی ساڵی (2007) یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان. پێی ئەم یاسایە یاسا کۆنەکە هەڵوەشایەوە، لە برگەی کۆتایی و هۆکارەکانی دەرچوواندنی دا ئاماژە بەوە کراوە، کە دەسەڵاتی دادوەری لە وەزارەتی داد جیادەکرێتەوە، ئەوەی یەکەمیان پەیوەست دەبێت بە ئەنجومەنی دادوەری، ئەوەی دووەمیان سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دەبێت، ئەمەش لە پێناوی پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی زیاتری دەسەڵاتەکان لە یەکتری.[2] بۆیە لە ئێستادا بەپێی برگەکانی یاسای ژمارە (23)ی ساڵی (2007) ئەنجومەنی دادوەری باڵاترین دەسەڵاتی دادوەریە لە هەرێمی کوردستان.

هەرێم لە ئێستادا چوارچێوەیەکی یاسایی وەرگرتووە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی جیهان بەردەوام بن، ژمارەیەکی زۆر نوێنەرایەتی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، توانیویەتی جۆرێك لە دبلۆماسیی پەیڕەوبکات بە (پارادبلۆماسیی) ناودەبرێت، لە هەمان کاتدا لە هەندێ بواردا توانیویەتی بگاتە ئاستی (پرۆتۆدبلۆماسیی).[3]

ئەم ئاستە لە دبلۆماسییەتی هەرێمی کوردستان و گرژی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد لە دوای ساڵی (2014) وایکرد هەرێمی کوردستان بخاتە بەردەم بژاردەی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستان لە (2017/9/25)، بەمجۆرە (92٪) خەڵك بە بەڵێ دەنگییان بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دا، ریفراندۆم نیگەرانی گەورەی وڵاتانی جیهان و هەرێمی و حکومەتی عێراقی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی چەندین دەرئەنجامی بۆ سەر هەرێمی کوردستان لێ بکەوێتەوە، تارادەیەك هەرێم تووشی پاشەکشەیەکی گەورەی سیاسی ببێت، لە سەرووی هەموویان پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی لەگەڵ بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهان، لە دەستدانی بەشێکی زۆر لە خاکی هەرێمی کوردستان و سەرچاوە داراییەکانی بە تایبەت بیرە نەوتەکان...هتد، بەمجۆرە ژینگەی ناوخۆیی و هەرێمی جیهانی یارمەتیدەر و پشتیوان نەبوون بۆ سەرکەوتنی ئەنجامی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان.[4]

لە ئێستادا ئەوەی هەیە لە هەرێمی کوردستان و گرنگە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە بریتییە لە قۆرخکاری دووانەیی لە لایەن دوو هێزی باڵادەست لە کە بریتین لە ( یەکێتی و پارتی)، ئەم قۆرخکارییە دووانەییەش بەشی هەرە زۆری سێکتەرەکان بە تایبەت لە سێکتەری سەربازی و ئەمنی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان گرتۆتەوە، بەجۆرێك کەم سێکتەر هەیە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەوان، ئەمەش وایکردووە بوونی کێشە و گرفت لە نێوان ئەم دوو هێزە سیاسییە ببێت بە هەڕەشەی جددی لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان. بۆیە هەوڵدەدەین لە باسەکانی تری ئەم توێژینەوەیەدا تیشك بخەینە سەر هەموو ئەو ئاڵێنگارییانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە بە تایبەت لە دوای ساڵی (2014)ەوە.

---

(1) . بڕوانە یاسای ژمارەی (14)ی ساڵی (1993) یاسای دادوەری لە هەرێمی کوردستان، لە خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان.

(2) . بڕوانە یاسای ژمارەی (23)ی ساڵی (2007)یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، لە خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان.

(3) . د.دانا علی ساڵح بەرزنجی، پەیوەندییە دبلۆماسی و کونسوڵییەکان، چاپخانەی پاشا، سلێمانی، 2020، ل329.

(4) . د.جلال حسن مستەفا، هەرێمی کوردستان لەدوای ریفراندۆم: ڕەگوڕیشەی شکستەکان، پێگەی فەرمی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ڕێکەوتی سەردان 2022/4/27: https://www.centerfs.org/referendum-failure-roots/

## باسی یەکەم: ئاڵێنگارییە سیاسی و سەربازییەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی ڕەهەندەکانی ئاسایش لە دوای ساڵی 2014

هەرێمی کوردستان دووچاری چەندین ئاڵێنگاری هەمەجۆر بۆتەوە، بەڵام لە دوای ساڵی (2014) قۆناغێکی جیاوازە لە تەمەنی سیاسی و سەربازی ئەم هەرێمە، بەوەی چەندین ڕووداوی گرنگ ڕوویاندا (هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی توێژەر ئەم کاتە هەڵبژێرێت بۆ توێژینەوەکەی) کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە سەر تەواوی جومگەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان هەبووە، هەر لەبەر ئەمەشە هەرێمی کوردستانی دووچاری چەندین ئاڵێنگاری بوو، کەشوێنەوار و لێکەوتەکانی بەشێکیان تاوەکو ئێستاش لەسەر هەرێمی کوردستان دیارە.

لەم باسەدا تیشك دەخەینە سەر ئاڵێنگارییە سیاسی و سەربازییەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی (2014) بە لەبەرچاوگرتنی بنەما تیۆرییەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن، جێبەجێکردنی بە سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەی ئاسایشی هەر ناوچەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەم باسەش دابەشی دوو تەوەری سەرەکی دەکەین، لە تەوەری یەکەمدا باس لە ئاڵێنگارییە سیاسییەکان دەکەین، لە تەوەری دووەمدا باس لە ئاڵێنگارییە سەربازییەکان دەکەین.

### تەوەری یەکەم: ئاڵێنگارییە سیاسییەکان

بێگومان تەواوی ڕەهەندەکانی ئاسایش گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ڕەهەندەکانی تریش زیاتر گرێدراوی ئەم ڕەهەندەن، بۆیە لەم تەوەرەدا بە چەند خاڵێك تیشك دەخەینە سەر ئەم ڕەهەندەی ئاسایش.

لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا، تیشکمان خستە سەر گرنگترین ئەو ئاڵێنگارییە سیاسییانەی تووشی دەوڵەتان دەبن لە دیدی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە، بۆیە هەوڵدەدەین هەموو ئەوانەی باسکراون لەسەر هەرێمی کوردستان ئەزموونیان بکەین، ئەوەی باسیش نەکراوە یان ئاماژەی پێ نەدراوە توێژەر بە گرنگی زانیوە بۆ دەوڵەمەندکردنی زیاتری بابەتەکە لە ڕووی زانستییەوە ئاماژەی پێدەدەین، ئاڵێنگارییە سیاسییەکانیش لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو.

#### یەکەم: ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکان و کاریگەری لەسەر ئاسایشی قەوارەی هەرێم

ململانێی توندی ئایدۆلوجی لەسەر ئاستی ناوخۆ دەبێتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی وڵات ( لەگەڵ ئەوەی لە هەرێمی موردستان هەیە بەشی زۆری سیاس. سەبارەت بە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی هەنگاوەکانی دروستبوونی حکومەت و پەرلەمان و دامودەزگای شەرعی لە کوردستان هەنگاوێکی گرنگ و پۆزەتیف بوو بۆ کوردستان، بەڵام دواتر ئەمە ڕووبەڕووی چەندین ئاڵێنگاری بووەوە کە هەڕەشەی جدی و مەترسیداربوون لەسەر ئاسایشی هەرێم، دەستپێکی ئەمەش لە شەڕی ناوخۆ لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەستی پێکرد، ئەمە بووە مایەی ئەوەی هەرێم دووچاری قەیرانی گەورەبێت، تاوەکو ئێستاش لێکەوتە و شوێنەوارەکانی ئەو شەڕە بەزەقی ماون و هەستیان پێدەکرێت و بوو بە سەرەتای دابەشکارییەکی سیاسی خراپ لە کوردستاندا.[1]

یەکێك لە کێشە هەرە گەورەکانی کوردستان دابەشکاری سیاسییە کە ئەم دابەشکارییە بۆتە هۆی دروستبوونی قۆرخکاری دووانەیی و شۆڕ بۆتەوە بۆ هەموو ئاست و سێکتەرەکان، لە کاتی بوونی هەر کێشەیەك یان قەیرانێکی سیاسی

---

[1] . ئەحمەد عوبێد، شەڕی ناوخۆی کوردستان زیان و لێکەوتەکان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریان، هەولێر، 2009، ل18.

ئەو دابەشکاریە زیندوو دەبێتەوە دوورنییە کوردستان بگەڕێتەوە هەنگاوەکانی سەرەتای لەڕووی سیاسییەوە، بۆیە نەتوانراوە ئەو واقعە سیاسییەی لە هەرێمی کوردستان هەیە چارەسەر بکرێت، هەنگاوی جددیش بۆ چارەسەری ئەو پرسە بریتییە لەوەی حکومەت سەرپەرشتی (دارایی و بەرگری و پەیوەندییەکان) بکات و مەلەفەکانی تر بۆ پارێزگاکان جێ بهێڵرێت.[1]

لە زیندووترین نمونەدا ئەگەر سەیری پێکهاتەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، پێکهێنەرانی کابینەکە بریتین لە (پارتی و یەکێتی و بزوتنەوەی گۆڕان) بە پلەی یەکەم، حیزبی (سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان) و پێکهاتەکانی هەرێم، تەنانەت ململانێی سیاسی نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێم هەڕەشەیەکی جددی و مەترسیدارە لەسەر جێگیری سیاسی ئەم حکومەتە و کاریگەری گەورەی لەسەر ڕەوایەتی حکومەتی هەرێم هەبووە، چونکە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەك یەکێك لە هێزە پێکهێنەرەکانی حکومەت چەندین جار هەڕەشەی کشانەوەی لە حکومەتی هەرێم کردووە، ئەمەش زۆرجار کابینەی حکومەتی تووشی ناسەقامگیری سیاسی و شپرزەیی کردووە، بەمەش هەڕەشەی گەورە بووە لەسەر ئاسایش و سەقامگیری سیاسی و ئیداری حکومەت لە هەرێمی کوردستان.[2]

وەك ئاماژەمان پێدا بەهۆی ئەوەی هەرێم تووشی ئەم قۆرخکاریە دوانەییە بووە لە لایەن یەکێتی و پارتی، کشانەوەی یەکێکیان واتە نەبوونی دەسەڵاتی تەواوەتی حکومەت بەسەر کاروباری ئەو سنوورە چونکە لە واقعدا ئەوکات دەسەڵاتی یەکەم بۆ هێزی باڵادەست دەبێت نەوەك حکومەت، ئەم تایبەتمەندییەشە کە وادەکات هەرێم جیاواز بێت لە وڵاتانی تر، چونکە لە سیستەمێکی سیاسیی تەندروست و دیموکراسیدا کشانەوەی هێزێکی سیاسی لە کابینەی حکومەت ئاساییە و لەزۆر وڵاتانی تردا هەیە، بەڵام بەهۆی ئەمەی هەیە کشانەوەی یەکێکیان و ناکۆکی نێوانیان لە هەرێم ئەمە دەبێتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

لە کاتی نووسینی ئەم باسەی توێژینەوەکە ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتی و پارتی گەیشتە ئاستی لوتکە، قوباد تاڵەبانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و جێگری سەرۆکی حکومەت (کە باڵاترین پۆستی یەکێتییە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم) بەشداری دوو کۆبونەوەی هەفتانەی ئەنجومەنی وەزیرانی لە ڕێکەوتی (10/26 و 11/9– 2022) نەکرد، لەگەڵ چەند وەزیرێکی تری یەکێتی، لە دوای سەری ساڵی (2023) درێژەی کێشاوە بۆ بایکۆتی بەردەوام، ئەم بەشداری نەکردنەش پەیوەستە بە ململانێکانی نێوان ئەم دوو هێزە سیاسییە لەسەر چەند پرسێکی جیاواز، بە تایبەت کە جێگری سەرۆکی حکومەت پێی وایە ئاستەنگ بۆ یەکێتی و تیمی یەکێتی لە حکومەت دروست دەکرێت و ناتوانن پیادەی دەسەڵاتەکانی خۆیان بکەن، کە سەرۆکی حکومەت و تیمی وزاری پارتی ئەمە ڕەت دەکەنەوە.[3]

ئەم ناکۆکییانە پەلی کێشاوە بۆئەوەی ئێستا هەرێمی کوردستان بە دوو زۆنی سیاسی و ئیداری بناسێندرێت، ئەمەش شۆڕبۆتەوە بۆ تەواوی جومگەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان. بەجۆرێك لەناو بەشێك لە وەزارەتەکانیش نوێنەری

---

(1). دیداری زانستی هاوبەشی (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و کولێجی زانستەڕامیارییەکان/ زانکۆی سلێمانی)، ئایندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان: بژاردە و بەربەستەکان، پێنج شەممە ڕێکەوتی 2018/10/25، هەولێر، ل182.

(2). محمد رەئوف و فازڵ رەغعەت، دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن کامیان خراپترە، پێگەی فەرمی درەو میدیا، ڕێکەوتی سەردان 2022/4/1: 7699https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=

(3). سۆران حسێن، قوباد تاڵەبانی و بەشێك لە وەزیرەکانی یەکێتی بەشداریی کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ناکەن، پێگەی فەرمی رووداو، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/1: 8495u6n5https://tinyurl.com/

هەر زۆنێك تەواوی ئیشوکاری ئەو سنورە لای ئەوە و ئەو بڕیاردەری سەرەکی ئیشوکاری تایبەت بەو زۆنەیە، واتە هێشتا شوێنەواری دوو ئیدارەیی دەبیندرێت.(1)

یەکێك لە بەڵگە دیارەکانی شوێنەواری دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەیەتی، لە سنوری زۆنی سەوز و زەردا، بە تایبەت لە بابەتی پەیوەست بە کۆکردنەوەی داهات و خەرجی، بەجۆرێك ( دێگەڵە) بۆتە ڕەمزێکی ڕەشی دابەشکاری لە کوردستاندا. لە" ڕێکەوتی ( 2022/3/3) سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە شاری هەولێر ناڕەزایی و نیگەرانی خۆی لە نەگەڕاندنەوەی داهاتی ناوخۆیی سنوری زۆنی سەوز ڕاگەیاند، بێ ئەوەی هیچ ڕێگا چارەیەکی گونجاو و کردەیی بۆ ئەو پرسە هەبێت".(2)

تەنانەت ئەم دابەشکاری و فرە زۆنییە، بۆتە مایەی سەرنجی بەرپرسانی باڵای وڵاتان و نوێنەری دبلۆماسیی وڵاتان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، ئەگەر سەیری نمونەیەکی زیندوو بکەین. (جینین هێنیس بلاسخارت)* نوێنەری تایبەتی سکرتێری نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ عێراق لە ڕێکەوتی ( 2021/5/19) لە کۆنفرانسی زانکۆی کوردستان لەشاری هەولێر لەژێرناوی (هەرێمی کوردستان و یەکڕیزی دەستوور)، وتارێکی پیشکەشکرد، گووتەیەك لە وتارەکەی بوە مایەی سەرنجی تەواوی چاودێرانی سیاسی و زۆرترین مشتومڕو دەنگدانەوەی دروستکرد وتی: "دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە هەرگیز پێتان وانەبێت بەم دۆخەوە قەوارەی هەرێمی کوردستان مانەوەی بۆ هەمیشە مسۆگەردەبێت، بۆیە تەبایی و یەکڕیزی کارێکی گرنگ و پێویستە بۆ مانەوەی ئەو قەوارەیە".(3)

ئێستاش لەوە ناچێت موعجیزەی گەورە ڕوویدات و دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان دابماڵرێن لە قاڵبە حیزبییەکەی کە پێیانەوە دیارەوە و بەنیشتیمانی بکرێن، یەکگرتنەوەی فەرمی لەنێوان ئەو دوو زۆنەدا ڕوویدات، کە بۆتە سیمایەکی ناشیرین و ناتەندروست بۆ ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان، بەردەوام ترس هەیە لەوەی بگەڕێینەوە هەنگاوی یەکەم واتە دەستکەوتە بەدیهاتووەکان قابیلی گەڕانەوەن بۆ دواوە، جا بەویستی – یان بە هەڵەی– خودی سەرکردەکان بێ و یاخود هاندانی نەیاران. هەر ئەمەش وایکردووە لەکاتی بوونی هەر ناکۆکییەك بە تایبەت لە کاتی توندبوونەوەی ناکۆکیەکان بژاردەی دوو ئیدارەیی هەمیشە بژاردەیی کراوەیی بێت لە نێوان هێزە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش نەشاردراوەتەوە زۆرجار وەك کارتی گوشار بەکارهێنراوە لەکاتی گفتوگۆکاندا، بە تایبەت لە دوای ئەنجامدانی

(1). ڕسکی دوو ئیدارەیی بۆ پێکهێنانی حکومەت، ماڵپەری وشەنێت: f8ktsuf4https://tinyurl.com/

(2). د.دانا علی صالح بەرزنجی، دیوە تاریکەکەی ئەزموونی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری خاڵ گۆڤارێکی هزری وەرزییە، ژمارە(36)، سلێمانی، نیسانی 2022، ل7.

(3) . گۆران فەتحی، بلاسخارت و بنبەستی سیاسی لە عێراقدا، ماڵپەری کوردستانی نوێ، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/1: 512https://knwe.org/KU/ArticleDetails/

* جینین هێنیس بلاسخارت بە ڕەچەڵەك خەڵکی هۆڵەندایە و نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکانە بۆ هاریکاری عیراق و سەرۆکی نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکانە بۆ عێراق (یۆنامی)، لە 17 ی کانونی یەکەمی 2018 دەست بەکاربووە، چەندین پۆستی حکومی و دیبلۆماسی وەرگرتووە، دیارترین پۆستی وەزیری بەرگری هۆڵەندا لە (2012بۆ2017)، لەگەڵ چەندین ئەرکی تری سیاسی و دیبلۆماسی. بڕوانە..ماڵپەری فەرمی یونامی لە عێراق ڕێکەوتی سەردان 2022/10/29: -shrkrdayhty-133481https://iraq.un.org/ku/ ywnamy

ڕیفراندۆم و توندبوونی زیاتری ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتی و پارتی، ئەم پرسە چەندین جار وروژێنراوە، کەواتە بژاردەی دوو ئیدارەیی هەمیشە لەسەر مێزی گفتوگۆکان وەك کارتی فشار بوونی هەبووە.(1)

کەواتە بەشێك لەو ناکۆکییەی لە هەرێمی کوردستان هەیە سەرچاوەکەی بریتییە لە مامەڵەکردنی هێزە سیاسییەکانی هەرێم لەگەڵ یەکتریدا، ئەگەر ئەو مامەڵەکردنە لە بەرامبەر یەکدا بەم شێوازە نا تەندروستە بەردەوام بێت دەبێتە هەڕەشەیەکی مەترسیدار لەسەر ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگا لە هەموو سێکتەرەکانەوە. دامەزراوە سیاسییەکان، لە هەرێمی کوردستان، چۆن بەشێکن لە هۆکاری ئاسایش ئاواش دەشێت ببنە هۆکاری نا ئاسایشی لە هەرێم ئەگەر هاتوو وەك پرسێکی ئاسایشی نەتەوەیی سەیر نەکران.(2)

پرسی ململانێی نێوان هێزە سیاسیەکان تەنها پرسی پارتە بەشدارەکانی ناو حکومەت نییە، بەڵکو ئەو بابەتە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانیشی گرتۆتەوە، لەلایەك ناکۆکیان پێکەوە هەیە، ناکۆکی ناوخۆیش هەیە لە نێوان هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، لە ئێستادا چەندین هێزی سیاسی ئۆپۆزسیۆنمان لە هەرێمی کوردستان هەیە لە سەرووی هەموویان (جوڵانەوەی نەوەی نوێ و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی دادگەری..) ئۆپۆزسیۆنی ناو پەرلەمانی کوردستانن، جۆرێك لە پەرتەوازەییان پێوەدیارە و نەیانتوانیوە بەرنامەیەکی سیاسی هاوبەش و کۆکەرەوەیان هەبێت، ئەمە جگە لەوەی بەربەستێکی تری بەردەمیان بریتییە لە ژمارەی کورسییەکانییان کە ئەمە بۆتە ڕێگر لەوەی بتوانن زۆرینەیەکی پەرلەمانی دروست بکەن، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی تەنها لە میدیاکان و کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکانەوە گومان لە ڕەوایەتی حکومەتی هەرێم دەکەن دەکەن بە تایبەت بەهۆی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە.(3)

هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسێون پەیوەندییەکی ناتەندروستی سیاسی هەردووکیان کۆدەکاتەوە، پەیوەندییەکانیان خاڵییە لە ئامانج و ئەرك و مەبەستێکی هاوبەش، خاڵێك نادۆزیتەوە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن وەك هێڵێکی چوونیەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی لەسەری کۆك بن. "بەڵکو تادێت ئەو مێژووە هاوبەشی بە نێوانیاندا تێدەپەڕێت، ئەو پردی پەیوەندییەی دەکرا لەنێوانیا دروست بووبا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەرەس دەهێنێت. نە دەسەڵات ئۆپۆزسیۆن بە سروشتی دەزانێت، نە ئۆپۆزسیۆنیش دەسەڵات وەك دامەزراوەی بێلایەن تەماشا دەکات. لەم نێوەندەدا پرسی گۆڕان لە کایە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکاندا لە هەموو ساتەکان زیاتر ڕووبەڕووی هەڕەشە و دواکەوتن دەبێتەوە".(4)

ئەمە سەرباری ئەوەی زۆربەی کات دەسەڵات چەندین فشاری جۆراوجۆری لەسەر هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان دروستکردووە، هەندێکجار گەیشتۆتە ئاستی نانبڕین و دەرکردنی ئەوانەی دەنگ بەو هێزە ئۆپۆزسیۆنانە دەدەن، یاخود گواستنەوەیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر وەك جۆرێك لە سزادان (باشترین نمونە بۆ ئەمە مامەڵەکردن بوو بەرامبەر بە بزوتنەوەی گۆڕان بە تایبەت لە سەرەتای درووستبوونی بزوتنەوەکە)، لە کاتی توندبوونی گرژییەکان ئەمە گەیشتۆتە ئاستی تەقەکردن لە بارەگاکان و پەلاماردانیان، ئەمەش هەمیشە بۆتە خاڵێکی نێگەتیف بۆ ئەزموونی حوکمڕانی لە هەرێمی

---

(1). دلاوەر علاء الدین، لیکترازان و بە دەوڵەتبوون، پێگەی فەرمی میری، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/2:
https://tinyurl.com/msxb32y6

(2). د.کامەران محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل194.

(3). د.پەروێز رحیم قادر و د.صالح عمر عیسی، پرسەکانی ئاسایشی سیاسی و سەربازی....، سەرچاوەی پێشوو، ل ل 368–369.

(4). بڕوانە مەریوان علی، هەڵویستەیەك دەسەڵات..گۆڕان..ئۆپۆزسیۆن، گۆڤاری ڕۆشنگەری، ژمارە 27، سلێمانی، زستانی 2010، ل12.

کوردستان، بەوەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان نەیانتوانیوە بەشێوەی ئازاد و دیموکراسییانە مامەڵە بکەن، دەنگدەر و لایەنەگرانیان ڕووبەڕووی فشاری جۆراوجۆر بوونەتەوە.[1]

لێرەشەوە دەتوانین لەسەر بنەمای ڕای بیریارانی قوتابخانە بەتایبەت باری بوزان کە ئاماژە بەوەدەکەن کە حکومەت و سیستەمی سیاسی نەتوانن یەکانگیری و پەکیارچەیی نەتەوەیی بپارێزیت، ئەوا ئاسایشی ئەو وڵاتە دەکەوێتە مەترسییەکی قوڵەوە و هەڕەشە لە مانەوەشی دەکات، لە هەرێمی کوردستانیش بە ئاشکرا دەرئەنجامی ئەو ململانێ سیاسیە دەبینین.

**دووەم: پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا کێشەی خاك و سنوور**

لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، ناکۆکیەکانی نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێم، کاریگەری لەسەر تەواوی سێکتەرەکانی ئاسایشی هەرێم هەبووە، پرسی سنوور واتە کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان لەم تەوەرەدا دەخەینەڕوو.

"دۆخی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ، هەر لە ڕەوش و کەیسەکانی بەڕێوەچوونیەوە تا ئایندە و وێستگەکانی بە ئاکام گەیشتنی، هەمیشە ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخ و مەرج و فاکتەران کە دۆخی ناوخۆیی و دەرەوەی هەریەك لە هەرێم و عێراق دەئاوژێنن. لەسەر ئاستی ناوخۆیی هەردوولا، بەڵام بە پلەی یەکەم جیاجیا گیرۆدەی قەیرانی ئابووری قوڵ و گرفتی مۆدێلی حوکمرانی خراپ و وێڵگەکانی ململانێی حیزبی بەرژەوەندی بەرتەسکن، لەسەر ئاستی دەرەکیش هەردوولا، بەڵام بە ڕۆڵی جیاجیا، گۆڕەپانی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەوەکالەت و کارتی فشاری هێز و لایەنە دەرەکییەکانی ئەو ململانێیانەن." هەر بۆیە لە بواری کرداریشدا پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد بە چەندین ئاستدا ڕۆیشتووە.[2]

بێگومان چەندین پرس هەن کە بونەتە سەرچاوەی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و ناوەند، لەسەرووی هەموو ئەو پرسانە بابەتی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانە کە بۆ هەرێمی کوردستان بۆتە کێشەی سنوور و خاك لەگەڵ حکومەتی ناوەند.[3]

ماددەی (58) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە کە بنەڕەتی ماددەی (140)ی دەستوری کۆماری عێراقە، ئاماژەی بە پرسی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کردووە، کە ئەم پرسە چەند ئاماژەیەکی تێدابوو سەبارەت بە چارەسەکردنی ئەو پرسانە.[4] دواتر لە دەستوری عێراقی ساڵی (2005) ئەو پرسە لە چوارچێوەی ماددەی 140 جێگای کرایەوە، کە چەند قۆناغێکی لەخۆی گرتبوو.[5]

---

[1]. مەجید ساڵح، بۆ بزوتنەوەی گۆڕان بەردەوامە، ماڵپەری درەو میدیا، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/2: https://tinyurl.com/ycxx8fey

[2]. د.عابد خالد رسول، هەرێم و بەغداد، واقیعێکی تاڵ و ئایندەیەکی نادیار، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دوومانگ جارێك دەری دەکات، ژمارە (5)، سلێمانی، کانونی یەکەمی 2021، ل6.

[3]. خێلان مام بەکر ئاوەکەڵەیی، ڕۆڵی پارتی دیمەکراتی کوردستان لە پرۆسەی نەتەوەسازی و دەوڵەتسازیدا لە باشوری کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2021، ل189.

[4]. القانون ادراة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية لعام 2003م، المادة الثامنة والخمسون، ص26.

[5].د.عەرەفات کەرەم، دەستێوەردانی وڵاتان لە کاروباری ناوخۆیی عێراق، گۆڤاری شرۆڤە، ژمارە57، مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی کادیرانی پارتی دەریدەکات، هەولێر، 2017، ل42.

تاوەکو ئێستا ئەم پرسە جێبەجێ نەکراوە. ساڵی (2014) بە وەچەرخانی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغداد دادەنرێت، بە تایبەت کە (نوری مالیکی) سەرۆك وەزیرانی ئەوسای عێراق بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی و گورزێکی کوشندە بەر هەرێمی کوردستان کەوت، کوردستان کەوتە ناو قەیرانێکی ئابووری قوڵەوە، کاریگەریی گەورەی کردە سەر ئاسایشی سیاسی کوردستان.[1] ئە مەیان زیاتر کاردانەوەبوو لەلایەن حکومەتی ئەوسای عێراقەوە بەهۆی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان و بوونی چەندین کێشەی هەڵپەسێردراو لە نێوان هەرێم و بەغداد. هەربۆیە پرسی سنوور و خاك کە بەشی زۆری لە چوارچێوەی مادەی 140 جێگیرکراوە، هەنگاوەکانی لە ئاستی پێویست دا نەبوون بۆ جێبەجێکردنی، هەر کابینەیەك ئەم کارەی جێهێشتووە بۆ کابینەی دوای خۆی.

بەتایبەت دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان، کاردانەوەکان سەبارەت بەو پرسە و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد گەیشتە ئاستی پێکدانی سەربازی و بەجۆرێك لە ڕووداوی 16 ی ئۆکتۆبەری ساڵی (2017)ەوە لە دوای ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە 2017/9/25 بووە هۆی پاشەکشەی پێشمەرگە لەو ناوچانە بەمەش هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆر لە خاکی هەرێمی کوردستانی لەدەستدا، بەهاوکاری هێزێکی ناوخۆیی و وڵاتانی هەرێمی ئەو ناوچانە کەوتنە ژێر دەستی هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراقەوە، بەمجۆرە ئاسایشی سیاسی و سەربازی و تەنانەت کۆمەڵگەیی و ئابووری هەرێم کەوتە مەترسییەکی گەورەوە. هەروەها بابەتی پەیوەست بە چەکدارکردنی هێزەکانی پێشمەرگە بە چەکی پێشکەوتوو و دابینکردنی بودجەی پێشمەرگە لە چێوەی بودجەی وەزارەتی بەرگری عێراق یەکێکی ترە لە کێشە سەرەکییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد.[2]

کۆمەڵێك هۆکار بوونە هۆی ئەو داشکانە سیاسییەی کورد لە بەغداد، لە سەرووی هەموویان مامەڵەیەکی حیزبییانە لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکان و نەبوونی شەفافییەت، جیهێشتنی بەغداد و لاوازی بەشداری سەرکردە باڵاکانی کورد لە بەغداد لە بەرامبەر ئەوەدا ناردنی کەسانی پلە نزم و بێدەسەڵاتی ناو هێزە سیاسییەکانی هەرێم بۆ بەغداد (مەبەستمان وەرگرتنی پۆستەکانی کوردە لە بەغداد) کە خاوەنی بڕیار نەبوون، سەرباری پەرتەوازەیی ناو ماڵی کورد و نەبوونی گوتارێکی هاوبەشی یەکگرتووی کوردی کە خۆی لە نوێنەرایەتی هەموو هێزە سیاسییەکاندا ببینێتەوە و ببێتە

---

قۆناغەکانی ماددەی 140 بەپێی کات بەمجۆرەبوون:

- تاوەکو 2007/3/20 قوناغی ئاسایی کردنەوە تەواو ببێت.
- تاوەکو 2007/7/31 قۆناغی سەرژمێری دانیشتوان ئەنجام بدرێت.
- تاوەکو 2007/12/31 قۆناغی ئەنجامدانی ڕاپرسی ئەنجام بدرێت.=

=بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە دەستوری کۆماری عێراقی فیدراڵی ساڵی 2005، لە بڵاوکراوەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، 2005، ل89.

[1]. ئارام وەڵەد بەگی و جێگر ئیبراهیم، گوشارەکانی بەغداد و پووکانەوەی هەرێمی کوردستان، زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ژمارە 182، سلێمانی، تشرینی یەکەمی 2020، ل 5.

[2]. شێروان عزت، ڕووداوەکانی شازدەی ئۆکتۆبەر و کاریگەری لەسەر ئابووری کوردستان، لەبڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2018، ل21.

کارنامەی هاوبەشی کوردی، ململانێی ئاست نزمی پەرلەمانتارانی کورد لە بەغداد، بوژانەوەی مەیلی ناوەندگەرێتی عەرەبەکانی بەغداد، دۆخی هەرێمایەتی دراوسێکان.[1]

**سێیەم: دیموکراتی و پاراستنی ماف و ئازادییەکان**

لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی قەوارەی سیاسیی سەربەخۆی نییە (دەوڵەتی سەربەخۆ) توانیویەتی تاڕادەیەك کرانەوەی هەبێت، گەشەیەك بەخۆیەوە ببینێت لەڕووی دیموکراسی و پاراستنی ماف و ئازادییەکانەوە، بەڵام بێگومان ئەمە خاڵی نییە لە کەموکورتی.

مافی تاك بەراورد بەساڵانی بەر لە ڕووخانی حکومەتی عێراقی لە ساڵی (2003) پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام هەست بە بۆشایی گەورە لەنێوان هاووڵاتیان و دەسەڵاتدا دەکرێت، بەهۆی نەبوونی سەروەری یاسا و زێدەڕۆیی و نا یەکسانی زۆر هەیە، نەتوانراوە جۆرێك لە ئینتیمای هاووڵاتی بوون دروست بکرێت، بۆیە ناسنامەیەکی یەکگرتووی هاووڵاتیبوون لە هەرێمی کوردستاندا بوونی نییە.[2]

یەکێك لە گرفتەکانی تر تەنانەت کە بۆتە هۆی لاوازیی ڕەوایەتی دەسەڵاتی سیاسیش، بریتییە لە بایکۆتی خەڵك لە پرۆسەی هەڵبژاردن، واتە کەمی ئاستی بەشداری خەڵك لە هەڵبژاردنەکان. ئەگەر سەیری دوایین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکەین کە لە هەرێمی کوردستانیش لە ڕێکەوتی (2021/10/10) ئەنجامدرا، لە هەرێمی کوردستان (3486000) مافی دەنگدانی هەبووە، لەو ژمارەیە تەنها (43٪) دەنگدەران بەشداریکردووە، نزیکەی (57٪) بەشداری نەکردووە، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات ئاستی بەشداری خەڵك زۆر کەم بووە، کە سەرەکیترین هۆکارییان بریتییە لە کەمبوونەوەی متمانەی خەڵکی بە هێزە سیاسییەکان.[3]

لەگەڵ ئەوەی کەمی بەشداری خەڵك لە هەڵبژاردنەکان بۆ دەنگ نەدان بە هێزە سیاسییەکان بەرانبەر بە زۆربەی هێزە سیاسییەکانە، بەڵام ئەمە وایکردووە هەڕەشە لە سەر ئایدولۆژیای حکومەتی هەرێم هەبێت کە ( پارتی و یەکێتی) بە پلەی یەکەم دایان مەزراندووە، واتە شەرعیەتی هەرێم ڕووبەڕووی ئاڵینگاری بۆتەوە، ئەمەش دەرخەری لێبوونەوەی پشتگیری خەڵکە ئەمەش مەترسی ئاسایشی دروستکردووە، واتە مەترسی ئەمنی لەسەر هێزی سیاسیی کوردستان هەیە، نەك بە مانای کوردبوون چونکە لە ڕیفراندۆمدا نزیکەی ( 92,7%)دەنگی بە بەڵی دا لە ڕیفراندۆمدا.

هەرچی پەیوەستە بە بوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە ئەوانە یەکێکن لە پایە گرنگەکانی بەرەوپێشچوونی کاروانی دیموکراتی لە هەر وڵاتێکدا، لە هەرێمی کوردستانیش لە ئێستا فەرمانگەیەك بوونی هەیە و کارەکانی لەبەر ڕۆشنایی یاسایەکی تایبەت بەخۆی ئەنجام دەدات، یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (2011) کە لە (29) مادده پێکهاتووە. کە لە خاڵی (1–2–3) ماددەی نۆیەمی یاساکەدا هاتووە هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆڵی دامودەزگاکانی دەوڵەت بکەن، گەیشتن

---

[1]. د.هەردی مەهدی میکە، خەباتی پەرلەمانی کورد لە ماشەوە تا وشە، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە (10)، دوو مانگ جارێك سەنتەری لێکۆلینەوەی ئایندەیی دەریدەکات، سلێمانی، 10 تشرینی دووەمی ساڵی 2021، ل 11.

[2]. د.بارزان جەوهەر صادق، هەڕەشە ناوخۆییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان– عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل105.

[3]. انتخابات مجلس النواب العراقی 2021– النتائج حسب الدوائر الانتخابیة، تأریخ الزیارة 2022/12/1: https://ihec.iq/المفوضیه–العلیا–المستقله–للانتخابات/

بەزانیارییەکان، گردبونەوە و خۆپیشاندان و چالاکی مەدەنی.[1] بەلأم ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاستی قۆناغەکە و پێویستدا نییە، بەشێکی زۆری ئەم ڕێکخراو، دامەزراوە و گروپانەی هەرێمی کوردستان دروستکراوی پارتە سیاسییەکانن، واخۆیان نیشانداوە سەربەخۆن، بەلأم لەکاتە هەستیارەکاندا وەکو ئۆرگانی پارتە سیاسییەکان دەردەکەون و بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ و بە نهێنی پەیوەندیان بە پارتەکانەوە هەیە، ئەم ڕێکخراوانە کاریگەریان لەسەر پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان کەمبووە، بەربەستی سەرەکی بەردەم ئەو ڕێکخراوانەش ئەوەیە نەیانتوانیوە دامەزراوەی سەربەخۆبن بەڵکو بوونە پاشکۆی هێزە سیاسییەکانی کوردستان.[2]

کەواتە گرفتی حوکمڕانی باش لە هەرێمی کوردستان بۆتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی سیاسیی ئەو وڵاتە. بارتەقای سەرجەم ئەو قەیرانانەی پێشوو، ئەزموونی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان تووشی چەندین هەڵبەز و دابەز بووە و ڕووبەڕووی چەندین گرفت بۆتەوە، ئەمە سەباری ئەوەی نەتوانراوە وەکو پێویست سوود لە ئامڕازەکانی دیموکراسی وەربگیرێت، لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا ئەم ئامرازانە بوونەتە هەوێنی بەرەوپێشچوون و بنیادنانی سیستەمێکی سیاسی تەندروست، ئامرازەکانیش بە پلەی یەکەم بریتین لە هەڵبژاردن، ئازادی ڕۆژنامەگەری و کۆڕ و کۆبونەوەی گشتی، کە زۆربەی کات پێشیلی ئەم ئامرازە دیموکراسیانە کراوە، هەروەها داننەنان بە ئۆپۆزسیۆن و سەیرنەکردنی وەك یەکێك لە پایە سەرەکی و تەواوکارییەکانی بوونی سیستەمێکی حوکمڕانی دروست. ئەمە سەرباری ئەوەی کە زۆرترین تێبینی لەسەر سەربەخۆیی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان هەیە لە سەرووی هەموویان پەرلەمان و دەسەلأتی دادوەری و دامەزراوەکانی کومەڵگەی مەدەنی، کە بەپێی ڕیتمی پەیوەندی نێوان هێز و پارتە باڵادەستەکان، ئەم دامەزراوانەش دووچاری ناکارایی، پەکخستن و پەراوێزخستن بوونەتەوە.[3]

**چوارەم: نەبوونی دەستور**

نەبوونی دەستورێك بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان، دووچاری چەندین ئاریشە و گرفتی سیاسی کردووە، کە هەوڵدەدەین بە کورتی ئاماژە بە گرنگترین خاڵەکانی پەیوەست بە ئاڵێنگاری سیاسییەوە بکەین. دەستور بریتیە لە بەڵگەنامەیەك کە تێیدا سیستەمی حوکمڕانی وڵات، ماف و ئازادییەکانی تاك، تایبەتمەندێتی هەرسێ دەسەلأتەکە و پەیوەندی نێوانیان دیاری دەکرێت و بە دایکی یاساکان دادەنرێت، هەموو یاساکان هێز و کاریگەری خۆیان لە دەستورەوە وەردەگرن.[4]

هەرێمی کوردستانی تاقە هەرێمی فیدراڵە لە چێوەی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا، قەوارەی هەرێمی کوردستان لە خاڵی یەکەم و دووەمی ماددەی (117) دەستوری عێراقی دان بە قەوارەی هەرێم دانراوە.[5]

---

[1]. یاسای ژمارە (1)ی ساڵی(2011) یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان–عیراق، خولی سێهەمی پەرلەمانی کوردستان، ل3.

[2]. د.بارزان جەوهەر، متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان، چاپخانەی شار، 2021، ل94.

[3]. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ئایندەی هەرێمی کوردستان لە بەردەم ئاڵەنگاری ناوخۆیی و دەرەکیدا: گرفتە سیاسی و ئابورییەکان، پەروەردە و خوێندنی باڵا، ڕانانی ژمارە (7)، سلێمانی، ئابی 2020، ل6.

[4]. ئومێد کامل، دەستور و جۆرەکانی، لە بلأوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی موکریان، هەولێر، 2009، ل8.

[5]. دەستوری عێراقی فیدراڵی ساڵی 2005، ماددەی 117، ل95.

لەگەڵ ئەوەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان خرایە بەرنامەی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستانەوە و دەنگی لەسەردرا، بەڵام بەهۆی ناکۆکی سیاسی نێوان لایەنەکان گەڕێندرایەوە پەرلەمان، چونکە کاریگەری هەبوو لەسەر نائارامی سیاسی لە کوردستان، بەڵام تاوەکو ئامادەکردنی ئەو توێژینەوە سەرەڕای پێکهێنانی چەندین لیژنە و ئەنجامدانی چەندین کۆبونەوە پرسی دەستور هەر وەك خۆیەتی و پاش (31)ساڵ هەرێمی کوردستان بێ دەستورە. بەم پێیەش نەبوونی دەستور کاریگەری کردۆتە سەر ئارامی سیاسیی قەوارەی هەرێمی کوردستان و سەرچاوەی بەشێکی زۆر لە کێشەکانە، کە هەوڵدەدەین بە کورتی ئاماژە بە هەندێکیان بکەین:

1- بەو پێیەی دەستوری سیستەمی حوکمڕانی وڵات دیاری دەکات، بەهۆی نەبوونی دەستور تاوەکو ئێستا سیستەمێکی حوکمڕانی جێگیری نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە بە یاسا ڕێکخراوە، زۆرجاریش هەمواری یاساکان کوردستانی تووشی نا ئارامی سیاسیی کردووە، بۆیە نەبوونی دەستور یەکێك بووە لە کێشە گرنگەکانی بەردەم سیستەمی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان.

2- نەبوونی دەستور بۆتە هۆی ئەوەی زۆربەی کات پەنابرێتە بەر درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان و حکومەت.

3- نەبوونی دەستور تێکەڵاوی لە نێوان دەسەڵاتەکاندا دروستکردووە، ئەمەش زەمینەی خۆشکردووە بۆ دەستێوەردانی هێزە سیاسییەکانی هەرێم لە کاری دامەزراوەکان.

4- نەبوونی دەستور بۆتە هۆی ئەوەی چەترێکی کۆکەرەوە یان فەلسەفەیەکی یەکگرتوو بۆ یاساکان نەبێت.[1]

ململانێی توندی نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێم و نەبوونی جیهانبینی هاوبەش بۆ حوکمداری، ئاڵۆزی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغداد و نەبوونی کارنامەی هاوبەش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیە هەڵپەسێردراوەکان لەگەڵ بەغداد، نەبوونی دەستورێك کە سەرچاوەی یاساکان و دامەزراوەکان بێت، بێ متمانەیی هاونیشتیمانیان بەرامبەر بە دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێم، دەستێوەردانی وڵاتان لە کاروباری ناوخۆیی عێراق و هەرێم، لە گرنگترین ئەو ئاڵینگارییە سیاسیانەن کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە.

کەواتە بەگشتی دەتوانیی بڵێین کە لاوازی سیستەمی سیاسی و دیدگای حوکمڕانی و نەبوونی تێگەیشتنێك بۆ ئاسایشی نیشتیمانی و لاوازی هۆشیاری سیاسی و بەشداری سیاسی سەرچاوەی بەشێکی زۆر لە ئاڵینگارییە سیاسییەکانن.

**تەوەری دووەم: ئاڵینگارییە سەربازییەکان**

بەدرێژایی تەمەنی قەوارەی هەرێمی کوردستان چەندین ئاڵینگاری سەربازی بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، چی لەسەر ئاستی ناوخۆیی بوویێت یان دەرەکی، بەڵام ئێمە لەم تەوەرەی توێژینەوەکەدا تیشك دەخەینە سەر گرنگترین ئاڵینگارییە سەربازییەکان کە لەدوای ساڵی (2014)ەوە کە بوونە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی سەربازی هەرێمی کوردستان، لەڕوانگەی بیریارانی قوتابخانەی کۆپنهاگن کومەڵێك هەڕەشە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی دەبنە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی سەربازی وڵات، کە پێویستە دەوڵەت توانای پاراستنی ئاسایشی خۆی هەبێت، بە

---

[1]. د.بەهار محمود فتاح، لە سایەی نەبوونی دەستوردا، ماڵپەری زەمەن پرێس، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/16: https://tinyurl.com/msax3f7j

لەبەرچاوگرتنی پێگەی هەرێمی کوردستان وەك بکەرێکی نا دەوڵەتی و جیاوازی دۆخی ئاسایشی هەر ناوچەیەك کە تایبەتمەندی خۆی هەیە، لێرەدا گرنگترین ئاڵێنگارییە سەربازییەکان دەخەینەڕوو:

**یەکەم: تیرۆر ( دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام: داعش)**

هەرێمی کوردستانیش وەك بەشی زۆر لە وڵاتانی جیهان یاسایەکی تایبەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هێرش و پەلاماری گروپە تیرۆریستییەکان و هەڕەشەکانیان هەیە، کە یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2006) لە ژێر ناوی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر (تۆقاندن) لە هەرێمی کوردستان– عێراق. [1] هەرێمی کوردستان لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو چەندین هێرشی تیرۆریستی بەخۆیەوە بینیوە، چ لە دوای داعش چ لە پێش داعش، بەڵام هیچیان بە قەدەر داعش کاریگەر نەبوون، تەنانەت هاتنی داعش بووە هۆی گۆڕینی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە، ئەمەش بووە هۆی کاریگەری گەورە لە سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت کە داعش توانی چەندین ناوچە لە سنووری نێوان عێراق و سوریا داگیر بکات.[2] دوای خۆپیشاندانەکانی خەڵکی فەللوجە لەدژی ئەوەی ناوچە سوننە نشینەکان بە ئەنقەست پشتگۆی دەخرێن و حکومەتی عێراقی سیاسەتی مەزهەبی و تائیفی پەیرەو دەکات، سەرەنجام چەکدارانی داعش توانیان دەست بەسەر شاری فەللوجە لە عێراق و ڕەققە لەسوریادا دابگرن.[3] داعش دیاردەیەکی سەربازی جیهادی نوێیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.[4]

داعش کورتکراوەی ناوی دەوڵەتی ئیسلامیە لە عێراق و شام (**Islamic state of Iraq and syria**)*.[5] ئەمە بووە مایەی بەهێزبوونی پێگەی داعش لەناوچەکە. سەرەنجام لە (10) ی حوزەیرانی ساڵی (2014) داعش توانی دەست بەسەر شاری موسڵدا بگرێت پێشڕەوی بکات تاوەکو دەروازەکانی بەغداد.[6] بەپێی ئاماری تەلەفزیۆنی فەڕەنسی ژمارەی چەکدارانی ڕێکخراوەکە لە هەردوو وڵاتی عێراق و سوریا بە (17000) چەکدار خەمڵێندراوە، لە عێراق (10000) چەکداری هەبووە.[7] بەشێك لەو چەکدارانە ئافرەت بوون کە زۆربەیان هی وڵاتانی ئەورووپی بوون.[8]

---

[1]. یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2006)، یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر (تۆقاندن) لە هەرێمی کوردستان–عێراق، خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان.

[2]. ڕاوێژ فریق عبداللە، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی تیرۆردا،چاپخانەی سکای دیزاین، 2017، ل45.

[3]. ڕۆژمێری سەرەتا و کۆتایی داعش، ماڵپەری فەرمی سبەی، ڕێکەوتی سەردان 2022/9/27: https://tinyurl.com/2p8r74ub

[4]. ئەبوبەکر علی، داعش لەنێوان توندڕەوی ئاینی و شکستی دەوڵەتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، سلێمانی، 2015، ل13.

*. بنەچەی دروستبوونی ئەم ڕیکخراوە لەڕووی مێژووییەوە لە ساڵی(2004) کۆمەڵەی تەوحید و جیهاد بووە، دواتر تاوەکو ساڵی (2006) دەوڵەتی ئیسلامی لە بیلادی رافیدەین بووە، لە (2006) تاوەکو (2013) ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق بووە، لە ساڵی (2014) بۆتە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، لە ڕاستیدا لەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەی سەبارەت بەم پرسە کراون، ئەم ناوە بە چەندین شێوازای جیاواز بەکارهاتووە، بەهۆی ئەوەی ناوی ئەم ڕێکخراوە 3 بۆ 4 گۆڕدراوە و دواجار بووە بە دولة الخلافة، بەڵام لەبەرئەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە داعش ناسراوە، ئەم ناوە بەکارهێنراوە. ( هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل52).

[5]. محمد أحمد مجید، کاریگەری بەجیهانیبوون لەسەر گەشەسەندنی تیرۆریزم (ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بە نمونە)، ماستەرنامەیەکی بڵاو نەکراوەیە، لە زانکوی سەلاحەدین، کولێجی زانستە سیاسییەکان، هەولێر، 2016،ل 52.

[6]. مسعود بارزانی، بۆ مێژوو، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، 2020، ل53.

[7]. محمد ڕەئوف، ئەگەرەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش لە ناوچەکە، ماڵپەری درەو میدیا: SPOV1u.pw/2https://

[8] . فتحی بن سلامە و فرهاد خسرو خاوەر، و.شاناز هیرانی،مەکتەبی گەشەپێدان و بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی،2021، ل19.

له ڕێکەوتی (2014/7/21)، مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری پێشووی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە میانی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز، ئاماژەی بەوەدا کە هاتنی داعش و ڕادەستکردنی بەشێك لە ناوچەکانی عێراق بەبێ شەر بە داعش، دەستکەوتنی چەکێکی زۆر و پێشکەوتوو، لەگەڵ ئەوەی ئێمە زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر سنوورمان لەگەڵ چەکدارانی داعش هەیە، ئەمە هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوەدا کە دراوسێی ڕێکخراوێکی تیرۆریستین.[1]

هێرشەکانی داعش بۆ فراوانکردنی قەلەمڕەوی خۆی بوونە مەترسی و هەڕەشەی جددی لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان. بەهۆی ئەوەی نزیك دەبوونەوە لە سنوری هەرێمی کوردستان. بەمجۆرە لە ڕێکەوتی ( 2 ی ئابی 2014) هەڕەشەی گەورە بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان بوو، داعش شەنگالی داگیرکرد و کەوتنە قڕکردنی کوردە ئێزیدییەکان، پیاوەکانی دەکوشتن و ژنەکانی وەك کەنیزەك بەکار دەهێنان و دەیفرۆشتنەوە. هەزاران کەس ڕوویان کردە چیاکانی شەنگال، تاوەکو شەنگال ئازاد نەکرایەوە هەر لە چیای شەنگال بوون.[2] ئەمە جگە لەوەی شەڕی داعش تەنها هەڕەشە نەبوو لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بەڵکو دەرفەتێکیش بوو بۆ پێشخستنی بەرژوەندی حیزبی بەسەر بەرژەوەندی نیشتمانی دا، ئەمە جگە لەوەی دەستێوەردانی هەرێمی بە تایبەت وڵاتی تورکیا و ئێران ململانێی یەکێتی و پارتی زیاتر قوڵکردەوە.

بەمجۆرە هەرێم ڕووبەڕووی جەنگێکی درێژخایەن و قورس بۆوە لەگەڵ ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، نەك تەنها لە سنووری شەنگال، بەڵکو بەدرێژایی سنووری کوردستان کە پێشتر ئاماژەمان پێدا بە درێژایی زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر بوو. داعش بەهۆی بەرگرینەکردنی سوپای عێراقی، ژمارەیەکی زۆر چەك و تەقەمەنی پێشکەوتووی کەوتەبەردەست، ئەمە جگە لەوەی چەندین بانقی بڕی، بڕی (425) ملیۆن دۆلاری لە بانکی ناوەندی موسڵ و چەندان بانکی تر کەوتە دەست، کەبوونە سەرچاوەی هێزێکی باش بۆ داعش.[3] ئەمە جگە لەوەی چەندین سەرچاوەی تری هەبوو داعش لەوانە هاوکاری بەشێك لە وڵاتان و کەسایەتییەکان ئەنجامدانی کاری قاچاخی و..هتد بە گوێرەی ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.[4]

لەگەڵ ئەوەی چەکدارانی داعش هەموو ڕێگایەکیان گرتە بەر لە ڕووی سەربازییەوە بۆ دەست بەسەرداگرتنی ناوچە کوردستانییەکان و شکاندنی هێزەکانی پێشمەرگە، سەرباری ئەوانە چەندین ڕاڤە و چەمکی تەکفیریان هێنایە ئاراوە کە هەڵقوڵاوی ئاینیی پیرۆزی ئیسلام نەبوون، بەڵکو خوێندنەوە و تەفسیری ترسناك و توندڕەوی خۆیان بوو بەرانبەر بە هێزەکانی پێشمەرگە. گروپە تیرۆریستییەکان تەنها لە بوونی داعشدا خۆیان نەبینیوەتەوە، بەڵکو تاوەکو ئێستا چەندین گروپ و شانەی نوستووی تیرۆریستی دەستگیرکراون و پلانەکانیان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی کوردستانەوە پوچەڵ

---

[1]. مەسرور بارزانی، جیهانبینی بۆ پاراستنی ئاسایش و کوردستانێکی بەهێزتر: کۆی وتارە ڕۆژنامەوانییەکان1999–2019، دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك)، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، 2022، ل435.

[2] . شێرزاد ئازاد سوڵتان، دیاردەی داعش لە ڕوانگەی تیۆری ململانێوە، گۆڤاری توێژەر، بەرگی 2، ژمارە 4، پایزی 2019، ل202.

[3]. دەیڤد فلیپس، وەرگێرانی حسێن بیەیی، بەهاری کوردی نەخشەیەکی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ پێشەکیەکی بێرناد کۆشنەر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2016، ل354.

[4]. د.کامەران مەنتك، پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و داعش لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، 2020، ل52.

کراونەتەوە. ئەوەی گرنگە بگوترێت بیروباوەڕی خەڵکی کوردستان و هێزە ئیسلامییەکان لەگەڵ بیر و ئایدیای توندڕەوی یەکناگرێتەوە کە هەڕەشەن بۆ سەر کوردستان.[1] سەرباری جەنگەکە، بارگرانییەکی تری ئابووری بەهۆی لێکەوتەکانی سەر ئەو جەنگەوە تووشی هەرێمی کوردستان بوو، کە هاتنی نزیکەی یەك ملیۆن ئاوارەبوو.[2] جگە لەوەش داعش کوردستان ئامانجی هێرشەکەی خۆی بوو، هەر زووتر کوردستان بەرەو ڕووی چەند قەیرانێك ببوویەوە کە هەم ئاڵۆزبوون و هەمیش فرە ڕەهەندبوون. جیددیترینی ئەو قەیرانانە بارودۆخی ئابووری کوردستان بوو کە ئەویش بەشێك بوو لە کێشە و ململانێی نێوان هەرێم و بەغداد.[3]

ڕاستە پێشمەرگە سەرکەوتنی گەورەی تۆمارکرد بە یارمەتی هاوپەیمانان، بەڵام هێرشەکانی داعش بۆسەر هێزی پێشمەرگە دەریخست ژێرخانی سەربازی و بەرگری لاوازە، هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان نەیانتوانی لەکاتی هەڵمەتی یەکەمدا بەرپەرچی داعش بدەنەوە. واتە داعش هێزەکانی خافڵگیرکرد و لە پاشەکشێی بێسەروبەردا سەدان هەزار هاونیشتیمانی ناچاربوون ڕوو لە ئاوارەیی بکەن. هێرشەکانی داعش لە چەند ڕەهەندەوە زیانی بە پایەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان گەیاند. هەروەها دەریخست ئاسایشی هەرێمی کوردستان ناتەواوی زۆری تێدایە، لەدوو لاوە هەرێمی کوردستانی ڕووبەرووی ئاستەنگ کردەوە، هەرێمی کوردستانی خافڵگیرکرد و هەموو دەسپێشخەریەکی لێسەند، دووەم ئەمری واقعی بەسەردا سەپاند پشتیوانی دەرەکی نەبووایە ئەستەم بوو ئەم هەڕەشانە برەوێنرایانەتەوە.

بە کورتی دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین هێرشەکانی داعش دەریخست ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەم بارانەی خوارەوە کەموکورتی هەیە:

1- دانەڕشتنی پلان و ئامانجی ئاسایشی نیشتیمانی، دەریخست هەرێم خاوەن ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانی خۆی نییە، ئەولەویاتەکانی ئاسایشی نیشتیمانی دیارنین.

2- نەبوونی ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانی لە کوردستان، پەلامارەکان دەریخست پرۆسەی ئەمنی– هەواڵگری پشت بە ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانی نابەستێت.ئەم پرسە هەندێك جار بە پلانسازی حیزبی– ناوخۆیی بەڕێوەدەبرێت. واتە کەسە حیزبییەکان لە بری پسپۆڕەکان پلانی ئاسایش و ستراتیجی دادەنێن.

3- نەبوونی پلانسازی ساڵانەی ئاسایشی نیشتیمانی، نەبوونی دەزگاسازی و پۆلێن نەکردنی هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان.[4]

لەماوەی شەڕی داعش لە ئەنجامی هێرشە جۆراوجۆرەکانی داعش و ڕوبەڕووبونەوەکانی نێوان هێزی پێشمەرگە و داعش نزیکەی (1955) پێشمەرگە شەهیدبوون، (10777) پێشمەرگە بریندراربوون، ئەمە جگە لەوەی (66) دیلی هەیە کە تاوەکو ئیستا چارەنووسیان بە نادیاری ماوەتەوە.[5]

---

(1) . د.پەروێز و د.صالح، ئاسایشی سیاسیی و سەربازی...، سەرچاوەی پێشوو، ل354.

(2). عمر صادق، لێکەوتەکانی شەڕی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، چاپخانەی رۆژهەلات، 2018، ل21.

(3). د.بورهان یاسین، کوردستان لە قولایی قەیرانەکاندا تەحەددا و دەرفەت، سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، 2015، ل8.

(4). ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، کوردستان و پۆستی داعش، هەولێر، 2016، ل94.

(5). چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەمید عوسمان محمد گوتەبێژی فەرمی وەزارەتی پێشمەرگە، لە ڕێکەوتی 2022/7/28، کاتژمێر 11 ی سەر لە بەیانی.

لەگەڵ ئەوەی دوای ئازادکردنەوەی موسڵ و شەنگال، ئازادکردنی تەواوی ناوچەکانی ژێر دەستی داعش لە عێراقدا مەترسییەکانی داعش کەمبوونەوە، بەڵام هێشتا مەترسی تیرۆر لەسەر ئاسایشی کوردستان کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو پرسی تیرۆر بۆتە پرسێکی جیهانی، ساڵانە لەسەر ئاستی جیهان وڵاتان پلان و بەرنامەی تایبەت دادەنێن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی. بۆیە مەترسی تیرۆر بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەردەوامە، هەڕەشە لەسەر ئاسایشی سەربازی کاریگەری دەکاتە سەر تەواوی سێکتەرەکانی تری ئاسایش.

**دووەم: نەبوونی سوپایەکی نیشتمانیی یەکگرتوو (بوونی هێزی چەکداری حیزب و بەرپرسان)**

یەکێك لە ئالێنگارییە سەربازییە هەرە گەورەکانی هەرێمی کوردستان، بریتییە لە هەبوونی هێزی چەکداری حیزبی و ئەمنی لە دەرەوەی دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت، واتە چەك لە دەستی دەرەوەی دامەزراوەکانی حکومەتە، ئەمەش یەکێکە لە کێشە سەربازییە هەرە گەورەکان. تەنانەت قوتابخانەی کۆپنهاگنیش باس لە ترسی چەك دەکەن، لەدەست ئەوانەی لە دەرەوەی دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەتن.

هێزی سەربازی لە هەرێمی کوردستان کە مەبەستمان زیاتر لە هێزی پێشمەرگەیە بەرهەمی قۆناغی ڕاپەرین- شۆڕشی ژیانی سیاسی کورد بوو، لەسەردەمی نوێدا بۆ هێزێکی (سەردەمی شێوە دەوڵەتی) بۆ هێزێکی نیزامی و سوپایی وەك پێویستییەکی دەوڵەتی مۆدێرن نەگۆڕاوە. حیزبە سیاسییە کاریگەرەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر حیزبی ئۆردوگایی- سەربازین هێشتا پرۆسەی جیاکردنەوەی حیزبی سیاسی لە هێزی چەکداری سەرینەگرتووە. فرەهێزی و هەبوونی هێزی پێشمەرگەی حیزبەکان ڕێگە بۆ پەرتەوازەکردنی زەبرو زەنگی ڕەوا دەکاتەوە کە دەبێت تەنیا لەپاوانی دەوڵەت و حکومەتدا بێت. ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەریخستووە کە فرەهێزی و نەبوونی یەك هێزی ڕێگەی بۆ دەرکەوتنی جەنگی ناوخۆیی کردۆتەوە، بەردەوام ئەگەری دووبارەبوونەوەی جەنگی ناوخۆیی لە هەناوی خۆیدا دەهێڵێتەوە هەروەها ڕێگە بۆ دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆش خۆش دەکات، بەوەش هێزی چەکدار لە بری پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری، بۆ فاکتەری نا ئارامی دەگۆڕێت.[1]

لەگەڵ ئەوەی توێژینەوەکەی ئێمە باس لە ئالێنگارییە سەربازییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات لە دوای ساڵی (2014)ەوە، بەڵام ئەگەر سەیری مێژووی پارتەسیاسییەکان بکەین، تەنانەت دوای ڕاپەرینیش، ئەوا پێکدادانی نێوان هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان لە ناوخۆی خۆیاندا زۆر زیاترە لە پێکدادان و جەنگ لەگەڵ دوژمنانی کورد، بەتایبەت شەڕی ناوخۆی نێوان (یەکێتی و پارتی) ئێستاش شوێنەوارەکانی شەڕەکە کاریگەری ماوە، هەرێمی کوردستانی دووچاری قەیران گەلێکی فراوان و هەمەجۆر کرد.[2]

یەکێك لە سیما دیارەکانی هەرێمی کوردستان بریتیە لەوەی دەوڵەت نییە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە خاوەنی هێزێکی ڕێکخراو و یەکگرتووی بەهێز نەبێ وەك بەشێکی زۆر لە وڵاتانی تری جیهان، ئەمەش وایکردووە بۆ پاراستنی ئاسایشی سەربازی وڵاتەکەی ڕووبەڕووی چەندین ئالێنگاری ببێتەوە، جیاواز لە وڵاتانی تری ناوچەکە کە خاوەنی دەوڵەتن کەمتر دووچاری ئەو ئالێنگاریانە دەبن. کۆسپێکی تری گەورەی بەردەم نەبوونی هێزێکی نیشتیمانی یەکگرتوو بریتییە لەوەی بەشێکی زۆر لەوانەی کە ئێستا لەناو هێزە سەربازییەکانی هەرێمن هێشتا بە زهنییەتی شەڕی ناوخۆ مامەڵە دەکەن و

---

[1]. زریان ڕۆژهەڵاتی، سوپا و دەوڵەت: پێشمەرگە برەندسازی نەتەوەیی، ناوەندی لیکۆڵینەوەی ڕووداو، هەولێر، ئەیلولی 2017،ل58.

[2]. ئازاد ئەحمەد، شەری ناوخۆ دەرسێك بۆ مێژوو، دەزگای موکریان، هەولێر، 2009، ل19.

شوێنەواری ئەو شەڕە بەسەریانەوە ماوە و نەیانتوانیوە خۆیان لەو هەستە دابماڵن و بەشێوازێکی مەدەنیانە و دوور لەو هەستە بێنە ناو ڕیزی هێزە سەربازی و ئاسایشییەکانەوە.[1] بە پێی ماڵپەڕی فەرمی وەزارەتی پێشمەرگە ، ئەرکی وەزارەتی پێشمەرگە بریتیە لە "پارێزگاریکردن لە سنوورەکان و سەروەری خاك و ئازادی و ئارامی خەڵکی کوردستان".[2]

سەبارەت بە یەکگرتوویی سەربازی و فەرمانی جوڵاندنی هێز، جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان هێزی یاسایی و بارودۆخی واقعی بۆ جوڵاندنی هێزە چەکدارەکان لە هەرێم، یەکێك لە کێشە سەرەکییەکان ئەوەیە کە لەشکری کوردستان لەناو خودی وەزارەتی فەرمیش بەسەر سێ هێزدا دابەشبوون، ئەوانیش لیواکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە، هێزەکانی حەفتا و هێزی هەشتایە*. لەلایەکی ترەوە بەرپرسانی فەرمی لەڕووی پراکتیکیەوە نە توانای جوڵاندنی هێزیان هەیە و نە دەتوانن سزاو و لێپێچینەوە و جێگۆڕگی بە هێزەکان بکەن لە ناوچەکانی هەژمونی یەکتردا.[3]

تەنانەت هەندێکجار ناوەندە گەورەکانی لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی جیهان ئاماژەیان بە دابەشبوونی هێزەکانی پێشمەرگە کردووە بەوەی هێزی سیاسین، بە نیشتیمانی نەکراون یان یەکنەخراون، لەوانە ناوەندەکانی وەك (سەنتەری کارنیکی و کرایسس گروپ)*پێیان وابووە ئەم یەکنەخستنەوەیان کاریگەری دەکاتە سەر توانا و ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە.[4]

جەنەڕاڵ ئیرنی ئۆدیرنۆ، جەنەڕاڵی خانەنشینی ئەمریکا لە سوپای ئەمریکا، لە وتارێکی وەرگێردراویدا لە کتێبی سوپا و دەوڵەت لە بەرهەمی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، دەڵێت" هیچ پارتێکی سیاسی ئەمریکا نییە هەڵقوڵاوی میلیشیایەکی پێش خۆی بێت هێزە سیاسییەکە وەك باڵی سیاسی هێزە سەربازییە کاربکات. پارتە سیاسییەکانی ئەمریکا وەك هێزی جیاواز و دابڕاو لە هێزی سەربازی دامەزراون و تاوەکو ئێستاش هەروا ماونەتەوە، بەڵام لە جێگەی خۆیەتی بڵێین پارتی و

---

[1]. د.کامەران محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل186.

[2]. وەزارەتی پێشمەرگە، ماڵپەری فەرمی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە، ڕێکەوتی سەردان 2022/12/1: https://gov.krd/mopa/

[3] . د.بارزان جەوهەر صادق، هەڕەشە ناوخۆییەکان....، سەرچاوەی پێشوو، ل102.

*هێزەکانی حەفتا و هەشتا: هێزەکانی یەکێتی و پارتین کە لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا یەکنەخراون، هێزەکانی 70 سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانن، هێزەکانی 80 سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانن. لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە لەو هێزانە پیکهاتوون (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەمید عوسمان محمد، گوتەبێژی فەرمی وەزارەتی پێشمەرگە، لە ڕێکەوتی 2022/7/28، کاتژمێر 11 ی سەر لە بەیانی).

* سەنتەری کارنیکی و کرایسس گروپ: سەنتەری مالکۆم ئێچ کێر کارنیکی، لقی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ساڵی 2006 لە بەیروت دامەزراوە، پسپۆران لە سەرانسەری جیهاندا کاری تێدادەکەن بە سەرۆکایەتی پێنی پێتزکەر وەزیری پێشووی بازرگانی ئەمریکا، کاریان زیاتر لەسەر شیکاری بابەتەکانی دیموکراسی و ژینگە و ئاشتی جیهانی و تیشکخستنە سەر ململانێکانە کە بوّتە هوّی هەڕەشە لەسەر ئاشتی و ئارامی جیهان. هەرچی پەیوەستە بە گروپی قەیرانەکان ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی سەربەخۆیە کاردەکات بۆ ڕێگریکردن لە شەڕ و پاراستنی ئاشتی لە جیهاندا، پشتگیری دەوڵەتان بۆ حوکمڕانییەکی تەندروست، پێشکەشکردنی شیکاری و توێژینەوەی سەربەخۆ بۆ دەوڵەتان بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لە ململانێی ناوخۆیی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم لینکانە:

https://www.crisisgroup.org/who-we-are
https://carnegieendowment.org/about

[4]. وەرگیراوە لە: ئاریان ڕەئوف ، هەڕەشە سەربازییەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆم لەسەر ناوچە دابڕێندراوەکان، ژووری توێژینەوەی سیاسیی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ئەیلولی 2017، ل 9.

یەکێتی هەڵقوڵاوی میلیشیای لۆکاڵین، تاوەك ئەمڕۆش ئەو مۆرکەیان پاراستووە، پارتی لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك باڵادەستە، یەکێتیش لە پارێزگای سلێمانی باڵادەستە".[1] مەبەست لە خستنەڕووی ئەم گوتەیەی بەرپرسێکی باڵای پێشووی سەربازی ئەمریکا، پشتگیری گووتەکەی نییە بەوەی ئێمە پێشمەرگە بە میلیشیا بزانین چونکە پێشمەرگە هێزێکی یاساییە، بەڵکو خستنەڕووی سەرنج و دیدگای بەشێك لەم ولآتانایە کە پشتگیری و پشتیوانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دەکەن و هەوڵی یەکخستنەوەی هێزەکان دەکەن و پشتیوانی دارایی پێشکەشی حکومەت دەکەن بۆ ئەم بابەتە.

ئەم دابەشکارییەی هێزەکانی پێشمەرگە یەکێکە لە مەترسییە هەرە گەورەکان لەسەر ئاسایشی سەربازی کوردستان. تەنانەت ئەمە لە کوردستان بەجۆرێکە نەوەك تەنها پارتی و یەکێتی بەڵکو بگرە بەشێك لە هێزە سیاسیەکانی تر کە هێزی بچوك و ناکاریگەرن لە گۆڕەپانی سیاسی و پەرلەمان، بەلآم هێزی سەربازیان هەیە لە دەرەوەی یاسا، تەنانەت نمایشی سەربازی بەهێزەکانیان دەکەن بە بەرچاوی دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمەوە. لە ڕێکەوتی 2022/8/8 لە ساڵیادی (46) ساڵەی دامەزراندنی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان نمایشێکی سەربازی بە چەندین چەکی جیاواز لە گوندی گوڵەخانە ئەنجامدا. ئەمەش دەرخەی ئەوەیە بەشێك لە هێزە سیاسییەکانی تریش خاوەنی چەکن و هێزی سەربازیان هەیە، لە کاتێکدا بەپێی یاسا نابێت هێزی سەربازی بوونیان هەبێت. ئەمەش یەکەمجار نییە ئەو حیزبە ئەو نمایشە سەربازییە ئەنجام دەدات بەڵکو چەندین جاری تریش ئەمە دووبارە بوّتەوە.[2]

هەستکردن بەو جیاوازیانە زۆر بە زەقی بیندراوە، تەنانەت زۆربەی کات بەرپرسانی سەربازی پابەندی بەرپرسانی فەرمی حکومەت نەبوون و ئەوەندەی پابەند و گوێڕایەڵی بەرپرسانی باڵای حیزب بوون، لەوەش ترسناکتر تەنانەت بەشێك لەو هێزە سەربازیانە بە کەسی کراون، هی کەسانی پلە باڵان نەك تەنها بەگوێی دامودەزگا فەرمییەکان ناکەن، بەڵکو ڕاستەوخۆ فەرمان لە کەسانی تایبەت وەردەگرن. زیندووترین نمونە بۆ ئەمە دابەشبوونی هێزەکانی پێشمەرگە بوو لە ڕووداوەکانی 16 ی ئۆکتۆبەری 2017.

تەنانەت خاڵێکی تر کە هەڕەشەی هەرە گەورە لەسەر ئاسایشی کوردستان، لەناو هێزە سیاسیەکاندا دوور نییە ئەو هێزانە لەدژی کارەکتەرکانی ناوخۆی ئەو حیزبانە بەکاربێن. زیندووترین نمونەش بۆ ئەم بابەتە بریتیی بوو لە ڕووداوەکانی هەشتی تەموزی ساڵی (2021)* بوو کە پەیوەست بوو بە دۆخی ناوخۆیی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کە لە چەند هەفتەی سەرەتای یەکەمی ڕووداوەکان سلێمانی بە سەربازگە کرابوو، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی ئەفسەرێکی باڵای پێشمەرگە لە ناکۆکیە ناوخۆییەکانی ئەو حیزبە لە ڕانیە کوژرا، هەموو ئەمانەش کاریگەری گەورەیان هەبووە، نەك تەنها لەسەر ئاسایش و ئارامی خەڵك، بەڵکو کاریگەری نەرێنی لەسەر باری دەروونی خەڵك هەبووە.[3]

---

[1]. ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، سوپا و دەوڵەت، سەرچاوەی پێشوو، ل21.

[2]. ئەحمەد حمید، بەرپرسێکی سۆسیالیست نزیکەی 5000 پێشمەرگەمان هەیە، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو، ڕێکەوتی سەردان 2022/8/10: https://tinyurl.com/y9caffd2

[3] . هەشتی تەمموز: ئەو بومەلەرزەیەی بە هەشت پلە دۆخی ناوخوی یەکێتی هەژاند، ماڵپەری شار پرێس، ڕێکەوتی سەردان 2022/9/16: 24u.pw/DjZ2https://

*ڕووداوەکانی هەشتی تەمموزی 2021: لە بەرەبەیانی هەشتی تەموزی 2021 بە پشتیوانی بافل جلال تاڵەبانی هاوسەرۆکی یەکێتی چەندین گۆڕانکاری ئەمنی ئەنجامدرا بە تایبەت دوورخستنەوەی بەرپرسی دەزگای زانیاری کە کەسێکی نزیك لە لاهوری شێخ جەنگی

بۆیە لە ڕوانگەی باری بۆزان و بیریارانی ئەو قوتابخانەیە بوونی چەك لە دەرەوەی دامودەزگای فەرمی دەوڵەت هەڕەشەیەکی جددی و مەترسیدارە بۆسەر ئاسایش، کە کاریگەری دەکاتە سەر تەواوی سێکتەرەکانی تری ئاسایش، ئاسایش و ئارامی وڵات دەخاتە مەترسییەوە. زۆرجار بوونی ئەم هێزانە بۆتە هۆی ئەوەی کە دیموکراسی و سندوقەکانی هەڵبژاردن نەتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن لە بەرەو پێشبردنی پرۆسەی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان، تەنانەت ئەوە بە گوێی خەڵك دادراوە کە هێزو قورسایی ئێمە بە کورسی پەرلەمانی نییە. ئەمەش جگە لە بێ بەها کردنی دیموکراتی شتێکی تر نییە.

لە ئێستادا هێزەکانی هاوپەیمانان (ئەمریکا و ئەڵمانیا و بەریتانیا) پاڵپشتی دارایی و لۆجیستی هێزەکانی پیشمەرگە دەکەن، پرۆژەیەکی (35) خاڵیان داوەتە وەزارەتی پێشمەرگە بۆ جێبەجێکردن، بەمەبەستی ئەنجامدانی لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگە، لەسەرووی هەموو ئەوانە هەوڵدان بو نەمانی هێزەکانی حەفتا و هەشتا، یەکگرتنیان لە چێوەی هێزەکانی وەزارەتی پێشمەرگە.[1] لە کاتی نووسینی ئەو توێژینەوەیە شاندێکی سەربازی وەزارەتی پێشمەرگە، بە سەرۆکایەتی وەزیری پێشمەرگە و چەند ئەفسەرێکی باڵای وەزارەت لەسەرەتای مانگی (2022/8) سەردانی وڵاتی بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کرد، وەزیری پێشمەرگە لە میانی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەناڵی (ڕووداو) ئاماژەی بە دیداری لەگەڵ بەرپرسانی باڵای وەزارەتی بەرگری ئەمریکا و کونگرێس و وەزارەتی دەرەوە و کۆشکی سپی دا، ئەوەی پەیوەستە بە توێژینەوەکەی ئێمەوە مایەی سەرنجە بیخەینە ڕوو وتی"پرۆسەی چاکسازی لەنێو هێزی پێشمەرگە مەرجێکە بۆ بەردەوامی ئەو هاوکاریانەی کە ئەمریکا پێشکەشی دەکات و پێیوایە بەربەستە گەورەکەی بەردەم یەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و چاکسازی لە وەزارەت (سیاسەتە ناهێڵێت)."[2] واتە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیش نیگەرانن لەو پشك پشکێنە و فرە بڕیاری و بەحیزبی کردنەی لەناو هێزەکانی پێشمەرگەدا هەیە.

**سێیەم: ناکۆکیەکانی ناو ئەنجومەنی ئاسایش**

ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە (4) ساڵی(2011) یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی–عێراق دامەزراوە، یاساکە لە (9) ماددە پێکهاتووە، ئەم ئەنجومەنە بە سەرۆکی هەرێمەوە گرێدەدرێت، ڕاوێژکارێکی دەبێت بە پلەی وەزیر لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە مەرسومی هەرێمی بۆ دەردەچێت. کە پێکهاتەی سەرەکی ئەنجومەن لە 3 بەش پێکدێت:

1- دەزگای ئاسایشی هەرێم.

---

هاوسەرۆکی یەکێتی بوو، گۆڕانکارییەکان بەمە نەوەستان، دواتر ئەمە بووە هۆی ئەوەی لەلایەن بافل تاڵەبانییەوە لاهوری شێخ جەنگی لە هاوسەرۆکی یەکێتی دووربخرێتەوە و تەواوی دەسەڵاتەکانی لێ بسەندرێتەوە، بەهۆی نزیکی لە ناوبراو چەندین ئەندامی سەرکردایەتی لە ڕیزەکانی یەکێتی دەرکران. هەموو ئەمەناش بووە هۆی ئەوەی پارێزگای سلێمانی بە دۆخێکی ناجێگیری ئاسایشیدا تێبپەڕێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بافل تاڵەبانی من ژەهر خوارد کرابووم، ماڵپەری کوردستان24، ڕێکەوتی سەردان 2022/9/1: https://tinyurl.com/fv8txtbr

[1]. د.سەردار عزیز، هێزی پێشمەرگە میکانیزمێك بۆ دوستایەتی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان زنجیرەی 54، سلێمانی، ئایاری 2019، ل10.

[2]. وەزیری پێشمەرگە بۆ ڕووداو: بەربەستە گەورەکەی بەردەم یەکگرتنەوەی هێزەکانمان سیاسیە، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو، ڕێکەوتی سەردان 2022/8/10: https://tinyurl.com/2p8b4cnd

2- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگریی سەربازی.

3- ئاژانسی پاراستن و زانیاری.[1]

بەپێی بڕگەکانی ئەو یاسایە بێت، ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم بەرپرسە لە پاراستنی ئاشتی و ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

ئەوە جگە لەوەی هێزەکانی ئاسایش سەر بە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانن، بەپێی یاسای ژمارە(5) ساڵی (2011) یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەژێر چاودێری پەرلەماندان.[2]

لە ڕاستیدا شوێنەوار و لێکەوتەکانی دوو ئیدارەیی کە بەرهەمی شەڕی ناوخۆن، بەشی هەرە زۆری جومگە و سێکتەرەکانی هەرێمی گرتۆتەوە، لەناو ئەوانەشدا ئەنجومەنی ئاسایش بەدەر نییە لەو دابەشکارییە، ئەنجومەنی ئاسایش (5) ئەندامی هەیە، کە (2) ئەندامیان لەسەر پشکی پارتین، و (3) ئەندامیان لەسەر پشکی یەکێتین. بەگشتی هەرێمی کوردستان لەناو دۆخێکی ناجێگیر تێپەردەبێت، گیرۆدەی چەندین کێشە و پرسێکە کە هەریەکەیان چەندین هۆکار هەن لە هاتنە ئارایان، هەموو ئەوانەش مەترسی لەسەر قەوارەی هەرێم و دامەزراوەکانی دەکەن. بەتایبەت یەکنەگرتنەوەی واقعی لایەنی ئەمنی و هەواڵگری و سەربازیی، نەبوونی سیستەمێکی یەکگرتو و یەك ئامانج و یەك ئاراستەی نەتەوەیی. بۆیە پێ ناچێت سیستەمی ئەمنی و هەواڵگری هەرێم کە لە چوارچێوەی ئەنجومەنی ئاسایشدا ڕێکخراوە، وا بە ئاسانی ئەو دۆخە ترسناکەی ئێستا تێ بپەڕێنێت.[3]

ئەوەی مەترسی سەرەکییە لە سەر دامەزراوەکە و سیستەمی ئەمنی و هەواڵگری و سەربازی کوردستان ئەوەیە، هەندێك جار دووبەرەکی لەنێوان ئەندامانی ئەم دامەزراوەیە دروست بووە، تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی دوو بەیاننامەی جیاواز، دوو بوچۆن و پەیامی جیاواز لەو ئەنجومەنەوە بە گوێی خەڵکی هەرێمی کوردستان بگات، بۆ نمونە لە ڕێکەوتی (2020/10/27) تیمی یەکێتی و پارتی لەو ئەنجومەنەوە بە دوو ڕاگەیەنراوی جیاواز وەڵامی یەکتریان دایەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا مەترسییەکی جددی و قوڵە لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بەوەی چۆن دەبێت دامودەزگای ئەمنی لە هەرێمی کوردستان ئەمە دۆخیان بێت.[4]

---

[1]. بڕوانە یاسای ژمارەی (4)ی ساڵی (2011) یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان.

[2]. ئاشتی مجید پیرۆ، هەڵسەنگاندنی ئەزمونی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان–عێراق، ماستەرنامەیەکی بلاو نەکراوەیە، لە زانکۆی سەلاحەدین، کولێجی زانستە سیاسییەکان، هەولێر، 2016،ل 43.

[3]. بەهرۆز جەعفەر، چارەنووسی ئەنجومەنی ئاسایشی هەریم لە نێوان بە حیزبیبوون و بە نیشتیمانی بووندا، پێگەی ئەلیکترۆنی لڤین پرێس، ڕێکەوتی سەردان 2022/6/13: 3u.pw/DfQx2https://

[4]. ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم وەڵامی تیمیی یەکێتی لە ئەنجومەنەکە دەداتەوە، ماڵپەری سپی میدیا، ڕێکەوتی سەردان 2022/9/12: https://tinyurl.com/mvz8f8by

لە ڕێکەوتی 2020/10/26 ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم بەیاننامەیەکی بلاوکردەوە کە پەکەکە بە تێکدانی ئاسایش و ئارامی کوردستان تۆمەتبار دەکات، داوا لە پەکەکە دەکات موراعاتی دۆخی هەرێمی کوردستان بکەن و نەبنە سەرچاوەی بیانوو بۆ دەستێوەردانی ولاتان لە هەرێم و دروستکردنی پشێوی لە ناوچە سنورییەکان. ڕۆژێك دوای ئەوە تیمیی یەکێتی لە ئەنجومەنی ئاسایش بێ ئاگایی خۆیان لە بەیاننامەکە ڕاگەیاند لە کاتێکدا لە پێنج ئەندامی ئەنجومەنەکە یەکێتی سێ ئەندامی هەیە، هەمان ڕۆژ جارێکی تر ئەنجومەنی ئاسایش وەڵامی تیمی یەکێتی لە ئەنجومەنی ئاسایشی دایەوە ڕایگەیاند تەنها ئەو بەیاننامانەی لە پێگەی فەرمی ئەنجومەنەکە بلاودەکرێنەوە تەعبیر لەڕای فەرمی ئەو ئەنجومەنە دەکەن. (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

لە مانگی (2022/5) ناکۆکییەکان قوڵتربوونەوە کاتێك (ئەژی ئەمین) بەرپرسی (ئاژانسی پاراستن و زانیاری/ زانیاری) بەهۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی ناو یەکێتی شاری سلێمانی بەجێهێشت و بەرەو هەولێر ڕۆیشت، لە ئێستادا وەك بەرپرسی دەزگای زانیاری لە شاری هەولێر ئەرکەکانی خۆی ئەنجام دەدات، ئەمە سەرباری ئەوەی کە لە سلێمانی (جلال شێخ ناجی) لەلایەن بەرپرسانی باڵای یەکێتییەوە بە بەرپرسی نوێی دەزگای زانیاری لە شوێنی (ئەژی ئەمین) ناسێنراوە. ئەمەش ناکۆکییەکانی ناو ئەنجومەنی ئاسایشی قوڵترکردۆتەوە و کاریگەری کردۆتە سەرکۆی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی بەرە و گرژی و ئاڵۆزی زیاتر بردووە.[1]

ئەمە سەرباری ئەوەی تیرۆرکردنی عەقید (هاوکار جاف) ئەفسەری دەزگای زانیاری لە ڕێکەوتی (2022/10/7) لە شاری هەولێر، ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو حیزبە و ئەنجومەنی ئاسایشی گەیاندە خراپترین ئاست، بە تایبەت دوای بڵاوکردنەوەی چەندین بەڵگە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە، کە فەرماندەی هێزەکانی دژە تیرۆری یەکێتی و چەند ئەفسەرێکی تری ناو ئەو دەزگایە تۆمەتبارن بە تیرۆرکردنی ئەو ئەفسەرە.[2]

**چوارەم: هێرش و لەشکرکێشی وڵاتان بۆ سەر هەرێمی کوردستان**

لە بەشی یەکەمی ئەو توێژینەوەیدا، لەدیدی قوتابخانەی کۆپنهاگن بۆ ئاڵێنگارییە سەربازییەکان، تیشکمان خستە سەر ئەوەی کە پێویستە وڵاتان تەواوی توانای خۆیان بخەنەگەڕ بۆ پوچەڵکردنەوەی هێرشەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی، لەسەر ئاستی دەرەکیش دژی ئەو هەڕەشە و مەترسییانە بوەستنەوە لەلایەن وڵاتانەوە کە دەکرێنە سەریان، واتە پێویستە بتوانن سنوری خۆیان بپارێزن، چونکە ئامانجی هەرە باڵا بۆ وڵاتان مانەوە و بەردەوامییە، نەك هەر تەنها بەپێی قوتابخانەی کۆپنهاگن بەڵکو تەواوی قوتابخانەکانی بواری ئاسایش لەسەر ئەو بابەتە کۆکن.

لەم نێوەندا هەرێمی کوردستان ڕووبەرووی چەندین هەڕەشەی سەربازی بۆتەوە، ئاماژە بە بەشێکیان درا لەسەر ئاستی ناوخۆ، لەسەر ئاستی دەرەکیش دەکرێت ئۆپەراسیۆنی وڵاتان یان بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان وەك یەکێك لە هەڕەشە هەرە مەترسیدارەکان ببینین، کە کاریگەریان کردۆتە سەر سێکتەرەکانی تری ئاسایش لەسەرووی هەموویان بەزاندنی سنووری هەرێم و هاتنە ناوەی سوپای وڵاتانی دراوسێیە بۆ ناو خاکی هەرێم بە تایبەت لەلایەن (تورکیا) و (ئێران)ەوە. کە ئەمەش بۆتە مایەی مەترسی لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

لە ڕاستیدا بەشێکی زۆری بەزاندنی خاکی هەرێمی کوردستان، لەلایەن هەردوو دەوڵەتەوە بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکانیانە، ئێران بە پاساوی بوونی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران، تورکیاش بە پاساوی هەبوونی چەکدارانی پەکەکەیە لە هەرێمی کوردستان.[3] تورکیا لە ساڵی (1983) ڕێککەوتنی ئەمنی و سەربازی لەگەڵ حکومەتی عێراق ئەنجامدا، ئامانجی ڕێککەوتنەکە لەوکاتەدا بۆ سنووردارکردنی چالاکی و جوڵانەوە کوردییەکانی باکور و باشوری

---

[1] . بۆچی سەرۆکی دەزگای زانیاری لە هەولێرە؟ ماڵپەری فەرمی ئێن ئارتی، ڕێکەوتی 2022/6/16: y9yhb33https://tinyurl.com/f

[2]. سێیەم کەس لەسەر کوشتنی هاوکار جاف دەستگیرکرا، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو، ڕێکەوتی سەردان 2022/10/10 : m9hv7https://tinyurl.com/yda

[3]. ئەنوەر حسێن، هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا زنجیرەی 162، چاپخانەی حمدی، بەشی دووەم، سلێمانی، 2017، ل30

کوردستان بوو. بەپێی ڕێکەوتنەکە، هەردوولا ڕێککەوتون کە عێراق و تورکیا دەتوانن (10)کم بچنە قولآیی خاکی یەکترەوە لە کاتێکدا کە ڕووبەرووی هێرش و مەترسی هێزە کوردییەکان بوونەوە.[(1)]

لەم چوارچێوەیەدا لیوا بابەکر فقێ ئەحمەد وتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە، لە ڕێکەوتی (2020/6/27) لە میانی لێدوانێکی بۆ کەناڵی ئاسمانی (ڕووداو) وتی" هێزەکانی تورکیا بە قولآیی (20) بۆ (40) کیلۆمەتر هاتوونەتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بە قولآیی (10) کیلۆمەتر هاتونەتە ناو خاکی کوردستانەوە، هەردوو ولآت بنکەی سەربازیان دروستکردووە، ئەمەش پێشێلی ئاشکرای سەروەری خاکی عێراق و هەرێمی کوردستانە". تورکیا چەندین ئۆپەراسیۆنی جیا جیای ئەنجامداوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو لەوانە (چنگی پڵنگ لە ساڵی 2020)، بەهۆی ئەو هێرشانەوە جگە لە شەهیدبوونی سەدان هاوولآتی هەرێمی کوردستان و برینداربوونی چەندین کەسی تر لە تەواوی ناوچە جیا جیاکان، زیانی ماددی زۆر، تاوەکو ئێستا (519) گوند چۆڵکراون، (363) گوند لە پارێزگای دهۆك، (118) لە پارێزگای هەولێر، (40) گوند لە سنوری پارێزگای سلێمانی.[(2)]

هەموو ئەوانەش، بەپێی بنەما تیۆریەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن، هەڕەشەی گەورەن لەسەر تێکدانی ئاسایشی و ئارامی کوردستان، کە کاریگەری هێرشەکان فرە ڕەهەندبوون، زیانی گیانی و ماددی و وێرانکاری زۆریان هەبووە، جگە لە چۆڵکردنی گوندەکان و لەدەستدانی خاك و داگیرکردنی خاکی کوردستان لەلایەن تورکیاوە.

تەنانەت تورکیا لە ئەنجامی هێرشەکانیدا ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستانیش دەکاتە ئامانج. لەکاتی نووسینی توێژینەوەکەماندا، سوپای تورکیا لە ڕێکەوتی (2022/7/20) لە کاژێر (1:50) خولەکی نیوەڕۆ ناوچەیەکی گەشتیاری لە گوندی (پەرەخ) لە سنوری ئیدارەی زاخۆ بۆردومان کرد، کە تیایدا (9) گەشتیاری عەرەب کوژران، (33) گەشتیاری تریش برینداربوون، کە بەشێك لە قوربانییەکان ژن و منداڵ بوون. بەگوتەی بەڕێوەبەری پێشووی ناحیەی دەرکار تەنیا لە مانگی تەموزدا تورکیا (693) گوللە تۆپ و (70) ڕۆکێتی ئاڕاستەی ناوچەکەیان کردووە.[(3)]

ئەمەش کاردانەوەی توندی حکومەتی عێراقی و هەرێمی بەدوای خۆیدا هێنا بەجۆرێك حکومەتی عێراقی لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوە سکاڵای لەسەر تورکیا تۆمارکردوو داوای کۆبونەوەی بەپەلەی ئەنجومەنی ئاسایشی کرد لەو بارەوە، لە کۆبونەوەکەدا (د.فؤاد حسین) وەزیری دەرەوەی عێراق وتارێکی پێشکەشکرد و نیگەرانی حکومەتی عیراقی پیشاندا لە ئاست ئەو سنوور بەزاندنەی خاکی عێراق کە چەندین جارە لەلایەن تورکیاوە دووبارە دەبێتەوە، داوایکرد هەرچی زووە تورکیا خاکی عێراق جێ بهێڵێت و جەنگ لە ناوچەکە دوربخاتەوە، قەرەبووی کەسوکاری قوربانییەکان بکاتەوە، ڕاشیگەیاند ئەوە پێشلکاری ئاشکرای سەروەری خاکی عێراق و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکانە.[(4)]

---

[(1)]. گەیلان عباس، هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان: لێکەوتە و سیناریۆکان، ژوری توێژینەوە سیاسی، ئابوری و ستراتیجیەکان، سلێمانی، ئابی 2020، ل4.

[(2)]. سەرباز سیامەند، وەزارەتی پێشمەرگە: تورکیا 20 بۆ 40 کیلۆمەتر و ئێران 10 کیلۆمەتر هاتونەتە هەرێمی کوردستان، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو، ڕێکەوتی سەردان 2022/6/18: https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2706202015

[(3)]. گوندی (پەرەخ) ی چۆن تۆپبارانکرا، پێگەی ئەلیکترۆنی درەو میدیا، ڕێکەوتی سەردان 2022/10/5: https://tinyurl.com/3b3rynjj

[(4)]. النص الحرفي لكلمة وزير الخارجيّة فؤاد حسين خلال الجلسة الطارئة لمجلس الأمن بشأن العدوان على محافظة دهوك، موقع الوزراة الخارجية العراقية، على الرابط التالي، تأريخ الزيارة 2022/10/14: https://mofa.gov.iq/hague/النص-الحرفي-لكلمة-وزير-الخارجيَّة-فؤا/

تورکیا تا نوسینی ئەو توێژینەوەیە دوایین ئۆپەراسیۆنی خۆی لە مانگی 2022/4 بەناوی (پرۆسەی کلۆی چرنووک – عملیه قفل المخلب– operation claw lock)* لە هەرێمی کوردستان دژ بە هێزەکانی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند.[1]

هەرچی سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی ئێرانە جگە لە بۆردومانی ناوچە سنورییەکان، زیان گەیاندن بە ئاسایش و ئارامی ناوچەکان، وێرانکردنی ڕەز و باغی هاونیشتمانیان، تەنانەت ئەمیش هاوشێوەی تورکیا تەنها بە تۆپ باران و بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان نەوەستاوە. لە ڕێکەوتی ( 8)ی ئەیلولی ساڵی (2018) چەند موشەکێکی ئاڕاستەی بارەگای حیزبی دیموکرات لەشاری کۆیە کرد کە چەندین بەپرسی باڵا و کادیری ئەو حیزبە بوونە قوربانی. دواتر ئاژانسی میهری ئێرانی هەواڵەکەی پشتڕاست کردەوە کە بارەگای هێزە نەیارەکانی ئێرانیان کردوّتە ئامانج.[2] بەڵام هێشتا مەترسییەکان بەوە کۆتاییان نەهاتووە، لە پێشهاتێکی تازەدا و بۆ یەکەمجار کۆماری ئیسلامی ئێران بە بیانووی بوونی پەیوەندی بەرپرسانی کورد و دژایەتی ئێران و هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران. لە ڕێکەوتی (13 ئاداری 2022) (12) موشەکی ئاڕاستەی هەولێر کرد.[3] موشەکەکان لە جۆری (فاتح 110) بوون، لە ناوچەی تەبرێزەوە ئاڕاستەی هەولێر کرابوون، کە بەشی زۆری موشەکەکان لە ماڵی (شێخ باز کەریم بەرزنجی)* و کەناڵی کوردستان 24 کەوتنەوە. کە کۆماری ئیسلامی ئێران بە فەرمی بەرپرسیارییەتی خۆی لەسەر هێرشەکان بۆ شاری هەولێر ڕاگەیاند.[4]

تادێت وڵاتانی دراوسێ هێرشی بەرفراوانتر و چڕتر دەکەنە سەر هەرێمی کوردستان بە بیانووی هەبوونی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەو وڵاتە لەناو خاکی هەرێمی کوردستان، دوای سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکانی ناوخۆی ئێران، لە ڕێکەوتی (2022/9/28) ئێران بە موشەکی دورهاوێژ و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە یەک کاتدا چەندین هێرشی

---

[1] . محمد ڕزگار، ئۆپەراسیۆنی چرنووک قوفڵ، پێگەی ئەلیکترۆنی زانیاری، ڕێکەوتی سەردان 2022/10/15: https://u2u.pw/BWr2

* کلۆی چرنووک: ئەو ئۆپەراسیۆنە لە 2022/4/18 خولسی ئاکار وەزیری بەرگری تورکیا ڕایگەیاند دژ بە چەکدارانی پەکەکە ئەنجامیان داوە، ئاماژەی بەوە کرد سوپای وڵاتەکەی لە ڕێگای زەمینی و ئاسمانی ئەنجام داوە لە ناوچەکانی مەتینا، زاپو ئاڤەشین و باسیان، چەندین بنکەی پەکەکەیان کردوّتە ئامانج، هێرشەکەی ڕووبەری 7000 کم چوارگۆشە لەخۆی گرتووە، بە قوڵایی 25 بۆ 30 کم قوڵایی خاکی کوردستان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پێگەی فەرمی ئەلجەزیرە، ڕێکەوتی سەردان 2022/8/12: https://tinyurl.com/98bf6m42

[2]. وێنە و ناوی شەهیدەکانی بۆردومانی بارەگاکانی (حدکا) و (حدك) بلاوکرایەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی کوردستان تیڤی، ڕێکەوتی سەردان 2022/10/19: https://tinyurl.com/2u274hvk

[3]. ئەژی عبدالقادر و ژیلوان یار أحمد، دیدی ئێران بۆ پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل: ستراتیژی نوێ و جەنگی درۆنەکان، گوڤاری ئێراناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات، ژمارە 4 ساڵی یەکەم، سلێمانی، تەمموزی 2022، ل 22.

[4]. مايكل نايتس، الضربات الإيرانية العابرة للحدود: نمط يبحث عن سياسة مناسبة، موقع معهد الواشنطن العربية، تأريخ الزيارة 2022/10/2، على الرابط التالي: https://tinyurl.com/mr34rdyw

* شێخ باز کەریم بەرزنجی، یەکێکە لە بازرگانە ناسراوەکانی کوردستان، خەلکی شاری هەولێرە، لە ئێستادا یەکێکە لەو بازرگانانەی لە بواری وزەدا کاردەکات، بەرپرسی گروپی کومپانیای (کار گروپە)، کە ئەو کۆمپانیایە ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە بە بازاڕکردنی نەوتی کوردستان، بە = 
= کەسەیاتییەکی نزیك لە پارتی هەژمار دەکرێت. بڕوانە: پێگەی ئەلیکترۆنی شارپرێس، سەرتیپ قەشقەیی، شێخ باز وەزیرە سێبەرەکەی حکومەتی مەسرور بارزانی، رشێکەوتی سەردان 2022/11/6: https://tinyurl.com/xpcw38s2

کردە سەر بنکە و بارەگاکانی دیموکرات و کۆمەڵە و پارتی ئازادی کوردستان لە ناوچەکانی زرگوێز و کۆیە و پردێ، کە لە ئەنجامی هێرشەکاندا چەند کادر و پێشمەرگەیەك شەهیدبوون.[1] جارێکی تر لە ڕێکەوتی (2022/11/14) ئێران لە ڕێگەی فرۆکەی بی فرۆکەوانی بۆمبرێژکراوەوە و موشەکەوە هێرشی کردەوە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دیموکرات لە شاری کۆیە و کۆمەڵە لە زرگوێز، لە هێرشەکانی ئەمجارەشدا دوو هاوولاتی شەهیدبوون و چەندین کەسی تر بریندار بوون. هێرشەکە کاردانەوەی توندی حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێم و یونامی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەند ولاتێکی بەدوای خۆیدا هێنا. لەماوەی کەمتر لە دوو مانگدا ئێران ئەوە دووەم هێرشی بوو بۆ سەر بنکە و بارەگای پارتەکانی ڕۆژهەلات لە هەرێمی کوردستان.[2]

هەموو ئەوانەی ئاماژەمان پێدان سەرباری ئەوەی سەدان هاوولاتی مەدەنی بونەتە قوربانی، دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە ئۆپەراسیۆنی ولاتان ئاسایشی کوردستانیان تەنها لە ڕووی سەربازییەوە نەخستۆتە مەترسییەوە، بەڵکو کاریگەری هەبووە لە وێرانکردن و چۆڵکردنی سەدان و گوند و ئاوارەبوونی هەزاران خێزانی کورد و دوورکەوتنەوە لە زێدی خۆیان، جگە لە زیان گەیاندنی زۆر بە کەرتی کشتوکاڵ و باخداری و ناوچە گەشتیارییەکان، سەرباری دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێی زۆر لای خەڵکی کوردستان.

**پێنجەم: مەترسی میلیشیا شیعەکان (حەشدی شەعبی)**

دوای ڕووخانی حکومەتی عێراقی لە ساڵی (2003)، شکستی سوپای عێراقی و شپرزەیی ئەو سوپایە لەو کاتەدا، بەشێك لەو کەسایەتییە سیاسییانەی لەو سەردەمەدا لە سوریا متبوون دابوون، مەیلی دروستکردنی میلیشیا و هاتنەوە گۆڕەپانی سیاسییان هەبوو.[3]

لەگەڵ داگیرکردنی چەند ناوچەیەکی سوننەنشین و دروستبوونی مەترسی لەسەر بەشێك لە ناوچە شیعەنشینەکان، ترس لە دارمانی تەواوی دەوڵەتی عێراق، بانگەوازی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئەوسای عێراق بەوەی داوای چەك هەڵگرتنی کرد دژی داعش، سەرەنجام لە ڕێکەوتی ( 2014/6/13) واتە بە ماوەیەکی کەم دوای هێرشەکانی داعش بۆ سەر بەشێك لە ناوچەکانی عێراق و دروستکردنی هەڕەشە لە سەر دەوڵەتی عێراق، سەرەنجام ڕێبەری باڵای شیعەکانی عێراق ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی* مەرجەعی باڵای شیعەکان بانگەوازی فەتوای جیهادی خۆبەخش (فتوى الجهاد الكفائي) کرد کە بوو بە بناغەی دروستبوونی حەشدی شەعبی.[4] دواتر بە فشاری هێزە شیعەکان بەهۆی ئەوەی زۆرینەی ناو

---

[1]. وێنە و ناوی، ئێران بە مووشەك و درۆن هێرشی کردە سەر بارەکانی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێگەی ئەلیکترۆنی کوردستان24:، ڕێکەوتی سەردان 2022/10/8: 9cn394https://tinyurl.com/yc

[2]. عێراق لەبارەی هێرشەکانی ئێرانەوە: هەموو ڕێکارە دیبلۆماسییەکان لە ئاستی باڵا دەگرینەبەر، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/17: wsk7wz22https://tinyurl.com/

[3]. زیرەك ئەحمەد رەحمان، حەشدی شەعبی: پێکهاتە و تێڕوانینی ولاتانی ناوچەکە بۆ ئەو هێزە، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ژمارە 80، سلێمانی، تشرینی یەکەمی 2019، ل 1.

[4]. هێرش فازل نامق، کاریگەرییەکانی هێرشی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر بواری سەربازیی هەرێمی کوردستان، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوەیە، لە زانکۆی سەلاحەدین/ کولێجی زانستەسیاسیەکان، هەولێر، 2017، ل112.

* ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی: لە ڕێکەوتی (1930/8/30) لە شاری مەشهەدی ئێران لە دایکبووە، واتە بە ڕەچەڵەك ئێرانییە، لە ساڵی (1941) لە شاری (قوم)ی ئێران دەستی بەخوێندنی ئاینی کردووە ، ئێستا لە شاری نەجەفی عێراق دەژی، یەکێکە لە مەرجەعەکانی باڵای

ئەنجومەنی نوێنەرانن، ئەنجومەنی نوێنەران یاسای ژمارە (40)ی لە ڕێکەوتی (2016/11/26) یاسای حەشدی شەعبی پەسەند کرد .[1]

جێگای ئاماژە بۆکردنە هێزەکانی حەشدی شەعبی لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پشتگیری و پشتیوانی تەواو دەکرێن، لە دیداری نێوان ئیبراهیم رەئیسی سەرۆکی ئێران و فالح فەیاز سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، سەرۆك کۆمار ڕایگەیاند: "بڕیاری مەرجەعیەت بۆ دروستکردنی حەشدی شەعبی بڕیارێکی دانایانە و زیرەکانە بوو، بەم هۆیەوە ئاسایش و سەقامگیری عێراق گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە"پشتیوانی و پاڵپشتی بەردەوامی کۆماری ئیسلامی ئێرانیشی بۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی دووپاتکردەوە، پێی وابوو ئەو هێزە پشتیوانی گەورەن بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایشی عێراق.[2]

هێزەکانی حەشدی شەعبی بەسەر چەندین ئاڕاستە و ڕەوتی جیا جیادا دابەشبوون، هێزەکانی حەشدی شەعبی کە لەسەر شیعە ماڵ بوون، لە (67) هێزی شیعە، (43) هێزی سوننە، (9) هێزی تری کەمە ئاینی دروستبووە. ئەو (67) هێزە، (44) هێزیان پەیرەوی لە هێڵی ویلایەت واتە لە (علی خامنەیی)، (17) هێزیان پەیڕەوی لە سیستانی، (6) هێزی دیکەیان پەیڕەوی لە مەرجەعی شیعەی دیکە ناوەوە و دەرەوەی عێراق دەکەن. تێکرای ژمارەی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەگاتە (164000) کەس. لەو ژمارەیە (110000) شیعەن، سوننەکانیش ژمارەیان دەگاتە (45000) کەس، ئەوەش کە دەمێنێتەوە کەمینەکان پێکی دەهێنن، ئەو هێزانە پەیڕەوی لە فەرمانەکانی حکومەت دەکەن کە لە ساڵی (2019) دەرکراون کە بریتین لە فەرمانەکانی (237، 288، 311). هەر لەناو هێزە شیعەکانی ناو حەشد (70000) هەزاریان سەر بە مەرجەعیەتن، (40000) سەر بە سەرایا سەلامن*. ئەم هێزانە لە (64) لیوا پێکهاتوون، بە سەر 8 بەرەدا دابەشبوون.[3]

ئەمە جگە لەوەی نوری مالکی سەرۆك وەزیرانی عێراق لە ڕێکەوتی (2014/6/18) دوو فەرمانی دیوانی بە ژمارە (47) و (48) دەرکرد، سەبارەت بە ڕێکخستن و مەشقپێکردن و شایستە داراییەکانی حەشدی شەعبی. هەروەها بودجەی ئەو هێزانە زۆر زیاتر بووە لە بودجەی چەند وەزارەتێك، کە ئەمە بارگرانییەکی گەورەی لەسەر ئابووری عێراق

---

شیعەکان، لەدوای مردنی (ئەبو ئەلقاسمی خوئی) سەرکردایەتی مەرجەعییەتی ئایینی حەوزەی نەجەفی گرتۆتە دەست، بەشێك لە شیعەکان پابەندی فەتوا و بڕیارەکانی ئەو دەبن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (د.محمد جميل المياحي، العراق والسيستاني، دار انكى للنشر و والتوزيع، بغداد، 2019، ص17).

[1]. قانون هيأة الحشد الشعبي، موقع الجزيرة نيت، تأريخ الزيارة 2022/8/26، على الرابط التالي: https://tinyurl.com/55x9ubjf

[2]. سەرۆکی نوێی ئێران پشتیوانی حەشدی شەعبی دەکەین، پێگەی ئەلیکترۆنی شەن پرێس، ڕێکەوتی سەردان 2022/10/13: https://tinyurl.com/2p83whh6

[3]. هاشم ئەلهاشمی، ناکۆکیە ناوخۆییەکانی ناو دەستەی حەشدی شەعبی، وەرگێرانی بەختیار ئەحمەد، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان زنجیرەی 167، سلێمانی، تەمموزی 2021، ل 4.

*سرایا السلام: ئەم هێزە باڵی سەربازیی ڕەوتی (سەدرە)، بەشی زۆری چەکدارانی ئەو گروپە پێشتر لە ڕیزەکانی سوپای مەهدی دابوون، کە دژی هێزەکانی ئەمریکا لە دوای داگیرکاری عێراق دەجەنگان، دوای فەتواکەی سیستانی ئەم گروپە دروستبوون، لە سێ فرقەی حەشدی= =شەعبیدا ڕیکخراون، پابەندی فەرمانەکانی موقتەدا سەدرن، جگە لە شەڕ دژی داعش ئامانجیان پاراستنی پێگە و مەزارە پیرۆزەکانی شیعەیە لە عێراقدا. بۆ زانیاری بڕوانە: سرايا السلام..الجناح العسكري لمقتدى الصدر: الجزيرة نيت: https://www.aljazeera.net/encyclopedia/2022/10/13/سرايا-السلام-الجناح-العسكري-لمقتدى

دروستکردووە.[1] لە بودجەی ساڵی (2021) حکومەتی ناوەندی، نزیکەی (3) تریلیۆن دینار بۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی تەرخانکراوە، لە کاتێکدا وەزارەتێکی گەورەی وەك وەزارەتی پیشەسازی بۆ هەموو عێراق تەنها (3,5) ترپلێون دیناری بۆ تەرخانکراوە، بەمجۆرە هێزەکانی حەشد بوونە بارگرانی گەورە لە ڕووی ئابووریشەوە بەسەر بودجەی عێراقەوە، ئەم بارگرانیەش لەسەر هەژماری وەزارەتە خزمەتگوزارییەکانە.[2]

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی بەهۆی پێکهاتەی حەشد و شێوازی دروستبوون و ئامانجەکانی و ئەو پشتیوانییە ماددیەی لەلایەن ئێرانەوە بۆی دەکرێت هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی سەربازی هەرێمی کوردستان لە ئێستا و داهاتوودا، لەبەرئەوەی ئەستەمە ئەو هێزانە بچنە ژێر باری دامەزراوە یاساییەکان و حکومەتەوە، بەڵکو پابەندی ئەوان بە پلەی یەکەم بۆ مەرجەعییەت و ئێرانە، دیدگای ئەوانیش سەرچاوەکەی زیاتر مەیلی تائیفییە و ولآتانی تریش ڕۆڵیان هەیە لە ئاڕاستەکردن و هاندانیان لە هەر کات و شوێنێك بیانەوێت. ڕووداوەکانی 16 ی ئۆکتۆبەری (2017) لوتکەی ئەو نا ئاسایشیە بوو کە لایەن ئەم هێزەوە ڕووبەرووی هەرێمی کوردستان بوویەوە و بەهۆیەوە زیاتر لە (51٪) لە خاك و هاوولآتیانی باشوری کوردستان کە بەناوچە جێناکۆکەکان دەناسرێن، کەوتە دەست ئەم هێزە، کە دەیان پێشێلکاریان بەرامبەر بە هاوولآتیانی کوردستان ئەنجامدا، تەنانەت بەم هۆیەوە هەرێمی کوردستان بەشێك لە سەرچاوەی داهاتی نەوتی لە دەستدا، ئەمە جگە لەوەی ئەم هێرشانە دەبێتە مایەی هەڕەشەی ئاسایشی کۆمەڵگەیی بەهۆی ئەوەی چەندین خەڵك ئاوارەبوون، بەشێك لە سوننەکان ناگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.[3]

لە ڕاستیدا مەترسی ئەوەش هەیە هەرکات هەرێمی کوردستان نەچێتە ژێر باری داخوازیەکانی ئێران، ئەوا ئێران ئەو هێزانە دژی هەرێمی کوردستان بەکار دەهێنێت، لە لایەکی ترەوە هێزە میلیشاکان بەدوای فراوانکردنی ئەو پانتاییە جوگرافیەوەن کە لە جەنگی دژ بە داعش بە دەستیان هێناوە، لەم بارەیەشەوە چەندین فشاریان لە ناوچەکان لەسەر هێزە کوردیەکان دروستکردووە. ئەمە جگە لەوەی ژمارەیان زۆرە، بەسەر چەندین ئاڕاستە و ڕەوتدا دابەشبوون مامەڵەکردن لەگەڵیان ئەستەم دەبێت.[4]

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو هێرشەکان چوونەتە بواری کردارییەوە، چەندین جار هێرشی موشەکی و درۆن کرایە سەر هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، کە چەندین شوێنی جیاواز کراونەتە ئامانج. تەنانەت چەندین جار بە فرۆکەی بێ فرۆکەوان فرۆکەخانەی هەولێر و هێزەکانی ئەمریکایان لە فرۆکەخانەیە کردۆتە ئامانج، کە ئەمەی دواییان شێوازی تازەبوو بۆ بە ئامانج گرتنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان. کە بەشێك لە ئامانجی پشت هێرشەکان زەنگی ئاگادارکردنەوە بۆ هێزەکانی ئەمریکا، بەوەی کە موشەك و درۆنەکانمان لە کوردستانیش بە ئامانجتان دەگرن، زەنگێکە مەترسیدارە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری کوردستان چونکە کوردستان لە ناوچەکە شانازی بە ئاسایش و ئارامیەکەوە دەکات، لە لایەکی ترەوە پەیامی ئەوەی تێدایە کە بەشێك لە کار و بڕیارەکانی هەرێم لە چاوەڕوانی و ئاستی هێزە شیعەکاندا نییە،

---

[1]. سەنار شێرۆکی، کوردستان لە ململانێی ناوخۆیی و دەرەکیدا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر، 2019، ل 228.

[2]. الوقائع العراقية، الجريدة الرسمية لجمهورية العراق، قانون رقم (23) لسنة (2021) "الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية 2021" ، العدد (4625)، 29 شعبان 1442 هجرى/ 12 نيسان 2021 ميلادي، السنة الثانية والستون.

[3]. د.پەروێز رحیم و د.صالح عمر عیسی، ئاسایشی سەربازی و سیاسی ......، سەرچاوەی پێشوو،364.

[4]. کوردستان دوای ئۆپەراسیۆنی موسل و ڕەققە، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، هەولێر، 2017، ل361.

دەیانەوێت پەیامی خۆیان بگەیەنن بە هەرێم، ئەگەر پێچەوانەی سیاسەتی ئەوان بجولێنەوە ئەوا درۆن و موشەکەکانمان ئاسایش و سەقامگیریتان دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە دەست لە دژایەتیمان هەڵگرن.[1]

تاوەکو ساتی نووسینی ئەو توێژینەوەیە دواین هێرش بریتی بوو لە هێرشەکەی (2022/6/8) کە بە درۆنێکی بۆمبڕێژکراو لە سەر ڕێگای هەولێر– پیرمام، تەقیەوە و چەند هاووڵاتیەکی مەدەنی برینداربوون و زیان بەر چەند ئوتۆمبیلێك کەوت. ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەنراوێکی فەرمیدا لە ڕێکەوتی (2022/6/9) ڕایگەیاند کە هێرشەکە لەلایەن چەکدارانی حیزبوللاوە ئەنجامدراوە لە نزیکەی شارۆچکەی پردێ. لەماوەی یەك ساڵ و نیوی ڕابردوو ئەوە (12) هەمین هێرشی گروپە چەکدارەکان و میلیشیاکان بوو بۆ سەر شاری هەولێر.[2]

هەر ئەمەش وایکردووە هەرێمی کوردستان سەرباری دروستبوونی مەترسی لەسەر ئاسایشەکەی، لەگەڵ ئەم دۆخەدا ڕووبەڕووی چەندین ئالێنگاری تریش ببێتەوە لەوانە هەرێمی کوردستان ناتوانێت بەرپەرچی ئەو هێرشانە بداتەوە، هەروەها بوونی هێزە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکان لەناو خاکی هەرێم، هەرێمی تووشی ڕووگیریی کردووە بەهۆی بابەتی نەتەوەییەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی حکومەتی عێراق بێدەنگی هەڵبژاردووە لە بەرامبەر ئەو لەشکرکێشیانە بە بیانووی سەرقاڵی بە بارودۆخی ناوخۆیی خۆیەوە و نەتوانینی وەڵامدانەوەیان.

**شەشەم: مەترسی چەکی بێ مۆڵەت (دیاردەی چەکداری)**

هەروەکو ئاماژەمان پێدا بابەتی هەبوونی چەك و هێزی چەکدار لە دەرەوەی دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت، یەکێکی ترە لە هەڕەشەکان بۆ سەر ئاسایشی سەربازی هەر ولاتێك، لە هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەو واقعە سیاسیی و ئابووری و کۆمەلایەتییەی هەیە، لێکەوتەکانی شەڕی ناوخۆ ئەم دیاردەیە بۆتە هەڕەشەیەکی جددی لەسەر ئاسایشی سەربازی کوردستان.

بوونی دیاردەی چەك شکۆی یاسا دەشکێنێت و هەیبەتی ناهێڵێت، بازرگانی ڕەش بە چەکەوە دروست دەبێت لە دەرەنجامدا ژیانی مەدەنی لە کۆمەڵگەدا دەسڕێتەوە. لەو بارودۆخەشدا وا هەستدەکەن نە دامودەزگا مەدەنییەکان چالاکیان پێ دەکرێت، نە متمانەشیان بە پۆلیس و ئاسایش دەبێت تا ژیانیان بپارێزێت. واتە ڕوانینێکی نایاسایی و نامەدەنی و سەربازی لا دروست دەبێت کە پێی وایە تەنها چەکەکەی خۆی دەیپارێزێت.[3]

لە ئێستادا لە کوردستان لەگەڵ دروستبوونی هەر کێشە و گرفتێکی ئەمنی یان کۆمەلایەتی لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، هاووڵاتیان و عەشیرەت و گروپەکان پەنا دەبەنە بەر هەڵگرتنی چەك و لە بری دەزگا ئەمنییەکان خۆیان بەرپرسیاریەتەکە دەگرنە ئەستۆ جا ئەو بەرپرسیاریەتییە بۆ پاراستنی خۆیان بێت یان بۆ تۆڵەسەندنەوە بێت لەبەرامبەر کارێك کە بەرامبەریان کراوە. لە ماوەی ڕابردوو نمونەی زۆر بینراوە لە لایەن لایەنگرانی حیزبەکانە بۆ

---

[1]. ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ژێر هەڕەشەی سەبازیدا: هێرشەکانی سەر هەولێر وەك نمونە، ناوەندی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، پێگەی ئەلیکترۆنی ناوەندی کوردستان، ڕێکەوتی سەردان 2023/10/6: https://BRt8u.pw/h2

[2]. ئەنجومەنی ئاسایش: هێرشە درۆنیەکەی شەوی ڕابردوو بۆ سەر هەولێر لەلایەن حیزبوللاوە کراوە، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/14: https://tinyurl.com/4z3hdfyj

[3]. لوقمان مستەفا صالح، یاسای چەك و دیاردەی چەکداری، پێگەی ئەلیکترۆنی میللەت پرێس، ڕکەوتی سەردان 2022/10/15: https://tinyurl.com/5n9xkkku

پاراستنی بارەگاکانیان، یان ئەوەی لە کەرکوك ڕوویدا بۆ ڕووبەڕووبونەوەی داعش، یان ئەوەی لە ناوچەی بادینان ڕوودەدات لە نێوان عەشیرەتەکاندا.[1]

هەموو ئەوانەی باسمان کرد، بووە هۆی ئەوەی حکومەتی هەرێم فشار لەسەر پەرلەمانی کوردستان دروست بکات، هەرچی زووە یاسای تایبەت بە چەك دەربکرێت، سەرەنجام پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (1) لە ڕێکەوتی (2022/3/1) یاسای ژمارە (2)ی ساڵی (2022) یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان–عێراق پەسەند کرد.[2]

د.هێمن میرانی بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان لە ڕێکەوتی (2022/7/18) ئاماژەی بەوەکرد کە بە مەبەستی سنووردارکردنی دیاردەی چەك هەڵگرتن و توندکردنی ڕێکارەکان، دەست بەسەرداگرتنی چەکی بێ مۆڵەت بڕیاردراوە یاسای ژمارە (2)ی ساڵی (2022) کاری پێ بکرێت. لە ڕابردوو بە شێوەیەکی نایاسایی بازاڕی چەك فرۆشتن هەبوو، چەك بە ئۆنلاین دەفرۆشرا، ڕێژەی کوشتن بە چەکی بێ مۆڵەت گەیشتبووە ئاستێکی مەترسیدار، بۆیە لەمەودوا ڕێکارەکان زۆر توند دەکرێن بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەتی چەك.[3]

هەبوونی ئەو هەموو چەکە لەگەڵ ئەوەی نایاساییە و هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی وڵات، لە هەمان کاتدا هەمیشە چەکێکی کاریگەر بووە بۆ دروستبوونی مەترسی ڕاستەقینە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتیش، بۆیە ئەمە بە یەکێکی تر دادەنرێت لەسەر مەترسییە ئاسایشییەکان لە هەرێمی کوردستان.

ئەوەی پێوستە لە کۆتایی ئەم باسەدا ئاماژەی پێ بدەین ئەوە کە هەرێم لە بەردەم کۆمەڵێك ئالێنگاری هەمەجۆردایە لە هەردوو ڕەهەندی سیاسیی و سەربازی، کە بوونەتە مەترسی گەورە لەسەر ئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان، کە بەشی هەرە زۆریان پەیوەستن بە سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستانەوە، کە لە نەبوونی سیستەمێکی سیاسیی تەندروست و مۆدێرن پاڵپشت بە بنەماکانی دیموکراتیدا خۆی دەبینێتەوە. بە تایبەت ململانێی ناتەندورستی نێوان هێزە سیاسییەکان و دۆخی ماف و ئازادییەکان لە هەرێمی کوردستان. هەروەها لە سێکتەری سەربازیدا جگە لە لەشکرکێشی وڵاتان و بەزاندنی سنووری هەرێمی بە پاساوی جیاواز، بوونی هێزی چەکدار لە دەرەوەی یاسا لە مەترسییە گەورەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستانن. بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت وەك بڕیارانی قوتابخانەی کۆپنهاگن ئاماژەی پێدەدەن هەڕەشە سەربازییەکان مایەی مەترسی گەورەن و کاریگەری لە سەر سێکتەرەکانی تری ئاسایشیش دروست دەکەن، بۆیە پێویستە دەوڵەت توانای پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی هەبێت لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.

---

[1]. ئاوات علی، ئەو چەکەی سەری خۆیان دەخوات، پێگەی ئەلیکترۆنی وێستگە نیوس، ڕێکەوتی سەردان 2022/10/16: https://tinyurl.com/2w35abmp

[2]. یاسای ژمارەی (2)ی ساڵی (2022) یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان–عێراق، خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.

[3]. د.هێمن میرانی: چەکی بێ مۆڵەت دەستی بەسەردا دەگیرێت و ڕێکارەکانی نوێکردنەوەی چەك زۆر توند کراون، پێگەی ئەلیکترۆنی گولان، ڕێکەوتی سەردان 2022/10/19: https://tinyurl.com/4238bdkm

## باسی دووەم: ئاڵێنگارییە ئابووری و کۆمەڵگەیی و ژینگەییەکان

لەگەڵ ئەوەی ئاڵێنگارییە سیاسی و سەربازییەکان لەیەك نزیکی و گرێدراویان هەیە بە ئاڵێنگارییەکانی ترەوە کە لە باسی یەکەمدا تیشکمان خستنە سەر، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نییە ئەوانی تر جێگای هەڕەشە و مەترسی نین، بە تایبەت کە لە ئێستادا ئاسایشی جیهان و وڵاتان ڕووبەڕی چەندین ئاڵێنگاری تر بۆتەوە کە مەترسییەکانیان لە ئاڵێنگارییە سیاسی و سەربازییەکان زیاتر نەبن کەمتر نین، بە تایبەت هەندێك پرسی ئابووری بوونەتە مۆتەکەی گیانی هەندێك وڵات یان پرسی ژینگە کە بۆتە هەڕەشەیەکی لەسەر تەواوی مرۆڤایەتی، سەرباری ناکۆکی و ململانێکانی ناوخۆیی وڵاتان لە نێوان پێکهاتەکاندا کە چەندین دەوڵەتی خستۆتە بەردەمی لێواری لێکترازان و هەڵوەشان.

لەم باسەدا تیشك دەخەینە سەر گرنگترین ئەو ئاڵێنگارییە ئابووری و کۆمەڵگەیی و ژینگەییانەی ڕووبەڕووی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بوونەوە لەدوای ساڵی (2014)ەوە، بۆ ئەوەی باشتر تیشکی بخەینە سەریان، هەر ئاڵێنگاریەك لە تەوەرێکی جیاوازدا دەخەینەڕوو.

### تەوەری یەکەم: ئاڵێنگارییە ئابورییەکان

لەماوەی تەمەنی ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان، هەرێم دووچاری چەندین ئاڵێنگاری ئابووری بۆتەوە کە کاریگەریان هەبووە لەسەر هەرێمی کوردستان. بەڵام دوای ڕووخانی حکومەتی عێراقی لە ساڵی (2003)ەوە تاوەکو (2014) زۆرجار دەگووترێت سەردەمی زێرینی کوردستان بووە لە ڕووی ئابوورییەوە، بەوەی پارەیەکی زۆر لە بەغداوە دەهاتەوە کە تاڕادەیەك کاریگەری هەبووی لەسەر بەرەوپێشبردنی دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان.[1]

لەدوای ساڵی (2014)ەوە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی کومەڵێك قەیرانی گەورەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بوەوە، کە کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر سێکتەری ئابووری، لەوانە هاتنی داعش، هاتنی بە لێشاوی ئاوارە، دابەزینی نرخی نەوت، بڕینی بودجەی کوردستان لەلایەن بەغداوە، کۆرۆنا، ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کە لێکەوتەی زۆری هەبوو.[2]

بە لە بەرچاوگرتنی بنەما هزرییەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن، لە بەرچاوگرتنی دۆخی کوردستان هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر تەنها گرنگترین ئاڵێنگارییە ئابوورییەکانی لە دوای ساڵی (2014)ەوە کە پێمان وایە خۆی لە مانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

#### یەکەم: پشت بەستن بە ئابووری تاك سەرچاوە

ئابووری هەرێمی کوردستان تاك لایەنە لە ڕووی پەیداکردنی داهاتەوە، چونکە بەگشتی پشت دەبەستێت بە داهاتی نەوت جا لەڕێگەی پشکی هەرێم لە داهاتی نەوتی عێراق (لە ڕابردوودا) یان لە ڕێگەی فرۆشتنی ڕاستەوخۆی نەوتی هەرێم (لە ئێستادا)، لە هەردوو حاڵەتەکەوە لە باشترین ئاستدا ئابووری وڵات ناڵەبار و نا ئارام دەبێت، چونکە نرخی نەوت و داهاتی نەوت ناجێگیرە، شتێکی بەڵگە نەویستە کە گۆڕانکاری لە نرخی نەوت (بەرزبونەوە و نزم بوونەوە) کاریگەری ڕاستەخۆی دەبێت لەسەر سەرجەم وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت، بەتایبەت ئەو وڵات و هەرێمانەی سەرچاوەی یەکەم و

---

[1]. شێخ تاهیر شوشی، کوردستان ناوچەیەکی ئارام بۆ هەمووان، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، 2017، ل12.

[2]. د.ئەرشەد تەها، ئابووری هەرێمی کوردستان لە دوای ڕیفراندۆم، گۆڤاری شرۆڤە وەرزە گوڤارێکی سیاسی هزرییە، سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای (پ.د.ك) دەریدەکات، ژمارە26، هەولێر، پایزی 2017، ل 65

سەرەکی پەیداکردنی داهاتیان بریتیە لە نەوت، وەکو هەرێمی کوردستان. لەگەڵ ئەوەی هەرێم ئەوەندەی گرفتی هەبووە لە شەفافیەتی داهاتی نەوت ئەوەندە کێشەی نەبووە لە بەرزبونەوە و نزم بوونەوەی نرخی نەوت.[1]

لە هەرێمی کوردستان هەمیشە گریمانەی ئەوە کراوە کە سیاسەتی نەوتی هەرێم یەکسانە بە ئاسایشی ئابووری هەرێم. تەنانەت بژاردەی یەکەم و کۆتایی نەوتە، تەنانەت نەوت وەك جێگرەوەی تەواوی سەرچاوەکانی تری داهات سەیری کراوە، ئەمەش گەیشتۆتە ئاستێك کە لە مەودا کورت و درێژدا جگە لە بایەخدانی زیاتر بە نەوت هیچ جێگرەوەیەکی تری نەوت بوونی نەبێت. دەسەڵاتدارانی هەرێم پێیان وایە سیاسەتی نەوتی هەرێم یەکسانە بە ئاسایشی نەتەوەیی هەرێم، ئەمە جگە لەوەی لە دوای هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ دەرەوە، هەرێم دووچاری چەندین کێشە و گرفتی جۆراوجۆر بۆتەوە هەم لە ناوخۆی کوردستان و لەگەڵ وڵاتان، هەم لەگەڵ بەغداد، کە بەشی هەرە زۆریان نەوت هۆکاری سەرەکی بووە.[2]

ئەمە جگە لەوەی نرخی نەوت لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتای جیهانی کۆرۆنادا گەیشتە نزمترین ئاستی خۆی لە مێژوودا، ئەمەش ئابووری هەرێمی کوردستانی بەرەو لێواری داڕووخان برد. جگە لە دابەزینی نرخی نەوت و نەبوونی شەفافیەتی تەواو لەو سێکتەرەدا، بابەتی گرێبەستەکانیش پرسێکی ترە کە لە ناو سێکتەری نەوتیشدا گورزێکی تری کوشندەی لە سێکتەری ئابووری هەرێم داوە.[3]

بابەتی یەدەگی نەوتی کوردستان یەکێکی ترە لە مەترسییەکانی سەر ئاسایشی وزە یان سیاسەتی نەوتی هەرێم، کەمبونەوەی سەرچاوە و یەدەگی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان هێشتا ساغ نەبۆتەوە و بە فلتەرە جیۆلۆجیەکاندا تێنەپەڕیوە، "بۆئەوەی سەرچاوە ببێتە یەدەگ چوار فاکتەری سەرەکی هەمیشە ئەو ڕۆڵە دیاری دەکات، ئەوانیش لایەنی تەکنیکی، جیۆلۆجی، ئەمنی، بەرز و نزمی نرخەکان (تقلب الاسعار– price volatility)".[4]

پشت بەستن بەوەی نەوت تاکە سەرچاوەی داهات بێت، یان ئەوەتا شادەماری فەرمی داهاتی سەرەکی هەرێم بێت، ئابووری هەرێمی کوردستانی دووچاری چەندین ئالێنگاری سەخت کردووە و ئاسایشی ئابووری و تەناتەت سێکتەرەکانی تری ئاسایشیشی خستۆتە مەترسییەوە.

**دووەم: ململانێکانی هەرێم و بەغداد لەسەر پرسی وزە**

نەوت کاڵایەکی ستراتیجییە، بەدەستخستنی دەبێتە ئامرازێکی گرنگ لە ململانێی سیاسیدا، ئەم کاڵایە دەبێتە پشت پێکبەستنی بەرابەری لە نێوان دەوڵەتی بەرهەمهێن و دەوڵەتی بەکاربەردا.[5]

---

[1]. د.یونس علی ئەحمەد و کۆمەڵی نوسەری تر، ئابوری کوردستان: قەیران– شیکردنەوە–چارەسەر، چاپخانەی یاد، 2018، ل113.

[2]. د.کامەران محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل 196.

[3]. م.سەروەر محمد عبدالله، شەفافیەت و سێکتەری نەوت لە عێراق و هەرێمی کوردستان، گۆڤاری جۆرنال، گۆڤارێکی مانگانەی شیکاری سیاسییە کە ناوەندی میللەت بۆ توێژینەوە دەریدەکات، ژمارە 3، سلێمانی، حوزەیرانی 2016، ل114.

[4]. بهرۆز جەعفەر، ئاسایشی نیشتیمانی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی وزەوە، پەیمانگای میدیتێریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، سلێمانی، شوباتی 2019، ل6.

[5]. ئەکرەم ئیسماعیل فەقێ، ئاستەنگە سیاسی و دەستورییەکانی بە دەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوە لە زانکۆی سەلاحەدین، کولێجی زانستە سیاسییەکان، هەولێر، 2014، ل73.

له دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و پەسەندکردنی دەستوری عێراقی ساڵی 2005 لەلایەن گەلی عێراقەوە، لەدوای ئەوکاتەوە بەشی زۆری ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند بریتیی بوون لە پرسی ناوچە جێناکۆکەکان یان وردتر بڵێین بابەتی خاك بوو، بەڵام هەر کە کۆمپانیا نەوتە جیهانییەکان هاتنە کوردستان ئەم پرسە گۆڕا بۆ پرسێکی لاوەکی یان پرسی پلە دوو، ناکۆکی مشتومڕیان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی سامانی سروشتی (بە دیاریکراوی نەوت و گاز) بوو بە چەقی ململانێکان، ئەم ناکۆکیانەش نەیهێشتن یاسایی نەوت گاز پەسەند بکرێت و ئەم پرسە بە هەڵواسراوی ماوەتەوە.[1]

ئەم ناکۆکییانە درێژەی هەبوو، ساڵی (2014) بە قۆناغی وەچەرخان لە مێژووی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغداد دادەنرێت، بەغداد بەهێزترین و کاریگەرترین کارتی خۆی بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان بەکارهێنا، بۆیە (نوری مالکی) سەرۆك وەزیرانی ئەوسای عێراق، بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستانی بڕی، هەرچەندە لە ڕاستیدا کێشەی وزە کرایە پاساوێك چونکە کێشەی سەرەکی حکومەتی ناوەند بەرانبەر بە هەرێم عەقڵیەتی حوکمرانانی عێراقە بەرانبەر بە کورد . تەنانەت بەغدا بەوەش نەوەستا بەڵکو پەنای بردە بەر چەندین کارتی تری فشار بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان. هەرێمی کوردستان پەنای نەبردۆتە بەر هیچ کارتێکی گوشار بەرامبەر بە بەغداد، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات ئایە هەرێم کارتی گوشاری هەیە و بەکاری ناهێنێت، یان ئەوەتا هیچ کارتی گوشاری پێ نییە بەرامبەر بە بەغداد.[2]

ناکۆکییەکان هەڵبەز و دابەزی زۆر بە خۆیەوە بینیوە، دوای ئەوەی (2017/6/7) لە کۆبونەوەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بڕیاردرا ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە 25 ی ئەیلولی 2017 ئەنجام بدرێت و لە (9/25) هەمان ساڵ لە هەرێم و کەرکویش ئەنجام درا و ڕێژەی (92,7٪) بە بەڵی دەنگیان دا، لە بەرامبەردا (7,3٪) بە نەخێر دەنگیان دا، بوو بە یەکێك لە دەستکەوتە گەورەکانی گەلی کورد.[3]

حکومەتی عێراق تەواوی گوشارەکانی خۆی چڕکردەوە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، بەجۆرێك ئاسمان و زەوی بەڕووی هەرێمی کوردستاندا داخست، چەندین قەیرانی گەورە بەرۆکی هەرێمی کوردستانیان گرت، تەنانەت لە 16 ئۆکتۆبەردا هێزەکانی حەشدی شەعبی و حکومەتی عێراقی هێرشیان کردە سەر کەرکوك و ناوچە کوردستانییەکانی تر، بەمجۆرەش جگە لە دەستدانی بەشێکی زۆری خاکی کوردستان، هەرێمی کوردستان گورزێکی کوشندەی ئابووری بەرکەوت کە لێکەوتەکانی تاوەکو ئێستاش لەسەر هەرێمی کوردستان ماوون، بەشێکی زۆری داهاتی کێڵگە نەوتییەکانی لەدەستدا، بەمەش نەك ئاسایشی ئابووری بەڵکو تەواوی سێکتەرەکانی تری ئاسایش کەوتنە مەترسییەوە، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا داهاتی هەرێم بە پلەی یەکەم پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت .[4]

هەروەها  پشکی کورد لە بودجەی عێراق یەکێکی تر بووە لە گرفتە سەرەکییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند، کە هەر یەکێکیان یەکتریان تۆمەتبار دەکەن بەوەی پابەند نابن بە ڕێککەوتنەکانی نێوانیان، بودجەی هەرێم ساڵانە ئەگەر

---

[1]. محمد حسێن، ئاڵەنگاریەکانی وزەی هەرێمی کوردستان، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان زنجیرەی 74، سلێمانی، تشرینی یەکەمی 2019، ل6.

[2]. ئازاد وەڵەد بەگی و جێگیر ئیبراهیم، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان زنجیرەی 182، سلێمانی، تشرینی یەکەمی 2020، ل6.

[3]. عوسمان علی وەیس، ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باشوری کوردستان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2017، ل151.

[4]. ئاسۆ کریم، ریفراندەم و سەربەخۆیی باشوری کوردستان، زنجیرە کتێبی گۆڤاری گوڵان، ژمارە 12، هەولێر، ل66.

هاتبێتیش بە پچڕ پچڕی هاتووە، ئەمە جگە لەوەی هەرجارەی بە بیانوویەك ڕێژەی پشکی کورد کەمکراوتەوە. تەنانەت بەر لە پرسی نەوتیش بەغدا کێشەی لەسەر پشکی کورد هەبووە لە بەغدا، کوردیش گلەیی هەبووە جگە پشکی لە بودجە گلەیی هەبووە لە خەرجی سیادی، لەسەرەتا پشکی کورد لە بودجە بە (17٪) جێگیرکرا، دواتر تاك لایەنە لە ساڵی (2018) بەشی کورد لە بودجە دابەزێنرا بۆ (12,67٪) لەگەڵ ئەوەی کار بە بڕگەکانی بودجەش نەدەکرا. هەموو ئەوانەش گوزارشت لەوە دەکەن پشکی هەرێم لە بودجە هەمیشە لە سەرەتاوە تاوەکو ئێستا لە ژێر ڕەحمەتی پەیوەندییە سیاسییەکان و میزاجی سەرۆك وەزیرانەکان و پارت و هێزە فەرمانڕەوکانی عێراقدا بووە.[1]

ئەمەجگە لەوەی لە ساڵی (2022) قەیرانێکی تر بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرت، ئەویش بلۆککردن و دەست بەسەرداگرتنی بەشێك لە پارەکانی هەرێم بوو لە لوبنان، بەتایبەت کاتێك لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی (2019) بانکی ناوەندی لوبنان ڕێوشوێنی هاتن و ناردنی پارە و کۆنترۆڵکردنی پارەی دەرکرد، وایکرد هەرێم نەتوانێت ئەم پاریە وەربگرێتەوە، ئەمەش گرفتی لەگەڵ کۆمپانیاکانی بواری وەبەرهێنانی نەوتدا دروستکرد.[2]

دوای ئەوەی لە (2021/10/10) هەڵبژاردنی پێشوەختە کرا لە عێراقدا، بۆ پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراق، دروستکردنی هاوپەیمانی سێ قۆڵی نێوان بەشێك لە سوننەکان و پارتی و ڕەوتی سەدر لە ژێر ناوی هاوپەیمانی (ڕزگاری نیشتیمان)، دۆخی سیاسیی عێراق پێی نایە قۆناغێکی تازەوە، هەنگاوەکان بۆ پێکهێنانی کابینەکە قورس بوون، بەرەی چوارچێوەی هەماهەنگی کە بە نزیك لە ئێرانییەکان ناسرابوون گرفتی گەورەیان لە بەردەم هاوپەیمانی سێ قۆڵی دروستکرد، بەمجۆرە گوشارەکان بەردەوام بوون بۆ سەر هەرێم.[3]

ئەمجارە گوشارەکانی بەغدا لە لایەن دادگای فیدراڵییەوە بوون، کە بەرزترین دادگایە لە وڵاتدا و بڕیارەکانی تانەی لێ نادرێن. لە ڕابردوو چەندین سکاڵای تر هەبووە لە لایەن هەردوو لاوە، بەڵام ئەمجارە لە ڕێکەوتی (2022/2/15) دادگای باڵای فیدراڵی بڕیاری نادەستوری بوونی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستانی دەرکرد، کە پێشتریش لە دادگایەکی ئەمریکا لەسەر سکاڵای وەزارەتی نەوتی عێراق بڕیاری هاوشێوە دەربارەی هەرێم دراوە. دادگای فیدراڵی عێراق دەڵێت سکاڵای تۆمارکراو بە ژمارە (59 فیدراڵ 2012) یەکلاییکردنەوەی لە (2022/2/15) کە تایبەت بە نادەستوریبوونی یاسای نەوت و غاز لە کوردستان، لە ژێر ڕۆشنایی ماددەکانی (110، 111، 115، 121، 130) دەستوری عێراقی بووە.[4] ئەمەش بەهێزترین هەوڵی بەغدا بوو دژ بە سیاسەتی نەوتی هەرێم، لە ئایندەدا دەبێتە کۆسپی گەورە لەبەردەم

---

[1]. جیهانگیر سدیق گوڵپی، پەیوەندییە داراییەکانی هەرێم و بەغداد: هۆکارەکانی ناسازی و سیناریۆ ئایندەییەکانی، گۆڤاری ئایندەناسی، گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیجی دەدات، دوو مانگ جارێك سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات، ژمارە 5، سلێمانی، کانونی یەکەمی 2021، ل ل 17 و 18.

[2]. wood macknize، کوردستان هەرێمی خاوەن نەوت لە قەیراندا، وەرگێرانی فەرهاد حسن عبدالله، لە زنجیرە بلاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان زنجیرەی 176، سلێمانی، ئەیلولی 2020، ل6.

[3]. سەدر و سوننەکان و پارتی هاوپەیمانیەکی سیاسیان ڕاگەیاند، پێگەی ئەلیکترۆنی خەندان، ڕێکەوتی سەردان، 2022/10/9:
u.pw/OqBDY2https://

[4] . عدنان أحمد، نەوتی هەرێم لە نێوان بەرداشی دادگاکاندا، گۆڤاری ئایندەناسی، گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیجی دەدات، دوو مانگ جارێك سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات، ژمارە 12، سلێمانی، ئاداری 2022، ل129.

سیاسەتی نەوتی هەرێم، هەرچەندە کاردانەوەی توندی هەرێمی بەدوای خۆیدا هێنا. تاوەکو نووسینی ئەم توێژینەوەیە لە ساڵی (2022) دا تەنها دووجار برێك لە پارە لە لایەن بەغداوە هاتووە بۆ هەرێمی کوردستان.

بەمجۆرە دەبینین پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد بە چەندین قوناغی جیاوازدا تێ پەڕیوە، بە تایبەت لە دوای ساڵی (2014)ەوە، ئاسایشی ئابووری و تەنانەت سەقامگیری هەرێمی کوردستانی خستۆتە مەترسییەوە.

**سێیەم: گەندەڵی**

لە ئێستادا گەندەڵیٚ هاوشێوەی بەشێکی زۆر لە پەتا جیهانییەکان بۆتە هەڕەشە لەسەر تەواوی مرۆڤایەتی بە تایبەت لە وڵاتانی تازە گەشەسەندوو تەنانەت هەندیٚ جار ئەم دیاردەیە لە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتووش هەستی پێدەکرێت بەڵام بە ئاستێکی کەمتر و سنووردارتر، دواجار لێکەوتەکانی ئەو بابەتە شیرازەی کۆمەڵگا وێران دەکات و چەندین لێکەوتەی خراپی لێدەکەوێتەوە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانی یەك بەیەکی تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە .

گەندەڵی یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە کۆمەڵێك کێشەی ئیداری و دامەزراوەیی و دارایی قوڵی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان کردۆتەوە. بەتایبەت کولتووری ڕازیکردنی خەڵك و بەکارهێنانی دامەزراوەکانی حکومەت و دەرفەتەکانی دامەزراندن بۆئەوەی وەکو پاداشتێکی سیاسی دۆخێکی خراپی ئابووری دروستکردووە بە تایبەت لەزۆری ژمارەی فەرمانبەر و بارگرانی لەسەر ئابووری کوردستان.[1]

لە هەرێمی کوردستان گەندەڵی بۆتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین چەنگ و تەڵەمە و لێکەوتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی خراپی لێکەوتۆتەوە، سەرباری ئەوەی جیاوازیەکی گەورەی دروستکردووە لەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگادا، ئەمەش زەمینەی خۆشکردووە لە بەهەدەردانێکی زۆری سامانی وڵات. ئەمەش نیگەرانی و ناڕەزایی خەڵکی لێکەوتۆتەوە، بە تایبەت لە نەبوونی شەفافیەت لە سەرچاوەکانی داهات لە هەرێمی کوردستان.[2]

قەبارەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە. بەگوێرەی دوایین ڕاپۆرتی دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان، د.ئەحمەد ئەنوەر سەرۆکی دەستەی دەستپاکی ڕایگەیاندووە کە (650) کەیسی گەندەڵی لە بوارە جیا جیاکان لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون لە ماوەی شەش مانگی ڕابردووی ساڵی 2022، لەو ژمارەیە (100) دۆسیەیان دراونەتە دادگا بەڵام کەسیان دەستگیر نەکراون، ئەمەش ئاستەنگی گەورەی بەردەم نەهێشتنی گەندەڵییە لە هەرێمی کوردستان.[3]

بەشێوەیەکی گشتی ئەمانەی خوارەوە هۆکاری سەرەکی گەندەڵین لە هەرێمی کوردستان:

1- نەبوونی ئیرادەی سیاسیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.
2- نەبوونی شەفافیەت لە داهات و خەرجی.
3- کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردن و نەبوونی بەدواداچوون.
4- توانای لۆجستی دەستەی دەستپاکی و خراپی هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوەکان.

---

[1]. د.هێمن نامق جمیل، ئیرادەی سیاسی وەکو پێداویستییەکی گرنگی پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی (دۆخی هەرێمی کوردستان–عیراق لە دوای ساڵی 2014 هوە وەکو نمونە)، گۆڤاری توێژەر، بەرگی سێ، ژمارە 2، بەهاری 2020، ل199.

[2]. مەلا بەختیار، مەترسییەکانی دۆخی ئێستا: سازان یان ترازان، 2017، ل24.

[3]. پێگەی ئەلیکترۆنی ئێن ئارتی ، لە 650 دۆسیەی گەندەڵی کەس دەستگیر نەکراوە، ڕێکەوتی سەردات 2022/10/12: https://tinyurl.com/46e6k58m

5- لاوازی پرسی بەدواداچوونی حکومەت خۆی لەناو دامەزراوەکان هەروەها بەدواداچوونی پەرلەمان و دامەزراوەکانی چاودێری.
6- هاوکاری نەکردنی حیزبە سیاسییە گەورەکان لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو پرۆسەیە.
7- ئابووری کاش.
8- لاوازی ئاستی هۆشیاری فەرمانبەران بۆ پرسەکانی ئیتیکی کار و خۆپارێزی گەندەڵی.[1]

**چوارەم: نەخۆشی و پەتای درمی (کۆرۆنا)**

پەتای جیهانی کۆرۆنا یەکێکی تر بوو لەو قەیرانە ئابووری و تەنانەت تەندروستییانەی بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرت، کە دەکەوێتە ئەو کاتەوە کە توێژینەوەکەی ئێمە کاری لەسەر دەکات.

قەیرانی ئابووری سەرەتایەکی کۆنتری هەیە، بەڵام پەتای جیهانی کۆرۆنا، زیاتر پەرێشانی دۆخی بەڕێوەبردن و کێشە شاراوەکانی سەرچاوەکانی داهات و خەرجی دەرخست. وە نەبێت قەیرانەکە ئابوورییەکە تەنها کوردستانی گرتبێتەوە، بەڵکو وڵاتانی جیهان و کۆمپانیا زەبەلاحەکانیشی گرتەوە. لە نێوانیشیاندا، یەك لە وڵاتانەی کە کاریگەری قوڵی قەیرانەکە گرتیەوە حکومەتی عێراقە، کە ڕاستەوخۆ (52٪) مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەوێوە بە ڕێککەوتنێك دابین دەکرا.[2]

دوای ئەوەی ژمارەی توشبووان سات لە دوا سات زیادی دەکرد، بەجۆرێك گەیشتە ئاستی ئەوەی (13٪ بۆ 14٪) توشبووان بە کۆرۆنا لەسەر ئاستی عێراق لە هەرێمی کوردستان بوون، ئەمەش بارگرانی زۆری لەسەر نەخۆشخانەکان و دەزگاکانی کەرتی تەندروستی کرد، هەرخۆی لە بنچینەدا چەندین کێشەی هەبوو، کەمی نەخۆشخانە، کەمی شوێنی نەخۆش، کەمی کادر و کارمەندی تەندروستی و دەرمان، لەسایەی پەتای کۆرۆنا هەرێمی کوردستان تووشی ئاستەنگی گەورەی ئابووری بوو.[3]

لەسەروبەندی پەتای کۆرۆنادا بازاڕی نەوتی جیهانی و ڕاگیرانی ژیانی ئاسایی و بازاڕی هەرێمی کوردستان، بە تایبەت لە لوتکەی پەتاکەدا حکومەتی هەرێم (45٪)لە داهاتی نەوت و (95٪) داهاتی ناوخۆی کەمیکرد. بەمشێوەیە کۆرۆنا هەرێمی کوردستانی تووشی ئاستەنگی گەورەی ئابووری کرد چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا داهاتی هەرێم بە پلەی یەکەم پشتی بەستووە بە نەوت، بەمەش ئابووری کوردستان تووشی قەیرانێکی قورس و گران بووەوە.[4]

**پێنجەم: لاوازی ئابووری نیشتمانی**

بەشێوەیەکی گشتی یەکێك لە مەترسییە هەرە گەورەکان لە دیدی بیریارانی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە ئەوەیە کە وڵات ئابووریەکی بەهێزی نیشتیمانی نەبێت، هەرێمی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو نەیتوانیوە ئابوورییەکی

---

[1]. د.هێمن میرانی، گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی لە کوردستان، گۆڤاری شرۆڤە، لە بلاوکراوەکانی سەنتەری دیراسات و توێژینەوەی ئەکادیمیای پارتی، وەرزە گۆڤارێکی هزری سیاسییە، ژمارە 29، هەولێر، حوزەیرانی 2019، ل ل 75 و76.

[2]. حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان: لەمپەر و سیناریۆکان، ڕانانی ژمارە 4 ی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی، ئایاری 2020، ل8.

[3]. ئایندەی هەرێمی کوردستان لەبەردەم ئاڵەنگاری ناوخۆیی و دەرەوەیدا: گرفتە سیاسی و ئابوورییەکان و پەروەردە و خوێندنی باڵا، ڕانانی ژمارە 7 ی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی، ئابی 2020، ل5.

[4]. حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان: لەمپەر و سیناریۆکان، سەرچاوەی پێشوو، ل 7.

نیشتیمانی بەهێزی هەبێت، کە چەندین هۆکاری جیا جیا لە پشت ئەوەوەن، کە هەوڵدەدەین ئاماژەیان پێ بدەین. لەم برگەیەدا هەوڵدەدەین بە شێوازێکی گشتی ئاماژە بە گشت هۆکارەکانی لاوازی ئابووری هەرێم بدەین.

هەرێمی کوردستان هەوڵدەدات لە ڕێگای سیاسەتی نەوت فرۆشتنەوە ئاسایشی ئابووری بپارێزێت و لەو ڕێگەیەوە سەرمایە و داهات دابین بکات بە پلەی یەکەم دابینکردنی خەرجییەکانی حکومەت بە گشتی و مووچەی هاووڵاتیان و هەروەها پڕکردنەوەی کورتهێنانی دارایی و دانەوەی قەرز و ژیاندنەوەی ژێرخانی ئابووری و گەشەسەندنی ئابووری، بێگومان گرتنە بەری ئەم سیاسەتەوە وەك لە تەوەری پێشوودا ئاماژەمان پێدا تووشی ئالێنگاری زۆر دەبێتەوە، چی لە لەلایەن حکومەتی عێراق و تەنانەت وڵاتانی دەرەوەش.[1]

بەشێوەیەکی گشتی ڕەگ و ڕیشەی ئالێنگارییە ئابوورییەکانی هەرێم تەنها بریتی نییە لە بەرزی و نزمی نرخی نەوت لە بازاڕی جیهانی، پەیوەندی هەولێر– بەغداد، بەڵکو گرتنبەری میکانیزم و هەنگاوە ئابوورییەکانی هەرێم خۆی زادەی چەندین کێشە و گرفتی جەوهەرییە کە وایکردووە ئابوورییەکی گەشەسەندوو نەبێت، واتە کێشە لە خوددی سەرچاوەکانی داهات و هاوکات شێوازی خەرجکردن و پلانی کورت مەودا یاخود بێ پلانی قەیرانەکەی قوڵتر و کاریگەرتر کردووە کە بەردەوامبوونی ئەو جۆرە بەڕێوەبردنەی داهات و خەرجی، ئەمە وادەکات توانای تێپەڕاندنی قەیرانەکانمان نەبێت و بگرە قەیرانەکان زیاتر و کارەساتبارتر دەبن لە ئایندەیەکی نزیکدا.[2]

بەگوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان ژمارەی مووچەخۆرانی کەرتی حکومی دەبێت (1٪) دانیشتوان تێپەڕ نەبێت، بۆ نمونە وڵاتی چین ژمارەی دانیشتوانی ملیارێك و 393 ملیۆن کەسە، ژمارەی فەرمانبەرانی کەرتی حکومی تەنها حەوت ملێون (600) هەزار کەسە کە دەکاتە (0،5٪) ی دانیشتوان، لە وڵاتی هندستانیش ڕێژەکە (1٪)ی دانیشتوان مووچە خۆری کەرتی حکومین، لە ئەمریکاش (0،6٪) دانیشتوانی مووچەخۆری کەرتی حکومین. لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی هەرێم شەش ملیۆن کەسە، بەڵام یەك ملیۆن (255) هەزار مووچە خۆری کەرتی حکومی هەیە، کە دەکاتە (13٪) ئەمەش سیانزە هێندەی ستانداری جیهانییە. ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی هەرێمی توشی داڕمانی ئابووری و قەرزێکی زۆر کردووە.[3]

هەرچی پەیوەستە بە گرفتە سەرەکییەی بەردەم دۆخی ئابووری کوردستان کە بریتییە لە (بێکاری ڕووپۆشکراو– البطالة المقنعة)* یەکێك لە گەورەترین کێشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتییە لە بوونی ژمارەیەکی یەکجار زۆر مووچەخۆری هەرێم، کە بێ پلان و هەڵسەنگاندنی زانستییانە بە سەدان هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان مووچەخۆرە،

---

[1]. د.نەوشیروان ڕەشید، ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنی سیاسەتی ئابووری باو، لە بڵاوکراوەکانی ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، تشرینی دووەمی 2015، ل4.

[2]. حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووری هەرێمی کوردستان: لەمپەر و سیناریۆکان، سەرچاوەی پێشوو، ل8.

[3]. بارام سوبحی، بێکاری شاراوە و بندیواریی: مۆتەکەی یاسای چاکسازی، گۆڤاری ئایندەناسی، گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیجی دەدات، دوو مانگ جارێك سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات، ژمارە 2، سلێمانی، تەمموزی 2020، ل 146.

*( بێکاری ڕوپۆشکراو– البطالة المقنعة): بەفیڕۆدانی توانای بەشی زۆری هێزی کارە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، واتە بە فیڕۆدانی زۆرترین سەرمایەی مرۆییە لە وزەی هێزی کار و بەفیڕۆدانی سامانی مادی نیشتیمانیدا. بۆ زانیاری بڕوانە: فاتن علی منصور، البطالة واثرها على التنمية الاجتماعية (دراسة ميدانية لمحافظة اللاذقية)، رسالة ماجستير منشورة، جامعة تشرين، كلية الاقتصاد، سوريا، 2014، ص34.

مووچە خۆری بن دیوار و خانەنشینی نایاسایی سەرچاوەی سەرەکی و بەربەستی گەورەی بەردەم سێکتەری ئابوورییە لە کوردستاندا.

**چارتی ژمارە(1)**

دابەشبوونی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان




تێبینی: توێژەر چارتەکەی ئامادەکردووە بە پشت بەستن بە (مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو، ڕێکەوتی سەردان 2022/9/12: 3ej5bta3https://tinyurl.com/)

ئەم خشتەیە ڕوونکردنەوەی ئەوەمان پێدەدات، تەنها نزیکەی ( 60٪) مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان فەرمانبەرن لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان کاردەکەن.[(1)]

لەلایەکی ترەوە پشتگوێخستنی کەرتی تایبەت و بەهەند وەرنەگرتنی ئەم کەرتە یەکێکی ترە لە گرفتە هەرە گەورەکانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان کە بارگرانییەکی گەورەی ئابووری لەسەر کەرتی گشتی دروستکردووە. واتە گواستنەوە لە ئابووریەکی کرێخۆری نەوتفرۆشیەوە بگوازرێتەوە بۆ ئابووریەکی هەمە چەشن و فرە سەرچاوە.[(2)]

نەبوونی سیستەمی بانکی پێشکەوتوو یەکێکە لە هەڕەشە گەورەکانی سەر ئاسایشی ئابووری کوردستان، کە خەڵك متمانەی بە بانکەکان نییە و پارە لە ماڵەوە دادەنێت، هەروەها بازاڕ وەکو ناوەندێکی ئاسایشی لە پادشا گەردانی دایە، سیستەمی بازار دیار نییە چی سیستەمێکە. ئەوە جگە لەوەی گرفتی هەرە گەورە ئەوەیە هەرێمی کوردستان لە زۆربەی بوارەکاندا تەنها بەکاربەرە، واتە زۆربەی کەلوپەلەکان هاوردەیە ئەمەش ئابووری کوردستانی تووشی هەڵاوسان کردووە.[(3)]

---

(1). مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو، سەرچاوەی پێشوو: 3ej5bta3https://tinyurl.com/

(2). محمد حسێن، کێ هەرێمی کوردستان لە داڕوخانی ئابووری دەپارێزێت؟، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان زنجیرەی 177، سلێمانی، ئەیلولی 2020، ل 9.

(3). بارزان صادق، هەڕەشە ناوخۆییەکانی ئاسایشی هەرێم، سەرچاوەی پێشوو، ل107.

ئەوە جگە لەوەی هەرێمی کوردستان لە لایەکی ترەوە ئاسایشی خۆراکی وەك یەكێك لە پایە گرنگەکانی ئاسایشی ئابووری لە مەترسیدایە بەهۆی نەبوونی کۆگای هەڵگرتنی خۆراك بە شێوازیکی مۆدێرن، کە بتوانێت بازاڕێکی فراوان دروست بکات و ببێتە هۆی چالاککردنی بازاڕی ئابووری هەرێمی کوردستان.(1)

بەشێوەیەکی گشتی چەندین فاکتەر وایان کردووە کە هەرێمی کوردستان ئابووریەکی لاوازی هەبێت.(2):

1- پشت بەستن بە تاك داهاتی سەرچاوە کە نەوتە، پشتگوێخستنی سێکتەرەکانی تر.
2- دامەزراوە نەبوونی دەوڵەت و لاوازی عەقڵیەتی بەڕێوەبردن.
3- هەڵکشانی بەردەوامی دیاردەی کۆچ لە لە لادێکانەوە بۆ شارەکان.
4- نازانستی شێواز و پێکهاتەی بودجەی کوردستان (لەگەڵ ئەوەی کوردستان چەندین ساڵە یاسای بودجەی نیە).
5- گەندەڵی و فراوانبوونی ئاست و جۆرەکانی.
6- چالاك نەبوونی کەرتی تایبەت و بانکەکان.

**تەوەری دووەم: ئاڵێنگارییە کۆمەڵگەییەکان**

ئەو پرسانەی دەکەونە چوارچێوەی ئاسایشی کۆمەڵگەیی پرس گەلێکی گرنگن بۆ تەواوی کۆمەڵگاکان لە سەرانسەری جیهاندا، بە تایبەت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو وڵاتانەی کە فرە نەتەوە و فرە مەزهەبن، ئەم پرسانە بوونە سەرنج و بایەخی لێکۆڵەرانی بواری ئاسایش. بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدایە، بەشێکی زۆر لە کێشە و نا ئارامییەکانی کورد لەگەڵ حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان زیاتر پەیوەست بووە بە بابەتەکانی چوارچێوەی ئاسایشی کۆمەڵگەیی.

پرسی ئاسایشی کۆمەڵگەیی یەکێکە لەو بابەتانەی کە لەلایەن قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە بایەخی زۆری پێدرا، لەم تەوەرەیەدا هەوڵدەدەین گرنگترین ئاڵێنگارییە کۆمەڵگەییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بخەینە ڕوو لەسەرووی هەموویان پرسی ناسنامە.

**یەکەم: قەیرانی ناسنامە**

لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن بە تایبەت ئۆلی وەیڤەر "ئاسایشی کۆمەڵگەیی بەواتای توانای کۆمەڵگە بۆ بەردەوامی درێژەپێدان بە ژیانی خۆی لەهەلومەرجی گۆڕاو و ئەگەری هەڕەشە و مەترسییەکانە". هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی ناسنامە وەك کرۆکی ئاسایشی کۆمەڵگەیی سەیر بکرێت، بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی کیانی سەربەخۆ نییە و فشاری وڵاتان چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بێت یان ڕاستەوخۆ بوونی هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان وایکردووە کورد درێژە بە ژیانی نەتەوەیی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ناسنامە جیاواز بدات .(3)

ناسنامە بە واتایەکی سادە بریتییە لە ناسنامەی تاکەکەس کە ئەو کەسەی پێ دەناسرێتەوە و لە کەسانی تر پێی جیا دەکرێتەوە. یان بریتییە لەو تایبەتمەندییە تایبەتی و کەسیانەی کەسێك یان دەستە و گروپێك یان پێکهاتەیەك لە کەس و

---

(1). د.یونس علی، ڕۆڵ و کاریگەری کارگە و کۆگاکانی هەڵگرتن و پاراستنی بەرهەمە خۆراکیەکان لەسەر دابینکردنی ئاسایشی خۆراك لە هەرێمی کوردستان، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان زنجیرەی 4، سلێمانی، ئابی 2018، ل 8.

(2). د.یونس علی ئەحمەد و کۆمەڵی نوسەری تر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل113-115.

(3). د. صالح عمر و د.پەروێز رحیم، ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ناسنامەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل33.

گروپ و پێکهاتەکانی تر جیا دەکاتەوە یان ئەو خاسێتانە کە کەس یان دەستە و پێکهاتەیەکی پێدەناسرێتەوە وەکو ئەندام یان دەستە و گروپ و پێکهاتەیەك لە نێو کۆمەڵگادا.[1]

لە پۆلێنبەندی جۆرەکانی ناسنامەدا دەکرێت بەمجۆرە پۆلێنیان بکەین: ناسنامەی تاك، ناسنامەی بەکۆمەڵ (گروپ)، ناسنامەی کولتووری (فەرهەنگی)، ناسنامەی نیشتمانی ( National Identity) کە باڵاترین ئاستی ناسنامەیە و هەموو جۆرەکانی تر لە خۆدەگرێت و پەیوەندی و حەزی هەر تاکێك بە کۆمەڵگەی نیشتیمانەکەیەوە نمایش دەکات.[2]

پێکهێنەرەکانی ناسنامەی کورد لەسەر بنەمای خاك، زمان، یادەوەری هاوبەش، مێژووی هاوبەشە. لەم پەیوەندیەدا دەتوانین "ئاڵا و سرودی نیشتیمانی و پێشمەرگە و تەنانەت کیانی سیاسیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سیمبوڵە نیشتیمانییەکان یاخود پێکهێنەرە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان هەموو نەتەوە مەزهەب و ئایینەکانی تری کوردستان هاوبەش بزانین. بەم پێیەش هەر ناسنامەیەکی خوار نەتەوەیی یاخود سەروو نەتەوەیی کە هەڕەشە لە هێما و پێکهێنەرەکانی ئەم ناسنامە نەتەوەیی و نیشتیمانییە بکات بە مەترسی ئاسایشی دادەنرێت".[3]

لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ جیهانگیری یارمەتی دروستبوونی هزرە پۆست نەتەوەییەکانی داوە، هەر لەم ڕوانگەوە شوناسە نەتەوەییەکان چەند لایەنە ئاڵۆزتر بوون. لەسەدەی بیست و یەك ململانێی سەرەکی لەسەر شوناس دروست دەبێت. بەجیهانیبوون بەهۆی تێکدانی هەلومەرجەکان و لەناوبردنی سەرچاوەکانی شوناس سازیی کلاسیکی، قەیرانێکی شوناسی بەربڵاوی دروستکردووە. لە هەمان کاتدا، زەمینەیەکی لەبار بۆ بۆ دروستبوونی شوناسە نوێیەکان وەك بەشێك لە ڕووحی فرەگەرایی یان جۆرێك لە گشتگەرایی دەرەخسێنێ و دەرفەتی ئەوە بە هەموو کەسێك دەدات بچنە ناو ئەو بازاڕەوە.[4]

لە ڕاستیدا چەندین هەڕەشە هەن لەسەر ناسنامەی نیشتیمانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسیەی کوردی بەسەردا دابەشکراوە بەسەر وڵاتانی ناوچەکەدا، کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو وڵاتانەوە لە زۆربەی ڕوویەکەوە.[5]

تەنانەت لەسەر ئاستی ناوخۆش لەڕووی کومەڵایەتییەوە لە ژێر هەڕەشەی گەورەدایە، عەشیرەتگەری و ناوچەگەری بنەمایەکی سەرەکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە لەکوردستاندا، لە ئێستادا، بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی کومەڵایەتی لە ئاڵۆزیەکی گەورەدایە، پەیوەندی نێوان خودی پێکهاتە کوردییەکان، پەیوەندی نێوان کورد و پێکهاتە ئیتنیەکانی دیکە..هتد، بەگشتی لاوازە وایکردووە جۆرێك لە یەکترازان ڕوویدات لە بونیادی کولتووری کۆمەڵایەتی کوردستان، پۆلێنکردنی کۆمەڵایەتی تاکەکان لەناو گروپە بچکۆلەکاندا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شوناسی جیا جیا، دژ بەیەك، چونکە

---

[1]. عەتا قەرەداغی، کوردستان لە نێوان پەتبوون و یەکبووندا: کۆمەڵێ وتاری کۆمەڵایەتی و فیکری و سیاسی، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2017، ل54.

[2]. علی ئەحمەد، قەیرانی نەبوونی ناسنامە لە هەرێمی کوردستان، ماڵپەری شەن پرێس، ڕێکەوتی سەردان 2022/9/11: u.pw/rpBdZ2https://

[3]. د. صالح عمر و د.پەروێز رحیم، ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ناسنامەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل33.

[4]. د. صالح ملا عمر عیسی، ئەنتیك گەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نمونە، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی پارتی، هەولێر، 2008، ل128.

[5]. عەلی عەونی، تەوشناسیا ناسیونالیوما کوردی، دیداری هزری نەتەوەیی: خامە بە تنۆکی خوێن دەنووسێ سەربەخۆیی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، سۆران، ئەیلولی 2017، ل34.

تاکەکان ئەندامێتی گروپێکی کۆمەڵایەتی قبوڵ دەکەن وەك پێناسەیەك بۆ خود. لە هەرێمی کوردستان گروپە بچوکەکان تەواوی ڕەگەزنامەی شوناس پێکدەهێنن، زۆر ئەستەمە شوناسێکی کۆمەڵایەتی گشتگیر بدۆزرێتەوە لەسەر بنەمای هاریکاری کۆمەڵایەتی بونیاد نرابێت.[1]

سەرباری هەموو ئەوانە ناتوانین ڕۆڵی فاکتەری ئاینی لە هەرێمی کوردستان لەبەرچاو نەگرین لە ناسنامەی کۆمەڵگەی کوردیدا. لەساڵی (2015) پەرلەمانی کوردستان لە خولی چوارەمی خۆیدا، یاسای ژمارە (5)ی ساڵی (2015)ی یاسای پاراستنی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانی پەسەند کرد، یاساکە لە سێ بەش و نۆ ماددەدا خراوەتە ڕوو، لەماددەی یەکەمی یاساکە، خاڵەکانی یەك و دووەم، دانی ناوە بە پێکهاتەکانی (تورکمان، کلدانی سریانی ئاشوری و ئەرمەنی)، ئایینەکانی (مەسیحی، ئێزدی، سابیئەی مەندانی، کاکەیی، شەبەك، فەیلی، زەردەشتی و هی دیکە).[2] بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بە ئایینەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەیە.

زۆربەی تاکی کورد لە بارەی ئایینەوە خۆیان بە ئایندار دەزانن و بوونی ئاینیش لە کۆمەڵگادا بە پێویست دەزانن. کەواتە بۆ بەشێك لە خەڵکی کورد، شوناسی ئاینییە کە زیاتر لە شوناسە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، شوناسی سیاسیان دیاری دەکات.[3] ئەمە جگە لەوەی بوونی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان، هەمیشە بیانوویەك بووە بۆ دەستێوەردانی وڵاتان لە کاروباری ناوخۆیی کوردستان بە مەبەستی پشتگیری لەو پێکهاتانە، بەتایبەت تورکیا لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە پاساوی پاراستنی مافی پێکهاتەکان زۆرترین دەستێوەردانی کردووە بەتایبەت لە کەرکوك و هەولێر تەلەعفەر و ئەو ناوچانەی تورکمانی لێیە.[4]

هەرچی پەیوەستە بە ئاڵاوە یەکێکە لە هێما گرنگەگانی ناسنامەی نەتەوەیی، جگە لە دۆخی ناوخۆی کوردستان، لەلایەن حکومەتی عێراقی و وڵاتانی تریشەوە دژایەتی ئاڵای کوردستان کراوە، زیندووترین نمونەش پرسی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بوو لە (2017/3/18) کاتێك لەسەر داوای پارێزگاری کەرکوك، ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی دا لەسەر فەرمانگە حکومییەکانی ئەو پارێزگایە، ئەم ڕووداوە چەندین کاردانەوەی لە سەر ئاستی پێکهاتەکانی کەرکوك و حکومەتی عێراقی و تەنانەت وڵاتانی هەرێمیش لێکەوتەوە، لەناویاندا وەزارەتی دەرەوەی تورکیا نیگەرانی خۆی لە دژی ئەو بڕیارە دەربڕی.[5]

سەرباری ئەوەی ئەو ئاڵایەش تاوەکو ئێستا هەموو پێکهاتەکانی کوردستان بەرز ڕایناگرن، تەنانەت تورکمان و ئاشوری ئەوانی تر دانی پێدانانێن، ئاڵای تایبەتی خۆیان هەیە، ئەم ئاڵایەی ئێستا زیاتر وەك ئاڵایەکی ئێتنی زیاتر دەرکەوتووە،

---

[1]. م.عبدالرحمن کریم دەروێش، جیۆستراتیجیەتی ئاشتەوایی نیشتیمانی لە کوردستانی عێراق بەراییەکی تیۆری، لە بلاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت و دەزگای ڕۆشنبیری جمال عیرفان، چاپخانەی کمال، سلێمانی، بێ ساڵی چاپ، ل139.

[2]. بڕوانە یاسای ژمارەی (5)ی ساڵی (2015) یاسای پاراستنی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان– عێراق، لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان.

[3]. د.سەباح موفیدی، ئاین و شوناسی سیاسی لە کوردستان، لە بلاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ل9.

[4]. فەرهاد حسن عبدالله، بەشداری پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی: کۆسپەکانی بەردەمی و سیناریۆی ئایندە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی 6، ژمارە 2، ڕەزبەری 2019، ل 126.

[5]. م.فەرهاد جلال، ئاسایشی کۆمەڵگەیی کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل60.

پێکهاتەکان پێیان وایە ئەو ئالأیەی ئێستا هەیە گوزارشت لە بوونی ئەوان ناکات.[1] هەموو ئەوانە مەیل بۆ خێڵ و عەشیرەت و ئاینە جیاوازەکان دوور نییە ببنە هەڕەشە لەسەر مەترسی بۆ ئاسایشی ناسنامەیەکی هەرێمی کوردستان و ببنە ڕێگر لە بەردەم دروستکردنی شوناسێکی نیشتیمانی گشتگیر بۆ هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان وە ئاسایشی قەوارەی هەرێمی کوردستان لە ئایندەدا بخاتە مەترسییەوە.

جگە لەوەی شەڕی ناوخۆ و لێکەوتەکانی لەسەر ئەزموونی حوکمرانی هەرێم، خراپی ئەدای حکومرانی و نەبوونی سیستەمێکی سیاسی تەندروست لە کوردستاندا، نەبوونی ئیدارەیەکی یەکگرتووی ڕاستەقینە، هەندێك کات وروژاندنی هەستی ناوچەیی لای هێزە سیاسییەکان و زیندووکردنەوەی گیانی عەشیرەتگەری و خێڵەکان هەڕەشەی جددین لەسەر ئاسایشی ناسنامەیی و تەنانەت قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان.[2]

ئەمەش گەیشتۆتە ئاستێکی ترسناك بەشێك لە هاونیشتیمانیان لە توڕەیی و نیگەرانی زۆردان، بەوەی لە تۆڕە کۆمەلأیەتیەکان و تیڤییەکان، بە سەرنج و نوسین و کۆمێنتەکانیان خۆشحالی خۆیان دەردەبڕن بە نەمانی قەوارەی هەرێمی کوردستان و خۆزگە خواستن بۆ سەردەمی پێش دروستبوونی ئەو قەوارەیە. بۆیە ناکۆکییەکان لەسەر پرسی ناسنامە ئاسایشی ولأت دەخەنە مەترسییەوە بە تایبەت ئەو ولأتانەی پێکهاتە و نەتەوەی جیاوازیان تێدایە، بە پێچشەوانەوە ئەو ولأتانەی فرە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئیتنی نین یەکگرتووتر و سەقامگیرترن.

**دووەم: زمان**

لەبەرئەوەی پرسی زمان بابەتێکی گرنگە و بایەخێکی زۆری هەیە و لە دروستکردنی ناسنامەیەکی نیشتیمانی و ڕۆڵی گرنگ و بالأ دەبینێت، توێژەر بە باشی زانی لە برگەیەکی تایبەتدا تیشکی بخاتە سەر. زمان ئامرازێکی گرنگە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی، لە نەتەوەسازیدا ڕۆڵیکی گرنگ دەبینێ. نەتەوەسازی ئاماژە بە پرۆسەی بنیادنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی بەسود وەرگرتن لە هێزی دەوڵەت، دەکات.[3]

هەرکاتێك کۆمەڵگەی کوردی کەوتە ژێرباری هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر زمان و کولتووری کوردی، ئەوکات ئاسایشی نەتەوەیی هەرێم ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بە ئاشکرا یان نا ئاشکرا دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە. یەکێك لەو هەڕەشانە زیادبوونی هەژموونی ولأتانی دراوسێکانییەتی بە تایبەت تورکیا و ئێران و بە تایبەت کولتووری عەرەبیە لەسەر کۆمەڵگای کوردی.[4]

زمانی کوردی تاوەکو ئێستا ئەو زمانەیە کە لە ڕووبەرێکی ناوچەیی سەر جوگرافیای کوردستاندا گوزارشتی پێدەکرێت و جۆراوجۆری زمانەکانی ئەم زمانە و دروست نەبوونی زمانی ستاندەر وایکردووە تەنانەت لەسەر ئاستی هەموو کوردستان خۆیشی ئەم زمانە نەتوانێت یەك شێواز و بە جۆرێك کە هەموو کەسێکی کورد تێیبگات و ببێتە ئامرازی دەربڕین و خۆنمایشکردنی کورد بە مەرجێ هەموو کورد تێی بگات. کەواتە لاوازبوونی زمانی کوردی و نەبوونی زمانێکی ستاندار

---

[1] . م.عبدالرحمن کریم دەروێش، سەرچاوەی پێشوو، ل152.

[2] . د.کاوە محمود، شوناسی کوردستانی نیشتیمانییە یان لۆکالی؟ ماڵپەری ڕێگای کوردستان، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/3: https://tinyurl.com/b64e5ksw

[3] . د.ڕحیم سورخی، ڕۆڵی زمان لە نەتەوەسازیدا: تێڕوانینێك بۆ پرسی زمانی کوردی، لە بلأوکراوەکانی خانەی هزری کوردستان ژمارە(1) دەوڵەت و نەتەوە، 2017، ل150.

[4] . د.کامەران محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل199.

هۆکارێکی سەرەکییە بۆ لاوازبوونی هەستی یەکبوون و ناسنامەیەکی کوردی. بۆیە دەبینین ئێستا بەم دۆخەی زمانی کوردییەوە شوناسی هەورامی و سۆرانی و بادینی بەهێزترە لە شوناسی کوردی بوون.[1]

بێگومان ئەم دۆخەش چەند هۆکاری جیا جیای هەیە لە سەرووی هەموویان دابەشبوونی هێزە کوردییە بالادەستەکان. نەبوونی بڕیاری سیاسیی بوێرانە، پشت نەبەستن بە خەڵکانی ئەکادیمی و پسپۆڕی ئەو بوارە بەجۆرێك ببێتە هۆی ڕێگریکردن لە ناوچە گەرێتی و خەونی لە مێژینەی کورد بەدی بهێنریت و زمانی فەرمیی یەکگرتووی نوسین بهێنرێتە کایەوە و کایە سیاسیی و ئابووری و ڕوشنبیری و ئەدەبی و زانستی و دبلۆماسیەکانیشی پێ ڕێکبخرێت.[2]

**سێیەم: ماددەی هۆشبەر**

بیریارانی قوتابخانەی کۆپنهاگن ئاماژە بەوە دەدەن کە چەندین پرس هەیە کە دەبنە هەڕەشەیەکی مەترسیدار لە ئاسایشی کۆمەڵگەیی، یەك لەو پرسانە پرسی ماددەی هۆشبەرە، کە لە ئێستادا تەنانەت بۆتە پرسێکی جیهانی و هەڕەشە لە ئاسایشی کۆمەڵگەیی بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهان دەکات، تەنانەت ساڵانە چەندین کۆنفرانس و پلانی تایبەتی بۆ دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهان بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی جۆرەکانی ماددەی هۆشبەر لەسەر تاسەری جیهاندا.

عێراق پێش ساڵی(2003) یەکێك بووە لە پاکترین وڵاتانی جیهان لەڕووی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، بەڵام لەدوای ساڵی (2003) بەهۆی شەڕ و ناسەقامگیری ئەمنی و بەرز بوونەوەی هەژاری و بێکاری لە عێراقدا. بۆتە یەکێك لە وڵاتە بەرهەمهێن و هەناردەکانی ماددەی هۆشبەر، بەشێوەیەك ژمارەی بەکارهێنەرانی گەیشتۆتە نزیکەی دوو ملیۆن کەس و زیاتریش، چونکە عێراق وەکو وێستگەیەکی ترانزێت دەژمێرێت بۆ ناردنە دەرەوەی ماددە هۆشبەرەکان بۆ وڵاتانی دەوروبەری خۆی بەتایبەتی وڵاتانی کەنداو، ئەویش لە دوو ڕێگای سەرەکییەوە، یەکەمیان لە ڕێگای سنووری ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئێران، کە باندە قاچاغچییەکانی عێراقی و ئێرانی بەکاری دەهێنن، دووەمیان لەڕێگای ئاسیای ناوەندییەوە بۆ هەرێمی کوردستان– عێراق، کەباندە قاچاغچییەکانی ئاسیای ناوەندی و کوردستانی بەکار دەهێنن.[3]

هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لە دەوڵەتی عێراق، شوێنی جوگرافیای بەشێوەیەك هەڵکەوتووە هەزار کیلۆمەتر دراوسێی ئێرانە، ئێرانیش دراوسێی دەوڵەتێکە کە سەرچاوەی ماددە هۆشبەرەکانە، ئەویش ئەفغانستانە، هەروەها هاتنی ژمارەیەکی زۆری گەشتیاران و ئالودەبو و قاچاغچییەکان لەئێران و دەوڵەتانی تری بەکارهێنەر و کرانەوەی سەرجەم سنوورەکان دەتوانین بڵێین سەرەتایەك بوو بۆ هاتنی ماددە هۆشبەرەکان بۆ ناو هەرێمی کوردستان، بەکارهێنان وەك ترانزێت لە لایەن بازرگانانی ماددە هۆشبەرەکان کە کراوەتە پردێك بەرەو تورکیا و ئەوروپا، بە تایبەتتر لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق.[4]

---

[1]. عەتا قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل58.

[2]. د.دانا علی صالح، دیوە تاریکەکەی ئەزموونی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل 19.

[3]. فائیز ابراهیم محمد، کۆمەڵناسی خوگرتن بە ماددەی هۆشبەرەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2013، ل51.

[4]. مەهدی بەدری، ماددە هۆشبەرەکان و بڵاوبوونەوەی لەئێران و کوردستاندا، چاپخانەی خانی، هەولێر، 2007، ل 9.

مادده هۆشبەرەكان جگە لە زیانە تەندروستیی و دەروونیەكانی كە هەڕەشەی هەرە گەورە و مەترسیدارن، چەندین لێكەوتەی تری خراپ جێ دەهێڵن لەسەر كۆمەڵگا و بەكارهێنەری ئەو ماددانە، لە سەرووی هەموویان كاریگەری ئابووری خراپ دروست دەكات.

بەپێی ئاماری نەتەوە یەكگرتووەكان كە لە مانگی (2021/6) دا بڵاوكراوەتەوە لە سەرانسەری جیهاندا (275) ملیۆن بەكارهێنەری ماددەی هۆشبەر هەیە، لەم ژمارەیە (36) ملیۆنیان بەدەست خراپی دۆخی تەندروستییانەوە دەناڵێنن. كۆی گشتی بازرگانیكردن بە ماددەی هۆشبەر لە جیهاندا بە نزیكەی (500) ملیار دۆلار دەخەملێنرێت.[1]

مەترسی و هەڕەشەی ماددەی هۆشبەر وەك هەڕەشەیەكی گەورەی جیهانی سەیر دەكرێت، ئەمەش وای لە ڕێكخراوەكانی تایبەتمەند بە كەمكردنەوەی ئەو دیاردەیە كردووە لە سەرووی هەموویان نەتەوەیەكگرتووەكان، خەمی پلان و ستراتیجی قوڵ بخۆن لە ئاست ئەو بابەتە، بۆ نمونە ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان لە چوارچێوەی ستراتیجێكدا، پلانێكی (4) ساڵی داناوە لە ساڵی (2021 بۆ 2025) بە مەبەستی كەمكردنەوەی بەكارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە جیهاندا.[2]

**چارتی ژمارە (2)**

بازرگانیكردن بە ماددەی هۆشبەر لە جیهاندا، لە ساڵی 2022.




تێبینی: توێژەر چارتەكەی ئامادەكردووە بە پشت بەستن بەم سەرچاوەیە

europen union agency for criminal justice cooperation, drug trafficking:
https://www.eurojust.europa.eu/crime-types-and-cases/crime-types/drug-trafficking

---

(1). تقرير المخدرات العالمي 2021 الصادر عن مكتب الأمم المتحدة المعني بالمخدرات والجريمة: تأثيرات الجائحة تزيد مخاطر المخدرات مع عدم أخذ الشباب خطر القنب على محمل الجد، موقع un، تأريخ الزيارة 2022/11/4, على الرابط التالي:
https://tinyurl.com/ymbnb76c

(2). مكتب الأمم المتحدة المعنى بالمخدرات والجريمة (UNODC)، استراتيجية مكتب الأمم المتحدة المعنى بالمخدرات والجريمة 2021–2025، ص1.

ئەگەر سەرەتای سەیری عێراق بکەین لە ساڵی (2021)دا نزیکەی (11)هەزار کەس لە عێراق دەستگیرکراون، بەشێکیان بازرگان، بەکارهێنەر، بانگەشەکار، لەو (11)هەزار کەسە، 60٪ بازرگان بوون، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر گەلێك زیادی کردووە.[1]

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش ساڵ لە دوای ساڵ بەکارهێنانی ئەو ماددانە ڕووی لە زیادبوونە، بەهۆی ئەوەی دەوڵەتانی مانگی ئاڵتونی (ئێران– ئەفغانستان– پاکستان) سێ گەورەترین دەوڵەتی بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەرن، کوردستانیش هاوسنورە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران. بەگشتی چەندین ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، مەترسیدارترینیان (کریستاڵ) بە زمانی بازاڕی (شیشە)ی پێدەگوترێت. لە ماوەی تەنها سێ خولەکدا کاریگەری لەسەر مێشك دروست دەکات و بە میکرۆبی پوکانەوەی مێشك ناسراوە، بە گشتی لە هەرێمی کوردستان (17) جۆری بەربڵاو لە ماددەی هۆشبەر هەیە.[2] لەماوەی (9) ساڵی ڕابردوو، لە کاتی توێژینەوەکەی ئێمەوە تاوەکو کۆتایی نووسینی ئەو توێژینەوەیە بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر دەبێت.

**خشتەی ژمارە (4)**

**ڕێژەی دەست بەسەرداگرتنی ماددەی هۆشبەری سروشتی و ناسروشتی لە کوردستان(2022)**

| پێکهاتەی ماددەی هۆشبەر | ڕێژەی دەست بەسەداگیراو | دیارترین جۆرەکان |
|---|---|---|
| سروشتی و ناسروشتی | 7431 کیلۆ و 831 گرام | حەشیش، تریاك، جامایکا، گراس، هیرۆین، شیشە، کریستاڵ |
| دەستکرد | 1652149 حەب | ترامادوڵ، میتادوڵ، سومەدرین، تیفرین، ئارتین، شروب، دیاز پام. |

ئامادەکردنی توێژەر: بەپشت بەستن بە زانیارییەکان و کۆکردنەوە و لێکدانیان، کە بە داخەوە دەزگا ئاسایشییەکان دابەشی هەردوو زۆنەکە بوون، واتە زانیارییەکان لە یەك شوێن و دامەزراوەی فەرمی نین توێژەر بتوانێت وەریان بگرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (ڕێبین کاکەمم عمر، شوێنەوارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان، نامەیەکی ماستەرە لە زانکوی سەلاحەدین، کولێژی ئەدەبیات، بەشی کومەڵناسی، 2022، ل42).

لە ڕێکەوتی (28 ی حوزەیرانی ساڵی 2022)، لە میانی کۆنفرانسی "ماددەی هۆشبەر ئەو مەترسییەی لە بەردەم هەمووانە" د.جوتیار عادل گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: بەداخەوە ژمارەی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان، ساڵ لە دوای ساڵ لە زیادبووندا ئەوەش مەترسییەکی گەورەیە بۆ هەرێمی کوردستان،

---

[1]. گۆڤەند سیامەند، بەدواداچوون لەسەر ماددە هۆشبەرەکان: کوردستان بۆتە ترانزێت و لە عێراق بە درۆن دەگوازرێتەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو: https://tinyurl.com/2scedvyu

[2]. هاوکار رفیق، هەڕەشەی ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوە، گۆڤاری ئایندەناسی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دوو مانگ جارێك دەریدەکات، ژمارە 4، سلێمانی، تشرینی دووەمی 2020، ل49.

ئاماژەی بەوەکرد کە لە ساڵی (2022) تاوەکو ئێستا (999) کەس دەستگیرکراون، تەمەنی گیراوان لە نێوان (18 بۆ 50) ساڵدایە.[(1)]

لە هەرێمی کوردستان بە گوێرەی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (2020) یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان– عێراق. مامەڵە لەگەڵ دۆخی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان دەکرێت. لەگەڵ ئەوەی بە پێی ماددەکانی یاساکە هەوڵدراوە لە پێناوی کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە سزاکان توندتر بکرێن، سەنتەری تایبەت بە چارەسەری بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر بکرێتەوە.[(2)]

تەنها لە مانگی (2022/7) بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی (149)کگم ماددەی کریستاڵی دەست بەسەرداگرتووە، لە ڕێکەوتی (2022/8/9) لە کاتی نووسینی ئەو توێژینەوەیەدا دەست بەسەر (64)کگم ماددەی کریستاڵدا گیراوە تەنها لای یەک تۆمەتبار.[3]

لە ئێستادا بەهۆی کرانەوەی شەپۆلی جیهانگیری سەرۆك و خێزان و دایك و باوکان وەك پێویست ناتوانن چاودێری منداڵەکانیان بکەن، بەهۆی ئاسانی تۆڕەکانی پەیوەندی و فیلم و دراماکان و چەندان بابەتی تر پەنادەبەنە بەر بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، ئەمەش لە ئایندەدا نەك ئاسایشی کۆمەڵایەتی بگرە ئاسایشی نەتەوەیش دەخاتە مەترسییەوە، چونکە ڕێژەی بەکارهێنەران بەگوێرەی داتاکان سات لەدوای سات لەزیادبووندایە و کاریگەریە هەمە جۆرەکانی زۆر زیاتر دەبن، بەهۆی ئەوەی کوردستان بۆتە ترانزیتی ئەو ماددانە بەرپرسان لە هەندێ شوێن تێوەگلاون، ئەمەش هەڕەشەی جدیە لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان.[(4)]

**چوارەم: پرسی ئاوارە و پەنابەر**

یەکێك لەو بابەتانەی لە دیدی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە مەترسی لەسەر ئاسایش و ئارامی وڵات دروست دەکات بریتیە لە بابەتی کۆچکردن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتیکی تر یان پرسی زۆری ئاوارە و پەنابەر کە دوور نییە ببێتە هۆی گۆڕینی دیموگرافیای شوێنێك، ئەمە دەبێتە هۆی تێکدانی زۆربەی ڕەهەندەکانی ئاسایش لە سەرووی هەموویان ئاسایشی کۆمەڵگەیی، ئاماژەشمان بەوەکرد کە ئەوان پێیان وایە بە شێکی زۆر لەو جەنگ و ململانێیانەی لە وڵاتان ڕوویانداوە لە ڕابردوو لەدوای جەنگی ساردەوە بابەتی ناوخۆیی و پێکدادانی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بوو، نەك هۆکارەکانی تر.

هەرێمی کوردستان بە درێژایی تەمەنی قەوارەکە ڕووبەرووی هاتنی چەندین شەپۆلی ئاوارە پەنابەر بۆتەوە. بەڵام بە پلەی یەکەم لە دوای جەنگی سوریا و شەڕی داعش و ڕووداوەکانی شازدەی ئۆکتۆبەری ساڵی (2017)، بە تایبەت شەڕی داعش و جەنگی سوریا بووە هۆی هاتنی سەدان هەزار ئاوارە و پەنابەر بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی دۆخی ئابووری و سیاسی و هەرێمی کوردستان تەواو نەبوو، هاتنی ئەو هەموو ئاوارە و پەنابەرە بارگرانییەکی

---

(1). کۆنفرانسێکی تایبەت بە ماددەی هۆشبەر بەڕێوەچوو، ماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان:
https://tinyurl.com/yecmmwju

(2). بڕوانە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (2020)ی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقڵیەکان لە هەرێمی کوردستان– عێراق، لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.

3 . بازرگانێکی گەورەی مادەی هۆشبەر دەستگیرکرا، پێگەی فەرمی ڕووداو، ڕێکەوتی سەردان 2022/8/1:
https://tinyurl.com/yecmmwju

(4). بارزان صادق، هەڕەشە ناوخۆییەکانی ئاسایشی هەرێم، سەرچاوەی پێشوو، ل 111.

گەورەی بۆ هەرێمی کوردستان دروستکرد لە هەموو ڕوویەکە بە تایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە کە تێچووی ساڵانەیان نزیکەی یەك ملیار و چوارسەد ملیۆن دۆلار بووە.[1]

هەرچی پەیوەستە بە ئاوارەی ناوخۆیی کە زۆربەیان لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە هاتبوون بە تایبەت لە دوای شەڕی داعش. لە ساتی گرتنی موسڵەوە لە ساڵی (2014) تاوەکو ئازادکردنەوەی لە ساڵی (2017) زیاتر لە یەك ملیۆن کەس لە شارەکە ئاوارەبوون کە دەکاتە زۆربەی دانیشتوانی شارەکە، نزیکەی (60٪) ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە ساڵی (2014)دا 1،1 ملیۆن کەس بووە لە هەرێمی کوردستان، کە نیوەیان زیاتر خەڵکی پارێزگای نەینەوابوون، لە (20٪) خەڵکی پارێزگای صلاح الدین بوون، هەولێر و سلێمانی میوانداری جیاوازترین جۆری ئاوارەکانیان کردووە، بەڵام زۆربەی ئاوارەکانی پارێزگای دهۆك تەنها خەڵکی موسل بوون. لە کۆی 6,9 ملیۆن دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2016)دا 1,1 ملیۆن ئاوارەی ناوخۆیی (کە دەکاتە 16٪ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان) و 200 هەزار پەنابەر (3٪ ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان) لە پێکهاتەکەی بوون. لە کۆی 1،1 ملیۆن ئاوارەی ناوخۆیی 56٪ لە پارێزگای دهۆك بوون. ئەمە جگە لە بوونی نزیکەی (242)هەزار پەنابەری سوری لە هەرێمی کوردستان.[2]

بەڵام دوای ئازادکردنی ناوچەکانی ژێر دەستی داعش لە عێراق و سوریا لەگەڵ ئەوەی بەشێك لەو ئاوارە و پەنابەرانە نەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان بە تایبەت لە عێراق بەهۆی ئەو ململانێ سیاسیی و تائیفیانەی هەیە لە عێراقدا، لە پاکتاوکردنیان لەلایەن پێکهاتەکانی ترەوە. بەگوێرەی دوایین ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم ژمارەی ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردستان لە 2022 بەمجۆرەی خوارەوەیە:

**چارتی ژمارە (3)**

**ژمارەی ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردستان**




ئامادەکردنی توێژەر: بە پشت بەستن بە: (هێمن بابان رحیم، 926 هەزار ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردستانن، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو، ( LE4u.pw/zL2https://

---

[1]. د.صالح مەلا عمر عیسی و د.پەرویز رحیم قادر، شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی...، سەرچاوەی پێشوو، ل41.

[2] . د.ماجد عسمان، ڕاپۆرتی شیکاری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان– عێراق، ڕاپۆرتەکە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، شوباتی 2021، ل22.

لەم خشتەیەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە نزیکەی ملیۆنێك ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردستان هەن، کە ئەم ژمارەیە بۆ هەرێمی کوردستان زۆرە، هەروەها ژمارەی ئاوارەکان ڕێژەی (71,7٪) کۆی گشتی و ئاوارە و پەنابەر پێکدەهێنن، واتە ئەوەی هەیە بەشی هەرە زۆری ئاوارەیە، هەرچی پەنابەرانن ڕێژەی (28,3٪) لە کۆی گشتی ئاوارە و پەنابەر پێکدەهێنن، واتە ژمارەی ئاوارەکان نزیکەی سێ بەرامبەری ژمارەی پەنابەرانە لە هەرێمی کوردستان، کە بەشی هەرە زۆرییان ئاوارەی شەڕی داعشن لە ناوچە سوننەکاوە هاتوون.

**چارتی ژمارە (4)**

دابەشبوونی ئاوارە و پەنابەر بەسەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021




ئامادەکردنی توێژەر: بە پشت بەستن بە: (هێمن بابان رحیم، 926 هەزار ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردستانن، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو، ڕێکەوتی سەردان 2022/10/15 https://tinyurl.com/9nkbrfpn )

ئەوەی پەیوەستە بەم خشتەیەوە، کە پارێزگای هەولێر زۆرترین ژمارەی ئاوارە و پەنابەری لەخۆی گرتووە، بە پلەی دووەم پارێزگای دهۆك دێت، هەرچی پارێزگای سلێمانییە پلەی سێیەمی ڕیزبەندییەکەی گرتووە. هۆکاری زۆری ئاوارە و پەنابەر لە هەریەکە لە پارێزگای هەولێر و دهۆك بەشی زۆری پەیوەستە بە نزیکی هەر یەك لەو دوو پارێزگایە لە و ناوچانەی ئاوارە و پەنابەری بۆ دێت، کە بەشی زۆری پەنابەر و ئاوارەکان لە وڵاتی سوریا و ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە هاتوون بە تایبەت پارێزگا سوننە نشینەکان بەهۆی شەڕی داعشەوە ناوچەکانی خۆیان جێهێشتووە.

**چارتی ژمارە (5)**

پێکهاتەی پەنابەرانی نیشتەجێی هەرێم




ئامادەکردنی توێژەر: بە پشت بەستن بە (هێمن بابان رحیم، سەرچاوەی پێشوو، https://tinyurl.com/9nkbrfpn )

چارتی ژمارەی (5) ئەوەمان پێ دەلێت کە جەنگی سوریا نەك تەنها کاریگەری هەبووە لەسەر ئەو ولاتە بەڵکو لێکەوتەکانی لەسەر ئاستی هەرێمی جیهانی و زۆرە بە تایبەت ئاوارەبوونی ملیۆنان کەس لەو ولاتاوە بۆ ولاتانی تر، هەرێمی کوردستان بەهۆی نزیکی لەو ولاتە و بوونی ئارامی تیاییدا بۆتە لانەی بەشێکی زۆر لە پەنابەرانی ئەو ولاتە کە لە ناوچە جیا جیاکانی هەرێمی کوردستان نیشتەجێن.

پرسێکی تر هەیە کە بە پێویستی دەزانین ئاماژەی پێ بدەین ئەویش بریتییە لە کۆچی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە گشتی بە تایبەت لاوان بۆ دەرەوەی ولات ( کە بە ڕاکردن) لە هەرێم ناوی دەبەن. کۆچکردن دیاردەیەکی جیهانییە بەلاّم هۆکارەکانی دیاردەی کۆچکردن جیاوازن سیاسی، ئابووری، کۆمەلاّیەتی.....هتد، بەلاّم بە شێوەیەکی گشتی خالّی هاوبەشی کۆچکردنی مرۆڤەکان بریتییە لە گەیشتن بە جوگرافیا و ناوچەیەکی ئارامتر و خۆشتر و باشتر بۆ ژیانکردن لەو شوێنەی کە پێشتر کۆچکەرەکەی لێ بووە.[1]

دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین بەر لە ساڵی (2014) ناو بە ناو گوێ بیستی گەڕانەوەی بەشێك لە هاولاّتیانی هەرێمی کوردستان دەبووین لە ساڵی (2005)ەوە دوای ڕووخانی حکومەتی عێراقی تاوەکو ساڵی (2013). بەلاّم لەدوای ساڵی (2014)ەوە تاوەکو کۆتایی ساڵی (2022) کۆی هاولاّتیانی هەرێمی کوردستان بۆ ولاّتانی دەرەوە بە تایبەت دەوڵەتانی ڕۆژئاوا زۆر زیادیکردووە. کە چەندین هۆکاری جیا جیا هەن بۆ جیهێشتنی کوردستان لە لایەن هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستانەوە، کە گرنگترینیان خۆی لەم خالاّنەی خوارەوەدا دەبینێتەوە.[2]

---

(1) د.هیوا مجید خلیل، هۆکار و لێکەوتە سیاسی و ئابوورییەکانی کۆچکردن لە هەرێمی کوردستان، ماڵپەری پێنووس، ڕێکەوتی سەردان 2023/5/12: https://tinyurl.com/2r4k293c

(2) د. موراد حەکیم، تایبەتمەندییەکانی کۆچبەرانی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی کۆچکردنیان: کۆچی گەنجانی هەرێم بۆ ولاّتانی ڕۆژئاوا دوای شەڕی داعش، گۆڤاری توێژەر زانکۆی سۆران، بەرگی 3 ژمارە 2 بەهاری 2020، ل305.

1- ناسەقامگیری سیاسی
2- نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی
3- نەبوونی متمانە بە بەرپرسان
4- نەبوونی دەرفەتی کار و کەمی خزمەتگوزاری
5- خراپی دۆخی ئابووری و بوونی گەندەڵی
6- خۆشگوزەرانی و سەرنجڕاکێشانی ئەوروپا

بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت، بۆ هەر وڵاتێك ئەو ژمارەیە لە ئاوارە و پەنابەر ژمارەیەکی زۆرە بە تایبەت بۆ هەرێمی کوردستان ئەو ژمارەیە یەکجار زۆرە، بوونی ئەو ژمارە زۆرە هەڕەشەی ئاسایشی بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان دروست دەکات لە زۆربەی سێکتەرەکانی ئاسایشدا و چەندین قەیرانی لێدەکەوێتەوە، ئەمە جگە لەوەی دوورنیە لەسایەی ئەو هەموو ژمارە زۆرە لە ئاوارە و پەنابەر دیمۆگرافیای هەرێمی کوردستان تووشی گۆڕین نەبێتەوە و پێکدادانی ناسنامە ئەگەرێکی کراوەیە، کە ئەمەش یەکێکی ترە لە مەترسییە گەورەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان. لە لایەکی ترەوە بەشێك لە هاوولاتیانی هەرێمی کوردستانیش بەهۆی نیگەرانی و ناڕازیبوونیان لەو دۆخەی هەیە هەرێمی کوردستانیان جێهێشتووە.

**تەوەری سێیەم: ئالێنگارییە ژینگەییەکان**

لە سایەی کرانەوەی جیهان و شەپۆلی جیهانگیری لە ئێستادا پرسی ژینگە ڕەهەندێکی جیهانی هەیە و نەك پرسێکی تایبەت بە وڵاتێك یان ناوچەیەك، چونکە مەترسییەکانی ژینگە کاریگەری و دەرئەنجامی جیهانیان هەیە، وەکو: گازی ژەهراوی بەرهەمهاتوو لە سوتەمەنییەکان، کونبوونی ئۆزۆن، گەرمبوونی زەوی، پیسبوونی دەریا و زەریاکان، بارانە ئەسیدییەکان، کەمبوونەوە و لەناوچوونی گیاندار و ڕووەك و ....هتد ، کۆمەڵێك هۆکارن کە ئاوهەوا و خاك، ڕووەك و گیانداران بکەونە مەترسییەوە. هەموو ئەوانەش چارەسەکردن و دانانی پلان و بەرنامە بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان لە توانای تاکە دەوڵەتێکدا نییە، بۆیە پێویستی بە پلان و ستراتیجێك هەیە کە جۆرێك لە گشتگیری پێوە دیاربێت. چونکە سەرباری گۆڕانی دۆخی کەش و هەوا، بەشێك لە دەرئەنجامەکانی پیسبوونی ژینگە دەبنە هەڕەشەیەکی مەترسیدار لەسەر ئاسایشی خۆراك.[1]

لە ئێستا پرسی ژینگە ڕەهەندێکی جیهانی وەرگرتووە، یەکێکە لە هەڕەشەکان لەسەر ئاسایشی وڵاتان، ئالێنگارییە ژینگەییەکان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەخەینە ڕوو:

1- پیسبوونی ژینگە

ژینگە بریتیە لەو زەوییەی کە بەسەریەوە دەژین و لەو ئاسمانەی داپۆشیوین، هەروەها ئەو بونەوەرە زیندوو نازیندوانەی کە کارمان تێدەکەن و کاریان تێدەکەین هەموو ئەوشتانەی کە هەستەوەریەکانی (بینین و بیستن و چەشتن و

---

[1] . نەجات علی، دیموکراسی وەك رەگەزێکی نوێ لە ئاسایشی نەتەوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل215.

بەرکەوتن) پێمان ڕادەگەیەنن (جا ئەوشتە سروشت کاربێت یان ئامادەکار).[1] هەروەها هەموو ئەوشتانەی کەدەوریان داوین و کاریگەریان لەسەر بونەوەرە زیندوەکان لەسەر ڕووی زەوی هەیە کە ئاو و هەواو خاك و کانزاکان لەخۆدەگرن.[2]

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا بەهۆی لێکەوتەکانی ژینگە کە ڕەهەندی جیهانی هەیە و لە ئێستا پرسی ژینگە بۆتە پرسێکی جیهانی، هەر لەم سۆنگەیەشەوە بیریارانی قوتابخانەی کۆپنهاگن باس لە گرنگی ژینگە دەکەن و وەك بەشێك لە ئاسایشی ولآت سەیردەکرێت. پێشیان وایە کە پرسی ژینگە زیاتر وابەستەیە بە ڕەفتاری دەولەتان، بەوەی چەندە دەولەتان ئەو بابەتە وەك پرسێکی ئاسایشی دەبینن.

لە ڕاستیدا بە پێی ڕاپۆرتەکانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان مەترسی گەورە لەسەر ژینگەی هەرێمی کوردستان هەیە، ئەوەیە کە ئەو هۆکارانەی ژینگەی هەرێمی کوردستان پیس و وێران دەکەن، زۆر زیاتر و خێراترن لەو هۆکارانەی ژینگە دەپارێزن.[3]

هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لە عێراق بەهۆی ئەو دۆخە سیاسی و ئابووری و سەربازیەی لە چەند ساڵی ڕابردوو تێیکەوتووە، ژینگەی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین مەترسی بۆتەوە، کە هەڕەشەن لەسەر ژینگەی هەرێمی کوردستان. لە سەرووی هەموویان ئەو جەنگانەی کە ڕووبەڕووی عێراق بونەتەوە لە ڕابردوو کە بەردەوام مەیدانی جەنگ و ململانێ بووە، تەنانەت شۆڕشەکانی کوردیش، شەڕە ناوخۆییەکان لە ڕابردوو، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو جەنگی داعش و بەرزبونەوەی پلەکانی گەرما و خۆڵبارین و کەمی ڕێژەی باران بارین وشکە ساڵی و چەندین هەڕەشەی تر ڕووبەڕووی ئاسایشی ژینگەی کوردستان بوونەتەوە کە هەوڵدەدەین تیشکیان بخەینە سەر. هەرچی پەیوەستە بە خۆڵ و خاشاك یەکێکە لە هەڕەشە هەرە مەترسیدارەکانی سەر ژینگەی کوردستان، بە تایبەت لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو بەکارهێنانی کەلوپەلی پلاستیکی لەناو بازار و شوێنە گشتییەکان و هاوولآتیانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە.

لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، گوتەبێژی دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاندووە ڕۆژانە لە هەرێمی کوردستان (7000) تۆن زبڵ و خاشاك کۆدەکرێتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا ناوەندێکی ڕیساکلین نییە پرۆفێشناڵ بێت. هەروەها ئاماژەی بەوە داوە لە جیهاندا حەوت جۆر پلاستیك هەن کە دوو جۆریان ژەهراوین، لە زۆربەی ولآتاندا مادده پلاستیکیە ژەهراوییەکان قەدەغەکراون، بەڵام لە کوردستان قەدەغە نین، بە ئاشکرا دەهێنرێنە کوردستان و هیچ پۆلێنێك بۆ مادده پلاستیکیەکان نەکراوە. ئاماژەی بەوەدا چی بە سوتاندن یان بە فرێدان ئەوانە ژینگەی کوردستان پیس دەکەن، ئەمە جگە لەوەی بۆ شیبوونەوە پێویستیان بە (300) ساڵە. هەروەها لە کوردستان پاشماوە پزیشکیەکانیش هاوشێوەی پاشماوەکانی دیکە فڕێدەدرێن و لەلایەن ئۆتۆمبیلی زبڵی ماڵان کۆدەکرێنەوە و لە کوردستان شوێنی لەناوبردن و سوتاندنی پاشماوەی پزیشکی نییە، هەروەها ڕۆژانە هەشت ملیۆن لیتر بەنزین لە هەرێمی کوردستان دەسوتێندرێت.[4]

---

[1]. صدیق شێخ محمود بەرزنجی ،کاریگەری مرۆڤ لە ژینگە پیس کردندا ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ،2001 ، ل10.

[2]. کوثر محمود ابوعين، النظام البيئى وصحة المجتمع، دار مجد للنشر والتوزيع، عمان ،2006 ، ص13.

[3]. د.صالح مەلا عمر عیسی و د.پەرویز رحیم قادر، شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کومەڵگەیی و ژینگەیی...، سەرچاوەی پێشوو، ل52.

[4]. پیسبوونی ژینگە هەڕەشەیەکی جیددیی لەسەر کوردستان، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/4:
https://tinyurl.com/2t8dmktm

ئەگەر نمونەیەك بخەینە ڕوو، لە ئێستادا هەوای هەولێر یەكێكە لە پیسترین شارەكانی جیهان. بەهۆی زۆری ژمارەی ئۆتۆمبیل، دوكەڵی مۆلیدە، كارگە و پاڵاوگەكان...هتد هۆكاری پیسبوونی هەوان،"ڕێژەی بەرهەمهێنانی دوانە ئۆكسیدی كاربۆن لە هەولێر 8.9 تۆنە بۆ هەر كەسێك لەكاتێكدا لە جیهاندا 4.5 تۆنە، ئەمەش نزیكەی دوو ئەوەندەیە. ئەمەش پێمان دەڵێت هەر تاكێك لە هەولێر دەبێت ستایلی ژیانی خۆی بگۆڕێت چونكە وزەیەكی زیاد بەفیڕۆدەدەن".[1]

2- بەرزبوونەوەی پلەی گەرما ( گۆڕانی كەش و هەوا)

هەرچی پەیوەستە بە پلەی گەرماوە لە هەرێمی كوردستان، بەپێی دوایین ڕاپۆرتی دەستەی ئاماری هەرێمی كوردستان كە لە مانگی (2022/7) بلاّوكراوەتەوە، لە ژێرناوی (ئامارەكانی كەش و هەوا لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان لە ماوەی ساڵانی (2012–2021)، بەشێوەیەكی گشتی پلەی گەرما لە سەر ئاستی هەرسێ پارێزگاكەی هەرێمی كوردستان ساڵانە بە تێكڕا لەیەك كاتدا بەرزبۆتەوە بە تایبەت لەدوای ساڵی (2019)ەوە، پلەی گەرما ساڵانە زیاتر لە پلەیەك بەرزدەبێتەوە بەمەش ساڵ بە ساڵ هەرێمی كوردستان پێ دەنێتە پلەی گەرمای زیاترەوە. هەرچی پەیوەستە بە باران بارینەوە تێكڕا ساڵانە ئاستی باران بارین لە هەرێمی كوردستان لە ئاستی پێویستدا نییە بە تایبەت لە پارێزگای هەولێر، لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوو نزمترین ئاستی باران لە ساڵی (2022) بوو، كە لە هەولێر 196ملم، لە سلێمانی 291 ملم، لە دهۆك 231ملم بووە.[2]

لەلایەكی ترەوە ڕێكخراوی كۆچی نێودەوڵەتی لە (2022/8/10) ڕاپۆرتێكی لەسەر گۆڕانی دۆخی كەش و هەوا، كاریگەری لەسەر عێراق و هەرێمی كوردستان بلاّوكردۆتەوە. ئاماژە بەوە دەكات عێراق پێنجەم وڵاتە لەسەر ئاستی جیهان مەترسی گەورەی بەهۆی گۆڕانی كەش و هەواوە لەسەرە بەهۆی ئەوەی بەردەوام بەرزبونەوەی پلەكانی گەرما و خوڵبارین و وشكەساڵی. ڕاپۆرتەكە ئاماژە بەوە دەكات زیاتر لە (100) هەزار كەس لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو لە هەرێمی كوردستان گوندەكانیان چۆڵكردووە بەهۆی وشكە ساڵیەوە.[3]

پرسێكی تری ئاسایشی ژینگەیی لەدیدی بڕیارانی قوتابخانەی كۆپنهاگنەوە پرسی پەیوەندیی نێوان ئاسایشی ئابووری و ژینگەیە. واتە بۆ بەهێزبوونی ئاسایشی ئابووری هەوڵ بدرێت سوود لە كەرەستەی خاو وەربگیرێت. سەرەڕای ئەوەی كوردستان كەرەستەی كانزایی و ماددەی خاوی زۆری هەیە، بەلاّم نەتوانراوە وەكو پێویست سوودی لێ وەربگیرێت و ئاسایشی ئابووری ولاّتی پێ ببوژێنرێتەوە. هەروەها جگە لە مەترسییە ژینگەییەكان بەرزی ڕێژەی بەكارهێنانی گواستنەوەی تایبەت مەترسی تەندروستی زیاتر دەكات و ساڵانە ژمارەیەكی زۆر هاوولاّتی بەهۆی ئەمەوە گیان لە دەستدەدەن. لێرەوە دەردەكەوێت هەڕەشە ژینگەییەكان ئاسایشی تاك و كۆمەڵگاش دەخەنە مەترسییەوە. واتە هەڕەشە ژینگەییەكان دەبنە هۆكاری چەندین هەڕەشەی تری جۆراوجۆر بۆ هەرێمی كوردستان.[4]

---

[1] . د.بارزان صادق جەوهەر، هەڕەشە ناوخۆییەكانی ئاسایشی هەرێمی كوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل113.

[2]. دەستەی ئاماری هەرێمی كوردستان، ئامارەكانی كەش و هەوا لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان لە ماوەی ساڵی 2012–2021، بەشی ئامارەكانی كشتوكاڵ و ژینگە، تەمموزی 2022، ل1–10: https://PstK2u.pw/2

[3]. هاوار عبدالرزاق، ڕێكخراوی كۆچی نێودەوڵەتی: گۆڕانی كەش و هەوا هەڕەشەی جددی لە هەرێمی كوردستان و عێراق دەكات، پێگەی ئەلیكترۆنی ڕووداو: https://nbc2u.pw/x2

[4] . د.صالح مەلا عمر عیسی و د.پەرویز رحیم قادر، شیكردنەوەی پرسەكانی ئاسایشی كومەڵگەیی و ژینگەیی...، سەرچاوەی پێشوو، ل55.

ئەمە جگە لەوەی بەهۆی وشکە ساڵی و بە بیابانبوونی بەشێك لە ناوچەکانی عێراق تەنانەت هەرێمی کوردستانیش، لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو چەندین شەپۆلی خۆڵبارین ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە کە بەشێکی زۆری ئەوانە سەرچاوەکەیان ولاتانی عەرەبی بە گشتی و بە تایبەت ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بوون، ئەمە جگە لە پیسبوونی ژینگە و چەندین لێکەوتەی تری خراپ لەسەر ژینگە، چەندین زیانی تەندروستی بۆسەر مرۆڤ و گیانداران و ڕووەك هەیە، ساڵانە چەندین کەس بەهۆی شەپۆلەکانی خوڵبارینەوە گیان لەدەست دەدەن، یان ڕووبەڕووی هەڕەشەی تەندروستی دەبنەوە.(1)

هەرچی پەیوەستە بە ڕێژەی سەوزایی لە هەرێمی کوردستان لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر دەگۆڕێت ڕێژەکە لە نێوان 8٪ بۆ 10٪ و 12٪، ئەمەش هاوتەریب نییە لەگەڵ ستانداری جیهانی، ئەمەش کاریگەری لەسەر ژینگەی هەرێمی کوردستان هەیە، ئەمە جگە لەوەی لە نێوان ساڵی (2010) تاوەکو ساڵی ( 2019 ) نزیکەی 100 ملیۆن دۆنم دارستان بەهۆی تۆپبارانەکانی ئێران و تورکیاوە سووتاوە.(2)

هەموو ئەوانە وامان لێدەکات کە بڵێین هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی بەرنامە و پلان و میکانیزمی تایبەت بە پاراستنی ژینگە و ڕووبەڕووبونەوەی مەترسییەکانی لە هزری دەسەلاتدارانی هەرێمی کوردستاندا نەبۆتە کولتوور، هەرێمی کوردستان بە ئاستێکی مەترسیدار ژینگەکەی تووشی مەترسی دەبێتەوە و دەبێتە هەڕەشەیەکی جددی، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆ دروست دەکات لەسەر ژیان و گوزەرانی هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان و دۆخی ئابووری لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت بەهۆی کاریگەرییەکانی پیسبوونی ژینگەوە، وشکەساڵی زیاتر بووە، گوندەکان بەرەو چۆڵبوون دەچن. سەرووی هەموو ئەمانەش هۆشیاری خەڵك بۆ پاراستنی ژینگە نەبۆتە هۆی دروستکردنی فشارێکی جددی لەسەر دەسەلاتدارانی هەرێم کە وەك پرسێکی ئاسایشی سەیری بکەن.(3)

3- پرسی ئاو

هەرچی پەیوەستە بە پرسی ئاو بە پێویستی دەزانین بە درێژی و چڕی تەرکیزی بخەینە سەر، بەهۆی ئەوەی پێدەچێت کێشەی ئاو لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی ئایندە ڕووبەڕووی چەندین ئالێنگاری مەترسیدار ببێتەوە. لە ئێستادا پرسی ئاو بۆ بەشی زۆر لە ولاتانی جیهان بۆتە پرسێکی ئاسایشی و گرێدراوە بە ئاسایشی نەتەوەیی ولاتەوە.

ئاو یەکێك لە ئامرازەکانی بەهێزبوونی نەتەوەکانە، کەچی 70٪ گۆی زەوی لە ئاو پێکهاتووە. بەلام بەشێکی زۆر کەمی ئاو، واتە 5,2٪ شیرینە و بۆ خواردنەوە دەشێ، کە لەوەش کەمتر 1٪ لەسەر ڕووبەری زەوی لەبەردەستدایە بۆ خواردنەوە. ئەگەر سەدەی 20 ببوو بە شانۆی پێکدادان لەسەر زێڕی ڕەش (نەوت)، وادیارە سەدەی 21 دەبێتە شانۆی شەر لەسەر زێڕی شین (ئاو).(4)

---

(1). نەرمین عسمان، لێکەوتەکانی خۆڵبارین لەسەر ژینگە، ماڵپەری مەودا میدیا: https://tinyurl.com/5n7hyrdc

(2). ژیار محمد، وتەبێژی دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان: ناکرێت ئەو خۆڵبارینە ڕابگرین، ماڵپەری دەنگی ئەمریکا: https://tinyurl.com/2k3exhfp

(3). د.کامەران محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل205.

(4). بابان ئەلیاسی، ژیۆپۆلەتیکی ئاو وەك ئامرازی سیاسی، گۆڤاری تیشك، گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەلایەتی –سیاسییە، ژمارە 56، ساڵی بیست و دووەم، هاوینی 2720، ل124–125.

پێویستیی مرۆڤ بە ئاو هیچی کەمتر نییە لە ئۆکسجین چونکە بەبێ ئەو دوو هۆکارە ئەگەرێك بۆ ژیان نامێنێت. لەکۆندا ئاو وەك سەرچاوەیەکی سروشتی تازەگەر تەماشا دەکرا، چونکە زیاد لە پێویست بوونی هەبوو بەشێوەیەکی ئاسان لەبەردەست بوو، بەڵام بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا و دیاردەی وشکە ساڵی و بە بیابانبوون لە هەموو جیهاندا بوە هۆی ئەوەی ئاو گرنگیەکی یەکجار زۆری پێ بدرێت و وەك پرسێکی ئاسایشی گرنگ لەلایەن وڵاتانەوە سەیربکرێت.[1]

ئەو بەها بەرزەی ئاو هەیەتی بۆ بژێوی مرۆڤ و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری وا دەکات ئاو گەلێك گرژبوونی سەختی ڕامیاری لێبکەوێتەوە. ئاو نەتەوەکان پێکەوە گرێدەدات، بە پێچەوانەوە دەکرێت ببێتە هۆی هاوکاری یان دروستبوونی کێشە لەنێوان دەوڵەتان بەهۆی ئەوەی سنوری وڵاتان دەبڕێت.[2]

ئەوەی پەیوەستە بە ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستانەوە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو، ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی مەترسی بۆتەوە هەم لەسەر ئاستی ناوخۆ کە نەتوانراوە وەك پێویست پلان دابنرێت بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی ئاوی کوردستان، لەسەر ئاستی وڵاتانی دراوسێش ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی مەترسی گەورە بۆتەوە بەهۆی گرتنەبەری چەند ڕێکارێك کە ئەوان وەك بەشێك لە بەهێزکردنی ئاسایشی ئاوی خۆیان سەیری دەکەن. ئەمەش وایکردووە ئاسایشی ئاوی هەرێم ڕووبەری ڕووبەری مەترسی گەورە ببێتەوە.

لە هەرێمی کوردستان نزیکەی (30)ملیار مەتر چوارگۆشە (مکعب) ئاو هەیە، هەرێمی کوردستان نزیکەی 20٪ بەشداری دەکات لە تێکڕای داهاتی ساڵانەی ئاوی ڕووبارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تێکڕای داهاتی ئاوی ساڵانە لەڕێگەی باران بارینەوە بە (24)ملیار م3 دەخەملێندرێت، ئاوی ژێرزەوی کە شیاوی بەکارهێنانە لە کوردستان بە (4،5) ملیار م3 مەزەندە کراوە. ئەم داتایانە دەیسەلمێنێت کە کە هەرێمی کوردستان خاوەنی سەرچاوەی گرنگی ئاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.[3]

---

[1]. عبدل موتەلیب ڕەفعەت سەرخەت، دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئاییندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دوو مانگ جارێك دەریدەکات، ژمارە 11، سلێمانی، کانوونی دووەمی 2022، ل32.

[2]. ئەندەرس یاگەر سکوگ، ئاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: سەرچاوەی کێشە یان هاوکاری؟، وەرگێڕانی غازی علی خورشید، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2010، ل12.

[3]. پ.د.ئازاد نەقشبەندی، پێگەی ئاوی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو بەرەنگاری و هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، گۆڤاری شرۆڤە گۆڤارێکی سیاسیی هزرییە کە سەنتەری دراساتی(پ.د.ك) دەریدەکات، ژمارە 30، هەولێر، کانونی دووەمی 2020، ل15.

**چارتی ژمارە (6)**

**دابەشبوونی سەرچاوەی ئاوی کوردستان لە (ناوخۆ و دەرەوە)**




ئامادەکردنی توێژەر: بە پشت بەستن بە (پ.د.ئازاد نەقشبەندی، پێگەی ئاوی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو بەرەنگاری و هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، گۆڤاری شرۆڤە گۆڤارێکی سیاسیی هزرییە کە سەنتەری دراساتی (پ.د.ك) دەریدەکات، ژمارە 30، هەولێر، کانونی دووەمی 2020، ل16).

واتە ئاوی هەرێمی کوردستان، تەنها 40٪ لەناوخۆی کوردستانە، کە بەرێژەی سەرەکی پشت دەبەستێت بە ئاوی باران، کە لە ژێر هەڕەشەی گۆڕانی کەش و هەوادایە. لە 60٪ پشت بە وڵاتانی دەرەوە دەبەستێت، ئەمەش مەترسییە گەورەکەی بواری ئاسایشی ئاوە، چونکە بەهۆی پلانی وڵاتان بە تایبەت دروستکردنی دەیان بەنداو ئەو ڕێژەیە دەکەوێتە بەر مەترسی کەمبوون.[1]

کەواتە ئاو لە هەرێمی کوردستان بە گشتی کەم نییە، بەڵام ستراتیجی پێویست نەگیراوەتە بەر بۆ پاراستنی ئاو ئەمەش بە دڵنیایی هەڕەشەی گەورەیە لەسەر ئاسایشی ئاوی کوردستان، بەتایبەت بەفیڕۆدانی ئاو و نەبوونی ڕۆشنبیری پێویست و لێدانی هەزاران بیری نایاسایی و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و نەبوونی شێواز و میکانیزمی مۆدێرن بۆ کاری کشتوکاڵکردن کە کەمترین بڕی ئاوی بوێت، ئەمانە هەڕەشەن لەسەر داهاتووی ئاو لە هەرێمی کوردستان.

هەرچی پەیوەستە بە سیاسەتی بە وڵاتانی دراوسێ، بەتایبەت تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێران کە بەشی زۆری ئاوی کوردستات لەو وڵاتانەوە دێت. ئەوەی پەیوەستە بە تورکیا، ئەو وڵاتە خاوەن سەرچاوەی گەورەی ئاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەم بەهۆی هەبوونی چەندین ڕووبار لەو وڵاتە، هەم کەش و هەوای وڵاتەکە تەڕ و بارانلویە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ زۆری ڕێژەی ئاو لەو وڵاتەدا.

---

[1]. عبدل موتەلیب ڕەفعەت سەرخەت، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان ( گرفت و چارەسەر)، بێ شوێنی چاپ و دەزگای چاپ، 2020، ل12.

لە ئێستادا پرۆژەی (گاپ) بە یەکێك لە مەترسییە گەورەکان دادەنرێت لەسەر ئاسایشی ئاوی عێراق و هەرێمی کوردستان، گاپ ناوێکی تورکیە بیرۆکەی پرۆژەکە بۆ حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، پرۆژەکە نزیکەی (10٪) ڕووبەری خاکی تورکیا پێکدەهێنێت. تێچووی پرۆژەکە (9٪ بۆ 10٪) بوودجەی گشتی تورکیایە. گەورەترین پرۆژەی ئاوی تورکیایە، چوارەم بەنداوی گەورەی جیهانە، پێکهاتووە لە(22) بەنداو، (13) پرۆژەی سەرەکی کە حەوتیان لەسەر ڕوباری فوڕاتن، شەشیان لەسەر ڕوباری دیجلەن. پرۆژەکە ئاوی هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات دەکات بە یەك.[1] ئەمەش کارتێکی بەهێزە بەدەست تورکیاوە، کە بەردەوام تورکیا هەڕەشەی بەکارهێنانی ئاو دەکات وەك کارتی فشار بەرامبەر بە عێراق و هەرێمی کوردستان، بە تایبەت لە کاتی تێکچوونی پەیوەندیە سیاسییەکان ئەم پرسە زیاتر هەستی پێدەکرێت و تورکیا هەڕەشەی پێدەکات.

هەرچی پەیوەستە بە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، کۆنترۆڵی 7 سەرچاوەی ئاوی کوردستانی لەدەستدایە، لە ڕووباری دیجلەوە بۆ ڕووبارەکانی زێی گەورە و زێی بچوك و سیروان و هەواسان و قوڕەتو و ئەڵوەند. هەرێمی کوردستان زیاتر وابەستەیە بە ئاوی ئەو وڵاتە و مەترسییەکان زیاتر لە ئێرانەوە سەرچاوە دەگرن. بە تایبەت کە ئێران بەو پرۆژانەی دەیکات ئاوی زێی بچوك و سیروان نزیك دەبێتەوە لە ووشك بوون و کاریگەرییەکانی زۆر دەبێت لەسەر هەرێمی کوردستان.[2]

بەمجۆرە کۆماری ئیسلانی ئێران جگە لە هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕێرەوە ئاوییەکان، ساڵی ( 2022) و ساڵانی پێشووتریش ڕاستەوخۆ کاریگەری ئەو سیاسەتەی ئێران لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان هەستی پێکراوە بە شێوەیەکی گشتی لە سنوری پارێزگای سلێمانی بە تایبەت لە دەڤەری پشدەر، کە کۆماری ئیسلامی ئێران بەهۆی دروستکردنی بەنداو ئاستی بەردانەوەی ئاوی زۆر کەمکردۆتەوە پێچەوانەی هەموو یاسا و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان تەنانەت هەندێ جار ئاستی بەردانەوەی ئاوی زێی بچوك سفر دەبێت، لە ڕێکەوتی (2022/7/16) ئێران ئاوی زێی بچوکی بە تەواوی گرتەوە کە ئاوی خواردنەوەی ماڵان لە قەزای پشدەر بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە ئاوی زێی بچوك، ئەمەش ساڵانە دووبارە دەبێتەوە و بوّتە هەڕەشەیەکی جدی لەسەر دانیشتوانی سنورەکە، ئەمە جگە لەوەی لێکەوتەی هەیە لەسەر کەرتی کشتوکاڵ و تەواوی ناوچەکانی تری کوردستان.[3]

بەمجۆرە ئاسایشی ئاوی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆ لەژێر هەڕەشەی بی پلانی و نەبوونی هۆشیاری گشتیدایە، لەسەر ئاستی دەرەکیش لە ژێر دەستی وڵاتانی دراوسێ دایە، کە وەك چەکی کاریگەر بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان بەکاری دێنن.

---

(1). د.یونس علی، پرۆژەی گاپ و مەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان زنجیرەی 20، سلێمانی، حوزەیرانی 2018، ل7–8.

(2). د.خلیل کریم محمد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی هاوسێمان و بێ باکی هەرێمدا، گۆڤاری ئایندە ناسی ژمارە 11، سەرچاوەی پێشوو، ل12.

(3). ڕیبین ئەشرەف، ئێران ئاوی زێی بچوکی گرتەوە، ماڵپەری مەودا میدیا: https://tinyurl.com/nf2eedyf

**خشتەی ژمارە (5)**

**کورتکراوەی ئاڵێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێم بە پێی ڕەهەندەکانی ئاسایش**

| | |
|---|---|
| **ئاڵێنگارییە سیاسییەکان** | 1- ململانێی توندی هێزە سیاسیەکان<br>2- ململانێی وڵاتان و کاریگەری لەسەر ئاسایشی هەرێم<br>3- پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا و کێشەی خاك<br>4- دیموکراسی و پاراستنی ماف و ئازادییەکان.<br>5- نەبوونی دەستور |
| **ئاڵێنگارییە سەربازییەکان** | 1- مەترسی تیرۆر<br>2- نەبوونی هێزی نیشتیمانی، بوونی هێزی حیزبی و کەسی<br>3- ناکۆکییەکانی ناو ئەنجومەنی ئاسایش<br>4- لەشکرکێشی وڵاتان و بەزاندنی سنووری هەرێم<br>5- بوونی چەکی بێ مۆڵەت و دیاردەی چەکداری |
| **ئاڵێنگارییە ئابوورییەکان** | 1- پشت بەستن بە ئابووری تاك سەرچاوە ( نەوت)<br>2- ململانێی هەرێم و بەغداد لەسەر پرسی وزە<br>3- گەندەڵی<br>4- کۆرۆنا<br>5- لاوازی ئابووری نیشتیمانی |
| **ئاڵێنگارییە کۆمەڵگەییەکان** | 1- قەیرانی ناسنامە<br>2- زمان<br>3- ماددەی هۆشبەر<br>4- ئاوارە و پەنابەر |
| **ئاڵێنگارییە ژینگەییەکان** | 1- پیسبوونی ژینگە<br>2- بەرزبونەوەی پلەکانی گەرما (گۆڕانی کەش و هەوا)<br>3- پرسی ئاو |

تێبینی: توێژەر خشتەکەی ئامادەکردووە.

هەرێمی کوردستان لە ئێستادا بە دۆخێکی سیاسی خراپدا دا دەڕوات، ناکۆکی نێوان هێزە سیاسییەکان چوتە قۆناغێکی توندەوە، بەجۆرێك بۆتە هۆی دواخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن و درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان، لەڕووی سەربازیشەوە هەرێم نەیتوانیوە بگاتە ئاستی یەکخستنەوەی هێزەکان و کۆکردنەوەیان لەژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگەدا. لەڕووی ئابوورییەوە زۆری ژمارەی مووچەخۆر و نەبوونی شەفافییەت و پشت بەستن بە سەرچاوەی نەوت و ناکۆکییەکان لەگەڵ بەغداد هەرێمی تووشی قەیرانێکی قوڵی دارایی کردووە، تەنانەت نەتوانراوە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی دابین بکرێت. لەڕووی کۆمەڵگەییەوە هەرێمی کوردستان ئاسایشەکەی لە بەردەم دۆخێکی خراپدایە، لەگەڵ ئەوەی لە یەکترازانی کۆمەڵایەتی زۆربووە، زۆری ژمارەی ئاوارە و پەنابەر، دورخستنەوەی دەسەلاتی هەرێم لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و مەترسی لەسەر گۆڕینی دیموگرافیای ئەو شوێنانە بۆتە مەترسییەکی جددی لەسەر هەرێم. سەرەرای خراپی دۆخی ژینگەکەی بە هۆکارە سروشتییەکان و نەبوونی هۆشیاری و ستراتیجی باش بۆ پاراستنی ژینگەکەی.

ئەوەی پێویستە لە کۆتایی ئەو بەشەدا تیشکی بخەینە سەر ئەوەیە، ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە چەندین لاوە ڕووبەڕووی ئالێنگاری سەخت بۆتەوە، کە هەموویان مەترسی جددین لەسەر ئاسایشی قەوارەکە و تەنانەت دوور نییە بەشێکیان بوونی قەوارەکەش بخەنە مەترسییەوە، بەشی زۆری سێکتەرەکانی ئاسایش گرێدراوی یەکترن، زۆربەی کات بوونی هەڕەشە لەسەر تەنها یەك سێکتەری ئاسایش دوور نییە تەواوی سێکتەرەکانی تر بکەونە ژێر مەترسییەوە، واتە لێکگرێدراوی لەنێوان ڕەهەندەکانی ئاسایشدا هەیە. بەشی زۆری ئەوانەی خرانە ڕوو زیاتر وابەستەی سیاسەتی ناوخۆیی هەرێمن، کەئەمەش دەبێتە دەروازەیەکی باشتر بۆ باسکردنی لە بەشی سێهەمی توێژینەوەکەدا کە زیاتر باس لە کاریگەری ولاتانی هەرێمی و جیهانی دەکەین لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی 2014 ەوە.

# بەشی سێیەم

## ئاڵێنگارییەکانی بەردەم ئاسایشی هەرێم لە سۆنگەی پێکهاتەی ئاسایشی هەرێمی و هەڵسەنگاندنی سیاسەتی هەرێم بەرانبەر ئاڵێنگارییەکان

دەستپێك:

ئاڵێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان تەنها لە ئاڵێنگارییە ناوخۆییەکاندا کورت هەڵنایەن، هەرچەندە بەشی زۆری ئاڵێنگارییەکان لە ناوخۆیی هەرێمدان کە لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەماندا بە درێژی ئاماژەمان پێدان، بۆیە ئاڵێنگارییە ئاسایشییەکان لەناوخۆی وڵات درێژکراوە و دەرئەنجامی ئەو پێشهاتانەن کە لە ناوچەکە و جیهان ڕوودەدەن، ئاسایشی ناوچەکە وەکو هێشوویەك وایە و هێشووەکە هەمووی پەیوەستە بەیەکەوە، ئەمەش بە گوێرەی دوور و نزیکی جوگرافی و پێگەی وڵاتان و هێزیان لە ناوچەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت. تێگەیشتن لەو دۆخەی لە ناوچەکەدا هەیە ئاسانکاری بۆ وڵاتان دەکات لەوەی بتوانن باشتر ئاسایشی خۆیان بەهێز بکەن، سیناریۆی تایبەت بە ئاسایشی خۆشیان دابڕێژن، چونکە بە شێکی زۆر لەو ڕووداوانەی لە ناوچەکە ڕوودەدەن پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، نەك وەك ئەوەی وا ببینرێن کە بەیەك دابڕاون.

لەم بەشەی توێژینەوەکەدا هەوڵدەدەین ئاڵێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە سۆنگەی پێکهاتەی ئاسایشی هەرێمی لە دیدی قوتابخانەی کۆپنهاگن بخەینەڕوو، لەگەڵ مامەڵە و خوێندنەوەی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان و هەڵوێستیان سەبارەت بەو دۆخەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بۆتەوە. لەگەڵ ئەوەی ئاسایشی هەر دەوڵەتێك و ناوچەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیە و مەرج نییە هاوشێوەی وڵاتانی تر بێت، ئەمەش بە گوێرەی سیستەمی حوکمڕانی، پێگە و هێزی دەوڵەتەکە لە ناوچەکە دەگۆڕێت، بەڵام ئەمە بۆ هەرێمی کوردستان جیاوازە، چونکە هەرێمی کوردستان وەك ئەوەی ئاماژەمان پێدا، لە ساڵی (1991-2003) هەرێمێکی دیفاکتۆ بوو، بەڵام لە دوای ساڵی (2005) بەپێی دەستوری عێراقی هەرێمێکی دانپێدانراوە و واتە لە سەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی دانپێدانان هەیە بەرانبەری و پەیوەندی دبلۆماسیی لەگەڵ وڵاتانی جیهان هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەکتەری نا دەوڵەتییە و پێگەیەکی جیۆپۆلەتیکی گرنگی هەیە، کەوتۆتە ناوچەیەك کە بە ناوچەی گەرمی ململانێکان و جەمسەرە جیاوازەکان ناسراوە. بۆیە مەرج نییە ئەوەی لە سۆنگەی ئاسایشی هەرێمی خراوەتە ڕوو ڕێك هاوشێوەی ئەوەبێت کە لە هەرێم بوونی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەوڵدەدەین لەم بەشەی توێژینەوەکەدا بنەماکانی تیۆریەکە لەسەر هەرێمی کوردستان بە (ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی هەرێم) جێبەجێ بکەین، دواتر باس لە دید و مامەڵەی هەرێم بەرانبەر بەوە بکەین. ئەم بەشە لە دوو باسدا دەخەینەڕوو، **باسی یەکەم** ئاڵێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێم لە سۆنگەی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی، **باسی دووەم** مامەڵەی هەرێم لە بەرانبەر ئاڵێنگارییەکان.

## باسی یەکەم: ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە سۆنگەی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمییەوە

بەپێی تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی، هەوڵدەدەین ئاڵێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان بخەینەڕوو، کە ڕووبەڕووی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەبنەوە، بە گوێرەی بنەمای سەرەکی تیۆرەکە چەند ئاستێك و گۆڕاوێك ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە پێکهاتەی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی. وەك پێشتر ئاماژەمان پێ دا، هەرێمی کوردستان بکەری نا دەوڵەتییە، بەڵام ئاستی دبلۆماسیی گەیشتوتە ئاستی پارادبلۆماسیی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم تایبەتمەندییەی هەرێم و هەڵکەوتەی جوگرافی، ململانێکانی ناوچەکە، سنووری لەگەڵ وڵاتانی تر، جەمسەرگیرییەکانی ناوچەکە و دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێز، پەیوەندی هەرێم لەگەڵیان، دۆخی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکە ڕوون دەکەینەوە. هەروەها بە پشت بەستن بە گۆڕاوەکانی دۆستایەتی یان دوژمنایەتی نێوان وڵاتان، ئاستی پشتبەیەکستن و تەواوکاری نێوان وڵاتان.

بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر، ئەم باسەش لە دوو تەوەردا دەخەینەڕوو، لە **تەوەری یەکەمدا** باس لە پێگەی هەرێم و کاریگەری جیۆپۆلەتیکەکەی لەسەر ئاسایشەکەی لە ناوچەکە و جەمسەرگیرییەکان دەکەین، لە **تەوەری دووەمدا** باس لە دۆسیە ئاڵۆزەکانی ناوچەکە و دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێز دەکەین لە ناوچەکە.

### تەوەری یەکەم: پێگەی هەرێم و کاریگەری جیۆپۆلەتیکەکەی لەسەر ئاسایشەکەی

#### لقی یەکەم: پێگەی هەرێم و کاریگەری جیۆپۆلەتیکەکەی

هەڵکەوتەی جوگرافی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە ناوچەیەکەوە کە ( بریژینیسکی)* ناوی لەم ناوچەیە ناوە بەڵکانی نوێ، ئەم ناوچەیە چەندین سیمای جیاکەرەوەی هەیە لەوانە "ململانێی زۆری تێدایە، ئاڵۆزکاوە، دەرگای بۆ دەستێوەردان و نەخشەی زلهێزەکانی جیهان تێیدا کراوەیە، لە ناوچەکە پێکدادانی نێوان دەوڵەتان کەمە زیاتر شەڕەکان شەڕی بە وەکالەتن، بەڵام بەریەککەوتن و کاریگەریی ناڕاستەوخۆی زلهێزەکان هەیە، گەمەکەری نوێی هەیە، گۆڕانی خێرا لە پێکهاتەی ڕیزبەندییەکان و توانای مانۆڕی پێکهاتەکان هەیە، ئەمەش وایکردووە هاوکێشەکان زوو زوو بگۆڕێن."[(1)] هەروەها خاڵێکی تر پێویستە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە، کە هەڵکەوتەی جوگرافی هەرێمی کوردستان وا یکردووە زیاتر زیندانی وڵاتانی دراوسێ بیت و تەنها لە ڕێگای ئەوانەوە نەبێت ناتوانێت دەستی بگات بە جیهانی دەرەوەی خۆی. ئەمەش دەبێتە یەکێك لە هەڕەشە و ئاڵێنگارییە گەورەکان بۆ سەر داهاتووی هەرێم و ئاسایشەکەی و هەمیشە ئەگەری بەریەککەوتنی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هەبێت، هەروەها دەرگای ئەوە دەکاتەوە ئەم وڵاتانە خواستە سیاسی و ئابووری و

---

(1). هێمن هەورامی، کوردستان و جوڵەی ڕیالیستی بۆ ئاییندە: داینامیکییەتی سیاسی ناوچەکە و پێگەی کورد و ئاسۆکانی، خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، 2014، ل5.

*. بریژینیسکی: لە ساڵی 1928 لە وارسۆی پایتەختی پۆڵەندا لە دایکبووە واتە بنەچەی پۆڵەندییە، بیرمەندی دیار و ناسراوە، ڕاوێژکاری پێشووتری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بووە، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانکۆی هارڤاد، لە چەندین زانکۆ وانەی گوتۆتەوە، چەندین پۆستی وەرگرتووە لەوانە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بەشێك لە سەرۆکەکانی ئەمریکا لەوانە جیمی کارتەر، کەسێکی دیار و کاریگەر بووە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، نووسەری چەندین کتێبی بەناوبانگە بە تایبەت کتێبەکانی (رقعة شطرنج الکبرى، الرؤیة الاستراتیجیة ...أمیرکا وأزمة القوة العظمى)، بەوە ناسراوە ڕۆڵێکی باڵای هەبووە لە هەرەسپێهێنانی یەکێتی سۆڤیەت، لە ساڵی 2017 لە یەکێك لەنەخۆشخانەی ئەمریکا کۆچی دوایی‌کرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پێگەی فەرمی ناوبراو، ڕێکەوتی سەردان 2023/5/6: twsf4kd4https://tinyurl.com/

سەربازییەکانی خۆیان بە سەر هەرێمی کوردستاندا بسەپێنن و لە چەندین لاوە هەرێم تووشی قەیرانی جواروجۆر بکەن، وەك ئەوەی هەریەك لە تورکیا و ئێران لە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2017) بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان کردیان.[1]

لەگەڵ ئەوەی هەرێم قەوارەیەکی یاسایی دانپێدانراوە، بەڵام یەکێك لە ئاڵێنگارییەکانی نەبوونی ناونیشانی سیاسی هەرێمە، نەبوونی ستراکچەری دەوڵەتی و دەستورێکی پەسەندکراو، یەکێکن لە کێشەکانی بەردەم ئاسایشی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی هەمیشە دەوڵەتی بێ هێز باشترە لە هەرێمێکی بەهێز. بەگشتی هەرێمەکان بەردەوام لەبەردەم هەڕەشەی دەوڵەتانی ناوەندان، ئەمەش بۆ هەرێمی کوردستان گونجاو و ڕاستە.[2]

هەرێمی کوردستان ئەگەرچی لە توانایدا بووە تاڕاددەیەك ئاسایشی خۆی لەناوخۆی خۆیدا بپارێزێت، بەڵام هێشتا بە قەد ئەوەی کە دەبێ وابێ لە توانایدا نییە ئاسایشی خۆی لە بواری دەرەکیدا، بە تایبەت لە بواری ناوچەییدا، بپارێزێت. نەك لە وڵاتانی هەرێمی بگرە ئەوەی لە ناوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستانیش ڕوودەدات، کاریگەری گەورەی  لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەیە.[3]

هەروەها هەڵکەوتەی جوگرافی بەشێوەیەکی تریش مەترسی بۆ ئاسایشی دەوڵەت دروست دەکات، ئەویش کاتێك هەڵکەوتەی جوگرافییەکە بکەوێتە ناو کۆمەڵێك دەوڵەتی نەیار و دوژمن، بۆ نمونە ئەگەر سەیری هەڵکەوتەی دەوڵەتی ئیسرائیل بکەین دەوڵەتانی عەرەبی وەك تەنێکی نامۆ بە جەستەی خۆیان سەیری دەکەن. ئەم دراوە بۆ ئاسایشی هەرێمی کوردستانیش ڕاستە، هەر ئەمەشە بەردەوام دەگوترێت کوردی عێراق لەناو تەنورێکی داگیرساودا دەژی. هەڵکەوتەی هەرێم وایکردووە لە ناو ئێران و تورکیا و سوریا و وڵاتانی تر پێشکەوتنی نەتەوەیی بەخۆیەوە نەبینێت، واتە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی کارگێری پەسەندە نەك وەك هەرێمێکی نەتەوەیی کە هەنگاوی زیاتر لە مافی نەتەوەیی خۆی بچێتە پێشەوە.[4]

هەوڵدەدەین باس لە ئاسایشی هەرێمی کوردستان بکەین کە چۆن تووشی ئاڵێنگاری بووە لە گێژاو و جەمسەرگیرییەکانی ناوچەکە، لە عێراقەوە دەست پێدەکەین چونکە پێمان وایە سەرچاوەی بەشێك لە هێرشەکان لەوێوەیە بە تایبەت دوای ساڵی (2014)ەوە کە پەیوەندییەکان نێوان هەرێم و بەغداد گرژی زۆری بەخۆیەوە بینی، تاوەکو لە ساڵی (2017) گەیشتە لوتکە کە تیاییدا ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا.

هەڕەشەی سەرەکی لە مەودا نزیکدا بە پلەی یەکەم لە بەغدادەوە دێت، ئەوجا لە ئەنکەرە و تارانەوە بە پلەی دووەم، ئەگەرچی لەڕووی هاندان و پلاندانانداندا ڕیزبەندییەکە بە پێچەوانەیە. بۆ هەرێم بەغداد یەکێکە لە پایتەختە گرنگەکان، بۆیە

---

[1]. م.فرهاد جلال، ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان توێژینەوەیەك لەمەڕ سەرچاوەی هەڕەشەکان و ڕووبەڕووبونەوەیان، سەرچاوەی پێشوو، ل105.

[2]. د.کامەران محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل155.

[3]. مسعود حەمید ئیسماعیل، ئاسایشی نەتەوەیی کورد و پەیوەندییەنێودەوڵەتییەکان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە 3ی ساڵی نۆزدەهەم، سلێمانی، تشرینی دووەمی 2011، ل30.

[4]. م.فرهاد جلال، ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان توێژینەوەیەك لەمەڕ سەرچاوەی هەڕەشەکان و ڕووبەڕووبونەوەیان، سەرچاوەی پێشوو، ل106.

پێویستە هەرێمی کوردستان بە گرنگییەوە سەیری ڕووداو و پێشهاتەکانی بەغداد بکات، چونکە دوور مەودا یان نزیک کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر هەرێم دەبێت.[1]

پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە، بەڵام لە دوای ساڵی (2014)ەوە گەیشتە خراپترین ئاست کە خۆی بینیوە لە بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی لە ڕەهەندە سەربازییەکانی بەشی دووەم باسمان لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد و کێشەی سنوور کرد، بەڵام لێرەدا باس گرنگترین ئالێنگارییەکانی بەغداد دەکەین بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان بە تایبەت لەدوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان گەیشتە ئاستی پێکدادانی سەربازی.

لە ئێستادا بەهۆی ئەو دۆخەی لەدوای لێکەوتەکانی ڕیفراندۆم دروست بووە، حکومەتی عێراقی پێی وایە هەرێمی کوردستان زۆر لاواز بووە، لە چەندین لاوە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەیە لەلایەن بەغدادەوە، دەکرێت لەمانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:

1- کەرکوک لە دوای ڕووداوەکانی 16 ی ئوکتۆبەرەوە لە لایەکەوە بۆتە خاڵی سنووری نێوان هەرێم و بەغدا، لەوکاتەوە تەواوی پۆستە ئەمنیەکانی شارەکە بەدەست عەرەبەوەن، کە پێشتر لە دەستی کوردا بوون، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ئاسایشی سەربازی هەرێم.

2- لە ڕووی سیاسییەوە کورد لەو ناوچانە پاشەکشەیەکی سیاسیی گەورەی کردووە لەسایەی پلانی حکومەتی عێراقیەوە، بەجۆرێك کورد هیچ پێگەیەکی سیاسی لەو ناوچانەدا نەماوە. لە ڕووی ئیدارییەوە تەواوی پۆستە ئیدارییەکان لەدەستی کورد دەرهێنراون.[2]

لەگەڵ ئەوەی حکومەتی ناوەند پرسی هەناردەی نەوتی هەرێم بە هەڕەشەیەکی جددی دادەنێت بۆ سەر عێراق، هەر ئەمەشە وایکردووە بەغدا هەموو هەنگاوێك بگرێتە بەر بۆ لاوازکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان تا دەگات بە ئاستی تەسلیم بوون بە بەغداد، بۆ ئەمەش بەردەوام ئاسایشی هەرێمی کوردستانی بە تایبەت لەڕووی ئابوورییەوە کردۆتە ئامانج، کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر تەواوی سێکتەرەکانی تری ئاسایش لە کوردستاندا.[3]

بەڵام مەترسی گەورە کە پێویستە تیشکی بخەینە سەر، شوناسی نەتەوەیی و جوگرافی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانە، کە یەکێکە لە ئاڵۆزترین پرسەکانی نێوان نەتەوەی کورد و حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقە، بەردەوام بەشێك لە ڕەخساندنی زەمینەی زەوتکردنی ڕەوایەتی مێژوویی و جوگرافی ئەو ناوچانە بریتی بووە لە شێواندنی شوناسی نەتەوەیی و جوگرافیان، ناوچەکە لە ڕووی جوگرافیەوە بەرتەسکراوەتەوە و لەڕووی نەتەوەییەوە پاکتاوکراوە. گۆڕینی دیمۆگرافیای

---

[1]. د.دلاوەر علاء الدین، نەچوە بچێ ئەرك و ئەولەویەتی هەرێم لێرە بەدواوە، سەرنجی سیاسیی، بەرگی چوارەم، ژمارە 15، هەولێر، 2017، ل3.

[2]. هەڵمەت غریب، دەرهاویشتە مەترسیدارەکانی 16 ی ئۆکتۆبەر لەسەر کوردستانیەتی کەرکوك، گۆڤاری شیکار گۆڤاریکی وەرزی هزرییە(یەکێتی ئاقرەتانی کوردستان) دەریدەکات، ژمارە 26 ساڵی هەشتەم، هەولێر، بەهاری 2019، ل27–28.

[3]. د.نیاز نجم الدین، ململانێ لەگەڵ عێراق: پرسی جیابونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان زنجیرەی 65، سلێمانی، تشرینی دووەمی 2019، ل 10.

ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانە، بە تایبەت کەرکوک مەترسییەکی گەورەیە لە ئاسایشی کۆمەڵگەیی کوردستان، بەمەش ئاسایشی هەرێمی کوردستان مەترسی گەورەی لەسەرە.[1]

بەمجۆرە بەشێك لە هەڕەشە و مەترسییەکان بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان سەرەتا لە بەغداوە سەرچاوە دەگرن، ئەمجا وڵاتانی تری هەرێمی و جیهانی. بەشێوەیەکی گشتی تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی ئاماژە بەوە دەکات، لە هەر کۆمەڵەیەکیشدا لق یاخود ئاسایشی خوار کۆمەڵەکەش بوونی هەیە، ئەگەر ئەمە بە نمونەیەك ڕوون بکەینەوە ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك هێشوویەك بە شێوەیەکی گشتی وەربگرین، دەبینین ئاسایشەکە چەند لقێکی هەیە وەك ئاسایشی ناوچەی شام (میسر، سوریا، ئیسرائیل، ئوردون و لوبنان)، ناوچەی کەنداو (ئێران، عێراق، دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو) یان (تونس، لیبیا، جەزائیر، مەغریب)، بەمجۆرە ئاسایشەکە دابەشی چەند لقێکی سەرەکی دەبێت، ڕاستە هەمووی پێکەوەیە و گرێدراوی یەکە، بەڵام نزیکی جوگرافی هۆکارێکی گرنگە لە کارتێکردنی ئاسایشی و پێشهاتە سیاسی و ئەمنییەکان.[2]

لەگەڵ ئەوەی هەموو ئەوانە کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام هەوڵدەدەین بە پێی بنەمای تیۆرەکە، هۆکاری جوگرافی و کاریگەرترین وڵاتانی کاریگەر بۆ ئاسایشی هەرێم بخەینە بەر لێکۆڵینەوە و باسکردن. لەسەر ئاستی هەرێمی واتە وڵاتانی دەوروبەر، دەکرێت ئاماژە بە چەندین جەمسەرگیری نێوان وڵاتان بکەین، لەوانە (**ئێران و تورکیا، ئێران و سعودیە، سعودیە و ئیمارات و میسر بەحرەین لە لایەك، قەتەر و تورکیا لەلایەك**). لەسەر ئاستی جیهانی کە ئەمە زیاتر پەیوەستە بە دەستێوەردانی وڵاتانەوە نەوەك نزیکی جوگرافی (**ئەمریکا و ڕووسیا، ئەمریکا و چین، ئەمریکا و بەشێك لە وڵاتانی ئەوروپا لەگەڵ وڵاتانی ڕووسیا و چین و ئێران، ئێران و ئەمریکا**) واتە ئاسایشی ئەم ناوچەیە بەسەر چەندین جەمسەری جیاوازدا دابەشبووە، پاڵنەری سەرەکی و کاریگەر لەم دابەشبوونانە پێکدادانی بەرژەوەندییەکانن، شوناسیش یەکێکی ترە لە فاکتەرەکانی ئەم جەمسەرگیرییە بە تایبەت لەنێوان سعودیە و ئێران. بێگومان هەرێمی کوردستانیش کەوتۆتە نێوان بەرداشی ئەو وڵاتانە و کاریگەر دەبێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پرشکی ئەم ناکۆکییانە بەر هەرێم دەکەوێت.

هەرێمی کوردستان قەوارەیەکە لە چەندین ڕووەوە قابیلی زیان پێگەیشتنە. بەراورد بەوڵاتانی دراوسێ هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی بچوك و لاوازە لەڕووی هێزەوە. بچوکی هەرێمەکە و نەبوونی قوڵایی ستراتیجی، داخراوی هەڵکەوتەی جوگرافی و شوێنەکەی لەنێو نەیارانی نەتەوەیی وادەکەن هەرێمی کوردستان هەمیشە لەباربێت بۆئەوەی ئاسایشەکەی لەلایەن وڵاتانی دراسێوە بکەوێتە بەر هەڕەشە، هەریەکە لە ئێران و تورکیا و عێراق و سەرچاوەی دەرەکی سەرەکین بۆ ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە هەڕەشەکردن لە یەکێتی خاکەکەی بێت یان قەوارە فیدراڵییەکەی یان سەربەخۆییە سیاسییە ڕێژەییەکەی.[3]

---

[1] د.پشکۆ حمە تاهیر و م. ماجید خلیل فتاح، شوناسی نەتەوەیی و جوگرافیی ناوچە دابڕێندراوە کوردستانییەکان لە عێراق، مجلة دراسات السياسية والأمنية، المجلد الرابع ، العدد الثامن، كانون الأول 2021، ص49.

[2]. د.نەجات علی، ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، سەرچاوەی پێشوو، ل75.

[3]. فرهاد جلال، ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان...، سەرچاوەی پێشوو، ل124.

بەهۆی ئەوەی کە عێراق پێگە و هێزی گەورەی نییە لە ناوچەکەدا، ئەمەش وایکردووە جۆرێك لە دەستکراوەیی هەبێت لەلایەن وڵاتانی زلهێزی جیهانی و هەرێمی لە کاروباری ناوخۆیی عێراق، لە سەرووی هەموویان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بێگومان ئەمەش کاریگەری لەسەر بارودۆخی سیاسی عێراق دروست دەکات، هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لە عێراق بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر ئەو کاریگەرییەوە ئاسایشی سیاسی دوورنییە بکەوێتە مەترسی گەورەوە.[1]

**لقی دووەم: جۆری پەیوەندی وڵاتانی ناوچەکە**

بەشێوەیەکی گشتی بنەمای پەیوەندی وڵاتانی ناوچەکە لە یەك ئاست دا خۆی نابینێتەوە، بەشێکیان هاوپەیمانن یان نزیکن لەیەکەوە یان کەمترین ململانێ لە نێوانیاندا هەیە، بەشێکی تریان ڕکابەری و ململانێی مێژوویی لە نێوانیاندا هەیە کە مێژوویەکی قوڵ و دوورودرێژی هەیە، هەم لە ڕووی ئایینی کە زیاتر مەبەستمان (ململانێی مەزهەبییە)، هەم لە ڕووی سیاسی، بەشێکی تریان بەسەر جەمسەرگیرییەکانی ناوچەکە دابەشبوون. لەم تەوەرەشدا باس لە جەمسەرگیری ئێران و تورکیا دەکەین وەك دوو هێزی گەورەی هەرێمی لە ناوچەکە، هەروەها پەیوەندییەکانی سعودیە و ئێران.

**یەکەم: پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیا و کاریگەری لەسەر ئاسایشی هەرێم**

لەسەر ئاستی هەرێمی چەند جەمسەرگیریەك هەیە، دیارترین ململانێ لە ناوچەکە بریتییە لە ململانێی نێوان تورکیا و ئێران، ئەمە ڕیشەیەکی قوڵ و مێژوویەکی درێژی هەیە، هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا قوتابخانەی کۆپنهاگن بەشێك لەو پەیوەندییەی لە نێوان وڵاتاندا هەیە بە پێی تیۆری (وێنت)* ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە چی بە دوژمنایەتی یان هاوکاری، بێگومان ئەمەی نێوان ئەو دوو وڵاتەش هی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە لەمەوبەر.

هەرێمی کوردستانیش تەنها هاو سنوور نییە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵکو لەگەڵ تورکیاش دەروازەی سنوری هەیە، واتە کاریگەر دەبێت بە سیاسەتی هەردوو وڵات، هەردوو وڵاتیش جیاوازی مەزهەبی هەیە لە نێوانیان، سەرباری جیاوازی ستراتیژ و تێروانینیان بۆ سیاسەتی ناوچەکە. بەمجۆرە کوردستان کەوتۆتە نێوان بەرداشی ئەو دوو وڵاتەوە.

تورکیا یەکێکی ترە لەو وڵاتانەی کە پێگەیەکی بەهێزی هەیە لە داڕشتن و ئاڕاستەکردنی سیاسەتی ناوچەکە. بێگومان چەندین وڵات کاریگەریان هەیە لە ناوچەکە، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئێمەیە زیاتر ئێران و تورکیان کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان بەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بۆیە زیاتر باس لەم دوو وڵاتە دەکەین. لەڕوانگەی باری بۆزان و وەیڤەرەوە کە باس لە کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی دەکەن پێیان وایە ئاسایشی ئەم گروپە وابەستەیە بەیەکەوە

---

[1]. سالار محمود، عێراق لە کوێی بەرداشی ئەمریکا و ئێراندایە، ماڵپەڕی شەن پرێس، ڕێکەوتی سەردان 2022/10/10 : https://tinyurl.com/39jrmk89

* ئەلیکسەندەر ونت (Alexander Wendt) یەکێکە لەدیارترین زاناکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەیەکەم داڕێژەری تیۆری بونیادگەرایی (Constrictivism) دادەنرێت، لەدایکبووی ساڵی 1958، هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەمریکی و ئەڵمانییە، خاوەنی چەندین کتێب و نووسینە لەبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، مامۆستای چەندین زانکۆی بەناوبانگە لە ئەمریکا. ئەلیکسەندەر وێنت پێی وایە ناکرێت ڕۆڵی فاکتەری مێژوویی و شوناش و کولتوور و گوتار لەبەرچاو نەگرین لەو پەیوەندییەی لەنێوان وڵاتاندا هەیە چ بە ئاشتی، یان ناکۆکی، چونکە پێی وایە ئەوەی هەیە هەر یەکێك لەم ئاستانە بەرهەمی ئەو لایەنە مێژووییە کە لە ڕابردوودا بوونی هەبووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: https://www.britannica.com/biography/Alexander-Wendt

بە ئەستەم دەتوانی ئاسایشی ئەوانە لەیەکتر جیا بکەیتەوە. لەژێر ڕۆشنایی ئەو ناساندنەی ئەواندا ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە پاکێجی فراوانتر کە پەیوەندیدارە بە ئاسایشی تورکیا و ئێران لە ناوچەکە. [1]

ئەوان ئاماژە بەوە دەکەن مەترسییە ئاسایشییەکان زیاتر لە نێوان وڵاتانی دراوسێدا دەگوازرێتەوە تا وڵاتانی دورتر. واتە کاریگەری نزیکایەتی جوگرافی کارلێکی بەهێزتر لەسەر ئاسایش دروست دەکات بە تایبەت لە سێکتەری سەربازی و سیاسی و کۆمەڵایەتی. بەپێی بنەماکانی ئەم تیۆرە چەند هۆکارێك هەن وادەکەن ئاسایشی وڵاتێك یان هەرێمێك گرێدرابێت بە ئاسایشی وڵاتێکی ترەوە:

1- پەیوەندی مێژوویی دوورو و درێژ.
2- کێشە و ناکۆکیە سنوورییەکان.
3- بوونی پێکهاتەی ئیتنی و ئاینیی جیاواز.

لەبەر هەبوونی هەموو ئەمانە ئاسایشی هەرێمی کوردستان وابەستەی ئاسایشی وڵاتانی دراوسێیەتی. تورکیا لە مێژووی سەد ساڵی پێشوویدا ڕژێمێکی پڕ لەسەر ئێشەو لە هەناودا لاوازبوو، ببوو بە پاشکۆی زلهێزی ئەمریکی، بەڵام لە دوای 2003 بەولاوە گۆڕانکاری بنەڕەتی بە ڕژێمەکەی و فەلسەفەی حوکمڕانیەکەیدا هات، لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە گەیشتە لوتکەیەکی نوێ و خولیای بڵاوەپێکردنی نفوزیشی لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیدا کرد.[2]

زۆر هۆکار هەن وادەکەن کۆماری تورکیا نەتوانێت بەرامبەر ئەو ڕووداوانەی لە ناوچەکە ڕوودەدەن بێلایەن بێت، بۆیە تورکیا نەك بە تەنها بێلایەن نییە، بەڵکو وەك هێزێکی هەرێمی ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە دروستکردنی ڕووداوەکاندا. هەوڵدەدات ئاڕاستەی گۆڕانکارییەکان بەرەو ئەو ئاڕاستەیە بەرێت، کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەو بکات.[3]

لە سەدەی نوێدا پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و تورکیا، وێڕای ململانێ و جیاوازی نێوانیان بەردەوامیان هەبووە لەسەر سێ بنەمای سەرەکی، کە بریتی بوون لە، **ئاڵوگۆڕ و پەیوەندیی ئابووری، دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان، پشتگیریکردنی دامەزراندن یان ڕاگەیاندنی دەوڵەتی فەلەستینی.** ئەمە سەرەڕای ئەو ململانێ مێژووییەی هەیانە بەهۆی میراتی ململانێی عوسمانی و سەفەوی، ململانێی مەزهەبی شیعە و سوننە. بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە لە دوای ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و دۆخی سوریا بەرزی و نزمی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، تورکیا زیاتر لەگەڵ سعودیە و قەتەر هاوهەڵوێست بووە، ئێرانیش لەگەڵ ڕووسیا و چین، ئەگەرچی لە ئاستی هەرێمی پەیوەندی نێوان تورکیا و ئێران بارگراویە بە ململانێ، بەڵام لە ئاستی پەیوەندی دوو لایەنەدا ململانێکان بەو ئاستە توند نین. بە تایبەت دوای هەوڵی کودەتا دژی ئەردۆگان و پشتگیری ئێران بۆ حکومەتی تورکیا دۆخەکە تاڕادەیەك بەرە و ئاسایی بوونەوە چوو، چونکە ئێران لە وشکانی و دەریاییەوە 5 دەوڵەت دراوسێیەتی، ئەوانە لە وشکانییەوە دراوسێی ئێرانن وەك ئەفغانستان و

---

[1]. د.زوبێر رسول ئەحمەد، تورکیا و هەرێمی کوردستان: ئابوری یان ئاسایش، تورکیا بەدوای کامیاندا دەگەڕێت؟، گۆڤاری توێژەر، زانکۆی سۆران، بەرگی 3، ژمارە 2، بەهاری 2020، ل229-230.

[2]. دلاوەر علاء الدین، ئایندەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، سەرچاوەی پێشوو، ل4.

[3]. د. کامەران مەنتك، پەیوەندییەکانی تورکیا و ڕێکخراوی داعش لەڕوانگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل19.

پاکستان لە ڕۆژهەڵاتی ئێران، عێراق لە ڕۆژئاوای، بەمجۆرە ئێران نەیدەویست دۆخی تورکیای دراوسێی نائارام بێت و کاریگەری لەسەر ئاسایشی ئەو وڵاتە دروست بکات.[1]

پەیوەندی هەردوو وڵات مێژوویەکی دور و درێژی هەیە و بەرزی و نزمی زۆری تێدایە، هەردووکیان بە دوای زیادکردنی قەڵەمڕەوی خۆیانن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەوەی گرنگە بە لای ئێمەوە کاریگەریی ئەو ململانێیە لەسەر هەرێمی کوردستان. بوونی هێزی سەربازی تورکیا لەناو خاکی عێراق (لە سنوری هەرێمی کوردستان) نیگەرانی قوڵی لای ئێرانییەکان دروستکردووە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران لە ناوچەکە، بە تایبەت لە ئێستادا شەنگال بۆتە خاڵی ناکۆکی نێوان ئەو دوو وڵاتە ئێران پێی وایە ئەمە دەبێتە بەربەست لەبەردەم ئێرانییەکان بۆ گەیشتنیان بە سوریا. ئێران لە ڕێگەی پشتیوانی و پشتگیری ماددی گروپ و میلیشیا چەکدارەکان و مەزهەبی شیعەوە هەوڵی هێنانەدی ئەجێنداکانی خۆی دەدات، هەرچی تورکیا لە ڕێگەی پەیوەندییە ئابووری و دبلۆماسییەکانەوە شەڕی بەرژەوەندییەکانی دەکات.[2]

تورکیا چەندین بنکەی سەربازی لە هەرێمی کوردستان هەیە، هەمیشە کارتی پەکەکە بە دەست دەوڵەتی تورکیاوە بووە بۆ سنوور بەزاندن و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە عێراق، دوای ئۆپەراسیۆنی چیای گارە لە ساڵی (2021) و هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر شەنگاڵ گرژی و ئاڵۆزی توند کەوتە نێوان هەردوو وڵات، تا گەیشتە ئاستی بانگهێشتکردنی باڵوێزەکانیان لە وڵاتەکانیاندان و گەیاندنی نیگەرانی خۆیان. تورکیا ئێران بە پشتیوانی و پشتگیری چەکدارانی (پەکەکە) تۆمەتبار دەکات، بەشێکی زۆر لە چاودێرانی سیاسیی پێیان وایە ئەمەش فشاری ئێرانییەکانە لەسەر تورکیا بۆ گۆڕینی هەڵوێستی تورکیا لە بەرامبەر قەیرانی سوریا. بۆیە لە دوای ئازادکردنی شەنگال لە دەستی داعش، شەنگال بۆتە خاڵی پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی تورکیا و ئێران، کە بە سێگۆشەی تورکیا– ئێران– سوریا، ناسراوە.[3]

تورکیا بە نیگەرانییەکی قوڵەوە سەیری جموجۆڵ و چالاکی چەکدارانی پەکەکە دەکات لە ناوچەی شەنگال، مەبەستییەتی شەنگال نەبێتە قەندیلێکی تر بۆ تورکیا لە ناوچەکە بە پشتیوانی چەکدارانی حەشدی نزیك لە ئێران، لە ناوچەکە.[4]

هەموو ئەمانەش ئاسایشی هەرێمی توشی مەترسی کردوتەوە، هەرێم وەك بەشێك لە عێراق بۆتە مەیدانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی ئەو دوو وڵاتە لەسەر خاکەکەی، ئەمەش ئاسایشی هەرێمی دووچاری چەندین ئالێنگاری

---

[1]. ئالان حمە سعید، ئێران و تورکیا: سیاسەتکردن لە ژینگەیەکی هەرێمایەتیی جەمسەرگیردا، ماڵپەری پێنووس: 86xf4https://tinyurl.com/bdf

[2]. د.سارە کاکل، هاوکێشەی پەیوەندی نێوان تورکیا– ئێران کاریگەری لەسەر عێراق، ماڵپەری هەرێم نیوس، ڕێکەوتی سەردان 2022/9/5: xtjbkru4https://tinyurl.com/

[3]. مواجهة على أرض العراق.. كيف تحولت سنجار إلى ساحة للحرب بين تركيا وإيران؟، موقع الجزيرة نيت، تأريخ الزيارة 2022/10/29، على الرابط التالي: jxys5https://tinyurl.com/yck

[4]. صراع النفوذ.. لماذا تتنافس تركيا وإيران على العراق؟، موقع الحرة، تأريخ الزيارة 2022/9/18، على الرابط التالي: dwvbr2h3https://tinyurl.com/

جیاواز کردووە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە چەندین هاولاتی مەدەنی بوونە قوربانی ململانێکانی نێوان ئەو دوو ولاتە، زیانی ماددی بە چەندین ناوچە کەوتووە.[1]

گۆڤاری (ناشیونال انترست) ئەمریکی لە مانگی (2022/5) ئاماژە بەوە دەکات، هەرێمی کوردستان و عێراق بوونە ناوەندی پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی هەریەکە لە تورکیا و ئێران، ئێران ترسی لە زیادبوونی هەژموونی پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان، کە بە نزیك لە تورکیا هەژماری دەکات، لەهەمان کاتدا تورکیا نیگەرانە لە پشتیوانی ئێران و دروستکردنی چەندین گروپ و دەستەی حەشدی شەعبی و هاوئاهەنگی ئەو هێزانە لەلایەن ئێرانەوە بۆ لێدان لە بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە ناوچەکە، بەمەش قوربانیدەری یەکەم هەرێمی کوردستان لە پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی ئەو دوو ولاتە، جگە لەوەی تورکیا ئێران تۆمەتبار دەکات بە وروژاندنی شەقامی عێراقی و بەشی زۆر لە سەرکردە شیعەکان لە کاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەو ناوچانە.[2]

هەروەها ناوەندی ستراتفۆری ئەمریکیش لە ساڵی (2017) بە پێی هەڵسەنگاندنی بۆ دۆخی عێراق و ناوچەکە، ئاماژەی بەوەدا بەهۆی بوونی چەکدارانی پەکەکە و هەوڵەکانی فراوانخوازی هەردوو ولات لە ناوچەکە، هەرێمی کوردستان لە ئایندەدا دەبێتە چەقی ململانێکانی تورکیا و ئێران.[3]

لەلایەکی ترەوە هەرێمی کوردستان بۆتە بەشێك لە گۆڕەپانی ململانێکانی تورکیا و چەکدارانی پەکەکە، تورکیا ئەمەشی کردۆتە بیانوو بۆ دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی هەرێمی کوردستان و بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان. بە تایبەت لە دوای ساڵی (2020)ەوە شەڕی نێوانیان پێی ناوەتە قۆناغێکی تازەوە ئەویش جەنگی (درۆنەکان)ە، لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو تورکیا چەندین هێرشی درۆنی لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە، کادر و چەکدارانی پەکەکەی لە هەرێمی کوردستان بە ئامانج گرتووە، بەتایبەت لە ناوچەکانی (شارباژێر، شەنگال، مەخمور، سلێمانی، پشدەر، گەرمیان، چەمچەماڵ)، هەموو ئەمانەش کاریگەریی لە سەر ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان هەبووە، سەرباری ئەوەی ترس و نیگەرانییەکی زۆری لەلای هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان دروستکردووە کە تورکیا ئەمجارە بۆردومان و شەڕی هێناوەتە ناو شارەکانی هەرێم و ئەو جێگایانەی شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکی مەدەنییە.[4]

تورکیا زۆر گرنگی بە تایبەتمەندی سوننی دەسەلاتی هەرێمی کوردستان دەدات، دەیەوێت بۆ ڕاگرتنی دەسەلاتی شیعی بەغداد بەکاری بهێنێت و هاوسەنگی پێ بپارێزێت. مەبەستیشییەتی هەرێم لە سەر ئاستی ناوچەکە لەگەڵ میحوەری سووننە بمێنێتەوە. سەرباری ئەوەش حەز بە مانەوەی هەرێم دەکات لە چوارچێوەی عێراقدا، لە هەمان کاتدا نەك تورکیا بگرە هەردوولا نیگەرانن لە دەستێوەردانەکانی ئێران لە کاروباری ناوخۆیی هەرێم، ئێران و بەغدادیش نیگەرانن لە

---

[1]. الأكراد بين مطرقة إيران وسندان تركيا، موقع D.W العربية، تأريخ الزيارة 2022/8/26، على الرابط التالي: ahas37https://tinyurl.com/wr

[2]. تقرير أمريكي يرسم ملامح "صراع صفري" بين تركيا وإيران في العراق، موقع شفق نيوز، تأريخ الزيارة 2022/9/13، على الرابط التالي: nzmxrsm2https://tinyurl.com/

[3]. ناوەندی ستراتفوری ئەمریکی: بەهۆی پەکەکە، کوردستان دەبێتە چەقی ململانێکانی ئێران و تورکیا، ڕێکەوتی سەردان 2022/7/12: p2e8a8p2https://tinyurl.com/

[4]. پێگەی ئەلیکترۆنی مێکس نیوز ، ئایە هەرێمی کوردستان و عێراق دەتوانن ڕێگری لە درۆنەکانی تورکیا بکەن، ڕێکەوتی سەردان 202/8/1: v7sx3https://tinyurl.com/ycx

زیادبوونی بنکە و پێگەی سەربازی تورکیا لە هەرێم، بەڵام خۆشحاڵە بە دژایەتی ئێران بۆ سەربەخۆیی کوردستان، واتە دژایەتی پرسی کوردستان خاڵی هاوبەشی عێراق و ئێران و تورکیایە وەك ئەوەی دوای ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان کردیان.[1]

کۆماری ئیسلامی ئێران شوناس یان ناسنامەی سیاسیی تایبەت بەخۆی هەیە. هەر ئەو ناسنامەیە چەند ڕەهەندێکی هەیە، کە بریتین لە ڕەهەندی شۆڕشگێری و ڕەهەندی ئیسلامی–شیعی، کە کۆی ئەمانەش لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ڕێنیشاندەرییەتی. بۆیە سیاسەت و ڕەفتاری دەرەکی ئێران لەسەر بنەمای جۆرێك لە عەقڵانییەتی ئاینی –ئەخلاقی و ئایدیالیستی پێناسە دەکرێت.[2]

ئێران بازنەیەکی خێرای ئاسایشی هەیە، کە ئەم بازنە ئاسایشییە لە دراوسێکانی کۆماری ئیسلامی پێکدێت، کە بە پێی ئاستی هەڕەشە و مەترسی هێزە بێگانەکان لە ناوچەکە و سروشتی بابەت و پرسە سیاسی و ئابووری و کولتورییەکان، دەبێتە هۆی خولقاندنی دەرفەت یان هەڕەشە و کێشە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، ناوچەی کەنداو و عێراق (هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لە عێراق) وەك دوو نمونە لە گرنگترینیانن.[3]

سەرەڕای جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ عێراق و ئابلۆقەکانی سەری، تادێت بەهێزتر دەبێت و سوود لە ململانێکانی ناوچەکە و بۆشایی دەسەڵات لە ناوچەکە وەردەگرێت، ئێستا ئێران یەکێك لە کاریگەرترین وڵاتانی هەرێمی ناوچەکەیە و پێگەیەکی بەهێزی هەیە لە سیاسەتی ناوچەکە و ململانێ لەگەڵ چەندین دەوڵەتی زلهێزی جیهان و ناوچەکە دەکات. کاریگەریی گەورەی لەسەر چوار پایتەختی وڵاتانی ناوچەکە (عێراق و سوریا و لوبنان و یەمەن) هەیە، ئەمە جگە لە ئامادەیی لە چەند وڵاتیکی تر، ئێران بە متمانەوە کار بۆ ئامانجەکانی خۆی دەکات، بێگومان مەودا و نفوزی ئێرانی و توانای وڵاتەکە بۆ تەحەمولی زیانی ماددی و سیاسی سنووری خۆی هەیە، بەڵام لە غیابی ستراتیجێکی کارای هێزەکانی دیکە، جارێ ئێران یاریکەرێکی سەرەکییە لە ناوچەکە.[4]

بەڵام سەرباری ئەو ململانێیەی لە نێوان ئەو دوو وڵاتە هەیە، پێشتر ئاماژەمان بە پەیوەندی و هاوسنووری ئێران و هەرێم دا، ئەمە بۆ تورکیاش ڕاستە، واتە لەگەڵ ناکۆکییەکان، بەرژەوەندی هاوبەشیش هەیە و پەیوەندییەکانیش زۆرکات بەرەوپێشچوونیان بەخۆیەوە بینیوە.

تورکیا سنوورێکی (331) کم لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، کوردستان بووە بە بازاڕێکی گەورە بۆ تورکیا.[5] ئەمە جگە لەوەی قەبارەی ئاڵوگۆری بازرگانی نێوان ئەو دوو وڵاتە ساڵانە زیاتر لە 11 ملیار دۆلارە، لە 75٪ ئەو کاڵایانە هەناردەی شارەکانی تری عێراق دەکرێن.[1]

---

[1]. ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، کوردستان و پۆست داعش، سەرچاوەی پێشوو، ل117.

[2]. د.پەروێز ڕحیم قادر، ناسنامە و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو: https://tinyurl.com/2s42pfe

[3]. د.پەروێز رحیم، سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، چاپخانەی موکریان، هەولێر، 2014، ل156.

[4]. د.دلاوەر علاء الدین، ئایندەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، پێگەی ئینستیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (میری)، ڕێکەوتی سەردان 2022/9/11: https://tinyurl.com/y5tzjw9u

[5]. شیروان هاشم عادل، ڕیفراندۆم و مافی چارەی خۆنووسین– هەرێمی کوردستانی عێراق2017( لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی بەراوردکارییە)، نامەیەکی ماستەرە پێشکەش بە کولێجی زانستەسیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، هەولێر، ئابی 2021، ل133.

پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان پەیوەست نییەوە بەوەی چەند ساڵێکە هەرێمی کوردستان وەك نیمچە دەوڵەتێك لە ناوچەکە سەریهەڵداوە. بەڵکو ئەو پەیوەندییانە ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە، بۆیە تورکیا بەردەوام بوونی هەبووە لە سیاسەت و بوارەکانی تری ژیانی کوردستاندا. بەڵام پەیوەندییەکان هەڵکشان و داشکانیان بەخۆیەوە بینیوە و بە چەندین قۆناغی جیاوازدا ڕەتبوون. چەندین کۆمپانیای گەورەی تورکیا بوونیان هەیە لە هەرێمی کوردستان و وەبەرهێنان دەکەن، بەجۆرێك سەرمایەی تورکیا ساڵانە چەندین  ملیار دۆلارە.[2]

لەگەڵ ئەوەی لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و بوونی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵ لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا تورکیای نیگەران کرد. ئەم بە یاسایی بوون و بە فەرمی بوونەی دیفاکتۆی هەرێمی کوردستان و ڕەوایی و شەرعیەت وەرگرتنە لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، وای کرد تورکیا و دەوڵەتە هەرێمییەکان بە ترس و گومانێکی زۆرەوە بڕواننە پرۆسە و پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق ، تەنانەت هەڵوێست و کاردانەوەی هاودژ لە هەمبەری وەربگرن، پێداچونەوەیەکی تەواو لە سیاسەت و ستراتیژی خۆیان بە ئاڕاستەی گوشار خستنە سەر هەرێمی کوردستان و لاواز کردنیدا بکەن.

هەر بۆیەش لە سەروبەندی دەرچوونی یاسای کاتی عێراق (جەمیل چیچیك) وەزیری داد و وتەبێژ بە ناوی حکومەتی تورکیا، دژایەتی حکومەتەکەی بۆ یاساکە دەربڕی و ڕایگەیاند: لە بەرامبەر یاسای کاتی عێراق دا ئاسودە نین، ئەم یاسایە ترس و هەڕەشەیان لە سەر زیاتر دەکات و ئەو دەقە یاسایی و دەستووریە ئاشتی هەمیشەیی لە عێراقدا دەستەبەر ناکات و سەرکردایەتی قۆناغێکی درێژ خایەن لە ئاژاوە و ناسەقامگیری دەکات. بە هەمان ئاڕاستە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە کاتی ڕاگەیاندنی دەستووری هەمیشەیی دووپاتی کردەوە ولاتەکەی درێژە بە سیاسەتی داننەنان بە هەرێمی کوردستانی عێراق دەدات و ئەوەشی جەختکردەوە کە لە دیدی ئەوان دەڤەرێك یا خود ناوچەیەك نییە بە ناوی کوردستان. [3]

لە دوای ساڵی (2014) ەوە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتی تورکیا پێی نایە قۆناغێکی تازەوە، لەم ماوەیەدا لەسەر ئاستی ناوچەکە چەندین پێشهاتی گرنگ هاتنە پێشەوە لە سەرووی هەموویان هاتنی داعش و دواتر ئەنجامدانی ریفراندۆم ، لە سەرووی ئەوانەش پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و تورکیا لەسەر پرسی وزە، کە بەشی هەرە زۆری نەوتی هەرێم لە ڕێگای تورکیاوە هەناردەی وڵاتانی تر دەکرێت. بەگشتی وزە ڕۆڵی گرنگ و باڵای بینیوە لە باشبوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان،  فاکتەری ئابووری یەکێك بووە لە هۆکارە سەرەکییەکان، بەوەی هەم عێراق و هەم هەرێمی کوردستان بازاڕێکی باشبوون بۆ ساغکردنەوەی بەرهەم و کاڵای تورکیا، ئەمە جگە

---

[1] . نەورەس عبداللە، قەبارەی بازرگانی هەرێمی کوردستان و تورکیا زیادیکردووە، ماڵپەری کوردستان24، ڕێکەوتی سەردان 2022/8/27: https://tinyurl.com/3ryn5bsp

[2]. سەگڤان ئوسمان هالۆ، کاریگەرییەکانی بە جیهانیبوون لەسەر پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، نامەیەکی ماستەرە لە کولێجی زانستەسیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، شوباتی 2016، ل78-79

[3]. ئیلنۆر چەڤیگ، کاتی ئەوە هاتوە تورکیا بەرامبەر کوردەکانی عێراق بە سیاسەتی خۆی دا بچێتەوە، هەفتەنامەی گوڵان، ژمارە ( 540 ) 2005/6/19، هەولێر ، ل 40.

لەوەی تورکیا لە پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم یەکێك لە کاریگەرترین کەناڵەکان بووە بۆ گەیشتنی نەوتی هەرێم بە بازاڕەکانی جیهان.[1]

تورکیا لە ناوچەکەدا بەدوای هۆکارێکی گرنگدا دەگەڕێت کە هاوسەنگی لە ناوچەکە بپارێزێت، ئەویش هەرێمی کوردستان دەبێت بۆ ئەم مەبەستەی، کە هەرێمی کوردستان لەم چەند ساڵانەدا وەك دابینکەرێکی گرنگی وزە سەیرکراوە بۆ نەوت و گاز سوودێکی ستراتیژی ئۆتۆنۆمی بۆ تورکیا ڕەخساندووە. کەوا بەهای جیۆپولەتێکی تورکیا لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت لە ڕێگەی ڕێکەوتنەکانی ستراتیجی بۆ وزە.[2]

لەگەڵ ئەوەی تورکیا لە ساڵی 2014 ڕێگای دا پێشمەرگە لە خاکی تورکیاوە بچێت بۆ کۆبانی بۆ یارمەتی هێزەکانی یەپەگە دژ بە داعش کە کۆبانێ نزیك ببۆوە لە لێواری کەوتن بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە شارەکەیان پاراست لەوەی بکەوێتە دەستی داعش، چوونی هێزەکانی پێشمەرگە بە چوار کاروان بوو، کاروانی یەکەم لە 28 تشرینی یەکەمی 2014 بوو. ئەمە پێشهاتێکی تازەبوو لە پەیوەندییەکانی هەرێم و تورکیا.[3]

لەبەر نزیکی و هاوسنووری نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، هەڵویستی تورکیا بەردەوام کاریگەریی هەبووە لەسەر ئاسایشی کوردستان، پەیوەندی تورکیاش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی عێراق بە تایبەت کۆماری ئیسلامی ئێران کاریگەری هەیە نەك لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەڵکو لەسەر ئاسایشی تەواوی ناوچەکە کاریگەری هەیە. هەرچەندە تورکیا پێشتر تەنها لە ڕێگای بەشێکی کەمینەی سوننە و کوردەوە کاریگەریی هەبوو لەسەر پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، بەڵام لەم دواییانە بەهۆی نزیکبوونەوەی تورکیا و ئیمارات، کاریگەریی هەبوو لەسەر دروستکردنی هاوپەیمانیەکەی نێوان سەدر و سوننە و پارتی.

سەرباری پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێم بە تایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە، تورکیا لە چەندین لایەنەوە ئاسایشی هەرێمی کوردستانی تووشی ئاڵێنگاری قورس کردوّتەوە. لە ڕووی سیاسییەوە یەکێك لەو وڵاتانەی بە سەختی دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان دەکات بریتیە لە وڵاتی تورکیا. لە تورکیا دژایەتیەکی قوڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەیە. تەنانەت هەندێك جار هەرێمی کوردستان بە ئیسرائیلی دووەم ناوزەند دەکات. تەنانەت زۆربەی کات سەربەخۆیی کوردستان بە پرۆژەی جولەکە و ئیسرائیل ناودەبات. بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگەی تورکیا دژی سەربەخۆیی کوردستانن، تەنانەت بە پێویستی دەزانن دەوڵەتی تورکیا هەموو ئامرازێکی سیاسیی و سەربازی بگرێتە بەر بۆ دژایەتیکردنی ئەو پرۆسەیە. سەربەخۆیی کوردستان وەك پرسێکی ئاسایشی سەیر دەکەن، ئەمە جگە لەوەی پێیان وایە کە ئەمە مەترسی لەسەر یەکپارچەیی خاکی تورکیاش دروست دەکات، بەوەی هانی کوردەکانی ئەو وڵاتە دەدات بیر لە سەربەخۆیی و دروستکردنی کیانی سیاسیی بکەنەوە. تەنانەت ئەحمەد داود ئۆغلۆ سەرۆك وەزیرانی پێشووی تورکیا پێی وابوو کە بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ئاسایشی هەموو ناوچەکە دەخاتە مەترسییەوە.[4]

---

[1]. سەگڤان ئوسمان هالۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل85.

[2] . چنار بابەکر محمد، کاریگەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان–عێراق لە دوای ساڵی 2003، نامەیەکی ماستەرە پێشکەش بە کۆلێجی زانستەسیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، هەولێر، 2015، ل90.

[3] . پێنج ساڵ بەسەر چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ تێدەپەڕێت، ماڵپەری کوردستان تیڤی، ڕێکەوتی سەردان 2022/9/19: https://tinyurl.com/2xu9xeuj

[4] . کوردستان و پۆست داعش، سەرچاوەی پێشوو، ل113.

بۆیە ئاسایشی هەرێمی کوردستان کاریگەربووە بەو سیاسەتەی تورکیا و ئێران لە هەمبەر ولآتانی ناوچەکە بە گشتی و ولآتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان دەیگرنە بەر، یان جۆری پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و لەگەڵ تورکیا و ئێران کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو هەڵکشان و داشکانی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. بۆیە وەك بیریارانی قوتابخانەی کۆپنهاگن باسی لێوەدەکەن کە ئاسایشی هەرێمی کوردستانیش وەك هەرێمێکی فیدراڵ لە عێراقدا گرێدراوی ئاسایشی ولآتانی ناوچەکەیە بە تایبەت تورکیا کە تاکە دەروازەی تورکیا بەڕووی عێراقدا لە هەرێمی کوردستانەوەیە.

**دووەم: پەیوەندییەکانی ئێران و سعودیە و کاریگەری لەسەر ئاسایشی هەرێم**

هەردووکیان جگە لە جیاوازییە سیاسییەکانیان، جیاوازیەکی مەزهەبی گەورە لە نێوانیاندا هەیە، هەریەکێکیان هەوڵدەدات ڕابەرایەتی و پێشەنگی خۆیان بهێڵنەوە.

سعودیە بەهۆی ئەو پێگە ئاینی و سیاسیەی هەیەتی توانیویەتی ببێتە یاریکەرێکی باش لە گۆڕەپانی سیاسی لە ناوچەکە و کاریگەریی هەبێت لەسەر چارەنوسی ململانێکان لە ولآتانی عێراق و سوریا و یەمەن و لیبیا و لوبنان و چەند ولآتێکی تر، لەگەڵ ئەوەی سعودیە توانای بەربلاوکردنی نفوزی ئەمنی و سەربازی لەسەر خاکدا سنووردارە، بەلآم پاڵپشتی و پارەدارکردنی هێزە ناوخۆییەکان و توانای دەستێوەردانی پەیداکردووە و لە هەمان کاتدا هەندێك کات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ولآتەکەی پشت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبەستێت.[1]

دەسەلآتدارانی سعودیە ئەوەندەی ترسی ڕووبەڕووبونەوەی ئایدۆلۆژییان هەیە وەك مەترسییەك بۆ سەر شەرعییەتی ڕژێمی سیاسیی لەگەڵ هێزەکانی تردا، ئەوەندە ترسی ڕووبەرووبەنەوەی سەربازیان نییە لەگەڵ هێزەکانی تری ناوچەکەدا. واتە بە شێوەیەکی گشتی پاراستنی ئاسایشی ڕژێمەکەیان لا گرنگترە لە پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتەکە. بەشێوەیەکی گشتی ئامانجی بەرپرسانی بالآی سعودیە بریتییە لە سەقامگیری لە ناوخۆی ولآت و ئاسایش لە دەرەوە. بۆ پرسی سەقامگیری لە ناوخۆ سعودیە زیاتر پشتی بە داهاتی نەوت بەستووە، لەگەڵ ئاین و ئایدولۆجیایە کە زیاتر لە ئاینی ئیسلام و مەزهەبی سوننەدا بەرجەستەدەبێت. پەیوەندییەکانی ئەو ولآتە زیاتر لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراقەوە پەرەسەندنی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە، بە تایبەت بەشی زۆر لە ولآتانی کەنداو بە تایبەت سعودیە پێیان وابوو کە تەنها بە پشتگیری سوننەکانی عێراق کە نزیکەی لە 20٪ دانیشتوانی عێراق دەبن ئەستەمە بتوانن ڕووبەڕووی هەژموون و پێگەی کۆماری ئیسلامی ئێران و شیعەکان ببنەوە لە عێراقدا، بۆیە پێیان وابوو نزیك بوونەوە لە کوردەکان کارتێکی گوشاری باشە لە هەمبەر کۆماری ئیسلامی ئێران و دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەم هەژموونی زیاتری ئەو ولآتە لە عێراقدا، بۆیە بژاردەی دروستکردن و فراوانکردنی پەیوەندی لەگەڵ کوردا بوو بە بژاردەیەکی بەهێز بۆ ولآتانی عەرەبی بە تایبەت سعودیە.[2]

لەدوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران ساڵی (1979) ، سعودیە و ئێران وەك دوو ولآتی دژ بە یەك و ناكۆك دێنە بەرچاو، هەروەها هەردووکیان هەوڵدەدەن کە ڕابەرایەتی جیهانی ئیسلامی بکەن. هەرچی کۆماری ئیسلامی ئێرانە خۆی کردوٚتە ناوەندی هەموو هێزە شیعەکانی دنیا، سعودیەش لەگەڵ ئەوەی چەندین ئاستەنگی لە پێشە بۆ جیهانی سوننەکان بەلآم

---

[1] . د.دلاوەر علاء الدین ، ئایندەی کورد لە ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستی نوێ، پێگەی ئەلیکترۆنی ( میری)، ڕێکەوتی سەردان 2022/9/25: https://tinyurl.com/2zuswnz5

[2] . د.زوبێر ڕەسول ئەحمەد، ولآتانی کەنداو و هەرێم چ جۆرە پەیوەندییەك؟، گۆڤاری ئایندەناسی ژمارە 12، سەرچاوەی پێشوو، ل15.

هەوڵدەدات خۆی وەك ناوەندی هێزە سوننەکانی جیهان پیشان بدات. ئەم ململانێیەش کاریگەری لە سەر عێراق کە بەشی زۆری دانیشتوانەکەی شیعە مەزهەبن هەبووە، ئەمەش کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان هەبووە کە بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق.[1]

لەگەڵ ئەوەی ململانێکانی ئەو دوو دەوڵەتە بە تەنها قەتیس نەبووە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بەڵام بەشی هەرە زۆری ململانێکانی ئەو دوو وڵاتە زیاتر لەسەر خاکی عێراقە، بە تایبەت دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە، گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن زۆرینەی شیعەی سیاسی نزیك لە ئێران، ئەمەش وەچەرخانێکی تر بوو لە توندبوونی گرژی و ململانێکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە.[2]

هەموو ئەو کێشانە و چەندین کێشەی تر بەرۆکی نێوان ئەو دوو دەوڵەتەی گرتووە، بۆیە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بەر پڕشکی ناکۆکییەکانی ئەو دوو وڵاتە و ڕاگرتنی هاوسەنگی بۆی کارێکی ئاسان نابێت لە نیوانیاندا.

هەربۆیە بەستنی پەیوەندی ئەو وڵاتانە بە تایبەت سعودیە بۆ هەرێمی کوردستان بێ گرفت نەبووە، بۆ نمونە لە ساڵی (2016) کاتێك وڵاتی سعودیە کونسولگەری خۆی لە هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر کردەوە، ڕاوێژکاری باڵای هێزە سەربازییەکانی ئێران "یەحیا سەفەوی" لە لێدوانێکدا گووتی: بارزانی ڕێگەی بە دوژمنانی شۆڕش داوە کونسولگەری لە هەرێم بکەنەوە. لایەنگرانی بارزانی دەبێت باش ئەوە بزانن ئەوان قەرزداری ئێرانن...کوردەکان پەیوەندی مێژوویی دەیانبەستێتەوە بە ئێرانەوە، چوونە ناو ئەو یاریە سیاسیانە دەبێتە هۆی ئەوە ئێران یارمەتیەکانیان ببڕێت.[3]

هەروەها سعودیە و بەشێکی تر لە وڵاتانی کەنداو دوای زیادبوونی هەژموونی ئێران لە سوریا و لوبنان و یەمەن و عێراق، بەدوای ئەوەوەن کە هاوپەیمانی سوننی لە نێوان وڵاتانی کەنداو و کوردەوە پەرەی پێ بدرێت. تەنانەت لە کۆتایی ساڵی (2014) کۆنگرەی هەر پێنج پارێزگا سوننەکان لە شاری هەولێر ئەنجامدرا، بە پشتگیری و پشتیوانی بەشێك لە وڵاتانی عەرەبی سوننە لە سەرووی هەموویان سعودیە، ئەمەش دەنگدانەوەیەکی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا، بەشی زۆر لە سەرکردە شیعەکانی عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێران (مسعود بارزانی)یان بە دروستکردنی تایفەگەری و پشتیوانی سوننەکان و دژایەتی شیعە تۆمەتبار کرد.[4]

گوشاری سعودیە و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر حکومەتی شیعە لە عێڕاق، هەوڵدان بۆ لاوازکردنی ڕەوتە شیعەکان و حزبوڵڵای لوبنان، پشتیوانی لە دەسەڵاتداری سوننە لە بەحرەین و ڕێگری لە سەقامگیربوونی دیموکراسی و بە دەسەڵات گەیشتنی شیعەکان لە بەحرەین و دەرکردنی سوریا لە ڕیزی هاوپەیمانی ئێران لەڕێی گۆڕینی حکومەتی سوریا بەپشتیوانی گروپە توندڕەوە جیهادییەکانی سوننە و سەلەفی، دەرکەوتنی نا تەبایی و ناکۆکی ئێران لە بەرامبەر سعودیە و ڕۆژئاواییەکان، لە ژێر کاریگەری سێ هۆکاری شوناسی، جوگرافیای سیاسی و پێکهاتەیی بووە.[5]

---

[1] . ئەنوەر حسێن بازگر، هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل46.

[2]. رايق سليم البريزات، الصراع السعودي– والايراني وتأثيره على دول الجوار العربي، المجلة العلمية للدراسات التجارية والبيئية، جامعة القناة السويس، كلية التجارة الاسماعيلية، المجلد الثامن، العدد الثالث، البحرين، 2017، ص 63.

[3]. د.زوبێر ڕەسول ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل 25.

[4]. کوردستان و پۆست داعش، سەرچاوەی پێشوو، ل136.

[5]. ئارمینا ئارم، وەرگێرانی جەواد حەیدەری، ئێران و سعودیە، ململانێ لەسەر باڵا دەستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەرزنامەی ئێرانناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات، ژمارە(1)، ساڵی یەکەم، سلێمانی، تشرینی یەکەمی 2021، ، ل112.

پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی سعودیە بە تایبەت لە دوای شەڕی داعش بەرەوپێشچوونی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو چەندان شاندی باڵای هەرێمی کوردستان سەردانی وڵاتی سعودیەیان کردووە، لە ئاستی باڵا پێشوازی کراون و کۆبونەوە ئەنجامدراوە.

سەرباری ئەوەش کە سعودیە پشتگیری و پاڵپشتی هەرێمی کوردستان دەکات بەڵام پشتیوانیەکان تا ئەوشوێنەن کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی وڵاتی سعودیە بگونجێت، بە تایبەت لە بابەتی پشتیوانیکردنی هێزە سوننەکانی عێراق بە گشتی لە هەمبەر شیعەکان و کۆماری ئیسلامی ئێران. بەڵام لە پرۆسەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە (2017/9/25) وڵاتی سعودیە دژایەتی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستانی کرد. سعودیە تەنانەت بەر لە ئەنجامدانی پرۆسەکە نیگەرانی خۆی لە ئەنجامدانی ریفراندۆم نەشاردەوە، ئاژانسی هەواڵی سعودیە لە سەروبەندی ئەنجامدانی ریفراندۆم، لە زاری بەرپرسێکی باڵای فەرمی ئەو وڵاتە بڵاویکردەوە، کە بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ناوچەکە، ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی ناوچەکە بووەتەوە، خۆلادان لە قەیرانێکی نوێ، هەروەها جەختکردن لە شەڕی دژی تیرۆر، بۆ سازان لەگەڵ هەڵویستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، سعودیە چاوی لە دانایی و شارەزایی مسعود بارزانییە بۆ ئەنجام نەدانی ڕیفراندۆم. لە 2017/9/12 (ئەحمەد ئەبو غەیس) ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی، لە وتارێکدا کە لە ئەنجومەنی کۆمکاری عەرەبی لەسەر ئاستی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی عەرەبی پێشکەشی کرد، گووتی "مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی لە بەرژەوەندیی عێراقییەکاندایە بێ جیاوازی".[1]

بۆیە وڵاتی سعودیەش لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی فەرمی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، چەندین دیداری باڵا لەنێوان بەرپرسانی باڵای هەرێم و وڵاتی سعودیە ئەنجامدراوە، بەڵام جیاواز لەو بەرژەوەندیانەی وڵاتی سعودیە لە ناوچەکە هەیەتی، پرسی بەستنی پەیوەندی و یارمەتیدانی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی سوننەنشین زیاتر ئامانجی باڵای بەرپرسانی باڵای سعودیە بۆ ڕێگەگرتن لە هەژموونی زیاتری کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکە بەگشتی و عێراق بە تایبەتی. هەوڵدانی سعودیە بۆیە ڕۆڵێکی هەرێمی زیاتر ببینێت لەناوچەکە.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بدەین و تیشکی بخەینە سەر ئەوەیە کە پرسی کورد وەك کارتێکی گوشار بۆ گۆڕینی ڕەفتاری سیاسی یان تەنیا وەك فاکتەرێکی گوشاریش بێت، مێژوویەکی درێژی لە ئەجێندای وڵاتانی ناوچەکە هەیە. بەردەوام وڵاتانی ناوچەکە هەوڵیانداوە پرسی کورد بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکان لە پێناو ستراتیجی خۆیاندا بەکاری بهێنن. ئەمەش زۆرجار بۆتە مایەی کێشە و هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی کوردستان، ئاسایشی کوردستانی دووچاری ئاستەنگ و کێشەی گەورە کردووە، تەنانەت هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان کراوە بە تایبەت کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوام نزیکبوونەوەی کوردستانی لە هەندێ وڵات بە هەڕەشە لە قەڵەمداوە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی خۆی، هەڕەشەی لە هەرێمی کوردستان کردووە، هەرێمی کوردستانی تووشی کێشەی ئاسایشی کردۆتەوە. هەمیشە کۆماری ئیسلامی ئێران هۆشداری توندی داوە بە هەرێمی کوردستان، بە تایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان بەوەی هەولێر بۆتە پەناگەیەك بۆ کۆکردنەوە و بەستنی کۆنفرانسی هەندێ لایەنی عێراقی و دەرەکی، کە دژ بە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی دەوەستنەوە، ئێران ئەوەشی دووپاتکردۆتەوە ئەنجامدانی ئەو کارانە گران دەوەستێت لەسەر هەرێمی کوردستان، بە تایبەت پارتی

---

[1]. شیروان هاشم عادل، سەرچاوەی پێشوو، ل 136.

دیموكراتی كوردستان. ئەمەش زۆرجار سزادانی هەرێمی كوردستانی لێكەوتۆتەوە و ئاستەنگی ئابووری و ئاسایشی بۆ هەرێمی كوردستان دروستكردووە.[1]

**تەوەری دووەم: دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێز لە كاروباری ناوخۆیی وڵاتانی هەرێمی**

وڵاتانی ناوچەكە بە گشتی و عێراق بە تایبەتی، هەمیشە دەروازەیەك بوون بۆ دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێز لە كاروباری ناوخۆیی وڵاتانی ناوچەكە و پەیوەندییان، لە سەرووی هەموویان ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و دواتر ڕووسیا. لە ناوچەكە كە زۆر بە زەقی دەبیندرێت و كاریگەریی لەسەر پێگە و ئایندەی ئاسایشی هەرێمی كوردستان هەیە و مەترسین لەسەر ئاسایشەكەی. كە زیاتر بەهۆی دەستێوەردانیانە لە كاروباری ناوخۆیی وڵاتانی ناوچەكە.

**لقی یەكەم: ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا**

پاش كۆتایی هاتنی جەنگی سارد و دەركەوتنی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا وەكو تاكە زلهێزێك لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا، ئەو وڵاتە سیاسەتەكانی خۆی بەرامبەر بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕی و پێی وابوو كە بۆ دەستكەوتنی بەرژەوەندییەكانی خۆی دەبێ كۆنترۆڵی تەواوی بەسەر ئەم ناوچەیەدا هەبێت.[2]

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و وڵاتانی كەنداو بە تایبەتی، ناوچەی گرنگن لەڕووی جیۆپۆلەتیكییەوە، پێگەیەكی گرنگ و بایەخداریان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكادا هەیە بە تایبەت كە ناوچەیەكی دەوڵەمەندن بە وزە، بۆیە بۆ دابینكردنی وزەی خۆی و بەهێزكردنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتە، ئەمریكا بە چاوێكی پڕ بایەخەوە سەیری ئەو ناوچەیە دەكات و پلان و ستراتیجی تایبەتی هەیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانی خۆی لەو ناوچەیە.[3]

عێراقیش یەكێكە لەو وڵاتانەی پێگەیەكی بەهێزی لە دیدی بڕیاربەدەستان و داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریكادا هەیە، هەرێمی كوردستانیش وەكو بەشێك لە عێراق هەمان گرنگی هەیە لە دیدی ئەمریكییەكان.[4]

كورد لە باشوری كوردستان خاوەنی هەرێمێكی خۆبەڕێوەبەریە، هەڵكەوتەی جوگرافی ئەم هەرێمەش وایە كە وەك ناوچەیەكی ستراتیجی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێتە ژماردن، بە جۆرێك كە ناتوانێت خۆی بەدوور بگرێت لەو پێشهات و گۆڕانكاریانەی كە لە ناوچەكە ڕوودەدەن. بەو مانایەی گرنگی هەڵكەوتەی هەرێمی كوردستان لە ئەمڕۆدا هاوتەریبە لەگەڵ بەرژەوەندی زلهێزانی دونیا و لەناویشیاندا ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا. ئەمەش وایكردووە ئەم هەرێمە لەگەڵ تەواوی ئەو گۆڕانكاری و پێشهاتە نوێیانەی لە ناوچەكە ڕوودەدەن بڕوات، بەتایبەت ئەو پێشهات و گۆڕانكاریانەی كە بە ستراتیژیەتی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەندیدارن.[5]

---

[1]. د.محمد حسێن، كوردستان لەنێوان بەرداشی وڵاتانی جیهاندا، گۆڤاری شیكار، گوڤاریكی وەرزی هزرییە (ی.ئ.ك) دەریدەكات، ژمارە 32سالی دەیەم، هەولێر، بەهاری 2021، ل44.

[2]. مەهدی جبرائیل فقێ محمد و زەهرا جبرائیل فقی محمد، سیاسەتی پارێزگارە نوێیەكانی ئەمریكا و كاریگەری لەسەر هەرێمی كوردستان، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، 2009، ل5.

[3]. فارس عیسی خێڵەكی، سەرچاوەی پێشوو، ل251.

[4]. د.ئاراس فەریق زەینەل، ئۆباما و پرسە هەستیارەكان، بێ شوێنی چاپ، سلێمانی، 2010، ل84.

[5]. سەروەر حمە ئەحمەد، كورد و هەرێمی كوردستان لە گۆشەنیگای سیاسەت و ستراتیژیەتی ویلایەت یەكگرتووەكانی ئەمریكا دا، گۆڤاری بوار ژمارە 2، سەرچاوەی پێشوو، ل140.

هەرێمی کوردستان لە قولایی ستراتیجی کۆماری ئیسلامی ئێراندایە، هەر ئەمەشە وایکردووە ئێران بە نیگەرانییەوە سەیری زیادبوونی هەژموونی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بە تایبەت ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان بکات، بە تایبەت مامەڵەی حکومەت هەرێم (کە پارتی تیایدا بالآ دەستە)، ئەمەش بۆتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان و لەلای ئێرانییەکان قبولکراو نییە، بەتایبەت دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنامە سەربازییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و ئەمریکا بە مەبەستی پشتیوانی و پاڵپشتی ئەمریکا بۆ هەرێم، ئێران بە نیگەرانییەکی قوڵەوە سەیری ئەم ڕێککەوتنامە دەکات و پێیوایە ئەمە دەبێتە سنووردارکردنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەروەها ئێران لە لایەنی شاردراوە و نادیاری ڕێککەوتنامەکە نیگەرانە.[1]

ئەگەر بە نمونەیەك ئەمە بخەینەڕوو، کە چۆن دەستێوەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە خاکی عێراقدا کاریگەری لەسەر کوردستان هەبووە. دوای کوژرانی ( قاسم سلێمانی) فەرماندەی بالآی سەربازی ئێران، چەند مانگێك دوای ئەوە لایەنە شیعەکان لە پەرلەمانی عێراق کۆبونەوە و بڕیاریاندا هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بکەنە دەرەوە، نوێنەرانی کورد بە هەموو پارتە سیاسییەکانەوە بەشداری ئەو دانیشتنەیان نەکرد. دوای ئەوە لە تۆڵەی وەرگرتنی ئەو هەڵویستەی لایەنە کوردستانییەکانی هەرێم بە گوشاری ئێران لایەنە شیعەکانی عێراق فشارەکانیان زیاتر چڕکردەوە لەسەر هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە پرسی بودجەدا، دوای ئەوە ئێران لە ڕێگەی حکومەتی عێراقەوە هەڕەشەی توندی ئاڕاستەی هەرێمی کوردستان کە پێویستە هێزەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستانیش بچنە دەرەوە بەهۆی ئەوەی هەرێم بەشێکە لە عێراق و نابێت هەرێم پەناگەی سەربازانی ئەمریکا بێت. بەمجۆرە دەبینین بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان ئەکتەری دەوڵەتی نییە و خاوەنی سەربەخۆیی نییە، هەرێمێکە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا ئەمەش وایکردووە بەردەوام لەژێر هەڕەشەی بڕیاری زۆرینەی بەغدادا بێت، سەرباری ئەوەی ململانێی وڵاتان و ئەو دابەشبوونە قوڵە مەزهەبی و نەتەوەیی و ئایدۆلۆژیانەی هەن لە عێراقدا هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەن بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان.[2]

تەنانەت دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی و ئەبومەهدی موهەندیس، بە فشاری بەشێکی زۆر لە پەرلەمانتارانی هێزە شیعەکان بە تایبەت ئەوانەی نزیکن لە ئێران، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 5 ی کانوونی دووەمی (2020) بڕیارێکی " ناپابەندی" ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کرد، بۆ دەرکردنی هێزە بیانیەکان لە عێراق کە زیاتر بە پلەی یەکەم مەبەست لە هێزەکانی ئەمریکابوو، کە لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لە ساڵی (2003)ەوە هاتوونە عێراق. لەگەڵ ئەوەی هەموو هێزە کوردیەکان بایکۆتی ئەو دانیشتنەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیان کرد، چونکە ئەمە ڕاستەوخۆ وەك هەڕەشەیەك لێکدرایەوە لەسەر داهاتووی سیاسی کوردستان هەر ئەوکات سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت لە کوردستان ڕایانگەیاند کە مانەوەی هێزەکان پێویستە و هێشتا هەڕەشە لەسەر ئاسایشی عێراق هەیە و مانەوەیان پێویستە.

---

[1]. د.زمکان علی سەلیم، ئایا هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران مایەی مەترسین؟، ماڵپەری شەن پرێس، ڕێکەوتی سەردان 2022/8/23: https://tinyurl.com/us8tuz24

[2]. د.پەروێز رحیم قادر و د.صالح عمر عیسی، پرسەکانی ئاسایشی سیاسی و سەربازی...، سەرچاوەی پێشوو، ل374.

لەگەڵ ئەوەی ئێستا بەشێك لە بنکەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستانە، بەڵام بوونی ئەمە دوور نییە هەرێم دووچاری دوو ئاڵێنگاری بکاتەوە. [1]

1- لەسەر ئاستی ناوخۆیی، دوورنییە حکومەتی عێراقی و شیعەی سیاسیی بیر لە هەڵپەساردنی پەیوەندییەکان و گرتنی هەموو دەرچە سیاسی و ئابوورییەکان بکاتەوە، وەك چۆن لە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی کوردستان کردیان، تەنانەت ئاسمانیشیان بەڕووی هەرێمدا داخست.

2- لەسەر ئاستی هەرێمی فشاری وڵاتان هەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە تایبەت لەلایەن ئێرانەوە، بۆ کوردستان ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان بەرژەوەندییە دژ بەیەکەکانی ئێران و ئەمریکا کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەت کە ئێران هەرێمی کوردستان بە قوڵایی ستراتیجی و سەربازی خۆی دەزانێت.

مەبەستی سەرەکی باسەکەی ئێمە بریتیە لەوەی لە ساڵی (2014) بەدواوە کومەڵێك پێشهات و گۆڕانکاری گرنگ ڕوویاندا لە ناوچەکە بە گشتی و عێراق بە تایبەتی. لەدوای ساڵی (2012) ئەمریکیەکان لەسەردەمی (باراك ئۆبامادا) هەوڵیاندا عێراق جێبهێڵن، یان ئەوەتا ژمارەی هێزەکانیان زۆر کەم بکەنەوە لە عێراقدا، ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ دەستێوەردانی وڵاتان لە کاروباری ناوخۆیی عێراق، لەو کاتەوە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد گەیشتە خراپترین ئاست، تەنانەت شیعەکان بە تایبەت لەسەردەمی سەرۆکایەتی نوری مالیکی پەیوەندییەکان نەك تەنها لەگەڵ کورد لەگەڵ سوننەکانیش بەرەو ئاستێکی خراپ ڕۆیشت، تەنانەت بەشێك لەسەرکردە هانایان بۆ هەرێمی کوردستان هێنا و بەشێکی تریان پەناهەندەی وڵاتان بوون و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد. لە چەندین ناوچەی سوننەنشین خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دژی حکومەتی عێراقی دەستی پێکرد، ئەمەش دۆخی عێراقی لە هەموو لایەکەوە بەرەو خراپی برد. تا کار گەیشتە ئەوەی پێشهاتێکی تازە و گەورە ڕوویدات کە کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر ئاسایشی عێراق و کوردستان، هەرێمی کوردستانی دووچاری قەیرانی گەورەی ئاسایشی کردەوە ئەویش هاتنی ڕێکخراوی داعش بوو لە ساڵی (2014)، کە سوپای عێراقی تووشی داڕمانێکی گەورە هات و بەشێك لە خاکی عێراق کەوتە دەستی داعش بە تایبەت دوای ئەوەی شاری موسڵ یەکێك لە گەورەترین پارێزگاکانی عێراقیان کەوتە دەست.[2]

ئەوەی کە گرنگە ئاماژەی پێ بدەین لە پرسی شەڕی داعش پەیوەست بە هەرێمی کوردستان و ئەمریکاوە، کاتێك داعش ئاڕاستەی هێرشەکانی بەرەو هەرێمی کوردستان گۆڕی ئیدی هەرێم کەوتە شەڕەوە لەگەڵ یەکێك لە گەورەترین ڕیکخراوە تیرۆریستییەکان کە خۆی بە دەوڵەت ناساندبوو. کاتێك داعش خەریك بوو نزیك بێتەوە لە هەولێر وەك پایتەختی سیاسیی و ئیداری هەرێمی کوردستان، ئیتر ئەمریکا هەستی بەوە کرد کە بەرژەوەندییەکانی خەریکە دەکەوێتە مەترسییەوە، هەڵوێستی فەرمی خۆی ڕاگەیاند ئەمەش پشتیوان و پاڵپشتییەکی گەورە بوو بۆ هەرێمی کوردستان. لە ڕێکەوتی (2014/8/7) (باراك ئۆباما) سەرۆك کۆماری ئەمریکا هاتە سەرهێڵ و وتارێکی پێشکەش کرد، لە وتارەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە کە ئێمە پارێزگاری لە هاووڵاتییەکانی خۆمان و بەرژەوەندییەکانمان لە ناوچەکەدا دەکەین، ئاماژەی بە دوو چالاکی گرنگ کرد، یەکەمیان یارمەتی مرۆییە بۆ لێقەوماوانی چیای شەنگال و هاوکاریکردنیان،

---

[1]. ئایندەی عێراق و هەرێم لە گێژاوی پرسە هەنوکەییەکاندا، ڕانانی ئایندەیی ژمارەی 1 ی سەنتەری لێکۆلینەوەی ئایندەیی، سلێمانی، شوباتی 2020، ل14-15.

[2] . د. زوبێر رسول ئەحمەد، بنەمای پەیوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سەرچاوەی پێشوو، ل 356.

دووەمیان پاراستنی هاولاتیەکانیان و بەرژەوەندییەکان لە هەولێر، پیشاندانی ئەوەی ئەوان پارێزگاری لە هەولێر دەکەن، بەمجۆرە لەوکاتەوە فەرمانی کرد بە دەستپێکردنی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر داعش، دوورخستنەوەیان لە هەولێر.[1]

لە ماوەی جەنگی داعش ئەمریکییەکان یارمەتی هەرێمی کوردستانیان لە تێکشکاندنی داعش دا، کە ئەمەش بەشێکی پەیوەست بوو بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا خۆی. هەرچەندە لە سەرەتای هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ ولاتانی دەرەوە ئەمریکا دژی ئەو پرۆسەیە وەستایەوە بە تایبەت کاتێك ولاتی مەغریب یەکێك بوو لەو ولاتانەی لە سەرەتای پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت، نەوتی هەرێمی کوردستانی کڕی بەلام ئەمریکییەکان خۆیان گەیاندە ئەو ولاتە و ویستییان مەغریب پەشیمان بکەنەوە لە پرۆسەی کڕینی نەوتی هەرێم. [2]

لە ( 2016/7/12) ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان، بە ئامادەبونی سەرۆکی هەرێم و جێگری وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رێککەوتنامەیەکی سەربازیان واژۆکرد، کە ناوەڕۆکی رێککەوتنەکە جەختکردنەوە بوو لە پشتیوانی و پالپشتی ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان و یارمەتی لە شەری دژ بە تیرۆر، چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە، رێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە چوارچێوەی سوپایەکی یەکگرتوودا، ئەمە جگە لە یارمەتی دارایی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە.[3]

بەشێکی زۆر لەسەرکردایەتی سیاسی کوردستان پێیان وابوو ئەو پەیوەندییە گەرمەی لە نێوان ئەمریکا و جیهانیش هەبوو لە سەردەمی شەڕی دژ بە داعش بەسە بۆئەوەی ئەگەر پشتگیر و پالپشتیش نەبن رێگا ناگرن لە دروستبوونی کیانێکی سەربەخۆ و جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق.[4]

بەمجۆرە پاش چەندین کۆبونەوە دیدار لەگەل شاندی بالای ولاتانی هەرێمی و جیهانی، سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بڕیاریدا لە 2017/9/25 ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان بکرێت و بەمجۆرە گەل دەنگیدا، 92,73٪ بە بەلی دەنگیدا. دواتر کاردانەوە و گوشارەکان لە ئاستی عێراق و ولاتانی هەرێمی و جیهانی دەستیان پێکرد.[5]

ئەوەی پەیوەستە بە هەلوێستی ئەمریکا، پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم سکرتێری رۆژنامەوانی کۆشکی سپی لە رێکەوتی (2017/9/16) ئەوەی دووپاتکردەوە "ئەمریکا پشتیوانی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کۆتایی ئەم مانگەدا ناکات، پرۆسەکە دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە هەولەکان بۆ لەناوبردنی داعش، گێرانەوەی نا ئارامی بۆ ناوچە ئازادکراوەکان، بۆیە داوا لە هەرێمی کوردستان دەکەین ریفراندۆم ئەنجام نەدات و بچێتە ناو دیالۆگێکی جددی بەردەوام لەگەل حکومەتی عێراقی". وەزارەتی دەرەوەش لە 20 ی ئەیلول دژی ئەنجامدانی ریفراندۆم وەستایەوە. تەنانەت هەڕەشەی ئەوەیان کرد لە ئەگەری ئەنجامدانی ریفراندۆم پشتگیری و پشتیوانییەکان بۆ هەرێم کۆتاییان پێ دێت. لە 29 ی ئەیلول تەنها 4 رۆژ دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم ئەمریکا ئەوەی دووپاتکردەوە دان بە ئەنجامی تاکلایەنەی ئەو ریفراندۆمە دانانێن و ئەنجامەکەشی لای ئەوان پەسەند نییە، پشتگیری لە عێراقێکی یەکگرتوی فیدرال و دیموکراسی خۆشگوزەران دەکات.[6]

---

[1] . چێنەر بابکر، سەرچاوەی پێشوو، ل104.

[2] . دەیڤد فلیپس، سەرچاوەی پێشوو، ل 360.

[3] . جوتیار قادر، پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەمریکا لە دوای هاتنی داعش، چاپخانەی موکریان، هەولێر، 2017، ل41.

[4] . د.زوبێر رسول ئەحمەد، بنەمای پەیوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سەرچاوەی پێشوو، ل 358.

[5] . مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 103.

[6]. شیروان هاشم عادل، سەرچاوەی پێشوو، ل137.

بەشێوەیەکی گشتی ئیدارەی دونالّد ترامپیش درێژەی بە سیاسەتی ئیداری باراك ئۆباما دا لە ڕووی جەختکردنەوە لە تێکشاندنی داعش لەڕووی سەربازییەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو دەستێوەردانەکانی ئێرانی فەرامۆشکرد، هەمیش لەگەڵ بەغداد هاوبەشبوو لە سزادانی کورد لەدوای ئەنجامدانی گشتپرسی، تەنانەت "جۆن مەککین" سیناتۆری دیاری ئەمریکا ئاماژەی بەوەدا، دوور لە سەرکەوتنە تاکتیکیەکانمان لە شەڕی داعش، ئەمریکا بەشێوەیەکی مەترسیدار کەموکوڕی لە هەبوونی ستراتیژیەکی گشتگیر هەیە بەرامبەر بە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست بەرامبەر بەو هەموو ئالۆزیەی هەیە. لایەنەکانی دژ بە ئەمریکا ئەو بۆشاییەیان پڕکردۆتەوە کە بووە هۆی ڕووخانی سیستەمی ناوچەکە و کەمبوونەوەی کاریگەری ئەمریکا لە ناوچەکە.(1)

بەمجۆرە ئەمریکا دژی پرۆسەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان وەستایەوە، تاوەکو دەهات گوشارەکانی سەر هەرێم زیاتر دەبوون لە هەموو لایەکەوە. هەڕەشەکانی حکومەتی عێراق لە چەندین لاوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەستیان پێکرد، تا کار گەیشتە ئاستی پێکدادانی سەربازی و لە (16) ی ئۆکتۆبەر (2017) کەرکوك بەشی هەرە زۆری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کەوتنە ژێر دەستی حکومەتی عێراق و هێزەکانی عێراق بە پاڵپشتی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بە بەرچاوی ئەمریکیەکانەوە ئەو ناوچانەیان کۆنترۆڵکرد، ئەمریکا وەك تەماشاکەر سەیری ڕووداوەکانی دەکرد، لە سایەی بێدەنگی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەرێم، هەرێم گورزێکی کوشندەی بەرکەوت بەشی هەرە زۆری خاکی کوردستانی لەدەستدا، ئاسایشی هەرێمی کوردستان تووشی ئاستەنگی گەورەبوو، بە تایبەت کە بەشێکی زۆر لە بیرە نەوتییەکان کەسەرچاوەی داهاتی هەرێم لە ژێردەستی هەرێم سەندرانەوە، ئاسایشی ئابووری کوردستان کەوتە مەترسییەوە.(2)

ئەمە بە ئاشکرا پاشەکشەی پشتیوانی ئەمریکا بوو بۆ کورد، چونکە لە ڕابردوو لەگەڵ لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بە پلەی یەکەم بەلاّم پشتیوانی کورد و هێزە سوننەکان و چەند هێزێکی تر بوون بۆ بەرگرتن لە هەژموونی ئێران و سەرکەوتنی گروپە سەربازییەکانی نزیك لە ئێران، بەلاّم سەرکەوتوو نەبوون لە بە دیموکراسیکردنی عێراق و شکست هێنان بە ئێران، ئەمە جگە لە ناچارکردنی ئەمریکا بە کشانەوە لە عێراق، هەموو ئەمانە وایکرد سەرەنجام ئەمریکیەکان ناچاربوون بۆ سەرخستنی ئامانجەکانیان و بەرگرتن لە هەژموونی ئێرانییەکان چیتر پشتیوانی بەهێزی کورد و سوننەکان نەکەن، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەگەڵ دامەزراوە بالأکانی عێراق بکەونە گفتوگۆی ستراتیجی، ئەمەش پێگەی کوردی بەرامبەر بە عێراق و سیاسەتی زلهێزەکان لاوازکرد. تەنانەت بەشێك پێ یان وایە هێشتا ئاسەوارەکانی ئەو پەراوێزخستنە بەسەر کوردەوە دیارە کە دوای ڕیفراندۆم بەسەر هەرێمدا هات.(3)

ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە هەڵوێستی ئەمریکا لە سەرەتاوە جۆرێك لە ڕوونی و ئاشکرایی پێوە دیاربوو کە بریتیی بوو لە دژایەتی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (2017/9/25). بە هاتنە سەرکاری جۆبایدن سەرۆکی ئەمریکا، دەکرێت بگووترێت گۆڕانکاری بەسەر بەشێك لەم پێشهاتانەدا هاتووە، بە تایبەت هەڵوێستی ئەمریکا

---

(1) . د.نەجات علی صالح، ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست، سەرچاوەی پێشوو، ل328.

(2). عەمبەرین زەمان، کوردستانی عێراق لە ئاستانەی سەربەخۆیی دا، وەرگێرانی: باخەوان سۆفی، گۆڤاری کوردستان دیپلۆماتیك، دەزگای ئایدیا دەری دەکات، ژمارە (20-21)، 2017، ل138.

(3). ڕانانی ئاییندەیی ژمارە 7، سەرچاوەی پێشوو.

سەبارەت بە تورکیا لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان، بەوەی ڕێگرە لەبەردەم دەستێوەردانی تورکیا لە کاروباری هەرێم. بەڵام سەرباری هاوکاری و پشتیوانی بەردەوامی ڕۆژئاوا بۆ هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر، هاوپەیمانان نیگەرانن لە یەکنەخستنەوەی هێزەکان و بە دامەزراوەیی کردنی هێزەکانی پێشمەرگە و ڕێکخستنەوەیان لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا، دوورکەوتنەوە لە هەبوونی هێزی چەکدار لە دەرەوەی یاسا و بە کەسیکردنی هێزەکان. سەرباری ئەمانەش بابەتی ئاسایش و ئارامی هەرێم خاڵی بەهێزن بۆ پشتیوانی و هاوکاری بەردەوامی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەت ئەمریکا لە پشتگیری و پشتیوانی هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش خاڵی هەرە گرنگ و جەوهەریە بۆ ئاسایشی هەرێمی کوردستان.[1]

لە ڕێکەوتی (2022/3/30) باڵوێزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق (ماتیو تولەر)، نامەیەکی (جۆبایدن) سەرۆکی ئەمریکای گەیاندە (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە لە نامەکەدا سەرکۆنەی هێرشە موشەکییەکانی سەر هەولێری کردووە و پشتیوانی و پاڵپشتی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان دەربڕیوە، هەروەها ئاماژەی بەوەکردبوو کە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی سەقامگیر و گەشاوە دەبێتە مایەی گەشاوەیی بۆ عێراق.[2]

لەم چوارچێوەیەدا ئەم سیاسەت و هەڵوێستەی ئەمریکا و نامەکەی جۆ بایدن بۆ سەرۆکی هەرێمی گرنگی هەیە، پاشگەزبوونەوەیەکیشە لە فەرامۆشکردنی هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە. بەگشتی پەیامی بایدن بۆ هەرێمی کوردستان چەند ئاماژەیەکی لەخۆ گرتبوو، کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە: [3]

یەکەم: پێدانی دڵنیایی بە هەرێمی کوردستان و پشتیوانی لە هەرێم. گەیاندنی پەیامێکی ناڕاستەخۆ بە ئێران بەوەی هەر هێرشێك بۆ سەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا، هێرشە بۆ سەر ئەمریکا.

دووەم: پێدانی جۆرێك لە گرەنتی بە هەرێم کە لە سیاسەتی خۆی بەردەوام بێت بە پەرەپێدان و دەرهێنانی نەوت و غازی خۆی بۆ بازاڕەکان، بەتایبەت لە دوای جەنگی ئۆکرانیا و ڕووسیا. هەروەها بۆ ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش گرنگ بوو بە تایبەت کە لە ڕابردوو وا لێکدرایەوە ئەمریکا پشتی لە هەرێمی کوردستان کردووە.

بەمجۆرە دەبینین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ستراتیژ و پلانی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکە، کە هەمیشە لە دیدی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانەوە ئەمریکا وەك هاوپەیمانی سەرەکی کوردستان هەژمار کراوە، بەڵام ئەوەی لە مامەڵەی ئەوان بینراوە، بریتییە لەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە دەبنە بڕیاردەری یەکەم و کۆتایی لەگەڵ ئەو پێشهاتە سیاسیی و ئاسایشییانەی لە ناوچەکە دێنە پێش، هەر ئەمەش بۆتە هۆی کە زۆرجار ئەمریکییەکان پێچەوانەی خواست و ویستی هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان بکەن، ڕاستە ئەمریکا دژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێم لە ساڵی (2017) وەستایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاری هەرێم بوو لە کردنەوەی فڕۆکەخانەکان و وەستاندنی هێرشی حەشد و سوپاری عێراق و بەردوامی پاڵپشتی سەربازی و

---

[1]. سەردەمی بایدن...سیاسەتی ئیدارەی نوێی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: لێکەوتەکانی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان، ڕانانی ئاییندەیی ژمارە 9، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات، سلێمانی، شوباتی 2021، ل9.

[2]. سەرۆك نێچیرڤان بارزانی نامەیەکی لە سەرۆك بایدنەوە پێدەگات، ماڵپەری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ڕێکەوتی سەردان 2022/7/17: 5u.pw/PxCU2https://

[3]. ئەمریکا و هەرێمی کوردستان: قوناغێکی نوێ، بەشی شرۆڤەی ماڵپەری پێنووسەکان، ڕێکەوتی سەردان 2022/9/29: https://tinyurl.com/mrx7r2uc

دبلۆماسی بۆ هەرێمی کوردستان ، واتە ئەوەی بڕیار لە هەڵوێستی ئەمریکییەکان دەدات بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتەیە، نەوەك هاوسۆزی بۆ گەلی کورد.

**لقی دووەم: ڕووسیا**

بە کورتی ئاماژە بە هێز و پێگەی ڕووسیا دەکەین، ململانێکانی لەگەڵ ئەمریکا و دەستێوەردانیان لە کاروباری ناوچەکە و کاریگەری لەسەر هەرێم. ڕووسیا هەڵکەوتەی ناوەڕاستی ئەوروپا و ئاسیای داگیرکردووە. ڕووسیا وڵاتێکی ئێجگار فراوانە و لەڕووی پێکهاتەی سروشتی و مرۆییەوە ئێجگار فرە جۆرە.[1]

ڕووسیا خۆی بە میراتگرەوەی سۆڤیەت دەزانێت و لەسەردەمی سەرۆکایەتی پوتین باری ڕووخاوی ئابووری و سیاسی راستکردەوە، بەگوڕەوە هاتەوە مەیدان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پلانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە. ئێستا ڕووسیا وەك زلهێزێك ڕەفتاردەکات بەهۆی هاوپەیمانی لەگەڵ ئێران و لە پەنجەرەی سوریاوە بوتە بڕیاردەر لە ناوچەکە. لە ئایندەشدا پتەوترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و تورکیا و عێراق لە ڕێگای سەفقەی نەوت و غاز یان تەکنەلۆجیای چەك ڕۆڵی ڕووسیا زیاتریش بەهێزدەکات لە ناوچەکە.[2]

پێگەی جوگرافیی ڕووسیا کە لە زەریای هیندییەوە بۆ زەریای بەستەڵەکە بەستووەکان درێژدەبێتەوە (دەوڵەمەندە بە نەوت و گاز)، بوتە هۆی داگیرکردنی سێ یەکی ڕووبەری کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەوروپا، هاوکات پردی بە یەکبەستنەوەی سنورە بازرگانییەکانی نێوان ئەو دوو زەریا ستراتیژییە، پێگەی ڕووسیای لەڕووی جیۆ ئابووری و سیاسییەوە بەهێزترکردووە. دروست بەکارهێنانی پێگەی جوگرافیا و سیاسەتی وردی ڕووسیا لەسەردەمی "ڤلادیمێر پۆتین"ەوە بوونە هۆی گۆڕینی فۆرمی سیاسەتی جیهانی بە تایبەت لە ڕووداوەکانی دوای– داعشدا. لە سەردەمی جەنگی ساردا، ڕکابەرییەکانی ڕووسیا و ئەمریکا، بلاوکردنەوە و گەیاندنی پەیام و کرۆکی بیری سۆسیالیستی بوو بە وڵاتانی دەرەوەی سنوورەکانی و بەتایبەت ئەو وڵاتانەی جێگەی بایەخی ئەمریکا بوون لە ڕووی ئابووری و بەرژەوەندییەکانەوە، بەلام لە پۆست– داعشدا و لە ساڵی (2015)، ڕووسیا لە ڕێگەی یەکێتی ئابووری ئۆراسیاوە توانی هەژموونی فراوانتر بکات و کۆی هاوکێشە سیاسیی و جیۆئیکۆنۆمییەکانی ناوچەکە بگۆڕێت.[3]

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، پێگەی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی (2005)ەوە کە لە دەستوری عێراقیدا ئاماژە بە هەرێمی کوردستان درابوو وەك هەرێمێکی فیدراڵ لە عێراقدا، یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا بە تایبەت لە سەردەمی شەڕی داعشدا، یەکێك لەو وڵاتانە ڕووسیا بوو. بۆیە هەرێمی کوردستانێکی دەوڵەمەند بە نەوت و گاز پەیوەندی لەگەڵ ڕووسیا لە جەنگی داعشەوە گەیشتە ئاستێکی باڵا، بە تایبەت لە سەردەمی

---

[1]. د.شەماڵ قادر منەوەر، جیۆئیکۆنۆمیکی کوردستان لە سەدەی بیست و یەکەمدا، نوسینگەی تەفسیر بۆ بلاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر، 2013، ل166.

[2]. دلاوەر عەلائەدین، ئایندەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، سەرچاوەی پێشوو، ل2.

[3]. ڕۆندك فارس، ڕووسیا...کلیلی سێگۆشەی مودێرنێتی جیهانی، ماڵپەری هەرێم نیوز، ڕێکەوتی سەردان 2022/8/12: https://tinyurl.com/y9ecay8m

سەرۆکایەتی پۆتین کە ئابووری ڕووسیا تاڕادەیەك بوژانەوەی بەخۆیەوە بینی، ڕووسیا بەهێزێکی زیاترەوە هاتەوە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.[(1)]

لەگەڵ ئەوەی مێژووی کارکردنی کۆمپانیاکانی ڕووسیا بۆ وەبەرهێنان لە بواری کەرتی وزە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (2013) کاتێك کۆمپانیای (گاز پرۆم) لە چەند ناوچەیەکی هەرێم وەبەرهێنانی کرد. بەڵام ئەوەی کە تەکانێکی گەورەی دا بە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە و پێگەیەکی بەهێزی بە وزەی هەرێم بەخشی ساڵی 2017 بوو. لە ڕێکەوتی (2017/6/1) کۆڕبەندی ساڵانەی (سان پیتێرزبۆرگ) بە بەشداری شاندێکی باڵای هەرێمی کوردستان بوو، کۆبونەوەی نێوان سەرۆکی ڕووسیا (ڤلادیمێر پۆتین) و (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، کە لە کۆڕبەندەدا گرێبەستێکی گەورە لەگەڵ کۆمپانیای (ڕۆز نەفتی) ڕووسی ئەنجامدرا. ئەم گرێبەستە دوای ئەوە هات کە کۆمپانیای ناوبراو لە مانگی(2017/2) ڕیککەوتنێك لە نێوان هەرێم و ڕۆزنەفت بۆ کڕینی نەوتی هەرێم لە (2017) تاوەکو (2019) ئەنجامدرا، بەپێی ئەو گرێبەستە ڕۆزنەفت نەوتی خاو بۆ ماوەی دوو ساڵ لە هەرێم دەکڕێت، دەیگوازێتەوە بۆ پاڵاوگاکانی خۆی لە ئەڵمانیا، پاش ئەوەی دەیپاڵێوێت و دووبارە دەینێرێتەوە بازارەکانی ئەوروپا بۆ فرۆشتن.[(2)]

ئەم گرێبەستە سەنگ و پێگەی هەرێمی کوردستان و ئاسایشی وزەی هەرێمی لەسەر ئاستی جیهانی بەهێزکرد، بە تایبەت ئەگەر لەڕووی ئابوورییەوە سەیری بابەتەکە بکەین، بزانین ئەنجامدانی ئەو گرێبەستە چەندە یارمەتیدەربوو بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئابووری هەرێمی کوردستان، بە تایبەت لەوکاتەدا کە هەرێم لە دۆخێکی سەختی ئابووری دابوو، دەکرێت سوودی ئابوورییەکانی لەمانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

أ- بە بازاڕکردن و ناساندنی نەوتی کوردستان.

ناساندنی نەوت و سامانی سروشتی ناوچە نوێیەکان بە بازاڕی جیهانی بێ پشتیوانی کۆمپانیا گەورەکان کارێکی ئاسان نییە، بۆیە ئەنجامدانی ئەو گرێبەستە لەگەڵ یەکێك لە کۆمپانیا گەورەکانی بواری وزە یارمەتیدەرێکی باشی هەرێمی کوردستان بۆ ئابوورییەکەی.

ب- دامەزراندن و ڕاکێشانی بۆڕییەکی نوێ بۆ هەرێمی کوردستان

ڕۆزنەفت هەوڵ دەدات بە دامەزراندنی بۆڕیەکی نوێ یان توانای هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ بازاڕەکانی جیهانی بەرز بکاتەوە. جگە لەوەی یارمەتیدەرێکی گرنگی هەرێمی کوردستان بوو لە ڕووی سیاسییەوە، بە تایبەت لە دوورکەوتنەوەی هەرێمی کوردستان لە مەترسی ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەت کەمکردنەوەی گوشارەکانی ئێران دوای ڕیفراندۆم، هەروەها یارمەتیدەرێکی سەرەکی بوو لە بەهێزکردنی ئاسایشی وزە و سیاسەتی گشتی حکومەتی هەرێم لە بەرامبەر بەغداد.[(3)]

---

[(1)] . م. کارزان عمر، گرنگی پێگەی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووسیای فیدراڵ، گۆڤاری جوڕناڵ، ژمارە 38، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، سلێمانی، تەمموزی 2019، ل110.

[(2)] . شاڵاو عبدالقادر محمد، گرنگی کۆڕبەندی سان پیتێرزبۆرگ بۆ هەرێمی کوردستان و ڕووسیا، ماڵپەری پێنووس، ڕێکەوتی سەردان 2022/9/10: https://tinyurl.com/kv9mvkzn

[(3)]. شاڵاو عبدالقادر محمد، سەرچاوەی پێشوو، https://u.pw/gnxEz2.

هەروەها گرنگی زۆری دەبێت لەسەر داهاتووی کەرتی وزە لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت کە لەوکاتەدا بەشێك لە کۆمپانیا نەوتییەکان بەهۆی شەڕی داعش و هەندێ گرفتی ترەوە کارکردنیان ڕاگرتبوو، لەوانە (ئێکسۆن موبیل، تۆتەڵ، شیفرۆن). لە لایەکی ترەوە بەهۆی کەیسی نێوان کومپانیای (دانا غاز) و هەرێم، هەرێمی کوردستانی تووشی جۆرێك لە بێ متمانەیی ببوو لە ئاست کۆمپانیا گەورەکانی جیهان کە ئەمە لە بواری کەرتی وزەدا زۆر گرنگە، بۆیە ئەم گرێبەستە جارێکی تر متمانەی هەرێمی کوردستانی لە ئاست کۆمپانیا گەورەکانی جیهاندا بەرزکردەوە. بە تایبەت لەوکاتەدا هەرێمی کوردستان بە دۆخێکی ئابووری سەختدا تێدەپەری، بە تایبەت دوای بڕینی بەشە بودجەی هەرێم لە بەغدا و قەیرانی ئابووری و شەڕی داعش بارگرانییەکی گەورەیان لە سەر ئابووری کوردستان دروستکردبوو.[(1)]

لە (2018) کۆمپانیای (ڕوز نەفت) ئاشکرایکرد کە گرێبەستێکی لەگەڵ وەزارەتی سامانەسروشتییەکانی حکومەتی هەرێم ئەنجامداوە، کە توانای هەیە ساڵانە 30 ملیار مەتر سێجا غاز بەرهەم بهێنێت. ئەمەش بووە مایەی نیگەرانی ئەمریکا و هەوڵدان بۆ دروستکردنی ئاستەنگ لە لایەن ئیدارەی ئەمریکاوە بە ناڕاستەوخۆیی بۆ ئەوەی پێگە و هەژموونی ڕووسیا لە ناوچەکە بەهێز نەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان زیانی گەورەی بەر بکەوێت، لە دروستکردنی هەر فشارێك لە لایەن ئیدارەی ئەمریکاوە بۆ دروستکردنی کێشە لەبەردەم گرێبەستەکانی ئەو کۆمپانیایانە لەگەڵ هەرێم.[(2)]

بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەن کیانی سەربەخۆی خۆی نییە، بەردەوام یەکێك لە ئەگەرە کراوەکان ئەوەیە ببێتە قوربانی ململانێکانی نێوان ئەو دوو زلهێزە و دەستێوەردانیان لە کاروباری ناوخۆیی عێراق و کوردستان، واتە کارتی کوردی دەکرێتە ببێتە قوربانی بەرژەوەندییەکانیان یان بتوانن دژی یەکتر بەکاری بهێنن. ئەمە سەرباری فرۆشتنی چەك لەلایەن هەردوو وڵات بە تایبەت وڵاتی ڕووسیا بە تورکیا، کە ئەمانە دەبنە هەڕەشەی گەورە لەسەر ئاسایشی کوردستان. هەورەها پشتیوانی بەردەوامی ڕووسیا بە هاوبەشی لەگەڵ ئێرانییەکان بۆ هێشتنەوەی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد لە سوریا، کە سوریا دژایەتی توندی دۆزی کورد لە سوریا و وڵاتانی تری ناوچەکە دەکات.[(3)]

هەرچی پەیوەستە بە بارودۆخی سیاسییەوە بە تایبەت ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، کە یەکێك بوو لە پێشهاتە هەرە گرنگەکان ڕوویدا، دەکەوێتە ئەوکاتەوە کە توێژەر لە ماوەی ئەو توێژینەوەیەدا کاری لەسەر دەکات. ڕووسیا بۆ دروستکردنی فشار و هاوسەنگی هێز لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپا، پێویستی بە نفوز هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەبەرئەوەیە هەوڵدەدات بۆ گەڕاندنەوەی پێگەی خۆی لە ناوچەکە، بە تایبەت بە کەمکردنەوەی هەڕەشەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە لەسەری، دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان یەکێکە لە بژاردەکانی، بە تایبەت ڕووسیا خواستی هەیە کە لە سامانی سروشتی کوردستان پشکی هەبێت، داڕێژەری سیاسەتی وزەی ئەو ناوچەیە بێت، لەسەر ئەو بنەمایە لەکاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی ڕیفراندۆم دژایەتی نەکرد، بەڵکو لەسەر ئاستی وەزارەتی دەرەوە

---

(1) . د.پشتیوان فەرەج، مەغزاکانی گرێبەستەکەی کوردستان و ڕۆزنەفت لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهانی چین؟، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە 12 و 13، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، سلێمانی، ئازار– نیسانی 2017، ل13.

(2). ما هو واقع وأدوات الصراع الأمريكي الروسي؟ موقع الخنادق، تأريخ الزيارة 2022/9/23، على الرابط التالي: https://www.alkhanadeq.com/post.php?id=2407

(3). كردستان العراق.. المسرح الجديد لصراع النفوذ بين موسكو وواشنطن، موقع الشرق، تأريخ الزيارة 222/9/22، على الرابط التالي: https://tinyurl.com/ye23596m

رووسیا ڕایگەیاند کە رووسیا ڕیفراندۆمی کوردستان بەوجۆرە چاولێدەکات، کە گوزارشتە لە ڕای زۆرینەی خەڵکی کوردستان. لەدوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم (ڤلادیمێر پوتین) سەرۆکی رووسیا ڕایگەیاند ئێمە ڕێز لە خواستی گەلی کورد دەگرین بۆ سەربەخۆیی، پشتیوانی گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێم دەکەین لە بواری وزە، هەروەك چۆن وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ڕایگەیاند دەستبەرداری ئەو گرێبەستانە نابن کە لەگەڵ حکومەتی هەرێم ئیمزایان کردوون. سەرباری فشارەکانی حکومەتی بەغداد بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستانە لەگەڵ حکومەتی هەرێم.[1]

بەشێوەیەکی گشتی وزە بە شادەماری ولاتانی پیشەسازی دادەنرێت و کاریگەریی لەسەر ئاسایشی ئابووری و سیاسیی ولاتانی جیهان هەیە. ڕووسیاش وەك ولاتێکی پیشەسازی و بەرهەمهێنی وزە، لەلایەك دەیەوێت ئاسایشی خۆی بەهێزبکات و زۆرترین کاریگەری ئابووری و سیاسی لەسەر ولاتان هەبێت. هەروەها لە ڕێگای کۆمپانیا گەورەکانی ولاتەکەیەوە دەیەوێت هاوسەنگی لە کۆنترۆڵی وزەی جیهانی دروست بکات، بە تایبەت وزەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. گرێبەستەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و کۆمپانیا ڕووسیەکانی بواری وزە، بە تایبەت کۆمپانیای (ڕۆز نەفت) سەرەڕای ئەوەی بۆ هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی گەورەیە بۆ بەرەوپێشبردنی ژێرخانی وزەکەی، لەهەمان کاتیشدا بەهێزبوونی ئاسایشی ئابووری و سیاسی هەرێمی کوردستانی لێدەکەوێتەوە لە ئایندەدا. ئەمە جگە لەوەی ڕووسیا وەك یەکێك لە ولاتە گەورەکان و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش، هەنگاو و کردارەکانی کاریگەری لەسەر ئاسایشی جیهان و ناوچەکە و هەرێمی کوردستانیش هەیە. تەنانەت جەنگی لەگەڵ ئۆکراینا کاریگەریی لەسەر ئابووری تەواوی جیهان دروستکردووە لەم نێوەندەشدا هەرێمی کوردستان بەدەر نییە لەو کاریگەرییە.

**لقی سێیەم: چین**

چین یەکێکە لەو ولاتانەی مێژوویەکی دێرین و گەورەی هەیە، خاوەنی شارستانییەکی گەورەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. لە ئێستادا ئەو ولاتە لەڕیزبەندی ولاتانی پێشەنگی جیهانە لە ڕووی ئابووری و سەربازی و تەکنەلۆجی و زۆربەی بوارەکانی ترەوە، تەنانەت باس لەوە دەکرێت لە چەندین ئاستدا هاوتای ئەمریکایە و تەنانەت لە چەند ساڵی ڕابردوو ئابوورییەکەی بەهێزتر بووە، دوور نیە لە ئایندەدا ببێتە خاوەنی گەورەترین ئابووری لە جیهاندا و ببێتە ولاتی یەکەم و پێشەنگ بە تایبەت دوای ئەو پلانەی کە حیزبی دەسەلاتدار لەو ولاتە دایناوە.

لەگەڵ ئەوەی چین بە یەکێك لەو ولاتانە دادەنرێت کە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی هەیە لە جیهاندا، بەلام دەرکەوتنی وەك کارەکتەرێکی بەهێز لەسەر ئاستی جیهانی، بۆ ئەم سالانەی دوایی دەگەڕێتەوە، لەم سالانەی دواییدا چین لەڕێگای گۆڕینی شێوازی بەڕێوەبردنەوە توانی زۆرترین سەرمایەی بیانی بۆ ولاتەکەی ڕابکێشێت. ئەم گەشەسەندنە خێرایەی چین بۆتە هۆی ئەوەی خواست لەو ولاتە لەسەر وزە بە گشتی زیاد ببێت، بەم پێیەش چین لە ڕێگەی ولاتانی جیهانەوە بە تایبەت ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو کەموکورتیانەی دەدات.[2]

ئەوەی پەیوەستە بە پەیوەندییەکانی نێوان چین هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(1959)، دواتر وردە وردە پەرە بەم پەیوەندیانە درا، لەگەڵ ئەوەی تا ڕووخانی رژێمی پێشوو لە ساڵی (2003) پەیوەندییەکان لە ئاستی پێویست

---

[1]. شیروان هاشم عادل، سەرچاوەی پێشوو، ل139.

[2]. محمد بۆراك سان یورەك، سەرچاوەی پێشوو، ل76.

دانەبوون، بەڵام وەرگرتنی فیدراڵی لەلایەن هەرێمەوە هاوکارێکی باشبوو بۆ دروستکردنی ئەو پەیوەندییانە. تا ئەوەی لە 30 کانوونی یەکەمی (2014) وڵاتی چین کونسوڵخانەی گشتی خۆی لە شاری هەولێر کردەوە.[1]

ئەگەر سەیری وڵاتی چین بکەین، هەڵوێستی ئەو وڵاتە بەرامبەر بە پرسی کورد هەڵوێستێکی ئاڵۆزە. لەلایەکەوە، چین پەیوەندی بازرگانی و دبلۆماسیی پتەوی لەگەڵ کورد هەیە. لەلایەکی تریشەوە، چین لە دژی بڕیاری تاکلایەنەی کوردە بۆ سەربەخۆیی، چین تەنها ئەوکاتە پشتیوانی لە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دەکات کە ڕەزامەندی وڵاتانی ناوچەکەی لەسەر بێت. هەرچۆنێك بێت پرسی کورد دۆخی دژواری بۆ سیاسەتی دەرەوەی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستکردووە. دژایەتی چین بۆ سەربەخۆیی بزوتنەوە جوداخوازەکان لەوە سەرچاوە دەگرێت پێی وایە هەر جیابوونەوەیەك دوور نیە سەربکێشێت بۆ پارچە پارچەبوونی وڵاتەکەی و دروستبوونی مەیلی جوداخوازی لە وڵاتەکەیدا.[2]

ئەوەی گرنگە ئێمە باسی بکەین، لەم تەوەرەدا چەند پرسی سەرەکین کە کاریگەریان دەبێت لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان، کە بریتین لە ڕێککەوتنی 25 ساڵەی نێوان چین و کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەك، ململانیی نێوان چین لەگەڵ تورکیا لەلایەکی ترەوە. ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی عێراق و چین.

هەرچی پەیوەستە بە ڕێککەوتنەکەی نێوان چین و ئێران، گەر سەرکەوتوو بێت بێگومان بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێت. ئەم ڕێککەوتنە بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (2016) کاتێك سەرۆك کۆماری چین سەردانی ڕێبەری ئێرانی کرد. کۆی ڕێککەوتنەکە لە 18 لاپەرە و 9 بەند و 3 پاشکۆ پێکدێت. پەیوەستە بە چەندین بواری جیاوازی وەك سیاسیی و ئابووری و هەواڵگری و سەربازی. هێندە بەسە تێبینی ئەوە بکەین کە هەرێم لە چەندین لاوە هاوسنورە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران.[3]

لە کۆی ڕێککەوتنەکەدا 6 جار ڕاستەوخۆ ناوی عێراق هاتووە، لە 9 برگەی تریشدا ناوی وڵاتی سێهەم هاتووە بە ناڕاستەوخۆ یان وڵاتانی ناوچەی کراوە، کە بەدڵنیایی عێراق و هەرێمی کوردستان مەبەستێکیانە. دەکرێت کاریگەریەکەش زیاتر لە بواری سیاسیدا کورت بکەینەوە، ئەمە جگە لە بواری بازرگانی و وزە. لەڕووی سیاسیی، بەندی یەکەمی ڕێککەوتنەکە جەختکردنەوەی هەردوو وڵاتە لەسەر ستراتیجی (براوە–براوە) لە وڵاتانی ناوچەکە و نێودەوڵەتیدا پیادە دەکەن. هەروەها هاوکاری سەربازی و تونای بەرگری و یەکهەڵوێستی سیاسی ئاماژەی پێدراوە. دیارە هاوهەڵوێستی سیاسی و سەربازی لە ناوچەکەدا بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان کاردەکاتە سەر هاوکێشە سیاسیە ناوخۆییەکان و وڵاتانی هاوپەیمانی عێراق و هەرێم دەبێت. هەروەها ڕوونتر باس لە هەوڵەکان بۆ دژایەتی دژ بەرەکانی ئێران لە ناوچەکەدا دەکات کە هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە.[4]

---

[1]. چین و هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی ڕوو لە هەڵکشان، ماڵپەڕی ڕووداو، ڕێکەوتی سەردان 222/10/27:
Xh8u.pw/nK2https://

[2]. د. موردیچای چازیزەی، وەرگێرانی م.هاوری حسن حمە، پرسی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان زنجیرەی 4، کانوونی دووەمی 2018، ل4.

[3]. عێراق و هەرێمی کوردستان لە ڕەشنووسی ڕێککەوتنی 25 ساڵەی چین و ئێراندا، ڕانانی ژمارە 6 ی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی، تەمموزی 2020، ل10.

[4]. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل9.

له لایەکی ترەوە بە پشتیوانی ڕاستەوخۆی چین، بەشێك لە وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەت وڵاتانی عەرەبی کەوتوونەتە ململانێ لەگەڵ تورکیا، بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان گرێبەستی (50) ساڵەی وزەی هەیە لەگەڵ تورکیا و لەبەرەی وزەی تورکیا هەژمار دەکرێت، هەر کاریگەریەك لەسەر ئەمە دوور نیە ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان بخاتە مەترسییەوە کە داهاتی هەرێم بە پلەی یەکەم پشت بە هەناردەی نەوت دەبەستێت. ئەوکات دوور نیە وڵاتانی عەرەبی ببنە بەدیلی ئەو نەوتەی هەرێمی کوردستان بە وڵاتانی تری دەفرۆشێت.[1]

هەروەها وڵاتی چین لە سەرەتای ساڵی (2022) دوو ڕێککەوتنی لەگەڵ عێراق ئەنجامدا، کە یەکەمیان پەیوەستە بە دروستکردنی (1000) قوتابخانە لەسەرتاسەری عێراقدا بێ ئەوەی پشکی هەرێمی کوردستانی تێدابێت، هەروەها ڕێککەوتنێکی تریان واژۆکرد کە بریتیە لە دروستکردنی پاڵاوگەیەك لە شاری بەسرە و چەندین پرۆژەی تری پترۆکیمیاوی بە بڕی 19 ملیار دۆلار. کە ئەمەی دواییان دوور نییە ئاستەنگ بۆ هەناردە و نرخی نەوتی هەرێمی کوردستان دروست بکات.[2] بەمجۆرە دەردەکەوێت کە چینیش کاریگەری لەسەر سیاسەتی وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەت عێراق و هەرێمی کوردستان لەم نێوەندەدا هەیە.

بەم شێوەیە ئەوەی پێویستە لە کۆتایی ئەو باسەدا ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە، هەرێمی کوردستان لە چەندین لاوە تووشی ئاڵێنگاری بۆتەوە، ئەگەر ئاڵێنگارییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ پەیوەست بن بە هەرێم خۆیەوە ئەوا بەشێکی ئاڵێنگارییەکان لە دەرەوەی دەسەڵات و توانای هەرێمی کوردستانن، ئەوەش پەیوەستە بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی هەرێمی و جیهانی، لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستانیش ئەکتەری دەوڵەتی نییە، ئەوا هەرێمی کوردستان هەم توانا سەربازی و سیاسیی و ئابوورییەکانی، هەم هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە تووشی کۆمەڵێك ئاڵێنگاری قورسی دەکاتەوە، کە مامەڵەکردن و خۆ گونجاندنی هەرێم کارێکی گران و قورس دەبێت لەگەڵ ئەو واقعەی هەیە، بە تایبەت بەهۆی ئەو دۆخە سیاسییەی لە کوردستان هەیە، کە بریتییە لە نەبوونی ستراتیجێکی یەکگرتووی نیشتیمانی و کۆدەنگی نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێم لە هەمبەر پرسە نیشتیمانییەکان.

بۆیە ناوچەکە بە گشتی و عێراق (هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لە عێراق) بە تایبەتی پێگەیەکی جیوپۆلەتیکی گرنگی هەیە، بە تایبەت کە ناوچەکە دەوڵەمەندە بە سامانی سروشتی لە سەرووی هەموویان نەوت، بۆیە هەم ناکۆکی و ململانێی وڵاتان لەسەر ئاستی ناوچەکە زۆرە بە هۆی پێکدادانی بەرژەوەندییەکان، هەم بەهۆی نەبوونی سەقامگیری سیاسی لەو وڵاتانە، گەشەنەکردنی پایەکانی دیموکراتی لە بەشی زۆری وڵاتان وایکردووە ئەم وڵاتانە دووچاری قەیران گەلێکی هەمە چەشن ببن، ئەمەش دەرگا بکاتەوە بۆ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی وڵاتان بە هەرێمی کوردستانیشەوە، ئەمەش لەدوای ساڵی (2014)ەوە ئاسایشی هەرێمی خستۆتە بەردەم چەندین ئاڵێنگاری قورسەوە کە هەرێم هەم توانا ئابووری و هەم پێگە سیاسییەکەی یارمەتیدەر نەبووە بەوەی بە کەمترین زیان لێی بێتە دەرەوە، یان بتوانێت توانای خۆگونجاندنی لەگەڵیان هەبێت.

---

[1]. چارەنووسی هەرێم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئاییندە، ماڵپەری چاوی کورد، ڕێکەوتی سەردان 2022/10/21:
87u.pw/oyH2https://

[2]. عبدالله عەوێز، چین و خۆرهەلاتی ناوەڕاست ..گۆڕانکاریی لە کوردستان، ماڵپەری پۆڵەتیك میدیا، ڕێکەوتی 2022/11/1:
u.pw/lPPmL2https://

## باسی دووەم: هەڵسەنگاندنی سیاسەتی هەرێم بەرانبەر بە ئاڵێنگارییەکان

لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەماندا بە درێژی باسمان لە ئاڵێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کرد، هەروەها لە باسی پێشووتری ئەم بەشە تیشکمان خستە سەر لێکەوتەکان بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی جەمسەرگیری و دابەشبوونی وڵاتان بە سەر چەند جەمسەرێکی جیاوازدا، هەروەها کاریگەریی دەستێوەردانی وڵاتان کە ئەمە هەرێمی کوردستانی تووشی ئاستەنگی گەورە کردووە، چونکە عێراق و هەرێم بوونە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی بەشێك لەو ناکۆکییانە.

بۆیە لەم باسەدا تیشك دەخەینە سەر مامەڵەی لایەنی پەیوەندیدار و دەسەڵاتداران و ناوەندەکانی بڕیار لە هەرێمی کوردستان، بەوەی چەندە توانیویانە هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئاڵێنگارییانەی ڕووبەڕووی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بوونەوە، ئایە دیدی ئەوان بۆ ئەم ئاڵێنگارییانە دیدێکی تەواو نیشتمانی و نەتەوەیی بووە، و داماڵراوە لە دیدگای حزبی و کەسی.

ئەم باسەی توێژینەوەکەش لە چەند تەوەرێکدا دەخەینەڕوو، لە **تەوەری یەکەمدا** باس لە مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئاڵێنگارییە سیاسیی و سەربازییەکان دەکەین، لە **تەوەری دووەمدا** باس لە مامەڵەی هەرێم بەرانبەر ئاڵێنگارییە ئابوورییەکان دەکەین بە تایبەت دۆسیەی نەوت و گەندەڵی کە زۆرترین مشتومڕی لەسەرە، **لە تەوەری سێیەمدا** باس لە مامەڵەی هەرێم بەرانبەر بە ئاڵێنگارییە ناسنامەیی و ژینگەییەکان دەکەین، لە **تەوەری چوارەمدا** تیشك دەخەنە سەر مامەڵەی هەرێم بەرانبەر بە جەمسەرگیرییەکانی ناوچەکە.

### تەوەری یەکەم: مامەڵەی هەرێم بەرانبەر ئاڵێنگارییە سیاسی و سەربازییەکان

وەك پێشووتر ئاماژەمان پێدا لە ئاستی ڕەهەندی سیاسی و سەربازی لە دوای ساڵی (2014)ەوە هەرێم دووچاری چەندین ئاڵێنگاری بووە، بەشی زۆری ئاڵێنگارییەکانی تریش لەمانەوە سەرچاوە دەگرن و هەرێم تووشی ئاستەنگ دەکەن. لەم تەوەرەدا تیشك دەخەینە سەر ئەوەی هەرێم چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەو ئاڵێنگاریانە کردووە؟ ئایە توانیویەتی خوێندنەوەیەکی دروستیان بۆ بکات؟ وەکخۆی خوێندنەوەی بۆ کردوون؟ هەوڵەکان بۆ ئیدارەدان و بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئاڵێنگارییانە لە ئاستی پێویست بوون؟ بە تایبەت هەنگاوەکان بۆ نەهێشتنی ئاسەواری دوو ئیدارەیی لە هەموو ئاستەکان چۆن بوون؟ توانراوە بێ لایەنانە و زانستیانە خوێندنەوەیان بۆ بکرێت؟ یان ئەوەتا لێکەوتەکانی دوو ئیدارەیی زیاتر و برینی هەرێم لە هەموو ئاستەکانی تر قوڵتر بووە.

#### یەکەم: مامەڵەی هەرێم بەرانبەر ئاڵێنگارییە سیاسییەکان

بەشێوەیەکی گشتی چەند بنەمای سەرەکی هەیە بۆ ئارامی و سەقامگیری دەوڵەت: ئاسایشی دەوڵەت، ئاسایشی ناوخۆیی، ئاسایشی نێودەوڵەتی.[1]

بۆ هەرێمی کوردستانیش بەشێك لە ئاڵێنگارییەکان ناوخۆیی بوون، بەشەکەی تریان پەیوەست بوون بە هۆکاری دەرەکی، ئەم دۆخەش لە ڕووی سەقامگیری ناوخۆیی و دەرەکی زۆر مەترسییدارە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونی زیاتری قەیرانەکان و قورسی چارەسەرکردنیان.

---

[1] . نزهت حالى محمد، الأمن الوطنى بين التحديات الداخلية و الخارجية (دراسة تحليلية)، أطروحة الدكتوراه فى جامعة صلاح الدين قسم العلوم السياسة، أربيل، تموز 2022، ص61.

پێگەی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەك هەڵکەوتووە، کەوتۆتە نێوان بەرداشی دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریاوە، بۆ پاراستنی ئاسایشەکەی خۆی و رووبەڕووبونەوەی ئالێنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە هەنگاوی گەورە و ستراتیجی بهاوێژێت کە سیمایەکی مۆدێرن و دەوڵەتدارییان پێوە دیار بێت. بە تایبەت کە نەیتوانیوە هەنگاوی جددی و پێویست بگرێتە بەر بۆ نەهێشتنی لێکەوتە و شوێنەوارەکانی شەڕی ناوخۆ.[1]

بابەتی سەقامگیری سیاسی زۆر گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان، ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێم ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە زیادکردنی نا سەقامگیری سیاسی هەرێمدا ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کارایی سیستەمی سیاسیی هەرێم، هەرچەندە سیستەمی سیاسی توانیویەتی پارێزگاری ڕواڵەتی لە نەگۆڕانی حکومەت بکات لە ژێر سێبەری ژینگەیەکی نالەباردا لە هەرێمی کوردستان.[2]

بەشێوەیەکی گشتی ئەمجۆرە لە حوکمڕانییەی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو نەبووە لە چارەسەرکردنی ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی ئەو پرسە. هەرێمی کوردستان لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوو لەلایەن دوو پارتی سەرەکی (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) بەڕێوەدەبرێت، بەلاّم بەجۆرێك بەڕێوەدەبرێت، دەسەلاّت لە شوێنێك و حکومەت لە شوێنێکی تر. ئەمەش بۆتە هۆی زۆربەی کات بڕیارە سیاسیی و ئابوورییەکان لەلایەن حکومەتەوە بڕیاریان لێ نادرێت بەڵکو ئەوە هێزە سیاسییە باڵادەستەکانن بڕیاری پێشوەخت لەسەر زۆربەی پرسەکان دەدەن. هەرچی پەیوەستە بە ئۆپۆزسیۆنیش نەوەك تەنها نەیتوانی ئەو شێواز و ڕیتمە لەکارکردن بگۆڕێت بەڵکو بەردەوامی زیاتری پێدا. واتە حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە بە ئەرك و ڕۆڵی خۆی بە تەواوەتی هەڵبسێت و ئەو ڕۆڵەی پێویست بووە بیگێڕێت نەیگێڕاوە، ئەمەش بێ توانایی حکومەت دەردەخات بەرانبەر بە هێزە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان.[3]

پرسی ناکۆکی نێوان هێزە سیاسییەکان بۆتە پرس و هەڕەشەی گەورە لەسەر هەرێمی کوردستان، لە بەشی دووەمی توێژینەوەکە بە درێژی ئاماژەمان بە ئالێنگارییەکان کرد، بەلاّم ئێمە ئەوە دەخەینەڕوو مامەڵەی حکومەتی هەرێم چۆن بووە لەگەڵ ئەو پرسە. لە تەواوی ولاّتانی پێشکەوتووی جیهان ڕاستە هێزە سیاسییەکان حکومەت پێکدەهێنن، حکومەت دوورە لەو ململانێ سیاسییەی لە نێوان هێزە سیاسییەکان هەیە، سەربەخۆیانە ئیشوکارەکانی پەیوەست بە کاروباری ولاّت ئەنجام دەدات، بەلاّم ئەگەر سەیری ئەمە بکەین لە هەرێمی کوردستان بە تایبەت لەم چەند ساڵەی ڕابردوو حکومەت نەیتوانیوە خۆی لەم گرفتە سەرەکی و گەورەیە ڕزگار بکات.

تەنانەت بەرپرسانی باڵای حیزبەکان هەڕەشە لە وەزیر و پلە دارەکانی ناو حکومەت دەکەن و هەڕەشەیان لێدەکەن ئەگەر بە گوێرەی ئەوان و قسەی ئەوان هەڵسوکەوت نەکەن، لەمانگی 2022/12 یەکێك لە دیارترین نمونەکان بۆ ئەم پرسە بریتی بوو لە هەڕەشەکانی سەر وەزیری پێشمەرگەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان (شۆڕش ئیسماعیل) لەلایەن سەرکردایەتی حیزبەکەیەوە، بەم هۆیەوە ناچار بە جیهێشتن کرا لە ئەرکەکەی خۆی. ڕێکەوتی

---

[1]. د.دانا علی صالح، دیوە تاریکەکەی ئەزموونی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل11.

[2]. جونا سوبحی و دڵخواز اسماعیل، دیاردەی نا سەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق: خوێندنەوەیەك بۆ چەمك و ڕەهەندەکانی، ماڵپەری پێنووس، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/1: https://tinyurl.com/bdfafbxj

[3]. بارودۆخی هەرێم، هۆکارەکانی قەیران: ڕێگا چارەکان و پێشنیارەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل4.

(2022/12/3) بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە (سەربەست لەزگین) لە میانی دیدارێکی لەگەڵ تۆڕی میدیایی ڕووداو، ئاماژەی بەوەکرد کە وەزیری پێشمەرگە لە ژێر فشاری حیزبەکەی دەست لە کارکێشانەوی پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، تەنانەت بەمەشەوە نەوەستاوە بەڵکو هەڕەشەی ئەوەیان لێکردووە نابێت بە هیچ جۆرێك دەوام بکات لە وەزارەتی پێشمەرگە. گۆڕینی وەزیر لەلایەن هێزە سیاسییەکانەوە ئەگەر کارێکی ئاسایی بێت بەڵام هەڕەشەکردن و فشارخستنە سەر کار بەدەستانی باڵای حکومەت بەوەی هەنگاوەکانی ئەو جێگەی ڕەزامەندی نییە و زیان بەهێزیك و لایەنێکی سیاسی دەگەیەنێت دەرخەری ئەو ڕاستییە حیزب لە هەرێمی کوردستان چووەتە ناو هەموو جومگەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، واتە دەسەڵاتی هێزە سیاسییەکان لە سەرووی دەسەڵاتی حکومەتەوەیە.[1]

هەر بۆیە ئەم دۆخە ناسەقامگیرەی هەرێمی کوردستان ئەگەرێکی نوێی لە بەریەککەوتنی ناوخۆیی لە نێوان هێزە سیاسییەکان زیندوکردۆتەوە، ئەگەر لە ڕابردوو هێزە سیاسییەکان بەرامبەر یەك شەڕیان کردبێت بە ڕادیۆیەك و چەند پێشمەرگەیەك و چەکێکی سوك، بەڵام ئێستا لە ئەنجامی گەورەبوونی دەسەڵات و هێزی کوردەوە، دەیان ملیۆن دۆلار لەژێر دەستی حیزبەکاندایە دەتوانن شەڕی ڕاگەیاندن و ئابووری و دبلۆماسیی پێ بکەن، هەر ئەمەشە ناکۆکی نێوان هێزە سیاسییەکانی زۆر توند کردووە، کاریگەریی هەبووە لەسەر سەقامگیری و شەرعیەتی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، هەندێك کات نزیك بووە لەوەی هەرێمی کوردستان بەرەو پوکانەوە ببات.[2]

تەنانەت ئەوانەی بەشداری سەرەکی و کارای حکومەتن، پاڵپشتی و پشتیوانی حکومەت ناکەن، ئەمە جگە لەوەی حکومەت خۆشی بە سیاسی کراوە، خۆشیان دەستیان هەیە لەم دۆخەی بەسەر حکومەت هاتووە. لە ڕابردوو حکومەت نەیتوانیوە دوور بێت لە دەستێوەردانی هێزە سیاسییەکان، حکومەتێك بێت ئارام و سەقامگیربێت، هەمیشە هەژموونی هێزە سیاسییەکان بەسەر حکومەتەوە خاڵی لاوازی کابینە یەك لە دوای یەکەکانی هەرێمی کوردستان بووە.[3]

**ئەوەی پەیوەستە بە مامەڵەی حکومەتی هەرێم بۆ پرسی ناکۆکییەکان لەگەڵ بەغداد** و ئەنجامدانی دانوستاندن. لەگەڵ ئەوەی کێشەکانی نێوان حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستان ڕیشەیەکی مێژوویی قوڵیان هەیە و بە چەندین قۆناغی جیاوازدا ڕۆیشتوون، چەندین پرسی هەمەجۆریان لە خۆیان گرتبوو لە ڕابردوو.[4]

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی کات بەغداد پابەندی دەستور نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغداد، بەڵکو تەنیا بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێز لە قازانجی بەغداد و زیانی کوردستان، کات بەفیڕۆ دەدات، باشترین نمونەش ئەوەیە لە

---

[1] . سەربەست لەزگین: لەگەڵ عێراق کار بۆ سیستەمی بەرگریی ئاسمانی دەکەین، تۆڕی میدیایی ڕووداو، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/1:
65https://tinyurl.com/mpptnv

[2]. ئارام وەلەد بەگی، مانەوەی هەرێمی کوردستان مسۆگەر نییە، ماڵپەری وشە نێت، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/1:
v4u86https://tinyurl.com/muf

[3] . **Q&A: Bafel Talabani, President of the Patriotic Union of Kurdistan:** **https://tinyurl.com/4xsr7bvx**

[4]. سعید سلیم محمد أمین، دانووستانەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ بەپێی مۆدێلی ڕۆجەر فیشەر ( پرسی پترۆڵ وەك نمونە)، نامەیەکی ماستەرە لە زانکۆی سەلاحەدین / کولێجی زانستە سیاسییەکان، هەولێر، 2016، ل72.

ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو حكومەتی فیدراڵ پابەند نەبوو بە جێبەجێكردنی ماددەی (140) ئەمە جگە لە پێشێلكردنی چەندین ماددەی تری دەستوری.[1]

بەڵام لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە و بە تایبەتتر لە دوای ساڵی (2014)ەوە كێشەكان پێیان نایە قۆناغی تازەوە، بۆ ئەم مەبەستە چەندین جار دانوستاندن لەنێوان هەرێم و بەغداد ئەنجامدراوە، بەردەوام هەست بە هەیمەنەی بەغداد بەرامبەر بە هەرێم كراوە و هەرێم زیاتر لاوازی بەخۆیەوە بینیوە.[2]

هەروەها نەخوێندنەوەی ئەو ڕووداو پێشهاتە سیاسیانەی دێنە پێشەوە، هەنگاونەنان بە پلان و بەرنامەی ورد، وایكردووە هەمیشە هەرێم نەتوانێت پێش ڕووداوەكان بكەوێت، بەڵكو كەوتۆتە دوای ڕووداوەكان، یەكێك لە نمونە باشەكان پەیوەست بەم بابەتە بریتی بوو لە كارنەكردن بۆ ڕێگریكردن لە بڕیارەكەی دادگای باڵای فیدراڵی پێش دەركردنی بڕیاری "هەڵوەشاندنەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێم بە بیانووی نا دەستورییبوونی یاساكە" لە كاتێكدا ئەم داوایە لە ساڵی (2012)ەوە تۆمار كرابوو.[3]

ئەمە جگە لەوەی نەبوونی ستراتیجێكی نیشتیمانی و كارنامەیەكی هاوبەش بۆ پرۆسەی دانوستاندن، و چڕكردنەوەی زۆربەی داواكارییەكانی كورد لە بابەتی پەیوەست بەبودجە، هەروەها چوونی شاندی حیزبەكان بە جیا جیا بۆ دانوستاندن لەگەڵ لایەنە عێراقییەكان یەكێكی تر بووە لە خاڵی لاوازی كورد بەرانبەر بە هێز و لایەنە سیاسییەكانی عێراق.

**هەرچی پەیوەستە بە دۆخی ماف و ئازادییەكان لە هەرێمی كوردستان.** لەگەڵ ئەوەی هەرێمی كوردستان خاوەنی دامودەزگای یاسایی تایبەت بەخۆیەتی، واتە پەرلەمان و حكومەت و دەسەڵاتی دادوەریی تایبەت بەخۆی هەیە، ماف و ئازادییەكانیش تارِاددەیەك پێشكەوتنیان بەخۆیانەوە بینیوە، بەڵام بێگومان ئەمە خاڵی نییە لە كەموكورتی و فشار دروستكردن لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە. بەهۆی ئەوەی دام و دەزگاكانی هەرێم بە تایبەت دەسەڵاتی دادوەری نەیانتوانیوە خۆیان لە كاریگەریی و هەژموونی هێزە سیاسییەكان بپارێزن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی یاساكان وەك پێویست سەروەر نەبن و هەمووان لەبەردەم یاسادا وەكو یەك نەبن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستكردنی فشاری زۆر لەسەر ماف ئازادییەكان لە هەرێمی كوردستان، هەندێكجار ئەمەش تەنها بە دروستكردنی فشار و ئاستەنگی نەوەستاوە بەڵكو گەیشتۆتە ئاستی سنوور بەزاندن و هەڕەشەكردن و كوشتن. ئەمە سەرباری دروستكردنی چەندین میدیای سێبەر. بەشێوەیەكی گشتی سەربەخۆ نەبوونی دەسەڵاتی دادوەری و نەبوونی دەستورێكی نووسراو كە پشتیوانی سەرەكی و داكۆكیكار بێت لە پاراستنی ماف و ئازادییەكان و سەرچاوە و دایكی یاساكان بێت گرفتی گەورەی بەردەم هەرێمی كوردستانە پەیوەست بە ماف و ئازادییەكان لە هەرێمی كوردستان.[4]

---

[1]. د.سەردار قادر ، ئایا لە بارودۆخی ئێستادا دانوستانی هەولێر و بەغداد سەركەوتوو دەبێت، ماڵپەری پێنووس، ڕێكەوتی سەردان : 2022/11/2 vkknnvs4https://tinyurl.com/

[2]. بارودۆخی هەرێم، هۆكارەكانی قەیران، ڕێگا چارەكان و پێشنیارەكان، سەرچاوەی پێشوو، ل4.

[3]. د.دانا علی ساڵح، دیوە تاریكەكەی ئەزموونی حوكمڕانی لە هەرێمی كوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل11.

[4]. كارزان عومەر علی، دۆخی ئازادی ڕادەبرین لە هەرێمی كوردستان و ئاستەنگەكانی بەردەمی، زنجیرە بڵاوكراوەكانی ناوەندی كوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەكان زنجیرەی 251، سلێمانی، 2021، ل 12.

**سەبارەت بە نەبوونی دەستور،** بۆتە هۆی ئەوەی دیدگایەکی حوکمڕانی تەندروستمان نەبێت، واتە بتوانین بەهۆی ئەو دەستورەوە شێوازی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان دیاری بکات و ماف و ئازادییەکان بەڕوونی دیاری بکات، هەروەها ببێتە هۆی ئەوەی پەیوەندی نێوان دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایەتی دیاری بکات، دامەزراوەکانیش ئەرك و دەسەلاتەکانی خۆیان ڕوون بێت و دیار بێت بە پشتبەستن بەم دەستورە. بەجۆرێك ئەم دەستورە ببێتە دادوەر بۆ چارەسەکردنی ئەو گرفت و کێشانەی دێنە بەردەم کاری دامەزراوەکان.[1]

یەکێك لە ئاستەنگەکان بەردەم هەرێمی کوردستان بریتییە لە نەبوونی دەستور، لەگەڵ ئەوەی دەستور چەندە گرنگە بەلام لەوە گرنگتر ناوەڕۆکی دەستورەکەیە. لەگەڵ ئەوەی تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان جەخت لە گرنگی بوونی دەستور دەکەنەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بەلام ئەمانە زیاتر تەنها جۆرێك بوون لە بانگەشە، ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکان ئاستەنگی گەورەی بەردەم پرسی دەستورە. لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوی یەکەم بۆ دانانی دەستور بۆ هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد، بە دەرکردنی یاسای ژمارە (16)ی ساڵی (2008)بە پشت بەستن بە ماددەی (120) دەستوری کۆماری عێراقی فیدراڵ، هەروەها لەبەرئەوەی لە خولی یەکەم پەرلەمانی کوردستان دەسەلاتی هەرێم بە هەریمێکی فیدراڵ ناسێندراوە. پرۆژەکە لە (11) ماددەدا خرایەڕوو، لە ناوەڕۆکی یاساکەدا لە ماددەی ( 4 و 5) ئاماژە بەوە دەکات پاش تەواوکردنی پرۆژە یاساکە دەخرێتە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان و پێویستە بە دەنگی (3/2) ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پەسەند بکرێت و دواتر بخرێتە بەردەم گەل بۆ دەنگدان.[2]

بەلام ساڵێك دوای دەرکردنی ئەو یاسایە پەرلەمانی کوردستان لە ڕێکەوتی (2009/6/22) هەندێك برگەی یاساکەی هەموارکردەوە، بەمجۆرە یاسای ژمارە (9) لە ساڵی (2009) لە خولی سێهەم دەرکرا، کە تیایدا جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی پێویستە لە ڕێکەوتی(2009/7/25) بخرێتە بەردەم گەلەوە بۆ دەنگدان لەسەری، بە دەنگ پێدانی لەلایەن زۆرینەوە پەسەند دەکرێت.[3]

لە هەردوو بارەکەی ئاماژەمان پێدا هەرێمی کوردستان لە سایەی جددی نەبوونی هێز و لایەنە سیاسییەکان نەیتوانی ببێت بە خاوەنی دەستورێکی تایبەت بەخۆی، چەندین لەمپەر خرایە بەردەم پەسەندکردنی دەستوری هەرێمی کوردستان.

پرسی پەسەندکردنی دەستور بەمە نەوەستا، سەرەنجام لە ڕێکەوتی (2015/4/13) پەرلەمانی کوردستان لە خولی چوارەمی خۆیدا، یاسای ژمارە (4) ی ساڵی (2015) دەرکرد، کە یاساکە جەختی کردەوە لە پێویستی پەسەندکردنی دەستوری هەرێمی کوردستان. بەپێی یاساکە لیژنەیەکی (21)کەسی لەناو پەرلەمانی کوردستان و دەرەوەی پەرلەمان پێك بێت، هەروەها ئەنجامدانی کارەکانی لیژنە لە ماوەی سێ مانگدا، ئەگەر پێوستی کرد پەرلەمان ماوەکەیان بۆ درێژ

---

[1]. د.دانا علی ساڵح، دیوە تاریکەکەی ئەزموونی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل17.

[2]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە یاسای ژمارە (16)ی ساڵی (2008) یاسای پەسەندکردنی دەستوری هەرێمی کوردستان، لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان.

[3]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە یاسای ژمارە (9)ی ساڵی (2009) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای یەکەمی پەسەندکردنی دەستوری هەرێمی کوردستان، لە خولی سێهەمی پەرلەمانی کوردستان.

بکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی لە ماددەی (10) یاساکە جەخت لە هەڵوەشاندنەوەی هەردوو یاساکەی پێشتر دەکات کە ئاماژەمان پێدا.[1]

بەڵام کارەکانی ئەم لیژنەیەش نەیتوانی هەرێمی کوردستان لە قەیرانی ئەم چەقبەستووییە ڕزگار بکات و بەتایبەت پرسی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان گرفتی بەردەم کارەکانی لیژنەکەبوو، کە ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە و چەندین ڕەهەندی هەیە. بەشێوەیەکی گشتی پرسی نەبوونی دەستور لە هەرێمی کوردستان چەندین هۆکاری هەیە، کە ئەمەش توانای حکومەت و پەرلەمانی سنووردرار کردووە بەوەی نەتوانن بەسەر کۆسپەکاندا زاڵبن چونکە کۆسپەکان جیاوازن، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

أ- کۆسپە جەوهەریی و بەردەوامەکان

ئەمەیان زیاتر خۆی لە ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەبینێتەوە، لەسەر چۆنیەتی سروشتی سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، هەروەها بوونی ناکۆکی قوڵ لەسەر سیستەمی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی. ئەمە جگە لەوەی بەشێك لە هێزە سیاسییەکان نایانەوێت هەرێم خاوەنی دەستور بێت، چونکە هەبوونی دەستور بە کومەڵێك ڕێکارەوە پابەندیان دەکات کە نایانەوێت تووشی ئەم ڕێکارانە ببن. هەروەها بوونی دوو ئیدارەیی و دوو تێروانینی جیاواز بۆ پرسی دەستور. لە سەرووی هەموویان هەوڵ و ئاستەنگی دەرەکی هەیە لەسەر ئاستی عێراق و وڵاتانی تر بەوەی ئاستەنگ بخەنە بەردەم دەستوری هەرێمی کوردستان.

ب- کۆسپە هەنوکەییەکان

نەبوونی ماوەی پێویست لەبەردەم خولی پەرلەمان بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی دەستور، بە تایبەت پاش کۆبونەوەکەی (2022/8/22) کە پەرلەمان جەختی لەسەر کاراکردنی لیژنەکان و ئامادەکردنی دەستور کردەوە بۆ خستنە بەردەم و گەل و دەنگدان لەسەری. نەبوونی لیژنەی پێویست گرفتێکی ترە لەبەردەم ئەو پرسە. سەرباری بەر یەککەوتنی هەندێ برگە و ماددەی ناو پرۆژە دەستوری هەرێم لەگەڵ دەستوری عێراقی فیدراڵ.[2]

بەشێکی زۆر لە چاودێرانی سیاسیی و شارەزایانی بواری دەستوری پێیان وایە ناکۆکی نێوان هێزە سیاسییەکان پەیوەست نییە بە ناکۆکی ئایدۆلۆجی لەسەر پرسی دەستور، بەڵکو پەیوەستە بە هەژموون و باڵادەستی ئەو حیزبەی ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان ئامادە دەکات. هەروەها ناسەقامگیری سیاسیی و فاکتەری دەرەکیش هۆکاری کارا و کاریگەرن بۆ نەبوونی دەستورێکی نووسراو لە هەرێمی کوردستان. لە ماوەی 30 ساڵی ڕابردوو نەبوونی دەستور بۆ هەرێم بۆتە ئاستەنگی گەورە لەبەردەم سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.[3]

---

[1]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (2015) یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ڕاپرسی لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان.

[2]. لەمپەرەکانی بەردەم نووسینەوەی دەستور لە هەرێمی کوردستان، سەنتەری توێژینەوەی جوڵانەوەی نەوەی نوێ، سلێمانی، بێ ئاماژەکردن بە ساڵ، ل7–8.

[3]. د.یاسین ساڵح، نەبوونی دەستور لە 30 ساڵی ڕابردوو هۆکاری پەرتەوازەیی سیستەمی سیاسییە لە هەرێمی کوردستان، ماڵپەری ئێن ئارتی، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/2: https://tinyurl.com/x5vxkse4

لەگەڵ ئەوەی تەنها بوونی دەستور گەرەنتی نی یە، ڕاستە دەستوری هەرێمما نی یە، بەڵام دەستوری عێراق بۆ هەموو عێراقە و هەرچی ( ماف و ئازادییەکان) هەیە تیایدا تۆمارکراوە، بەڵام ئەمە نە لە عێراق و نە لە هەرێم واقعی مافی مرۆڤ وەك دەستور نی یە، لە هەرێمی کوردستانیش هەرچەندە دەستور نی یە بەڵام یاسا هەیە، بەڵام کێشەی سەرەکی نەبوونی سەروەری یاسایە، بە تایبەت دەستێوەردانی سیاسی و سەربازی لە دەرەوەی دام و دەزگا فەرمییەکان. سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەلایەن هەردوو پارتی دەسەڵاتدارەوە کۆنترۆڵکراوە بەهۆی ئەوەی سەرچاوەی دارایی لای ئەوانە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هەردوو پارت لایەنگری زۆریان هەبێت .

بەمجۆرە لە کۆتایی ئەو پرسەدا دەگەینە ئەوەی کە لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەت هێزە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم جددی نین لە بوونی دەستورێك بۆ هەرێمی کوردستان، هۆکاری سەرەکی ئەمەش زیاتر پەیوەستە بەوەی بوونی دەستور دەیانخاتە بەردەم کۆمەڵێك کۆت و بەندی یاسایی کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم خواستی ئەوان و پێگەیان لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان.

**دووەم: مامەڵەی هەرێم بەرانبەر ئالێنگارییە سەربازییەکان**

هەرچی پەیوەستە بە دید و مامەڵەی هەرێم لەگەڵ ئالێنگارییە سەربازییەکان کە بەرۆکی ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستانیان گرتووە، هەوڵدەدەین ئاماژە بە گرنگترین هەوڵەکانی حکومەت بدەین. گەورەترین گرفت لە هەرێمی کوردستان لەو بوارەدا بریتییە لە بوونی هێزی سەربازی حیزبەکان و بەرپرسانی باڵای ئەو حیزبانە. بەبێ بوونی هێزێکی نیشتیمانی یەکگرتوو ئەستەمە ئارامی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بێتەدی، کەواتە هەوڵدان بۆ دروستکردنی سوپایەکی نیشتیمانی نیشانەی هەنگاوی بەرەو پێشچوونی دیموکراتییە لە هەرێمی کوردستان، ئەمە جگە لەوەی گرەنتییەکی باشە بۆ پاراستنی خاکی هەرێمی کوردستان لە هەموو ئەو هەڕەشە و دەست درێژیانەی دەکرێنە سەری.

هەرێمی کوردستان لەسەرەتای پێکهێنانی یەکەم کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی هەوڵیداوە هێزی پێشمەرگە لەچوارچێوەی وەزارەتێکدا یەك بخات، کە ئەوکات بەشی زۆری هێزە سیاسییەکانی هەرێم هێزی سەربازیان هەبووە، بە تایبەت یەکێتی و پارتی و سۆسیالیست و بزوتنەوەی ئیسلامی خاوەنی زۆرترین هێزی سەربازی بوون، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵیدا لە چوارچێوەی یاسایەکی تایبەتدا یەکیان بخات، بەمجۆرە پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (5)ی لە ساڵی (1992)دەرکرد، بۆ ڕێکخستنی هێزەکان و یەکخستنیان لە ژێر چەتری حکومەتدا. بەڵام هەموو هەوڵەکان و مامەڵەی حکومەت هاتنەوە خاڵی سفر کاتێك هەرێمی کوردستان دووچاری شەڕێکی خوێناوی گەورە بووەوە لە نێوان پارتی و یەکێتی و چەندین شەڕی تر.[1]

دوای یەکگرتنەوەی کابینەکانی هەرێم لە ساڵی (2006) هەنگاوێکی تر بە ئاڕاستەی یەکخستن و یەکگرتنەوەی هێزەکان دەستی پێکرد، یاسای ژمارە(19) لە ساڵی (2007) دەرچوو. کە یاساکە جەخت لە دامەزراندنی سوپایەکی نیشتیمانی بۆ هەرێمی کوردستان دەکاتەوە.[2]

---

[1]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە یاسای ژمارە (5)ی ساڵی (1992)یاسای وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە، لە خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان.

[2]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە یاسای ژمارە (16)ی ساڵی (2007)یاسای هەمواری خزمەتی مەدەنی، لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان.

ئەمە بوو بە سەرەتای هەوڵەکان بۆ یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە تایبەت هێزەکانی یەکەی (70 و 80)، لە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تاوەکو ئێستا توانراوە (18) لیوای یەکگرتوو یەکبخرێن و سەر بە وەزارەتی پیشمەرگەن، بەشێك لەوانە کۆمەکی دارایی لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە دەکرێن و ڕاستەوخۆ مووچەیان لەلایەن ئەوانەوە بۆ دابین دەکرێت. لە 1 ی شوباتی (2022) فەریق جەمال ئیمینکی سوپا سالاری پێشووی وەزارەتی پێشمەرگە، لە بریفینگی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو ئاماژەی بەوە کرد کە هەوڵەکان بۆ یەکخستنەوەی زیاتری هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوامن، پلانەکان بەمجۆرەن کە تەواوی هێزەکانی حەفتا و هەشتا بە تەواوی لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە یەکبخرێن. هەوڵەکان بۆ پڕچەککردنی هێزەکانی پێشمەرگە و کڕینی چەك لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بەردەوامە، هەنگاوەکانی چاکسازی سەرەرای ئاستەنگەکان بەردەوامن. هێزی پێشمەرگە توانی ناوبانگی باش پەیدا بکات بەهۆی شەڕی داعشەوە، ئاماژەشی بەوەدا هەنگاوەکانی (35) خاڵەکەی هاوپەیمانان هەنگاوی باشی بڕیوە سەرەرای ئاستەنگەکان.[1]

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی ناوخۆیی، حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پێشمەرگە، نەیانتوانیوە بەسەر دیارترین ئەم گرفتانەدا زاڵ بن، کەخۆی لە مانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە[2]:

1- ڕێگرینەکردن لە کاروباری سیاسیی و حزبی لەناو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە، کە یەکێکە لە ئاستەنگە گەورەکانی بەردەم یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە.

2- ڕۆڵی چاودێری لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمان لە بەدواداچوونی ئەو کەم و کوڕی و کێشانەی وەك (ڕێکخستن و مەشق و پڕ چەك کردن) هەیە زۆر لاوازە.

3- دەست بەردارنەبوون لە سیاسەتی ( زەبائینی) کە ڕێگرە لە بەردەم پیشەیی بوون و بێ لایەنی وەزارەتی پێشمەرگە، ئەمە سەرەرای ئەوەی پارتی و یەکێتی تا دێت ژمارەی هێزەکانیان زیاد دەکەن بە جۆرێك لە ئێستادا سەرووی (200000) دووسەد هەزار سەربازیان هەیە.

4- پێ نەگەیاندنی پێشمەرگە لەسەر بیروباوەری نیشتیمانی، کە هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەو هەڕەشانەی لە کوردستان دەکرێن. دابەش نەکردنی ئەرکەکان لەسەر بنەمای ئەرکی سەربازی و ڕوانگەی مۆدێرن. دانەمەزراندنی ئابووریەکی تایبەت بۆ پێشمەرگە و کۆکردنەوەی لە صندوقێکی تایبەتدا. ئەمە سەرباری سوود وەرنەگرتنی تەواوەتی لە هێزەکانی پێشکەوتووی وڵاتانی جیهان.

5- پێدانەچوونەوە بە مووچە و دەرماڵەی هێزەکانی پێشمەرگە و هەنگاوەکانی پلە بەرزکردنەوەیان، بە پشت بەستن بە پێوەر و ستانداری نێودەوڵەتی.

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی هەنگاوەکانی بە یاسایی بوون و دامەزراوەیی بوونی هێزەکانی پێشمەرگە هەنگاوی زۆری ماوە لە لایەن حکومەتەوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە هێزەکانی پێشمەرگە لە ململانێ

---

[1]. بریفینگی سوپا سالاری پێشمەرگە لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، پێگەی ئەلیکترۆنی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، ڕێگەوتی سەردان 2022/11/2: https://tinyurl.com/4afpah45

[2]. د.ئومێد رفیق فتاح و د.عابد خالد رسول، پرۆسەی بە دامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە: هەنگاو و ئاستەنگەکان، مجلة الدراسات السياسية و الأمنية، المجلد ( الاول) العدد الثاني، سليمانية، كانون الأول 2018، ص ص 167+168.

سیاسییەکان دوور بخاتەوە و سەربەخۆبن، هەروەها ئەم هێزانە حکومەت نەیتوانیوە بیان کاتە دەزگایەکی نیشتیمانی بەڵکو دەزگایەکی حیزبین، ئەوەی لە هەمووش گرنگترە ئەوەیە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە تاوەکو ئێستا هێزەکانی خاوەن چەکدار ئامادەنین هەژموون و باڵادەستی خۆیان لەناو ئەو هێزە سیاسییانە کۆتایی پێ بهێنن. کاتێك ئەمەش نەیەتەدی ئیتر ئەستەمە باس لە چەمکی سەروەری یاسا بکەین، بە شێوەیەکی گشتی مانایەك بۆ پێشمەرگە نییە لە دەرەوەی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی، ئەمەش گرفتێکی گەورەیە تەنانەت بۆ توێژەرانیش.[1]

ئەمە سەرباری چارەسەنەکردنی پرسی پێشمەرگە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ کە یەکێکە لە کێشە بەردەوامەکانی نێوان هەرێم و بەغداد کە چەندین هۆکاری هەیە، بەتایبەت خەرجنەکردنی بودجەی هێزەکانی پێشمەرگە بە بیانووی زۆری هێزەکانی پێشمەرگە، پرچەك نەکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەن حکومەتی فیدراڵ، هەروەها لاوازی پێکهاتەی کورد لە ڕیزی سوپای عێراق. ئەمانەش گرفتی بەردەم بەهێزبوونی هێزەکانی پێشمەرگەن، سەرباری هۆکاری سیاسی و ناکۆکی لەگەڵ بەغداد، بەڵام هەرێم سەرکەوتوو نەبووە لەچارەسەرکردنی ئەم پرسە لەگەڵ بەغداد.[2]

**هەرچی پەیوەستە بە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمەوە،** لەگەڵ ئەوەی ئەم ئەنجومەنە ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە پاراستنی ئاسایش و ئارامی لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو حکومەتی هەرێم و لایەنی پەیوەندیدار بەم پرسە نەیانتوانیوە هەژموون و باڵادەستی حیزب لەم ئەنجومەنە کەمبکەنەوە، بەجۆرێك خەڵکانی بێ لایەن کاری تێدا بکەن و سوود لە ئەزموون و شارەزاییان وەربگیرێت، بەڵام نەك هەر ئەوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو ناکۆکی نێوان پارتی و یەکێتی ئاستەنگی گەورەی بەردەمی کاری ئەم ئەنجومەنە بووە لەزۆر پرسی هەستیاردا.

د.نەجدەت ئاکرەیی پسپۆری بواری ئاسایشی نەتەوەیی، ئاماژە بەوە دەکات بۆ بەهێزکردنی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا هەرێم نەیتوانیوە ئەکادیمیایەکی ئاسایشی و بەرگری لە هەرێم بوونی هەبێت، هەروەها پێداچوونەوە بە پەیکەری دامەزراوە ئەمنییەکان بکرێت، سود لە کۆمپانیاکانی بواری ئاسایشی و سەربازی وەربگرێت. هەروەها هەموو ئەو دوو دڵە ئاسایشییەی لە هەرێمی کوردستان هەیە بەرامبەر بەغداد و وڵاتانی دەرەوە و مەترسییەکانی تر لەسەر هەرێمی کوردستان، هەرێم پێویستی بە ئەنجومەنێکی ئاسایشی نیشتیمانی هەیە کە تاوەکو ئێستا لە هەرێم بوونی نییە، ئەمەیان ئەرك و کاری جیاوازە لە ئەنجومەنی ئاسایش کە ئێستا لە هەرێم بوونی هەیە.[3]

سەرەڕای کەموکورتییەکان و ئالێنگارییەکان کە لە تەوەری داعش و گروپە تیرۆریستییەکان لە ئالێنگارییە سەربازییەکان ئاماژەمان پێدان، هەرێمی کوردستان تاڕاددەیەکی باش توانی سوود لە ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە و بەرەنگاربوونەوەی داعش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەربگرێت، بەوەی ناوی پێشمەرگە بچێتە ناو تەواوی ناوەندەکانی ئاسایشی جیهانەوە، چونکە داعش تەنها هەڕەشە نەبوو بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە، بەڵکو تەواوی ئاسایشی جیهان کەوتە هەڕەشەوە بەهۆی هەبوونی داعش. هەر لەبەر ئەمەبوو ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی (2015/11/20) بڕیاری ژمارە (2249)ی دەرکرد، بەهۆی ئەم یاسایەوە لەسەر ئاستی جیهان کۆدەنگی

---

[1]. سوپا و دەوڵەت، سەرچاوەی پێشوو، ل47.

[2]. د.ئومێد رفیق فتاح و د.عابد خالد رسول، سەرچاوەی پێشوو، ل170.

[3]. د.نەژدەت ئاکرەیی، ئاسایشی نەتەوەییمان بەرەو کوێ، زنجیرە 20 کتێبەکانی گۆڤاری گوڵان، هەولێر، 2021، ل76.

دروست بوو بەوەی پێویستە هەوڵەکان یەکبخرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش و نەهێشتنی ئەو هەڕەشەیە لە پێناو ئارامی و ئاسایشی جیهان و ناوچەکە.[1]

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە هەرێمی کوردستان لە بری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، چەندین کاری ئەنجامدا. بەگشتی ئەرکەکانی بریتی بوون لە تێکشاندنی هێرشەکانی داعش، جەنگی زەمینی لە دژی ئەم ڕێکخراوە، ڕزگارکردنی ناوچەکانی ژێردەستی داعش بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژی داعش و هێزە عێراقییەکان. کەواتە هەرێم ڕۆڵی گرنگ و یەکلاکەرەوەی بینی لە جەنگی دژ بە داعش، ئەم ئاڕاستەیە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە. هەر لەبەر ئەمەشە ئاسایشی هەرێم بۆتە بەشێك لە ئاسایشی ناوچەکە. بەڵام بوونی هەرێم بە بەشێك لە ئاسایشی جیهانی پەیوەندی بە جەنگی داعشەوە هەیە زیاتر، دوورنییە کاتێك ئەو مەترسییانە نەمێنێت کە لە (ئێستادا مەترسییەکان کەمتر بوونەوە) هەرێمی کوردستان ئەو ڕۆڵەی نەمێنێت، لەبەرئەوەی هەرێم دەوڵەت نییە، چونکە بەپێی بنەما و یاساکانی نەتەوەیەکگرتووەکان تەنها دەوڵەتانن بتوانن بەشێك بن لە سیستەمی ئاسایشی جیهانی و ئەوەی ئێستا بۆ هەرێم هەیە تایبەتە و ڕیزپەرە، بەهۆی بوونی پێگەی جیۆپۆڵەتیکی هەرێمی کوردستان، وایکردووە هەرێم ببێت بە بەشێك لە ئاسایشی جیهانی.[2]

کەواتە لە کۆتایی ئەم تەوەرەیەدا دەگەینە ئەوەی ڕاستە هەرێمی کوردستان چەندین هەنگاوی ناوە بە ئاڕاستەی کرانەوەی دیموکراتی و پاراستنی ماف و ئازادییەکان، بوونی دەستور لە هەرێمی کوردستان، هەروەها یەکگرتنەوەی هێزە سەربازییەکانی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن حیزبەکانەوە بە تایبەت (پارتی و یەکێتی) خاوەندارییەتی دەکرێن و ئەنجامدانی چاکسازی لە ڕیزی هێزەکانی پێشمەرگە، بەرەنگاربوونەوەی داعش و سوود وەرگرتن لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، بەڵام بەشی هەرە زۆری هەنگاوەکان لە سەر ئاستی سیاسی و سەربازی لە ئاستی پێویست نەبوون و حکومەتی هەرێم و دامودەزگای پەیوەندیدار نەیانتوانیوە ڕێگری بکەن لە ئاستەنگەکان بە تایبەت لەو ئاستەنگانەی لەلایەن حیزبەکانەوە هاتوونەتە بەردەم ئەو خاڵانەی ئاماژەی پێدرا. هەرئەمەش وایکردووە هەرێم لە زۆر ڕووەوە پاشەکشە بەخۆیەوە ببینێت و تووشی جۆرێك لە بێ متمانەیی بێت بەرامبەر بە هاونیشتیمانیانی هەرێم.

**تەوەری دووەم: مامەڵەی هەرێم بەرانبەر ئاڵێنگارییە ئابوورییەکان**

لەم تەوەرەدا باس لە مامەڵەی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە ئاڵێنگارییە ئابوورییەکان دەکەین، چونکە ئابووری ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە ژیان و گوزەرانی هاونیشتیمانیانەوە، لە دوای ساڵی (2014)ەوە هەرێمی کوردستان بە دۆخێکی ئابووری سەختدا تێپەردەبێت و ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی هەبووە لە سەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان و بازاڕ و جموجۆڵی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان و تەواوی سێکتەرەکانی تر. بەشێك لە قەیرانەکان لە دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم بوون بە تایبەت شەڕی داعش و دابەزینی نرخی نەوت و هاتنی لێشاوێکی گەورەی ئاوارە و پەنابەر، بەڵام هەرچی پەیوەستە بە سیاسەتی ئابووری ناوخۆیی حکومەتەوە لە هەمبەر پرسە داراییەکان بێگومان هۆکاری سەرەکی مامەڵەی هەرێم بووە بەرانبەر بە پرسە ئابوورییەکان.

---

[1]. بڕیاری ژمارە (2249)، ماڵپەری فەرمی نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/4:
https://www.un.org/securitycouncil/ar/content/resolutions-adopted-security-council-2015

[2] . بریار شێرکۆ بابان، بەستنەوەی هەرێمی کوردستان بە سیستەمی ئاسایشی جیهان، ماڵپەری پێنووس، رشێکەوتی سەردان 2022/11/4: sz6f5https://tinyurl.com/yau

**یەکەم: پرسی وزە**

هەناردەنی نەوتی هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستانی خستۆتە سەر نەخشەی وزەی جیهان و پێگەی هەرێمی بەهێز کردووە، بەهۆی ئەو پێگە ستراتیجییەی کە هەرێمی کوردستان هەیەتی و دەتوانێت ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئەوروپا بۆ وزە بەیەکەوە ببەستێتەوە، لە چەندین لاوە پێگەی هەرێمی کوردستان بەهێزتر کردووە. بەلام مەبەستی ئێمە زیاتر بریتییە لە خستنەڕووی ترسناکی پلان و بەرنامەی ستراتیجی ئابووری هەرێم بەوەی سێکتەری نەوت بکرێتە جێگرەوەی هەموو سێکترەکانی تر، لەسەر حسابی سێکتەرەکانی تر بایەخ بەم سێکتەرە بدرێت.[1]

لەگەڵ ئەوەی نەوت سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتە و کالایەکی ئابووری گرنگە و دەتوانرێت سوودێکی گرنگی ئابووری لێ ببینرێت، بەتایبەت ئەگەر توانرا بەشێوەیەکی باش بەکاربهێنرێت دەکرێت ببێتە نیعمەتێکی گەورە بۆ ئابووری ولات و سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بوژاندنەوەی ئابووری ولات، وەك ئەوەی لە بەشێك لە ولاتانی جیهان هەیە، ئەگەرنا بە پێچەوانەوە دەشکێتەوە، بەلام ئەو دەوڵەتەی پشت بە یەك سەرچاوەی داهات ببەستێت ناتوانێت ئابووریەکی پتە و بەهێزی هەبێت، هەمیشە ناسەقامگیری ئابووری ئەگەرێکی بەهێز و کراوە دەبێت بە ڕووی ئابوورییەکەیدا. دیارترین نمونەش بۆ ئەم بابەتە هەرێمی کوردستانە.[2]

لە ئێستادا ئابووری هەرێمی کوردستان بە ئابووریەکی کرێخۆر ناسراوە چونکە بە پلەی یەکەم داهاتی حکومەتی هەرێم پشت بە نەوت دەبەستێت، واتە نەوت بۆتە شادەماری پەیداکردنی سەرچاوەی داهات لە هەرێمی کوردستان. لەگەڵ ئەوەی کە حکومەتی هەرێم ئەوەی دوپاتکردۆتەوە کە کاردەکەن بۆ ئەوەی ئابووری هەرێم فرەچەشن و فرەڕەهەند بکرێت و تەنیا پشت بە داهاتی نەوت و غاز نەبەسترێت، پەرە بە کەرتەکانی تریش بدرێت، بەلام بەرەوپێشچوونی پێویست لەو بوارەدا نەنراوە.[3]

ئەمە جگە لەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لەژێر کاریگەری دۆخە سیاسییەکەدایە و هەمیشە مەترسی لەسەرە لەسەر ئاستی ناوخۆیی عێراق و ولاتانی دەوروبەر، تەنها لە ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەردا هەناردەی نەوتی کیلگەکانی (بای حەسەن و هاڤانا) نزیکەی (280) هەزار بەرمیل بوو لە دەستیدا، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە نەوت و داهاتەکەی لەژێر ڕەحمەتی دۆخە سیاسییەکەدایە، ئەمەش ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە کە هەرێم پێویستە هاوشان لەگەڵ پەرەپێدان بە کەرتی نەوت بیر لە پەرەپێدان بە کەرتەکانی تریش بکاتەوە، بەلام تاوەکو ئێستا هەنگاوی سەرەکی و جدی لەو بوارەدا نەبینراوە، بەڵکو بەشی هەرە زۆری ئابووری تەرکیزی لەسەر پەرەپێدان بە کەرتی نەوتە. ئەمە سەرباری ئەوەی هەرێم زۆر جار پابەند دەکرێت لە لایەن ڕێکخراوەکانی هەناردەکەری نەوت بەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوت کەمبکاتەوە،

---

[1]. شەهاب خۆشناو، هەرێم لە ژێر سایەی نیعمەتی نەوتدا، لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی موکریان، هەولێر، 2017، ل47.

[2] . احمد اسماعیل قادر، تحليل تجارب دولية مختارة فى الخصخصة فى التركيز على تحليل و تقييم عمليات خصخصة القطاع الصناعى فى اقليم كوردستان العراق للمدة 0 1997–2008)، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى كلية الادارة و الاقتصاد، جامعة السليمانية، 2009، ص69.

[3]. سامان سالح فەرەج، نۆهەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان: ناساندن، شیکردنەوە، تۆماری 100 ڕۆژی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، 2020، ل49.

ئەمەش گورزێکی تری کوشندەیە بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان لەسایەی پشت بەستن بەوەی نەوت سەرچاوەی سەرەکی داهات بێت.[1]

بەپێی راپۆرتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان داهاتی نەوت بۆ مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان تەرخان دەکرێت، ئەمەش لە زانستی ئابووری یاخود ئیدارەدانی سەرچاوە سروشتییەکان بە (نەفرەتی سەرچاوە) ناودەبرێت چونکە داهاتی سەرچاوە سروشتییەکان (نەوت و گاز) دەبێت بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان بێت. لە هەرێمی کوردستان داهاتی پیشەسازی نەوت و گاز بۆتە هۆی کەمبوونەوەی سەرمایەی دەوڵەت و وەبەرهێنان لە دەرەوەی کەرتەکانی دیکەدا، ئەمەش دوور نییە هەرێم بەرەو ئەوە بچێت ئەزموونی ئەرمینیا و ئازەربایجان دووبارە ببێتەوە، لە جیاتی ئەوەی پەرە بە مۆدێلی نەرویژ و وڵاتانی پێشکەوتوو بدرێت.[2]

ئەوەی گرنکە ئاماژەی پێ بدرێت ئەوەیە راستە ئابووری سەربەخۆ گرنگە بۆ بنیادنانی ئابووریەکی بەهێز لە کوردستاندا، بەڵام نابێت ئابووریەکە هاوتای ئەو ئابووریە بێت کە بە نەفرەتی سەرچاوە ناودەبرێت، بەوەی هەرێم بە پلەی یەکەم تەنها پشت بە داهاتی نەوت ببەستێت بەڵکو پێویستە هاتوتای سێکتەری نەوت پلان و بەرنامەی گرنگ دابنرێت بۆ پەرەپێدانی زیاتر بە کەرتی کشتوکاڵ و بازرکانی و گەشتوگوزار لە هەرێم کوردستان، بۆئەوەی سەرچاوەکانی داهات لە هەرێم هەمەچەشن بن.

هەروەها کەمکردنی داهاتی هەندێ کێڵگەی نەوتی هەرێمی کوردستان، یەکێکی ترە لە مەترسییەکان بۆسەر کەرتی نەوت، ئەمەش لە هەندێ شوێن هەستی پێکراوە، ئەگەر ئەمە بە نمونەیەك روون بکەینەوە، بۆ نمونە کێڵگەی نەوتی تەق تەق لە ساڵی (2015) رۆژانە توانای (15000) بەرمیل نەوتی هەبووە، بەڵام ئاستی تێکرای بەرهەمی لە ساڵی (2020) دابەزیوە بۆ (9670) بەرمیل لە رۆژێکدا، ئێستا ئەمە زیاتر دابەزیوە و لە ئێستا کەمتر لە هەشت هەزار بەرمیل توانای بەرهەمهێنانییەتی.[3]

یەکێکی تر لەو پرسانەی کە لە پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بارگرانییەکی گەورەی لەسەر باری ئابووری هەرێمی کوردستان دروستکردووە، بریتییە لە کرێی بۆری نەوت کە بەشێك لە داهاتی نەوتی هەرێم بۆ ئەو بابەتە دەڕوات، کۆمپانیای (دیلۆیت)* کە لە ئێستادا پشکنین و چاودێری لە پرۆسەی فرۆشتن و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکات، چەندین راپۆرتی لەسەر ئەم بابەتە بلاو کردۆتەوە بە گوێرەی راپۆرتەکانی تاوەکو کۆتایی ساڵی

---

[1]. محمود بابان، دەرفەت و ئاڵینگارییەکانی بەردەم پیشەسازیی نەوتی هەرێمی کوردستان لە 2021 دا، لە بلاوکراوەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، هەولێر، 2021/2/6، ل2.

[2]. محمود بابان، ئابوورییەکی بەکاربەر: نیشاندەرە سەرەتاییەکانی داهاتووی ئابووری هەرێمی کوردستان، لە بلاوکراوەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، هەولێر، 2022/6/23، ل9.

* دیلۆیت: یەکێکە لە کۆمپانیا گەورەکانی جیهان لە چەندین بواری جیاوازدا کاردەکات، بە تایبەت لە بواری چاودێری و پشکنین و وردبینی دارایی بۆ چەندین کۆمپانیا و دەوڵەتی گەورەی جیهان، لە چەندین وڵاتی گەورەی جیهان بنکەی هەیە، دەیان هەزار کارمەندیان هەیە لە سەرتاسەری جیهان، لەساڵی 1926 دامەزراوە، حکومەتی هەرێم لەشوباتی 2016 بڕیاریدا گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیەکی گەورەی جیهان ئەنجام بۆ وردبینی لە پرۆسەی فرۆشتنی نەوتی هەرێم. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پێگەی فەرمی کۆمپانیا دیلۆیت: .deloitte.com/iq/en/pages/about-deloitte/articles/about-deloitte.html2https://www

[3]. محمود بابان، دەرفەت و ئاڵینگارییەکانی بەردەم پیشەسازیی نەوتی هەرێمی کوردستان لە 2021 دا، سەرچاوەی پێشوو، ل8.

(2021)، ئاماژە بەوەکراوە کرێی گواستنەوەی یەك بەرمیل نەوتی هەرێم لە (3) دۆلارەوە بەرزبۆتەوە بۆ نزیکەی (7) دۆلار. پەرلەمانتاری خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان (علی حمە سالح) سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانەسروشتییەکان و بازرگانی و پیشەسازی، ئاماژە بەوەکا لە ساڵی (2020 تاوەکو مانگی 2021/6) حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕی ( 1 ملیار و 580) ملیۆن دۆلاری تەنها بەکرێی گواستنەوەی نەوت داوە، ئەمەش تێچوویەکی گەورەیە و بەهەدەردانی پارەیەکی زۆرە لە داهاتی نەوتی هەرێم.[1]

بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەوەی نەوت پێگەیەکی گرنگی سیاسی و ئابووری بە هەرێمی کوردستان بەخشیوە، بەلأم شێوزای گرێبەستەکان و چۆنیەتی هەناردەنی نەوتی هەرێمی کوردستان و ئەو پارەیەی هەرێمی لە پرۆسەی فرۆشتنی نەوتی هەرێم دەستی دەکەوێت کەمترە لە کۆی گشتی تێچوونەکان، ئەمەش یەکێکە لە هەڵە هەرە ستراتیجی و گەورەکانی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان.

ئەگەر ئەمە بە خشتەیەك بخەینە ڕوو، بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیای دیلۆیت، کە بۆ وردبینی لە فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە (2021/1/1 بۆ 2021/3/31) بڵاویکردۆتەوە داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان بەمجۆرەی خوارەوە بووە، لەگەڵ ئەوەی بە ئاگاین سێکتەری نەوت لە جیهاندا جۆرێك لە نا شەفافیەتی پێوە دیارە لە زۆربەی ڕووەکانەوە، بەلأم ئەمە زیاتر هەستی پێدەکرێت لە هەرێمی کوردستان .

**خشتەی ژمارە (6)**

ڕوونکردنەوەی خەرجییە جیاوازەکانی تێچووی گواستنەوەی نەوت

| **کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو بە بۆڕی و ناوخۆ** | **3,063,356,891** |
|---|---|
| گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیسابی کڕیارەکان | 175,114,220 |
| سود و ڕسوماتەکانی دیکە و سپاردن | 58,300,940 |
| پارەدان بۆ شایستەی دارایی بەرهەمهێنەرانی نەوت | 1,022,935,057 |
| پارەدان لە بەرامبەر تاریفەی کۆمپانیای وزەی تورکی | 124,455,135 |
| بڕی پارەی دراو بۆ کۆمپانیای بۆڕی کوردستان | 122,165,292 |
| دانەوەی قەرزی کومپانیای وزەی تورکی و پترۆڵی تورکی نێودەوڵەتی | 125,000,000 |
| پارەدان بۆ لایەنی سێیەم کە لە بری حکومەتی هەرێم دراوە | 88,544,997 |
| **کۆی پارەی ماوە بۆ حکومەتی هەرێم (پارەی کاشی ماوە بۆ حکومەت)** | **1,343,841,233** |

ئامادەکردنی توێژەر: بە پشت بەستن بەم زانیاریە، ڕاپۆرتی کۆمپانیای دیلۆت، لە ڕێکەوتی 5 ی تەمموزی 2021 بڵاوکراوەتەوە لە ماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان:
https://tinyurl.com/mtrt7pk 4

لەم خشتەیەوە بۆمان دەردەکەوێت پرۆسەی فرۆشتنی نەوتی هەرێم، داهاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان (43٪)یە و نزیکە (57٪) دەچێت بۆ خەرجی جۆراوجۆر، ئەمەش بۆتە مایەی سەرنجی تەواوی شارەزایانی بواری ئابووری، کە ناکرێت بەمجۆرە مامەڵە بە فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە بکرێت.

---

[1]. نەوتی هەرێمی کوردستان، ماڵپەری درەو میدیا، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/7: uytkbn45https://tinyurl.com/

هەروەها سەرباری ئەمانەش نەوت بۆتە خاڵی گەورەی ململانێکانی نێوان هەولێر و بەغداد، بەو پێیەی حکومەتی فیدراڵ پێی وایە فرۆشتنی نەوت بە سەربەخۆ لە لایەن هەرێمەوە دەبێتە خاڵی بەهێز بۆ هەرێم لە ئایندەدا، هەڕەشەیە بۆ سەر حکومەتی ناوەند. هەر ئەمەشە وایکردووە بەشێکی زۆر لە پسپۆڕانی بواری جیۆپۆڵەتیك پێیان وایە نەوت (10٪) کاڵایەکی ئابوورییە، (90٪) کاڵایەکی سیاسییە. هەر لەبەر ئەمەش بوو پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان کێشەی گەورەی لەگەڵ بەغداد بەدوای خۆیدا هێنا، نەك هەر ئەوە بگرە لەسەر ئاستی کوردستانیش حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە کۆدەنگی لە نێوان تەواوی لایەنە سیاسییەکانی هەرێم دروست بکات، جیاوازی گەورە و توند هەیە لەنێوان هێزە سیاسییەکان لەسەر ئیدارەدانی مەلەفی نەوت و چۆنیەتی بە بازاڕکردنی لە بازاڕەکانی جیهاندا. بە تایبەت لە سەر شەفافییەتی داهاتی نەوت هەم لەسەر ئاستی بەغداد حکومەتی هەرێم کێشەی هەیە، هەم لە ناوخۆی کوردستان بەرامبەر بە هێزە سیاسییەکان و ڕای گشتی.[1]

**خشتەی ژمارە (7)**

**ڕوونکردنەوەی کۆی داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە ساڵی (2021)دا**

| ژ | وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | داهاتی نەوتی فرۆشراو ( بۆری+ ناوخۆ) | داهاتی ماوە بۆ حکومەت | ڕێژەی ماوە | خەرجی پرۆسەی نەوت | ڕێژەی خەرجی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 2021/3/31-2021/1/1 | $1,840,713,527 | $842,750,668 | ٪46 | $997,962,859 | ٪54 |
| 2 | 2021/6/30-2021/4/1 | $2,286,368,434 | $894,430,406 | ٪39 | $1,391,938,028 | ٪61 |
| 3 | 2021/9/30-2021/7/1 | $2.429,762,073 | $1,133,267,918 | ٪47 | $1,296,494,155 | ٪53 |
| 4 | -2021/10/1 2021/12/31 | $2,569,143,022 | $1,094,365,510 | ٪43 | $1,474,777,512 | ٪57 |
| | **کۆی گشتی** | **9,107,309,205** | **$3,964,814,502** | **٪44** | **$5,161,172,554** | **٪56** |

ئامادەکردنی: توێژەری توێژینەوە بە پشت بەستن بەم سەرچاوەیە(دیوی ناوەی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت) ماڵپەری درەو میدیا:
https://tinyurl.com/mryx5dee

تێبینی : بۆیە ساڵی (2021) هەڵبژێردراوە چونکە کۆمپانیای دیلۆیت لە ناوەڕاستی ساڵی 2023 وردبینی تەواوی ساڵی 2022 بلاودەکاتەوە.

بەپێی خشتەکە دەردەکەوێت لە کەمترین حاڵەتدا خەرجی بۆ هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە ساڵی (2021) دا بریتی بووە لە (53٪)، لە بەرزترین حاڵەتدا بریتی بووە لە (61٪)، کەواتە هەرێم هیچ کات نەیتوانیوە وابکات تەنانەت خەرجی و پوختەی ماوە یەکسان بکات، هەمیشە خەرجی پرۆسەی نەوت زۆر زیاتر بووە لە داهات.

ئەمە سەرباری ئەوەی هەرێمی کوردستان جۆرێك لە بێ پلانی پێوە دیارە لە پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، کە پێمان وایە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:[2]

---

[1] . د.ڕێبوار بابکەیی، نەوتی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە سیاسی و ستراتیجیەکان: بەربەست و تەگەرەکان، ماڵپەری پێنووس، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/5: tub7jcs3https://tinyurl.com/

[2] . ئایندەی نەوتی هەرێم لە بازاڕەکانی جیهاندا، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، هەولێر، 2019، ل12.

1- هەرێمی کوردستان نەوتەکەی لە تەواوی وڵاتانی تری جیهان بە کەمتر دەفرۆشیت.
2- نەیتوانیوە کۆدەنگی لەسەر ئاستی ناوخۆیی دروست بکات، هەموو هێزە سیاسییەکان پێکەوە بتوانن بەرامبەر بە فشارەکانی بەغداد بوەستنەوە.
3- بێ توانایی بەرامبەر بە گوشارەکانی حکومەتی بەغداد کە هەوڵی دروستکردنی فشار دەدات لەسەر وڵاتانی کڕیاری نەوتی هەرێمی کوردستان.
4- هەرێم تاوەکو ئێستا هەناردەکردنی نەوتی تەنها لە ڕێی یەك دەروازەوەیە کە تورکیایە، ئەمەش هەڵەیەکی ستراتیجی گەورەیە، هەمیشە مەترسی ڕاگرتنی لەسەرە لەلایەن تورکیاوە.
5- بیرنەکردنەوەی جددی و دانانی پلانی ستراتیجی بۆ دۆزینەوەی جێگرەوەی نەوت.

یەکێکی تر لەو بابەتانەی بەپێویستی دەزانین ئەگەر بە کورتیش بێت ئاماژەی پێ بدەین قەرزەکانی سەر حکومەتی هەرێمە، کە بوّتە گووتەی بەشێك لە چاودێرانی سیاسیی و پسپۆڕانی بواری ئابووریش کە زۆرجار وەك سەرنجی سیاسیش دەخرێتە ڕوو، بریتیە لەوەی ئایەی هەرێم نەوتی فرۆشتووە؟ یان نەوتی کڕیوە؟ ئەو هەموو قەرزە هاتۆتە سەر حکومەتی هەرێم، ڕاستە هەرێم دووچاری ئاڵێنگاری قورس بووە لە دوای ساڵی (2014)ەوە بە تایبەت نەهاتنی بەشە بودجەی هەرێم لە بەغداوە، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە حکومەتی هەرێم بەهۆی باش ئیدارەنەدانی مەلەفی نەوت لە ئێستادا چەندین ملیار دۆلار قەرزدارە، کە بەشێکی قەرزی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستانە، بەشێکی تریان قەرزی جۆراوجۆرن لە سەرووی هەموویان کۆمپانیاکانی بواری دەرهێنانی نەوتی هەرێم. لە ڕێکەوتی (2020/5/22) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (مەسرور بارزانی) ڕایگەیاند حکومەتی هەرێم سەرووی (27) ملیار دۆلار قەرزدارە، کە بەشی زۆری ئەو قەرزانە هی کابینەکانی پێشووتری حکومەتن و بەجێماون بۆ ئەم کابینەیە. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە هەرێم نەیتوانیوە مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ سێکتەری نەوت و دۆخی ئابووری هەرێم بکات، ئەمە لە کاتێکدا بەپێی نەخشە ڕێگای چاکسازی حکومەتی هەرێم کە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمەوە لە ساڵی (2016) بلاّوکراوەتەوە لە ساڵی (2016) حکومەتی هەرێم کەمتر لە (2) ملیار دۆلار قەرزدار بووە. ئەم قەرزانەش بوونەتە هۆی داتەپینی ئابووری هەرێم، ئەوەی پەیوەستە بە قەرزی دەرەکی مەترسی دروستکردووە بۆ سەر ئابووری هەرێم، چونکە لە بری بایەخدان بە خزمەتگوزاری گشتی، پابەند دەبێت بە دانەوەی قەرزەکان. ئەوەی پەیوەستە بە قەرزی ناوخۆیی مەترسی زۆر زیاترە، چونکە سەرمایە لە دەست کەرتی تایبەت دەردەهێنێت و دەیگوازێتەوە بۆ کەرتی گشتی و بەم چەشنە سەرمایەی کەرتی تایبەت ناهێڵێت، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی وەبەهێنانی ناوخۆیی و ئیفلیجکردنی کەرتی تایبەت کە بنەمای ئابوورییەکی تەندروستە. هەموو ئەوانە بە حکومەتی هەرێمەوە بە ڕوونی هەستی پێکراوە، تەنانەت نەك خزمەتگوزارییەکان و وەبەرهێنانی ناوخۆیی، بگرە مووچەی مووچەخۆران کە مافێکی شایستەی مووچەخۆرانە کراوەتە قوربانی بۆ دانەوەی قەرزەکان، ئەمەش بۆتە هۆی بێبەشبوونی هاوڵاتیان لەم خزمەتگوزارییانە و مووچەکانیان.[1]

---

(1). عمر ئەحمەد، هەرێمی کوردستان لە بەردەم قەیرانی کەڵەکەبوونی قەرزەکاندا، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، هەولێر، 2020/6/1، ل2.

کاتێك حکومەت پشت بە سیستەمی ئابووری کرێخۆر دەبەستێت وەك ئەوەی لە هەرێم هەیە، ئەوکات حکومەت دوو ڕێگای لە بەردەمدایە، ڕێگای یەکەم ئەوەیە درێژە بە خولانەوە بە دەوری بازنەکەدا بدات، واتە بەردەوامیدان بە پشت بەستن بە داهاتی نەوت و بەکارهێنانی بۆ دابینکردنی مووچە و خەرجییەکانی بەکاربردن و بەگەرخستن، تا سنورێك دەتوانێت ئەمە بەردەوام بێت دواتر هەستی پێدەکرێت و دەبێتە قەیرانێکی گەورە و حکومەت توانای خۆگرتنی نامێنێت لە بەردەمیدا، ئابووری ولآت هەمیشە لە نا سەقامگیری دا دەبێت، وەك ئەوەی لە هەرێم لە ساڵی (2014) بە دواوە ڕوویدا. ڕێگای دووەمیش ئەوەیە بەشی زۆری وزە و داهاتەکان بۆ بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری سێکتەرەکانی تر تەرخان بکرێت، بە گرتنە بەری پلان و میکانیزمی تایبەت و سیاسەتی ژیرانە، کە دەبێتە هۆی ڕاستکردنەوەی سەقامگیری و گەشەی ئابووری ولآت و بوژاندنەوەی زۆربەی سێکتەرەکان، کە تاوەکو ئێستا ئەمە لە هەرێمی کوردستان نەبینراوە وەکو پێویست. هەرێم زیاتر وابەستە بووە بە ڕێگای یەکەمەوە.[(1)]

بەپێی بلآوکراوەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2022، ئاماژە بەوە کراوە خەرجی مانگانەی حکومەتی هەرێم بۆ یەك مانگ بریتییە لە (995,000,000) ملیۆن دۆلار، کە لەمە (775,000,000) ملیۆن دۆلار بۆ مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستانە، کە دەکاتە (77,88٪) خەرجی بۆ مووچە دەڕوات، هەروەها (205,000,000) ملیۆن دۆلار بۆ بودجەی کارپێکردن( تشغیلی) وەزارەتەکانە، (35,000,000) ملیۆن دۆلار بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنانی حکومەتە.[(2)]

**دووەم: گەندەڵی**

گەندەڵی دیاردەیەکی کۆمەلآیەتی جیهانییە و بەشێکی زۆر لە ولآتانی جیهانی گرتۆتەوە، بە ئاست و قەبارەی جیاواز.[(3)] گەندەڵی بەردەوام یەکێك بووە لە پرسە ناکۆکەکانی نێوان دەسەلآتدارانی دەوڵەت و لەگەڵ هاونیشتیمانیانی ئەو شوێنە لە هەموو سەردەکەماندا. بێگومان ئەمە بۆ هەرێمی کوردستانیش تەواوە کە گەندەڵی بۆتە مایەی بێزاری و نیگەرانی هاولآتیانی هەرێمی کوردستان.[(4)]

لە ولآتانی پێشکەوتووی جیهان بەرنامە و میکانیزمی تایبەت هەیە بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەڵی، تەنانەت هەوڵدراوە بخرێتە ناو بەرنامە و پرۆگرامی پەروەردەوە بۆ ئەوەی نەوەیەکی هۆشیار و تەندروست پەروەردە بکرێت دوور بێت لە گەندەڵی.[(5)]

---

(1). م. جیهانگیر صدیق أحمد، چاکسازی ئابووری لە هەرێمی کوردستان، پاسا و بەربەستەکان لە (2005–2019)، مجلة الدراسات السیاسیة والأمنیة، المجلد الرابع، العدد الثامن، السلیمانیة، کانون الأول2021، ل105.

(2). کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان خزمەتگوزاری و چاکسازی، لە بلآوکراوەکانی نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر، 2021، ل9.

(3). د.ناسر عوبێد ئەلناسر، دیاردەی گەندەڵی ( نویکبوونەوەیەکی سوسیۆلۆجی– ئابوری)، و.سەلاح شاکەلی، دەزگای چاپ و بلآوکردنەوەی موکریان، هەولێر، 2005، ل3.

(4). علی ربیعی، بژی گەندەڵی: کۆمەڵناسی سیاسی گەندەڵی لە ولآتانی جیهانی سێیەمدا، و.ڕەفعەت موڕادی، لە بلآوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی، 2009، ل9.

(5) . ئیدارەیەکی دیموکراسی بێ گەندەڵی، لە بلآوکراوەکانی یادی یوبیلی زێرینی خەبات، کوردستان، 2009، ل126.

له هەرێمی کوردستان تەواوی بەرپرسانی هەرێم ئاماژە بە بوونی گەندەڵی دەکەن لە زۆربەی سێکتەرەکاندا، هاونیشتمانیان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی جەخت لەسەر نا شەفافیەتی داهات و خەرجی لە هەرێم دەکەنەوە، کە ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی تەشەنەسەندنی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان. هەرچی پەیوەستە بە مامەڵەی حکومەت لەسەر داهات و خەرجی ئەوان ڕەتیدەکەنەوە بەمجۆرە بێت. لەم ڕوانگەوە (د.جوتیار عادل) وتەبێژی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم لە (13 ی ئەیلولی 2022) بە ماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێمی ڕاگەیاندووە، داهاتی سێ ساڵی ئەم کابینەیە بریتی بووە لە (46,3)تریلیۆن دینار، لە هەمان کاتدا خەرجی بریتی بووە لە ( 49,8)تریلیۆن دینار. ئاماژەش بەوە کردووە داهاتی صافی بۆ حکومەت لە هەناردەکردنی نەوت تەنها لە (45٪) بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە، لە (55٪) بۆ خەرجی دەڕوات.[1]

لە هەرێمی کوردستان سەرنج و تێبینییەکان تەنها لەسەر هەناردەکردنی نەوت و شێوازی گرێبەستەکان نییە، بەڵکو زۆرترین تێبینی لەسەر داهاتەکەشی هەیە، کە شەفافیەت و وردبینی تێدانییە، سەرەڕای کارەکانی کۆمپانیای (دیلۆیت)، بەڵام (ئەحمەد ئەنوەر) سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لە هەرێم لە ڕێکەوتی (2021/8/9) ئاماژەی بەوەکرد کە (کەرتی نەوت و گاز لە دەرەوەی کارەکانی دەستەی دەستپاکییە)، ئەمەش دەرگا دەکاتەوە بۆ گەندەڵی و بە هەدەردانی داهات و دروستبوونی گەندەڵی لەم سێکتەرەدا، کەواتە حکومەت نەیتوانیوە چاودێری دروست لەلایەن دەستەی دەست پاکییەوە بۆ سەر کەرتی نەوت گاز قبوڵ بکات.[2]

هەروەها خاڵێکی تر کە بۆتە سەرچاوەی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانێکی زۆر لە هەرێمی کوردستان بریتیە لە نا شەفافی لە داهاتی مەرز و دەروازە نێودەوڵەتییەکان و ئەنجامدانی قاچاخچییەتی لەو سنوورانە، کە بەشێك لە بەرپرسانی حزبەکان لە پشت ئەم کارەوەن، ئەمەش چەندین جار پشت ڕاست کراوەتەوە لە لایەن پەرلەمانتاران و تەنانەت بەرپرسانی باڵای حکومەتیش نکوڵی لە کاری قاچاخچییەتی لەو سنوورانە ناکەن، هەر لەسەر ئەم بنەمایە لە ڕێکەوتی (2021/1/11) وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، ڕایگەیاند هێزێکی هاوبەش لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە دروست دەکرێت بۆ کونترۆڵکردنی خاڵە سنوورییەکان. بەڵام تاوەکو ئێستاش ئەم هێزە دروستنەکرا و حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە قاچاخی لە دەروازە سنوورییەکان بنبڕ بکات، تەنانەت نەیتوانیوە یەك سیستەم لە تەواوی دەروازەکان پەیڕەوبکات.[3]

تەنانەت ئەمە بە ئاستێك هەستی پێدەکرێت، لە ڕۆژانی (1و2022/11/2) لە زانکۆی ئەمریکی لە شاری دهۆك، لە دیداری میری لە ژێر ناوی (عێراقێك بۆ هەمووان) وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ڕێبەر ئەحمەد) ڕایگەیاند کە ناکۆکی سیاسیی بۆتە هۆی ئەوەی نەتوانرێت هێزە هاوبەشەکە بنێردرێت بۆ دەروازە سنوورییەکان، بەمەبەستی

---

[1]. حکومەتی هەرێم داتای تایبەت بە خەرجی و داهاتی سێ ساڵی کابینەی نۆیەم دەخاتەڕوو، ماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێم، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/5: 554https://tinyurl.com/ycktp

[2]. د.ئەحمەد ئەنوەر، کەرتی نەوت و غاز لە دەرەوەی چاودێری دەستەی دەستپاکییە، پێگەی ئەلیکترۆنی کوردیو، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/6: https://tinyurl.com/6uckabb9

[3]. قاچاخی دەروازە سنورییەکان، ماڵپەری ڕووداو، رشێکەوتی سەردان 2022/11/6: 8ky2e5https://tinyurl.com/du

کەمکردنەوەی قاچاخچییەتی دەروازەکان کە بۆتە هۆی بەهەدەردانی سامانێکی زۆری حکومەت، سەرچاوەی گەندەڵییە، کە مانگانە بە نزیکەی (200) ملیار دینار مەزەندە دەکرێت.[1]

لەگەڵ ئەوەی حکومەتی هەرێم بانگەشەی چاکسازی لە داهاتی دەروازە سنوورییەکان دەکات، بەڵام هێشتا دەروازەکان بوونە خاڵی لاوازی حکومەت بۆ کۆتایی نەهێنان بە قاچاخچییەتی دەروازە سنوریەکان. واتە دەسەڵاتێك لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتەوە هەیە ناهێڵێت دەسەڵاتی تەواوی حکومەت بگات بە هەموو کاروبارێکی ئەو دەروازانە.

بابەتی سپیکردنەوەی پارە لە هەرێمی کوردستان یەکێکی ترە لە دەروازەکانی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانێکی زۆر لە هەرێمی کوردستان، علی حمە ساڵح ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە یاداشتێکدا بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمان لە ساڵی لە ساڵی (2018) ئاماژە بەوە دەکات کە 78 ملیار دۆلار لە ڕێگای 46 بانکەوە لە (16 ئازاری 2016) براوەتە دەرەوەی عێراق کە 4 لەم بانکانە لە هەرێمی کوردستانن کە بریتین لە بانکەکانی (کوردستان، ئارتی بانك، بانکی ئەربیل و بانکی شەرقل ئەوسەت). هەروەها ئاژانسی چاودێری بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سپیکردنەوەی پارە لەلایەن یەکێتی ئەورووپاوە دروستکراوە ئاماژە بەوەدەکات کە (118) کارەکتەری حیزبی و حکومی لە هەرێمی کوردستان خراونەتە ژێرچاودێرییەوە کە بەشێکی زۆری پارەکانیان ڕەوانەی وڵاتانی ئەورپا کردووە، لەو وڵاتانە چەندین موڵك وماڵیان پێ کڕیوە بە تایبەت لە وڵاتانی (ئەڵمانیا، بەریتانیا، سویسرا، فەرەنسا، هۆڵەندا).[2]

ئەمە جگە لە گەندەڵی کارگێری و بوونی هەزاران فەرمانبەری بن دیوار و مووچەی پلە باڵاکان کە گەندەڵییەکی زۆری تێداکراوە، هەزاران کەس بە نایاسایی خانەنشین کراوە و مووچەیەکی گەورە وەردەگرن و بارگرانییەکی گەورەی لەسەر ئابووری هەرێمی کوردستان دروستکردووە. لە چوارچێوەی سیستەمی بایۆمەتری دەرکەوتووە سەرووی (200)هەزار کەس دوو مووچەی هەیە، کە بەشێکی زۆری ئەوانە بە نایاسایی موچەیان بۆ بڕدراوەتەوە، لە ساڵی (2015)تەنها لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ڕێکخراوەکانەوە زیاتر لە (10) هەزار فەرمانبەری بن دیوار لە هەردوو سنووری هەولێر و سلێمانی بەسەر فەرمانگەکانی حکومەتدا دابەشکران کە بەشێکی زۆری ئەوانە هیچ مامەڵەیەکی یاسایی دامەزراندنیان نەبوو.[3]

هەروەها گەندەڵی گەورە لە دەست بەسەراگرتنی موڵك و ماڵی گشتی و چەندان سێکتەری تر کە مەودای توێژینەوەکە بەهۆی تیشك خستنە سەر بابەتەکانی تریش ناتوانرێت هەمووی بخرێتە ڕوو.

**سێیەم: داهات و خەرجییەکان**

هەرچەندە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بە تایبەت لە کابینەی نۆیەم بەردەوام بوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە ڕێگای (دەستەی دەستپاکی)*یەوە و دەرکردنی یاسای چاکسازی، هەر لەسەر ئەم بنەمایە لە سەر پێشنیاری دەستەی

---

[1]. عیراقێك بۆ هەمووان، دیداری میری بۆ ساڵی 2022، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/9: https://tinyurl.com/zneh96h4

[2]. گەندەڵی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل44.

[3]. بن دیوارەکانی پارتی و یەکێتی، ماڵپەری درەو میدیا، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/7: https://tinyurl.com/wk8d6m23

* دەستەی دەستپاکی: دەستەیەکی سەربەخۆیە ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیە لە هەرێمی کوردستان، لەژێر چاودێری پەرلەمانی کوردستان کارەکانی ئەنجام دەدات، یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2011) کارەکانی ئەم دەستەیە ڕێکدەخات، لە ئێستادا (د.ئەحمەد ئەنوەر) سەرۆکی دەستەی دەستپاکییە، بەگشتی ئەرکی دەستە بریتیە لە بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پێگەی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان: **https://www.despaky.krd/ku/ئێمە%2e%80%c8-کێین/**

دەستپاکی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە ڕێکەوتی (2021/2/18) بە فەرمانی (117/1/1) بڕیاریدا بە دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە کوردستان.[1]

ئامانج لە دروستکردنی ئەم دادگایە هەنگاوەکانی کەمکردنەوەی گەندەڵییە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوەی تاوەکو ئێستا هەیە بونی ئەم دادگایە کاریگەری ئەوتۆی نەبووە لەسەر کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان.

ئەم دەستەیە ساڵانە ڕاپۆرتی خۆی بڵاو دەکاتەوە لە ساڵی (2014)ەوە، دەستە لە ساڵی (2017 بۆ 2021) ستراتیژی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی داڕشتوە، هەروەها لە ساڵی (2021 بۆ 2025) بۆ جاری دووەم هەمان ستراتیجی داڕشتۆتەوە ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبونەوەی (29 ئەیلولی 2021) ستراتیجەکەی پەسەند کردووە.[2] ئەمە سەرباری چەندین ڕێککەوتن و لێگتێگەیشتن و ستراتیجی هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەك یەکێتی ئەوروپا و نووسینگەی یونامی لە عێراق، بۆ نمونە لە 19 حوزەیرانی 2022 دەستە یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنیان لەگەڵ بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی شەفافیەت ئەنجامدا، بە ئامانجی کەمکردنەوەی گەندەڵی و زیادکردنی شەفافیەت لە دامەزراوەکانی حکومەت.[3]

بەڵام کارەکانی دەستە زیاتر لە بلاوکردنەوەی ڕاپۆرتدا کۆبۆتەوە لەگەڵ گەڕاندنەوەی مەبلەغێك پارە لە سەرتاسەری کوردستان، واتە چالاکییەکان سنووردارە و توانایان کەمە بەهۆی ئەو دەسەلأتەی پێیان دراوە لە بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش وایکردووە کەیسەکانی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان زیاتر بن نەوەك کەمتر.

ئەمە سەرباری ئەوەی چەندین ڕێکخراو لەو بوارەدا کاردەکەن، بەمەبەستی کەمکردنەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، کە بریتییە لە چاودێریکردنی دامەزراوەکانی حکومەت، بەڵام نەیانتوانیوە ئەو ڕۆڵە کارایەی خۆیان ببینن، هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ بەحیزبیکردنی بەشێکی زۆر لەو ڕێکخراوانە دەگەڕێتەوە و نەیانتوانیوە سەربەخۆیانە کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، بەڵکو بوونە پاشکۆی بەشێك لە هێزە سیاسییەکان.[4]

دەتوانیین بڵێین ئابووری هەرێمی کوردستان ئابووریەکی پێشکەوتو و تەندروست نییە، لە چەندین لایەنەوە گرفتی جەوهەری هەیە کە بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم پێشکەوتنیدا، ئەمەش کاردانەوەی هەبووە لەسەر ژیانی تەواوی هاونیشتیمانیانی هەرێمی کوردستان، تەنانەت نیگەرانی بەرپرسانی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕیکخراوەکانیشی لێکەوتۆتەوە، جارێکی تر لە ڕێکەوتی (2022/12/9) لە ڕۆژی بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان (جێنین هینین بلاسخارت) هۆشداری توندی دایە تەواوی بەرپرسانی عێراق (بە هەرێمی کوردستانیشەوە) کە گەندەڵی گەورەترین هەڕەشەیە لەسەرتان و پێویستە چاکسازی ڕاستەقینە بکرێت، ئەگەر نا

---

[1]. ڕاپۆرتی ساڵانەی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2021)، هەولێر، 2021، ل 10.

[2]. ڕاپۆرتی ساڵانەی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2021)، سەرچاوەی پێشوو، ل11.

[3]. کارنامەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی ڕێککەوتنی نوێ لەگەڵ دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان بەهێزتربوو، پێگەی undp لە عێراق، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/9: https://tinyurl.com/fjhe9xb9

[4]. جونا سوبحی و دڵخواز ئیسماعیل، دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، ماڵپەری پێنووس، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/7: https://tinyurl.com/hadtr9p2

ئاسۆتان بەرە و تاریکی دەچێت.[1] کەواتە گەندەڵی لە عێراق و کوردستان چووتە هەموو پنتێکی ئەم وڵاتەوە، هەڕەشەی گەورە و مەترسیدارە لەسەر ئاییندەی هەرێمی کوردستان.

بەشێوەیەکی گشتی هەرێمی کوردستان چەندین هۆکاری جیاواز وای لێکردووە، کە ئابووریەکی بەهێز و پتەوی نەبێت لە سەرووی هەموویان ئەمانەی خوارەوەن:

أ- نەبوونی شەفافیەت و سەروەری یاسا لە دامەزراوەکانی دەوڵەت، کە بوونەتە ڕەخساندنی زەمینەیەکی باش بۆ تەشەنەسەندنی دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان.

ب- نەبوونی ستراتیجی گونجاو و پلانێکی تۆکمە بۆ هەمەچەشن کردنی سەرچاوەکانی داهات، دوورکەوتنەوە لەوەی تەنها نەوت بڕبڕەی داهاتی وڵات بێت.

ت- نەبوونی یاسای بودجە، نزیکەی هەشت ساڵە هەرێم یاسای بودجە نییە، ئەمەش دەرخەری نەبوونی پلانە بۆ ئیدارەدانێکی سەرکەوتووی هەرێم، ئەمەش دیسان دەرگا دەکاتەوە لەسەر گەندەڵی لە هەندێ کاروباری تایبەت بە پرۆژەکان و ئیدارەدانی وڵات.

پ- دانەمەزراندنی سندوقی خانشەنشینی فەرمانبەرانی دەوڵەت، لەگەڵ بەپێی یاسای ژمارە (27)ی ساڵی (2006)ی هەموارکراو، دەبوایە دروست بکرێت. کە بوونی حاڵەتی لەم جۆرە دەگمەنە لە هیچ شوێنێکی دونیادا.[2]

ج- لاوازی ڕۆڵی دیوانی چاودێری دارایی و و دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان، لە نەبوونی چاودێریەکی توند، ئیشوکاری فەرمانگەکانی دەوڵەت بە گوێری یاسا و ڕێنماییەکان بەڕێوەناچن.

ح- بوونی لەشکرێك لە خانەنشین کە بەشی زۆریان لە لایەن هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە خانەنشین کراون، کە بارگرانییەکی گەورەی لەسەر ئابووری وڵات دروستکردووە، بەجۆرێك سەدان کەس بە پلەی وەزیر خانەنیشنی کراوە بێ ئەوەی وەزیر بووبێت.

خ- نەگەڕاندنەوەی داهاتی بەشێك لە فەرمانگە و داهاتی خاڵە سنوورییەکان و دەست بەسەرداگرتنی لەلایەن دوو هێزی دەسەڵاتدار لە هەرێمی کوردستان.

د- نەبوونی سیستەمێکی باجی پێشکەوتو و دادپەروەرانە.[3]

**تەوەری سێیەم: مامەڵەی هەرێم بەرامبەر ئاڵێنگارییە کۆمەڵگەیی و ژینگەییەکان**

**یەکەم: ناسنامە،** بابەتی ناسنامە و زمان یەکێکن لەو بابەتانەی کە هەمیشە جێگای بایەخی زانستی سیاسەت و کۆمەڵناسی بووە، لە پرسی ناسنامەدا ئەوەی زۆرترین بەهای وەرگرتووە پرسی ناسنامەی نەتەوەییە. واتا ناسنامەیەك دەتوانێت کە دەتوانێ وێنایەك هاوبەش و یەکگرتوو لەنێوان تاکەکانی نەتەوەیەکدا بەرهەم بهێنێت.[1]

---

[1]. پەیامی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەڕۆژی جیهانی دژە گەندەڵیدا، پێگەی فەرمی یۆنامی لە عێراق، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/12: rasn7rv2https://tinyurl.com/

[2]. د.دانا علی ساڵح، دیوە تاریکەکەی ئەزموونی حوکمرانی لەهەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل16.

[3]. بەیار عمر عبدالله، نا عەدالەتی جوگرافی و چارەسەرکردنی لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا، چ5، 2017، بێ شوێنی چاپ، ل26.

دروستبوونی هەرێمی کوردستان وەك یەکەیەکی سیاسی وەچەرخانێکی گرنگ بوو لە دۆخی ناسنامە لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر لە ڕابردوو بنیاتی ناسنامەی کوردی ڕەفتار و سیاسەتەکانی دەوڵەتانی تر بووبێت، ئەوە لەگەڵ دروستبوونی هەرێمی کوردستاندا، کورد خۆی بۆتە حاکمی خۆی و هاوکات کورد خۆی ڕووبەڕووی خۆی بۆتەوە. ئەمەش وەچەرخانێکی تازەبوو لە مێژووی کوردا، بەوەی لانی کەم لە ماوەی ئەو 31 ساڵ حوکمڕانییە خۆماڵیە نەوەیەك لە ژێر سایەی ئەم حکومەتەدا گەورەبووە. هەرچەندە دروستبوونی شەڕی ناوخۆ کاریگەریەکی یەکجار زۆری هەبوو لە سەر ناسنامەیەکی دژ بەیەك لە پانتایەکی فراواندا کە شوێنەوارەکانی پیَ ناچێت ئاوا بە ئاسانی بسڕدرێتەوە.[2]

لە ماوەی (31) ساڵ ئەزموونی حکومڕانی هەرێمی کوردستان، ناسنامەی تاکی کورد هەڵبەز و دابەزی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە ناسنامەیەکی نەتەوەیی دروست بکات، لەدوای ساڵی (2014)ەوە کە ئامانجی توێژینەوەکەی ئێمەیە زیاتر هەستی پێدەکرێت. بەردەوامی قەیرانی ئابووری لەوکاتەوە، لێکەوتەکانی دوای ڕیفراندۆم و جیاوازی دیدگای حیزبی و دابەشبوونی قوڵی حیزبی نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێم، ئامادەنەکردنی ژینگەیەك لە هەرێم کە گۆشکراو بێت بە هزر و بیری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی و ئابوورییەوە تەنگی بە نیشتیمان پەروەری خەڵکی کوردستان هەڵچنیووە. تەنانەت ئەمە گەیشتۆتە ئاستێك جگە لەوەی لە دانیشتنی تایبەت، بەڵکو تەنانەت لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەفرەت لە کورد بوون دەکرێت، گاڵتە بە ڕەمزەکانی میللەتی کورد و قوربانیەکانی ڕابردوو دەکرێت، داگیرکەر و دوژمنانی کورد بە پاڵەوان دەناسێندرێن، ئاوات خواستن بە ڕژێمی صدام و کەسایەتی سەدام باشترین نمونەیە کە دەبیندرێت و هەستی پێدەکرێت. تەنانەت لە کاتی قوڵبونەوەی زیاتری قەیرانەکان هەستی عێراقی بوون زیاتر دەکات، ئەمەش هەڕەشەیەکی جددییە لە ئاسایشی ناسنامەیی هەرێمی کوردستان.[3]

تەنانەت لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو هێزە سیاسییە باڵادەستەکانی هەرێمی کوردستان، نەك هاوکار نەبوون بۆ دروستکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی بەڵکو هۆکاری سەرەکی بوون بۆ کاڵکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی، لە پێناو کەسبکردن و ڕاکێشانی دەنگدەران ساڵانە چەندین ڤیستیڤاڵی عەشیرەت و بنەماڵە...هتد بە سپۆنسەری دارایی ئەوان ساز دەکرێت.

هەروەها دروستنەبوونی دەسەڵاتێکی سەرتاسەری یەکگرتوو یان حکومەتێکی خاوەن سەروەری کاریگەر لە هەموو ناوچەکان، بەڕێوەبردنی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای دوو زۆنی ( زەرد/ سەوز و نیلی) بۆتە هۆی ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕووی نوێنەرایەتیکردنی هەموو سەروو ناسنامە و وردە ناسنامەکان لە چوارچێوەی ناسنامەی نەتەوەییدا ڕەوایەتی لاوازبێت و بە پێیەش لە وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستاندا.

---

[1]. حیسام دەست پێش، قەیرانی وردە ناسنامەکان، ماڵپەری پێنووس، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/8:
ddbxchp4https://tinyurl.com/

[2]. د.سەردار عەزیز، ناسنامەی کوردی لە باشور... سەرهەڵدانی وردە ناسنامەکان: گۆڕانی ناسنامەیی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، هەولێر، 2021/3/14، ل4.

[3]. د.سالح عمر عیسی و د.پەرویز رحیم، ئاسایشی ژینگەیی و ناسنامەیی...، سەرچاوەی پێشوو، ل37.

بۆیە، حزب و تاکەکان لە درەوەی گوتاری زاڵی فەرمی نەتەوەیی بۆ ڕەوایەتی و بەردەوامبوونی خۆیان، هەوڵ دەدەن لە دەرەوەی حکومەتی هەرێم، ئەم پێداویستیانە دەستەبەر و دابین بکەن.[1]

هۆکاری سەرەکی دروستنەبوونی ناسنامەیەکی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان بریتیە لە ئابووری کرێخوری نەوت، دابەشبوونی قوڵی سیاسی، نەبووی هۆشیاری و گوتاری نەوەیی و چوارچێوەی یاسایی و کولتووری، دروستبوونی توێژێکی دابڕاو لە بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگە، نادادپەوەری، سەرهەڵدانی چینێکی گەورەی مووچەخۆر...هتد.

**دووەم: پرسی زمانی یەکگرتوو**

هەرچی پرسی زمانە، زمانی کوردی بە چەندین قوناغی گرنگی مێژوویی و سیاسیدا تێپەڕیوە، هەرکام یەکێك لە قۆناغەکانیش بە پێودانگی زانستی و سیاسی خۆیان توانیویانە ببنە خاڵی وەچەرخانێکی مێژوویی و ئەم زمانە لە مەترسیی نەمان ڕزگار بکەن و لە تەوژمی سیاسەتی پاکتاوی کولتووری دەوڵەتانی پەیوەندیدار بە کێشەی کوردەوە بیپەڕێننەوە و بیگەیەننە کەنارێکی ئارام. لەگەڵ ئەوەی لە غیابی نەبوونی دەوڵەتدا زمانی کوردی ڕووبەڕێکی سیاسی و کولتووری بەرین و بەرفراوانی هەیە و ناکرێت نکۆڵی لە هەبوونی بکرێت. بەڵام ئەمە بە واتای سەقامگیریی هەمیشەیی و کۆتایی قەیرانەکانی ئەم زمانە نەبووە و نییە.[2]

لە ئێستادا زمانی کوردی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەراوێز خراوە و ئایندەیەکی نادیاری هەیە. هێز و پانتایی زمانی ئاخافتنی خەڵکی کوردستان لە سەردەمی بەعسدا زۆر بەفراوانتر بووە لە زمانی ئاخافتنی نەوەی دوای سەردەمی بەعس. ئەمەش بەهۆی لاوازکردنی زمانی کوردی و بەهێزکردنی زمانەکانی دیکەوە لەناو دامودەزگا پەروەردەیی و فێرکارییەکان. هەر ئەمەشە وایکردووە بڵێین نەوەی دوای ڕووخانی بەعس توخمەکانی شوناسی نەتەوەییان لاوازە، نەوەیەکە زیاتر بەوە ناسراوە بە ڕابردووی نامۆیە، نەوەیەك بەرهەم هاتووە زمانی کوردی تەنها بۆ ئاخافتن ناوێت، بەڵکو دەیەوێت جیهانی پێ بناسێت، کەچی زمانێك دەبینێت تەنها لە هەواڵە سیاسییەکان و قوتابخانە حکومییەکاندا بوونی هەیە، لەم کاتەدا زمان بایەخێکی ئەوتۆی نابێت بەلایەوە. پێویستە حکومەتی هەرێم حکومڕان بێت نەك کار بەڕێکەری ئیداری لەم پرسەدا (وەك ئەوەی ئێستا هەیە) چونکە حوکمڕان کۆمەڵێك پێوەر و بنەمای هەیە. بەگشتی دوای دروستبوونی دەسەڵاتی کوردی بە تایبەت لە دوای ساڵی (2010)ەوە دەسەڵاتی کوردی هیچ پلان و بەرنامەیەکی ئەوتۆی نەبووە بۆ گەشەندنی زمانی کوردی.[3]

بوونی زمانێکی ستاندار و یەکگرتوو، یەکێکە لە پایە و کۆڵەکە سەرەکییەکانی هەر دەوڵەتێك، لە هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ جوڵاندنی پرسی سەربەخۆیی ئەم پرسە زیاتر دەبوایە جێگای بایەخ بووایە. بەڵام لە ماوەی 31 ساڵ ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان نەتوانراوە زمانێکی ستاندار و یەکگرتووی کوردی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان هەبێت، بە پێچەوانەوە لە دامەزراوە فەرمی و کارگێری و پەروەردەییەکاندا، دوو زمانی کوردی بەکاردێن. لە کاتێکدا یەکلانەکردنەوە و بە هەڵپەسێردراو هێشتنەوەی زمانی ستاندار، هێندەی پرسی سەربەخۆیی بوون بۆ دەوڵەت گرنگە، ئەمەش بۆتە مایەی

---

[1].د.پەروێز رحیم قادر، کوردستان لەبەردەم قەیرانی ناسنامەدا، ماڵپەری پێنووس، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/11: tvxn23https://tinyurl.com/ya

[2]. د.فەرەیدون سامان، زمانی کوردی، پێگەی ئەلیکترۆنی کوردستانی نوێ، ڕێکەوتی سەردان 2022/10/29: yc29https://tinyurl.com/yexb

[3]. د.کامەران حسن، سەرچاوەی پێشوو.

نیگەرانی پسپۆڕان و خەمخۆرانی زمانی کوردی لە هەمبەر دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.[1]

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو قسانە دەکرێت چەند پرسیارێك بخەینە ڕوو، نەوەی نوێ کە بەشی زۆریان لە قوتابخانە تایبەتەکان دەخوێنن و تێگەیشتنی کوردیان چۆنە؟ لە هیچ شوێنێك بینراوە هەڵەی نووسین لەسەر تابلۆی دوکان و فەرمانگەکان و نوسراوەکانی حکومەت...بەڕێژەی هەرێمی کوردستان هەبێت؟ هەر تاکێك لە هەرێمی کوردستان چەندە دڵنیایە لاپەرەیەك بنووسێت بێ هەڵەی ڕێزمانی نوسین؟ لە زانکۆکانی کوردستان ئاستی زمانی کوردی لە چاو ئاستی زمانی ئینگلیزی نزمترە، لە کاتێکدا هەموو هاوار دەکەن قوتابیانی کوردستان لە زمانی ئینگلیزی باش نین؟ بەڵام کەس هاوار ناکات بۆ زمانی دایك و نەتەوە گەیشتوتە ئەم ئاستە؟ لە ڕووی زانستییەوە کاتێك دەتوانی فێری زمانی دیکە ببێت کە زمانی دایك باش بزانیت، بۆیە بۆ تێگەیشتن لە زانست پێویستە زمانی دایك بخوێنین.[2]

**سێیەم: ماددەی هۆشبەر**

هەرچی پەیوەستە بە پرسی ماددەی هۆشبەرو و ئاوارە و پەنابەرەوە. لە هەرێمی کوردستان بە گوێرەی یاسای ژمارەی (1)ی ساڵی (2020) یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقڵیەکان لە هەرێمی کوردستان– عیراق. مامەڵە لەگەڵ دۆخی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان دەکرێت. لەگەڵ ئەوەی بە پێی ماددەکانی یاساکە هەوڵدراوە لە پێناوی کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە سزاکان توندتر بکرێن، سەنتەری تایبەت بە چارەسەری بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر بکرێتەوە.[3]

سەرباری دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی تایبەت لە ئاستی ئاسایشەکانی هەرێم و کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری بۆ گرتنی بازرگان و بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر کە ئەمە زیاتر لایەنە مەیدانی و هەواڵگرییەکەیەتی لە هەرێمی کوردستان. کە بەداخەوە ساڵانە ئاستی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەرەوە لە هەرێمی کوردستان زۆر زیاد دەکات.

ئەگەر سەیری دواین ئاماری ساڵی (2022) بکەین لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر و دهۆك تەنها لەماوەی 11 مانگی ئەو ساڵەدا، (2229) کەس دەستگیرکراوە، لەم ژمارەیە (242) کەس بازرگانیان بە ماددەکانەوە کردووە. ئەوەی مەبەستی ئێمەیە تیشکی بخەینە سەر نەبوونی هۆشیاری گشتی و ئامادەسازی پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوەی لە هەرێمدا، عمید (حسێن نامق) بەڕێوبەری گشتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئاماژە بەوە دەکات ڕووبەڕووبوونەوەی ماددەی هۆشبەر چەندین کێشەی تێدایە، چونکە بەرەنگاری ماددەی هۆشبەر سێ قۆناغە، ئێمە لە قۆناغی یەکەم و سێیەم کێشەمان هەیە (قۆناغی یەکەم: هۆشیاری، قۆناغی دووەم: بەرەنگاربونەوە و سزادان، قۆناغی سێهەم: چارەسەرکردن)، هەروەها ئاماژە بە سەرنج و تێبینی لەسەر یاساکە کرد کە

---

[1] . کامیل عومەر، زمانی ستانداری کوردی، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، سلێمانی، 2017، ل11.

[2]. د.کامەران حسن، سەرچاوەی پێشوو.

[3]. بڕوانە یاسای ژمارەی (1)ی ساڵی (2020) ی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقڵیەکان لە هەرێمی کوردستان– عێراق، لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.

پێویستە هەموار بکرێتەوە. ئەوەی پەیوەستە بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە ئێستادا سەرقاڵی کردنەوەی چەند سەنتەرێکی تایبەتن بۆ ئالودەبووان، بەڵام بەهۆی گرفتی داراییەوە تاوەکو ئێستا سەنتەرەکان نەکراونەتەوە.[1]

هەرچی پەیوەستە بە بابەتی هۆشیاری کە گرنگترین قۆناغی ئەم پرسەیە و لە قۆناغەکانی خوێندنەوە دەست پێدەکات، بە پێویستمان زانی چاوپێکەوتن لەگەڵ (م.ئالان حمە سعید) وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەین، کە پلان و بەرنامەی وەزارەت چی بووە سەبارەت بەم پرسە، ناوبراو ئەوەی خستە روو" بۆ ساڵی خوێندنی 2022 بۆ 2023 سێ ڕۆژی دەوامی یەکەمی خوێندنی وەزری یەکەم 13 و 14 و 15 /2022/9 تەرخانکراوە بۆ باسکردنی 5 تەوەری هۆشیاری گشتی، یەکێك لەم تەوەرانە ماددەی هۆشبەرە، بۆ ئەوەی قوتابیان و خوێندکاران ئاشنابن بە مەترسی و لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، هەروەها لە وەرزی دووەمی ساڵی خوێندندا دوو ڕۆژی تر لە ڕێکەوتی 2 و 2023/1/3 تەرخان دەکرێت بۆ هەمان پرس، وانەکان بۆ قوتابیان نابێت لە 25 خولەك کەمتربن و لە 40 خولەك زیاتر بن" هاوکات لەگەڵ ئەمەش ڕێبەرێکی تایبەت بەم پرسە بەسەر سەرجەم ناوەندەکانی خوێندندا دابەشکراوە بەمەبەستی سوود لێ بینینی بۆ قوتابیان و کەسوکاری قوتابیان لە ژێر ناوی (لە پێناو نیشتیمان و ژیاندۆستیدا... چەند پرسێکی گرنگ بۆ قوتابیان وخوێندکاران. کە هەر پێنج بابەتەکەی تێدایە پەیوەست بە هۆشیاری گشتی هەموو ئەمەش لە پێناوی هۆشیاری گشتی و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان.[2]

ئەوەی مایەی سەرنجە بەپێی یاسای دەزگای ئاسایش یەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر هەیە، بەڵام بەداخەوە لە واقعدا لە هەرێمی کوردستان ئەم دەزگایە یەکی نەگرتۆتەوە، یەکێك لە هەولێر و دهۆك، یەکێك لە سلێمانی، هەیە، ئەمەش هەنگاوی بەرەنگاربوونەوە و گرتنی تۆمەتباران قورس دەکات، بە تایبەت کە بەشی زۆری هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان سەر بە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمن، ناکۆکی توندی نێوان ئەو دوو هێزە سیاسییە کاریگەریی لەسەر هەماهەنگی و ئیشوکاریان هەیە، تەنانەت زۆرجار هەماهەنگی پێویست لە نێوانیاندا نییە. واتە لە هەرێمی کوردستان بە دوو جۆر مامەڵە لەگەڵ پرسی ماددەی هۆشبەر دەکرێت. ئەمە سەرباری ئەوەی هەندێك جار کەسانی پلەدار و بەپرس سەرەڕای گیرانیان بە ماددەی هۆشبەرەوە بەڵام چاوپۆشییان لێکراوە و ئازاد کراون.[3] ترسناکی ئەم پرسە گەیشتۆتە ئاستێك دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوەدەکات نیوەی زیندانیانی هەرێمی کوردستان لەسەر ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون، کە ژمارەیان

---

[1] . بەڕێوەبەری نەهیشتنی ماددەی هوشبەرەکان: لەماوەی 11 مانگدا 2229 تۆمەتبارمان دەستگیر کردووە، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو، ڕێکەوتی سەردان 2022/12/12: 021220226https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/

[2] . چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (م.ئالان حمە سعید) وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕێکەوتی 2022/12/11، دیوانی وەزارەت، هەولێر، کاژێر 10:30 خولەکی بەیانی.

[3] . ئایا هەرێمی کوردستان بۆتە کاروان سەرای ماددەی هۆشبەر، ماڵپەری ئاوێنە، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/9: wzww55https://tinyurl.com/yc

(3089) کەسە، بۆ ئەم مەبەستە داوای هاوکاریان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کردووە، هاوکاریان بن لە بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان.[1]

ئەوەی دەمێنێتەوە سالآنە چەندین سیمینار و وۆرکشۆپ و کۆنفرانس لە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەردا سازدەکرێت و بەشی زۆری چالاکییەکانی حکومەت لەوەدا کورت دەبێتەوە، کە بچنە خانەی هەلّمەتی هۆشیاری. بەشێوەیەکی گشتی ئامادەکاری هەرێم لە ئاستی پێویست نییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردە ترسناکە.

### چوارەم: ئاوارە و پەنابەران

ئەوەی پەیوەستە بە مامەلّەی هەرێم لەگەلّ ئاوارە و پەنابەران، لە هەرێمی کوردستان نزیکەی (926) هەزار ئاوارە و پەنابەر هەیە، بەشی زۆری ئاوارەکان کوردانی ئێزدین، تەنها لە (30٪) لە کەمپەکاندا دەژین، ئەوانی تر لە ناو شارەکان دەژین، حکومەتی هەرێم توانیویەتی ئەمانە لە (25) کەمپدا نیشتەجێ بکات، کە (15)کەمپ لە دهوك، (6) کەمپ لە هەولێر، (4)کەمپ لە سلێمانی. بەگوێرەی دواین زانیارییەکان سالآنە حکومەتی هەرێم (866) ملیۆن دۆلار بۆ ئاوارە و پەنابەران تەرخان دەکات.[2]

هەولّدەدەین لەم خشتەی خوارەوەدا کۆی دابەشکاری دانیشتوان لە پارێزگانی سلێمانی و هەولێر و دهوك دیاری بکەین کە چۆن دابەشبوون لە نێوان کۆمەلّگای خانەخوێ، ئاوارە، پەنابەر.

**چارتی ژمارە (7)**

**دابەشبوونی دانیشتوانی سێ پارێزگاکەی هەرێم لە نێوان خانەخوێ، ئاوارە، پەنابەر**




---

[1]. ئایا هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر هانا بۆ ڕیکخراوە نێودەولّەتییەکان دەبات، مالّپەری ڕووداو، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/18: j358https://tinyurl.com/hdsa

[2]. ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردستان،مالّپەری کوردستان 24، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/12: 4ch4https://tinyurl.com/mrxv

ئامادەکردنی توێژەر: بە پشت بەستن بەم سەرچاوانە (سێ ڕاپۆرتی جیاوازی وەزارەتی پلان دانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە شاری هەولێر، دهۆك و سلیمانی، لە ژێر ناوی: ئاوارەیی گرفت و دەرفەت).

هەرێم لەگەڵ ئەوەی لە سایەی ئەم شەپۆلی ئاوارە و پەنابەرە، ترسی گۆڕینی دیمۆگرافیا و تێچووی خزمەتگوزاری گشتی و تێکدانی خزمەتگوزاری گشتی بوونە ئاستەنگ بۆی، بەڵام سەرباری ئەوانەش نەیتوانیوە پلانێکی تۆکمە دابنێت بۆ ئیبرازکردنی ئەم کەیسە و قۆستنەوە و پیشاندانی لەسەر ئاستی جیهان و ورووژاندنی ئەم کەیسە، بەوەی هەرێم بۆتە لانکەیەکی ئارام بۆیان، تەنها لە چێوەی هەندێ دروشم و وتار و چاوپێکەوتندا ماوەتەوە.

## پێنجەم: پرسی ژینگە و ئاو

ئەوەی پەیوەستە بە مامەڵەی هەرێم بەرانبەر بە ژینگە دەیخەینە ڕوو، بەوەی دۆخی ژینگەی هەرێمی کوردستان چۆنە و ئاستی ژینگەی هەرێمی کوردستان چۆنە. بەجۆرێك لە ئێستادا بەپێی تازەترین ڕاپرسی ناوەندە جیهانییەکان، ساڵانە نزیکەی 9 ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهاندا بەهۆی پیسبوونی ژینگەوە گیان لە دەست دەدەن، ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە، بەجۆرێك پیسبوونی ژینگەی کردوتە خەمێکی جیهانی لەسەر ئاستی هەموو جیهان توێژینەوەی لەبارەوە دەکرێت و وەك پرسێکی ئاسایشی سەیردەکرێت.[1]

ژینگەی هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لە ژینگەی جیهان، تووشەی هەڕەشە بۆتەوە و مەترسی پیسبوونی لەسەرە بە چەند هۆکاری جیا جیا. هەر ئەمەش بووە هۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتێکی تایبەت بە کاروباری ژینگە هەبێت لە ڕابردوودا، لە ژێر سایەی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2008) کارەکانی ئەنجامدەدا.[2]

بەڵام دواتر ناوەکەی بە پێی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2010) لە هەرێمی کوردستان، لە وەزارەتەوە گۆڕدرا بۆ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان، ڕاستەوخۆ سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانە، دەستە لە ئەنجومەنێك پێکدێت کە نوێنەری 14 وەزارەت تیایدا ئەندامن کە پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نییە. هەروەها بەپێی بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ژمارە (7) لە ساڵی (2008) هەموو ساڵێك ڕێکەوتی (4/16) کراوە بە ڕۆژی ژینگە لە هەرێمی کوردستان، کە ساڵانە لەم ڕۆژەدا چەندین چالاکی هەمە جۆر ئەنجام دەدرێت.[3]

بەڵام لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوو بە چەندین ئاستی مەترسیدار ژینگەی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی مەترسی بۆتەوە، کە بەشێکی ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە هۆکاری سەرەکی و گشتی بریتیە لە خراپی بەڕێوەبردن و نەبوونی ستراتیجێکی ئاسایشی لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەت کە خەمی ژینگە

---

[1]. پیسبوونی ژینگە ساڵانە دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانی نزیکەی 9 ملیۆن کەس لە جیهاندا، ماڵپەری دەنگی ئەمریکا، ڕێکەوتی سەردان 2022/10/20: https://tinyurl.com/j6ed9n43

[2]. بڕوانە یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2008) یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان، خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان.

[3]. بڕوانە بڕیاری ژمارە (7)ی ساڵی (2008) سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، تایبەت بە دەستنیشانکردنی ڕۆژی ژینگە لە هەرێمی کوردستان– عێراق، لە ڕێکەوتی 2008/5/26.

و پاراستنی نەبۆتە خەمێکی جددی بۆ بەرپرس و کاربەدەستانی حکومی و حزبی لە هەرێمی کوردستان، کە ئەمانەی خوارەوە گرنگترین هەڕەشەکان تاوەکو ئێستا پلانی جددی و تۆکمە دانەنراوە بۆ چارەسەرکردنیان.[1]:

1- زۆربوونی نەخۆشی شێرپەنجە، بەهۆی نەبوونی چاودێری توند و دانەنانی فلتەری مۆدێرن لەسەر کاری پاڵاوگەکان لە هەرێمی کوردستان.

2- لاوازی هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی، سنووردارنەکردنی هاتنی ئۆتۆمبیلی کوالێتی نزم، کارکردنی مۆلیدە ئەهلییەکان، هەموو ئەمانە ژاوە ژاو دەنگێکی بێزارکەر دروست دەکەن، سەرباری شێوازی کارکردنییان دەبێتە هۆی کەشوهەوایەکی ناتەندروست .

3- بلاونەکردنەوەی هۆشیاری گشتی بۆ هاولاتیان بۆ جیاکردنەوەی جۆری پاشەڕۆکان، نەبوونی سیستەمێکی ریسایکلینی پێشکەوتوو لە هەرێمی کوردستان کە یەکێکە لە کێشە هەرە گەورەکان کە بەشێکیان دووبارە دەبنەوە هۆی پیسکردنی ژینگە.

4- زیادبوونی باڵەخانەکان بێ لە بەرچاوگرتنی رێژەی ستانداری جیهانی سەوزایی، چارەسەرنەکردنی ئاوەڕۆی ماڵان و کارگەکان و تێکەڵبوونی بە ئاوی خاوێن.

5- یاساکان و رێنماییەکان لە ئاستی پێویست نین، تەنانەت دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستانیش لە ئاستی یاساکان رازی نین و پێیان وایە لە ئاستی سەردەمەکەدا نین و پێویستە گۆڕانکاری ریشەییان تێدابکرێت، باشترین نمونەش ڕاگەیەنراوی ساڵی (2021) دەستەی ژینگەیە کە داوای هەموارکردنی یاساکە دەکات.[2]

بەڵام هەندێکی هۆکاری تر هەن کە لە دەرەوەی توانای حکومەتی هەرێمن، زیاتر ڕەهەندێکی جیهانیان هەیە بوونەتە هۆی پیسبوونی ژینگەی جیهان، ژینگەی کوردستانیش وەك بەشێك لە ژینگەی جیهانی کە دیارترین هۆکارەکان بریتین لە (گۆڕانی کەشوهەوا و پیسبوونی هەوا، خۆڵبارین، کەمبوونەوەی رێژەی باران بارین).[3]

لە ئێستادا لە تەواوی ناوەندە زانستییەکانی جیهان و ناوەندەکانی توێژینەوەی تایبەت بە ژینگە باس لە هۆکارێکی تری ترسناك دەکەن، کە ئەمە لە هەرێمی کوردستانیش بوونی هەیە بریتیە لە مەترسی ڕۆچوونی زەوی، کە بریتییە لە جوڵانی زەوی بۆ لای خوارەوەی زەوی کە هۆکارەکانی بەشێکی سروشتین و بەشێکی بەهۆی مرۆڤەوەیە، بە تایبەت بەهۆی زیاد بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی و دەرهێنانی غاز و نەوتەوە. د.بەنگین مەسیح ئاودەل، ئاماژە بەوە دەکات ئەم پرسە لە دیدی دەسەلاتدارانی هەرێمی کوردستانەوە گرنگی زۆری پێنەدراوە، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات ئەمە هەڕەشەیە ترسناکە لەسەر داهاتووی کەرتی کشتوکاڵ و ژینگە لە هەرێمی کوردستان. ئاماژە بەوە دەکات ساڵی ڕابردوو لە بەشی زۆری ناوچەکانی هەولێر لە سەنتەری شاردا لە کاتی لێدانی بیری ئاودا زیاتر لە (450)م پێویست بووە بۆ گەیشن بە

---

[1]. د.بارزان جوهر صادق، هەڕەشە ناوخۆییەکانی...، سەرچاوەی پێشوو، ل112.

[2] . لە ڕۆژی ژینگەی کوردستان دەستەی ژینگە پەیامێکی بلاوکردەوە، ماڵپەری سپی میدیا، ڕێکەوتی سەردان 2022/10/22 : 3er9r8https://tinyurl.com/yc

[3] . د.بارزان جوهر صادق، هەڕەشە ناوخۆییەکانی...، ل 113.

ئاوی ژێر زەوی، لە هەندێ ناوچە گەیشتۆتە ئاستی (700)م، ئەمەش بە هۆی ڕۆچوونی زەویەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، کە بە داخەوە لە هەرێمی کوردستان مەترسی ئەمە وەکو پێوست وەرنەگیراوە.[1]

یەکێکی تر لەو بابەتانەی کە زیانی گەورەی تەندروستی و ژینگەیی هەیە و زۆر بەر بلاوە لە هەرێمی کوردستان، گازی ئۆتۆمبیلەکانی کوردستانە کە ئەخرێتەوە هەواوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە سالآنی ڕابردوو ڕێکارەکانی پەیوەست بە داخلبوونی ئۆتۆمبیل هەم لە رووی سەلامەتی و هەم لە ڕووی ژینگەیی ڕەچاوی پێوەرە جیهانییەکان نەکرابوو، ئەمڕۆ ناوەندە زانستییەکانی جیهان باس لەوە دەکەن تەنیا لە دوکەڵی ئۆتۆمبیل و مۆلیدە و ئامرازەکانی گەرمکردنەوە، سەدان جۆر تەنۆچکەی پێکهاتەی کیمایی و ئۆرگانیی دەرئەچن، کە بەشی هەرە زۆریان ژەهراوین و شێرپەنجەیین، بە یەکێك لە هۆکارەکانی زۆربوونی شێرپەنجە دادەنرێت، لە هەرێمی کوردستان پلانی تایبەت بۆ بەرگەگرتن و کەمکردنەوەی ئەوەی هەنگاوی پێویست نەنراوە.[2]

لە ئێستادا پاشەڕۆی کارگەکان و ئۆتۆمبیل بە تایبەت کارگەکان سەرچاوەی سەرەکی نەخۆشی شێرپەنجەن، بۆ سەلماندنی ئەمە باشترین نمونە لە هەرێمی کوردستان بازیانە، کە لە (32٪) پیشەسازی عێراق لەم ناوچەیەیە، کە زیاتر لە (200) کارگە و کۆمپانیای لێیە، بەشی زۆری کارگەکان بە پێی ستانداری جیهانی کارناکەن بە تایبەت پاشماوەی کارگەکان دوورە لە هەموو پێوەرێکی تەندروستی و ژینگەیی، دەستەی ژینگە و لایەنی پەیوەندیدار کەمتەرخەم بوون لە چارەسەرکردنی ئەم پرسە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لە سنوری ئەم ناوچەیە بەرزترین ڕێژەی توشبوون بە شێرپەنجەهەبێت و نزیکەی دە هەزار کەس (بە ئاستی جیا جیا) تووشی نەخۆشی شێرپەنجە ببن، ئەمەش ئامارێکی یەکجار مەترسیدارە لەسەر ئاستی هەموو هەرێمی کوردستان.[3]

تەنانەت لە ماوەی چەند مانگی نیوەی دووەمی ساڵی (2022) لە پارێزگای سلێمانی و دەوروبەری بەهۆی نەدانی پارەی کۆمپانیاکانی پاکەرەوە شەقام و شوێنە گشتییەکان و کوچە و کۆڵانەکان بۆ ماوەیەکی زۆر چەندین تەن زبڵ و خاشاك کۆببۆوە، کە هەم سیمایەکی ناشیرین بوو، هەم لە ڕووی ژینگەیی و تەندروستییەوە ترسناك بوون، گووتنی ئەمە بۆ ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان ئەگەر لە هەندێ ئاستیش بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیبێت بۆ پاراستنی ژینگە بەڵام هێشتا لە هەندێ ڕەوە کێشەی سەرەتایترین هەنگاوەکانی پاراستنی ژینگەی هەیە کە کۆکردنەوەی پاشماوەی ماڵانە.

ئەمە سەرباری ئەوەی بەشێکی زۆر لە ژینگەی کوردستان لە ساڵانی پێشوو لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بەهۆی شەڕەوە بە مین چێندرابوو، نەتوانراوە هەموو پاك بکرێتەوە، بەڵام هەنگاوی باش نراوە لەو بوارەدا. بە پێی پلانی وەزارەتی پلان دانانی حکومەتی هەرێم وا بڕیاربوو کە بەشی هەرە زۆری ئالێنگارییەکانی بەردەم پیسبوونی ژینگەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2020) چارەسەر بکرێن، بە تایبەت دانانی سیستەمی ریسایکلینی پێشکەوتوو و مۆدێرن بۆ زۆربەی کوردستان، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەم بابەتە چارەسەر نەکراوە، لەگەڵ چەندین پلانی تر کە بەداخەوە نەتوانراوە جێبەجێ

---

[1]. د.بەنگین مەسیح ئاودەل، مەترسییە ژینگەییەکان لە هەرێمی کوردستان: ڕۆچوونی زەوی، لە بلآوکراوەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، هەولێر، 2022/6/22: ل3.

[2] ئاسۆ جەوهەر، پاشەڕۆ مەترسیدارەکان چین و چۆن چارەسەر دەکرێن، ماڵپەری ئازادبوون بۆ تواناسازی، تاکگەرایی و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان، ڕێکەوتی سەردان 2022/10/23: 8580https://azadbun.com/archives/

[3]. ساکار عبدالله، ژینگەی بازیان لە مەترسی دایە ( نزیکەی 10 هەزار کەس تووشی سێرپەنجەبوون) ، ماڵپەری ئازادبوون بۆ تواناسازی، تاکگەرایی و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان، ڕێکەوتی سەردان 2022/10/20: 8537https://azadbun.com/archives/

بكرێت، بە تایبەت بابەتی هۆشیارکردنەوەی گشتی کەمترین کاری لەسەر کراوە، بەوەی پاراستنی ژینگە ببێت بە کولتوور.[1]

ئەوەی پەیوەستە بە سامانی ئاوە هەرێمی کوردستان پێویستە بگوترێت لە ئێستادا گرنگی و بایەخی ئاو بۆ مرۆڤ هاوشێوەی ئۆکسجینە و مرۆڤ ئەستەمە بێ هیچ یەکێك لەمانە بتوانێت بژیت.[2]

ئاسایشی ئاو پاڵنەرێکە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری، ئاسایشی ئاویش هاوتای ئاسایشی خۆراکە، چونکە بێ ئاوێکی باش ناتوانین باس لە ئاسایشی خۆراك بکەین. هەرێمی کوردستان سامانی ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا لە سەرانسەری جیهاندا و کەمبونەوەی ئاستی باران بارین و سیاسەتی ئاوی وڵاتانی دراوسێ بە تایبەت تورکیا و ئێران، ئاسایشی ئاوەکەی و داهاتووی ئاو لە هەرێمی کوردستان لە بەردەم مەترسییەکی گەورەدایە. سەرباری ئەوانەش ئاوی هەرێمی کوردستان بە تایبەت ئاوی سەر زەوی کێشەی گەورەی بەردەمی بریتییە لە سیاسەتی ئیدارەدان و پلانی حکومەت نەوەك ڕێژە و بڕەکەی، واتە وەکو پێویست سوودی لێ نەبینراوە و بگرە بەشێکی زۆری پیسکراوە.[3]

ئەوەی مەبەستی سەرەکی ئێمەیە بە پلەی یەکەم تیشکی بخەینە سەر، دۆخی ئاوی ژێر زەویە لە هەرێمی کوردستان کە لە بەردەم مەترسییەکی گەورەدایە. ئاوی ژێر زەوی لە هەرێمی کوردستان لە ڕووی چۆنیەتی دابەشبوونییەوە چەند فاکتەرێك کاریگەری هەیە لەسەری، لەوانە: (جیاوازی ژینگەیی جیۆلۆجی و بارودۆخی جیۆلۆجی، هەروەها لەڕووی هۆکاری جوگرافیەوە، وەك ڕێژەی باران و بەفر و پلەی گەرمی و دواتریش بارودۆخی فیزیایی و کیمیایی هەرێمی کوردستان وەك گۆڕانی پلەی گەرمی و پاڵەپەستۆی هەوا... ئەمانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر جۆری ئاوی ژێر زەوی و بڕی ئاو.[4]

لە ئێستادا بە پێی ڕاگەیەنراوی فەرمی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان، ژمارەی بیری یاسایی لە هەرێمی کوردستان بەمجۆرەی خوارەوەیە.

---

[1]. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، هەرێمی کوردستانی عێراق 2020 دیدگایەك بۆ ئایندە، ل35.

[2]. د.نەژدەت ئاکرەیی، هەرێمی کوردستان و چەند لایەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی ( خوێندنەوەیەکی سیاسی و یاسایی)، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری سەرنج بۆ ڕاپرسی و توێژینەوە، هەولێر، 2011، ل85.

[3]. ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان، ماڵپەری کەی ئێن ئێن، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/6: pvkzdd85https://tinyurl.com/

[4]. کشتوکاڵ، خلیل حسن محمد اسماعیل، چاپخانەی سارا، بێ شوێنی چاپ، 2019، ل26.

**خشتەی ژمارە (8)**

**ژمارەی بیری یاسایی لە هەرێمی کوردستان**




ئامادەکردنی توێژەر: ( بە پشتن بەستن بە داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان).

بەمجۆرە لە هەرێمی کوردستان **(24357)** بیری یاسایی بوونی هەیە. بەڵام ئەوەی کێشەی گەورەیە و مایەی مەترسی جددییە لەسەر ئاوی ژێر زەوی لە هەرێمی کوردستان، بریتییە لە بوونی بیری نایاسایی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی دروست لە بەردەست نییە، بەڵام پێدەچێت ژمارەی بیری نایاسایی لە هەرێمی کوردستان نزیکە لە (50) هەزار بیری نایاسایی بێت، پسپۆرانی بواری ئاو ئاماژە بەوە دەکەن باران سەرچاوەی یەکەمی پاراوبوونەوەی ئاوی ژێر زەوییە، بەڵام فاکتەرەکانی تری سەر زەویش کاریگەرییان هەیە لە سەر توانای ئاوی بیرەکان، هەروەها شێوازی بەکارهێنان و هەڵکەندنی بیرەکان، کە بەشی زۆری ئەو بیرانە بە پێی ستانداری کشتوکاڵی و ئاوی ژێر زەوی لە کوردستان بەکارنایەن. هەر لە بەر ئەمەشە لە دوای ساڵی (2016)ەوە هەڵکەندنی بیری نایاسایی لە کوردستان (45٪) کەمیکردووە.[1]

---

[1]. لە هەرێم زیاتر لە (50) هەزار بیری نایاسایی هەیە، ماڵپەری درەو میدیا، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/1: j5wwp333https://tinyurl.com/

ئەم شێوازی نازانستی بوونە لە هەڵکەندنی بیر لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ کەمی ڕێژەی باران بارین کاریگەریی گەورەی کردۆتە سەر کەمبوونی ئاوی ژێر زەوی، ئەگەر ئەمە بە نمونەیەك ڕوون بکەینەوە ئەم وێنەی خوارەوە ئاستی دابەزینی ئاوی ژێر زەوی لە شاری هەولێر ڕوون دەکاتەوە، بەجۆرێك شاری هەولێر (35٪) پشت بە ئاوی سەر زەوی دەبەستێت، بەڵام (65٪) پشت بە ئاوی ژێر زەوی دەبەستێت.

**وێنەی ژمارە (1)**

**ئاستی دابەزینی ئاوی ژێر زەوی لە نێوانساڵی 1996 بۆ 2022 لە شاری هەولێر**




وێنەکە وەرگیراوە: لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تۆڕی کومەلایەتی فەیسبوك:
https://m.facebook.com/watch/?v=1502517470168747&ref=sharing&_rdr

بەمجۆرە لە وێنەکەوە دەردەکەوێت ئاستی ئاوی ژێر زەوی لە هەولێر، لە ماوەی (28) ساڵی ڕابردوو نزیکەی (580)م دابەزیوە، ئەمەش ڕێژەیەکی یەکجار مەترسیدارە، پێویستی بە گرتنەبەری ستراتیجی تایبەت هەیە بۆ بوژاندنەوەی زیاتری ئاوی ژێر زەوی لە هەرێمی کوردستان بە تایبەت دروستکردنی بەنداو لە هەرێمی کوردستان.

لە ئێستادا بەشی زۆری ئەو بەنداوە فەرمی و گەورانە لە هەرێمی کوردستان هەن لە ڕابردوو بەر لە بوونی حکومەتی هەرێم دروستکراون، بەداخەوە لە ماوەی (31) ساڵ ئەزموونی حوکمڕانی کوردی ئەم هەنگاوانە لە ئاستی پێویست نەبوون، ئەو بەنداوانەی دروستیشکراون بچوکن و توانای گلدانەوەی ئاوی زۆریان نییە، بەڵام لە ئێستادا بەپێی ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات کە لە ئێستادا حکومەت پلانی هەیە (9) بەنداوی گەورە و ستراتیجی لە هەرێمی کوردستان دروست بکات بەجۆرێك (3) لە پارێزگای سلێمانی، (3) لە پارێزگای هەولێر و (3) لە پارێزگای دهوك، کە ئێستا کارەکانیان لە قۆناغی هەڵسەنگاندنی کۆمپانیاکانی پێشکەشکارە بۆ دروستکردنی ئەو بەنداوانە. هەروەها لە ئێستادا هەرێمی کوردستان

خاوەنی (118) حەوز (پۆند)ی ئاوە، بڕیارە (37) پۆندی دیکەش دروست بکرێت، بەمەبەستی بوژاندنەوەی زیاتری ئاوی ژێر زەوی لە کوردستان.[1]

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بدەین بەراورد بە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ناوچەکە هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەو کەشوهەوا جیاوازەی هەیەتی لە هەر چوار وەرزی ساڵدا، دۆخی ئاوی باشترە، بەڵام لە سایەی نەگرتنەبەری پلانێکی زانستی و درێژخایەن بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی ئاو، هەرێم لە ئایندە دووچاری ئالێنگاری زیاتر دەبێت، بە تایبەت بەهۆی گۆڕینی کەشوهەوا و ڕەچاونەکردنی پێوەرە یاسایی و نێودەوڵەتییەکان لە لایەن وڵاتانی دراوسێ وە، هەروەها نەبوونی هۆشیاری گشتی و خەمساری لایەنە پەیوەندیدارەکان لەم ڕوانگەوە جێگەی تێڕامانە، هەروەها بەردەوامبوون لەسەر شێوازی کشتوکاڵکردنی کلاسیکی کە ئاوێکی زۆر بۆ بەرهەمی کەم، بێ پلانی و نەبوونی ئامادەسازی تەواو بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکان و کۆچی خەڵك لە گوندەکانەوە بۆ شار، هەموو ئەمانە ئایندەی ئاسایشی ئاو زیاتر دەخەنە مەترسییەوە.

**تەوەری چوارەم: مامەڵەی هەرێم بەرانبەر بە جەمسەرگیرییەکانی ناوچەکە**

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا هەڵکەوتی جوگرافی ناوچەکە و سروشتی سیستەمی سیاسی دەوڵەتانی ناوچەکە، بوونی وزەیەکی زۆر لە ناوچەکە بۆتە هۆی ئەوەی ناوچەکە بە گشتی و عێراق بە تایبەتی ببێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکی بەشێك لە وڵاتانی ناوچەکە و دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێزی جیهانی لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی هەرێمی ناوچەکە. بۆ ئەمەش هەرێمی کوردستان پێویستی بەوەبوو دامەزراوەیەك یان دەزگایەکی تایبەت بە مامەڵەکردن و دروستکردنی پەیوەندی دبلۆماسیی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان هەبێت.

لەدوای هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دروستکردنی دامودەزگای یاسایی لە هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی هەرێمی لە ڕووی دبلۆماسیی لە ئاستێکی دیاریکراودا بوو، واتە کورد کەمتر بەڕووی جیهانی دەرەوەدا کرابۆوە، پەیوەندییەکانیش ئەوەی هەبوون لە ئاستێکی نزمی دبلۆماسیی دابوون، دواتر شەڕی ناوخۆی نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێم لە سەرووی هەموویان شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی دەرفەتی ئەوەی نەدا هەرێم لەو ئاستەدا بچێتە پێشەوە، بەڵکو بووە هۆی ئەوەی دەوڵەتانی هەرێمی و جیهانی هەریەکەیان بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە هێزێکی سیاسیی نزیك بن و لەم ڕێگەیەوە بتوانن ئامانجەکانی خۆیان بەدی بهێنن. واتە لەم قۆناغەدا ئەوەی بینراوە پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتان بۆ دژایەتیکردنی یەکتر بووە نەوەك پێشخستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان و بەهێزکردنی پێگەی دبلۆماسیی هەرێمی کوردستان لە پێناو بە نێودەوڵەتیکردنی دۆزی کورد و گەیاندنی بە جیهانی دەرەوە.[2]

دبلۆماسیی یەکێکە لەو ئامرازانەی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەکاری بهێنێت بۆ بەهێزکردن و پاراستنی ئاسایشەکەی خۆی، بیرۆکەی سەیرکردنی دبلۆماسیی وەك ئامرازێکی هێزی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فەلسەفەیەی پێی وایە سەرەڕای هەبوونی باکگراوندی مێژوویی لەدوای هەر کێشەیەك، هێشتا بکەرەکان دەتوانن ڕێڕەوی کێشەکان

---

[1]. ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕێکەوتی (2019/7/19 تاوەکو 2021/12/31)، هەولێر، 2022، ل6.

[2]. ئەحمەد عوبێد، سەرچاوەی پێشوو، ل28.

بگۆڕن و چارەسەریان بکەن، لەناو کایەی دبلۆماسییدا، تەنانەت لایەنە بێ هێزەکانیش دەتوانن کارتێکی هەبێت تاوەکو لایەنی بەهێز ناچار بە دانوستان و پێداچوونەوە بە هەڵوێستێکی دیاریکراو دا بکات.[1]

لەناو جیهانی پڕ لە گۆڕانکاری، ڕیزبەندێتی هێزەکان، سەرچاوەی هێز و پێگەیان و تۆڕی پەیوەندییەکان و هاوپەیمانییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان، ڕەوایەتی و توانای یەکەی نێودەوڵەتییەکان، گۆڕانکاری بەسەر هاوپەیمانەکان و دوژمنەکاندا دێت، بەڵام لە ناو هەموو ئەو فاکتەرە گۆڕاوانەدا دوو فاکتەری نەگۆڕ لە ناو سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەن کە پرسی بەهاکان و بەرژەوەندییەکانن.[2]

دوای پرۆسەی داگیرکردنی عێراق و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ڕژێمی سەدام حسێن، سیستەمی سیاسی لە عێراق گۆڕانکاری بەسەرداهات، ئەمەش بووە دەروازەیەك بۆ بەرەوپێشچوونی دۆزی کورد و کرانەوەی هەرێم بە ڕووی دەوڵەتانی جیهاندا، پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی جیهان زیاتر چوارچێوەیەکی فەرمی وەرگرت. لەگەڵ ئەوەی بەپێی دەسەڵاتەکانی سیستەمی فیدراڵی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەستۆی حکومەتی ناوەندە، هەرێمەکان ناتوانن وەزارەتێکی تایبەت بە کاروباری دبلۆماسییان هەبێت، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2006) بەپێی بڕیاری (143)ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی دروستکرد، کە ئەرکی سەرەکی فەرمانگەکە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەر هەموو ئاستەکان.[3]

لە ئێستادا هەرێم توانیویەتی چەندین نوێنەرایەتی لە وڵاتانی دەرەوە بکاتەوە، بەپێی دوایین ئەبدەیتی ماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا هەرێم (14) نوێنەرایەتی لە دەرەوە هەیە کە پێکهاتوون لە (ئەڵمانیا، ئەمریکا، ئوسترالیا، ئیتالیا، ئیسپانیا، ئێران، بەریتانیا، فەڕەنسا، سوید، سویسرا، ڕوسیا،نەمسا، پۆلەندا، یەکێتی ئەوروپا).[4]

لە بەرامبەردا دەوڵەتان (39) کونسوڵگەری گشتی و فەخری و نووسینگەی کونسوڵگەریان لە هەرێمی کوردستان هەیە، کە دابەشبوون بەسەر دەوڵەتانی ئەفریقا و ئاسیا و ئەوروپا و پاسیفیك و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .[5]

---

[1]. د. کامەران محمد عزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل235.

[2]. هێمن هەورامی، سەرچاوەی پێشوو، ل12.

[3]. فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێم، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/13 : https://tinyurl.com/2pdha83m

[4]. نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە، ماڵپەری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ڕێکەوتی سەردان 2022/11/13 ، : https://gov.krd/dfr/krg-representations/

[5]. کونسوڵگەری بیانی لە هەرێم، ماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێم، : https://gov.krd/dfr/foreign-representation/

## خشتەی ژمارە (8)

جۆرەکانی کونسوڵخانە و نووسینگە و ئاژانس و نوێنەرایەتییەکانی دەوڵەتان لە هەرێمی کوردستان

| | |
|---|---|
| ئەفریقا | 1- کونسوڵگەری گشتی کۆماری میسری عەرەبی<br>2- کونسوڵگەری گشتی کۆماری سودان |
| ئەمریکا | 1-کونسوڵگەری گشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا<br>2- نووسینگەی باڵوێزخانەی کەنەدا |
| ئاسیا و پاسیفیك | 1-کونسوڵگەری گشتی کۆماری تورکیا<br>2- کونسوڵگەری گشتی هیند<br>3-کونسوڵگەری گشتی کۆماری چینی میللی<br>4-کونسوڵگەری کۆریا<br>5- نووسینگەی کونسوڵگەری ژاپۆن<br>6-ئاژانسی هاریکاری نێودەوڵەتی ژاپۆن/ جایکا<br>7-ئاژانسی هاریکاری نێودەوڵەتی کۆریا/ کۆیکا<br>8-کونسوڵگەری فەخری کۆماری سوشیالیستی دیموکراتی سریلانکا<br>9-کونسوڵگەری فەخری کۆماری قوبرس |
| ئەوروپا | 1-کونسوڵگەری گشتی کۆماری ڕوسیای فیدراڵ<br>2-کونسوڵگەری گشتی ئەڵمانیای فیدراڵ<br>3- کونسوڵگەری گشتی کۆماری فەڕەنسا<br>4-کونسوڵگەری گشتی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا<br>5-کونسوڵگەری گشتی کۆماری چیك<br>6-کونسوڵگەری گشتی هەنگاریا<br>7-کونسوڵگەری گشتی شانشینی هوڵەندا<br>8-کونسوڵگەری گشتی کۆماری ئەرمینیا<br>9-کونسوڵگەری گشتی کۆماری یۆنان<br>10- کونسوڵگەری گشتی کۆماری پۆڵەندا<br>11- کونسوڵگەری کۆماری ئیتالیا<br>12-نووسینگەی باڵوێزخانەی شانشینی سوید<br>13-نووسینگەی کونسوڵگەری کۆماری ڕۆمانیا<br>14- نووسینگەی نێردەی یەکێتی ئەوروپا<br>15-نووسینگەی بازرگانی کۆماری نەمسا<br>16- نووسینگەی نوێنەرایەتی یۆنامی |

| | |
|---|---|
| | 17-بەشی کاروباری ئابووری و بازرگانی بالۆیزخانەی بولگاریا<br>18- کونسولگەری فەخری بیلا روسیا<br>19-کونسولگەری فەخری شانشینی ئیسپانیا<br>20-کونسولگەری فەخری شانشنیی دانیمارك<br>21- کونسولگەری فەخری کۆماری سلۆڤاکیا |
| ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست | 1-کونسولگەری گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران<br>2-کونسولگەری شانشنیی هاشیمی ئەردەن<br>3-کونسولگەری گشتی فەلەستین<br>4-کونسولگەری گشتی میرنشینی عەرەبی یەکگرتوو- ئیماڕات<br>5-کونسولگەری گشتی شانشینی سعودییەی عەرەبی |

تێبینی: توێژەر خشتەی ئامادەکردووە بە پشت بەستن بەم لینکە : کونسولگەری بیانی لە هەرێم، ماڵپەری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

https://gov.krd/dfr/foreign-representation/

لە ڕاستیدا پێگەی دبلۆماسیی هەرێم لەسەر ئاستی جیهان لە دوای داگیرکردنی عێراق بە گشتی و شەڕی داعش بە تایبەتی گەیشتۆتە ئاستێك کە هەندێکجار هەرێم وەك دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵکراوە، چوونی شاندی باڵای کوردستان بۆ وڵاتانی جیهان و دیداریان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای وڵاتان، هەروەها هاتنی شاندی باڵای وڵاتانی جیهان لە سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆك وەزیران و وەزیرانی دەرەوە و چەندین کەسی تری پلە باڵا. کە ئەمە کەمتر لەو هەرێمانە بینراوە کە خاوەنی سەربەخۆیی خۆیان نین و لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدان. واتە لەم ئاستەوە هەرێمی کوردستان توانیویەتی هەنگاوی باش بنێت ، بە تایبەت لەو کاتانەی کە تەبایی و یەکڕیزی زیاتر هەبووە لە نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێم بە تایبەت لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەك دوو هێزی باڵادەست و خاوەن پێگە لە هەرێمی کوردستان. واتە لە ئاستی دەرەکیدا کۆمەڵێك دەستکەوتی باش بەدیهاتوون، بەجۆرێك گۆڕانکاری بە سەر هزر و دیدی بەشێك لە وڵاتانی جیهاندا هاتووە بەرامبەر بە دۆزی کورد بەهۆی کرانەوەی کورد بە ڕووی جیهانی دەرەوەدا، واتە جۆرێك لە هاوسۆزی بۆ دۆزی کورد هەیە.[1]

لێرەوە ئاماژە بەوە دەکەین کە هەرێم چۆن مامەڵەی لەگەڵ هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە کردووە، بەوەی چەندە توانیویەتی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و بەرژەوەندییەکانی هەرێم بکەونە پێش بەرژەوەندییە حیزبییەکان. سەرەتا وەك ئەوەی لەباسی یەکەمی ئەم بەشەدا ئاماژەی پێ دەدەین بە کورتی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەغداد دەخەینەڕوو، دواتر مامەڵە لەگەڵ جەمسەرگیرییەکانی ناوچەکە دەخەینەڕوو.

لەدوای نوسینەوەی دەستوری عێراقی ساڵی 2005 کورد بەشداری کارای لە سیستەمی سیاسی عێراق هەبوو، لەم ماوەیەدا حکومەتی ناوەند جۆرێك لە لاوازی پێوە دیاربوو هەرێمی کوردستان چەندین هەلی زێڕینی لەبەردەم دابوو، بەڵام

---

[1]. دلاوەر عەلائەدین، دەوڵەتی کوردستان یان گشتپرسی، سەرنجی سیاسی، لە بلاوکراوەکانی ئینستیتیوتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست (میری)، بەرگی چوار، ژمارە 10، هەولێر، 20 سێتمبەری 2017، ل1.

بەهۆی نەبوونی ستراتیجێکی بەهێز، نەتوانرا هەرێم کێشە لە مێژینەییەکانی لەگەڵ بەغداد چارەسەر بکات، تەنانەت ئەوکات ناوەند بە ئاستێك لاواز بوو نەدەتوانرا بێ کورد هەنگاو بنرێت و هەولێر و هەرێمی کوردستان بوونە ناوەندێك بۆ چارسەرکردنی کێشەکانی بەغدادیش. ئیتر بەمجۆرە دۆخەکە درێژەی کێشاوە تاوەکو ساڵی (2014) کە پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغداد گەیشتنە خراپترین ئاست بە تایبەت کە ناوەند بەهێزی بەخۆیەوە دەبینی سات لە دوای سات، بەپێچەوانەوە هەرێم پێگەی بەرامبەر بە بەغداد زیاتر لاواز دەبوو و لە پاشەکشەی بەردەوام دابوو لە ڕووی سیاسییەوە. بە تایبەت کە کورد لە هەموو کابینەکاندا پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق، لە چەندین کابینە جێگری سەرۆك وەزیران، 3 جار وەزیری دەرەوە، 2 جار وەزیری دارایی لابووە، ئەمە جگە لە چەندین وەزیری تر و پۆستی تری جۆراوجۆر، نەتوانراوە چارەسەرێکی ریشەیی کێشەکان لەگەڵ بەغداد بکرێت. گرنگە ئەوە بخەینە ڕوو هەرێم بە تایبەت (پارتی و یەکێتی) لەدوای ساڵی (2014) ەوە نەیانتوانیوە پێکەوە خاوەن بەرنامەیەکی هاوبەشی نیشتیمانی بن بۆ مامەڵەکردن بەرامبەر بە بەغداد.[1]

لە پرسی ڕیفراندۆمدا لە دوای ساڵی (2014) کە یەکێك بوو لە پرۆسە گرنگ و چارەنوسسازەکان بۆ کورد لەگەڵ ئەوەی (92٪) خەڵکی هەرێم بە بەڵێ دەنگیان دا، بەڵام نەتوانرا یەکدەنگییەکی ڕاستەقینەی بەهێز لە نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێم دروست بکرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەغداد و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. تەنانەت لە لە کاتی لێکەوتەکانی ڕیفراندۆم و توندبوونی گوشارەکانی وڵاتانی هەرێمی و حکومەتی عێراقی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، کورد بە دوو ئاڕاستە هەنگاوی ناوە، لە ڕوودواوەکانی 16 ئۆکتۆبەری ساڵی 2017 بە زەقی ئەمە بینرا. مسعود بارزانی لە کتێبی بۆ مێژوو ئاماژە بەوە دەکات (کە ئەوکات سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکانی هەرێم بوو) بەشیك لە سەرکردە و کەسانی دیاریکراوی ناو یەکێتی هەماهەنگیان لە گەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەکان کردووە، یارمەتیدەر و هاوکار بوون بۆئەوەی هێزە عێراقییەکان بە بەرچاوی هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و پاڵپشتی هێزەکانی سوپای پاسداران هێرش بکەنە سەر ناوچە جێناکۆکەکان و بەمجۆرە کورد بەشێکی زۆری خاکەکەی لەدەستدا.[2]

ئەمە بوو بە سەرەتایەکی خراپ بۆ قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکان لە ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، کە بەشێوەیەکی گشتی بە دوو ئاڕاستەی جیاواز هەنگاونرا لەگەڵ بەغداد. ئەمە لە ئەنجامەکانی دوایین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (2021/10/10)، هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی کابینەی تازەی عێراقی زیاتر ڕەنگیدایەوە، کە یەکێتی بە هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنە شیعەکانی نزیك لە ئێران، پارتی بە هاوپەیمانی لەگەڵ سەدر و سوننەکان کە زیاتر لە میحوەری تورکیا و ئیمارات و ئەمریکا نزیك بوون.[3]

واتە ئەم جیاوازییە لە بەرنامەی هەرێم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهاتە سیاسییەکانی ناوچەکە تەنها لە ئاستی بەغداد کورت هەڵنایەت، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ دابەشبوونی زیاتری هەرێم و مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی کە کاریگەریەکی بەهێزیان هەیە لە داڕشتنی سیاسەت و ئاسایشی ناوچەکە بە تایبەت هەریەك لە **کۆماری ئیسلامی ئێران و**

---

[1]. د.ئیبراهیم محەمەد عزیز، چەقەبەستوویی پرۆسەی سیاسی هەرێم و ئایندەیەکی نادیار، گۆڤاری خاڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل98.

[2]. مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل110.

[3]. ئیبراهیم محەمەد عزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل98.

**کۆماری تورکیا.** هەریەکە لە دەوڵەتانی تورکیا و ئێران ململانێیەکی مێژوویی لە نێوانیاندا هەیە، بەشێکی ئەم ململانێیەشیان هێناوەتەوە سەر خاکی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە. بەڵام پرسیاری سەرەکی و گرنگ ئەوەیە هێزە سیاسیە باڵادەستەکان و حکومەتی هەرێم چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ئەمە کردووە. دابەشبوونی سیاسی و جوگرافی هەرێمی کوردستان بەسەر دوو زۆنی سەربازی و قەڵەمڕەوی جیاوازدا وایکردووە بەر لەوەی باسی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بکەین وەك قەوارەیەکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا، پێویستە ئاماژە بە پەیوەندیی هێزە سەرەکییەکانی خاوەن قەڵەمڕەوی هەرێمی کوردستان بکەین واتە یەکێتی و پارتی، بە تایبەت کە پەیوەندییە حیزبییەکان زۆر جار جێگای پەیوەندییە فەرمییەکانی گرتۆتەوە، یان ئەو پەیوەندییانە بۆ مەبەستی حیزبی بەکارهێنراون.(1)

بە تایبەت لەگەڵ هەریەك لە ( تورکیا و ئێران) کە مەبەستی سەرەکی ئەم تەوەری ئێمەیە، بەهۆی ئەوەی مەودای توێژینەوەکە ڕێگە نادات تیشکبخەینە سەر مامەڵەی هەرێم بەرانبەر بە وڵاتانی تر.

ئەگەر باس لە کۆماری ئیسلامی ئێران و هەژموونی بکەین لە ناوچەکە بە تایبەت دوای ساڵی (2014)، ئێران سیاسەتێکی پراگماتیگی دەگرێتە بەر بەرامبەر بە دراوسێکانی، پەیوەندی ئێران لەگەڵ هەرێم زیاتر ڕەهەندی ئاسایشی و سیاسی زاڵە بەسەریدا تاوەکو ڕەهەندی ئابووری و ئایدۆلۆژی. بەشێوەیەکی گشتی مامەڵەی ئێران بەرامبەر بەهەرێم زیاتر مامەڵەیەکی حزبی بووە نەوەك دامەزراوەیی، واتە ئێران کەمتر لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوە مامەڵەی لەگەڵ هەرێم کردووە، زیاتر لە ڕێگای سوپای پاسداران و قەرارگەی ڕەمەزان و کەسایەتییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بووە. بۆیە ئێران بەهۆی میکانیزمی چاودێریکردنی وردی هەرێم و دەستێوەردان لە ئاراستەکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمدا هەمیشەیە دەیەوێت پێگەیەکی باڵای هەبێت، کە بتوانێت لە کاتی پێویستدا هەرێم بۆ بەرژەوەندی خوی بەکار بهێنێت. بەردەوام سێ پرس بۆ ئێرانییەکان جێگای بایەخ و گرنگی پێدانن، پرسی یەکەم بریتییە لە جیۆپۆلەتیکی ئیتنی لە عێراقدا کە هەمان پێکهاتەش لە ئێراندا هەیە، پرسی دووەم بریتییە پرسی ململانێی هەرێمییە ئێران دەیەوێت هەرێمی کوردستان ئەگەر هاوپەیمانێکی بەهێزیش نەبێت لەگەڵیدا لە بەرەی دژ بە ئێران نەبێت، پرسی سێیەم بریتییە لە نیگەرانی ئێرانییەکان لە ئامادەیی سەربازیی ئەمریکا لە عێراق و هەرێمی کوردستان.(2)

بەمجۆرە ئێران کاریگەری و ڕۆڵی گەورەی بەسەر عێراقەوە هەیە، هەرێمیش وابەستەی ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییەیە، لە دوای شەڕی داعش ئەم ڕۆڵ و پێگەیەی ئێران زیاتر بوو لە تایبەت بەسەر یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە لە ڕۆڵ بینینی لە پاراستن و هەماهەنگیکردنی سەربازی هەرێم. بە تایبەت بوونی ئەفسەرانی باڵای ئێران لە سەنگەرەکان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە (بە تایبەت ناوچەکانی سنوری یەکێتی). لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوو بە ئاشکرا ئەوەی بینراوە کە یەکێتی و پارتی دیدگای جیاوازیان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران، هەمیشە یەکێتی وا بینراوە کە هاوپەیمانی هێزە نزیکەکانی

---

(1). فەرهاد حسن عبدالله، پەیوەندییەکانی تورکیا– یەکێتی: ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوشی باشوری کوردستان، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، زنجیرە 63، سلێمانی، ئازاری 2019، ل4.

(2). د. زبێر ڕەسووڵ، قۆناغێکی مەترسیدار لە پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان، ماڵپەری پێنووس، ڕێکەوتی سەردان 2022/11/9: https://tinyurl.com/ycyakcpw

کۆماری ئیسلامی ئێرانە و لەو بەرەیە کە لە سەر ئێران هەژمار دەکرێت لە ناوچەکە. ئەمەش بە ئاشکرا ڕەنگیداوەتەوە بە سیاسەت و مامەڵەی یەکێتی لە ڕووداو و پێشهاتە ناوخۆییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان.[1]

ئەگەر سەیری فشارەکانی ئێرانیش بکەین، ئەمە پێشچاو ڕوونی زیاترمان پێدەدات، بە تایبەت هێرشە موشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ هەولێری پایتەخت و ناوچەکانی نفوزی پارتی، کە بەردەوام پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوە دووپات دەکاتەوە ناچنە ژێر فشاری ئێرانییەکان، هەروەها ئێرانیش پارتی بە یارمەتیدانی نەیارانی ئێران تۆمەتبار دەکات.[2] لێرەوە بە زەقی ئەم دابەشبوونەی نێوان پارتی و یەکێتی دەردەکەوێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران وەك هێزێکی کارا و کاریگەریی هەرێمی، بەجۆرێك یەکێتی بە هێزێکی نزیك لە ئێران هەژمار دەکرێت.

ئەوەی پەیوەستە بە تورکیاوە، کۆماری تورکیا لە ئێستا 100 ساڵەی تەمەنی تێدەپەڕێنێت، سەدەیەك لە کودەتای جۆراوجۆر، جەنگ و ململانێ لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ، کورد، ڕۆژئاوا، قەیرانی ئابووری قورس و دەست گەیشتن بە چەکی قورس، هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی پێگەی تورکیا لەسەر ئاستی جیهانی و هەرێمی. بەشێك پێیان وایە ئایندەی تورکیا پەیوەستە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردەوە، بەشێکی تر پێیان وایە پەیوەستە بە بەهاکانی ئازادی و دیموکراتی لەو وڵاتەدا.[3]

بۆ تورکیا عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی گرنگی خۆیان هەیە، بەهۆی ئەو پێگە جیۆپۆلەتیکییەی هەرێمی کوردستان هەیەتی، ئەمە جگە لەوەی هەر سێ ڕەهەندی ئاینی و مێژوویی و کۆمەلایەتی تورکیا بە هەرێمی کوردستانەوە گرێ دەدات. بەڵام ئەوەی مەبەستی ئێمەیە باسکردنی پرسە ئاسایشییەکەیە، لە ئێستادا بە تایبەت دوای ساڵی (2014) سێ پرسی گرنگی ئاسایشی هەن بۆ تورکیا گرنگن، یەکەم کەمپی ئاوارەکانی مەخمورە کە لە دیدی تورکیاوە بۆتە قوتابخانەی پێگەیاندنی کادری حیزبی دژ بە تورکیا، لە کاتێکدا ئەم کەمپە لە ساڵی 1990 ەوە لە ژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان و حکومەتی عێراقە، دووەم پرسی شەنگالە کە لە دوای شەڕی داعشەوە گۆڕانکاری بەسەر ئەو ناچەیەدا هاتووە،پێشمەرگە پاشەکشەی کردووە و ئێستا هێزەکانی حەشدی شەعبی لەو ناوچانە جێگیربوون، پرسی سێیەم بریتییە لە قەندیل، بوونی هێزەکانی پەکەکە لەو ناوچەیە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو.[4]

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو پارتی دیموکراتی کوردستان پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ تورکیا هەبووە، بە تایبەت دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان هەنگاوی ناوە بەرەو جۆرێك لە سەربەخۆیی ئابووری و بە بازاڕکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە لە ڕێگای دەوڵەتی تورکیا و ئەنجامدانی گرێبەستی وزە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا، کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی تری هەرێمی کوردستان بێ ئاگایی خۆیان لەو ڕێککەوتنانە دەردەبڕن بە

---

[1]. هەرێمی کوردستان ئاڵنگاری سیاسی و ئابووری، کۆمەڵێك نوسەر، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، چاپخانەی ژین، سلێمانی، 2018، ل 177.

[2]. ململانێی ئەمریکا و ئێران لەسەر خاکی عێراق و هەڵوێستی هەرێمی کوردستان، سەرنجی سیاسی لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتیوتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست (میری)، بەرگی 4، ژمارە 38، هەولێر، 15 کانونی دووەمی 2020، ل2.

[3]. عەدنان ئەحمەد، 100 ساڵەی کۆمار: ئایندەی تورکیا بەرە و کوێ؟، گۆڤاری ئایندە ناسی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات، ژمارە 15 ساڵی سێیەم، سلێمانی، کانونی یەکەمی 2022، ل136.

[4]. داهاتووی پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق و هەرێمی کوردستان، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، هەولێر، 2021/8/10، ل9.

تایبەت (ڕێككەوتنی پەنجا ساڵە)، كە بەرپرسانی پارتی ئەوەیان دووپاتكردۆتەوە یەكێتی وەك هێزی هاوپەیمان و حوكمڕان لە هەرێمی كوردستان ئاگاداری تەواوی زانیارییەكانی دۆسیەی وزەیە لە هەرێمی كوردستان.[1]

ڕەنگە ناكۆكییەكانی ( یەكێتی بە پاڵپشتی ئێران و ڕووسیا) و پارتی (بە پاڵپشتی توركیا و ئەمریكا) زەقترین نمونەی دابەشبوونی مامەڵەی نێوان یەكێتی و پارتی بێت لە بەرامبەر ئێران و توركیا، لەسەر هەناردەكردنی دۆسیەی غاز بۆ دەرەوە. كە هەرێمی كوردستان خاوەن یەدەگێكی گەورەی غازی سروشتییە لە جیهاندا. كە وابڕیار بوو غازی هەرێم لە ڕێگای كۆمپانیای كارەوە بە بۆڕی لە ڕێگای توركیاوە هەناردەی دەرەوە بكرێت. بەڵام بەهۆی ئەوەی بەشێك لەم غازە كەوتۆتە ئەو ناوچەیەی بە قەڵەمڕەوی یەكێتی ناسراوە، لە ئێستادا بەرپرسانی ئەو حیزبە ڕێگەیان گرتووە لەوەی پڕۆسەی بە بازاڕكردن بۆ غازی هەرێم كاری تێدا بكرێت. بە تایبەت كە یەكێتی پێی وایە پارتی لە ڕێگای توركیاوە بەهۆی دەست بەسەراگرتنی كەرتی نەوت، توانیویەتی پێگەی خۆی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بەهێز بكات، كۆنتڕۆڵی حوكمڕانی ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بكات ئەگەر بە شێوەی ڕێژەییش بێت.[2]

كەواتە نەخشەی سیاسیی هەرێمی كوردستان لە شەڕی ناوخۆییەوە بەجۆرێك دابەشبووە كە كاریگەری و هەژموونی وڵاتانی هەرێمی بە ئاشكرا لە سەرە. توركیا هەژموونی سەربازی و سیاسی خۆی زیاتر لەو ناوچانەیە كە بە ناوچەی قەڵەمڕەوی پارتی ناسراون، ئێرانیش لەو ناوچانەی بە ناوچەی قەڵەمڕەوی یەكێتی ناسراون. لەگەڵ ئەوەی دوای ڕیفراندۆمی هەرێمی كوردستان هەردوو حیزب (یەكێتی لەگەڵ توركیا، پارتی لەگەڵ ئێران) هەوڵیانداوە پەیوەندییەكان زیاتر پەرە پێ بدەن و هەوڵەكانیش بەو ئاڕاستەیە بەردەوامە.[3]

هەرچەندە هەركات نزیكی و كاری هاوبەشی نێوانان هێزە سیاسییەكان بە تایبەت یەكێتی و پارتی بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ هاوبەشە نێودەوڵەتییەكان هەبوو بێت، ئەوەندە زیاتر كۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دەوڵەتان پشتگیری هەرێمی كوردستانیان بەشێوازێكی كاریگەرتر و باشتر كردووە، ئەگەر نا پێچەوانەكەی بینراوە.[4]

دەكرێت تیشك بخەینە سەر ئەوەی هەرێمی كوردستان هەرچەندە لە بواری دبلۆماسییدا هەنگاوی گرنگی ناوە، "بەڵام چەندین كەم و كوڕی و پەیكەری دوور مەدوای هەیە، بە تایبەت پێویستە دامەزراوە دبلۆماسییەكان لە ژێر چنگی حیزب دەربهێندرێن و بە نیشتیمانی بكرێن، ئەمەش لە شێواز و سەردانەكان ئەندامانی شاندەكان بەڕوونی بینراوە، ئەمە سەرباری نا ڕوونی و نا ڕۆشنیی بەشێك لەو پەیوەندییانە. بوونی نووسینگەی پارتە سیاسیەكانی هەرێم لە بەشێك لە وڵاتانی دەرەوە، ئەمە ڕێگە خۆشكەرە بۆ ناكۆكی نا نیشتمانیبوون و نا دامەزراوەییبوونی پرسە دبلۆماسییەكان و نا تەبایی لە نێوان لایەنەكاندا دروستدەكات، ئەمەش بە دەردی كوشندەی هەنگاوە دبلۆماسییە یەكگرتووە نیشتیمانییە مەزنەكان هەژماردەكرێت".[5]

---

[1]. هەرێمی كوردستان و ئاڵەنگاریەكان، سەرچاوەی پێشوو، ل177.

[2]. غازی هەرێم لە كێشمەكێشمی ئێران و توركیادا، ماڵپەری درەو میدیا، ڕێكەوتی سەردان 2022/11/5: https://tinyurl.com/yw8v3fdr

[3]. فەرهاد حسن عبداللە، پەیوەندییەكانی توركیا و یەكێتی، سەرچاوەی پێشوو، ل10.

[4]. مایكل نایت، كوردستانی عێراق: كارە لە پێشینەكان لە نێوەندگیری نێودەوڵەتیدا، سەرنجی سیاسی، لە بڵاوكراوەكانی ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (میری)، بەرگی 4، ژمارە 41، هەولێر، 13 ی تەمموزی 2021، ل1.

[5]. د. دانا علی سالح بەرزنجی، پەیوەندییە دبلۆماسی و كونسوڵییەكان، سەرچاوەی پێشوو، ل341.

له کۆتایی ئەم باسەدا ئەوە دەخەینە ڕوو، ناکۆکی و ململانێی سیاسی نەك هەر هۆکار بووە بۆ خوڵقاندنی چەندین ئالێنگاری جۆراوجۆر بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ئەمە تەنها بەوە نەوەستاوە بەڵکو زۆربەی کات ئاستەنگی گەورە بووە لە بەردەم مامەڵەی هەرێم بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئالێنگارییانە، بەجۆرێك حیزب بۆتە ئاستەنگی گەورە لە بەردەم مامەڵەکرن لەگەڵ ئەو دۆخەی بە گشتی لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەجۆرێك ئەولەویەت بۆ بەرژەوەندی حیزبی و خەمی حیزبەکان بووە. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە حکومەت لە زۆربەی ئاستەکاندا نەیتوانیوە مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ ئەو دۆخەی کە لە بەردەمیدا بووە بکات. تەنانەت زۆربەی کات بڕیاری گرنگ و چارەنوسساز بۆ ئایندەی هەرێم لای حکومەت نەبووە، بەڵکو حزب لە دەرەوەی حکومەت بڕیاری لەسەر پرسەکان داوە، بە تایبەت پرسە سیاسی و ئابورییەکان کە گرێدراویەکی زۆر هەیە لە نێوانیاندا، بەشی هەرە زۆری پرسەکانی تریش پەیوەستن بەم بابەتەوە. هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هەرێم نەتوانێت لە هەنگاوەکانی بەرەوپێشبردنی هەرێمی کوردستان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دۆخەی هاتۆتە بەردەمی بتوانێت هەنگاوی گەورە و گرنگ پێویست بهاوێژیت، هەندێك کات دەستەوەستان بێت لە بەردەم ئەو دۆخەی دێتە پێشی، لە بری ئەوەی بڕیاردەری یەکەم و کۆتایی بێت، زیاتر ڕۆڵی تەماشاکەر ببینێت. نەبوونی یەکڕیزی و مامەڵەکردنی حیزبییانە لەگەڵ پێشهاتە سیاسییەکان، تەنها لە ئاستی ناوخۆدا کورت هەڵنایەت، بەڵکو ئەمە درێژبۆتەوە بۆ ئاستی مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، کە ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە قوربانی پەیوەندییە حیزبییەکان.

## کۆتایی و ئەنجامگیری:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

یەکەم: پێگەی جوگرافی هەرێمی کوردستان بوونی چەندین دەوڵەتی ناتەبا و خاوەن بەرژەوەندی و ئەجێندای جیاواز لە نزیك هەرێم، ئاستەنگی سەرەکین لە بەردەم پێشکەوتنی مافە نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان، کە ستراتیجی ئەم وڵاتانە دژایەتی پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و دۆزەکەیەتی کە ئاستەنگی گەورەن لەبەردەم ئایندەی سیاسی هەرێم.

دووەم: نەبوونی سەقامگیری سیاسی و ململانێی توندی حیزبی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێم بە تایبەت هێزە باڵادەستەکان، گرنگترین ئاڵینگارییەکانی بەردەم ئاسایشی هەرێمی کوردستانن، کە سەرچاوەی بەشێکی زۆر لە ئاڵینگارییەکانی تریشن، ئەمەش گەواهیدەرە بۆ سەلماندنی گریمانەی توێژینەوەکەمان.

سێهەم: لەسەر ئاستی ڕەهەندەکانی ئاسایش

1- نەبوونی سوپایەکی نیشتیمانی یەکگرتوو و بوونی هێزی چەکداری حیزبی، دیاردەی چەکداری لە هەرێم بە تایبەت لە بەردەستی عەشیرەتەکان، نەبوونی چەکی پێشکەوتوو و سوپایەکی تۆکمەی سەربازی، بە سیاسیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە هاتنی داعش سەرەڕای ئەوەی هەرێمی تووشی بارگرانییەکی گەورەی ئابووری کرد، هەروەها زیانی گیانی زۆری لێکەوتەوە، سەرەڕای سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە بەڵام ئەوەی دەرخست کە هێزە سەربازییەکانی هەرێم خاوەنی توانایەکی لاوازن لە شەڕی تاکتیکی و نەبوونی ستراتیجی پەیوەست بە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر. لە گرنگترین هەڕەشە سەربازییەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستانن.

2- ناکۆکییەکانی ناو ئەنجومەنی ئاسایش جگە لە دروستکردنی نا ئارامی و ڕاڕایی بۆ خەڵك و کاریگەریی لەسەر سێکتەرەکانی تر، نەتوانراوە بە نیشتیمانی بکرێت، هەروەها نەتوانراوە ناوەندێکی هەواڵگری نیشتیمانی دروست بکرێت، کە بتوانێت هاوکار و یارمەتیدەرەی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بێت لە داڕشتنی ستراتیژ و پلانی گشتگیر بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی سەر ئاسایشی هەرێم. مەترسی هێزەکانی حەشدی شەعبی هەڕەشەیەکی تری گەورەی بەردەم ئاسایشی سیاسی و سەربازی هەرێمی کوردستانن، بەتایبەت کە لە ئێستادا هەرێم بەشی هەرە زۆری ناوچە کوردستانییەکانی سنوری ماددەی 140 لەدەستداوە، هەروەها ئەو بۆشاییە ئەمنییەی لە ناوچە سنورییەکان هەیە ئەوان توانیوانە سوودی لێ وەربگرن و ئاسایشی هەرێم بە تایبەت پایتەخت بخەنە مەترسییەوە.

3- کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغداد و چارەسەرنەکردنیان بۆتە ئاستەنگێگی قوڵ لە بەردەم هەرێمی کوردستان، بە تایبەت دۆسییە داراییەکان لە دوای شەڕی داعش و هاتنی شەپۆلێکی گەورەی ئاوارە هەرێمی بەرەو لێواری داڕمانی ئابووری برد.

4- ماف و ئازادییەکان لە هەرێمی کوردستان لە چەندین ڕووەوە پاشەکشەیان بەخۆیەوە بینیوە، بە تایبەت دواخستنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوو، دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی تووشی بێ متمانەیی گەورەی کردووە لە بەرامبەر هاونیشتیمانیانی هەرێمی کوردستان ئەمەش بۆتە ئەوەی بایکۆتی خەڵك

له پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بگاتە ئاستێکی زۆر بەرز، دواجار لاوازی ڕەوایەتی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی لێ بکەوێتەوە.

5- نەبوونی دەستور بۆ هەرێمی کوردستان، ئایندەی دامەزراوەکانی هەرێمی بەرە و ئاییندەیەکی نادیار بردووە، نەبوونی نیەتێکی ڕاستەقینە بۆ بوونی دەستورێکی مۆدێرن و هاوچەرخ دەرخەری ئەو ڕاستییە دەستور لە دەرەوەی خەمی هێزە سیاسییەکانی هەرێمە و لەدوای بەرژەوەندییەکانیانە.

6- نەبوونی سەربەخۆیی سیاسی و لاوازی تواناکانی دەوڵەت لە هەموو ڕوویەکەوە، وایکردووە هەرێم بێ توانا دەربکەوێت بەرامبەر بە لەشکرکێشی و هێرشی وڵاتان بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان، ئەمە سەرباری ئەوەی لاوازی سەروەری عێراقیش یەکێکی تر بووە لە هۆکارەکان.

7- هاتنی پەتای کۆرۆنا ئەوەی دەرخست کە سیستەمی تەندروستی هەرێمی کوردستان، لە ئاست ئەم سەردەمە نییە و لە ڕابردوو نەتوانرەوە سیستەمێکی تەندروستی و مۆدێرن بو هەرێم دروست بکرێت.

8- هەڵکەوتەی جوگرافی هەرێم و دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێز و بوونی جەمسەرگیرییەکانی ناوچەکە وایکردووە، هەرێم نەتوانێت بێ لایەنی و هاوسەنگی خۆی بپارێزێت لە نێوان بەرژوەندییە دژ بەیەکەکانی وڵاتانی باڵادەست و زلهێز لە ناوچەکە

چوارەم: پەیوەست بە مامەڵەی هەرێم بەرانبەر بە ئاڵێنگارییەکان

أ- لەگەڵ ئەوەی هەرێم توانیویەتی لە گرتن و سزادانی بەکارهێنەر و بازرگانی ماددەی هۆشبەر هەنگاوی باش بچێتە پێشەوە، بەڵام هەنگاوەکانی هۆشیارکردنەوەی گشتی و سەنتەرەکانی تایبەت بە چارەسەرکردن بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە لە ئاست ترسناکی ئەم پرسە لە ئاستی پێویستدا نەبوون، ئەمە جگە لە گرتنبەری دوو سیاسەت و ئاڕاستەی جیاوازی ئەمنی لە هەمبەر ئەم پرسە.

ب- لەماوەی چەندین ساڵ ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان، نەتوانراوە ناسنامەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی دروست بکرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە وردە ناسنامەکانی وەك عەشیرەت و خێڵ بوونە جێگرەوەی ئەوە، نەبوونی زمانێکی ستاندار و یەکگرتوو یەکێکی ترە لە هەڕەشەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێم.

ت- دەکرێت نەوت ببێتە کاڵایەکی ئابووری و سیاسی گرنگ، بەڵام پشت بەستن بە نەوت وەك تاکە سەرچاوەی سەرەکی داهات، ئابووری هەرێمی کردۆتە ئابووریەکی کرێخۆر، بەهۆی پشتگوێخستنی بەشی زۆری کەرتەکانی و فرە چەشن نەکردنی سەرچاوەکانی داهات.

پ- گۆڕانی کەشوهەوا لە سەرانسەری جیهاندا و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، گرتنەبەری سیاسەتی ئاوی وڵاتانی دراوسێ بەتایبەت (ئێران و تورکیا)، نەبوونی هۆشیاری گشتی خەڵك بۆ بەکارهێنانی ئاو، لێدانی هەزاران بیری نایاسایی هەڕەشەی جددین لەبەردەم ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان.

ج- لەگەڵ ئەوەی هەرێم لەسەر ئاستی دبلۆماسیی تاڕاددەیەك هەنگاوی باشی بڕیوە، بەڵام بوونی بەرنامەی جیاواز و کردنەوەی نوێنەرایەتی حیزبی لە وڵاتانی دەرەوە، بە حیزبی کردنی شاندەکان، مامەڵەی وڵاتان لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی هەرێم، گرفتی گەوەری بەردەم پرۆسەی فراوانبوون و بەهێزترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان

هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی هەرێمی و جیهانین، جگە لەوەی ئەمە ڕەوایەتی دامودەزگا یاسی و فەرمییەکانی هەرێم لاواز دەکات.

ح- ئاسایشی ئابووری هەرێم دووچار قەیران گەلێکی گەورە بووە، بەڵام سەرباری ئەوەی کە هەرێم خاوەنی ماددەی خاوی زۆرە و سامانێکی سروشتی زۆری هەیە، بەڵام بوونی گەندەڵی لە دامەزراوەکاندا، ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەری زیادە، نەبوونی شەفافییەت لە داهات و خەرجی، کارنەکردن بە یاسای بوودجە، خراپی ئیدارەدانی سیاسەتی نەوت و گرێبەستەکان، لاوازی دامودەزگای چاودێری، ئابووری هەرێمیان بەرە و ئایندەیەکی نادیار و سەخت بردووە. واتە هەرێم بە پلەی یەکەم کێشەی لە ئیدارەداندا هەیە.

**ڕاسپاردە و پێشنیاز:**

لەکۆتایی توێژینەوەکەدا دوای خستنەڕووی ئەنجامگیرییەکان، توێژەر کومەڵێك پێشنیاز دەخاتە بەردەم برپیارپدەرانی هەرێمی کوردستان، بەهیوای ئەوەی کاریان لەسەر بکرێت و ببێتە مایەی بەرەو پێشبردنی هەرێم و بەهێزکردنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

1- دروستکردنی ناوەند و سەنتەری تایبەت بە لێکۆڵینەوەی پرسە ئاسایشییەکان لە هەرێمی کوردستان، بەجۆرێك ساڵانە و لە کاتی پێویست بتوانن پێشنیاز و ڕاسپاردە پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم بکەن.

2- دروستکردنی کۆدەنگی نیشتیمانی و هەماهەنگی بەردەوامی نێوان لایەنەسیاسییەکانی هەرێم بە تایبەت هێزە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم بۆ کۆتایی هێنان بە بەشێکی زۆر لە گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان و دوورکەوتنەوە لە دەستخستنە کاروباری حکومەت.

3- داڕشتنی کارنامەیەکی هاوبەشی نیشتیمانی بۆ دانوستاندن و مامەڵەکردن لەگەڵ بەغداد، بەجۆرێك تیایدا ئەولەوییەت بۆ پرسە نیشیمانییەکان بێت، نەك دەستکەوتی حیزبی و کەسی.

4- هەنگاوەکانی پەسەندکردنی دەستوری هەرێم خێراتر بکرێن، دەستور بخرێتە بەردەم گەڵ بۆ پەسەندکردنی، بە لە بەرچاوگرتنی ڕەنگدانەوەی تەواوی ماف و ئازادییەکانی خەڵك، بەجۆرێك بتوانرێت پرۆسەی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان بە ئاستێکی باش بباتە پێشەوە.

5- کارکردنی جدی و خێرا لە پێکهێنانی سووپایەکی نیشتیمانی یەکگرتوو، یەکخستنەوەی تەواوی هێزی نافەرمی حیزب و کەسانی ناو حیزب لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە، دوورخستنەوەی دەستی حیزب تیایدا، بەجۆرێك هێزە سەربازی و ئەمنییەکان لە دەرەوەی ململانێ سیاسییەکان بن و تەنها پارێزەری بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێم بن. هەوڵدان بۆ مەشق پێکردن و ڕاهێنانیان بە پێی ستانداری نێودەوڵەتی و پڕ چەککردنیان.

6- دانانی پلانی هەمەجۆر بۆ هەمەچەشن کردنی سەرچاوەکانی داهات، بە تایبەت سێکتەری پیشەسازی و بازرگانی و کستوکاڵکردن و گەشتیاری، کە ئاوهەوا و ژینگە و خاکی هەرێمی کوردستان پێکهاتەیەکی لەباری هەیە بۆ وەبەرهێنان لەو کەرتانەدا.

7- بەهێزکردنی ڕۆڵی دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی، ڕێکخستنەوەی میلاکاتی فەرمانبەران و نەهێشتنی سیستەمی دوو مووچە و سێ مووچە، شەفافییەت لە خەرجی و داهات، بوونی بوودجەی ساڵانە، لە هەنگاوە گرنگەکانی بەردەم کەمکردنەوەی گەندەڵین لە هەرێمی کوردستان، کە هەرێمیان تووشی قەیران گەلێکی هەمەجۆر کردووە.

8- هەوڵدان بو پێداچوونەوەیەکی جدی بە تەواوی سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بە تایبەت لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشییە ڤایرۆسییە کوشندەکان.

9- هەوڵدان بۆ دروستکردنی ناسنامەیەکی نیشتیمانی، ئەمەش بە پلەی یەکەم بە دوورخستنەوەی هەستی حیزبی بوونە بۆ پرسە نیشتیمانییەکان و دوورخستنەوەی دەستی حیزبە لە تەواوی سێکتەرەکاندا، هەروەها تێپەڕاندنی

هەستی ناوچەگەرییەتی و حیزبایەتی بۆ دانانی زمانێکی فەرمی ستانداری یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستان، کە زمانی نوسین و خوێندن بێت لە تەواوی کوردستان.

10- خێراکردنی هەنگاوەکانی یەکگرتنەوەی هێزە ئاسایشییەکانی کوردستان بە تایبەت بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەیوەست بە ماددەی هۆشبەر، دارشتنی میکانیزم و پلانی تایبەت بە کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان.

11- پەلەکردن لە دروستکردنی چەندین بەنداوی گەورەی ستراتیجی لە هەرێمی کوردستان، کە یارمەتیدەر و هاوکاربن هەم لە بوژانەوە و بەهێزکردنی ئاسایشی ئاو، هەم بخرێنە خزمەتکردن بە کەرتی کشتوکاڵ و پەرەپێدانی.

12- بایەخدانی زیاتر بە خوێندنی بابەتی ئاسایش لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، وەك بابەتێکی سەربەخۆ.

13- هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەزگایەکی هەوالگری نیشتیمانی، کە تیایدا سوود لە ئەزموون و توانا و لێهاتوویی خەڵکانی ئەکادیمی و پسپۆڕ وەربگیرێت و دووربێت لە دەستێوەردانی حیزب.

14- بەهۆی سنوور و ناونیشانی توێژینەوەکە نەمانتوانیوە هەندێك پرس هەیە بە چڕی لەبارەیەوە بدوێین، بە تایبەت پرسی بە ئاسایشکردن، بۆیە پێشنیاز دەخەینە بەردەم توێژەران کە هەوڵەکان زیاتر چڕ بکرێنەوە سەبارەت بە ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر پرسی ئاسایش، بە تایبەت چۆنیەتی پرۆسەی بە ئاسایشکردنی چەندین پرسی ئاسایی، کە ئەم پرسە زیاتر لەو وڵاتانە باوە کە سیستەمێکی سیاسی دیموکراتیان نییە.

## لیستی سەرچاوەکان:

**یەکەم: کتێبە ئاسمانییەکان**

1- قورئانی پیرۆز

**دووەم: دەستور**

1- دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی 2005.

**سێهەم: یاسا و بڕیار و ڕاپۆرتەکان**


1- یاسای ژمارە (2)ی ساڵی (1992) هەڵبژاردنی ڕێبەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لە خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان.

2- یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (1992)ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان.

3- یاسای ژمارە (5)ی ساڵی (1992) یاسای وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە،خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان.

4- یاسای ژمارە (14)ی ساڵی 1993 یاسای دادوەری لە هەرێمی کوردستان، خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان.

5- القانون أدراه الدوله العراقیه للمرحله الانتقالیه لعام 2003م، المادده الثامنة والخمسون.

6- یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2005 یاسای سەرۆکایەتی هەریمی کوردستان، خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان.

7- یاسای ژمارەی (3)ی ساڵی (2006) یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر(تۆقاندن) لە هەرێمی کوردستان–عێراق، خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان.

8- یاسای ژمارە (16)ی ساڵی (2007) یاسای هەمواری خزمەتی مەدەنی ، خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان.

9- یاسای ژمارەی (23)ی ساڵی (2007) یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان.

10- یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2008) یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان، خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان.

11- یاسای ژمارە (16)ی ساڵی (2008) یاسای پەسەندکردنی دەستوری هەرێمی کوردستان، خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان.

12- یاسای ژمارە (9)ی ساڵی (2009) یاسای هەمواری یەکەمی پەسەندکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان.

13- یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2010) یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان، خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان.

14- یاسای ژمارە (1)ی ساڵی(2011) یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان–عیراق، خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان.

15- یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (2011) ی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان.

16- یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (2015) یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ڕاپرسی، خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان.

17- یاسای ژمارە (5)ی ساڵی (2015) یاسای پاراستنی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان– عیڕاق، خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان.

18- یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (2020) بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان– عێراق، خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.

19- یاسای ژمارە (2)ی ساڵی ( 2022)، یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان–عێراق، خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.

20- بڕیاری ژمارە (7)ی ساڵی (2008) سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، تایبەت بە دەستنیشانکردنی ڕۆژی ژینگە لە هەرێمی کوردستان– عێراق، لە ڕێکەوتی 2008/5/26.

21- ڕاپۆرتی ساڵانەی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2020)، هەولێر.

22- ڕاپۆرتی ساڵانەی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2021)، هەولێر.

23- ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕێکەوتی (2019/7/19 تاوەکو 2021/12/31)، هەولێر، 2022.

**چوارەم : فەرهەنگ**

1- فەرهەنگی ئۆکسفۆرد ئینگلیزی /کوردی، د.سەلام ناوخۆش، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، 2011.

2- فەرهەنگی خاڵ، شێخ محمدی خاڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2005.

3- فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە کوردی/فارسی، عبدالرحمن شەرەفکەندی (مام هەژار)، دەزگای چاپ و پەخشی سروش، تاران، 2003.

**پێنجەم: کتێب**

أ- کتێبی کوردی

1- د. ئەنوەر محمد فەرەج، دەروازەیەك بۆ پەیوەندییەنێودەوڵەتییەکان، لە بلاّوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی، 2007.

2- ئەندەرس یاگەر سکوگ، ئاوی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست: سەرچاوەی کێشە یان هاوکاری؟، وەرگێرانی غازی علی خورشید، دەزگای توێژینەوە و بلاّوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2010.

3- د.ئاراس فەریق زەینەلْ، ئۆباما و پرسە هەستیارەکان، بیّ شوێنی چاپ، سلێمانی، 2010.

4- ئاسۆ کریم، ریفراندەم و سەربەخۆیی باشوری کوردستان، زنجیرە کتێبی گۆڤاری گولاّن، ژمارە 12، هەولێر.

5- ئیدارەیەکی دیموکراسی بیّ گەندەڵی، لە بلاّوکراوەکانی یادی یۆبیلی زێرینی خەبات، کوردستان، 2009.

6- ئاوات شیخ جەناب و بەکر صدیق، کاریگەری بەجیهانیبوون لەسەر سەرداریەتی دەوڵەتان، مەکتەبی بیر و هوشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی، بیّ سالْی چاپ.

7- ئاریان ڕەئوف، هەڕەشە سەربازییەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەسەر ناوچە دابڕێندراوەکان، ژووری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ئەیلولی 2017.

8- ئەحمەد عوبێد، شەڕی ناوخۆی کوردستان زیان و لێکەوتەکان، لە بلاّوکراوەکانی دەزگای موکریان، هەولێر، 2009.

9- ئومێد کامل، دەستور و جۆرەکانی، لە بلاّوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی موکریان، هەولێر، 2009.

10- ئەبوبەکر علی، داعش لەنێوان توندڕەوی ئاینی و شکستی دەوڵەتی، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت، سلێمانی، 2015.

11- ئازاد ئەحمەد، شەڕی ناوخۆ دەرسێك بۆ مێژوو، دەزگای موکریان، هەولێر، 2009.

12- ئەنوەر حسێن، هەرێمی کوردستان و ململانیّ ناوچەییەکان، لە بلاّوکراوەکانی دەزگای ئایدیا زنجیرەی 162، چاپخانەی حمدی، بەشی دووەم، سلێمانی، 2017.

13- بەیار عمر عبدالله، نا عەدالەتی جوگرافی و چارەسەرکردنی لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا، بیّ شوێنی چاپ، چ 5، 2017،.

14- د. بارزان جەوهەر، متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان، 2021.

15- د. بورهان یاسین، کوردستان لە قولاّیی قەیرانەکاندا تەحەددا و دەرفەت، سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، 2015.

16- د. پەروێز رەحیم قادر، ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامە: کۆماری ئیسلامی ئێران بە نمونە، خانەی موکریان بۆ چاپ و بلاۆکردنەوە، چاپخانەی ماد، هەولێر، 2020.

17- د.پەروێز رەحیم قادر، ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامە: کۆماری ئیسلامی ئێران وەك نموونە، لە بلاۆکراوەکانی خانەی موکریان، چاپخانەی ماد، هەولێر، 2020.

18- د.پەروێز رحیم، سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، چاپخانەی موکریان، هەولێر،2020.

19- جوتیار قادر، پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەمریکا لە دوای هاتنی داعش، چاپخانەی موکریان، هەولێر، 2017.

20- جلیل ڕەوشەند، ئاسایشی نەتەوەیی و سیستەمی نێونەتەوەیی، وەرگێرانی مێهدی میهرپەروەر، لە بلاۆکراوەکانی دەزگای وەرگێران، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2010.

21- حەکیم خۆشەڤی، تیرۆری خۆراك کوالێتی سەلامەتی ئاسایش، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەلات، 2019.

22- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، هەرێمی کوردستانی عێراق 2020 دیدگایەك بۆ ئاییندە.

23- حسن مستەفا و بژار عبداللە، سیستەمەسیاسیەکان، بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان، چاپخانەی سۆران، هەولێر، 2012.

24- د.خلیل اسماعیل محمد، دۆزی کورد لە نەخشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانی (ی.ن.ك)، سلێمانی، 2012.

25- خێلاڵ مام بەکر ئاوەکەڵەیی، ڕوڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پرۆسەی نەتەوەسازی و دەولەتسازیدا لە باشوری کوردستان، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، 2020.

26- د. دانا علی سالح بەرزنجی، پەیوەندییە دبلۆماسیی و کونسولییەکان، چاپخانەی پاشا، سلێمانی، 2020.

27- دەیڤد فلیپس، وەرگێرانی حسێن بیەیی، بەهاری کوردی نەخشەیەکی نوێی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەگەڵ پێشەکیەکی بێرناد کۆشنەر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاۆکردنەوە، چاپخانەی رۆژهەلات، 2016.

28- ڕاوێژ فریق عبداللە، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی تیرۆردا،چاپخانەی سکای دیزاین، 2017.

29- د.ڕحیم سورخی، ڕۆڵی زمان لە نەتەوەسازیدا: تێڕوانینێك بۆ پرسی زمانی کوردی، لە بلاۆکراوەکانی خانەی هزری کوردستان ژمارە (1) دەولەت و نەتەوە، 2017.

30- ڕەشید مەلا علی کولەکی، ڕێککەوتنامەی سایکس بیکۆ و دابەشکردنەوەی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست، چاپخانەی وەزارەتی روشنبیری، هەولێر، 2016.

31- زریان ڕۆژهەلاتی، سوپا و دەولەت: پێشمەرگە برەندسازی نەتەوەیی، ناوەندی لیکۆلینەی ڕووداو، هەولێر، ئەیلول 2017.

32- سەنار شیرۆکی، کوردستان لە ململانێی ناوخۆیی و دەرەکیدا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2019

33- سامان سالح فەرەج، نۆهەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان: ناساندن، شیکردنەوە، تۆماری 100 ڕۆژی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، 2020.

34- سدیق شێخ محمود بەرزنجی ،کاریگەری مرۆڤ لە ژینگە پیس کردندا ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ،2001 .

35- سالح ملا عمر عیسی، ئەنیك گەرایی و دەولەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نمونە، لە بلأوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی پارتی، هەولێر، 2008.

36- شەماڵ عبدول وەفا، سروشتی یاسایی بڕیاری 688چۆنیەتی کاراکردنی،لەبلأوکراوەکانی م.بیر و هۆشیاری(ی.ن.ك)، سلێمانی، 2003.

37- د. شەمال قادر منەوەر، جیۆئیکۆنۆمیکی کوردستان لە سەدەی بیست و یەکەمدا، نوسینگەی تەفسیر بۆ بلأوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر، 2013.

38- شەهاب خۆشناو، هەرێم لە ژێر سایەی نیعمەتی نەوتدا، لە بلأوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی موکریان، هەولێر، 2017.

39- شێروان عزت، ڕووداوەکانی شازدەی ئۆکتۆبەر و کاریگەری لەسەر ئابوری کوردستان، لەبلأوکراوەکانی چاپخانەی ڕۆژهەلأت، هەولێر، 2018.

40- شێخ تاهیر شوشی، کوردستان ناوچەیەکی ئارام بۆ هەمووان، چاپخانەی ڕوکسانا، هەولێر، 2017.

41- د.عمر نورالدینی، سەوەری دەولەت و نەتەوە و پەیوەندی بە دۆزی کوردەوە، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری سیاسی بەراوردکاریە، کوردستان، 2006.

42- د. عوسمان علی وەیس، ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باشوری کوردستان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2017.

43- عەتا قەرەداغی، کوردستان لە نێوان پەتبوون و یەکبووندا: کۆمەڵی وتاری کۆمەلأیەتی و فیکری و سیاسی، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2017.

44- عەلی عەونی، تەوشناسیا ناسیونالیوما کوردی، دیداری هزری نەتەوەیی: خامە بە تنۆکی خوێن دەنووسێ سەربەخۆیی، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، سۆران، ئەیلولی 2017.

45- علی ربیعی، بژی گەندەڵی: کۆمەڵناسی سیاسی گەندەڵی لە ولأتانی جیهانی سێیەمدا، و.ڕەفعەت موڕادی، لە بلأوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی، 2009.

46- عبدل موتەلیب ڕەفعەت سەرخەت، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان (گرفت و چارەسەر)، بێ شوێنی چاپ و دەزگای چاپ، 2020.

47- م. عبدالرحمن كريم دەروێش، جيۆستراتيجيەتی ئاشتەوايی نيشتيمانی لە كوردستانی عێراق بەراييەكی تيۆری، لە بلاۆكراوەكانی سەنتەری مارگرێت و دەزگای رۆشنبيری جمال عيرفان، چاپخانەی كمال، سلێمانی.

48- عمر صادق، لێكەوتەكانی شەڕی داعش بۆ سەر هەرێمی كوردستان، چاپخانەی رۆژهەلات، 2018،

49- فارس عيسی خێلەكی، بنەماييت ئاسايشا نەتەوەيی، هەولێر، 2015.

50- فتحی بن سلامە و فرهاد خسرو خاوەر، و.شاناز هيرانی،مەكتەبی گەشەپێدان و بير و هۆشياری (ی.ن.ك)، سلێمانی،2021.

51- فائيز ابراهيم محمد، كۆمەڵناسی خوگرتن بە ماددەی هۆشبەرەوە، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، 2013.

52- د. كامەران محمد عزيز، ئاسايشی نەتەوەيی هەرێمی كوردستان لەسەردەمی نا دڵنياييدا، لە بلاۆكراوەكانی سەنتەری توێژينەوە و ستراتيجی زانكۆی سەلاحەدين، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدين، 2015.

53- كاميل عومەر، زمانی ستانداری كوردی، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەياندنی خاك، سلێمانی، 2017.

54- كامەران مەنتك، پەيوەندييەكانی نێوان توركيا و داعش لە ڕوانگەی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتييەوە، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، 2020.

55- كوردستان و پۆست داعش، ناوەندی لێكۆڵينەوی ڕووداو، هەولێر، 2016.

56- كوردستان دوای ئۆپەراسيۆنی موسل و ڕەققە، ناوەندی لێكۆڵينەوەی ڕووداو، هەولێر، 2017.

57- كشتوكاڵ، خليل حسن محمد اسماعيل، چاپخانەی سارا، بێ شوێنی چاپ، 2019.

58- كابينەی نۆيەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان خزمەتگوزاری و چاكسازی، لە بلاۆكراوەكانی نوسينگەی ڕاگەياندنی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2021.

59- گەيلان عباس، هێرشەكانی توركيا بۆ سەر هەرێمی كوردستان: لێكەوتە و سيناريۆكان، ژوری توێژينەوەی سياسی، سلێمانی، ئابی 2020.

60- لوقمان مەحۆ، دۆزی كوردلە سياسەتی دەرەوەی ويلايەتەيەكگرتووەكانی ئەمريكادا، و.عبدالكريم عزيری ، بنكەی ژين، سلێمانی، 2009.

61- مسعود بارزانی، بۆ مێژوو، چاپخانەی ڕۆكسانا، هەولێر، 2020.

62- مەسرور بارزانی، جيهانبينی بۆ پاراستنی ئاسايش و كوردستانێكی بەهێزتر: كۆی وتارە ڕۆژنامەوانييەكان1999–2019، دەستەی ئينسكلۆپيديای (پ.د.ك)، چاپخانەی ڕۆكسانا، 2022.

63- مەوفەق پيرە، مێژووی دروستبوونی كابينەكانی حكومەتی هەرێم، لە بلاۆكراوەكانی دەزگای موكريان، هەولێر، 2007.

64- مەهدی بەدری، مادده هۆشبەرەكان و بڵاوبوونەوەی لەئێران و كوردستاندا، چاپخانەی خانی، هەولێر، 2007.

65- مەلا بەختيار، مەترسييەكانی دۆخی ئێستا: سازان يان ترازان، 2017.

66- مەهدی جبرائیل فقیّ محمد و زەهرا جبرائیل فقی محمد، سیاسەتی پارێزگارە نوێیەکانی ئەمریکا و کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، 2009.

67- ماجد عسمان، ڕاپۆرتی شیکاری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان– عێراق، ڕاپۆرتەکە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، شوباتی 2021.

68- د.نەجات علی سالح، ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، لە بڵاوکراوەکانی خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ماد، هەولێر،2021.

69- نەجات علی، دیموکراسی وەك رەگەزێکی نویّ لە ئاسایشی نەتەوەیی دا لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن، لە بلاوکراوەکانی خانەی موکریان، هەولێر، 2014.

70- نەجات علی، دیموکراسی و ئاسایشی نەتەوەیی، خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چ 2، هەولێر، 2014.

71- د.نەوشیروان ڕەشید، ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنی سیاسەتی ئابووری باو، لە بڵاوکراوەکانی ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، تشرینی دووەمی 2015.

72- ناسر عوبێد ئەلناسر، دیاردەی گەندەڵی (نوێبوونەوەیەکی سوسیۆلۆجی– ئابووری)، و.سەلاح شاکەلی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر، 2005.

73- د. نەژدەت ئاکرەیی، ئاسایشی نەتەوەییمان بەرەو کویّ، زنجیرە 20 کتێبەکانی گۆڤاری گوڵان، هەولێر، 2021.

74- د.نەژدەت ئاکرەیی، هەرێمی کوردستان و چەند لایەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی (خوێندنەوەیەکی سیاسی و یاسایی)، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری سەرنج بۆ ڕاپرسی و توێژینەوە، هەولێر، 2011.

75- هێمن هەورامی، کوردستان و جوڵەی ڕیالیستی بۆ ئاینده: داینامیکییەتی سیاسی ناوچەکە و پێگەی کورد و ئاسۆکانی، خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، 2014.

76- هەرێمی کوردستان ئاڵەنگاری سیاسی و ئابوری، لە بڵاوکراوەکانی ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، 2018.

**ب- کتێبی عەرەبی**

1- د.أحمد عطوان، الأمن و مستقبل النظام الدولي، مركز البحوث والدراسات الامارات، الامارات العربية، 2012.

2- سليم قسوم، الاتجاهات الجديدة فى الدراسات الأمنية: دراسة فى تطور مفهوم الأمن فى العلاقات الدولية، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، بلا السنة.

3- د.عامر المصباح، المنظورات الاستراتيجية فى بناء الامن، دار الكتاب الحديث، الجزائر، بلا السنة.

4- علي بن فايز الجحني، الإعلام الأمني والوقاية من الجريمة، منشورات أكاديمية نايف العربية للعلوم الأمنية، الرياض، 2000.

5- عمر أحمد قدور، شكل الدولة واثره فى تنظيم مرفق الأمن، مكتبة مدبولى، مصر، 1994.

6- د.على عباس مراد، اللأمن والأمنى القومى مقاربات نظرية، ابن النديم للنشر والتوزيع، الجزائر، 2017.

7- م. فرهاد جلال مصطفى، الأمن والمستقبل السياسة الدولية، اكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر الاتحاد الوطنى الكردستانى، مؤسسة حمدى للطباع والنشر ،السليمانية، 2010،.

8- كوثر محمود ابوعين ، النظام البيئى وصحة المجتمع، دار مجد للنشر والتوزيع،عمان، أردن،2006.

9- د.محمد جميل المياحى، العراق والسيستانى، دار انكى للنشر والتوزيع، بغداد، 2019.

10- لواء محمد بكزادة، الأمن و ادارة أمن المؤتمرات، دار الفجر النشر والتوزيع، القاهرة، ط3، 2004.

أ- كتێبی ئینگلیزی

1- Barry buzan, ole waever u and jap de welde, security a new framework for analaysis, united kingdom, lynner ienner, 1998.
2- Barry buzan & ole waever, regions and power the structure of international security, Cambridge university press, 2003.
3- .Barry Buzan ,people state and fear an agenda for international security studies in the post-cold war,an imprint of pearsons education longman,second edition,1991.
4- Roberts m.macnmara, the essence of security reflections in office, library of congress catalog card number:68-29573,1968.

**شەشەم: تێزی دکتۆرا و ماستەر**

**تێزی دکتۆرا:**

**أ- کوردی**

1- ئەکرەم ئیسماعیل فەقێ، ئەزموونی دیموکراسی و خواستی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان– عێراق: توێژینەوەیەك لە دەروازەی گەشەپێدانی سیاسی و پێویستییەکانی دەوڵەتسازی، تێزێکی دکتۆرایە لە زانکۆی سەلاحەدین، کولێجی زانستە ڕامیارییەکان، هەولێر، نیسانی 2021.

**ب- عەرەبی**

1- عزيز نورى، الخطاب الأمنى تجاه الاسلام السياسى فى منطقة المتوسط بعد أحداث 11 سبتمبر 2001، أطروحة دكتوراه، جامعة باتنة، قسم العلوم السياسة و العلاقات الدولية، الجزائر، 2018–2019.

2- محمد طاهر عديلة، تطور الحقل النظرى للعلاقات الدولية– دراسة فى المنطلقات والأسس، أطروحة دكتورا غير منشورة، جامعة الحاج لخضر باتنة، كلية الحقوق والعلوم السياسة، قسم العلوم السياسة، الجزائر، 2014–2015.

3- نزهت حالى محمد، الأمن الوطنى بين التحديات الداخلية و الخارجية ( دراسة تحليلية)، أطروحة الدكتوراه فى جامع صلاح الدين قسم العلوم السياسة، أربيل، تموز 2022.


**نامەی ماستەر**

**أ- کوردی**


1- ئاشتی مجید پیرۆ، هەڵسەنگاندنی ئەزمونی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان–عێراق، ماستەرنامەیەکی بلاَو نەکراوەیە، لە زانکوی سەلاحەدین، کولێجی زانستە سیاسییەکان، هەولێر، 2016.

2- ئەکرەم ئیسماعیل فەقێ، ئاستەنگە سیاسیی و دەستورییەکانی بە دەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان، ماستەرنامەیەکی بلاَونەکراوە لە زانکۆی سەلاحەدین، کولێجی زانستە سیاسییەکان، هەولێر، 2014.

3- چنار بابەکر محمد، کاریگەری نەوت و گار لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان–عێراق لە دوای ساڵی 2003، نامەیەکی ماستەرە پێشکەش بە کۆلێجی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، هەولێر، 2015.

4- ڕێبین کاکەمم عمر، شوێنەوارە کۆمەلاَیەتی و دەرونییەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان، نامەیەکی ماستەرە لە زانکوی سەلاحەدین، کولێژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی، هەولێر، 2022.

5- سەگڤان ئوسمان هالۆ، کاریگەرییەکانی بە جیهانیبوون لەسەر پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، نامەیەکی ماستەرە لە کولێجی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، شوباتی 2016.

6- سعید سلیم محمد أمین، دانووستانەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ بەپێی مۆدێلی ڕۆجەر فیشەر (پرسی پترۆل وەك نمونە)، نامەیەکی ماستەرە لە زانکۆی سەلاحەدین / کولێجی زانستە سیاسییەکان، هەولێر، 2016.

7- شیروان هاشم عادل، ڕیفراندۆم و مافی چارەی خۆنووسین– هەرێمی کوردستانی عێراق2017( لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی بەراوردکارییە)، نامەیەکی ماستەرە پێشکەش بە کولێجی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، هەولێر، ئابی 2021.

8- محمد أحمد مجيد، كاریگەری بەجیهانیبوون لەسەر گەشەسەندنی تیرۆریزم (ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بە نمونە)، ماستەرنامەیەکی بلاَو نەکراوەیە، لە زانکۆی سەلاحەدین، کولێجی زانستە سیاسییەکان، هەولێر، 2016.

9- هێمن ئەمین شوانی، مەترسییەکانی راگەیاندن لەسەر ئاسایشی کومەڵایەتی: فەیسبوك بە نمونە، نامەی ماستەر لە زانکۆی سەلاحەدین کولێژی ئەدەبیات، بەشی ڕاگەیاندن، هەولێر، 2020.

10- هێرش فازل نامق، کاریگەرییەکانی هێرشی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر بواری سەربازیی هەرێمی کوردستان، ماستەرنامەیەکی بلاَونەکراوەیە، لە زانکۆی سەلاحەدین/ کولێجی زانستەسیاسییەکان، هەولێر، 2017.

ب- عەرەبی

1- اليامين بن سعدون، الحوارات الأمنية في المتوسط الغربي بعد نهاية الحرب الباردة دراسة حالة مجموعة 5+5، رسالة ماجستيرغير منشورة، جامعة حاج لخضر باتنة، كلية الحقوق و العلوم السياسية، الجزائر، 2011-2012.

2- احمد اشماعيل قادر، تحليل تجارب دولية مختارة في الخصخصة في التركيز على تحليل و تقييم عمليات خصخصة القطاع الصناعي في اقليم كوردستان العراق للمدة ( 1997-2008)، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة السليمانية، كلية الادارة و الاقتصاد، السليمانية ، 2009.

3- أوشن سمية، دور المجتمع المدني في البناء الأمن الهوياتي في العالم العربي دراسة حالة الجزائر، رسالة ماجستر غير منشورة، جامعة حاج لخضر، كلية الحقوق والعلوم السياسة، الجزائر، 2009-2010.

4- خديجة خضراوي، التحول الأنطولوجي في مفهوم الأمن دراسة في اسهامات مدرسة كوبنهاكن، رسالة ماجستر غير منشورة، جامعة محمد بوقرة-بومرداس، قسم العلوم السياسية والعلاقات الدولية، الجزائر، 2015-2016.

5- صفية نزاري، الأمن الثقافي لمنطقة المغرب العربي في ظل تنامي عولمة دراسة مقارنة لحالات الجزائر تونس- المغرب، رسالة ماجستر غير منشور، جامعة الحاج لخضر باتنة، الجزائر، 2010-2011.

6- جويدة حمزاوي، التصور الأمني الاوروبي: نحو بنية أمنية شاملة وهويه أستراتيجية في المتوسط، رسالة ماجستر غير منشورة، جامعة الحاج لخضر باتنة، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم العلوم السياسية، الجزائر، 2011-2010.

7- وفاء العمري، الامن القومي و حقوق الأنسان بعد أحداث 11 سبتمبر 2001 الولايات المتحدة الأمريكية أ نموذجا، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة باتنة 1، كلية الحقوق والعلوم السياسية، الجزائر، 2015-2016.

8- فاتن على منصور، البطالة واثرها على التنمية الاجتماعية (دراسة ميدانية لمحافظة اللاذقية)، رسالة ماجستير منشورة، جامعة تشرين، كلية الاقتصاد، سوريا، 2014.

9- فادى علان على جمعه،دور المثقف فى ثورات الربيع العربى و علاقتة بالسلطة السياسية، رسالة الماجستير منشورة، جامعة النجاح الوطنية، فلسطين، 2015.

**حەوتەم: توێژینەوە زانستی و ئەكادیمییەكان**

**أ- كوردی**

1- د.ئازاد نەقشبەندی، پێگەی ئاویی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو بەرەنگاری و هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، گۆڤاری شرۆڤە گۆڤارێکی سیاسیی هزرییە کە سەنتەری دراساتی(پ.د.ك) دەریدەکات، ژمارە 30، هەولێر، کانونی دووەمی 2020.

2- . ئەنوەر محمد فەرەج و زانا کەریم نەجم، ئامادەیی هەرێمی کوردستان–عێراق وەك بكەرێکی نا–دەوڵەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، مجله جامعە التنمیه البشریه، المجلد8، العدد 4، السلیمانیه، (2022).

3- م.ئەژی و ژیلوان یار أحمد، دیدی ئێران بۆ پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل: ستراتیژی نوێ و جەنگی درۆنەکان، گۆڤاری ئێرانناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات، ژمارە 4 ساڵی یەکەم، سلێمانی، تەمموزی 2022.

4- ئایندەی عێراق و هەرێم لە گێژاوی پرسە هەنوکەییەکاندا، ڕانانی ئایندەیی ژمارەی 1 ی سەنتەری لێکولینەوەی ئایندەیی، سلێمانی، شوباتی 2020.

5- ئایندەی نەوتی هەرێم لە بازاڕەکانی جیهاندا، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، هەولێر، 2019.

6- ئارمینا ئارم، وەرگێرانی جەواد حەیدەری، ئێران و سعودیە، ململانێ لەسەر باڵادەستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەرزنامەی ئێرانناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات، ژمارە (1) ، ساڵی یەکەم ،سلێمانی، تشرینی یەکەمی 2021.

7- ئیلنۆر چەڤیگ، کاتی ئەوە هاتوە تورکیا بەرامبەر کوردەکانی عێراق بە سیاسەتی خۆی دا بچێتەوە ، هەفتەنامەی گوڵان ، ژمارە ( 540 )، هەولێر، 2005/6/19.

8- ئازاد وەڵەد بەگی و جێگیر ئیبراهیم، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان زنجیرەی 182، سلێمانی، تشرینی یەکەمی 2020.

9- ئایندەی هەرێمی کوردستان لەبەردەم ئاڵەنگاری ناوخۆیی و دەرەوەیدا: گرفتە سیاسی و ئابورییەکان و پەروەردە و خوێندنی باڵا، ڕانانی ژمارە 7 ی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی، ئابی 2020.

10- ئایندەی هەرێمی کوردستان لە بەردەم ئاڵەنگاری ناوخۆیی و دەرەکیدا: گرفتە سیاسی و ئابورییەکان، پەروەردە و خوێندنی باڵا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ڕانانی ژمارە (7)، سلێمانی، ئابی 2020.

11- د.ئەرشەد تەها، ئابوری هەرێمی کوردستان لە دوای ڕیفراندۆم، گۆڤاری شرۆڤە وەرزە گوڤارێکی سیاسی هزرییە، سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای (پ.د.ك) دەریدەکات، ژمارە 26، هەولێر، پایزی 2017.

12- ئارام وەڵەد بەگی و جێگر ئیبراهیم، گوشارەکانی بەغداد و پووکانەوەی هەرێمی کوردستان، زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ژمارە 182، سلێمانی، تشرینی یەکەمی 2020.

13- ئایندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان: بژاردە و بەربەستەکان، دیداری زانستی هاوبەشی (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و کولێجی زانستە ڕامیارییەکان/ زانکۆی سلێمانی)، پێنج شەممە، هەولێر 2018/10/25.

14- د.بارزان جوهر، هەرەشەناوخۆییەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان/عیراق، مجلة الدراسات السياسية والأمنية، المجلد الثالث، العدد السادس، السليمانية، كانون الاول 2020.

15- د.بەنگین مەسیح ئاودەل، مەترسییە ژینگەییەکان لە هەرێمی کوردستان: ڕۆچوونی زەوی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، هەولێر، 2022/6/22.

16- بارام سوبحی، بێکاری شاراوە و بندیواریی: موّتەکەی یاسای چاکسازی، گۆڤاری ئایندەناسی، گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیجی دەدات، دوو مانگ جارێك سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات، ژمارە 2، سلێمانی، تەمموزی 2020.

17- بارودۆخی هەرێم، هۆکارەکانی قەیران، ڕێگا چارەکان و پێشنیارەکان، ئینیستیوتی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (میری)، هەولێر، شوباتی 2018.

18- بابان ئەلیاسی، ژیۆپۆلەتیکی ئاو وەك ئامرازی سیاسی، گۆڤاری تیشك، گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەلاّیەتی –سیاسییە، ژمارە 56، ساڵی بیست و دووەم، هەولێر، هاوینی 2720.

19- بهرۆز جەعفەر، ئاسایشی نیشتیمانی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی وزەوە، پەیمانگای میدیتێریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، سلێمانی، شوباتی 2019.

20- د.پشکۆ حمە تاهیر و م.ماجید خلیل فتاح، شوناسی نەتەوەیی و جوگرافیی ناوچە دابڕێندراوە کوردستانییەکان لە عێراق، مجلة دراسات السياسية والأمنية، المجلد الرابع، العدد الثامن، السليمانية، كانون الأول 2021.

21- د.پشتیوان فەرەج، مەغزاکانی گرێبەستەکەی کوردستان و ڕۆژنەفت لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهانی چین؟، گۆڤاری جوڕنالّ، ژمارە 12 و 13، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، سلێمانی، ئازار– نیسانی 2017.

22- جیهانگیر سدیق گولپی، پەیوەندییە داراییەکانی هەرێم و بەغداد: هۆکارەکانی ناسازی و سیناریۆ ئایندەییەکانی، گۆڤاری ئایندەناسی، گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیجی دەدات، دوو مانگ جارێك سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات، ژمارە 5، سلێمانی، کانونی یەکەمی 2021.

23- م. جیهانگیر صدیق أحمد، چاکسازی ئابوری لە هەرێمی کوردستان ، پاسا و بەربەستەکان لە (2005-2019)، مجلة الدراسات السياسية والأمنية، المجلد الرابع، العدد الثامن، السليمانية، كانون الأول2021.

24- حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان: لەمپەر و سیناریۆکان، ڕانانی ژمارە 4 ی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی، ئایاری 2020.

25- د.دانا علی صالح بەرزنجی، دیوە تاریکەکەی ئەزموونی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری خاڵ گۆڤارێکی هزری وەرزییە، ژمارە (36) ، سلێمانی، نیسانی 2022.

26- د.دلاوەر علاء الدین، نەچوە بچێ ئەرك و ئەولەویەتی هەرێم لێرە بەدواوە، سەرنجی سیاسیی، لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (میری)، بەرگی چوارەم، ژمارە 15، هەولێر، 2017.

27- دلاوەر عەلائەدین، دەوڵەتی کوردستان یان گشتپرسی، سەرنجی سیاسی، لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (میری)، بەرگی چوار، ژمارە 10، هەولێر، 20 سبتمبری 2017.

28- داهاتووی پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق و هەرێمی کوردستان، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، هەولێر، 2021/8/10.

29- د زیرەك ئەحمەد رەحمان، حەشدی شەعبی: پێکهاتە و تێڕوانینی ولاتانی ناوچەکە بۆ ئەو هێزە، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ژمارە 80، سلێمانی، تشرینی یەکەمی 2019.

30- د.زووبێر رسول ئەحمەد، تورکیا و هەرێمی کوردستان: ئابوری یان ئاسایش، تورکیا بەدوای کامیاندا دەگەڕێت؟، گۆڤاری توێژەر، زانکۆی سۆران، بەرگی 3، ژمارە 2، بەهاری 2020.

31- د. سەردار عزیز، هێزی پێشمەرگە میکانیزمێك بۆ دۆستایەتی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان زنجیرەی 54، سلێمانی، ئایاری 2019.

32- د.سەردار عەزیز، ناسنامەی کوردی لە باشور ...سەرهەڵدانی وردە ناسنامەکان: گۆڕانی ناسنامەیی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، هەولێر، 2021/3/14.

33- سەردەمی بایدن...سیاسەتی ئیدارەی نوێی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: لێکەوتەکانی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان، ڕانانی ئایندەیی ژمارە 9، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات، سلێمانی، شوباتی 2021.

34- د.سەباح موفیدی، ئاین و شوناسی سیاسی لە کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان. بێ زنجیرە و ساڵی بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

35- م.سەروەر محمد عبدالله، شەفافیەت و سێکتەری نەوت لە عێراق و هەرێمی کوردستان، گۆڤاری جۆرنال ، گۆڤارێکی مانگانەی شیکاری سیاسییە کە ناوەندی میللەت بۆ توێژینەوە دەریدەکات، ژمارە 3، سلێمانی، حوزەیرانی 2016.

36- د.سالح عمر عیسی و د.پەروێز رحیم قادر، پرسەکانی ئاسایشی سەربازی و سیاسی هەرێمی کوردستان-عێراق لە ڕوانگەی باری بۆزان لەدوای 2017، گۆڤاری قەڵای زانست، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، ژمارە 2، بەرگی 6، هەولێر، هاوینی 2021.

37- د.سالح عمر عیسی و د.پەروێز رحیم قادر، شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کومەڵگەیی و ژینگەیی هەرێمی کوردستان-عیراق لە روانگەی قوتابخانەی کوپنهاگن لەدوای 2017، گۆڤاری قەڵای زانست، گۆڤارێکی وەزریە زانکۆی لوبنانی -فەرەنسی، ژمارە 3، بەرگی 6، هەولێر، هاوینی 2021.

38- شێرزاد ئازاد سوڵتان، دیاردەی داعش لە ڕوانگەی تیۆری ململانێوە، گۆڤاری توێژەر، بەرگی 2، ژمارە 4، پایزی 2019.

39- د.عابد خالد رسول، هەرێم و بەغداد، واقیعێکی تاڵ و ئایندەیەکی نادیار، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دوومانگ جارێك دەری دەکات، ژمارە (5)، سلێمانی، کانونی یەکەمی 2021.

40- د.عەرەفات کەرەم، دەستێوەردانی وڵاتان لە کاروباری ناوخۆیی عێراق، گۆڤاری شرۆڤە، ژمارە57، مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی کادیرانی پارتی دەریدەکات، هەولێر، 2017.

41- عدنان ئەحمەد، نەوتی هەرێم لە نێوان بەرداشی دادگاکاندا، گۆڤاری ئایندەناسی، گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیجی دەدات، دوو مانگ جارێك سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات، ژمارە 12، سلێمانی، ئاداری 2022.

42- عەدنان ئەحمەد، 100 ساڵەی کۆمار: ئایندەی تورکیا بەرە و کوێ؟، گۆڤاری ئایندەناسی سەنتەری لێکۆلینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات، ژمارە 15 ساڵی سێیەم، سلێمانی، کانونی یەکەمی 2022.

43- عبدل موتەلیب ڕەفعەت سەرخەت، دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دوو مانگ جارێك دەریدەکات، ژمارە 11، سلێمانی، کانوونی دووەمی 2022.

44- عەمبەرین زەمان، کوردستانی عێراق لە ئاستانەی سەربەخۆیی دا، وەرگێرانی باخەوان سۆفی، گۆڤاری کوردستان دیپلۆماتیك، دەزگای ئایدیا دەری دەکات، ژمارە (20-21)،سلێمانی، 2017.

45- عێراق و هەرێمی کوردستان لە ڕەشنووسی ڕێککەوتنی 25 ساڵەی چین و ئێراندا، ڕانانی ژمارە 6 ی سەنتەری لێکوڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی، تەمموزی 2020.

46- عمر ئەحمەد، هەرێمی کوردستان لە بەردەم قەیرانی کەڵەکەبوونی قەرزەکاندا، ناوەندی لێکوڵینەوەی ڕووداو، هەولێر، 2020/6/1.

47- م.فەرهاد حسن عبداللە، بەشداری پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی: کۆسپەکانی بەردەمی و سیناریۆی ئایندە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی 6، ژمارە 2، ڕەزبەری 2019.

48- فەرهاد حسن عبداللە، پەیوەندییەکانی تورکیا– یەکێتی: ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوشی باشوری کوردستان، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، زنجیرە 63، سلێمانی، ئازاری 2019.

49- م.فەرهاد جلال مستەفا، ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان، گوڤاری بوار، ژمارە 1، سلێمانی، 2018.

50- م. کارزان عمر، گرنگی پێگەی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووسیای فیدراڵ، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە 38، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، سلێمانی، تەمموزی 2019.

51- م. کارزان عومەر علی، دۆخی ئازادی ڕادەبرین لە هەرێمی کوردستان و ئاستەنگەکانی بەردەمی، زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان زنجیرەی 251، سلێمانی، 2021.

52- لەمپەرەکانی بەردەم نووسینەوەی دەستور لە هەرێمی کوردستان، سەنتەری توێژینەوەی جوڵانەوەی نەوەی نوێ، سلێمانی، بێ ئاماژەکردن بەساڵ.

53- مایکل نایت، کوردستانی عێراق: کارە لە پێشینەکان لە نێوەندگیری نێودەوڵەتیدا، سەرنجی سیاسی، لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتیوتی ڕوژهەڵاتی ناوەڕاست (میری)، بەرگی 4، ژمارە 41، هەولێر، 13 ی تەمموزی 2021.

54- مەریوان علی، هەڵویستەیەك دەسەڵات..گۆڕان..ئۆپۆزسیۆن، گۆڤاری ڕۆشنگەری، ژمارە 27، سلێمانی، زستانی 2010.

55- محمد حسێن، ئاڵەنگاریەکانی وزەی هەرێمی کوردستان، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان زنجیرەی 74، سلێمانی، تشرینی یەکەمی 2019.

56- محمود بابان، دەرفەت و ئاڵێنگارییەکانی بەردەم پیشەسازیی نەوتی هەرێمی کوردستان لە 2021 دا، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، هەولێر، 2021/2/6.

57- محمود بابان، ئابورییەکی بەکاربەر: نیشاندەرە سەرەتاییەکانی داهاتووی ئابووری هەرێمی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، هەولێر، 2022/6/23

58- مسعود حەمید ئیسماعیل، ئاسایشی نەتەوەیی کورد و پەیوەندییەنێودەوڵەتییەکان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە 3 ی ساڵی نۆزدەهەم، سلێمانی، تشرینی دووەمی 2011.

59- د.محمد حسێن، کوردستان لەنێوان بەرداشی وڵاتانی جیهاندا، گۆڤاری شیکار گۆڤارێکی وەرزی هزرییە( ی.ئ.ك) دەریدەکات، ژمارە 32ساڵی دەیەم، هەولێر، بەهاری 2021.

60- محمد حسێن، کێ هەرێمی کوردستان لە داڕوخانی ئابوری دەپارێزێت؟ ، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان زنجیرەی 177، سلێمانی، ئەیلوی 2020.

61- د.موردیچای چازیزەی، وەرگێرانی م.هاوری حسن حمە، پرسی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان زنجیرەی 4، سلێمانی، کانوونی دووەمی 2018.

62- ململانێی ئەمریکا و ئێران لەسەر خاکی عێراق و هەڵوێستی هەرێمی کوردستان، سەرنجی سیاسی لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (میری)، بەرگی 4، ژمارە 38، هەولێر، 15 کانونی دووەمی 2020.

63- د.نیاز نجم الدین، ململانێ لەگەڵ عێراق: پرسی جیابونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان زنجیرەی 65، سلێمانی، تشرینی دووەمی 2019.

64- د.هەردی مەهدی میکە، خەباتی پەرلەمانی کورد لە ماشەوە تا وشە، گۆڤاری ئاییندەناسی، ژمارە (10)، دوو مانگ جارێك سەنتەری لێکۆلینەوەی ئایندەیی دەریدەکات، سلێمانی، 10 تشرینی دووەمی ساڵی 2021.

65- هاشم ئەلهاشمی، ناکۆکیە ناوخۆییەکانی ناو دەستەی حەشدی شەعبی، وەرگێرانی بەختیار ئەحمەد، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان زنجیرەی 167، سلێمانی، تەمموزی 2021.

66- م.هاوڕێ حسن حمە، چەمکی ئاسایش لە نێوان تیۆری ڕیالیزم و قوتابخانەی کوپنهاگن، ناوەندی کوردستان بۆ لێکولێنەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، 2021.

67- م.هاوڕێ حسن حمە، قوتابخانەی کۆپنهاگن و سێکتەرەکانی ئاسایش: فراوانکردنی چەمکی ئاسایش، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانی و قەیرانەکان، سلێمانی، 2021.

68- م. هاوڕێ حسن حمە، بە ئەمنیکردن چییە و چۆن پرۆسە سیاسییەکان دەگۆڕێن بۆ پرسی ئەمنی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، 2021.

69- هاوکار رفیق، هەڕەشەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوە، گۆڤاری ئایندەناسی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دوو مانگ جارێك دەریدەکات، ژمارە 4، سلێمانی، تشرینی دووەمی 2020.

70- د.هێمن نامق جمیل، ئیرادەی سیاسی وەکو پێداویستییەکی گرنگی پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی (دۆخی هەرێمی کوردستان–عیراق لە دوای ساڵی 2014 ەوە وەکو نمونە)، گوڤاری توێژەر، بەرگی سێ، ژمارە 2، بەهاری 2020.

71- د.هێمن میرانی، گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی لە کوردستان، گۆڤاری شرۆڤە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری دیراسات و توێژینەوەی ئەکادیمیای پارتی، وەرزە گۆڤارێکی هزری سیاسیە، ژمارە 29، هەولێر، حوزەیرانی 2019.

72- هەڵمەت غریب، دەرهاویشتە مەترسیدارەکانی 16 ی ئۆکتۆبەر لەسەر کوردستانیەتی کەرکوك، گۆڤاری شیکار گۆڤارێکی وەرزی هزرییە (ی.ئ.ك) دەریدەکات، ژمارە 26 ساڵی هەشتەم، هەولێر، بەهاری 2019.

73- د.یونس علی، ڕۆڵ و کاریگەری کارگە و کۆگاکانی هەڵگرتن و پاراستنی بەرهەمە خۆراکیەکان لەسەر دابینکردنی ئاسایشی خۆراك لە هەرێمی کوردستان، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان زنجیرەی 4، سلێمانی، ئابی 2018.

74- د.یونس علی، پرۆژەی گاپ و مەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان زنجیرەی 20، سلێمانی، حوزەیرانی 2018.

75- wood macknize، کوردستان هەرێمی خاوەن نەوت لە قەیراندا، وەرگێرانی فەرهاد حسن عبدالله، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان زنجیرەی 176، سلێمانی، ئەیلولی 2020.

**ب- عەرەبییەکان**

1- د.ئومێد رفیق فتاح و د.عابد خالد رسول، پرۆسەی بە دامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە: هەنگاو و ئاستەنگەکان، مجلة الدراسات والسياسية و الأمنية، المجلد ( الاول) العدد الثانی، سليمانية، كانون الأول 2018.

2- بومليك نوال، الهندسة الاقليمية للأمن: نظرية مركب الأمن الاقليمي كمقاربة تفسيرية، مجلة ناقد الدراسات السياسية، المجلد 5، العدد 3، 2021.

3- رايق سليم البريزات، الصراع السعودى– والايرانى وتأثيره على دول الجوار العربى، المجلة العلمية للدراسات التجارية والبيئية، جامعة القناة السويس، كلية التجارة الاسماعيلية، المجلد الثامن، العدد الثالث، البحرين، 2017.

4- عادل زقاع و أ. سميرة سليمان ، دور مؤسسات الأتحاد الاوروبى فى أمننة فى قضيتيي التغير المناخى والهجرة غير الشرعية، مجلة دفاتر الساسية القانونية، جامعة الباتنة ، العدد 15، الجزائر،2013.

5- فخرالدين سلطانى و سيد نجر، ترجمة زين العابدين بولبان، مستويات التحليل فى العلاقات الدولية ونظرية المركب الأمن الاقليمى، مجلة ناقد الدراسات السياسية، المجلد 5، العدد 2، البحرين، 2020.

6- الدكتورة الفوزية القاسى، أثر خطاب الامننة على تطور الدراسات الامنية بعد احداث 11–9 اسهامات مدرسة كوبنهاجن ، جامعة وهران، مجلة العلوم القانونية و السياسة، المجلد 10، العدد 1،، الجزائر، ابريل 2019.

7- د.مصطفى علوى، الأمن الاقليمى بين الأمن الوطنى والأمن العالمى، مجلة مفاهيم الأسس علمية والمعرفة، مركز دراسات المستقبلية والأستراتيجية، العدد 4، السنة الاولى، القاهرة، ابريل 2005.

8- وصفى عقيل و أيمن هياجنة و خالد العدوان، مفهوم الدولى لدى نظريات العلاقات الدولية فى ضوء متغيرات الدولية ما بعد أحداث الحادى عشر من أيلول 2001، مجلة دراسات العلوم الانسانية والاجتماعية، المجلد 48، العدد 3، جامعة اليرموك، 2021.

**ب- ئینگلیزییەکان**

1- Barry buzan, new patterns of global security in the twenty –first century, international affairs( royal instuite of international affairs 1994) vol.67, no.3, 1994.

2- Ole Waever, European security identities, journal of common market studies, vol.34,No 1, march 1996

**هەشتەم: چاوپێکەوتن**

1- چاوپێکەوتن لەگەڵ (م.ئالان حمە سعید) وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە رێکەوتی 2022/12/11، دیوانی وەزارەت، هەولێر، کاژێر 10:30 خولەکی بەیانی.

2- چاوپێکەوتن لەگەڵ عەمید عوسمان محمد ناسراو بە (عسمانە ریشە)، گوتەبێژی فەرمی وەزارەتی پێشمەرگە، لە رێکەوتی 2022/7/28، کاتژمێر 11 ی سەر لە بەیانی.

**نۆیەم: رۆژنامەکان**

1- تەحسین زراری، دەروازەیەك بۆ ئاسایشی هەرێمی کوردستان، رۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی فەرمی ( پ.د.ك)، ژمارە 4721، هەولێر.

2- الوقائع العراقية، الجريدة الرسمية لجمهورية العراق، قانون رقم (23) لسنة (2021) " الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية 2021" ، العدد (4625)، 29 شعبان 1442 هجرى/ 12 نيسان 2021 ميلادي، السنة الثانية والستون.

**دەیەم: تۆڕی زانیاری نێودەوڵەتی (سەرچاوەی ئەلیکترۆنی)**

**أ- کوردی**

**توێژینەوەکان:**

1- ئارام وەلەد بەگی، مانەوەی هەرێمی کوردستان مسۆگەر نییە، ماڵپەری پێنووس: v4u86https://tinyurl.com/muf

2- ئەمریکا و هەرێمی کوردستان: قوناغێکی نوێ، ماڵپەری پێنووس: https://tinyurl.com/4xmv425f

3- ئالان حمه سعید، ئێران و تورکیا: سیاسەتکردن لە ژینگەیەکی هەرێمایەتیی جەمسەرگیردا، ماڵپەری پێنووس: 86xf4https://tinyurl.com/bdf

4- ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ژێر هەڕەشەی سەبازیدا: هێرشەکانی سەر هەولێر وەك نمونە، ناوەندی کوردستان بۆ لیکۆلینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، پێگەی ئەلیکترۆنی ناوەندی کوردستان: BRt8u.pw/h2https://

5- ئاسۆ جەوهەر، پاشەڕۆ مەترسیدارەکان چین و چۆن چارەسەر دەکرێن، ماڵپەری ئازادبوون بۆ تواناسازی، تاکگەرایی و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان: 8580https://azadbun.com/archives/

6- بریار شێرکۆ بابان، بەستنەوەی هەرێمی کوردستان بە سیستەمی ئاسایشی جیهان، ماڵپەری پێنوس: sz6f5https://tinyurl.com/yau

7- د.پەروێز رحیم قادر، ناسنامە و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو:، https://tinyurl.com/2s42pfe

8- د.پەروێز رحیم قادر، کوردستان لەبەردەم قەیرانی ناسنامەدا، ماڵپەری پێنووس: tvxn23https://tinyurl.com/ya

9- جونا سوبحی و دڵخواز اسماعیل، دیاردەی نا سەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق: خوێندنەوەیەك بۆ چەمك و رەهەندەکانی، ماڵپەری پێنووس،: https://tinyurl.com/bdfafbxj

10- جونا سوبحی و دڵخواز ئیسماعیل، دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، ماڵپەری پێنوس: hadtr9p2https://tinyurl.com/

11- د.جلال حسن مستەفا، هەرێمی کوردستان لەدوای ریفراندۆم: رەگوریشەی شکستەکان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی: https://www.centerfs.org/referendum-failure-roots/ https://

12- چین و هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی روو لە هەڵکشان، ماڵپەری رووداو: Xh8u.pw/nK2https://

13- چارەنووسی هەرێم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئاییندە، ماڵپەری چاوی کورد،: 87u.pw/oyH2https://

14- حیسام دەست پێش، قەیرانی وردە ناسنامەکان، ماڵپەری پێنووس: ddbxchp4https://tinyurl.com/

15- د.دلاوەر علاء الدین، لیکترازان و بە دەوڵەتبوون، پێگەی فەرمی مێری: https://tinyurl.com/msxb32y6

16- د.دلاوەر علاء الدین، ئایندەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، پێگەی ئینستیوتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (میری): e4u.pw/qOA2https://

17- د.دلاوەر علاء الدین، ئایندەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، توێژینەوەیەکی ئەلیکترونیە: https://tinyurl.com/y5tzjw9u

18- ڕەنگدانەوەی شوناسی نیشتیمانی لە کتێبی کومەڵایەتیدا، پێگەی فەرمی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی: u.pw/rpBdZ2https://

19- ڕۆندك فارس، ڕووسیا...کلیلی سێگۆشەی مودێرنێتی جیهانی، ماڵپەری هەرێم نیوز: https://tinyurl.com/y9ecay8m

20- د.ڕێبوار بابکەیی، نەوتی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە سیاسی و ستراتیجیەکان: بەربەست و تەگەرەکان، ماڵپەری پێنووس: tub7jcs3https://tinyurl.com/

21- د.زمکان علی سەلیم، ئایا هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران مایەی مەترسین؟، ماڵپەری شەن پرێس: https://tinyurl.com/24tuz8us

22- د. زبێر ڕەسووڵ، قۆناغێکی مەترسیدار لە پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان، ماڵپەری پێنووس: https://tinyurl.com/ycyakcpw

23- د.سارە کاکل، هاوکێشەی پەیوەندی نێوان تورکیا– ئێران کاریگەری لەسەر عێراق، ماڵپەری ڕووداو: xtjbkru4https://tinyurl.com/

24- د.سەردار قادر ، ئایا لە بارودۆخی ئێستادا دانوستانی هەولێر و بەغداد سەرکەوتوو دەبێت، ماڵپەری پێنووس: vkknnvs4https://tinyurl.com/

25- شالاَو عبدالقادر محمد، گرنگی کۆڕبەندی سان پیتێرزبۆرگ بۆ هەرێمی کوردستان و ڕووسیا، ماڵپەری پێنووس: https://tinyurl.com/kv9mvkzn

26- عبدالله عەوێز، چین و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ..گۆڕانکاریی لە کوردستان، ماڵپەری پۆڵەتیك میدیا: https://tinyurl.com/yx5xvzzf

27- عیراقێك بۆ هەمووان، دیداری میری بۆ ساڵی 2022، ماڵپەری میری: zneh96h4https://tinyurl.com/

28- غازی هەرێم لە کێشمەکێشمی ئێران و تورکیادا، ماڵپەری درەو میدیا،: https://tinyurl.com/yw8v3fdr

29- د.فەرەیدون سامان، زمانی کوردی، پێگەی ئەلیکترۆنی کوردستانی نوێ:
yc29https://tinyurl.com/yexb

30- د.کامەران پالانی، هەرێمی کوردستان و گریمانەکانی ریالیزم، ماڵپەری پێنووس:
wk9b5bv4https://tinyurl.com/

31- د.کاوە محمود، شوناسی کوردستانی نیشتیمانییە یان لۆکاڵی؟ ماڵپەری رێگای کوردستان،:
https://tinyurl.com/b64e5ksw

32- محمد رەئوف و فازڵ رەغعەت، دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن کامیان خراپترە، درەو میدیا:
7699https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=

33- محمد رەئوف، ئەگەرەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش لە ناوچەکە، ماڵپەری درەو میدیا:
SPOV1u.pw/2https://

34- ناوەندی ستراتفوری ئەمریکی: بەهۆی پەکەکە، کوردستان دەبێتە چەقی ململانێکانی تورکیا و پەکەکە، ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر: p2e8a8p2https://tinyurl.com/

**سایتی فەرمی**

1- ئاستی دابەزینی ئاوی ژێر زەوی لە هەولێر، پێگەی فەرمی فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان bk4xnaj3https://tinyurl.com/

2- بریاری ژمارە (2249)، ماڵپەری فەرمی نەتەوەیەکگرتووەکان:
https://www.un.org/securitycouncil/ar/content/resolutions-adopted-security-council-2015

3- پێگەی فەرمی پەرلەمانی کوردستان: cs4https://tinyurl.com/mrref

4- پەیامی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەرۆژی جیهانی دژە گەندەڵیدا، پێگەی فەرمی یۆنامی لە عێراق: rasn7rv2https://tinyurl.com/

5- پرۆژە یاسای بەردەوامبوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، پێگەی فەرمی پەرلەمانی کوردستان:
https://tinyurl.com/467f5p6x

6- حکومەتی هەرێم داتای تایبەت بە خەرجی و داهاتی سێ ساڵی کابینەی نۆیەم دەخاتەڕوو، ماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێم: 554https://tinyurl.com/ycktp

7- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ئامارەکانی کەش و هەوا لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی 2012–2021، بەشی ئامارەکانی کشتوکاڵ و ژینگە، تەمموزی 2022،: PstK2u.pw/2https://

8- دەستەی دەستپاکی، پێگەی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان:
https://www.despaky.krd/ku/ئەمۆی%2e%80%c8–کێیێن/

9- دیلۆیت: پێگەی فەرمی کۆمپانیای دیلۆیت:

.deloitte.com/iq/en/pages/about-deloitte/articles/about-deloitte.html2https://www

10- سەرۆك نێچیرڤان بارزانی نامەیەکی لە سەرۆك بایدنەوە پێدەگات، ماڵپەری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان،:
5u.pw/PxCU2https://

11- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێم،:
https://tinyurl.com/2pdha83m

12- کارنامەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی ڕێککەوتنی نوێ لەگەڵ دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان بەهێزتربوو، پێگەی undp لە عێراق: jhe9xb9https://tinyurl.com/f

13- کابینەی حکومەت: ماڵپەری حکومەتی هەرێمی کوردستان: https://gov.krd/government/the-
/cabinet

14- کۆنفرانسێکی تایبەت بە ماددەی هۆشبەر بەڕێوەچوو، ماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان:
https://tinyurl.com/yecmmwju

15- کونسوڵگەری بیانی لە هەرێم، ماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێم:
/https://gov.krd/dfr/foreign-representation

16- ماڵپەری فەرمی وەزارەتی پێشمەرگە: /https://gov.krd/mopa

17- مێژووی هەڵبژاردنی خولی یەکەم: پێگەی فەرمی پەرلەمانی کوردستان:
cs4https://tinyurl.com/mrref

18- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە، ماڵپەری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە:
/https://gov.krd/dfr/krg-representations

**داتا و ڕاپۆرت و وتار:**

1- ئەحمەد حمید، بەرپرسێکی سۆسیالیست نزیکەی 5000 پێشمەرگەمان هەیە، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو :
https://tinyurl.com/y9caffd2

2- د.ئەحمەد ئەنوەر، کەرتی نەوت و غاز لە دەرەوەی چاودێری دەستەی دەستپاکییە، پێگەی ئەلیکترۆنی کوردیو: https://tinyurl.com/6uckabb9

3- ئایە هەرێمی کوردستان و عێراق دەتوانن ڕێگری لە درۆنەکانی تورکیا بکەن، پێگەی ئەلیکترۆنی مێکس نیوز:
v7sx3https://tinyurl.com/ycx

4- ئایا هەرێمی کوردستان بۆتە کاروان سەرای ماددەی هۆشبەر، ماڵپەری ئاوێنە:
wzww55https://tinyurl.com/yc

5- ئەنجومەنی ئاسایش: هێرشە درۆنیەکەی شەوی ڕابردوو بۆ سەر هەولێر لەلایەن حیزبوڵڵاوە کراوە، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو: https://tinyurl.com/4z3hdfyj

6- ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان، ماڵپەری کەی ئێن ئێن،: pvkzdd85https://tinyurl.com/

7- ئێران بە مووشەك و درۆن هێرشی کردە سەر بارەکانی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێگەی ئەلیکترۆنی کوردستان24: 9cn394https://tinyurl.com/yc

8- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم وەڵامی تیمیی یەکێتی لە ئەنجومەنەکە دەداتەوە، ماڵپەری سپی میدیا: u.pw/VWmhQ2https://

9- ئایا هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر هانا بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەبات، ماڵپەری ڕووداو،: j358https://tinyurl.com/hdsa

10- ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردستان، ماڵپەری کوردستان 24: 4ch4https://tinyurl.com/mrxv

11- بەهرۆز جەعفەر، چارەنووسی ئەنجومەنی ئاسایشی هەریم لە نێوان بە حیزبیبوون و بە نیشتیمانی بووندا، پێگەی ئەلیکترۆنی لڤین پرێس: 3u.pw/DfQx2https://

12- بریژینیسکی: پێگەی فەرمی ئەلجەزیرە: twsf4kd4https://tinyurl.com/

13- بەڕێوەبەری نەهیشتنی ماددەی هوشبەرەکان: لەماوەی 11 مانگدا 2229 تۆمەتبارمان دەستگیر کردووە، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو: 021220226https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/

14- بریفینگی سوپا سالاری پێشمەرگە لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، پێگەی ئەلیکترۆنی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو،: 4afpah45https://tinyurl.com/

15- بن دیوارەکانی پارتی و یەکێتی، ماڵپەری درەو میدیا،: wk8d6m23https://tinyurl.com/

16- بایکۆتی هەڵبژاردن هێزە کوردییەکانی ڕاچڵەکاند، پێگەی ئەلیکترۆنی دەنگی ئەمریکا: 3ehfyt42https://tinyurl.com/

17- د.بەهار محمود فتاح، لە سایەی نەبوونی دەستوردا، ماڵپەری زەمەن پرێس،: https://tinyurl.com/msax3f7j

18- پیسبوونی ژینگە ساڵانە دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانی نزیکەی 9 ملیۆن کەس لە جیهاندا، ماڵپەری دەنگی ئەمریکا،: j6ed9n43https://tinyurl.com/

19- پێنج ساڵ بەسەر چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ تێدەپەڕێت، ماڵپەری کوردستان تیڤی: https://tinyurl.com/2xu9xeuj

20- پیسبوونی ژینگە هەڕەشەیەکی جیددیی لەسەر کوردستان، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو: https://tinyurl.com/2t8dmktm

21- ڕسکی دوو ئیدارەیی بۆ پێکهێنانی حکومەت، ماڵپەری وشەنێت،: f8ktsuf4https://tinyurl.com/

22- رۆژمێری سەرەتا و کۆتایی داعش، ماڵپەری فەرمی سبەی: https://tinyurl.com/2p8r74ub

23- ڕیبین ئەشرەف، ئێران ئاوی زێی بچوکی گرتەوە، ماڵپەری مەودا میدیا: O6u.pw/Dyn2https://

24- ژیار محمد، وتەبێژی دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان: ناکرێت ئەو خوڵبارینە ڕابگرین، ماڵپەری دەنگی ئەمریکا: https://tinyurl.com/2k3exhfp

25- سەرباز سیامەند، وەزارەتی پێشمەرگە: تورکیا 20 بۆ 40 کیلۆمەتر و ئێران 10 کیلومەتر هاتونەتە هەرێمی کوردستان، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو: 2706202015https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/

26- سەرتیپ قەشقەیی، شێخ باز وەزیرە سێبەرەکەی حکومەتی مەسرور بارزانی، پێگەی ئەلیکترۆنی شارپرێس: xpcw38s2https://tinyurl.com/

27- سەدر و سوننەکان و پارتی هاوپەیمانیەکی سیاسیان ڕاگەیاند، پێگەی ئەلیکترۆنی خەندان:

u.pw/OqBDY2https://

28- سەرۆکی نوێی ئێران پشتیوانی حەشدی شەعبی دەکەین، پێگەی ئەلیکترۆنی شەن پرێس: https://tinyurl.com/2p83whh6

29- سالار محمود، عێراق لە کوێی بەرداشی ئەمریکا و ئێراندایە، ماڵپەری شەن پرێس: https://tinyurl.com/39jrmk89

30- سەربەست لەزگین: لەگەڵ عێراق کار بۆ سیستەمی بەرگریی ئاسمانی دەکەین، تۆڕی میدیایی ڕووداو: 65https://tinyurl.com/mpptnv

31- ساکار عبدالله، ژینگەی بازیان لە مەترسی دایە ( نزیکەی 10 هەزار کەس تووشی شێرپەنجەبوون) ، ماڵپەری ئازادبوون بۆ تواناسازی، تاکگەرایی و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان: 8537https://azadbun.com/archives/

32- عێراق لەبارەی هێرشەکانی ئێرانەوە: هەموو ڕێکارە دیبلۆماسییەمان لە ئاستی باڵا دەگرینەبەر، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو: wsk7wz22https://tinyurl.com/

33- قوباد تاڵەبانی و بەشێك لە وەزیرەکانی یەکێتی بەشداریی کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ناکەن، پێگەی فەرمی ڕووداو: 8495u6n5https://tinyurl.com/

34- قاچاخی دەروازە سنورییەکان، ماڵپەری ڕووداو،: 8ky2e5https://tinyurl.com/du

35- کڵۆی چرنووك: پێگەی فەرمی ئەلجەزیرە: 98bf6m42https://tinyurl.com/

36- کابینەی نۆیەم و چاکسازی، پێگەی ئەلیکترۆنی (knn): 6u.pw/Qduo2https://

37- گۆران فەتحی، بلاسخارت و بنبەستی سیاسی لە عێراقدا، ماڵپەری کوردستانی نو 512https://knwe.org/KU/ArticleDetails/

38- گۆڤاند سیامەند: بەدواداچوون لەسەر ماددە هۆشبەرەکان: کوردستان بۆتە ترانزێت و لە عێراق بە درۆن دەگوێزرێتەوە: https://tinyurl.com/2scedvyu

39- گوندی (پەرەخ) ی چۆن تۆپبارانکرا، پێگەی ئەلیکترۆنی درەو میدیا: https://tinyurl.com/3b3rynjj

40- لوقمان مستەفا صالح، یاسای چەك و دیاردەی چەکداری، پێگەی ئەلیکترۆنی میللەت پرێس: https://tinyurl.com/5n9xkkku

41- لە ڕۆژی ژینگەی کوردستان دەستەی ژینگە پەیامێکی بلاَوکردەوە، ماڵپەری سپی میدیا: 3er9r8https://tinyurl.com/yc

42- لە هەرێم زیاتر لە (50) هەزار بیری نایاسایی هەیە، ماڵپەری درەو میدیا: j5wwp333https://tinyurl.com/

43- لە 650 دۆسیەی گەندەڵی کەس دەستگیر نەکراوە، پێگەی ئەلیکترۆنی ئێن ئارتی: https://tinyurl.com/46e6k58m

44- مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو: 3ej5bta3https://tinyurl.com/

45- مستەفا ئاوات علی، ئەو چەکەی سەری خۆیان دەخوات، پێگەی ئەلیکترۆنی وێستگە نیوس: https://tinyurl.com/2w35abmp

46- محمد ڕزگار، ئۆپەراسیۆنی چرنووك قوفڵ، پێگەی ئەلیکترۆنی زانیاری: u2u.pw/BWr2https://

47- مەجید سالْح، بۆ بزوتنەوەی گۆڕان بەردەوامە، ماڵپەری درەو میدیا: https://tinyurl.com/ycxx8fey

48- نەرمین عسمان، لێکەوتەکانی خۆڵبارین لەسەر ژینگە، ماڵپەری مەودا میدیا: https://tinyurl.com/5n7hyrdc

49- نەورەس عبدالله، قەبارەی بازرگانی هەرێمی کوردستان و تورکیا زیادیکردووە، ماڵپەری کوردستان24: https://tinyurl.com/3ryn5bsp

50- نەوتی هەرێمی کوردستان، ماڵپەری درەو میدیا،: uytkbn45https://tinyurl.com/

51- هەشتی تەمموز: ئەو بومەلەرزەیەی بە هەشت پلە دۆخی ناوخوی یەکێتی هەژاند، ماڵپەری شار پرێس: 24u.pw/DjZ2https://

52- د.هێمن میرانی: چەکی بێ موڵەت دەستی بەسەردا دەگیرێت و ڕێکارەکانی نوێکردنەوەی چەك زۆر توند کراون، پێگەی ئەلیکترۆنی گولاَن: https://tinyurl.com/4238bdkm

53- هێمن بابان رحیم، 926 هەزار ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردستانن، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو: https://tinyurl.com/9nkbrfpn

54- هاوار عبدالرزاق، ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی: گۆڕانی کەش و هەوا هەڕەشەی جددی لە هەرێمی کوردستان عێراق دەکات، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو: nbc2u.pw/x2https://

55- وەزیری پێشمەرگە بۆ ڕووداو: بەربەستە گەورەکەی بەردەم یەکگرتنەوەی هێزەکانمان سیاسیە، پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداو: u.pw/dzvOV2https://

56- وێنە و ناوی شەهیدەکانی بۆردومانی بارەگاکانی بۆردومانەکەی (حدکا) و (حدك) بڵاوکرایەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی کوردستان تیڤی: https://tinyurl.com/2u274hvk

57- د.یاسین سالح، نەبوونی دەستور لە 30 ساڵی ڕابردوو هۆکاری پەرتەوازەیی سیستەمی سیاسیە لە هەرێمی کوردستان، ماڵپەری ئێن ئارتی،: x5vxkse4https://tinyurl.com/

**ب- عەرەبی**

1- إيران والسعودية: إرث من الخلاف، والعلاقة رهن بالمتغيرات الإقليمية، مركز الجزيرة للدراسات، على الرابط التالي : 6bekp459https://tinyurl.com/

2- إيران والسعودية: أزمات متلاحقة وحروب بالوكالة، مركز الجزيرة للدراسات، على الرابط التالي : kj9https://tinyurl.com/bdkrr

3- النص الحرفي لكلمة وزير الخارجيّة فؤاد حسين خلال الجلسة الطارئة لمجلس الأمن بشأن العدوان على محافظة دهوك، موقع الوزارة الخارجية العراقية، على الرابط التالي : النص-الحرفي-لكلمة-وزير-الخارجيَّة-فؤا/https://mofa.gov.iq/hague

4- الاكراد بين مطرقة إيران وسندان تركيا، موقع D.W العربية، على الرابط التالي : ahas37https://tinyurl.com/wr

5- الربيع العربى ، موقع معرفه، على الرابط التالي: الربيع_العربي/https://www.marefa.org

6- القرارات التى اتخذها مجلس الأمن فى عام 1991: 6CIBu4u.pw/2https://

7- توفيق بوستى، مدرسة كوبنهاغن – نحو توسيع وتعميق مفهوم الأمن، موقع معهد المصرى للدراسات، على الرابط التالى: مدرسة-كوبنهاغن-ـ-نحو-توسيع-وتعميق-مفهوم-الأمن/https://eipss-eg.org

8- تقرير أمريكي يرسم ملامح "صراع صفري" بين تركيا وإيران في العراق، موقع شفق نيوز، على الرابط التالي: nzmxrsm2https://tinyurl.com/

9- تقرير المخدرات العالمي 2021 الصادر عن مكتب الأمم المتحدة المعني بالمخدرات والجريمة: تأثيرات الجائحة تزيد مخاطر المخدرات مع عدم أخذ الشباب خطر القنب على محمل الجد، موقع un، على الرابط التالي:

https://tinyurl.com/ymbnb76c

10- سرايا السلام..الجناع العسكرى لمقتدى الصدر: الجزيرة نيت، على الرابط التالي:

سرايا-السلام-الجناح-العسكري-لمقتدى/https://www.aljazeera.net/encyclopedia/2022/10/13

11- شوفى مريم، التصور الأمنى لمدرسة كوبنهاجن، موقع الحوار، على الرابط التالي:

https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=396778.

12- صخري محمد، التطور الأمنى لمدرسة كوبنهاجن، موقع الموسوعة الجزائرية للدراسات السياسية والأستراتيجية: https://www.politics-dz.com

13- صراع النفوذ.. لماذا تتنافس تركيا وإيران على العراق؟، موقع الحرة ، على الرابط التالي: dwvbr2h3https://tinyurl.com/

14- فايق حسن جاسم الشجيرى، البيئة والأمن الدولى، موقع النبأ، على الرابط التالي: 3T0u.pw/Jg2https://

15- قانون هيأة الحشد الشعبى، موقع الجزيرة نيت، على الرابك التالي: https://tinyurl.com/55x9ubjf

16- كردستان العراق.. المسرح الجديد لصراع النفوذ بين موسكو وواشنطن، موقع الشرق، على الرباط التالي: كردستان-العراق-المسرح-الجديد-لصراع-النفوذ-بين-موسكو-وواشنطن/2017/09/29https://m.al-sharq.com/article/

17- مركب الأمن اقليمى، موقع الموسوعة السياسية، على الرابط التالى: https://political-encyclopedia.org/dictionary

18- مؤتمرات الأمم المتحدة: البيئة والتنمية المستدامة، موقع الأمم المتحدة، على الرابط التالي: https://www.un.org/ar/conferences/environment

19- مؤتمر المناخ 2022: البلدان النامية "تحتاج تريليوني دولار سنويا" لإيقاف الاحتباس الحراري، موقع بى بى سي العربى، على الرابط التالي: 63541573https://www.bbc.com/arabic/world-

20- مدرسة كوبنهاجن فى الدراسات الامنية، الموسوعة السياسية، على الرابط التالي: مدرسة%20كوبنهاغن%20في%20تفسير%20الدراسات%20الأمنية/https://political-encyclopedia.org/dictionary

21- مايكل نايتس، الضربات الإيرانية العابرة للحدود: نمط يبحث عن سياسة مناسبة، موقع معهد الواشنطن العربية، على الرابط التالي: https://tinyurl.com/mr34rdyw

22- مواجهة على أرض العراق.. كيف تحولت سنجار إلى ساحة للحرب بين تركيا وإيران؟، موقع الجزيرة نيت، على الرابط التالي: jxys5https://tinyurl.com/yck

23- ما هو واقع وأدوات الصراع الأمريكي الروسي؟ موقع الخنادق، على الرابط التالي: https://www.alkhanadeq.com/post.php?id=2407

**ت- ئينگليزى**

1- Arnold wolfers, national security as an ambiguous symbol, political scince quarterly, vol 67, n4,1952, : https://www.jstor.org/stable/2145138

2- Ali diskaya, towards a critical securization theory: the copenhagen and aberystwyth schools of security studies, feb 2013,: https://www.e-ir.info/pdf/32981

3- Alexander went, political scientist and educator: https://www.britannica.com/biography/Alexander-Wendt
4- About crisis group: https://www.crisisgroup.org/who-we-are
5- About carnigie : https://carnegieendowment.org/about
6- barry buzan, concept security, march 24-2010: https://www.youtube.com/watch?v=dqdzRjSlz
7- Barry Buzan: the role of the military in a post-western global order: https://www.youtube.com/watch?v=xZBcIwT31NM
8- Barry buzan historian: https://prabook.com/web/barry.buzan/2616140
9- Cambridge dictionary, security: https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english-arabic/security
10- David A.Baldwin, the concept of security: https://espace.library.uq.edu.au/data/UQ
11- europen union agency for criminal justice cooperation, drug trafficking, https://www.eurojust.europa.eu/crime-types-and-cases/crime-types/drug-trafficking
12- ken booth, security and emancipaition: , https://www.jstor.org/stable/20097269
13- kevin clements, toward a sociology of security : https://espace.library.uq.edu.au/data/UQ
14- Merriam- webister, security: https://www.merriam-webster.com/dictionary/security
15- Ole waever, securitization theory: international relation, oct 3, 2014, https://www.youtube.com/watch?v=wQ07tWOzE_c
16- ole waever, securitization theory: international relation, oct 3, 2014, https://www.youtube.com/watch?v=wQ07tWOzE_c
17- quincy wright, security and the united nations: https://brill.com/previewpdf/journals/nord/18/1/article-p17_5.xml
18- Q&A: Bafel Talabani, President of the Patriotic Union of Kurdistan: : https://tinyurl.com/4xsr7bvx
19- Report of the united nations conference on the human environment, stocholm 5-16 june 19: https://documents-dds-ny.un.org/doc/UNDOC/GEN/NL7/300/05/IMG/NL730005.pdf?OpenElement
20- The Department of Defense Releases the President's Fiscal Year 2022 Defense Budget: https://2u.pw/2jsvA

Kurdistan Regional Government-Iraq

Ministry of Higher Education and Scientific Research

University of Sulaimani

College of Political Sciences

Higher Studies Committee

# The Challenges to the Security of the Kurdistan Region Iraq from the Perspective of the Copenhagen School after 2014

A Dissertation Submitted by

**Karzan Ahmed Omer**

To the council of Political Sciences at University Sulaimani as a partial fulfillment of the requirements for the MA. Degree in Political Sciences

Supervised by

**Pr.Dr.Dana Ali Salih**

2023 A.D 2723 K 1444 A.H